حزبی شیوعی عێراق

لە سەردەمی ناپاکی و ڕیسواییدا

(1979.5.27 – 1973.7.17)

وەڵامێک بۆ جەلال دەباغ

دەرسیم پێشەوا

پەرتووکی ئەلکترۆنی

2026

حزبی شیوعی عێراق لە سەردەمی ناپاکی و ڕیسواییدا

(1979.5.27 – 1973.7.17)

وەڵامێک بۆ جەلال دەباغ

نووسینی: دەرسیم پێشەوا

2026

پەرتووکی ئەلکترۆنی

* **ناوی کتێب: حزبی شیوعی عێراق لە سەردەمی ناپاکی و ڕیسواییدا**
* **نوسەر: دەرسیم پێشەوا**
* **بابەت: مێژوویی**
* **پێداچوونەوە و پەراوێز: ڕێکار ئەحمەد**
* **بەرگ و دیزاین: محەمەد قادر**
* **ساڵی چاپ: 2026**
* **چاپ: ئەلکترۆنی** (2026.01.31)

مافی لەچاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە، کۆپییکردن، ڤیدیۆکلیپ دروستکردن، لەبەرگرتنەوەی بە مەبەستی فرۆشتن و دانانی لەسەر ماڵپەڕەکان تووشی سکاڵای یاسایی دەبنەوە.

ناوەڕۆک	4
پێشەکی	10-5
بەڵێ حزبی شیوعی عێراق جاش بوو، وەڵامێک بۆ جەلال دەباغ	280-11
بۆچی کورد بەرەی نێوان بەعس و شیوعی ڕەتکردەوە؟	294-281
شۆڤینیزمی فەهد و حشع لە دژایەتی کردنی کورد و کوردستان	334-295
دیلەکانی دەستی حشع و لە سێدارەدانیان	345-335
کوژراوانی حزبی شیوعی لە خزمەتی بەعس و لە دژی شۆڕشی کوردستان (1975.3.20-1974.3.26)	377-346
دیاریەکانی حزبی بەعس بۆ حشع	415-378
بەشی یەکەمی لە سێدارەدراوەکان لە ڕۆژی (1978.5.17)	438-416
بەشی دووەمی لە سێدارە دراوەکان لە ڕۆژی (1978.5.25)	440-439
بەشی سێیەمی لە سێدارە دراوەکان لە ڕۆژی (1978.5.27)	442-441
لەبەرچی حشع جاشی بەعس و سەدام بوو؟	468-443
بیری نوێ، یان بیری تاریک و کۆنەپەرستی؟	494-469
بەڵگەکانی بەرەی جود بۆ داگیرکردنی سەرکردایەتی و مەڵبەندەکانی یەکێتی	517-495
دیلکوژ و منداڵکوژەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق	555-518
بۆچی حشع بە هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ تۆمەتبارە و پشکی شێری بەردەکەوێ؟	589-556
سەرچاوەکان	601-509

پێشەکی

لەم نووسینەدا وەڵامی جەلال دەباغ دەدەمەوە، لە پێوەند بەو پێنج دیمانەیەی کە لە کەنالّی ڕووداو، بەرنامەی پەنجەمۆردا بڵاوکرایەوە. پێشتر تەنیا ناوی جەلال دەباغ-م بیستبوو، چەند پەرتووکێکی وەرگێڕدراوی ئەویشم خوێندبۆوە، ڕاستییەکەی دواتر (چەند چەمکێک لە بیرەوەرییەکانم - بەرگی یەکەم)م، خوێندەوە، مخابن هیچ سوودێکم لێی وەرنەگرت. لەم وەڵامەدا (143) لاپەڕەی پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە)م وەرگرتووە، کە بۆ وەڵامی لاملی ئەو پێویست بوو ئەوە بکەم، واتە (18.75%)ی ئەو پەرتووکە هەشت سەد لاپەڕەییەم بەکارهێناوە.

لە دیمانەکەی پەنجەمۆر، نەک هەر هیچ سوودم وەرنەگرت، بەڵکو بەهۆی سەرسەختی کردن و شێواندنی ڕاستییەکان، زۆر پەستیشی کردم. ئەو گەر نووسەر و مرۆیەکی ڕاستگۆ بوایە، پێویست بوو هەموو ڕاستی، هەڵە، ناپاکی، تاوان و کلکایەتی حشع و پارتەکانی دیکە کە پەیوەندییان بە بابەت و باسەکانەوە هەبوو وەک خۆی، وەکو ڕووداوی گرنگی میژووی باس بکردایە، نەک هەرچی پێوەندی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی سازشکارانەی کۆنەپەرستانە و شۆڤینیستی بەناو (بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز)ی نێوان بەعس و شیوعی، چەکەهڵگرتن و جاشێتی حزبی شیوعی عێراق بۆ حکومەتی عێراق و حزبی بەعسی عەرەبی هەبوو، نکۆڵی لێ بکات. لەم پەرتووکەدا، هەوڵم داوە خاڵ بە خاڵ، وەڵامی ناڕاستی، شێواندن و نکۆڵی کردنەکانی بدەمەوە، بۆ ئەوەی

ڕاستییە مێژوویییەکان وەک ئەوەی کە ڕوویان داوە بخەمەڕوو، نەوەک وەکو دەباغ یان کەسانێک بۆ بەرژەوەندی پارت، ڕێکخراو و ناوچەگەرێتی بیانشێوێنم.

جەلال دەباغ، ئەوەندەی لە توانای دابوو، هەروەها زیاد لە پێویستیش داکۆکی بێسوود و نارەوایانەی لە حزبی شیوعی عێراقی کرد و هێرشی تووندیشی کردە سەر هەر لایەنێک کە کێشەی لەگەڵ حزبەکەی ئەودا هەبووبێت، لێرەدا هەوڵم داوە شەڕ و کێشەکانی پارتی و حزبی شیوعی، کێشە و شەڕەکانی یەکێتی و شیوعی بە بەڵگە دابنێم و ڕاستییەکان بنووسم. لەم هێرشە تونده‌ی جەلال دەباغ شۆک نابم، چونکە حزبی شیوعی عێراق، بەهۆی ڕۆژنامەکان، بڵاوکراوەکان و کادیرە بەناو ڕۆشنبیرەکانی وەکو عەبدولوەهاب بەیاتی و جەواهیری، ئەندامانی حزبەکەی بەشێوەی دەباغ لەسەر تونده‌وتیژی، لووتبەرزی حزبی، درۆو دڵڕەشییەوە پەروەردە کردووە، بۆ نموونە محەمەد عەبدولحوسێن مەهدی ئەلجەواهیری (1997.7.27-1899.7.26)، لە هەڵبەستێکدا قسە لەگەڵ کەریم قاسم دەکات، بەهاندانەوە داوای لێدەکات و دەڵێت: (فضيق الحبل وإشتد من خناقهم فربما كان في إرضائه ضرر/ پەتەکە توندتر بکەرەوە و لە گەردەنیان بیشەتەکێنە، چونکە ڕەنگە شلکردنەوەی پەتەکان ببێتە هۆی زیان پێگەیاندن).

دەمەوێ بڵێم کە حزبی شیوعی ئەوەندەی کێشە و شەڕی لەگەڵ پارتە کوردی و کوردستانییەکان هەبووە، دە لە سەدی ئەوە، کێشە و شەڕی لەگەڵ حزبە عەرەبی و عێراقییەکان نەبووە، بە بۆچوونی خۆم لەبەر دوو هۆکارەکە، یەکەم: حشع زیاتر حزبێکی عەرەبییە،

بەڵگەش خەباتی چینایەتی خۆیان پشتگوێ خستبوو، تەنانەت لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بە دەیان جارو لە حەفتاکانیش بە هەمان شێوە داوای خۆهەڵوەشاندنەوەو چوونە نێو دوو حزبی عەرەبی، بۆرژوازی، ڕەگەزپەرست و دیکتاتۆری وەکو (ألإتحاد ألإشتراكي العربي)ی عەبدولڕەحمان عارف و (حزب البعث العربي ألإشتراكي) سەدام-یان کردبوو. دووەم: حشع بەدرێژایی تەمەنی خۆی و تا جیابوونەوەی کوردەکان و دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان تەنانەت زۆربەی کوردەکانیش باوەڕیان بە کورد و کوردستان نەبوو، خەباتی ئەوان لەژێر پەردەی خەباتی چینایەتی تەنیا بۆ عروبە، پاراستنی عێراق و بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە داوایەکی کورد بوو لە پێناو ڕزگاری باشووری کوردستان و جیاکردنەوەی لە دەوڵەتی عێراقی دەستکردنی ئینگلیز.

سەرەتای دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق، ئەو حزبە و فەهد بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی ئەو حزبەیان بە دروشمی نەتەوەپەرستی (ئەی کرێکاران و جوتیارانی جیهانی عەرەبی یەکگرن) بڵاودەکردەوە؛ سەرچاوە: (دکتور طارق یوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ص63)، کەواتە ئەو پارتە پارتێکی نەک نەتەوەیی عەرەبی بووە، بەڵکو پارتێکی پانعەرەبیزمە کە داوای یەکگرتنی کرێکاران و جوتیارانی عەرەبی تەواوی وڵاتە عەرەبییەکان دەکات، نەک تەنیا عەرەبی عێراق، ئەی باشە ئەم پارتە بۆ دەبێ پارتی پێشڕەوی چینی کرێکارانی تەواوی عێراق، کۆمۆنیستی و ئینتەرناسیۆنالیستی بۆ تەواوی نەتەوەکان و گەلی عێراق بێت؟ هەر ئەو دروشمەیە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە

زۆربەی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی، کۆمیتەی ناوەندی و کادیرە پلەبەرزەکانی ئەم حزبە بە کوردەکانیشەوە لە پەنای مارکسیزم، کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم و لەژێرەوە بە بیری شۆڤینیزمی عەرەبی و عێراقچێتی داگیرکەر و نکۆڵیکەر لە نیشتمان و خاکی گەلی کورد (باشووری کوردستان) پەروەردە بکرێن. شیوعییەکانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە بە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەلایەن ئیمپریالیزمی بەریتانیاوە قایل بوون، بەڵام هەرکاتێک شۆڕشی کوردستان، یان پارتێکی کوردستانی فیشەکێکیان لە بەریتانیا، ئەمریکا و هەر وڵاتێکی دیکە وەرگرتبێ، دەهۆڵیان بۆ لێداون و بە ناپاک، خۆفرۆش و کرێگرتە و داردەستی ئیمپریالیزم تۆمەتباریان کردوون.

ژمارەیەک ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی سەربە حزبی شیوعی عێراق، سەرەڕای دڕندەیی ڕژێمی سەدام و حکومەتی بەعسی عێراق، کەچی دوای ئەوەی عێراق باری لار بوو، لەدوای تێپەڕبوونی دوو سێ ساڵی یەکەمی جەنگ و زاڵبوونی ئێران و پێشڕەوی کردنی بۆ ناو خاکی عێراق، ئەوان هەر لە ساڵی (1982)ەوە ئەو بۆچوونەیان لا گەڵاڵە بوو کە حزبی شیوعی عێراق و لە نێویاندا شۆڤینیی و عێراقچییەکانی وەکو زەکی خەیری، باقر ئیبراهیم، عەبدولڕەزاق ئەلسافی، ملازم خدر ناسراو بە ئەبو عائد و یوسف حەنا یوسف ئەلقەس شێرە نەک تەنیا داوای ڕاگرتنی شەڕیان لە دژی حکومەتی سەدام دەکرد، بەڵکو پێیانوابوو کە پێویستە حزبی شیوعی بچێت شانبەشانی سوپای بەعسی عێراق شەڕی ئێران بکەن، وەلێ لە هەمان کاتدا لە کۆبوونەوەی سێلوێ

(1983.5.24)، کە بەرەی جود و پاسداری ئێران بەشداربوون لەم کۆبوونەوەیە، پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی و حەوتی کۆمیتەی ناوەندی شیوعی لەنێویاندا ئەو پێنجەی سەرەوە بەشداربووینە، بڕیار دەدەن کە بە یارمەتی و هاوکاری سوپای پاسداران و ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە قەندیل، پشتئاشان و قڕناقاو پەلاماری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هێرشەکەشیان کرد، بەڵام دیسان تێشکانەوە.

کاتێک کە فەهدی بەناو مارکسیست، کۆمۆنیست، نێونەتەوەیی و لە ناخەوە عەرەبپەرست و عێراقچی، سەبارەت بە عەرەب و وڵاتانی عەرەبی دەڵێت: (لەپێناو نزیکبوونەوە و هاوکاریی سیاسی لەنێوان گەلانی عەرەب و لەنێوان حزب و کۆمەڵە سیاسییە دیموکراسییەکاندا خەبات دەکەین، لەپێناو سەربەخۆیی و دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین و وڵاتانی عەرەبیی ژێر دەستەی ئیستعمار و شوێن کەوتوو. لەپێناو تەواوکردنی سەربەخۆیی عێراق و سوریە و لوبنان و میسر، لەدژی زایۆنیزم و دژی دەوڵەتە ئیستعماریییەکان، کە ڕاستەوخۆ یان بە ڕێی پەیمانەکان و نوێنەر ناردن و پاراستنی وڵاتانی عەرەب، لەدژی هەوڵ و تەقەلا و دەستدرێژکاریی تازەی ئیستعمار، لەدژی چەسپاندنی دەسەڵاتی بیانی بەهەر شێوەیەک بێ لە وڵاتانی عەرەبدا)، لە هەمان کاتیشدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان بڵێت: (دروشمی جیابوونەوەی کوردەکان لە دەوڵەتی عێراق جگە لە دروشمێکی هەڵە، شتێکی دیکە نییە، بە هیچ شێوەیەک هیچ سوودێک نابەخشێت بۆ زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری گەلی کورد؛ ماجد عبدالرضا، المسألة الكوردية في العراق، ص80)، دەبێ

ئەو بۆچوونانەی فەهد چ جیاوازییەکی لەگەڵ بۆچوونەکانی میشیل عەفلەق، سەدامی بەعسی و بن لادنی ئیسلامی هەبێت، کە خەباتی عەفلەق، سەدام و بن لادن-یش تەنیا بۆ عێراق عروبە بووە؟

یوسف سەلمان یوسف (فەهد)، بەر لە دامەزراندنی حشع ئەندامی سەرکردایەتی حزبی نیشتمانیی عێراقی (الحزب الوطني العراقي) بوو (حنا بطاطو، العراق الكتاب الثاني الحزب الشيوعي، ص66-67 + ویکیپیدیا الموسوعة الحرة، يوسف سلمان يوسف)، کە پێشتر لە ڕۆژی (1921.8.14)، لەلایەن محەمەد جەعفەر چەلەبی محەمەد حەسەن ئەبو تمەن (1881-1945.11.20) دامەزرابوو، کە حزبێکی بۆرژوازی عەرەبی بووە نەک کۆمۆنیست و ئینتەرناسیۆنالیزم، بۆیە زاڵبوونی بیری شۆڤینی و نەتەوەپەرستی عەرەبی بەسەر فەهد لەنێو حزبی شیوعیش بەئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە.

دەرسیم پێشەوا
هەینی (06.09.2024)
دانمارک

هەولێر کتێب

بەڵێ حزبی شیوعی عێراق جاش بوو، وەڵامێک بۆ جەلال دەباغ:

بەشی یەکەم:

لە پێنج بەشی دیمانەی جەلال حەمەڕەش سەعید ناسراو بە جەلال دەباغ (1939.5.12/ سلێمانی)، لەگەڵ کەنالی ڕووداو بەرنامەی (پەنجەمۆر)، ناوبراو کۆمەڵێ ڕاستی حزبی شیوعی عێراقی کرد بە ناڕاست و بەپێچەوانەشەوە ناڕاستییەکانی ئەو حزبەی کرد بە ڕاستی! لێرەدا سەرەتا ڕاستی و ناڕاستییەکانی ئاماژە پێ دەکەم و دواتر بە بەڵگە وەڵامی هەموویان دەدەمەوە.

جەلال دەباغ: (بۆ دروستبوونی حزبی شیوعی عێراق، مەرجی سەرەکی بوونی چینی کرێکار و جوتیارانی شۆڕشگێڕ، لە عێراق دا گەلێک پڕۆژە و فابریکە و گەلێک کۆمپانیا، وە کەرتی بیانی و زۆر شتی تر هەبوو کە چینی کرێکاری تیا خەملابوو. وە نەقابەکانیان دروست بووبوو، وە پێویست بوو حزبێکی سیاسیی شیوعی، مارکسی، لینینی سەرکردایەتی ئەو بزاڤە بکات).

چینی کرێکاری عێراق نە ئەم کات و نە ئێستاش هۆشیاری و هەستی چینایەتی نەخەملیوە تا بتوانێت بۆ خۆی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاران (کۆمۆنیست)ی دابمەزرێنێت، ئەوانەی کە 'حزبی شیوعی عێراق'یان دامەزراند، زۆربەیان ڕۆشنبیری سەر بە چینی وردە بۆرژوازی و بۆرژوا بوون. چینی کرێکارانی عێراق و کوردستان، زۆربەی کاتەکان بەبێ ئاگایی خۆیان و بەهۆی نزمی ئاستی هۆشیارییانەوە لە خزمەتی بۆرژوا و سەرمایەدار بووینە. ئەگەر چینی کرێکاری عێراق لە ڕووی هۆشیاریییەوە ئەوەندە

هۆشیار بوونایە، شەڕیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکرد و شەڕیان بۆ حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق، بەتایبەت حکومەتی بەعس و سەدام نەدەکرد و خۆیان لە نێو جەنگێکی ناڕەوا و سەرمایەدارانداا نە دەسووتاند.

جەلال دەباغ: (باسی دروشمی (نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار/ وطن حر وشعب سعید)ی دەکرد)، بەڵام دەبوایە باسی ئەوە بکات کە ئەو دروشمە لە بنچینەدا دروشمی حزبی شیوعی سوریا بووە و حشع لەوانیان وەرگرتووە! حزبی شیوعی عێراق، بۆ یەکەم جار ئەو دروشمەیان لەدوای کۆنفرانسی یەکەمی حزبەکەیان لە ساڵی (1944)دا بەرزکردەوە، کەچی پێشتر حزبی شیوعی سوری بەرزی کردبۆوە[1]، ڕاستییەکەی ئەم دروشمە لە کۆنگرەی یەکەمی حشع لە ڕۆژی (1945.4.19)، بەرزکرایەوە[2]. فەهد خۆیشی لە کۆنفراسی یەکەم باسی ئەو دروشمەی کردووە کە لە حزبی شیوعی سوری وەرگیراوە.

جەلال دەباغ دەڵێت: (گەلێکیش هەبوو بەناوی گەلی عێراق-ەوە، وە گەلی کوردیش هەبوو، وە ئەو گەلانەی تریش هەبوون).

لە ڕاستیدا ئەو قسانەی دەباغ لەقسەی کەسێکی سیاسەتمدار و ڕۆشنبیر ناچێت، چونکە گەلێک نەبووە و نییە بەناوی گەلی عێراق. گەلانی عێراق هەبووە و هەیە، بۆ نموونە گەلی عەرەب لە عێراق و

[1]- حنا بطاطو، العراق الكتاب الثاني الحزب الشيوعي، ص170.
[2]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، ص455.

گەلی کورد لە عێراق هەن، وەلێ گەلێک بە ناوی گەلی عێراق نەبووە. کاتێک کە جەلال دەباغ دەڵێت: (گەلی عێراق هەبوو، گەلی کوردیش هەبوو، وە ئەو گەلانەی تریش هەبوون)، کەواتە عێراق لە چەند گەلێک پێک دێت نەک گەلێک بەناوی گەلی عێراق! چۆن چەوسێنەر و چەوساوە، ستەمکار و ستەملێکراو، مافخۆر و مافخوراو دەبنە برا یان دەبنە یەک گەل و یەکدەگرن! کە چەوسانەوە، ستەم و ماف خواردنی گەلی کوردستان لەلایەن گەلی عەرەبی عێراقەوە تا ئێستاکەش مابێت؟

جەلال دەباغ: (یەکێتی تێکۆشین ئەوانە دەیانویست ئەفکاری خۆیان فەرزکەن، بەڵام ئەوانە نەیتوانی خۆیان پێڕانەگیرا لەبەر ڕێبازی مارکسی لینینی هاوڕێ فەهد و برادەرەکانیدا).

یەکێتی تێکۆشین، خۆی ڕەوتێکی مارکسی بوو، بە هۆکاری لادانی حشع لە ڕێبازی، مارکسیزم و کۆمۆنیزم لە حزبی ناوبراو جیابوونەوە، کەچی سەیرە جەلال دەباغ بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە یەکێتی تێکۆشین خۆیان نەگرت لەبەر ڕێبازی مارکسی لینینی حزبی شیوعی عێراق، گەر حزبی شیوعی بە بۆچوونی ئەوان هەڵگری ڕێبازی مارکسی بوایە کە دەباغ باسی دەکات، ئەوان بۆ جیادەبوونەوە.

جەلال دەباغ: (بەهیچ جۆری هاوڕێ فەهد دژی حزبی هیوا نەبووە، بەڵام فەهد قسەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێ: (الشعب الكوردي بحاجة الى حزب العمل وليس حزب الامل).

ئەو قسەیەی فەهد کە دەڵێت: (گەلی کورد پێویستی بە پارتی کار هەیە نەک پارتی هیوا)، خۆی لەخۆیدا بەڵگەی دژایەتی کردنی فەهدە بۆ پارتی هیوا. فەهد دەڵێت: گەلی کورد پێویستی بە پارتی هیوا نییە؛ ئەی باشە ئەمە دژایەتی نییە؟

دەباغ دەڵێت: (میللەتی کورد پێویستی بە حزبێکی نەتەوەیی دیموکراتی هەبوو، کە فەهد ئیستیعابی ئەوەی دەکرد، باش لەوە تێگەیشتبوو بۆیە داوای دەکرد، داوای لە گەلی کورد دەکرد کە حزبی خۆتان دروست بکەن، وە دروستیشیان کرد مەبەستی پارتی بوو).

فەهد، حزبی شیوعی عێراق و دەباغ خۆیان کردووە بە کوێخای کورد و گوایە بەبێ داگیرساندنی گڵۆپی سەوزی ئەوان، کورد بۆی نییە پارتی نەتەوەیی یان کۆمۆنیستی خۆی دروست بکات؟ ئەو خۆبەزل زانین و لوتبەرزییەی ئەوان وای کرد کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، بەرەو پوکانەوە بڕۆن. نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان لەسەر خاک و لە نیشتمانی خۆیدا دەژیت، کەواتە ئازادە لەوەی کەی پارتی نەتەوەیی یان کۆمۆنیستی خۆی دروست دەکات، نەک حزبێکی دیکەی شیوعی کە سەر بە وڵات و نەتەوەی داگیرکەری نیشتمانی کورد و چەوسێنەری کورد بێت، بڕیار لە دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی، دیموکراتی یان کۆمۆنیستی بۆ کوردی باشووری کوردستان بدات. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، کەچی لەدوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد (کە دواتر بووە پارتی دیموکراتی کوردستان)، فەهد پێچەوانەی قسەکەی خۆی ڕەفتاری کردووە. جەلال تاڵەبانی، لە لاپەڕە (90)ی (کوردستان

والحركة القومية الكوردية)، دەنووسێ كە فەهد، سكرتێری یەكەمی حزبی شیوعی عێراق، لە یەكێك لە ژمارەكانی ڕۆژنامەی (القاعدة)، لە نیسانی ساڵی (1945)، سەبارەت بە دامەزراندنی پارتێكی لەم شێوەیە، نووسیویەتی: (ئەی هاوواڵاتیانی هۆشیار لە هەموو چین و تۆێژەكانی گەلی كورد، دۆزی گەلەكەت بەرپرسیارێتییەكە بە ئەستۆتانەوە، بۆیە ئەركی خۆتان بەرامبەر بە گەلەكەتان كە ئێوەی بەرهەم هێناوە، جێبەجێ بكەن، بەو ڕێیەیاندا ببەن كە دەبێتە هۆی ڕزگاربوون، لەم دۆخە خراپەی كە گەلی تیادایە، ڕێكخراوەی جەماوەر كوردی بەشێوەیەك پێكبێنن كە لەگەڵ بارودۆخی گەلی كورددا بگونجێت، ڕێكخراوێك كە خزمەتی بەرژەوەندییەكانی بكات، كار بكەن و پشتیوانی هاوكاری تەواو لە حزبەكەی ئێمە وەردەگرن).

ئەوەی سەرەوە داواكاری فەهد بوو لە كورد، بەڵام:

یەكەم: فەهد لە هەمان مانگ و ساڵ، واتە نیسانی (1945)، لەدژی پارتی هیوا، كە لە نیسانی ساڵی (1939) دامەزراوە، لە وتارێكدا لەژێر ناوی (گەلی كورد پێویستی بە پارتی كار هەیە نەك پارتی هیوا/ الشعب الكوردي بحاجة إلى حزب عمل لا حزب أمل)، بەمشێوەیە نووسیویەتی: (نەتەوەپەرستە ڕاستڕەوە كوردەكان لە سەركردایەتی حزبی هیوای ڕاستڕەو كە خۆیان ئامادە دەكەن بۆ تەفرەدانی گەلی كورد و بەكارهێنانی شۆڕشەكانی و ئاراستە كردنی بە ئاراستەیەك خزمەتی بەرژەوەندی كۆمەڵێك لە كۆنەپەرستان دەكات. ئەوانە هەوڵی جیاكردنەوەی خەباتی گەلی كوردیان دا لە خەباتی گەلی عەرەبی براو هەزاران

هەواڵنامەی بێژ

نیشتمانپەروەری پڕ ئارەزوو و بەورەیان سڕکرد لە چەند ڕێکخراوێکی سست و پەرتەوازەدا، هەروەها فەرمانڕەواییێتیی چاوشۆڕو ڕیسوایی خۆیانیان بەسەردا سەپاندن. ئاوات و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد پێویستی بە نوێنەرایەتی هەڵمەتی گیانی مەشخەڵێکی نوێ هەیە، بزووتنەوەی کوردی چاوەڕێی ئاراستە و سەرکردایەتییەکی ڕاستەقینە دەکات[3]. ئەو هەموو هێرشەی فەهد بۆ سەر پارتی هیوا و قسە سارەکانی بە هیوا، گەر دژایەتی کردن نەبێت، دەبێ چی بێت؟ هەموو ئەو دژایەتییەی فەهد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حزبی هیوا خەباتی بۆ کورد کردووە و وەکو شیوعیە کوردەکانی ناو حزبی شیوعی عێراق، بەناوی ئینتەرناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزمەوە خەباتیان بۆ عێراقچێتی و عروبەی عێراق نەکردووە!

دووەم: لەکاتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان (1946.8.16)، فەهد خۆی لە ژیاندا مابوو، دواتر لە ڕۆژی (1949.2.14)، لە بەغدا لە سێدارە درا، وەلێ بەکردەوە لەلایەن حزبی شیوعی عێراقەوە، دژایەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە، کە مام جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی ئاماژەیان بەم دژایەتییەی حشع داوە، کە ئەوکاتە فەهد سکرتێری گشتیی ئەو حزبە بووە! باشە گەر فەهد خۆی دژایەتی دامەزراندنی پارتی نەکردبێت، ئەی کێ لە نێو حزبی شیوعی ئەو دژایەتیەی کردووە؟ فەهد پێشتر دژایەتی دامەزراندنی حزبی ڕزگاری کورد،

[3]- زەکي خەيري و سوعاد خەيري، دراسات في تأريخ الحزب الشيوعي العراقي، المجلد الأول، الحزب الشيوعي العراقي يحدد إستراتيجية و تكتيک مرحلة التحرر الوطني 1944-1947، ص150.

حزبی شۆڕش، حزبی هیوا و تەواوی پارتە کوردی و کوردستانییەکانی دیکەی کردبوو، ئەوان پێش پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا بوون. هەڵوێستی حزبی شیوعی و فەهد هەردەم هەڵوێستێکی تەمومژاوی و نادیار بووە، لە یەک کاتدا چەند بۆچوونی جیا و دژ بە یەکیان بەرانبەر بە پرسی کورد و باشووری کوردستان هەبووە، ڕاستییەکەی زیاتر دژایەتی کردن بووە، نەک دانپێدانان بە مافە ڕەواکانی گەلی باشووری کوردستان. حزبی بەعسی عەرەبی و سەدام–ی دیکتاتۆریش بە نووسین دانیان بە ئۆتۆنۆمی کوردستان نابوو، بەڵام بە کردەوە وەکو حزبی شیوعی و فەهد دژی کورد و کوردستان بوون!

جەلال تاڵەبانی، لە لاپەڕە (92)ی (کوردستان والحرکة القومیة الکوردیة)دا، ئاماژە بەوە دەدات کە حزبی شیوعی عێراق دژایەتی هەبوونی پارتێکی کوردی دەکرد (مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستانە)، کە ئەو پارتە بەگوێرەی بۆچوونی تاڵەبانی، لەپێناو ڕزگاربوونی گەلی باشووری کوردستان، ئەرکی ڕێبەرایەتی خەباتی گەلی کوردی لە ئەستۆ گرتووە؛ هەروەها تاڵەبانی باسی ئەوە دەکات کە حشع ئەوێ ڕۆژێ وای بیر دەکردەوە کە گوایە حزبی شیوعی عێراق، ڕێبەرایەتی خەباتی گەلی عێراقە بە عەرەب و کوردەوە دەکات (وەک ئەوەی خۆیان بانگەشەیان بۆ دەکرد)، هەروەها بۆ ماوەیەکی درێژ و بە هۆی هەمان هۆکار، زۆر دژی دامەزراندن و هەبوونی ڕێکخراوە دیموکراسییەکانی کوردستان بوون، بە تایبەتی لاوان، خوێندکاران و ژنان. هەروەها مام جەلال، لە لاپەڕە (93)ی هەمان سەرچاوە، باسی ئەوە دەکات کە بە

کردەوە هەڵوێستی شیوعییەکان دژایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو؛ بە بۆچوونی تاڵەبانی پارتی لەلایەن کەسانی نیشتمانپەروەرانی کورد و ڕۆشنبیرانەوە دامەزرا بوو. هەر ئەو بیرکردنەوە و بۆچوونەی حشع بوو، وای لە حزبی بەعس کرد کە ڕێگە نەدات ڕێکخراوەکانی (لاوان، ژنان و خوێندکاران)ی شیوعی قەدەغە بکات. کاتێک کە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی (1946.8.16)، لەشاری بەغدا، لە یەکگرتنی کۆمەڵێک کوردپەروەر، ئەندامانی پارتی ڕزگاری کورد و حزبی شۆڕش دامەزرا، حشع پرۆتێستی کرد، دامەزراندنی بە زیاد ناوبرد و پێی وابوو کە هیچ پاساوێک بۆ دامەزراندنی نییە، مادام حشع لە کوردستاندا هەیە[4]. ئەی دژایەتی کردنی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەلایەن حشع لە سەردەمی فەهد، ئەوە ناگەیەنێت کە فەهد خۆی دژایەتی دامەزراندنی پارتی و کورد و کوردستانی کردووە؟

جەلال دەباغ: (ئەوکاتە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان نەگەیشتبووە ئەو قۆناغەی کە حزبێکی شیوعی تایبەتی دروست بێ بۆ کوردستان! لەبەرئەوە لە پێشا لقێک لە ساڵی (1945) بە سەرکردایەتی هاوڕێ فەهد دروست بوو بەناوی لقی کوردی لەناو حزبی شیوعی عێراق. دوایی ئەم لقە پەرەی سەند و بوو بە لقی کوردستان و دواتر لە کۆنفرانسی داربەسەر بوو بە لقی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (1967)! لەم ساڵەدا بوو بە خاوەنی بەرنامەی خۆی، بەڵام پەیڕەوی ناوخۆکەی هەر لەگەڵ حشع مایەوە).

[4]- مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكوردية الكورد وثورة 14 تموز 1958/ 14 تموز 1958 - 11 أيلول 1961، ص71.

ئەگەر کورد پێشووتر، یەکەمین کابینەی حکومەتی کوردستانی لەنێوان ڕۆژانی (1918.11.17–1919.6.19)دا پێکهێنابێ و لە ڕۆژی (1919.5.21) سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاندبێ، هەروەها دووەمین کابینەیشی لە ڕۆژانی (1922.10.10–1924.7.18)، لەلایەن شێخ مەحمود سەعید محەمەد کاک ئەحمەدی شێخ ناسراو بە شێخ مەحمودی حەفید (1881–1956.10.9)، دامەزراندبێ، کوردیش کەسێک یان چەند کەسێکی هەر هەبووە تا پارتی کۆمۆنیستی کوردستان دابمەزرێنن، بەڵام لەنێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی (1914.7.28–1918.11.11) و (1939.9.1–1945.9.2)، سەردەم سەردەمی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی بووە، بەڵگەش دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقە کە شازدە ساڵ لە دوای کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانی، عەرەبی عێراق قۆناغی ڕزگاری نیشتمانییان بڕیبوو، ئیستعماری ئینگلیز دەوڵەتی نەتەوەییان بۆ دامەزراندن و باشووری کوردستانیشیان خستە ژێردەستی ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالیستە، بۆیە ئەوان زووتر حزبی شیوعی عێراقیان دامەزراند، سەرەڕای کۆمەڵەی کوردستان لە ڕۆژی (1922.7.21)، لەلایەن مستەفا عەزیز یامووڵکی ناسراو بە مستەفا پاشای یامووڵکی (1886.1.25–1936.5.25)، ڕەفیق ساڵح عەبدوڵڵا ناسراو بە ڕەفیق حلمی (1898–1960.8.4)، ئەحمەد تۆفیق ساڵح سلێمان ناسراو بە ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ یەکەم پارێزگاری سلێمانی و چەند کەسێکی دیکەوە دامەزراندووە، کە نوێنەرایەتی خەڵکی ڕەنجدەر، کرێکار و جوتیاری کوردستانیان دەکرد. دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیست لە هەر وڵاتێکی (ئازاد، داگیرکراو یان بەزۆر

لکێنراو)، پەیوەندی بە هەبوون و پێگەیشتنی ئاستی هۆشیاری و چینایەتی چینی کرێکار، جوتیار و ڕەنجدەران هەیە، بەپێی قسەکەی جەلال دەباغ بێت، نابێت پارتی کۆمۆنیست لە هیچ وڵاتێک دروست بێت تا بزاڤی ڕزگاریخوازی گەل لەو وڵاتە بە قۆناغی پێگەیشتن و تێگەیشتن دەگەن، کە ئەمە دوو شتی جیاوازن و ئەو تێکەڵی کردوون! حزبی شیوعی عێراق، کاتێک کە لە ڕۆژی (1934.3.31) دامەزرا، دواتریش تا ڕووخانی ڕژێمی سەدام هەستی چینایەتی کرێکارانی عێراق بە کوردستان-یشەوە پێنەگەیشتبوو، عەرەبی عێراق قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیی بڕیبوو، چونکە عێراق لەژێر دەستی تورکی عوسمانی و ئینگلیز دەمێک بوو ڕزگاری ببوو، هەستی چەوسانەوەی چینایەتیش لای کرێکاری عێراقی زۆر لاواز بووە، ئەوەی هەشبووە هەستی جیاوازی ئایینزای شیعە بووە نەک هەستی چینایەتی! ئێستاکەش هەستی چینایەتی کرێکاران و جوتیارانی عێراق پێنەگەیشتووە، ئەگینا ئاوا بە ئاسانی کرێکاران نەدەبوونە داردەستی ڕژێمی دیکتاتۆری بۆرژوای سەرمایەداری عێراق لە ڕیزەکانی (جەیش شەعبی، پاسەوانی سنوور، فورسان سەلاحەدین و جاشی سووک)! باشە بۆ تەنیا نەتەوەی کوردی ژێردەستی عەرەبی عێراق لەسەر خاکی خۆی مافی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان-ی نەبێت، لەکاتێکدا تەواوی نەتەوەکانی وڵاتەکانی یەکێتیی سۆڤیەت سەرەڕای پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، پارتی کۆمۆنیستی تایبەت بە خۆیان هەبووە؟ ئەمە لە یۆگۆسلاڤیا و چیکۆسلۆڤاکیاش هەروەک یەکێتی سۆڤیەت وابوو.

هەولێر بۆ کتێب

جەلال دەباغ بە پاساوی بێبنەما ناتوانێ کورد هەڵبخەڵەتێنێت کە گوایە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ئەوکاتە زۆری مابووە بگاتە ئەو قۆناغەی کە پارتێکی کۆمۆنیستی کوردستانی تایبەت بە خۆی هەبێت، ئەی حزبی شۆڕش (حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق)، یەکێتی تێکۆشین و حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق (1945) پارت و ڕێکخراوی مارکسی و کۆمۆنیستی نەبوون؟ ئەی بۆ حزبی شیوعی عێراق، دژایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (1970.6.10)، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان (1993.10.22) و حزبی شیوعی کوردستان (1993.6.30)ی دەکرد بە ئێستاشەوە، گەر لە دەستیان بێت هەرچی ڕۆژێک زووترە حزبی شیوعی کوردستان هەڵدەوەشێننەوە و دەیکەنەوە بە هەرێمی کوردی حشع و دایدەماڵن لە هەموو دەسەڵات و بڕیارێکی سەربەخۆ، تەنانەت ڕێگە نادەن ناوی کوردستان بە هەرێم بلکێنرێت، بەڵکو وەکو سەرەتا ناوی دەنێنەوە هەرێمی کوردی!

پاشان گەر بەقسەی ناوبراو بێت، کە گوایە (ئەوکاتە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان نەگەیشتبووە ئەو قۆناغەی کە حزبێکی شیوعی تایبەتی دروست بێ بۆ کوردستان)، ئەی باشە بێ بەرنامەیی حزبی شیوعی عێراق بۆ دە ساڵ و بێ پەیڕەوی ناخۆیی بۆ ماوەی یازدە ساڵ، ئەوە ناگەیەنێت کە حزبی شیوعی پێنەگەیشتووە و تەنانەت نەیتوانیوە بەرنامە و پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ حزبەکەی بنووسێت؟ حزبی شیوعی عێراق، بەگوێرەی زانیارییەکانی نەقیبی ئەمن عەبدولعەزیز عەبدولسەمەد، یەکەم بەرنامەی خۆی لە کۆنفرانسی یەکەم لە ساڵی (1944) و پەیڕەوی

ناوخۆشی لە کۆنگرەی یەکەمی خۆیدا لە مانگی نیسانی ساڵی (1945) دەرکرد[5]. کۆنگرەی یەکەمی حزبی شیوعی عێراق، کە بە ناوی (مؤتمر التنظيم) ناسرا، لە ڕۆژی (1945.4.19)، لە بەغدا و لەژێر سەرکردایەتی فەهد بەستراوە[6]، بەڵام عەزیز ئەلحاج، لە لاپەڕە (268-269)ی (مع ألأعوام)، نووسیویەتی: (کۆبوونەوەی فراوانی نوێ لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی 1967 بەسترا، کە بەپلەی یەکەم جەختی لەسەر پرسە ناوخۆییەکانی حزب کردەوە، کە هەردەم نغرۆ لە غەم و ململانێ ناوخۆییەکانمان نغرۆ ببووین؛ تا ئەوکاتە حزبمان بەرنامەی نەبوو، ئەمەش شتێکی سەیرە بۆ حزبێک کە لە ساڵی 1934 دامەزرابێ و ناویشی لەخۆی نابێت پارتی پێشڕەو). بەگوێرەی ئەم نووسینەی عەزیز ئەلحاج بێت، حشع نابێ تا بەستنی کۆنگرەی دووەم لە ڕۆژانی (8.28-1970.9.4)، بەرنامەی هەبووبێت، چونکە لەم ساڵەدا کۆنگرە بەستراو نووسینی بەرنامەی حزب تەنیا لە یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی حزب، یان کۆنگرەدا دەکرێت و لە کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی بشکرێت، دەبێ لە کۆنگرە دەنگی بۆ بدرێت تا بابەتاکان جێگیربکرێت. ئەگەر پارتێک سی و شەش ساڵ لەدوای دامەزراندنیەوە، ئینجا ببێتە خاوەنی بەرنامەی خۆی، دەبێت چ پارتێک بێت؟ هەمان کات لەبەر بێ بەرنامەیی و بێ پەیڕەوی ناوخۆی حزبی شیوعی عێراق، جەلال دەباغ نەدەبوایە هەرگیز بیگوتایە: (ئەوکاتە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان

[5]- نقيب الأمن عبدالعزيز عبدالصمد عبدالغفور، دور المعلومات والخبرة الأمنية في متابعة الحزب الشيوعي العراقي، ص36.

[6]- د. طارق يوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ص86.

نەگەیشتبووە ئەو قۆناغەی کە حزبێکی شیوعی تایبەتی دروست بێ بۆ کوردستان)، ئەمە لەکاتێکدایە کە پارتەکەی ئەو بە قۆناغی دامەزراندن نەگەیشتبوو، چونکە سی و شەش ساڵ دوای دامەزراندن، ئینجا بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی نووسیووە؟

جەلال دەباغ: (لە ساڵی (1943-1945)، بەهیچ جۆری حزبی شیوعی دژایەتی شۆڕشی کوردستانی نەکردووە، بەڵکو پشتیوانی کردووە، داوای کردووە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بدرێ).

دکتۆر حامید مەحمود عیسا، لە لاپەڕە (330-331)ی (المشكلة الكوردية في الشرق الأوسط)دا بە پشت بەستن بە ڕۆژنامەی (القاعدة)، ژمارە (1)ی ساڵی دووەم، مانگی یەنیوەری ساڵی (1944)، نووسیویەتی: (ئەو کاتەی کە ململانێی نێوان سوپای عێراق و بارزانییەکان لە ساڵی (1944)دا لە سەردەمی وەزارەتی حەمدی پاچەچی لە گۆڕێ دابوو، حزبی شیوعی بەیاننامەیەکی دریژی لە ڕۆژی 29ی ئابی ساڵی (1944)دا ئاراستەی گەل کرد و سەرزەنشتی هێرشی هێزەکانی حکومەتی بۆ سەر هۆزی بارزانی و گوندە کوردیەکان کرد. لە هەمان کاتیش دا هێرشی کردبووە سەر ئەوانەی بە شۆڕش هەڵسابوون لە کوردستانی عێراق، کە گوایە ئەو بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی دەرەبەگانەیە و بە بەریتانیاوە گرێدراوە، ڕوونیان کردبووەوە کە مەلا مستەفا دەیەوێت دەسەڵاتی دەرەبەگانەی خۆی بگەڕێنێتەوە و خۆی بکات بە فەرمانڕەوای بارزان و گوندەکانی دەوروبەری. حزبی شیوعی هۆشداری دابوو کە پرسی نیشتمانیی کورد، بە پرسی ڕزگاری عێراق گرێدراوە).

ئایا گرێدانی پرسی نیشتمانیی کورد بە پرسی ڕزگاری عێراق، بچووک کردنەوەی پرسی ڕەوای کورد و کوردستان لە ڕزگاریی و سەربەخۆیی نییە بۆ پرسێکی ناوخۆیی و نەبوونی دیموکراسی؟ کاتێک کە حشع ئەم بۆچوونەی بەرانبەر بە پرسی داگیرکردنی خاکی باشووری کوردستان و چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا هەبێت، کەواتە حشع هەمان بۆچوونی حزبە شۆڤینیستە (عەرەبی، بەعسی و ئیسلامییەکانی) هەبووە!

ئەحمەد حەمدی عەبدولوەهاب ڕوشدی عەبدولڕەحمان ئەلپاچەچی (1887-1948.3.27)، سەرۆک وەزیرانی عێراق (1944.6.4-1946.2.23)، کە پەلاماری بارزان و ناوچەکانی باشووری کوردستانی داوەو بە دەیان کەسی بێتاوانیان کوشتووە، گوندەکانیان کاول کردووە و ئابلۆوقەی ئابووریان لە سەر دانیشتوانی ناوچەکانی بارزان، مێرگەسوور و گوند و شارۆچکەی دیکە داناوە، کەچی حزبی شیوعی تەنیا سەرزەنشتی حکومەتەکەی حەمدی پاچەچی کردووە. لە ساڵی (1944)، فەهد خۆی سکرتێری گشتیی حشع بووە، ئەگەر خۆیشی بەیاننامەکەی نەنووسیبێت، بەدڵنیاییەوە ڕۆڵی سەرەکی لە دارشتنیدا هەبووە و هەر خۆیشی لێی بەرپرسە. حشع لەو بەیاننامەیەدا شۆڕش و بزووتنەوەی کورد بە بزووتنەوەیەکی دەرەبەگانەی سەر بە بەریتانیا تۆمەتبار دەکات، لەکاتێک کە حکومەتی عێراق بە پشتیوانی سوپا و هێزی ئاسمانی بەریتانی هێرشی سەر ناوچەی بارزان و هێزە چەکدارەکانی سەر بە بزووتنەوەو شۆڕشی کوردستانی دەکرد. لەلایەکی دیکەشەوە فەهد و حشع هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئەو ئاغایانە نەبوو کە

دەبوونە شیوعی و شانازیان پێوە دەکردن، هەروەها حشع بە هاوکاری و پشتیوانی حزبە عێراقییەکان کە حزبی نەتەوەپەرست و بورژوازی عەرەبی بوون و لەلایەن دەرەبەگ، ئاغا، شێخ، سەید و مەلاکانەوە سەرکردایەتی دەکران، خەباتیان دەکرد لەدژی حکومەتی پاشایەتی عێراق. باشە بۆ ئاسایی بێت کە بزووتنەوەی عەرەبی لە لایەن دەربەگەوە ڕێبەرایەتی بکرێت، بەڵام دەرەبەگی کورد بۆی نەبێت سەرکردایەتی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیی بکات؟ فەهد و حزبەکەی بەشێوەی ڕەگەزپەرستانی عەرەبیەوە، شۆڕشی کوردستان بە داردەستی بەریتانیا ناودێر دەکەن، لەکاتێکدا کە فەهد خۆی کرێگرتەی بەریتانیا بووە[7]. عەزیز ئەلحاج باسی پەیوەندی نێوان فەهد سکرتێری حشع بە (بیشۆب) سەرۆکی هەواڵگری بەریتانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، باسی پارە وەرگرتنی فەهد لە هەواڵگری بەریتانی و کارکردنی فەهد و حزبی شیوعی دەکات بۆ بەرژەوەندی ئەوان، کە لە لاپەڕە (67-68)ی نووسینێکی خۆی بەناوی (أبو هريرة الموصلي: ذو النون أيوب وسيرته) وەریگرتووە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، فەهدو حزبە شیوعیەکەی هۆشداری دەدەنە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کە گوایە پرسی نیشتمانیی کورد بە پرسی ڕزگاری عێراق بەستراوەتەوە، واتە ئەگەر عێراق لەژێر دەستی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی وابەستە بە بەریتانیا ڕزگاری نەبێت، ئەوە هەرگیز کورد بە ئاواتی خۆیی ناگات و پرسی کوردیش شیمانەی چارەسەرکردنی نییە؛ بێگومان ئەمە بۆچوونی شۆڤینیستانی عەرەبی بووە! دڵنیام لەوەی ئەگەر حزبی و

[7]- عزيز الحاج، ذاكرة النخيل صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية في العراق، لاپەڕە (30-32).

شیوعی و فەهد خۆیان جڵەوی دەسەڵاتیان لە عێراق بگرتبایە دەست، پرسی کوردیان بەگوێرەی تیۆریی و پرانسیپەکانی مارکسیزم چارەسەر نەدەکرد، کە ئەوان هەرگیز باوەڕیان بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ دانیشتوانی باشووری کوردستان نەبوو، چونکە فەهدو حشع ئەندامانی خۆیان بە گیانێکی ئینتەرناسیۆنالیزمانە پەروەردە نەکردبوو تا باوەڕیان بە مافی بڕیاری چارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکان، جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەبێت! سەبارەت بە پەروەردەکردنی ئینتەرناسیۆنالیزمانەی نەتەوەی سەردەست، مافی جیابوونەوەی گەلانی ژێردەست و پشتیوانی کردنیان، لینین دەڵێ: (پەروەردەکردنی ئینتەرناسیۆنالیستی زەحمەتکێشانی وڵاتانی زۆردار، پێویستە زیاتر لەسەر ئەم خاڵە بێت کە مافی جیابوونەوەی وڵاتە زۆرلێکراوەکان بسەڵمێنن و پشتیوانی لێبکەن. ئەم داخوازیە ئەم لاو ئەو لای نییە. تەنانەت ئەگەر جیابوونەوەکە پێش بەدیهێنانی سۆسیالیزم لە هەزار دۆخ لە یەک دۆخدا شیمانەی بەدیهاتنی هەبێ). بەڵام تا چەند فەهد و حشع پێبەندی ئەو وتەیەی لینین بووینە و ئەندامانی حزبەکەی خۆیانیان بەم گیانەوە پەروەردە کردووە؟ ڕاستییەکەی کەم کەس لە نێو سەرکردایەتی و ڕێکخستنەکانی حشع بەو شێوەیەی کە لینین داوای دەکات، پەروەردە کراون، یان هەر نییە، چونکە نزیکەی سەرجەم شیوعییە عەرەبەکانی عێراق جیابوونەوەی باشووری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، یان دەوڵەتی

کوردستانی بە دەستکردی ئەمەریکا، ئینگلیز، ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دەزانن و کوردستان بە ئیسرائیلی دووەمی ناو دەبەن، ئەمەش بەڵگەیە کە پێبەندی وتەکەی لینین نین و بە تیۆری ئینتەرناسیۆنالیست و مارکسیزمانە پەروەردە نەکراون! باشە بۆ حشع هەردەم پرسی نیشتمانیی کورد و کوردستانی بە پرسی ڕزگاری عێراق گرێداوە؟ ئەی لە کۆدێتای عەبدولکەریم قاسم (1958.7.14)، عێراق ڕزگاری نەبوو؟ ئەی بۆ تەنانەت مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراق بە کورد ڕەوا نەبینرا؟ ئەگەر ئۆتۆنۆمی لەم ساڵە بە کورد بدرابوایە، شۆڕشی ئەیلولی (1961)ی باشووری کوردستانیش هەڵنەدەگیرسا و کورد پشتیوانی حکومەتەکەی قاسمی دەکرد و بە بەعسییەکان نەدەڕوخا؟ هەر بۆیە زۆر جیاوازی لە هزر و بیرکردنەوەی کۆمۆنیست و شۆڤینیزمە عەرەبەکانی عێراق سەبارەت بە پرسی کورد و کوردستان نابینم و ئەوان هاوئاوەزن.

دەباغ دەڵێت: (من دانراوەکانی هاوڕێ فەهدم کرد بە کوردی وە بەرگی یەکەمی بڵاوکرایەوە، وەک بەشێک لە گەلی عێراق، داوای دیموکراتی و سەربەخۆیی بۆ هەموو میللەتی عێراق دەکرا، کە ئەمە کوردیش دەگرێتەوە. لە پاشا خەڵکێکی تێنەگەیشتوو یان بە مەبەست بەرەنگای فەهدیان دەکرد، درۆو دەلەسەیان بڵاودەکردەوە گوایە فەهد نەتەوەی کوردی بە کەمەنەتەوە (الإقلية) داناوە، لەپاشا ئێمە چەند جار ڕوونمان کردەوە کە فەهد مەبەستی کەمایەتیە بەنیسبەت عەرەبەوە لە عێراقدا، لە ڕووی ژمارە و دانیشتوانەوە. بەڵام دوایی پێ بە پێی پەرەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان

مەبەست ئەوە نەبووە کە کورد نەتەوە نییە، مەبەست ئەوە بووە کە لەچاو نەتەوەکانی ترا کەمایەتی بووە)!

فەهد، لە خاڵی (10)ی پەیماننامەی نیشتمانیی حزبی شیوعی عێراق، کە لە لاپەڕە (109-111) بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی پرسی کوردو کوردی ئێزیدی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دا، نووسیویەتی: (لەپێناو بوونی یەکسانی ڕاستەقینە لە مافەکاندا بۆ کەمایەتی نەتەوەیی کورد لەگەڵ سەرپەرشتی مافەکانی کۆمەڵە نەتەوەیی و توخمە بچووکەکانی وەک تورکمان و ئەرمەن و ئێزدی؛ تەواوی نووسینەکانی هاوڕێ فەهد، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، ل110)، هەروەها فەهد خۆی لە ڕاپۆرتی سیاسیی خۆی کە بۆ کۆنفرانسی یەکەمی حشع نووسیویەتی و دواتر لە ڕۆژنامەی (القاعدة)، ساڵی دووەم، ژمارە (3)، ڕۆژی (1944.3.16)، لەژێر ناوی (القسم السياسي من تقرير الرفيق فهد الذي القاه في مؤتمر الحزب الأول - كونفرنس) بڵاوکراوەتەوە، لە خاڵی دەیەم هاتووە: تێدەکۆشین لەپێناوی بەدیهێنانی مافی ڕاستەقینە بۆ کەمەنەتەوەی کورد و ڕەچاوکردنی مافەکانی کۆمەڵە نەتەوەیی و توخمە بچووکەکانی تورکمان، ئەرمەن و ئێزیدی).

کۆنفرانسی یەکەمی حزبی شیوعی کە لە مانگی ئاداری ساڵی (1944) بەستراوە، فەهد گەلی کوردی بە کەمەنەتەوە ناوبردووە و وەکو هەر عەرەبێکی شۆڤینزمیش ئێزیدی کوردی ڕەسەنی لە کورد دابڕیوە، جا با دەباغ هەر ڕتووشی هەڵەکانی فەهد بکات کە بێسوودن. ئەی باشە بۆ جەلال دەباغ لە پەرتووکەکەی خۆیدا باسی ئەوەی نەکردووە کە فەهد مەبەستی لە کەمەنەتەوەی کورد ئەوە

بووە، کە لەچاو نەتەوەکانی دیکەدا کەمایەتی بووە؟ کە کورد نەتەوە بێت، بۆ فەهد دەبێت وا پێناسەی بکات کە لەچاو نەتەوەکانی دیکەدا کەمەنەتەوەیە، ئەمە پاساوێکی نەک لاوازە بەڵکو زۆر نابەجێ و ناڕەوایە.

جەلال دەباغ: (هەندێک کەس بوختانیان بۆ فەهد کرد گوایە گوتوویەتی کورد نەتەوە نییە)!

پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە فەهد نەتەوەی کوردی بە نەتەوە هەژمار نەکردووە، لە هەمان کاتیش ئێزیدییەکانیشی لە کورد هاوێرکردووە. هەڵبەت جەلال دەباغ لە پەرتووکە وەرگێڕدراوەکەی فەهد باسی دەکات و منیش وەکو سەرچاوە بەکارم هێناوە. هەروەها مام جەلال، لە سەرەتای ژیانی سیاسی خۆیدا لایەنگیری حشع بووە، بەڵام دوای ئەوەی بیستوویەتی کە حشع کورد بە گەل دانانێت و بە نەتەوەشی نازانێت، هەر بۆیە بە شایستەی نازانن کە کورد، پارتی سەربەخۆی تایبەت بەخۆی هەبێت، ڕێکخراوی تایبەتی خۆی هەبێت، مافی بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی هەبێت و کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لە عێراق. لەبەر ئەوە مام جەلال قسە لەگەڵ فاتیح ڕەسوڵ دەکات و شانەی ڕۆشنبیری حزبی شیوعی بەجێدەهێڵێت و دەبێتە ئەندامی پارتی[8]. هەروەها لە لاپەڕە (25)ی (مام جەلال لە وەڵامی 74 پرسیاری دوور لە سیاسەت)، لە وەڵامی پرسیارێکی ڕێبوار ستار-دا، مام جەلال دەڵێت: (مامۆستایەکی

[8]- سەڵاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، ل (45+31).

شیوعیمان هەبوو، فاتیحی ناوبوو، فاتیح ڕەسوڵ. ئەو فاتیح ڕەسوڵە باخچەیەکی بۆ دروست کردبووین. بە بیروباوەڕی حزبی شیوعی پەروەردەی دەکردین، ڕۆژێک من لێم پرسی کورد نەتەوەیە یان نەتەوە نییە؟ گوتی: نەخێر نەتەوە نییە، دیارە ئەگەر کورد نەتەوە نییە مافی چارەی خۆنووسینی نییە، لەسەر ئەوە تێکچووین، بەجێمهێشت و ئیدی لە خوێندنگەی کۆیەوە گواستمەوە بۆ خوێندنگەی حاجی قادری کۆیی، بڵێین بۆ هێڵی پارتی)، بەپێی ئەو وەڵامەی فاتیح ڕەسوڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، کە بۆچوونی حزبی شیوعی بە مام جەلال گەیاندووە، کەواتە حشع کوردی بە نەتەوە و گەل نەزانیوە.

فەتاح تۆفیق فەتاح عەبدوڵڵا ئاغا ناسراو بە مەلا حەسەن (1922-2008.2.29)، لە لاپەڕە (11-12)ی (حەفتا و شەش ساڵ ژیان پەنجا و نۆ ساڵ تێکۆشان)، سەبارەت بە بۆچوونی حشع بەوەی کە کورد نەتەوە نییە، نووسیویەتی: (لە عێراقدا ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی بۆ ئەوە بوو کە پەلامارێ ئەندامە چالاکەکانی حزبی شیوعی و پارتی و گشت هێزە دیموکراتیەکان بدەن. لە هەولێر و قەزایەکان وەکو کۆیە و ڕەواندوز و مەخموور ژمارەیەکی زۆریان لە لاوە شۆڕشگێڕەکان دەستگیر کرد، هاوڕێی نەمر - جەمال حەیدەری - یەکێک لەوان بوو، لە سەرەتای ساڵی خوێندنی نوێ/ 1948-1949 هەردوو خانەی مامۆستایانی هەولێر و سلێمانی کران بە یەک و خانەکەیان بۆ دهۆک گواستەوە، دوای دەست کردن بە خوێندن چەند هاوڕێیەکی هەولێر و سلێمانی کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە دکتۆر حەمە سەعید عەبدوڵڵا لە

سلێمانی و من لە هەولێر ڕێکخراوەکە ڕێک بخەینەوە و هاوڕێیەکی دهۆکیش سەرپەرشتیمان بکات. ئیتر دکتۆر حەمە و من خێرا پەیوەندیمان کردەوە بە هاوڕێیانی سالّی پێشوو کە ژمارەیەکی زۆر بوون. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئەم دوو خانەیە تێکەڵ کران و بۆ دهۆک دوورخراینەوە، چونکە کارگێڕی پەروەردەی هەر دوو لیوایەکە ئەم داوایەیان لە وەزارەتی پەروەردە کردبوو کە دووربخرێنەوە، ئەوان نووسیبوویان کە زۆربەی خوێندکارانی ئەم دوو خانەیە شیوعین. بەم شێوەیە کۆمەڵێ شانە لەلای من بوو و کۆمەڵێکیش لەلای دکتۆر حەمە سەعید بوون بە هەموویان یەک پەرتووکی ستالینمان هەبوو، بەناوی القضیة الوطنیة/ کێشەی نیشتمانی، کە باسی پرسی نەتەوایەتی و مەرجەکانی بوون بە نەتەوە (ألأمة)ی دیاری کردبوو ئەو کێشەیەش لەو سەردەمەدا، مشتومڕێکی زۆری لەسەربوو، لەنێوان ڕێکخراوەکانی شیوعی لە کوردستان و ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێمە وامان لێک دەدایەوە کە کورد هێشتا نەبووە بە نەتەوە (أمة)، هەرچی برادەرانی پارتی بوون ڕایان وابوو کە کورد ئێستا نەتەوەیە و هەموو مەرجەکانی نەتەوەی هەیە).

مەلا حەسەنیش وەکو جەلال دەباغ یەکێک لە کادیرە پێشکەوتووەکانی حشع بووە، کەچی ئەو بە ئاشکرا دەنووسێت کە حشع کوردی بە نەتەوە دانەناوە، ئایا مەلا حەسەن بێبەڵگە و هەر لەخۆیەوە ئەمەی نووسیوە یان جەلال دەباغ پەنا بۆ نکۆڵی کردنێکی بێسوود دەبات؟

جەلال دەباغ دەڵێ: (سەبارەت بەوەی کە کورد نەتەوەیە یان نەتەوە نییە، لەلایەن حزبەوە هەڵوێستێکی ڕێکوپێک و ڕاست و دروست و زانستیانە هەبوو، بەڵام قەوماییەکان بەداخەوە بەرچاوتەنگن، پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تر دە ساڵی دەوێ تا لە ئێمە تێ دەگەن)!

لە سەرەوە وەڵامی ئەوەم داوەتەوە کە فەهد و حزبی شیوعی کوردیان بە نەتەوە و گەڵ نەزانیوەو بە کەمەنەتەوەیان داناوە، هەروەها ئێزیدی کە کوردی ڕەسەنن لەلایەن فەهدەوە لە کورد جیاکراونەتەوە، بۆیە نامەوێت بێمەوە سەری. تەنیا ئەوەندە دەڵێم گەر کەسانی وەکو جەلال دەباغ لە نێو حزبی شیوعی کوردستان و حشع تا ئێستاکە خاوەن بۆچوونی وا بن، نەک دە ساڵ، بەڵکو بە سەد ساڵی تریش نە خۆیان لەخۆیان دەگەن، نە کەسیش تێیان دەگات، چونکە هەردەم بۆچوونەکانی حشع سەبارەت بە پرسی کورد و کوردستان تەومژاوی بووینە، هەروەها دوور لە بیروباوەڕ و چارەسەری مارکسیستانە و کۆمۆنیستانە بووە.

جەلال دەباغ: (پێش قەوماییەکان، پێش پارتی، یەکێتی و حزبە نەتەوەییەکان، حشع گوتویەتی: ئێمە دان بە مافی هەموو نەتەوەیەک دادەنێین بە مافی چارەنووس).

ئەوەی جەلال دەباغ باسی دەکات، ڕاست نییە، چونکە هەر خۆی باسی ڕزگارکردنی عێراق دەکات و پێی وایە کە لە عێراقێکی دیموکراسیدا مافەکانی کورد بە تەواوی دەدرێت؛ بەڵام پرسی کورد، پرسی عێراقێکی دیموکرات نییە، بەڵکو لکاندنی خاکی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عێراق، شێوەی داگیرکاری

وەرگرتووە، هەروەها نەتەوەی عەرەبی دەسەڵاتدار و سەردەستی عێراق بێباکانە کوردی باشووری کوردستان دەچەوسێنێتەوە و هەوڵی سڕینەوەی دەدات.

جەلال دەباغ: (ئەوکات زیاتر حزب لەگەڵ خەباتی یەکێتی هەموو هێزەکان بوو بۆ ڕزگارکردنی عێراق، لە عێراقێکی دیموکراتیا مافەکانی کورد بە تەواوی بدرێت).

بەگوێرەی پڕانسیپەکانی مارکسیزم، هیچ حزبێکی کۆمۆنیستی بۆی نییە چارەسەری کاتی بۆ خاکی داگیرکراوی وڵاتێکی دیکە و چەوساندنەوەی نەتەوەیەکی ژێردەستە، بەشێوەیەکی کاتی و چارەسەری ناتەواو ببڕێنێتەوە، بەڵکو پێویستە بەگوێرەی ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم چارەسەری بنەڕەتی بۆ نەتەوەی ژێردەست و خاکی داگیرکراو دابڕێژن، بۆیە مافی هیچ نەتەوەیەکی ژێردەست و خاکێکی داگیرکراو بەوە چارەسەر ناکرێت کە ڕژێمێکی دیموکراتی دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەی ئەوە نەبوو حشع دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسمی سەرەتا بە دەسەڵاتێکی دیموکراسی، نیشتمانیی و دژ بە ئیمپریالیزم دادەنا؟ کەچی نەک ئامادەنەبوو مافی ئۆتۆنۆمی بە گەلی باشووری کوردستان بدات، بەڵکو قاسم لە ڕێی ڕۆژنامەی (الثورة)ی لایەنگری خۆی داوای پێویستی توانەوەی نەتەوەی کوردی لەنێو کۆڵی نەتەوەی عەرەبدا[9]، لە هەمان سەرچاوەدا مام جەلال باسی وەڵامی ڕۆژنامەی خەبات

[9]- وجوب صهر القومية الكوردية وإذابتها في بوتقة الأمة العربية؛ جلال الطالباني، كوردستان والحركة القومية الكوردية، ص198.

دەکات کە بە چەند وتار وەڵامی ئەو داوایەی قاسمی داوەتەوە و یەکەمین وەڵام لە ژمارە (440)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (1961.2.22)دا بووە، سەیر لەوەدایە کە هێشتاکە حشع پشتیوانی لە ڕژێمی قاسم دەکرد، کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیویست لە مادەی سێی دەستووری کاتی عێراق، کە لە ڕۆژی (1958.7.27)، نووسراوەو تیایدا هاتبوو: (کورد و عەرەب هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، ئەم دەستوورە دان بە مافە نەتەوایەتێکانیان دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا/ يعتبر العرب والأكراد شركاه في هذا الوطن ويقر هذا الدستور حقوقهم القومية ضمن الوحدة العراقية)، دەستەواژەی (لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی/ على أساس الحكم الذاتي) زیاد بکرێت، بەڵام هیچ پارتێکی عێراقی ئامادە نەبووە پشتیوانی لەم دەستەواژەیەدا بکات[10]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حزبی شیوعی عێراق پشتیوانی لە ئۆتۆنۆمی نەکردووە. ئەی چۆن باسی ئەوە دەکەن کە (لە عێراقێکی دیموکراتیا مافەکانی کورد بە تەواوی بدرێت)؟

جەلال دەباغ: (نەخێر بەهیچ جۆری ئەوە ڕاست نییە، کە بە هاتنی بەهائەدین نوری (باسم) وەکو کوردێک کە لەنێوان (1949-1953) بووە سکرتێر، هەندێک هەڵەی حزب ڕاست کرابنەوە، ئەوە هەڵوێستی حزبە، بەڵام بەهائەدین نوری خۆپەرست و تاکڕەو بوو، ئەو شتانەی حزبی (مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی) لەژێر ناوی بەڵێننامەی باسم (میثاق باسم) بەناوی خۆی بڵاوەکردەوە)!

[10]- سەڵاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن، بەرگی یەکەم، ل146.

ئەی ئەگەر هەڵوێستی حزبە، بۆ بەهائەدین نوری بەهۆی (میثاق باسم) لەلایەن سەرکردایەتی شۆڤینستی عەرەبی نێو حشع و کوردە وابەستەکان بەو سەرکردایەتییە شۆڤینیستەی عەرەب لادراو بەڵێنامەی باسم-یش لەلایەن هەمان سەرکردایەتی شۆڤینیست هەڵوەشایەوە؟ حزبی شیوعی عێراق، لەکاتی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم بینیمان کە تەنیا لەگەڵ مادەی سێی دەستووری کاتی بوون، ئەویش لە مافی یەکسانی هاوواڵاتی زیاتر نەبوو، لە مادەی دوو هاتبوو: (عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب/ العراق جزء من الأمة العربية)، کەچی شیوعی هیچ ناڕەزایەتییەکیان دەرنەبڕی و هاوبۆچوون بوون لەگەڵ پارتە نەتەوەپەرست و شۆڤینیستە عەرەبییەکان. لە سەردەمی بەرەی نێوان بەعس و حشع بێهەڵوێستی ئەو حزبەمان بینی کە نەیدەتوانی داکۆکی لە مافەکانی خۆیشی بکات، چجای داکۆکی کردن لە مافی نەتەوەی کوردی بێبەش لە هەموو مافێک و دابڕینی نزیکەی نیوەی خاکی کورد لە باشووری کوردستان و تەعریب کردنیان بە دوو ڕێگە، یەکەم: دابڕینی شار و شارۆچکە کوردستانییەکان و لکاندنیان بە عێراق، دووەم: دەرکردنی کوردەکان و ڕاگوێزانی بەزۆریان بەبەرچاوی سەرانی حزبی شیوعی عیراق و نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردەی ناوەڕاست و باشووری عێراق لەسەر خاکی کوردستان و خانووی کوردەکان.

لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1949) زەکی وەتبان سکرتێری حزب گیراو کۆمیتەی نوێ بە سەرکردایەتی بەهائەدین نوری پێکهات و

خۆی بە سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی هەڵبژێردرا[11]، لە مانگی ئابی ساڵی (1951) دووبارە بەهائەدین نوری کرایەوە بە سکرتێری حزب[12]. لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (1952)، بەهائەدین ڕەشنووسی پەیماننامەیەکی نیشتمانیی نوێی خستەڕوو کە لە مانگی ئاداری ڕابردوودا بڕیاری لەسەر دابوو، لەگەڵ ئەو پەیماننامە نیشتمانییەی فەهد لە کۆنفرانسی یەکەم لە ساڵی (1944)دا خستبوویە ڕوو، زۆر جیاواز بوو. لە پەیماننامەی نیشتمانیی باسم، کە بەم ناوە ناسرابوو، بەهائەدین نوری دوو خاڵی گرنگی خستبووە ڕوو کە بریتی بوون لە: (کارکردن بۆ ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و مافی کورد لە بڕیاری چارەی خۆنووسین[13]) کەچی عەرەبەکانی ناو حزبی شیوعی عێراق، سەردەمی سکرتێری بەهائەدین نوری شێخ بابە عەلی (1949–1953.4.13)، بە لادانی چەپڕەوی منداڵانە (إنحراف يساري طفولي) ناو دەبەن، چونکە ناوبراو وەکو کۆمۆنیستێک باوەڕی بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی باشووری کوردستان، جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەبووە لەسەر خاکی دێرین و داگیرکراوی خۆیدا.

دەستەی زیندان لە حزبی شیوعی عێراق کە بە ئاڵای کارگەران (راية الشغيلة) ناسرابوون، لە (عەزیز محەمەد، عەبدولسەلام ئەلناسری، عەبدولڕەزاق ئەلسافی، حەمزە سەلمان ئەلجبوری،

[11]- صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية في العراق، ص69.
[12]-هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 70.
[13]- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 71.

جەمال حەیدەری، حوسێن سولّتان و پیتەر یوسف) پێکهاتبوو، زۆر بەتوندی دژی پەیماننامەی نیشتمانیی باسم وەستانەوە[14].

بەهائەدین نوری، لە حوزەیرانی ساڵی (1949)دا بووە سکرتێر و دواتر لە ڕۆژی (1953.4.13) گیرا، لە ڕۆژی (1953.7.12)دا سزای (15) ساڵ زیندانیکردنی درا، هەر لە نیسانی ئەم ساڵەدا کۆمیتەی ناوەندی نوێ هەڵبژێردراو کەریم ئەحمەد داود کرا بە سکرتێری حشع[15]. لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (1954)دا کۆمیتەی ناوەندی بە سەرکردایەتی کەریم ئەحمەد داودی سکرتێر (نیسانی 1953 – حوزەیرانی 1954)، کۆبوونەوەو بڕیاری دا کە (یەکەم: سڕکردن و دواتر هەموارکردنەوەی پەیماننامەی نیشتمانیی کە لە یەکەم کۆنفرانس لە ساڵی 1944 بڕیاری لەسەر درابوو. دووەم: سڕکردنی پەیماننامەی نیشتمانیی باسم. سێیەم: وازهێنان لە دروشمی ڕوخانی ڕژێمی شاهنشاهی. چوارەم: دامەزراندنی کۆماریێکی گەلی و خەباتکردن لە پێناوی دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانیی دیموکراتی. پێنجەم: بانگەواز بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بەرەی نیشتمانیی کە حزبی شیوعی عێراقی تێیدا بەشدار بێت)[16]. جێی ئاماژە پێکردنە کە سەرکردایەتی نوێی کەریم ئەحمەد بە هیچ شێوەیەک بۆ لای مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەچوو، کە پێشتر لە پەیماننامەی نیشتمانیی

[14]- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 72.
[15]-هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی (72-73-323).
[16]- سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق 1934-1958، الجزء الأول، ص 131؛ صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية في العراق، ص(73-74)؛ حنا بطاطو، العراق الكتاب الثاني، الحزب الشيوعي، ص 338.

(باسم) دانی پێ دانرابوو، هەروەها جگە لە خاڵی یەکەم، چوار خاڵەکەی دیکە هەمووی لادانە لە ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم.

جەلال دەباغ: (دادگای مەهداوی-ش دروست بوو، کە زۆر لە خائینانان و پیاوانی عەهدی مەلەکی دادگایی کردن و سزای ڕەوای دان بە سەرا. سەعید قەزازی-شم مەبەستە، بەداخەوە لەسەر باڵەخانەیەکی سلێمانی پەیکەری بۆ دروست کراوە، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتییەکمان هەبێ ئاگای لە شتەکان بوایە، ڕێگەی نەدەدا پەیکەری جەللادێکی وەکو سەعید قەزاز دروست بکرێ، چونکە سەعید قەزاز بەرپرسیارە لە گیانی دەیان کرێکاری گاورباغی کە گوللەیان بە سینگیانەوە نرا. سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆ بوو، پیاوێکی نۆکەری ڕژێمی پاشایەتی و نۆکەری ئیمپریالیزم بوو. بۆ مێژوو بە خائینی دەزانم)!

سەرەتا لە ڕاستیدا مەهداوی جەللاد بووە نەک قەزاز، دواتر ڕاپەڕینی گاورباغی کرێکارانی کەرکوک، لە ڕۆژی (1946.7.4) دەستی پێکرد، لە ڕۆژی (1946.7.12) لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە تەقە لە خۆپیشاندەران کرا و شازدە کرێکار، ژن و منداڵێک کوژران و زیاتر لە سی کرێکاریش بریندار بوون، بەڵام ئەگەر جەلال دەباغ ئاگای لە مێژوو هەبوایە، دەیزانی ئەوکات سەعید قەزاز پاریزگاری کوت بووە، نەک وەزیری ناوخۆ، هەروەها پاریزگاری کەرکوک- یش نەبووە تا لە گیانی ئەو کرێکارانەی کە گوللە بە سنگیانەوە نرا، بەرپرس بێت. ئەوێ ڕۆژێ، واتە ساڵی (1946)، حەسەن فەهمی عەلی ئەلمەدفەعی پاریزگاری کەرکوک، عەبدولڕەزاق فەتاح بەڕێوەبەری پۆلیس و نەقیب سەعید عەبدولغەنی بەرپرسی ئەسپسواری کەرکوک بەرپرسی ڕاستەوخۆی تاوان و کوشتارەکە

بووینە، بەڵام کە لە دادگەیەکی قەرەقوشی ئەوکاتدا، هەرسێکیان بێتاوان نیشان دران و سزا نەدران! کابینەی ئەرشەد ئەحمەد زیوەر مەحمود ئەلعومەری (1888.4.8–1978.8.5)، لەنێوان (6.1–1946.11.14)، سەرۆک وەزیرانی عێراق بووە و عەبدوڵڵا ئەلقەساب وەزیری ناوخۆ[17]، هەرچەندە عەبدوڵڵا عەباس حلمی ئەمین ئەلقەساب (1903–1962.12.18)، پێشتر بەڵێنی دابوو تۆمەتباران حەسەن فەهمی عەلی ئاغا ئەلمەدفەعی پاریزگاری کەرکوک (1887–1946.11.18) و باوکی ئیلهام مەدفەعی گۆرانیبێژ کە بە ڕەچەڵەک کورد و ئاغای دزەیی و هاوسەرەکەشی شێروانی بوو، بەڵام حەسەن فەهمی خۆی بە عەرەب دەزانی تا ئیلهام مەدفەعی لە مانگی ئاداری ساڵی (2019)، کە لە باشووری کوردستان بووم، کەناڵی ڕووداو باسی ئەوەی کرد کە باوکی لە ئاغاکانی دزەیی هەولێر و دایکیشی خەڵکی شیروان مەزن بووینە، عەبدولڕەزاق فەتاح بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک، نەقیب سەعید عەبدولغەنی بەرپرسی ئەسپسواری کەرکوک و چەند کەسێکی دیکە بدرێنە دادگە و پاشان قوربانییەکانیش قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام کە سەرۆک وەزیران لە بەڵێنی خۆی پەشیمان بۆوە، ئەلقەساب لە ڕۆژی (1946.8.17) دەستی لە کار هەڵگرت. عەبدوڵڵا قەساب وەزیری ناوخۆ و حەسەن فەهمی عەلی ئەلمەدفەعی پاریزکاری کەرکوک بووبن، ئیدی دەردەکەوێت کە سەعید قەزاز هیچ پەیوەندییەکی بە کوشتاری کرێکارانی گاورباغی نەبووە، بەڵام چونکە قەزاز موسڵمانێکی توندڕەو و دژی بیروباوەڕی کۆمۆنیزم

[17]- عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء السابع، ص95.

بووە، ئیدی شیوعییەکان چیڕۆکی سەیرو سەمەرەی پڕ لە تاوانی بۆ دادەتاشن. ئەی بۆ کەس لە تۆمەتبارە سەرەکییەکانی وەکو (ئەرشەد عومەری، عەبدوڵڵا قەساب، عەبدولڕەزاق فەتاح و سەعید عەبدولغەنی) دادگەیی نەکران بە تۆمەتی کوشتنی کرێکارانی گاورباغی؟

محەمەد سەعید میرزا مەجید ئەحمەد قەزاز (1904.1.1/ سلێمانی)، لە ڕۆژی (1959.2.4)، لەلایەن دادگای فازڵ عەباس مەهداوی بە تۆمەتی وەرگرتنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لە چەند عێراقییەک و کوشتنی چەند کەسێک لە ڕاپەڕینەکانی (الحي) لە سەماوە لە ڕۆژی (1956.11.2) کە سێ کەس کوژراو دووانیش سالّی دواتر لە سێدارەدران، هەروەها ڕاپەڕینی بەسرە لە ڕۆژی (1956.11.7)، بڕیاری لە سێدارەدانی دراو پاشان لە ڕۆژی (1959.9.20)، لە سێدارە دراوە. سەعید قەزاز، هیچ پێوەندییەکی بە بڕیاری وەرگرتنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی نەبوو، هەروەها لەکاتی خۆپیشاندانەکەی بەسرە وەزیری ناوخۆ بوو، بەڵام عەمید ڕوکن ئەحمەد سالّح ئەلعەبدی (1912-1968)، فەرماندەی تیپی دووی (بنکە لە دیوانیە) بەرپرسی تەواوی باشووری عێراق بوو کە (بەسرە، دیوانیە/ القادسیة، سەماوە/ المثنی، میسان/ عمارة، ناسریە/ ذیقار و نەجەف)ی دەگرتەوە و سوپا خۆپیشاندانەکانی سەرکوت کرد، بۆیە دەبوایە ئەلعەبدی بەو تۆمەتە دادگایی بکرابایە نەک قەزاز، کەچی ئەلعەبدی لەدوای کۆدەتای تەموز بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (3)ی ڕۆژی (1958.7.14)، لەلایەن کەریم قاسم کرایە سەرۆک ئەرکانی سوپا و تا ڕۆژی کۆدەتای (1963.2.8)ی ڕەشی بەعس لە پۆستەکەی مایەوە.

سەعید قەزاز، لە (1946.9.20-1944.9.17)، پارێزگاری هەولێر بووە.

پارێزگاری کوت (1946.9.22-1948).

پارێزگاری کەرکوک (1948-1949.6.26).

پارێزگاری موسڵ (1949.6.26-1952.12.20).

وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی (1952.12.21-1953.1.29) بووە لە وەزارەتی نورەدین مەحمود.

بەڕێوەبەری دەربەندەکانی عێراق لە بەسرا (1953.9.17-1953.2.2).

وەزیری ناوخۆ لە کابینەی یەکەم و دووەمی محەمەد فازڵ جەمالی (1953.9.17-1954.4.26).

وەزیری ناوخۆ لە کابینەی دووەمی ئەرشەد ئەلعومەری (1954.4.26-1954.8.3).

وەزیری ناوخۆ لە کابینەی دوازدەم و سیازدەمی نوری سەعید (1954.8.3-1955.1.17).

وەزیری ناوخۆ لە کابینەی سیازدەمی نوری سەعید (1955.1.17-1957.6.20).

وەزیری ناوخۆ لە کابینەی چواردەمی نوری سەعید (1957.6.20-1958.5.19).

وەزیری ناوخۆ لە کابینەی کابینەی ئەحمەد موختار بابان (1958.5.19-1958.7.14)؛ سەرچاوە: (زهير كاظم عبود، لمحات عن سعيد قزاز).

سەعید قەزاز، لەسەر بەڵێنی زەعیم عەبدولکەریم قاسم خۆی تەلەفۆن بۆ پارێزگاری بەغدا و بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی

گشتیی دەکات، ئەوانیش ئەفسەرێک و چەند سەربازێک دەنێرن و دەیبەن، کەچی شیوعییەکان لەدوای خۆڕادەست کردنی قەزاز و داواکاری گشتییش (عەقید ماجد محەمەد ئەمین) لە یەکەم ڕۆژی دادگەیی کردنی ناوبراودا باسی ئەوەیان کردبوو، کە ئەو وەکو سەرۆک وەزیران نوری سەعید بە جلوبەرگی ژنانەوە گیرابوو، قەزاز بەتوندی وەڵامی داواکاری گشتی دابۆوەو عەقید مەهداوی تووڕە کردبوو. حزبی شیوعی عێراق، بۆ ڕووپاگەندە کردن لەدژی دوژمنەکانی خۆی سڵ لە هیچ ناکاتەوە، لەنێو کورددا ئەم وتەیە زۆر بڵاوە کاتێک کە یەکێک قسەیەکی لە یەکێکی تر گوێ لێ دەبێت و دڵنیایە کە قسەکە ڕاست نییە، بۆیە بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت: (خۆ ڕووپاگەندەی شیوعییەکان نییە)؟ کە هەمووشمان دەزانین ڕووپاگەندە لە شوێنی درۆ دانراوە. سەعید قەزاز، لە ڕۆژی (1958.11.6)دا دەدرێتە دادگای مەهداوی کە هیچ جیاوازی لەگەڵ دادگەی عەواد بەندەر نەبوو. یەکەم دانیشتن بۆ دادگەیی کردنی سەعید قەزاز لە ڕۆژی (1959.1.24)دا دەستی پێکرد، دوا دانیشتنیش لە ڕۆژی (1959.2.4)، لەلایەن فازڵ عەباس مەهداوی بڕیاری لە سێدارەدانی درا و پاشان لە ڕۆژی (1959.9.20) لە سێدارە درا. بەڵام ئەو وتە ناوداڕەی ئەو لە دادگە کردی و دەنگی دایەوە ئەوەبوو، کە پێش دەرچوونی سزای دادگە ئەو گوتی: (أنا أعرف أنكم ستصدرون حكم الإعدام علي، ولكنني عندما سأصعد المشنقة سأرى تحت قدمي أناسا لا يستحقون الحياة/ من دەزانم کە ئێوە بڕیاری لە سێدارە دانی من دەدەن، بەڵام کاتێک کە دەچمە سەر سێپای سێدارە، کەسانێک لەژێر پێڵاوەکانمدا دەبینم کە

شایەنی ژیان نین)، قەزاز بۆیە دڵنیابوو کە لە سێدارەی دەدەن، چونکە حشع چەندان بەناو شایەدی تەنانەت لە شارەکانی کوردستان-یش بردبووە دادگە کە بەدرۆ شایەدیان لەدژی ئەو دەدا، کە تەنانەت ڤیدیۆیەکی بێدەنگ هەیە کە لەلایەن (صادق فاخر العقابي)، لە ڕۆژی (2016.12.28)، لە کەناڵی یوتوپ دانراوە، ئامادەبوانی ناو هۆڵی دادگە نیشان دەدات، کە بەجلی کوردی و عەرەبییەوە دروشم لەدژی سەعید قەزاز و پشتیوانی دادگە دەڵێنەوە و دەیکەن بە چەپڵە ڕێزان.

سەبارەت بە گرتنی نوری سەعید سااڵح تەها (1958.7.15-1888)، بەگوێرەی بەیاننامەیەکی عەبدولکەریم قاسم فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق، کە لە لاپەڕە (14)ی ژمارە (1)ی (الوقائع العراقية)ی ڕێکەوتی (1958.7.23) بڵاوکراوەتەوە و گوایە بە جلوبەرگی ژنانەوە گیراوە بە دووری دەزانم کە ڕاست بێت، چونکە:

یەکەم: دوو ژن بە ناوەکانی (زەهرە حەیدەر) و (فاتیمە حەیدەر)، یەکەمیان بە پێنج ساڵ و دووەمیشیان بە سێ ساڵ زیندانی سزا دراون لەلایەن ئەنجومەنی نەریتی سەربازی (المجلس العرفي العسكري)، کە دواتر بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (378)ی ڕۆژی (1959.6.1)، لە تەواوکردنی سزاکانیان بەخشراون (بەڵگەکە لە کۆتایی ئەم بەشە دانراوە).

دووەم: دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی نوری سەعید کە ئەو لە ڕۆژی (1958.7.15)، خۆی کوشتووە و هێزێکی سەربازی تەرمەکەی بۆ کەریم قاسم دەبەن، شیوعییەکان دەچنە شوێنی

کوشتنەکەی نوری سەعید لە گەڕەکی باب ئەلشەرقی (باب الشرقي)، پاشان لافیتەیەک بەمشێوەیە دەنووسن: (لێرەدا ئەو کەسە کوژرا کە پێشتر دەیگوت: ئەوانەی دەیانەوێت بمکوژن هێشتا لەدایک نەبووینە)، گەر شیوعییەکان لە شوێنی خۆکوشتنەکەی نوری سەعید بوونایە دەستبەجێ تەرمەکەیان بەدوای ئۆتۆمۆبێل ڕادەکێشا وەکو ئەوەی کە بەرانبەر بە تەرمی عەبدولئیلا عەلی حوسێن هاشمی (1913.11.14-1958.7.14)، کردیان.

سێیەم: شیوعییەکان دوای کوژرانی نوری سەعید بە چەند ڕۆژێک ئینجا زانیویانە کە تەرمی ناوبراو لە سەربازگەی ئەبوغرێب شاردراوەتەوە، تەرمەکە دەردەهێنن و بەشێوەی داهێنانی خۆیان بەدوای ئۆتۆمۆبێل ڕایدەکێشن بۆ شەقامی ڕەشید و پاشان لە حەیدەرخانە تەرمەکەی بە پارچە پارچەکراوی دەسوتێنن!

سەعید قەزاز، گەر وەزیری ڕژێمێکی بۆگەنیش بووبێت، بەڵام وەکو حزبی شیوعی نەبووە جاش و کەواسووری بەر لەشکری عێراقی عروبە و هەشتاو دوو پێشمەرگە و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدیل بگرێت و ڕادەستی بەعسیان بکات و ئەوانیش لە موسڵ لە سێدارەیان بدەن، یان وەکو شیوعییەکان ببێتە جاشی حزبی بەعس و بەدەیان چەکداری خۆی لە شەڕەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەکوشت بدات، یان لێیان بکوژێت؟

بەشی دووەم:

جەلال دەباغ: (لە ساڵی 1957دا ئەو هێزە نیشتمانی و نەتەوەییانە: حزبەکەی کامل چادرچی، حزبی وەتەنی دیموکراتی، حزبی ئیستقلال و حزبی بەعس کە تازە دامەزرابوو، هەڵوێستیان دژ بە ڕژێم و ئیستیعمار بوو. حزبی ئێمەو پارتی زۆر خاڵی هاوبەشمان هەبوو لەگەڵیانا، ئەوەبوو ئێمە بەرەکەمان دروستکرد، ئەوان قایل نەبوون بۆ پارتی، بەعسی و قەوماییەکان پێیان وابوو، ئەمانە کوردن و ئەمان عەرەبن، ئەمانە واتە کوردەکان جیاوازخواز و ئینفسالێین، قبوڵیان نەکرد پارتی بێتە نێو بەرەکەوە. ئێمەش تەحەدای ئەوەمان کرد و لەگەڵ حزبی دیموکراتا هاوپەیمانییەکی دووقۆڵی ڕێکخرا، لەگەڵ ئەمانیشا بەرەکە مۆرکرا).

ئەوەی جەلال دەباغ باسی دەکات هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە:

خاڵی یەکەم: حشع هۆکاری ئەوەبوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرە وەرنەگیرێت[18]. یاداشتێکی نووسینگەی هەمیشەیی دەستەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی یەکگرتوو لە کوردستان، کە بە مێژووی (1958.10.18)، بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق، بە بەڵگەی ژمارە (33) هەیە (دەقی یاداشتەکە لە کۆتایی ئەم بەشە دانراوە)، کە لە یاداشتەکەدا پارتی هۆکاری وەرنەگرتنی خۆی لە (بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی عێراقی/ جبهة الإتحاد الوطني العراقي) بۆ حشع دەگەڕێنێتەوە کە ئەوان هانی پارتە نەتەوەپەرستە عەرەبەکانیان داوە بۆ ئەوەی

[18]- مسعود البارزانی، البارزاني والحركة التحررية الكوردية، الكورد وثورة 14 تموز 1958/ 14 تموز 1958 - 11 أيلول 1961)، ل (252-255).

پارتی لەم بەرەیەدا وەرنەگیرێت، هەروەها مەسعود بارزانی خۆیشی لە لاپەڕە (22)ی هەمان سەرچاوە، بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ و بەشداری پێ نەکردنی پارتی لەم بەرەیەدا دەگەڕێنێتەوە بۆ حزبی بەعسی عەرەبی عەفلەقی و حزبی شیوعی عێراق.

خاڵی دووەم: ڕاپۆرتێکی مام جەلال کە لە ناوەڕاستی ساڵی (1959) بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان-ی ناردووە سەبارەت بە ڕەفتاری ناحەزانەی سەران، بەرپرسان و ئەندامانی حشع بەرانبەر بە کورد، کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی ئەم پارتە، دەیسەلمێنێت کە ڕەفتارەکان زیاتر لە ڕەفتاری پارتێکی عەرەبی شۆڤینیستی ڕق هەڵگر بەرانبەر بە کورد و کوردستان دەچێت، نەک پارتێکی کۆمۆنیست و ئینتەرناسیۆنالیزم (دەقی ڕاپۆرتەکە لە کۆتایی ئەو بەشە دانراوە).

سێیەم: چونکە کێشە لەنێوان باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵا هەبوو، هەروەها مەلا مستەفا بارزانی بە ڕێککەوتنەکەی هەمزە عەبدوڵڵا و حزبی شیوعی قایل نەبوو، هەر بۆیەش هەمزەی لە پارتی دەرکرد کە بەبێ وەرگرتنی بۆچوونی ئەو ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ شیوعی مۆرکردبوو! کاتێک کە برایم ئەحمەد، مەلا مستەفای بارزانی و سەرکردایەتی پارتی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی هەمزە عەبدوڵڵا و حشع لەلایەک و ئەوەی حزبی شیوعی لەگەڵ حزبە عێراقییەکان دەخوێننەوە، دەبینن دوو ڕێککەوتننامەی لەلایەک سازشکارانەی پارتییە بۆ حزبی شیوعی و لەلاکەی تریش هی شیوعییەکان بۆ نەتەوەپەرستانی عەرەب، بۆیە ڕێککەوتنەکەی

هەمزە و حزبی شیوعی هەڵدەوەشێننەوە و بارزانی هەمزە دەردەکات. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێککەوتنەکەی شیوعی و نەتەوەپەرستانی عەرەب، ڕێککەوتنی هەمزە عەبدوڵڵا و حزبی شیوعی عێراق، دواتریش دەرکردنی هەمزە لەلایەن مستەفا بارزانی[19]. دەقی ڕەشنووسی پڕۆژەی پەیماننامەی بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی عێراقی (الحزب الشيوعي العراقي، حزب الوطني الديمقراطي، حزب البعث العربي الإشتراكي، حزب الإستقلال و حزب الديمقراطي الكوردستاني)، بە مێژووی (1958.11.20)، لەلایەن مەکتەبی سیاسیی حشع هەیە، کە پێشتر مەکتەبی سیاسیی حشع لە ڕۆژی (1958.9.24)، هەمان ڕەشنووسی بڵاوکردۆتەوە، تا ئەندامانی حزبی ناوبراو گفتوگۆو توێژینەوەی لەسەر بکەن[20]، لە پڕۆژەکەی (1958.11.20)ی حزبی شیوعی هاتووە: (**خاڵی یەکەم:** سزادانی ئەوانەی پیلانگێڕی لەدژی ئاشتی نیشتمانیی و عروبەی عێراق دەگێڕن، بە تووندترین سزا (کە بە ئاشکەرا مەبەستیان لە کوردە). **خاڵی سێیەم:** عێراق بەشێکی دانەبڕاوە لە نیشتمانی گەورەی عەرەب)، هەروەها لە پڕۆژەکەی (1958.9.24) داهاتووە: (**بەندی یەکەم:** جەخت کردنەوە لە عروبەی عێراق (کە مەکتەبی سیاسیی حشع ئەمەی بە لایەنێکی ئەرێنی پەیماننامەکە داناوە). **بەندی دووەم:** دیارە کە پەیماننامەکە هیچ شتێکی لە دەستووری کاتی نەگواستۆتەوە سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەڵکو جەختی لەوە کردۆتەوە کە هەوڵی جێبەجێکردنی دەستوور دەدات.

[19]- عبدالفتاح بوتانی، موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية (1946-1970)، ص (177، 178،179).

[20]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی (١٧٤ و ١٧٥).

ئەم هەنگاوە پێشکەوتنخوازە مەزنە کوتەکێکە بۆ بیری شۆڤینی لە بزووتنەوەی عەرەبی، بیری جیاخوازی و دابڕاوی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی). بەپێی پڕۆژەی پێشنیازکراوی حشع بۆ پێکهێنانی پەیماننامەی بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی عێراقی، هیچ جیاوازییەک نابینم لەنێوان بۆچوونی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، پارتە ئیسلامی و نەتەوەییە شۆڤینیست و ڕەگەزپەرستەکانی عروبەی عێراقی و حزبی شیوعی عێراق، کە هەموویان کۆکن لەسەر دژایەتی کردنی مافی نەتەوایەتی کورد لە باشووری کوردستانی داگیرکراودا! حزبی شیوعی عێراق، ئەگەر حزبێکی ئینتەرناسیۆنالیزمی، مارکسی و کۆمۆنیستە بۆ باسی عروبەی عێراق دەکات؟ بۆ دەبێت دژی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان و کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی باشووری کوردستان بێت؟ بۆ دەبێت حشع هاوشێوەی شۆڤینیزمی عەرەبی ڕێگری لە گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە زەوتکراوەکانی خۆیی و مافی چارەی خۆنووسین بکات، کە بەگوێرەی پرەنسیپەکانی ڕێبازی مارکسیزم – کۆمۆنیزمە؟ ئەوە نییە لینین دەڵێت: (ئێمە دەزانین، دەبینین و ڕۆژانە هەستی پێدەکەین، کە نکۆڵیکردنی مافی نەتەوە ژێردەستەکان لە جوودا بوونەوەدا، کڵاوبازییەکی بێسنوورە و خزمەتی ڕاستینەی شۆڤینییەکانی نەتەوە چەوسێنەرەکەیە[21].

[21]- دکتۆر سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، حزبی شیوعیی عێراق و مەسەلەی کورد (1934-1975)، ل98. کە لە لاپەڕەی (290)ی [حق الأمم في تقرير مصيرها، دار إبن الوليد، دمشق، بدون سنة الطبع]، وەرگیراوە.

سەرەڕای ئەمانەش، لە ڕۆژی (1958.11.10)دا، 'پەیماننامەی پشتیوانی' لەنێوان کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمیتەی ناوەندی حشع مۆرکرا، کە شەش خاڵ لەخۆ دەگرێت.

خاڵی سێیەم: دانپێدانان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کورد.

خاڵی چوارەم: کوردستانی عێراق هەرێمێکە و دەبێ لەلایەن کوردەوە بەڕێوەببرێت، بەڵام مەکتەبی سیاسیی حشع سوور بوو لەسەر سڕینەوەی (مافی بڕیاردانی چارەنووس) و (هەرێمی کوردستانی عێراق)، هەمزە عەبدوڵڵا کە دوای لادانی ئیبراهیم ئەحمەد لەلایەن مەلا مستەفا بارزانی کرایە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەکاتێکدا کە هەمزە لەژێرەوە شیوعی بوو، لە ڕۆژی (1959.6.28)، دوو مەرجەکەی حزبی شیوعی پەسەند کرد و پەیماننامەی پشتیوانی لەگەڵ حشع مۆرکرد. ئەمەش بووە هۆکاری توڕەبوونی مستەفا بارزانی و دووبارە دەرکردنی هەمزە عەبدوڵڵا و دانانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان[22]. حزبی شیوعی، کە لە پەیماننامەی نێوان خۆیی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا قایل نەبێت (مافی بڕیاردانی چارەنووسی کورد) و (هەرێمی کوردستانی عێراق) بنووسرێت، چۆن لە دەستووری عێراق، یان بەرەیەکی عێراقی ڕێ دەدات یان پشتیوانی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی کورد دەکات. مەسعود بارزانی، پێیوایە کە

[22]- عبدالفتاح البوتاني، (موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية 1946-1970)، ص98-100).

ڕاستە هەمزە و هاوڕێکانی لەنێو پارتیدا بەتەواوی ببوونە لایەنگری حزبی شیوعی، گەر ئەم دۆخە بەمشێوەیە بەردەوام بوایە، پارتی بەدڵنیایی سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدا و دەبووە لقێکی سەر بە حزبی شیوعی، ئەوان تۆمەتی ڕاستڕەوی و وابەستەیی بۆرژوازی عەرەبیان وە پاڵ باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دەدا، لەکاتێکدا کە خۆیان باڵێکی ڕاستڕەوی شۆڤینیستی عەرەبیان لەنێو کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی هەبووە، هەروەکو دکتۆر عیسام عەزیز شەریف، لە لاپەڕە (78)ی (مذکرات عزیز شریف)، سەبارەت بە چەک هەڵگرتنی حشع بۆ حکومەتی بەعس لەدژی شۆڕشی کوردستان لەسەر زاری عەزیز شەریفی باوکی هۆکاری قایلبوون بە خۆچەکردارکردن بە چەکی حزبی بەعس دەگەڕێنێتەوە بۆ هاندانی باڵی ڕاستڕەوی نێو حزبی شیوعی عێراق، عەزیز شەریف وا باسی دەکات کە پێوەندی ئەم باڵە بە سەرکردایەتی بەعس ناسراوە، بەڵام ئەو نایەوێت قوڵ بێتەوە لە کەسایەتی ئەم باڵە و پێوەندییەکانیان. هەروەها عەزیز شەریف پێیوایە خۆچەکدارکردن بە چەکی دەسەڵات، بووە هۆی ئەوەی هەڵەی دووەم ڕووبدات و حشع لە شەڕێکی سنووردار لەدژی هێزەکانی بزووتنەوەی کوردی لە هاوینی 1973 بەشداری بکات، پاشان هەڵەیەکی گەورەتر کە حزبی شیوعی عێراقی هاتە نێو جەنگی پێنجەمی دژ بە بزووتنەوەی کورد لە ساڵانی (1974-1975)، شانبەشانی پارتی بەعس. دکتۆر عیسام لەسەر زاری عەزیز شەریف، لە لاپەڕە (79)ی هەمان سەرچاوە باسی دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حشع دەکات کە سەر بە باڵی

ڕاستڕەوی ئەو حزبەن، ناویان ناهێنێت، بەڵام ئاماژە بەوە دەدات کە هەردووکیان ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری عێراقی بووینە. ئەو دوو نوێنەرەی حشع کە عەزیز شەریف باسیان دەکات و ناویان نابات، عامر عەبدوڵڵا و نەزیهە دلێمی بووینە، چونکە ئەوان هەردووکیان ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری عێراقی بووینە.

بەگوێرەی قسەکانی مەسعود بارزانی، سەرەتا مەلا مستەفا هەڵوێستێکی بێلایەنانەی هەبووە و هەوڵی داوە کێشەکانی نێوان هەردوو باڵەکە بە ئاشتی چارەسەر بکات، زۆر ڕێی تاقیکردەوە بەڵام باڵی هەمزە سووربوون لەسەر ڕێبازی خۆیان. لەلایەکی دیکەشەوە بەشێک لە سەرکردە کوردەکانی حشع بەشێوەیەکی ئاشکرا لە ڕێی هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێکانیەوە دەستیان لە کاروباری ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان وەردەدا، دەستوەردان گەیشتنە ڕادەیەک کە نەتوانرێت بەرگەی بگیرێت. باڵەکەی هەمزە عەبدوڵڵا لەنێو پارتیدا زاڵبوون، ئەو زاڵبوونەیان خراپ بەکارهێنا لەدژی بەرهەڵستکارەکانیان و دەستیان کرد بە دەرکردن و سڕکردنیان لەنێویاندا ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی. مسعود بارزانی، سەبارەت بە دەرکردنی هەمزە عەبدوڵڵا و لایەنگرەکانی، باسی ئەوە دەکات کە دوای ئەوەی کێشەی باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵا دەگاتە ڕادەی لێکترازان و جیابوونەوە، کێشەکان تەنیا لەنێو کۆمیتەی ناوەندی پارتی نەبوو بەڵکو بۆ ناو بنکەکان و شانەکانی خوارەوەش شۆڕببوونەوە، بۆیە بارزانی بڕیاری دانانی سنووردێک دەدات بۆ ئەو دۆخە ناهەمواوە و

له کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی له ڕۆژی (1959.6.30)، بڕیاری سڕکردنی (هەمزە عەبدوڵڵا، خەسرەو تۆفیق، نەژاد ئەحمەد، سالّح ڕوشدی، حەمید عوسمان و سالّح حەیدەری) دەدات، ڕۆژی دواتر مستەفا بارزانی دەستەیەک پێشمەرگە و پاسەوانی خۆی دەنێرێتە بارەگا و تەواوی ئەوانەی سەر بە بالّی هەمزە عەبدوڵڵا بوون، دەردەکەن. پارتی و بارزانی زۆر هەوڵیان دا هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێکانی له کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ئامادەبن، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە. هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێکانی بەتەواوی بەرەو وابەستەیی حزبی شیوعی دەڕۆیشتن، له سەرەتای سالّی (1959)، گەر وەکو ئەوەی هەمزە و هاوڕێکانی دەیانویست بەردەوام بوایە، ئیدی پارتی دیموکراتی کوردستان سەربەخۆیی لەدەست دەدا و دەبووە لقێکی حزبی شیوعی. ڕاستە کە مستەفا بارزانی ڕاستەوخۆ گرفتەکەی له بەرژەوەندی سەربەخۆیی پارتی یەکلاکردەوە و شکۆی بۆ پارتی گەڕاندەوە، بەڵام ئەو شێوازەی ناکۆکییەکانی پێ چارەسەرکرا، شێوازێکی گونجاو نەبوو، بەڵکو توند بوو. ڕاستییەکەی له بەرژەوەندی پارتیدا بوو، کە کێشەکانی نێوان ئەو دوو باڵە بەشێوەیەکی نەرمتر و ڕێکتر چارەسەر بکرابایە، بۆ نموونە چاوەڕێی بەستنی کۆنگرەی چوارەم بکرابایە، کە بڕیاردرابوو له سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری سالّی (1959) ببەستریّت، یان پێش بخرابایە[23].

[23]- مسعود بارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكوردية الكورد وثورة 14 تموز 1958/ 14 تموز 1958 - 11 أيلول 1961، الجزء الثاني، ص(64-65).

بۆ دەبێ جەلال دەباغ ئەوەندە شانازی بە بەستنی بەرەیەک بکات، کە هیچ دەستکەوتێکی بۆ کورد تیادا نەبووە، حشع لە بەرەی حزبی بەعس و خۆی لە ڕۆژی (1973.7.17)دا زەرەرمەند بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر زیاتر. خاڵی یەکەمی بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی (جبهة ألإتحاد الوطني)[24]، تا سەر ئێسقان دژ بە کوردو کوردستانە و خاڵی دووەمیش هەرگیز هەنگاوی بۆ نەنرا. مەسعود بارزانی[25] باسی ململانێی نێوان لایەنەکانی بەرەی ناوبراو دەکات و دەڵێت لە پێنج مانگی یەکەمی دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی عێراق لەلایەن کەریم قاسم لە ڕۆژی (1958.7.14)، پارتەکانی نێو ئەو بەرەیە توانیان بەرەکە بپارێزن و بۆ پاراستنی کۆماری قاسم لە مەترسییەکانی دەرەوەو ناوەوە کار بکەن، بەڵام دوای سەرهەڵدانی ململانێی نێوان کەریم قاسم و سەلام عارف لەسەر یەکگرتنی عێراق لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، بەرەکە لە ڕووی کردارەوە هەرەسی هێنابوو. جیاوازییەکانی نێوان پارتەکانی سەر بەو بەرەیە بچووک بوون، پارتەکان هەوڵیان دا بەرەکە دووبارە زیندوو بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر پارتە و پڕۆژەیەکی پێشکەش کرد بۆ گفتوگۆکردن، ئەوەبوو لە تشرینی یەکەمی ساڵی (1958)، گەیشتنە پەیماننامەیەک، کە ئەم پێنج پارتە مۆریان کرد: (پارتی نیشتمانیی دیموکراتی، پارتی سەربەخۆ، پارتی بەعس، شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان). بەڵێننامەکە ئەم خاڵانەی دەگرتە خۆ:

[24]- مسعود البارزانی، البارزاني والحركة التحررية الكوردية، الكورد وثورة 14 تموز 1958، الجزء الثاني، صفحات (59-60).
[25]- هەمان سەرچاوە.

1. عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و هەوڵدەدات بۆ بەستنی باشترین پەیوەندی لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لەپێناوی یەکگرتن.

2. بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی هەوڵدەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لە دەستووری کاتی ڕۆژی (1958.7.27)، سەبارەت بە مافە نەتەویەتییەکانی گەلی کورد هاتووە.

3. پێویستی گرتنەبەری سیاسەتێکی نیشتمانیی لەلایەن حکومەت و بەدیهێنانی داواکارییەکان گەل لە ڕزگاربوونی سیاسیی و ئابووری لە ئیمپریالیزم.

4. لە بەڵێننامەکەدا جەخت لە پاڵپشتی شۆڕش و کۆمار کرایەوە، کە پێویستی دامەزراندنی ژیانێکی تەندروستی دیموکراسی دابین بکرێت، کە مافی کاری سیاسیی بەئاشکرا بداتە پارتە سیاسییەکان.

جەلال دەباغ: (ئەو دەمە کەسێکی نیشتمانپەروەری پێشکەتنخواز سکرتێری پارتی بوو، کە هەمزە عەبدوڵڵا بوو. وە بۆ ئاگاداریت و بە بەرپرسێتییەوە دەیڵێم هەمزە عەبدوڵڵا هەتا مرد کۆمۆنیست بوو. بەزۆری چەک لایانبرد. پارتی ئەوکاتە حزبێکی نیشتمانپەروەر بوو، چەپ بوو، تەیاری چەپی تیابوو، تەیاری سۆسیالیستی تیابوو، هەمزە عەبدوڵڵا پیاوێکی نیشتمانپەروەر بوو، ئەوکاتەی کە سکرتێری پارتی بوو، بەداخەوە لەدوای چواردەی تەممووز بەزۆر هەمزەیان دەرکرد و لایانبرد، کەسێکی تریان لە جێگەی ئەودانا کە ئیبراهیم ئەحمەد بوو. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەداخەوە هەڵوێستی بەو جۆرە نەبوو، دەبوایە هاوپەیمانی حزبی شیوعی بێت، بەڵام ئەو وانەبوو. بەڵێ هەمزە عەبدوڵڵا ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی بوو، بیرەوەرییەکانی

کەوتە لای هاوڕێ کەریم ئەحمەد، نازانم چی لێهات وتم بەدوایدا بگەڕێین و پیاو بیدۆزێتەوە و چاپی بکات).

سەرەتا وەڵامی ئەوە دەدەمەوە کە جەلال دەباغ لە باسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەڵێ: (پارتی ئەوکاتە حزبێکی نیشتمانپەروەر بوو، چەپ بوو، تەیاری چەپی تیابوو، تەیاری سۆسیالیستی تیابوو)، گەر وابوو، ئەی بۆ هەر ئەو سەردەمە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن حشع بە پارتی ئەمریکی، ئاغا و دەرەبەگ ناودەهێنرا؟ جەلال دەباغ وادەڵێت، کەچی سەلام عادلی سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی عێراق، لە لاپەڕەکانی (339-389)ی (سلام عادل سیرة مناضل 1)، کە سەمینە ناجی یوسف و نزار خالد، نامیلکەی (رد علی مفاهیم برجوازیة قومیة وتصفویة)یان لەم پەرتووکە داناوە، بە پێچەوانەی جەلال دەباغ دەیان جار پارتی دیموکراتی کوردستان بە پارتێکی نەتەوەیی بۆرژوازی دژ بە مارکسیزم، لینینیزم و کۆمۆنیزم ناودەبات، واتە بە چەپی نازانێت، کە دڵنیامە تا ئێستاکەش جەلال دەباغ و زۆربەی کوردە شیوعییەکانی نێو حشع لەگەڵ ناوەڕۆکی نامیلکەکەی سەلام عادل هاوڕان و بە هیچ شێوەیەک ناکۆک نین، کە ئەو تەنانەت دژی ناوهێنانی نەوتی کەرکوک-ە بە نەوتی کورد، خۆ گەر بێینە سەر کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکە بەدڵنیاییەوە هەروەکو چۆن دژی ئەوە بوو کە نەوتی کەرکوک بە نەوتی کورد ناوبهێنرێت، بە هەمان شێوەش دژی ناوهێنانی کەرکوک-یش دەوەستایەوە بە شارێکی کوردی و کوردستانی، چونکە بەر لە سەلام عادل-یش حشع دژی کوردێتی و کوردستانێتیی شاری

کەرکوک بووە، یەهودا ئیبراهیم صدیق[26] (1920-1949.2.15)، کە لە ڕۆژی (1948.10.18) گیرابوو، لە دانپێدانانی خۆی بۆ پۆلیس، باسی ئەوەی کردووە کە گرنگترین هۆکار بۆ جیاوازی نێوان حشع و پارتی ڕزگاری کورد، ئەوەیە، ڕزگاری داوای جیابوونەوەی کوردستانی عێراق لە عێراق دەکات، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابمەزرێنن و خانەقین و کەرکوک بخرێنە سەر کوردستان، بەڵام حشع بڕیاری لەسەر نەداوە و بە زیانی دەزانێت بۆ بەرژەوەندی عێراق. یەهودا ئیبراهیم، کاتێک کە ناوی پارتی ڕزگاری دەهێنێ بە پارتەکەی هەمزە عەبدوڵڵا ناودێری دەکات، بۆیە پێموایە مەبەستی لە پارتی دیموکراتی کورد بێت، کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان). بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی سەرانی حشع هاوشێوەی عەرەبە نەتەوەپەرستەکان، ئیسلامییەکان و بەعسییە شۆڤینییەکان باوەڕیان بە کوردبوون و کوردستانێتیی شاری کەرکوک نەبووە، گەر بە ئاشکراش دەریان نەبڕیبێت، بەنهێنی دژی بوونە، گەر خۆیشیان دەسەڵاتی عێراقیان بگرتبایە دەست لە کەریم قاسم و سەدام حوسێن خراپتر دەبوون.

هەمزە عەبدوڵڵا سیاسەتی حزبی شیوعی عێراقی لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستان پیادە دەکرد، ئەو بەردەوام بوو لەسەر ڕێبازی هەڵەی خۆی، لەلایەکی تریشەوە هەندێک لە سەرکردەکانی حشع بەتایبەت کوردەکان بە ئاشکرا لە ڕێی هەمزە عەبدوڵڵاوە، دەستیان لە کاروباری پارتی دیموکراتی کوردستان وەردەدا، تا

[26]- يهودا ابراهيم صديق، موسوعة خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري، ص 18.

گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە چیتر نەتوانرێت بەرگەی ئەو دەستتێوەردانانە بگیرێت. باڵی هەمزە عەبدوڵڵا باڵادەست بوو، باڵادەستی خۆی بۆ دەرکردن و سڕکردنی ژمارەیەک لە بەرهەڵستکارانیان، لەوانە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بەکارهێنا[27]. لێرەدا دەردەکەوێیت کە بۆچی جەلال دەباغ ئەوەندە بە لادانی هەمزە عەبدوڵڵا قەڵس و بەداخە. شیوعیەکانی ناو پارتی کەمینە بوون و بریتی بوون لە (هەمزە عەبدوڵڵا، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تۆفیق، حەمید عوسمان و سالح حەیدەری)، واتە پێنج ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەڵام باڵەکەی دیکە، واتە ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێکانی ژمارەیان دە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووە و و زۆرینە بووینە، کەچی لە سەرەتا مەلا مستەفا بەزۆر هەمزە و هاوڕێکانی سەپاندبوو، کە ئەوان لە ڕێی ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕیکلامیان بۆ حشع دەکرد و بیروباوەڕی ئەویان بڵاودەکردەوە و هەمزە عەبدوڵڵا دەینووسی: (دەبێ لە کوردستان هەرچی کرێکار و جوتیار هەیە بچنە ناو حزبی شیوعی عێراقەوە، سەرمایەداری نیشتمانییەروەر و بۆرژوازیش بێنە ناو پارتیەوە[28]، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێکانی کە زۆرینە بوون، دژی ئەو بۆچوونە بووینە و لەگەڵ ئەوەدا بووینە کە پارتی بکرێتە پارتی پێشڕەوی چینی کرێکار، جوتیار و ڕەنجدەرانی کوردستان. پێشتر باسی کێشەی باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە

[27]- مسعود البارزانی، البارزاني والحركة التحررية الكوردية وثورة 14 تموز 1958/ 14 تموز 1958 - 11 أيلول 1961)، الجزء الثاني، ص64.

[28]- سەڵاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، ل (146-148).

عەبدوڵڵا کرا، ئاماژەم بە کارکردنی هەمزە بۆ حزبی شیوعی و دەستوەردانی حشع لە ڕێی هەمزە عەبدوڵڵاو هاوڕێکانی و دەرکردنی باڵی هەمزەم دابوو، بۆیە لێرەدا دووپاتی ناکەمەوە.

ڕاستییەکەی چۆن دەبێت هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بێت و لەژێرەوەش ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی بێت و بۆ ئەوان کار بکات؟ بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی هەر پارتێکی جیهان و بەتایبەت ئەوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامی ئەو کارە قێزەوەنەی هەمزە عەبدوڵڵا دەچێتە خانەی سیخوڕێتی و ناپاکی کردن لە پارتی و نەتەوەی کورد. جەلال دەباغ و ئەندامانی حشع دەبێت سپاسگوزاری پارتی و مەلا مستەفا بن کە لە پای سیخوڕێتی و ناپاکی، هەمزە عەبدوڵڵایان گوللەباران نەکردووە و تەنیا دەریکردووە! ئایە دەباغ و هاوئاوەزەکانی هەمان بۆچوون، ژان و بەداخەوەیان دەبوو گەر پرسەکە پێچەوانە بوایە و سکرتێری حزبی شیوعی عێراق لەژێرەوە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوایە، یان داوای دادگاییکردن و دەرکردنیان دەکرد، گەر داوای گوللەباران کردنیان نەکردبایە؟

دەباغ: (نەخێر ویستومانە پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکی دیموکراتی، پێشکەوتنخوازی هاوپەیمانی حزبی شیوعی بێ بۆ ئامانجە هاوبەشەکان، قەت نەمانویستووە قوتی بدەین و پارتی پارووبەک بێ).

ئایا حشع خۆی حزبێکی دیموکراتی و پێشکەوتنخواز بووە، تا داوا لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن و ئاواتی ئەوە بخوازن کە ئەوان دیموکراتی و پێشکەوتنخواز بن؟ دواتر حابێکی لادەری

وەکو حشع خەریکی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆکانی حزبەکەی بوایە و هەوڵی گەڕانەوەی خۆی بدایە بۆ سەر ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم، باشتر بوو لەوەی کات بە ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکوژێت. ئەوەی جەلال دەباغ دەیڵێت زۆر لە ڕاستیەوە دوورە، کە حشع هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندن و ڕاگەیاندنی هەر پارتێکی نەتەوەیی کوردی و کۆمۆنیستی کوردستانی بۆ نموونە: پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق و بگرە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (1970.6.10)، دژایەتی خۆی بەرانبەریان دەربڕیوە و هەردەم لە وەڵامدا گوتویانە: (لە هەردوو دۆخدا، گەر ئێوە پارتێکی دیموکراتین و هەوڵی بەدیهێنانی دەستکەوتە دیموکراتییەکان دەدەن، ئەوە ئێمە دیموکراتین و داوای مافە ڕەواکانی کوردیش دەکەین، گەر مارکسیشن، ئەوە ئێمە کۆمۆنیست و مارکسین، بۆیە هەر کامێکیان بن پێویستە خۆتان هەڵوەشێننەوە و بێنە ناو حزبی شیوعی عێراق)! حزبی شیوعی عێراق، لە ساڵی (1957)، کاتێک کە سەلام عادل سکرتێری یەکەمی حشع بوو، هەر خۆیشی نامیلکەی (رد على مفاهيم برجوازية قومية وتصفوية)ی بە گیانێکی ڕقاوی شۆڤینیزمانە نووسیوە، ئەم نامیلکەیە لەلایەن سەمینە ناجی یوسف و نزار خالد، لە لایەڕەکانی (339-389)ی (سلام عادل سيرة مناضل 1)، نووسراوەتەوە، لە لایەڕەکانی (345-346)، دەپرسێ گەر پارتییەکان بەڕاستی هەڵگری ڕێبازی مارکسیزم – لینینیزم، واتە تەنیا کۆمۆنیستن، گەر بیانەوێت خۆیان لە لەتبوونێکی هەڵپەرستانە بەدوور بگرن، نابێت ئەوان پارتی دابمەزرێنن، بەڵکو

دەبێ هەوڵبدەن بچنە نێو حزبی شیوعی عێراقەوە، بەڵام گەر پارتی لەدوای دامەزراندنەوە پێشکەوتووە بە وەرگرتنی تیۆری مارکسیزم – لینینیزم، ئێستاش هەر وایە، گەر نایەوێت ناپاکی لە دۆزی چینی کرێکار و گەل بکات بە لەتکردنی بزووتنەوەکەیان، پێویستە واز لە درێژەدان بە هەڵەکانی هێشتنەوەی ڕێکخراوە سەربەخۆکەی بهێنێت لە دەرەوەی حزبی شیوعی، واتە پارتی خۆی هەڵوەشێنێتەوە و بچێتە نێو حزبی شیوعی عێراق، بە بیانوی ئەوەی کە گوایە نوێنەری پرۆلیتاریای عێراق و باشووری کوردستان لە حزبی شیوعی دا کۆبوونەتەوە و ناکرێت دوو حزبی شیوعی لە عێراقدا هەبن، چونکە پرۆلیتاریای عێراق بە کوردستانیشەوە یەک چینە، یەک بەرژەوەندی و یەک ئامانجیان هەیە، ئەم پرۆلیتاریایە یەک ڕێکخراوی هەیە، ئەویش حزبی شیوعی خۆیەتی! گەر حزبی شیوعی عێراقی خۆ بە ئاغازان بەڕاستی وەکو ئەوەی جەلال دەباغ باسی دەکات کە گوایە (حزبی شیوعی ویستویەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبێکی دیموکراتی، پێشکەوتنخوازی هاوپەیمانی حزبی شیوعی بێ بۆ ئامانجە هاوبەشەکان)، حزبی شیوعی گەر باوەڕی بە مافی ڕەوای گەلی کوردستان هەبووە، ئەی بۆ سەلام عادل مافی ئەوە نادات پارتی دیموکراتی کوردستان قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیی بگرێتە ئەستۆی خۆی بۆ ئەوەی کورد لەژێر دەستی داگیرکەری عێراقی ڕزگار بکات؟ باشە بۆ ئەو تۆمەتانە وە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن، قسەی ساردیان پێ دەڵێن و ڕەفتاری نامرۆڤانەیان لەدژدا دەکەن، وەکو: (حزبی ئەمریکی، دۆلار وەرگر لە ئەمریکا، بڕوخێ کورد و

کوردستان، مردن بۆ کورد و کوردستان، خەڵک ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل (السحل)، پارتیەکەمان پارتی سەگە پارتی ئاغاو دەرەبەگە، پارتیەکەمان پاتری جافە حزبی ناسر و شەوافە، حکومەتی عێراق بە دانانی بەندی سێ لە دەستووری عێراق هەڵەی کردووە[29]. ڕاپۆرتی مام جەلال لە ناوەڕاستی ساڵی (1959) بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان نووسراوە (دەقی ڕاپۆرتەکە لە کۆتایی ئەم بەشە دانراوە). گەر دەباغ و حشع ڕاست دەکەن، ئەی بۆ ڕۆژنامەی (ألإتحاد الشعب)ی ئۆرگانی حزبی شیوعی عێراق، لە ژمارەی ڕۆژی (1959.3.11) هێرشی زۆر بێویژدانانەی توندی دەکردە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی و نەتەوەیی کوردستان کە ئەوکاتە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی دەکردو بە (بزووتنەوەی پیاوکوژەکان، چڵکاوخۆرەکانی خان، دەرەبەگەکان و بەکرێگیراوانی پەیمانی سنتۆ و ئەمریکا، ناوی دەبردن، کە گوایە بە هاوکاری ئەمریکا دەیانەوێت، دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنن[30]. ئەی باشە ئەو عەرەبە شۆڤینیستانەی سەر بە حشع کە ڕۆژنامەی (ألإتحاد الشعب)یان بەڕێوەدەبرد، دەبێ چ جیاوازییەکیان لەگەڵ عروبی و ڕەگەزپەرستەکانی حزبەکانی (بەعس، ئیستیقلال و ئەلئەحرار) هەبوو بێت؟ پەیمانی بەغدا، لە ڕۆژی (1955.2.24)، لە بەغدا لەنێوان عێراق و بەریتانیا بەسترا دواتریش چوار دوژمنەکەی کورد

[29]- مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكوردية الكورد وثورة 14 تموز 1958/ 14 تموز 1958 - 11 أيلول 1961، الجزء الثاني، ص (256-264).

[30]- عیرفان قانعی فەرد، دوای شەست ساڵ ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی، بەرگی یەکەم 1933-1966، ل (605).

(ئێران، تورکیا، پاکستان و ئەمریکا) بەشدار بوون، کە بۆ وەستاندنی پەرەسەندنی بیری کۆمۆنیزم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و گەلەکۆمەکێ لەدژی کورد دامەزرا، کە دواتر ناوەکەی بۆ سەنتۆ گۆڕا، عەونی تۆفیق عەبدولقادر خالیدی (1912–1985)، لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ڕۆژی ڕوخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە (1958.7.14) ئەمینداری گشتیی پەیمانی بەغدا بووە، بەڵام شیوعییەکان دوای چوارەی تەموز هیچیان لەدژی عەونی تۆفیق نەکرد، کەچی سەعید قەزازی کوردیان لە سێدارە درا، لەکاتێکدا ئەو عەشایەری کوردی هاندەدا بچن حەویجە و دەوروبەری ئاوەدان بکەنەوە چونکە حکومەت نیازی هێنانی عەرەبی کۆچەری هەیە و بەمەش ڕێژەی عەرەب لە پارێزگای کەرکوک زیاد دەکات و دەبێتە مەترسی و هەڕەشە بۆ دواڕۆژی ئەم شارە کوردی و کوردستانییە، وەلێ کورد و عەشایەری کوردی گوێیان لێ نەگرت، ڕێگری کرد لە جیاکردنەوەی چەمچەماڵ لە کەرکوک و خستنە سەر سلێمانی، هەروەها ئەوەندەی توانی بەگری کرد و ناڕەزایی دەربڕی لە لادانی کۆیە لەسەر کەرکوک و خستنە سەر هەولێر چونکە ڕێژەی کورد لە پارێزگای کەرکوک کەم دەبووەوە. کەریم قاسم دۆست و ئاغای شیوعییەکان، بە بیانۆی بێلایەنی عێراق لە ڕۆژی (1959.3.24)، خۆی کێشایەوە لە پەیماننامەکە و دواتریش لە ڕۆژی (1979.3.16)، دوای گرتنە دەستی دەسەڵاتی ئێران لەلایەن ڕژێمی خومەینی پەیمانی سەنتۆ هەڵوەشایەوە. ئەم پەیمانە بەپلەی یەکەم دژی کورد و بەپلەی دووەم دژی ڕوسیا بووە، بۆ دەبێ کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان بە قسەی شیوعییەکان

بەکرێگیراوی سەنتۆ بووبێت؟ لە کاتێکدا لە چوار لاوە خاکی کوردستان لەلایەن ئەوانەوە داگیرکراوە. باشە گەر لە ناوەخۆ، لەلایەن حکومەتێکی دڕندەی فاشی و ڕەگەزپەرست هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەکەت بدرێت، بۆچی بۆت نەبێت بۆ خۆپاراستن لە لەناوچوون چەک لە وڵاتێکی دوژمنی حکومەتە داگیرکەرەکەی خۆت وەربگریت؟ لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم (1958-1959)، حشع لە باشووری کوردستان زۆرینە بوون، بەڵام بەهۆی کاری دڕندانەی بەرگری میللی سەر بە حزبەکەیان، دژایەتی کردنی کورد و کوردستان بەهۆی دروشمە ناڕێکەکانیان کە لە شوێنی دیکە ئاماژەم پێیان داوە و پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات، بەرە بەرە گلۆرەیان کەوتە لێژی و بەرەو لاوازی چوون، لەدوای بەرەی خۆیان و بەعس لە ڕۆژی (1973.7.17) و دواتریش بەشداری کردنیان لە شەڕی دژی شۆڕشی کوردستان و پارتی (1974.3.26-1975.3.19)، بە جارێک پووکانەوەو بەرەو نەمان ڕۆیشتن. بەشێک لە ئەندامەکانیان لەدوای ڕێککەوتنی حزبی شیوعی لەگەڵ بەعس و حکومەتی عێراق لەدژی کورد لە ساڵی (1973)، وازیان لەو حزبە هێنا و سەنگەریان گواستەوە بۆ نێو ڕێکخراوی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، ئەمە میژوویەکی دوور نییە و دەتوانن بە پرسیارکردن بگەنە ڕاستییەکان.

عەقید ڕوکن عەبدولوەهاب عەبدولمەلیک تەها عەبدولڕەزاق ئەلشەواف (1916/ موسڵ)، شەواف بەپێی قسەی عامر عەبدوڵڵا پێشتر پشتیوان و لایەنگری قاسم بووە، کەسێکی چەپ بوو،

هەروەها خۆی بە شیوعی دەزانی (الدكتور عبد الحسين شعبان، عامر عبداللة النار ومرارة الأمل، ص64)، برای لیوا ڕوکن محەمەد عەبدولمەلیک تەها ئەلشەواف (1922-1992)ی وەزیری تەندروستی سەردەمی کەریم قاسم بوو لەنێوان ماوەی (1959.2.7-1963.2.8)، بەڵام ڕەفتاری شیوعییەکان بۆتە هۆکاری ئەوەی لە شیوعی و قاسم دووربکەوێتەوە و هەوڵی ڕووخانی ڕژێمی قاسم بدات[31]. کەچی دکتۆر محەمەد شەوافی برای سەرەڕای کوژرانی عەبدولوەهاب شەوافی برایشی وازی لە وەزارەت و دۆستایەتی عەبدولکەریم قاسم نەهێناو و تەنانەت لە ڕۆژی هەوڵی کوشتنی قاسم لەلایەن بەعسییەکان (1959.10.7)، محەمەد شەواف بە بەردەوامی سەردانی قاسمی کردووە لە نەخۆشخانە و تا ڕۆژی ڕوخانی قاسم وەکو وەزیری تەندروستی بووە. هەروەها عەبدوللەتیف عەلی تەها عەبدولڕەزاق ئەلشەوافی ئامۆزازای (1921-1996.8.15)، دوای کوژرانی شەواف بە چوار مانگێک لە ڕۆژی (1959.7.13)دا، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری (مرسوم جمهوري)، ژمارە (480)، کرایە وەزیری بازرگانی و نەزیهە دلێمی-ش بە هەمان فەرمان کرایە وەزیری شارەوانی (فەرمانی کۆمارییەکە لە بەشی بەڵگەنامەکان دانراوە)، دوای ساڵێک و چوار مانگ، عەبدوللەتیف شەواف و نەزیهە دلێمی کە ئەو پێشتر بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (263)ی ڕۆژی (1960.5.3) کرابووە وەزیری دەوڵەت، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (677)ی

[31]- سەڵاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، ل (149-152).

ڕۆژی (1960.11.15)، لە وەزارەت لادران (فەرمانی کۆماری لادانیان لە بەشی بەڵگەنامەکان دانراوە).

جەلال دەباغ: (کودەتای هەشتی شوبات، سەرکردایەتی بەعسییەکان کردیان، لەو کودەتایە سەد هەزار کەسیان گرت، خەڵکێکی زۆریان کوشت، کەچی جەنابی مامۆستا سالح یوسفی برادەری من، کە ئەو سەرۆکی یەکێتی نووسەران بوو، من سکرتێری یەکێتی نووسەران بووم، هات بۆ کوردستان و لە کۆبوونەوەیەکدا بروسکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ کودەتاگێڕە تاوانبارەکان خوێندەوە. ئێستاش لەبیرمە بە عەرەبی خوێندیەوە و گوتی: شۆڕشی سپی ئێمە و شۆڕشی سپی ئێوە بەیەک گەیشت).

من نازانم کە سەیدا سالح یوسفی ئەو قسەیەی کردووە یان نا؟ چونکە جەلال دەباغ لە بەرنامەی (پەنجەمۆر)ی کەناڵی ڕووداو چەندی توانی ڕاستی شێواند و چەواشەکاری لە مێژوو و ڕووداوەکان کرد، بۆیە پێویستە ئەوە بە بیر دەباغ و شیوعییەکان بێنمەوە، کە حشع لە بەرەی نێوان خۆیان و حزبی بەعس، کە لە ڕۆژی (1973.7.17)دا مۆرکرا، دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر کۆدەتای (1963) و پێنج ساڵ بەسەر کۆدەتای (1968)، لە یەکەم ڕۆژی مۆرکردنی بەرەکەدا، هەردوو کۆدەتای یەکەم و دووەمی بەعسیان لە ڕۆژانی (1963.2.8) و (1968.7.17)، بۆ ماوەی شەش ساڵی ڕێک بە شۆڕش ناوبردن، واتە تا ڕۆژی دەرکردنی حزبی شیوعی لە بەرە شکستخواردووەکەیان لە ساڵی (1979). لەلایەک چونکە گومانم لە قسەکانی جەلال دەباغ هەیە، بۆیە ناتوانم باوەڕ بکەم کە سالح یوسفی ئەو قسەیەی کردبێ، لە لاکەیەکی

دیکەش دوو نووسەر کە باسی بابەتێکی وایان کردبێ، **یەکەم**: عەمیدی خانەنشین خەلیل ئیبراهیم حوسێن، لە لاپەڕە (339)ی (سقوط عبدالكريم قاسم موسوعة 14 تموز (5)، بروسکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە واژۆی سالّح یوسفی و فوئاد عارف–ی (بێلایەن) بۆ ئەنجومەنی شۆڕش (مجلس الثورة)، بەم شێوەیە بلّاوکردۆتەوە کە باسی شۆڕشی سپی و ڕەشی خوێناوی ناکات: (لێدانەکانی گەلی کورد هاوکات بوو لەگەلّ شۆڕشی شکۆمەندی دژ بە دوژمنی سەرسەختی هەردوو نەتەوەی برا لە عەرەب و کورد و باقی گەلی عێراق لە دژی تاکە جەلادەکەی گەلی کوردی موسلّمان و لە دژی مۆلّگەکانی ناپاکی کە پەلّەدارە بە شەرمەزاریی خوێنی شەهیدانی گەل، هێزە چەکدارەکانیان، کارەسات و بەلّاکانیان/ إن ضربات الشعب الكردي تلاحمت مع الثورة المجيدة على العدو اللدود للقوميتيين الشقيقتين العربية و الكردية و بقية الشعب العراقي على الجلاد الأوحد لشعبنا الكردي المسلم وعلى أوكار الخيانة الملطخة بعار دماء شهداء الشعب وقواته المسلحة و كوارثهم وويلاتهم)، **دووەم**: دکتۆر عەلی کەریم سەعید، لە لاپەڕە (250)ی (عراق 8 شباط 1963 من حوار المفاهيم الى حوار الدم مراجعات في ذاكرة طالب شبيب)، کە هەمان شتی نووسیوە و هیچ جیاوازی لەگەلّ ئەوەی عەمید خەلیل ئیبراهیمدا نییە، کەواتە قسەکانی دەباغ درۆ دەرچوون.

ئەی گەر حزبی شیوعی ئەوەندە دژی حزبی بەعس بوو، باسی بروسکەی پارتی دەکات، ئەی بۆ خۆیان دوای دە ساڵ هاتن و دەستیان خستە نێو دەستی بەعس و ئەو حزبەیان بە

پێشکەوتنخواز، نیشتمانی، مرۆڤدۆست، دیموکراسی و سۆسیالیست ناودەبرد؟ باشە گەر ئەوان ئاوا شارەزای ناوەڕۆکی بەعس بوون، بۆ مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، بەهۆی موکەڕەم تاڵەبانی لە ناوەڕاستی مانگی یەکی ساڵی (1970)، حزبی بەعس و ئەحمەد حەسەن بەکر لە کۆدەتایەک ئاگادار دەکەنەوە، کە نیازوابوو کۆدەتاکە لە داهاتوودا بە سەرکردایەتی لیوا ڕوکن عەبدولغەنی ئەلڕاوی (عەبدولغەنی محەمەد سەعید عەبدولغەنی ئەلڕاوی/ 1919-2011.12.26)، جێگری پێشووی سەرۆک وەزیران لە سەردەمی عەبدولڕەحمان محەمەد عارف لەدژی بەعس و بەکر - سەدام بۆ لادانیان لە دەسەڵات بکرێت؟ هەرچەندە عەبدولغەنی گەر لە بەعسییەکان خراپتر نەبووبێت، هەرگیز چاکتر نەبووە، چونکە دڕندەیەکی ڕەگەزپەرستی عروبی و داعشێکی هەڵگری بیروباوەڕی (إخوان المسلمين) بووە. حزبی شیوعی عێراق، تەنیا بەناو حزبێکی کۆمۆنیست بووە ئەگینا بە ڕەفتار و هەڵوێست حزبێکی ساویلکە، ڕەفتار خێڵەکی و هەرزەکارانە بووە. حشع ئەگەر ساویلکە نەبوایە، چۆن سەرەڕای ئەوەی کە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دوژمنێکی سەرسەختی ئەوان بووە و هیچ ڕێککەوتنێکی هاوبەشی ستراتیژی لەنێوان ئەم دوو حزبەدا نەبووە، کەچی حشع ئەرکی ئاگادارکردنەوەی کۆدەتای سەربازی دژ بە بەعس لە ئەستۆ دەگرێت و حزبی بەعس ڕزگار دەکات؟ سەبارەت بەم کودەتایە سەیف عەدنان ئەلقەیسی، لە لاپەڕە (263)ی (الحزب الشيوعي العراقي في عهد البكر 1968-1979)، دەڵێت: (لەگەڵ کۆتایی هاتنی یەکەم دادگاییکردن، ڕژێم ڕووبەڕووی جۆلانەوەیەکی تری

ئەندامانی لایەنگری ڕۆژئاوا بووەوە، کە دواتر سزا دران، عەبدولغەنی ئەلڕاوی و عەبدولڕەزاق نایف لەنێو سزادراوەکان دا بوون. حشع ڕۆڵی هەبوو لە ئاگادارکردنەوەی حکومەت لەم کودەتایە کە ئەو بەهۆی باڵوێزخانەی سۆڤیەتی زانیبووی. لە سەرەتای کانونی دووەمی ساڵی 1970دا باڵوێزخانەی سۆڤیەتی لە بەغدا زانیاری وردی سەبارەت بە پلانی کودەتایەکی سەربازی بە حشع گەیاند، کە نیاز وابوو لیوای دەیەم لە بنکەیەکی سەربازی کە پێشتر گۆڕەپانی پێشبڕکێی ئەسپسواری بوو لە تەنیشت گەڕەکی مەشتەل، بەڕێبکەوێت و پلانەکە جێبەجێ بکات. هەر سەبارەت بەم کودەتایە، موکەڕەم تاڵەبانی ئاماژەی بە ڕۆڵی خۆی کردووە لە گەیاندنی نامەیەک، لە ئێوارەی 16ی کانوونی دووەم هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی داوای گەیاندنی نامەیەکی گرنگ و بە پەلەیان لێکردم کە دەمودەست بیگەیەنمە سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر. نامەکە دانەخرابوو، تیایدا هاتبوو کە کودەتایەک بەدڵنیایی بەڕێوەیە کە نیازی لەناوبردنی حکومەت و تۆڵەسەندنەوەی لە بەعسی و شیوعییەکان هەیە. کاتژمێری سفری جێبەجێ کردنی کودەتاکە ڕۆژی 1970.1.17یە (بەڵام دواخرا بۆ ڕۆژی بیستی کانوونی دووەم)، نامەکەم دایە دەستی ناوبراو و خوێندییەوە، بەڵام هیچ نیشانەیەکی پەشۆکاویم بە ڕوخساری ئەودا نەبینی). عەبدولڕەزاق جەمیل ئەلسافی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی، لە ژمارە (278) ڕۆژنامەی (المؤتمر)ی ڕۆژی (2002.1.10)، نووسیویەتی: (موکەڕەم تاڵەبانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، سەدامی لە کۆدەتایەک

ئاگادارکردەوە کە چەند سیاسیی و عەسکەرییەک بە سەرکردایەتی عەبدولغەنی ئەلڕاوی پێی هەڵسابوون لە ساڵی 1970)، هەروەها عەزیز محەمەد، لە لاپەڕە (140-141)ی (کنەکردن لە یادەوەریدا عەزیز محەمەد)، دەڵێت: (لە ڕێی پەیوەندییەکانەوە، سۆڤیەتییەکان هەواڵی هەوڵەکەی ئەلڕاوییان وەرگرت کە بەنیاز بوو بەسەر کۆشکی کۆماریدا بداو، لای خۆیانەوە هەواڵی هەواڵەکەیان پێگوتین، ئێمەش لە ڕێی موکەڕەم تاڵەبانییەوە، وردەکارییەکانی پلانەکەمان دایە بەعس، کە خۆی دایە دەست ئەلبەکر، ئەوەش زۆری دڵخۆش کرد).

لێرەدا حشع کە هێشتاکە هیچ ڕێککەوتنێکک، یان بەرەیەکی هاوبەشی لەگەڵ حزبی بەعس نەبووە، کەچی پێوەندی باشیان هەبووەو ڕێی خۆش کردووە بۆ بەرەی هاوبەشی نێوانیان لە داهاتوودا، بۆیە بووە بە ڕزگارکەری حکومەتی بەعسی ڕەگەزپەرست، بەکر و سەدامی دیکتاتۆر، کە دواتر ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتیەیان بەسەر دانیشتوانی عێراق، باشووری کوردستان و ناوچەکە هێنا، بەمەش حشع هاوبەشە لە تاوانەکانی بەعس و سەدام چونکە ئەوان تەمەنی ئەم ڕژێمەیان درێژ کردۆتەوە، ئەگینا بەعس و سەدام لە کودەتای (1970.1.17)، لەناو دەچوون.

سەبارەت بەوەی کە بەعسییەکان لە کۆدەتای ڕۆژی (1963.2.8)، سەد هەزار کەسیان گرتووە، ئەمە ژمارەیەکی زۆرە و هەر زۆر دووەر لە ڕاستی، تەنانەت شیوعییەکان ژمارەی کوژراوانی خۆیان لەم کۆدەتایەدا بە چوار بۆ پێنج هەزار کەس

دادەنێن، کە ئەوەشیان درۆیەو ڕاست نییە، باشترین بەڵگە بۆ ساغکردنەوەی ژمارەی کوژراوەکانیان بەشی یەکەمی (شهداء الحزب شهداء الوطن شهداء الحزب الشيوعي العراقي 1934-1963)یە، کە لەوێ ژیاننامەکانیان نووسراوە و وێنەیان دانراوە.

جەلال دەباغ: (ئێمە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم بووین، لەدژی کورد نەبوو).

حزبی شیوعی عێراق، لە پەنای ڕژێمەکەی قاسم ئەم دەستەواژە قێزەونانەی لەدژی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کوردستان بەکار دەهێنا: (مخربي القيادة اليمينية الكوردية، حركة التمرد الرجعي الكوردي، التمرد اليميني الكوردي، عملاء إيران، مأجوري الإمپريالية وأمريكا، جيب العميل/ تێکدەرانی سەرکردایەتی ڕاستڕەوی کوردی، بزووتنەوەی یاخیبووانی کۆنەپەرستانەی کورد، یاخیبوونی ڕاستڕەوی کوردی، بەکرێگیراوانی ئێران، بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم و ئەمریکا، بوکەڵەی بەکرێگیراو)، ئەی لەدژبوون چۆنە؟

ئەی بۆ لەکاتی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی (1961)ی کوردستان، حشع بە شۆڕشی کوردستانی دەگوت بزووتنەوەی یاخیبوونی کورد (حركة التمرد الكوردي) و بزاڤی نەتەوەپەرستانی سەرگەردان/ سەرلێشێواوانی کورد (حركة القوميين الكورد اليائسة)، لە سەردەمی حزبی بەعس (بەکر - سەدام) دەیانگوت بوکەڵەی بەکرێگیراو (جيب العميل)؟ بەڵام دوای لێدانی حشع لەلایەن بەعسییەکان لەدوای کۆدەتای (8ی شوباتی 1963)، یاخیبوونی کوردەکان و بزاڤی کوردە سەرلێشێواوەکان گۆڕا بە

شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، ئەوەش خەسڵەتی نەگۆڕی حزبی شیوعی بووە بەدرێژایی مێژووی ئەو حزبە، هەر کاتێک حشع پەیوەندی باش بووبێت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا نەک تەنیا پشتی لە مافەکان و داخوازییەکانی گەلی کوردستان کردووە بەڵکو شانبەشانی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق پەلاماری کوردستانی داوە (نموونەش پەلاماردانەکانی ساڵانی 1974-1975ی هاوبەشی سوپای بەعس و حزبی شیوعی بۆ سەر کوردستان و شۆڕشی کورد)، وەلێ بەپێچەوانەوە لەکاتی توندبوونی کێشەی نێوان حزبی شیوعی و حکومەتی عێراقی، کە لێدراون و بەناچاری ڕوویان کردۆتە شاخ، بۆ ڕاکێشانی سۆزی کورد داوای جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردووە بۆ کوردانی باشووری کوردستان. ئەوان ئەوکاتە (1961-1963)، نەک بەتەنیا لەدژی کورد، بەڵکو لەدژی خۆشیان (حزبی شیوعی عێراق)یش بوون. ئەوان ئەندامانی خۆیان وا پەروەردە کردبوو کاتێک کە لەلایەن جەللادانی ئەمنی کەریم قاسم ئەشکەنجە دەدران، دەبوایە لەژێر ئەشکەنجەدا هاوار بکەن (بژی سەرۆک عەبدولکەریم قاسمی پایەدار/ عاش الزعیم عبدالکریم قاسم العظیم)، ئەو شیوعییانە جەللاد و دیکتۆریان بە ڕزگارکەرو نیشتمانپەروەر ناودەبرد، ڕێک وەک ئەو گوێرەکانە وان کە چەقۆی قەساب دەلێشنەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەو نموونەیە بدەم کە لەگەڵ ئەو دیاردە قێزەونەی دروستکردنی کۆیلایەتی حشع دەگونجێت. یەن ئیغیک ئولسن (Jan Erik Olsen)، لە ڕۆژی (1973/8/23)، لە شاری ستۆکهۆڵم-ی پایتەختی سوید بە چەکەوە

چووە سەر بانکی کغیدیتی سویدی (Sveriges KreditBank) و چوار کارمەندی ئەو بانکەی بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لە ژێرزەمینی بانکەکە بە بارمتە هێشتەوە و هەڕەشەی کوشتنی ئەو کارمەندانەی دەکرد کە سێ ژن و پیاوێک بوون، گەر ئەو داواکارییانەی بۆ جێبەجێ نەکات:

یەکەم: ئازادکردنی کلارک ئۆدێرت ئولۆفسون (Olofsson/ Clark Oderth 01.02.1947/ Trollhatten)، کە پێشتر لەکاتی دزیکردن لە بانکێک پۆلیسێکی کوشتبوو.

دووەم: پێدانی سێ ملیۆن کرۆن بە یەن ئیغیک ئولسن.

سێیەم: پێدانی چەک، جلوبەرگی گوللەنەبڕ، تەقەمەنی.

چوارەم: ئۆتۆمۆبێلێکی خێرا بۆ ڕاکردن.

پێنجەم: پۆلیس ڕێیان بۆ بکاتەوە و لەدوای دەرچوونیان لە بانکەکە بە دوایان نەکەوێت.

پۆلیس کلارک ئۆدێرت ئۆلۆفسون-ی هێنا و ناردیە ناو بانکەکە بۆ لای یەن ئیغیک، کلارک بەخێرایی بەناو بانکەکەدا گەڕاو کارمەندێکی دیکەی لە یەکێک لە ژوورەکان دۆزییەوە کە خۆی شاردبووەوە، کە تا ئەو چووە لای یەن تەنیا سێ ژن بە بارمتە گیرابوون، ئێستا بوون بە سێ ژن و پیاوێک. تەواوی مەرجەکانی یەن ئیغیک و کلارک ئۆدێرت جێبەجێ کران، پارە، چەک، جلوبەرگی گوللەنەبڕ و تەقەمەنیان پێدان جگە لە ئۆتۆمۆبێلی خێرا. لە شەشەم ڕۆژدا پۆلیس لە سەربانەوە گازی فرمێسک ڕێژی خستە خوارەوە و کۆتایی بە گرتنی بارمتەکان هێنا، بارمتەکان دەیانویست بارمتەگرەکان (تاوانبارەکان یەن و کلارک) لە پێش ئەوان بچنە

دەرەوە، چونکە پێیان وابوو پۆلیس ئەوان دەکوژێت گەر پێش تاوانبارەکان بچنە دەرەوە. لەناوەوە و لەکاتی لێکدابڕان و چوونە دەرەوەی بارمتەکان هەر سێ ژنە بارمتەکە باوەشیان بە تاوانبارە دزەکان کرد و ماچیان کردن. دوای ئازادبوونی بارمتەکان، ئەوان تاوانبارەکانیان بە پاریزەری خۆیان دادەنا، بە پێچەوانەش کە پۆلیسیان دەبینی دەشلەژان و پۆلیسیان بە دوژمنی خۆیان دەزانی، وایان دەزانی کە ئەوانن بۆ ماوەی شەش ڕۆژ نەیانهێشتووە بچنەوە ماڵ، منداڵ، هاوسەر و کەسوکاری خۆیان ببینن. کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی هەر سێ ژنە بارمتەکە دوای ساڵێک لە زیندان سەردانی تاوانبارەکانیان کرد و دووانیان هاوسەرگیریان کرد لەگەڵ هەردوو تاوانبارەکە (یەن و کلارک)، بارمتە پیاوەکە سەردانی نەکردن، هەوڵی دا ڕقی لێیان بێتەوە بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی و لە بەرانبەردا سۆزێکی هەبوو بۆیان.

دورست بوونی سۆز لای ئەو چوار بارمتەیە سویدیەی کە لە ڕۆژی (1973.8.23) لەلایەن دوو دزی تاوانبارەوە بە بارمتە گیرابوون، هەروەها ڕێزگرتنیان و دانانیان بە مرۆڤی بەڕێز، ڕەفتار باش و بە بەزەیی، ناوی لێنرا نەخۆشی ستۆکهۆڵم (ملازمة ستوکهولم/ Synrdom Stockholm)، ڕێک وەکو ئەو نەخۆشیەی حزبی شیوعی عێراقە کە لەنێوان (1958.7.14-1963.2.8) تووشی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقی ببوو، کە لەکاتی گیران، فەلاقەکردن و ئەشکەنجەدانیان پڕ بەدەنگی خۆیان هاواریان دەکرد (بژی تاکە سەرکردە زەعیم عەبدولکەریم قاسم و حکومەتە پێشکەوتنخوازەکەی) و (بژی سەرۆک عەبدولکەریم قاسمی

پایەدار). هەرچەندە نەخۆشییەکەی حشع بە پازدە ساڵێک بەر لە نەخۆشی ستۆکهۆڵم بووە، بەڵام چونکە سویدییەکان بەم نەخۆشییەی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقیان نەزانیبوو و نەزانیوە، ئەگینا بە دڵنیایی ناویان دەنا کۆپی نەخۆشی کۆمۆنیستەکانی عێراق لە ستۆکهۆڵم.

سەرەڕای ئەو هەموو دڵسۆزییەی حشع و کۆیلایەتیان بۆ عەبدولکەریم قاسم، کەچی حکومەتی قاسم ڕێی نەدا و مۆڵەتی کارکردنی بەشێوەیەکی فەرمی بە حشع نەدا؛ حشع لە ڕۆژی (1960.2.12) ناچاربوو ناوی خۆی بۆ پارتی گەل (حزب الشعب) بگۆڕێت و یاداشتنامەیەکی شازدە لاپەڕەیی بە کەریم قاسم بدات، کەچی قاسم بە خۆی لەسەر دوا لاپەڕەی یاداشتنامەکەی حشع کە پێشتر بە واژۆو ناوی زەکی خەیری لە ڕۆژی (1960.3.6)دا بۆ قاسم نێردرابوو، لە ڕێکەوتی (1960.3.9)، لەسەر یاداشتەکە نووسیبووی: (إنهم عملاء/ ئەوان بەکرێگراون)، دواتریش یاداشتنامەکەی حزبی شیوعی و وێنەی ئەو دەستنووسەی قاسم لەسەر یاداشتنامەکە بڵاوکرایەوە[32]. یاداشتنامە شازدە لاپەڕەییەکە، لە ڕۆژنامەکانی (الفجر الجديد) و (الحرية)ی پارێزەر قاسم حەمودی سامەڕائی (1912-1992)، کە دامەزرێنەر و سەر بە (حزب ألإستقلال)ی محەمەد مەهدی کوبە و باوکی دوو سەرکردەی بەعس (جەعفەر و سەعد) بووە، لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەی ناوی حزبی شیوعی عێراقی بە بەکرێگیراو (العملاء) و ڕۆژنامەی

[32]- العميد المتقاعد خليل إبراهيم حسين الزوبعي، سقوط عبدالكريم قاسم موسوعة 14 تموز (5)، ص115+466-481).

(إتحاد الشعب)ی بە ڕۆژنامەی سوور (جريدة الحمراء) دەبرد، هەروەها ڕۆژنامەی بەغدا (بغداد) کە سەرنووسەرەکەی خدر ئەحمەد عەلی ئیسماعیل ئەلعەباسی موسڵاوی (1924-1992) و سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراق بوو، ناوی یەکێتی سۆڤیەتی بە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژهەڵاتی نوێ (ألإستعمار الشرقي الجديد) و پرانسیپەکانی کۆمۆنیزمی بە دەستکردی ئیسرائیل ناودەبرد و بەردەوام زۆر ڕەگەزپەرستانە و نامرۆڤانە پەلاماری کوردی دەدا، بە خێڵە عێراقییەکانی باکوور ناوی دەبردن، گوایە کورد بە بنەچە دەچنەوە سەر عەرەبی ڕەسەن، تەنانەت بە هاندانی کەریم قاسم لەدژی کورد داوای تواندنەوەی زۆرەملێیانەی نەتەوەی کوردیان دەکرد لەنێو نەتەوەی عەرەبی عێراق، داوای ڕەتکردنەوەی داوای کوردیان دەکرد بۆ دامەزراندنی پەروەردەی کوردستان، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی مادەی سێی دەستووری کاتی عێراقی ڕۆژی (1958.7.27) بوون، کە بەمشێوەیە بوو: کورد و عەرەب هاوبەشن لەم نیشتمانەدا[33]. سەرەڕای ئەوەی لە بەندی دووەمی هەمان دەستووردا هاتووە (عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب). گومان لەوەدا نییە کە کەریم قاسم، حزبی شیوعی عێراقی بە بەکرێگیراوی ڕوسیا، یان وڵاتی چین داناوە، کەچی شیوعییەکان تا ڕوخانی قاسم هەر بەکرێگیراوی قاسم بوون (بەڵگەکە لە بەشی بەڵگەنامەکان دانراوە)، هەروەها خەلیل ئیبراهیم حوسێن، لە لاپەڕە (113)ی هەمان سەرچاوە بابەتێکی لەژێر ناوی (عبدالكريم قاسم

[33]- ، من أرشيف جمهورية العراق الأولى الحركة الشيوعية في تقارير مديرية ألأمن العامة 1958-1963، ص30-31).

يتهم الحزب الشيوعي بالعمالة/ عەبدولکەریم قاسم حزبی شیوعی بە بەکرێگیراو تۆمەتبار دەکات)دا نووسیوە. حزبی شیوعی عێراق، بگرە کۆیلەش بوون بۆ ڕژێمەکەی کەریم قاسم، ئەی هەر ئەندامانی حشع نەبوون لەکاتی گیران و ئەشکەنجەدانیان لەلایەن پۆلیس، ئەمن و ئیستخباراتی ڕژێمەکەی ئەو لەماوەی نێوان (1963.2.8-1958.7.14)، هاواریان دەکرد بژی زەعیم عەبدولکەریم قاسم و حکومەتە پێشکەوتنخوازەکەی؟ ئەی کۆیلە چۆنە، ئەشکەنجە بدرێیت و هەمان کات دروشم بۆ گیانی جەللادەکە بنێرێت و حکومەتەکەی بە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخواز بزانێت؟ حشع هەردەم ستایشی قاسمی دەکرد و وەکو پەرستن دەیپەرست، کە پەنجاو پێنج نازناوی ستایشی بۆ دانابوو، هەر پەنجاو پێنج ناوەکە لە دوو لاپەڕەدا نووسراوە[34]. ئەی پەرستنی قاسم و کۆیلایەتی چۆنە، مەگەر ئەوە پەرستن نەبێ؟ عەبدولکەریم قاسم، بۆ ماوەی چوار ساڵ و نیو عێراقی بەدەستەوە بوو، لەم ماوەیەدا عێراق پەرلەمانی نەبوو، قاسم هەم سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری بوو، بۆ چوار ساڵ و نیو بێ پەرلەمان و هەڵبژاردن، دەوڵەتی عێراقی بەڕێوەبرد؛ هەر خۆی بڕیاردەری بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەروەری (قرارات مجلس السيادة) و فەرمانی کۆماری (مرسوم جمهوری)یەکان بوو، ڕاستە لە ساڵی (1958)دا ئەنجومەنی سەروەری (مجلس السيادة)ی دامەزراندبوو لە (فەریق ڕوکن محەمەد نەجیب عوسمان محەمەد ڕوبەیعی (1904/ بەغدا – سوننە)، سەرۆکی پارتی یەکێتیی سۆشیالیستی عەرەبی عێراقی

[34]- خليل إبراهيم حسين، سقوط عبدالكريم قاسم موسوعة 14 تموز (5)، ص99-100).

(حزب الإتحاد الإشتراكي العربي العراقي)، عەقید ڕوکن خالید عەبدولغەفار عەبدولڕەزاق محەمەد تاهیر ناسراو بە خالید نەقشبەندی/ 1916/ بامەڕنی/ دهۆک - کورد، کە کۆنە پارێزگاری هەولێری سالانی (1957-1958) بووە و دواتر لە ڕۆژی (1961.11.27) بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، لەگەڵ محەمەد مەهدی محەمەد حەسەن ناسراو بە محەمەد مەهدی کوبە/ 1900/ سامەڕا - شیعە، سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی/ حزبی ئیستیقلال)، کە دواتر لە ڕۆژی (1984.3.28) کۆچی دوایی کرد، کە ئەو سێ کەسە لە ئەنجومەنی سەروەری نوێنەرایەتی هەر سێ پێکهاتەی (سوننە، کورد و شیعە)یان دەکرد، بەڵام هیچ شتێکیان بێ ڕاستاندن، بڕیار و ڕەزامەندی کەریم قاسم نەدەکرد، کە ئەو خۆیشی وەکو سەرۆک وەزیران لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەروەری فەرمانە کۆمارییەکان دەبوایە واژۆ بکات. محەمەد نەجیب ڕوبەیعی وەکو سەرۆک کۆمار تا ڕۆژی (8ی شوباتی 1963)ی کۆدەتای بەعسییەکان دریژەی بە کاری خۆی دا، بەڵام دواتر لە ڕۆژی (1965.12.6)دا لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

عەبدولفەتاح بۆتانی، ئاماژەی بە بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی حشع لە کۆبوونەوەکانی مانگی تشرینی دووەمی سالی (1961)دا کردووەو نووسیویەتی: (حزبی شیوعی عێراق، ناتوانێ هاوکاری و پشتیوانی خەباتی کورد بکات لەپێناو دەستکەوتی ڕاستەوخۆی سیاسیی، چونکە بە بۆچوونی حزبی شیوعی، شۆڕشی کوردی دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی هەولّە تێکڕاکانی دژ بە ئیمپریالیزم، هەروەها دەبێ سەرزەنشتی شۆڤینیزمی جیاخوازی کورد بکرێت

(مەبەستیان داواکاری سەربەخۆیی کوردستانە)، لە سەرزەنشتەکان دەبێ وا بکرێت کە کوردەکان تەنیا داوای ئۆتۆنۆمی بکەن)[35].

بەهۆی ئەو بۆچوونە شۆڤینییە ئیفلیجەی حشع، کە خاوەنی سەدان بۆچوونی ئیفلیجی وابووینە، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە حشع هەردەم سەرانی عەرەبپەرستی حزبی شیوعی عێراق، پرسی کورد و کوردستانی بە قوربانی پرسی بۆگەنی شۆڤینیزمی عەرەبی و عێراقی کردووە لەژێر ناوی خەباتی چینایەتی، شۆڕشی کرێکارانی عێراق و خەبات لەدژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. شۆڕشی کوردستان لە ساڵی(1961)دا داوای سەربەخۆیی نەکردبوو، کەچی حزبی شیوعی بەئەنقەست ناوی سەربەخۆیی کوردستانی دەهێنایەوە تا پاساوێک بۆ خۆدزینەوەی خۆی لە پشتیوانی پرسی کورد پەیدا بکات، شۆڕشی کوردستان دروشمی ئۆتۆنۆمی بەرزکردبووەوە، کە کەریم قاسم ئامادە نەبوو ئەو ئۆتۆنۆمییەش بدات جگە لە مافی هاوواڵاتی بوونی هەر عێراقییەک بەگوێرەی دەستووری کاتی. ئەی باشە پشتیوانی نەکردنی شۆڕشی کوردستان و گەلی کورد بە پاساوی ناڕەوای نەوەک هەوڵی دژ بە ئیمپریالیزم لاواز بێت، نابێتە هۆکاری لەناوبردن و سڕینەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان، یان بەڵای کەمەوە چەوساندنەوەی گەلی کوردستان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان؟ ئەی کوا دروشمی مارکسیزمانە، کۆمۆنیستانە، مرۆڤانە و نێونەتەوەییانەی حشع لە بەرانبەر قڕکردنی گەلی کوردستان لە

[35]- الدكتور عبدالفتاح علي البوتاني ، موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية 1946-1970)، ص (106-107).

باشووری کوردستان، کە حزبی شیوعی عێراق (حزبی شیوعی عەرەبی عێراق)، خۆی دانی پێداناوە ئەو شەڕەی عەبدولکەریم قاسم لە باشووری کوردستان شەڕی قڕکردنی گەلی کوردە و لە شوێنێکی تر ئاماژەی پێدراوە؟ پاشان بۆ دەبێ بەرزکردنەوەی دروشمی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، یان سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان وەکو تۆمەتێک لەلایەن حشع بدرێتە پاڵ شۆڕشی کوردستان، یان هەر شۆڕش و پارتێکی کوردی و کوردستانی ئەو دروشمانە بەرزبکاتەوە بە شۆڤینیزم تۆمەتبار بکرێن؟

قاسم بڕیاری پاکتاوکردنی کوردی دا، شیوعییەکان هەر پشتیوانی قاسم بوون. عەبدولکەریم قاسم داوای تواندنەوەی نەتەوەیی (الصهر القومي) کوردی لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا دەکرد. ڕۆژنامەی (الثورة)ی عەبدولکەریم قاسم، کە ڕۆژنامەنووس یونس ئەلطائی (یونس الطائي)، سەرنووسەری بوو، لە یەکێ لە ژمارەکانی کۆتایی مانگی ئەیلولی ساڵی (1960)، داوای تواندنەوەی بەزۆری نەتەوەی کوردی کردبوو لە بۆتە (دەفری کانزا تواندنەوە)ی نەتەوەی عەرەبدا، ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە چەند وتارێک وەڵامی ڕۆژنامەکەی قاسم (الثورة)ی دابۆوە، بۆیە دادوەری گشتیی سەربازی، ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی دایە دادگە.

ڕۆژنامەی سەورەی زمانحاڵی حکومەتی کەریم قاسم، کە حشع نەک پشتیوانی لێ دەکرد، بەڵکو وەکو کۆیلە خۆیی و ڕژێمەکەیان دەپەرست و دەپاراست، لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ساڵی (1960)،

نووسیوبووی: (هەر کەسێک عێراقی بێت، جا کورد یان هەر نەتەوەیەکی دیکە، ئەوە بە عەرەب هەژمار دەکرێت)، ئایە حشع چ هەڵوێستێکی هەبوو لە بەرانبەر ئەو دروشمە شۆڤینیستەی قاسم؟

ئەوەی عەبدولکەریم قاسم لەدژی کورد پیادەی دەکرد تەنیا شەڕ نەبوو، بەڵکو هەوڵی لەنێوبردنی کورد و سڕینەوەی کوردستان بوو، وەکو لە شوێنێکی دیکەش ئاماژەم پێی کردووە قاسم بەهۆی وتارەکانی کە دواتر لە ڕۆژنامەی سەورە (الثورة)، لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ساڵی (1960)دا بڵاوکرایەوە، باسی ئەوەی دەکرد کە گشت هاوواڵاتییەک لە عێراق، کورد یان سەر بە هەر نەتەوەیەکی دیکە بێت، دەبێ بە عەرەب تۆمار بکرێن. بێگومان ئەمەش گرتنەبەری سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کوردە لە باشووری کوردستانی داگیرکراو لەلایەن عێراقی عەرەبی، کە قاسم خۆی دەیگوت: (دەبێ لە عێراق دا کورد بتوێنەوە و بە عەرەب ناونووس بکرێن). ئایە حزبی شیوعی بەیاننامەیەک یان بە چەند دێڕێک وەڵامی ئەم لێدوانەی قاسم و ڕۆژنامەی سەورە (الثورة)ی کەریم قاسمی داوەتەوە، کە ئەمە بۆچوونێکی تا سەر ئێسقان شۆڤینی، نامرۆڤانە و دژ بە (مارکسیزم و کۆمۆنیزم)ە؟ ئایە ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی بەریتانی و فەرەنسی بەشێوەی کەریم قاسم بوون و دەیانویست گەلانی ئەو وڵاتانە (جەزائیر، مەغریب، سوریا، ئوردەن، عێراق و تونس)، بکەنە ئینگلیز و فەرەنسی؟

زەکی خەیری و سوعاد خەیری، لە لاپەڕە (312)ی (دراسات في تأريخ الحزب الشيوعي العراقي، المجلد الأول)دا، سەبارەت بە ڕەفتاری شۆڤینیستانە و نامرۆڤانەی حکومەتی قاسم لەدژی گەلی

کورد لە باشووری کوردستان، نووسیویانە: (دەسەڵاتی بۆرجوازی پرسی کوردی پشتگوێ خست و نکۆڵی لە هەبوونی کوردستان کرد و بەدوای (بنچینەی عەرەبێتی کورد) دەگەڕا، گەلی کوردی لە مافی ڕۆشنبیری بێبەش کرد کە پێشتر لە مانگەکانی یەکەمی شۆڕشدا بەدەستی هێنابوو، دەستی گرت بەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی و پەلاماری ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی دا، بە سەدان هاوواڵاتی کوردی لە کار دەرکرد و دووری خستنەوە. ناوی جەژنی نەورۆزی گۆڕی بە ناوی (جەژنی دارو درەخت)، ناوی خوێندنگە و کۆگا و شەقامە کوردییەکانی گۆڕی بە ناوی عەرەبی، ئاغاکان و بەکرێگیراوەکانی چەکدار کرد لە پێناوی لێدان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و ئامادەی کردن بۆ ئازاردانی جەماوەری زەحمەتکێش و چەوسانەوەیان و نەهێشتنی شکۆیان. کورده نەتەوەییەکان توانیان بەرفراوانترین جەماوەری کورد بۆ خەباتی چەکداری ڕابکێشن، دوای ئەوەی کە دەسەڵاتی بۆرجوازی ئاواتەکانی لە مسۆگەر کردنی مافە نەتەوەییەکان و چارەسەری کشتوکاڵ و گەشەی ئابووری گشتیی ڕەتکردنەوە).

ئەی باشە بۆ حشع، شۆڕشی کوردستانی بە شۆڕشێکی دەرەبەگی و کۆنەپەرستانەی بۆرژوازی و ئاغاکانی کوردستان ناودەبرد، لە کاتێک دا کە میری و ڕژێمی قاسم بەر لە ڕژێمی بەعس ئەو هەموو سیاسەتە شۆڤینی و ڕەگەزپەرستانەی لەدژی باشووری کوردستان گرتۆتە بەر و لە مافی ڕۆشنبیری بێبەشی کردوون، کەچی لە هەمان کاتدا ئاغا بەکرێگیراوەکانی لەدژی شۆڕشی کوردستان چەکدار کردووە؟

جەلال دەباغ: (دەستیان خۆشبێ کە بنەماڵەی شای عێراقیان کۆمەڵکوژ کرد، ئەوە جەماوەر کردی، باوەڕت هەبێ ئەوە نەخشە بۆ کێشراو نەبوو، نە قاسم نە شۆڕش ئەوەی نەدەویست بکات، بەڵام جەماوەر زۆر داخ لەدڵ بوو بەرانبەریان، ئەوان کردیان. (14ی تەممووزی 1958) کۆدەتا نەبوو، شۆڕش بوو، کۆدەتایەکی سوپای بوو، باشە، بەڵام یەکسەر بوو بە شۆڕش).

جەلال دەباغ، دەبوایە بیگوتایە شیوعییەکان بەرانبەر بە بنەماڵەی پادشای عێراق داخ لە دڵ بوون، ئەوە خۆی نییە دەڵێ: (دەستیان خۆشبێ کە بنەماڵەی شای عێراقیان کۆمەڵکوژ کرد)، ئاخر بۆ دادگا تاوانباری و بێتاوانی ئەوان یەکلایی نەکاتەوە، بۆ حزبی شیوعی لە دەرەوەی دادگا کۆمەڵکوژیان بکەن، هەروەکو بەعسییەکان لەدوای کۆدەتای ڕۆژی (8ی شوباتی ساڵی 1963)، کۆمەڵکوژی شیوعییەکانیان کرد! ئایە هەردووکیان تاوان نین؟ بۆ تاوانێکیان بڵێن دەستیان خۆشبێ کە خۆیان کردوویانە، بەڵام ئەوەی دی کە لەدژی ئەواندا کراوە بە تاوانی سەردەم و هەوڵی قەڵاچۆکردنی شیوعییەکان ناوی ببەن؟ ئایە بنەماڵەی شای عێراق وەکو شیوعییەکان بە سەدان کەسیان بە (السحل)، ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل و وڵاغ تا مردن ڕاکێشابوو، یان ئەوەندەی شیوعییەکان زیانیان بە عێراق و کوردستان گەیاندووە، ئەوان ئەوەندە زیانیان گەیاندووە، کە لە سەردەمی پاشایەتی کەمترین کوشتن و زیان بە کوردستان، عێراق و دانیشتووانەکەی گەیەندراوە؟

جەلال دەباغ: (قەت ڕاست نییە حشع سێبەری سۆڤیەت بوو بێت. ئێمە هاوڕێی سۆڤیەت بووین، حزبی شیوعی سۆڤیەتمان بە پێشڕەوی بزاڤی

کۆمۆنیستی جیهان دەزانی. شۆڕشی سۆسیالیستی مەزنی ئۆکتۆبەر لە حەڤدەی ئۆکتۆبەرا کە ڕوویدا، شۆڕشێکی نیشتمانیی پرۆلیتاری بوو، ڕژێمی قەیسەری لەناوبرد، ڕژێمی سۆسیالیستی هێنایە کاراوە (ئاراوە)، لەبەر ئەوە ئێمە و هەموو بزاڤی کۆمۆنیستی جیهان، ئەو حزبەیان بە پێشڕەوی بزاڤی کۆمۆنیستی جیهانی دەزانی. بۆیە نەدەبوو کەسێ شیوعی بێ و لە حزبێکی شیوعی بێت، لە هەمان کات دژایەتی سۆڤیەت بکات).

شەوکەت ئەحمەد تۆفیق عەزیز خەزنەدار (2016.11.15–1936.5.2)، لە ماڵپەڕی (الحوار المتمدن/ ahewar.net)، سەبارەت بە دەزگای ئاسایشی حزبی شیوعی عێراق، لە ژیاننامەی خۆیدا نووسیویەتی: (لە سەردەمی پاشایەتی، لە ساڵی 1956 ئەندامێکی چالاکی دەزگای ئاسایشی حزب بووم، کە سەرکردایەتی دەزگاکە ڕاستەوخۆ بە مۆسکۆ/ سۆڤیەت بەسترابۆوە). حزبی شیوعی عێراق، کە دەزگای ئاسایشی حزبەکەی ڕاستەوخۆ بە مۆسکۆوە گرێدرابێت، بۆ داردەست، کرێگرتە، کۆیلە و کلکی ڕوسیا نییە؟ بۆ دەبێ و بە چ مەبەستێک دەزگای ئاسایشیی حزبی شیوعی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مۆسکووە هەبێت، کە دوو وڵاتی جیان و عێراق بەشێک لە ڕوسیا نییە ؟

حزبی شیوعی عێراق، لە سەردەمی فەهدی سکرتێری گشتیی ئەو حزبە، هەر کلکایەتی و نۆکەرێتی ڕوسیا و حزبی شیوعی ڕوسیان بە پیرۆز و پێویست زانیوە، بۆ نموونە، ڕەشید عالی گەیلانی (1982–1965.8.28)، کە لەنێوان (1941.5.30–4.13)دا کرایە سەرۆک وەزیرانی عێراق و دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی گرتە دەست، یەکێتی سۆڤیەت یەکەم وڵات بوو کە پشتیوانی خۆی بۆ

حکومەتەکەی ئەو ڕاگەیاند، بەڵام دوای ماوەیەک هێرشیان کردە سەری و بە فاشیزم ناویان برد. هەر دوابەدوای ئەم هێرشەی یەکێتی سۆڤیەت، فەهدی سکرتێری گشتیی دەستبەجێ پەلاماری ڕەشید عالی گەیلانی دا، کە پێشتر پشتیوانی حزبی شیوعی عێراقی بۆ گەیلانی و حکومەتەکەی ڕاگەیاندبوو، ئەم جارە گوتی: (لێرەدا هیچ زیانێکمان پێ ناگات گەر دانبنێین بە هەندێک لە هەڵەکانمان کە حزبەکەمان کردوویەتی، بۆ نموونە پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی، کە پێمانوابوو بزووتنەوەیەکی جەماوەری بوون بەبێ ئەوەی سەرنجی ئەو کەسانە بدەین کە بەڕێوەیان دەبرد، کە ئەوان ڕاستەوخۆ بەگوێرەی ڕێنماییەکانی هتلەر و دەستکردەکانی ئەو کاریان دەکرد، بەڵکو ئەوە هەڵەی فەهد و حزبەکەی نەبووە، بەڵکو ڕوسیا پێی کردووە[36].

فەهد لە ژمارە (11)ی ڕۆژنامەی (القاعدة)، کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی (1944)دا بڵاوبۆتەوە، نووسیویەتی: (ئێستا حکومەتی پایەبەرزی ئەلپاچەچی پێشدەکەوێت و داوای پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دەکات، خەونی گەلی عێراقی هاتەدی، پاچەچی شانازی بۆ خۆی تۆمارکرد. خودا داوای لێکردووین کە دان بە کرداری چاکەدا بنێین، پێویستە لە سەرمان دان بە یەکێتی سۆڤیەت و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵیدا بنێین، چونکە عێراقی پاراست لە داگیرکاری هیتلەر[37]. سەیرکەن تەنیا لەبەرئەوەی حکومەتی پاچەچی داوای پەیوەندی لە ڕوسیا کردووە، فەهد و

[36]- سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق 30/17 تموز 1968 - 1979/78، الجزء الخامس، ص234.

[37]- سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق 1934-1958، الجزء الأول، ص46.

حشع ستایشی حکومەتێک دەکەن، کە خۆیان پێشتر بە بۆگەن و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمی بەریتانی ناوی دەبەن. ئەی بەکرێگیراوی ڕوسیا چۆنە، گەر ئەوە بەکرێگیراوی نەبێت؟

سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی کەریم قاسم و حکومەتەکەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت دەچوون، بۆ نموونە کۆمیتەی پاڕێزگاریکردن لە ماف و ئازادیە دیموکراتییەکان لە عێراق، کە ڕێکخراوێکی سەر بە حشع بوو، لە بڵاوکراوەیەکی خۆی دا لەژێر ناوی ئەم تیرۆرە بوەستێنن (أوقفوا هذا الإرهاب) باسی ئەوە دەکات کە ژمارەی زیندانی و ڕاگیرکراوەکان لە ساڵی 1960دا گەیشتۆتە بیست و دوو هەزار کەس؛ بەگوێرەی بڵاوکراوەکە ژمارەی تیرۆر کراوەکان تەنیا لەم ماوەیەدا گەیشتۆتە (270) کەس و ژمارەی ئەوانەی کە لە دادگا عورفیە سەربازییەکان بڕیاری لە سێدارە دانیان بۆ دەرچووە گەیشتۆتە (112) شیوعی و هاوڕێیانی شیوعی. داخستنی ڕۆژنامەی (إتحاد الشعب) لە (17)ی ئابی ساڵی (1961)، ڕێگەنەدان بە چالاکی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی عێراقی لە نیسانی ساڵی (1961) و دەستگیر کردنی نوری عەبدولڕەزاق حوسێن، سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی پشتیوانانی ئاشتی (أنصار السلام) بە سەرۆکایەتی عەزیز شەریف لە مانگی ئایاری ساڵی 1961دا[38]، بەڵام حزبی شیوعی نەک هەڵوێستی نەبوو و هەوڵی ڕوخانی ڕژێم و دەسەڵات گرتنە دەستی نەدا، بەڵکو بە بەردەوامی و لەسەر داوای خرۆشۆف و مۆسکۆ پشتیوانی کوێرانەی لە قاسم

[38]-صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية في العراق، ص67+96.

و ڕژێمە تیرۆریستەکەی دەکرد! نموونەش بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حشع لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (1961)، کە (خۆیان بە لایەنگری قاسم دادەنێن و دڵنیایی بە قاسم دەدا کە لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵاتدار دەوەستێ)! کەریم قاسم، ئیرهابی دەکرد، دادگای عورفی سەربازی دادەمەزراند و قەرەقوشیانە شۆڕشگێڕانی دادگایی دەکرد، ڕەوانەی سێدارەی دەکردن، یەکێتی لاوان و کۆمەڵەی پشتیوانانی ئاشتی سەر بە حزبی شیوعی دادەخست، کەچی عەزیز ئەلحاج، داهێنەری دروشمی تاکە سەرکردە/ سەرکردەی بێهاوتا (الزعيم الإوحد)ی بە باڵای ئەو دیکتاتۆرە و شیوعییەکان ئەو دروشمە ئیفلیجەی ئەویان بە بەردەوامی بە باڵای عەبدولکەریم قاسم دابڕیبوو[39].

حزبی شیوعی عێراق، هەرگیز هەڵومەرجی تایبەتی بابەتیانەی ناوخۆی عێراقی بەهەند وەرنەگرتووە و هەژماری بۆ نەکردووە، لە بەرانبەریشدا کوێرانەبە دوای بڕیارەکانی ڕوسیا و بەرژەوەندی ئەوان کەوتووە، چونکە ئەوان هەردەم و بەدرێژایی مێژووی حزبەکەیان، ستراتیژ (دەسەڵات گرتنە دەست) و ناوەوەی وڵاتیان کردۆتە قوربانی دەرەوەی وڵات (سۆڤیەت)! ڕەحیم موحسین محەمەد ناسراو بە ڕەحیم عەجینە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حشع و ئەندامی شاندی دانووساندنی نێوان حشع و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی تا ڕۆژی مۆرکردنی بەرەی نێوان ئەم دوو حزبە، سەبارەت بە بەرەی نێوان حزبی شیوعی و حزبی بەعس باسی ئەوە دەکات، کە سکرتێری یەکەمی حزب و مەکتەبی سیاسی

[39]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي .. رؤية من الداخل، ص44.

بە پشت بەستن بە ڕێنماییەکانی مۆسکۆ چوونە ناو بەرەی نیشتمانی حزبی شیوعی و حزبی بەعس و لەلایەن حزبی شیوعی سۆڤیەتی پاڵی بە حشع وەنا بۆ بەستنی ئەو بەرەیە[40]. ئەم بەرەیە گەورەترین شکست و شەرمەزاری بۆ حشع بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە حشع پێیوابوو کۆمیتەی باڵای بەرەی ناوبراو کە لە ناوەڕۆکدا بەرەیەکی کۆنەپەرستانەو ڕەگەزپەرستانە بوو، دەتوانێت لەلایەک تەواوی کێشەکانی نێوان حزبی بەعس و شیوعی و ناوخۆ (پرسی کورد)، لەلاکەی تریشەوە کێشەکانی عێراق و دەرەوە چارەسەر بکات، بۆیە دەیانویست کێشەی نێوان خۆیان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەشی هەرە زۆری حزبی شیوعی بەهۆی دامەزراندنی بەرەیەکی دۆڕاوی خۆچەکدارکردن بە چەکی بەعس لەدژی پارتی دروستیان کردبوو، ببەنە نێو بەناو کۆمیتەی باڵای بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە توندی دژی ئەم داوا و بۆچوونەی حزبی شیوعی بوو. عیسام عەزیز شەریف، لە لاپەڕە (420)ی (مذكرات عزيز شريف)، لەسەر زاری عەزیز شەریفی باوکی ئەوەمان بۆ باس دەکات کە لە دانیشتنەکەی ڕۆژی (1973.11.21)ی نێوان شاندی حشع و پارتی دیموکراتی کوردستان، شاندی پارتی بە شاندەکەی حزبی شیوعی گوتووە، کە حشع هەردەم هەوڵ دەدات گفتوگۆکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان پارتی و شیوعی، بۆ نێو بەرەی نێوان بەعس و شیوعی ببات، لەکاتێکدا کە حزبی بەعسی عەرەبی دوژمنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردە، هەروەها پاوانکاری

[40]- د. طارق يوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ص349.

دەسەڵاتە سەرەکییەکانە و چاوەڕێی چاکبوون و نەرم نواندنی لێ ناکرێت. بردنی کێشەکانی نێوان شیوعی و پارتی بۆ نێو بەرەی نێوان شیوعی و بەعس، ئاژاوەگێڕی، هەڵپەرستی و دڕندەیی حزبی شیوعی عێراق دەردەخات لەدژی کورد و کوردستان.

عەزیز سباهی لە لاپەڕە (142)ی بەشی سێیەمی (عقود من تأريخ الحزب الشيوعي العراقي)، سەبارەت بە ڕۆڵی ڕوسیا لەسەر کۆمیتەی ناوەندی حشع و هاندانیان بۆ بەشداریکردنیان لە بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی بەعس، باسی ئەوە دەکات کە سەرکردەکانی ڕوسیا هیچ دەرفەتێکیان لەدەست نەدەدا بۆ ئەوەی باسی گرنگی کاری بەرەیی بەعس و شیوعی لەگەڵ حشع بکەن. باسی بروسکەیەکی پیرۆزبایی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی ڕوسی دەکات کە بۆ کۆنگرەی دووەمی حزبی شیوعی عێراقی ناردووە و تیایدا باسی ئەوە دەکات کە حشع تەواوی هەوڵەکان دەخاتەگەڕ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی بۆ گشت هێزە پێشکەوتنخوازو ئەو هێزانەی دژ بە کۆلۆنیالیزمن لە عێراق. لە بروسکەکەدا هاتووە کە ڕوسەکان لەم بڕوایەدان کە بەرەیەکی لەم شێوەیە توانای پاراستن و گەشەپێدانی دەستکەوتی دیموکراسی هەیە بۆ گەلی عێراق، کە عەزیز سباهی ئەم بروسکەیەی لە ڕۆژنامەی (طريق الشعب)، ژمارە (8)، ڕۆژی (1970.9.27)دا بڵاوکردۆتەوە. عەزیز سباهی، لە هەمان لاپەڕە باسی هەندێک دەستنووسی عامر عەبدوڵڵا دەکات سەبارەت بە هەندێک دیداری خۆی لە مۆسکۆ لە ساڵی (1973)، کە باسی ئەوەی کردووە هاوڕێ ڕوسەکان گرنگی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانییان

باسکردووە و جەختیشیان لەسەر پێویستی بەپەلەی هەبوونی بەرەیەک کردەوە لە بارودۆخی ئێستادا بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و ئامادەکردنیان بۆ بەرپەرچدانەوەو پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانانەی کە لەدژی عێراق چڕکراونەتەوە.

سەیرکەن لە بروسکەی پیرۆزبایی پارتی کۆمۆنیستی ڕوسیا بۆ کۆنگرەی دووەمی حزبی شیوعی عێراق، پارتی کۆمۆنیستی ڕوس باسی ئەوە دەکات کە حشع هەوڵەکان کۆدەکاتەوە لەپێناو دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی هاوبەش لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی، هەروەها ڕوسەکان پێیانوایە کە بەرەیەکی لەم چەشنە دەتوانێ دەستکەوتی دیموکراسی و پێشکەوتنەکان لە عێراق بپارێزێت، کە هێشتاکە بەرەکە پێکنەهاتووە و ڕوسیا ڕێگەیان نیشان دەدات کە بەرەیەک لەگەڵ بەعس پێکبهێنن! دەستنووسەکانی عامر عەبدوڵڵا-ش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ڕوسەکان لە ساڵی (1973)، دامەزراندنی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی زۆر بە گرنگ دەزانن و هەر لەو ساڵەش بەرەکە دامەزرا، ڕوسەکان پێیانوابووە کە چەندان پیلان لەدژی حکومەتی بەعسی عێراق هەیە و شکستی ئەو پلانانەش بە پێویست دەزانن. ڕوسەکان چارەسەرکردنی پرسی کورد و شۆڕشی کوردستانیان بە هەڕەشە و پلانێک لەدژی حکومەتی بەعس لێکدەدایەوە، هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەک و لە بوارەکانی سەربازی، ئابووری، سیاسیی و بازرگانی پشتی عێراقیان گرت لەدژی کورد.

سوعاد خەیری، کە تەواوی نووسینەکانی لە زاری زەکی خەیری هاوسەریەوە دەگێڕێتەوە، لە باسی ڕەوشی ناهەمواری ساڵی

(1976)ی دوای ڕێککەوتنی جەزائیری ڕۆژی (1975.3.6)ی نێوان سەدام حوسێن و محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران، کاتێک بەعس سیاسەتی بەعەرەبکرن، ڕاگواستن و تەبعیسی گرتبووە بەر، بەمشێوەیە باسی گوشاری سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکان، بۆ سەر حشع دەکات و دەڵێت: لە هەڵومەرجێک کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەی خۆبەدەستەوەدان یارمەتیدەر بوو، گوشاری ڕەوشتی لەلایەن سەرکردەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی بوو[41]. واتە زەکی خەیری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حشع باسی گوشاری وڵاتانی سۆسیالیستی کردووە، ئەگەر مەبەستی سۆڤیەت نەبێت، دەبێت مەبەستی کێی دیکە بووبێت؟

دکتۆر سەیف عەدنان قەیسی، لە لاپەڕە (156-157)ی (کنەکردن لە یادەوەریدا عەزیز محەمەد)، نووسیویەتی: (لەکاتێکدا یەڤگینی بریماکۆڤ ڕەهەندێکی دیکە دەداتە دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی سۆڤیەتییەکان و ئاماژە بە بڕیاری چوونە ناو بەرەی شیوعییەکان دەکات، واتە سەرکردایەتیی عەزیز محەمەد هەڵوێستی پێکهاتنی بەرانبەر دەسەڵاتی نوێ هەبووە و، حیزبی شیوعیی سۆڤیەتییش ڕۆڵێکی گەورەی لە هاریکاری کردنی حیزبی شیوعی عێراقیدا هەبووە تا باوەڕە چەپڕەوییە زێدەڕۆیەکەی لەخۆی دامالێ و، ئەوەش واژۆکردنی بەرەی نیشتمانیی لێکەوتەوە[42].

یەڤگینی بریماکۆڤ (1929.10.29-2015.6.26)، کە لە ماوەی نێوان (1996.1.10-1998.9.11)، وەزیری دەرەوەی ڕوسیاو

[41]- سعاد خيري، صدى السنين في كتابات شيوعي عراقي مخضرم، ص68.

[42]- يفغيني بريماكوف، الشرق الأوسط المعلوم والمخفي، ترجمة عبدالسلام شهباز، دار أسكندرون للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 2006، ص320.

پاشان لە نێوان (1998.9.11-1999.5.12)دا سەرۆک وەزیران بووە، لە پەرتووکەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە بەهۆی ڕۆڵ (گوشار)ی ڕوسەکان، چەپڕەوە توندڕەوەکانی نێو حشع هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە بەرەیەک لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی پێکبهێنن، ئەمەش بەدڵنیایی دەیسەلمێنێت کە حشع کلک و کریگرتەی ڕوسیا بووە، ئەگینا چۆن فشار دەخەنە سەر بە پێکانیان (چەپڕەوەکان) و بێ پێکان (ڕاستڕەوەکان)یش هی خۆیان بووینە.

سەمیر عەبدولکەریم، [43]سەبارەت بە سەودای نێوان سەلام عادل و سەرکردەکانی حزبی شیوعی سۆڤیەتی دەڵێ: (سۆڤیەت دان بەوەدا دەنێت کە سەلام عادل سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردەیەکی نێونەتەوەییە، کە پابەندی تەواوی بڕیارو ڕێنماییەکانی کۆنگرەکانی حزبە شیوعییەکانی جیهانی دەبێت، هەروەها پابەندی بڕیاری کۆنگرەکانی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی و ڕێنماییەکانی پارتی ناوبراو دەبێت کە ڕۆژنامەی پراڤدا و بڵاوکراوەکان دەری دەبڕن، لەگەڵ پابەند بوونیان بە بڕیاری کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی، لە بەرانبەریشدا سەرکردایەتی سەلام عادل لەلایەن ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی واتە کۆمنتێرن هاوکاری دەکرێت و پشتیوانی ورەیی (معنوي) و یارمەتی دارایی بە جۆرەها شێوە وەردەگرن). ئەم ڕێککەوتنەی سەلال عادلی سکرتێری حشع لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت، جۆرێک لە کرێگرتەیی و خۆفرۆشتن لە پێناوی

[43]- سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، الجزء الثاني (14 تموز 1958 - 8 شباط 1963) ص 177.

دەستکەوتی تایبەتی و یارمەتی دارایی ئاشکرا دەکات، تەنیا بۆ زیاتر چەسپاندنی پێگەی خۆی لەنێو حزبی شیوعیدا، واتە بۆ سەپاندنی دیکتاتۆریەت و باڵادەستی خۆی بووە. هەر ئەم ڕێککەوتنەی نێوان سەلام عادل و پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت، هاندەر بوو بۆ ئەوەی سەلام عادل ناميلكەيەک لەژێر ناوی (الأهمية التأريخية العالمية للمؤتمر الثاني والعشرين للحزب الشيوعي في الإتحاد السوڤيتي) بە مەبەستی پەروەردە کردنی ئەندامانی حشع چاپ بکرێت، کە دەقی ئەم وتارە بوو لە گۆڤاری (قضايا السلم والإشتراكية)، ژمارە (12)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (1961)دا بڵاو کرابۆوە[44].

پابەندبوونی حشع بە ڕێنمایی و بڕیارەکانی کۆنگرەی بیست و دووەمی پارتی کۆمۆنیستی ڕوسی چی دەگەیەنێت و چ واتایەکی هەیە؟ ئایە عێراق هەرێمێکە لە یەکێتی سۆڤیەت؟ وابەستەبوونی حشع بە ڕێنماییەکانی پارتی کۆمۆنیستی ڕوسیا، جگە لە خۆفرۆشی و کرێگرتەیی هیچ واتا و لێکدانەوەیەکی دی هەڵناگرێت.

لێرەدا دەپرسین: بۆچی سەلام عادل، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسیی حشع و ئەندامەکانیان، هەموو ئەو پابەندبوونە پەسند دەکەن لەپێناوی ئەوەی سەلام عادل لەلایەن ڕوسەکانەوە بە سکرتێری یەکەم بناسرێت و لەلایەن ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی (کۆمنتێرن)، هاوکاری و پشتیوانی لێ بکرێت؟ ئایە ئەمە خۆفرۆشتن و کلکایەتی نییە؟

[44]- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 179.

ئیبراهیم عەلاوی، نووسیویەتی: (کۆمیتەی ناوەندی حشع لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (1961)، بە ماوەیەکی کەم دوای گەیشتنی بڕیارەکانی کۆنگرەی بیست و دووەمی حزبی شیوعی سۆڤیەت بە عێراق، کۆبوونەوەی خۆی کرد، کۆبوونەوەکە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دەرئەنجامەکانی کۆنگرەی ناوبراو تەرخان کرابوو. لە ناوەڕاستی ئەو بارودۆخە سیاسیە نوێیەی عێراق و بەرزبوونەوەی ناڕەزایی گشتگیریی دژ بە سیاسەتی کلکایەتی و دەستەگەری سێ کەسی باڵادەست لەنێو حزبدا، کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا کە دریژکراوەی هێڵی سۆڤیەت بن. هەروەها یەکێک لەو بڕیارانەی کە لە کۆبوونەوەی تشرینی دووەمی ساڵی 1961 درا، ئەوەبوو: بەرنامەی نوێی حزبی شیوعی سۆڤیەت کە لەلایەن کۆنگرەی بیست و دووەم بڕیاری لەسەر دراوە، بەیاننامەی دووەمی شیوعییەکانە، یان بەیاننامەی شیوعییەکانە بۆ سەردەمی ئێستاکە)[45]، هەروەها کۆبوونەوەکە بڕیاری دا کە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی بیست و دووەم، بکرێنە بەرنامەی خۆپەروەردەکردن و خۆ ڕۆشنبیرکردن)[46]. بێگومان ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی حشع بڕیاری لەسەر داوە، کلکایەتی و وابەستەی تەواوی حشع بۆ ڕوسیا بوو، چونکە هیچ بڕیارێکی جگە لە پابەندبوونیان بە سیاسەتی ڕوسی و کلکایەتی کردنیان بۆ حزبی شیوعی ڕوسی، بەدەست عێراق نەهێشتۆتەوە.

[45]- ابراهم علاوي. الصراع في الحزب الشيوعي العراقي وقضايا الخلاف في الحركة الشيوعية العالمية، ص67.

[46]- هەمان سەرچاوە.

دوای مۆرکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەت (معاهدة الصداقة والتعاون بين العراق والإتحاد السوفيتي) له ڕۆژی (1972.4.9)، حزبی شیوعی عێراقی له بەیانی ڕۆژی (1972.4.12)دا بڕیاری یەکلاکەرەوەی سەبارەت به بەشداری کردنی خۆی له بەرەی نێوان خۆیی و بەعسی (بەکر – سەدام) بەمشێوەیە ڕایگەیاند: (حزبی شیوعی عێراقمان ئەم هەنگاوە مێژوویيە بەرز دەنرخێنێت، حزبمان ئامادەیی تەواوی خۆی بۆ کارکردن به هەموو تواناکانی خۆیی و بەبێ خۆپارێزی بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی له پێناوی بەرز ڕاگرتنی بەیداخی هاوڕێیەتی عێراقی و سۆڤیەتی ڕادەگەیەنێت[47]. ئەم دەربڕینەی حشع دەیسەلمێنێت که ئەوان تەنیا و تەنیا لەپێناو بەرژەوەندی سۆڤیەت ئامادەبوون که خۆیان بخەنه نێو ئاگرەوە، هەروەکو کردیشیان، هەروەها ڕایبگەیەنن که به هەموو توانای خۆیان، بێ هیچ دەستکەوت، مەرج و شەرمێک هاوکاری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بکەن، لەپێناو سەرکەوتنی پەیوەندی هاوپەیمانێتی نێوان ڕوسیا و عێراق. حزبی شیوعی عێراق، جگه له هاوکاری کردنی حزبی بەعس لەپێناوی سەرخستنی پەیماننامەی هاوڕێیەتی ڕوسیاو عێراق، هاوکاری تەواوی حکومەتی بەعسی عێراقی کرد بۆ شکستهێنانی شۆڕشی کوردستان. مام جەلال تاڵەبانی، له نامەیەکی خۆی که له ڕۆژی (1972.6.22)، بۆ سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان

[47]- سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق 30/17 تموز 1968 - 1979/78، الجزء الخامس، ص148.

نووسیویەتی، بەمشێوەیە باسی پلانی حزبی شیوعی عێراق، ڕوسیا و حزبی بەعس دەکات لەدژی سەرانی پارتی و شۆڕشی کوردستان: (کە گەیشتمە بەغدا بە گەرمی لەلایەن حکومەت، شیوعی و ڕوسەوە پێشوازی کرام، نوێنەرانی هەرسێ لایان هاتنە لام. هەرچەندە شێوازی قسەیان جیابوو، بەڵام یەک ئامانجیان هەبوو. ئەویش بریتی بوو لە هاندانمان بۆ ئەوەی پارتێکی پێشکەوتنخوازی کوردی دروست بکەین. بۆ دروستکردن (لەخشتەبردن، هاندان و بەڵێن/ مغریات. مشجعات و وعود)ی زۆر هەبوو. هەر لە پشتگیری و پشتیوانییەوە تا سەر ئۆتۆنۆمی. حکومەت، ڕوس و شیوعی نیازیان دروستکردنی گردبوونەوەیەکە دژی بارزانی بەناوی پارت یان کۆمەڵ یان هەر شتێکی دیکەوە بێت. مام جەلال لە دریژەی نامەکەیدا نووسیویەتی: دکتۆر مورادە هاتە لام، داوای لێ کردم کە پارتێک دروست بکەم، تا ڕوس و شیوعی یارمەتیم بدەن. حکومەتیش ئۆتۆنۆمیمان بداتێ بە کەرکوکیشەوە، چونکە ئامادەنین کەرکوک بە بارزانی بدەن. هەروەها گوتی ڕوس، حکومەت و شیوعی یارمەتیت دەدەن و زۆر کەس هەن و ئامادەن لەناو پارتی و لە دەرەوەی پارتی لەگەڵت بن، کۆمەڵێک هەن لە کوردی سەربەخۆ وەک هەمزە عەبدوڵڵا، نەژاد، خەسرەو و سالّح حەیدەری، خۆیان بە پێشکەوتنخواز دەزانن و پەیوەندییان بە دارا تۆفیقەوە هەیە. زۆرجار هاتنە لام و چوومە لایان. داوای پارتێکی کوردی یان گردبوونەوەیەکی کوردی پێشکەوتنخواز دەکەن کە بچێتە نێو بەرەوە. من بۆم شرۆڤەکردن کە ئەمە شکستخواردووە، چونکە ئەزموونی ئێمە هەیە، لە وەرامدا

گوتیان بەم سێ مەرجە سەرکەوتوو دەبێت: ا- پشتیوانی ڕوس بۆی - گوتیان دەبێت. ب- پشتیوانی حزبی شیوعی و پارتی شۆڕشگێڕی پێشوو - گوتیان ئەمەش پێویستە بێتەدی. ج- حکومەت ئۆتۆنۆمی بدات پێی - گوتیان دەبێت. حکومەت لای وایە کە باڵێکی پێشکەوتنخواز هەیە لە پارتیدا بریتین لە نوری شاوەیس، سالّح یوسفی، دارا تۆفیق، عەزیز عەقراوی، هاشم عەقراوی و مەلا ئیسماعیل، ئەمانە ئامادەن لەکاتی پێویستدا دژی باڵی ڕاستڕەوی پارتی بوەستن. ڕوسیش هەر لەو باوەڕەیە، بۆیە هەوڵیان دا من لەگەڵ ئەم باڵە یەکخەن و بۆ دواڕۆژ پێکەوە بین[48].

مام جەلال، سێزدە مانگ بەر لە دامەزراندنی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی نامەکەی ناردووە، واتە دوو مانگ دوای پەیماننامەی نێوان ڕوسیا و عێراقی بەعس بووە، ئەمەش دەریدەخات کە حشع بەر لە پێکهێنانی بەرە لەگەڵ بەعس، ئامادە بووە پلانی هاوبەش لەگەڵ ئەو حزبە و حکومەتی عێراق لە دژی شۆڕشی کوردستان دابڕێژێت. لەلایەکی دیکەوە ئاشکرا دەبێت کە حشع پێشتر لەگەڵ بەعس لە بەرەیەکی دژ بە کورد پێک هاتووە، بەڵام تەنیا واژۆکردنەکەی دواکەوتووە. بەگوێرەی نامەکەی مام جەلال حزبی شیوعی دەمێک بوو خەریکی ئەم پلانانە بووە:

هاندانی جەلال تاڵەبانی بۆ ئەوەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیابێتەوە و پارتێکی نوێ دابمەزرێنێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە نزیکەی سالّێک دەبوو لەگەڵ پارتی یەکی گرتبۆوە.

---

[48]- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول 1961-1975، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل300-304).

هانی 'جەلال تاڵەبانی'یان بۆ جیابوونەوە لە بارزانی داوە، بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانی کردنیان پێ داوە.

حزبی شیوعی عێراق، بە هاوکاری ڕوس لە هەوڵی دروست کردنی پارتێک بۆ تاڵەبانی لەدژی بارزانی بووینە.

دکتۆر موڕادی ڕەزماوەر[49] بە تاڵەبانی گوتووە: ئەگەر پارتێ نوێ دابمەزرێنیت، حکومەتی بەعس، حشع و ڕوسا یارمەتیت دەدەن، هەروەها لە دوای دامەزراندنی ئەو پارتە، چەند سیاسەتمەدارێکی کۆنە شیوعی ناو ڕیزەکانی پارتی لەگەڵ تاڵەبانی دەبن. هەڵبەت حشع قسەیان لەگەڵدا کردوون، بۆیە بەناوی ئەوانەوە بەڵێنی پشتیوانی بە تاڵەبانی دەدەن.

حشع داوای لە تاڵەبانی کردووە کە دوای دامەزراندنی پارتە نوێکە، لەگەڵ بەعس بچێتە نێو بەرەیەک، ئەمەش بەڵگەیە کە حشع پێشتر بڕیاری چوونە نێو بەرەی لەگەڵ بەعس داوە، بۆیە هەوڵدەدات لایەنی دیکەش بۆ نێو ئەو بەرەیە ڕابکێشێت. هەر ئەوانیش پشتیوانی ڕوسیاو 'حشع'یان بۆ دامەزراندنی پارتێکی نوێ و دژایەتی کردنی بارزانی و شۆڕشی کوردستان بە تاڵەبانی ڕاگەیاندووە. تەنانەت باسی ئەوەیان کردووە کە حزبی بەعس، لە

49- دکتۆر موراد عەزیزی ڕەزماوەر (1918/ کرماشان/ ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرای مێژوو بوو، کوردی لەکی فەیلی، دۆستی شەهید قاسملو و سەر بە حزبی تودەی (شیوعی) ئێرانی (1941.10.2) بوو، لەدوای شکستی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ئازربێجان چۆتە ڕووسیا، لە ساڵی (1959)دا لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و بارزانییەکان هاتوتەوە بۆ بەغدا، لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان (1959.10.7-4) و کۆنگرەی پێنجەم (1960.5.5)دا بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، کەچی لە ساڵانی (1972-1978)دا لەژێر کاریگەری ڕووسیاو حزبی شیوعی عێراق شانبەشانی ئەوان و حکومەتی بەعسی عێراقی دژ بە شۆڕشی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان وەستاوەتەوە، دواتر لە ڕێکەوتی (1980.4.10)دا لە ئیسپانیا مردووە و لە لەندەن نێژدراوە (پارتی پیدیا ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان).

ڕێی تاڵەبانی، یان پارتێکی کوردی پێشکەوتنخوازەوە ئۆتۆنۆمی بە کورد دەدات. حزبی شیوعی بەناوی حکومەتی عێراقەوە بە تاڵەبانی ڕادەگەیەنن کە حکومەت پێیوایە باڵێکی پێشکەوتنخواز لەنێو پارتیدا هەیە، با تاڵەبانی لەگەڵ ئەواندا خۆی ڕێکبخات و پارتێکی نوێ لە دژی باڵی مەلا مستەفا دابمەزرێنن، حزبی شیوعی و حکومەتی بەعس پێیانوابووە کە مەلا ماتۆڕ، عەزیز عەقراوی و هاشم عەقراوی لە پێشکەوتنخوازانی کوردن، کەچی دواتر هەرسێکیان وەکو حزبی شیوعی عێراق بوونە جاشی میری و لەدژی کوردو شۆڕشی کوردستاندا ڕاوەستان. لە لایەکی دیکەوە ڕوسەکانیش بەشێوەی حشع هەوڵیانداوە تا تاڵەبانی لەگەڵ ئەو سێ خۆفرۆشەی پێشتر ناویان هێنرا و چەند کەسێکی دیکەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکبخەن و پارتێکی نوێ لەدژی مەلا مستەفا دابمەزرێنن.

سەربەست بامەڕنی، پیاوی حکومەتە و خۆی بە بەعس فرۆشتووە و ناردوویانە بۆ دەوروبەری ئەسعەد خۆشەوی تا هەواڵیان بۆ بنێرێت. سەربەست عومەر حەسەن بامەڕنی (1945-2024.7.24)، حکومەتی بەعس لە هەفتاکان کردیە سەرنووسەری هەفتەنامەی هاوکاری، لەدوای ڕاپەڕینی (1991)یش چووە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە ڕۆژنامەی (ألإتحاد)دا لە دەستەی سەرپەرشتیار بووە، لە ساڵی (2003)دا چووە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و لە هەفتەنامەی (گوڵان)دا کرایە نووسەر، تا لە ڕۆژی (2024.7.24) کۆچی دوایی کرد.

حشع لەپێناوی پێکهێنانی بەرەی نێوان خۆی و بەعس، لە بەرەیەک پەشیمان بۆوە کە ڕۆژی (1972.5.13)، لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حشع پێکهاتبوو، سەبارەت بە پێکهاتن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەرەیە، ڕۆژنامەی برایەتی، کە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە ژمارە (22)ی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (1974.2.2)، لە بابەتی (کوردێکی پێشکەوتنخواز)، کە لە لاپەڕەکانی (1+7) بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە واژۆکردنی ڕێکەوتنێکی بەرەیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی دەکات، دوای ئەوەی شاندێکی مەکتەبی سیاسیی حشع لە ڕۆژی (1972.5.13)دا لە کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن و لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێن و بەرەیەکی دووقۆڵی دادەمەزرێنن:

سەربەستییە دیموکراتییەکان:

1. ڕاگرتنی ڕاونانی سیاسی و گرتنی ڕەشبگیری و دانانی سنووردێک بۆ ئازاردانی خەڵکی لە (قصر النهاية) و جێبەجێکردنی یاسا بە شێوەیەکی تەواو بەسەر هەموو گیراوەکاندا.
2. ئازادی ڕۆژنامەگەریێتی هێزە نیشتمانپەروەرەکان.
3. سەربەستی ڕێکخستنی ئاشکرا بۆ هەموو هێزە نیشتمانپەروەرەکان.

دەسەڵاتداریێتی سیاسی:

1. دیاریکردنی ماوەی ڕاگوزەری دەسەڵات، بە دوو ساڵ.
2. دامەزراندنی جڤاتی (مجلس) وەزیران.

3. جڤاتی نیشتمانی دابمەزرێت و مافی بڕیاردانی لەسەر یاسای دارایی و ئاسایشی نیشتمان و بەرگری هەبێت.

4. لە هیچ لایەکەوە هیچ یاسایەک بەبێ ڕەزامەندی جڤاتی نیشتمانی دەرنەچێت.

پرسی کورد:

1. جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێکەوتنەکەی 11ی مارت و دیاریکردنی سنووری ناوچە کوردییەکان.

2. لادانی ئەو بەندەی نێو ڕێکەوتنەکەی مارت، کە دەڵێ عێراق پارچەیەکە لە وڵاتی عەرەب، هەروەها گۆڕینی بە دەستەواژەیەک کە سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکەی مارت بگەیەنێت.

3. هەوڵدان بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەت متمانە بەیەکدی بکەن.

هاوکاری نیشتمانی:

1. هەوڵدانی بەردەوام بۆ پێکەوەنانی بەرەی نیشتمانی هەموو هێزە نیشتمانپەروەر و نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکان.

2. پێویستە گفتوگۆیەکی سێ قۆڵی یان فراوانتر لەپێناوی پێکهێنانی بەرەی ناوبراو بکرێت.

3. پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حشع لە پلەی مەکتەبی سیاسی و لقەکاندا و هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە لە ڕێکخراوەکانی خوارەوە و ڕێکخراوە پیشەییەکانیشدا جێی خۆی بگرێت.

4. هەوڵدان بۆ هاوکاریکردنی نێوان هەردوو حزب لە ناو ڕێکخراوە پیشەییە کوردستانییەکاندا.

5. هەردوو حزب بۆ جێبەجێ کردنی یاسای چارەسەری کشتوکاڵ هەوڵ بدەن[50].

دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنی ڕۆژی (1972.5.13)ی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق، شاندی حزبی شیوعی دەگەڕێتەوە بەغداد، کەچی لە ژمارە (23)ی ڕۆژنامەی برایەتی، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (1974.2.4)، لەبابەتی (کوردێکی پێشکەوتنخواز)، کە لە لاپەڕەکانی (1+7) بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە پاشگەزبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی حشع دەکات لەژێر کاریگەری ئەو دەستە شۆڤینستەی نێو کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق لە ڕێکەوتنەکە بە بیانوی ئەوەی ڕێکەوتن لەگەڵ پارتی ڕۆڵی نێگەتیڤانە دەکاتە سەر ڕێڕەوی گفتوگۆکانی حزبی بەعسی عەرەبی و حزبی شیوعی عێراق، هەرچەندە ڕێکەوتنەکە هیچ خاڵێکی لەدژی حزبی بەعس تێدا نەبوو، بەپێچەوانەوە داوا دەکرا حزبی بەعس و هێزەکانی دیکەش بێنە نێو بەرەکە و فراوانتری بکەن. کوردێکی پێشکەوتنخواز، پەشیمان بوونەوەی حزبی شیوعی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بە پابەندبوون بە ڕێکەوتن و بەرەکە، جێی کەسانی شۆڤینی و هەڵپەرست لەق دەبوو، بەپێچەوانەشەوە پێگەی ئەو کەسانەش بەهێزتر دەبوو کە لایەنگری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و شۆڕشی کوردستان بوون، کە ئەمەش بە زیانی شۆڤینییەکان کۆتایی دەهات[51].

---

[50]- برایەتی ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە ژمارە (0-26) (1974.1.1-1974.2.7)، ژمارە (83-86) (1974.2.16-1974.3.2)، پڕۆژەی هاوبەش زانکۆی زاخۆ و بنکەی ژین، ئامادەکردن عەبدوڵڵا زەنگەنە، سدیق سالح و ڕەفیق سالح، پڕۆژەی هاوبەش زانکۆی زاخۆ و بنکەی ژین، ل (231+237).

[51]- هەمان سەرچاوە.

مەکتەبی سیاسیی حشع، باش دەیزانی ئەگەر ئەو ڕێکەوتنە و بەرەیە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان مۆر بکات و بڵاوبکرێتەوە، حزبی بەعسی عەرەبی تورِە دەبێت و ئامادە نابێت لەگەڵ حشع هیچ بەرەیەک مۆر بکات، بۆیە ڕێکەوتنە بەرەییەکەی خۆیی و پارتی هەڵوەشاندەوە، چونکە باش دەیزانی حزبی بەعسی عەرەبی بە ناوهێنانی (قصر النهاية)، کە لە خاڵی (1)ی سەربەستییە دیموکراتییەکان ئاماژەی پێ کراوە، لە خاڵی (1+3+4)ی دەسەڵاتداریێتی سیاسی، ئامادە نییە ماوەی گواستنەوەی دەسەڵاتی لەلایەن هیچ حزب و هێزێکەوە بۆ دیاری بکات و خۆی بڕیاردەری ڕەهایە کە خۆی بە خاوەنی دەسەڵات دەزانێت، ئامادە نییە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بەسەردا بسەپێنن و جاری یەکەم لە ناوەڕاستی ساڵی (1980)دا دایمەزراند، بەڵام یاسای دارایی، ئاسایشی نیشتمانیی و بەرگری هەر بەدەست ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هێشتەوە. خاڵی چوارەم هەرچەندە ناوی هیچ دەزگەیەک نەهاتووە، بەڵام مەبەست ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة)یە، کە حزبی بەعس هەرگیز ئامادەنەبوو ئەو ئەنجومەنە هەڵوەشێنێتەوە، کە خۆی بە تاکە سەرچاوەی بڕیاردان و دەسەڵات دەزانی، هەرواشی کرد و دوای بەرەی خۆیی و حزبی شیوعیش مایەوە. سەبارەت بە پرسی کوردیش، حزبی بەعس هەرگیز ئامادەنەبوو خاڵی یەکەم و دووەم جێبەجێ بکات، بۆیە شۆڕشگێنیستەکانی حشع لەنێو مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی ڕێکەوتنەکەی ڕۆژی (1972.5.13)ی نێوان شیوعی و پارتیان هەڵوەشاندەوە، بەتایبەت کە دەسەڵات، دارایی

زەبەڵاح و خۆشگوزەرانی لای حزبی بەعسی عەرەبی و حکومەتی عێراق مسۆگەر دەبوو، نەک لای پارتی دیموکراتی کوردستان.

عەزیز محەمەد، سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1987.7.29)، لە وڵاتی سوریا باسی ئەوەی بۆ شەوکەت خەزنەدار کردووە، کە لە سەردەمی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی، لە دوا چاوپێکەوتنی خۆیدا لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆمار، بەر لەوەی عەزیز محەمەد عێراق بەجێبهێلێت، سەرۆک کۆمار ڕۆژنامەیەکی (طريق الشعب)ی بەدەستەوە بووەو لەوی پرسیوە، ئەبو سعود، بەڕاستی ئەم ڕۆژنامەیە لە عێراق دەردەچێت/ حقا أبو سعود، هذه الجريدة تصدر في العراق؟ دیارە عەزیز محەمەد هیچ وەڵامێکی پێ نەبووە بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر، بەڵام بۆ شەوکەت خەزنەداری باسکردووە کە بەعسییەکان دەیانەوێت لە سۆڤیەتەکانیشمان بکەن، ڕۆژنامەی (طريق الشعب) پڕبوو لە بابەتی جۆراوجۆر سەبارەت بە یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها حزبی بەعس خۆیان وازیان لە بەرە هێنا. نەک ئێمە[52]. پرسیاری ئەحمەد حەسەن بەکر و ڕوونکردنەوەی عەزیز محەمەد بەڵگەن بۆ ئەوەی کە حشع نەک تەنیا سێبەر بەڵکو کلک، کرێگرتە، کۆیلە و داردەستی سۆڤیەت بووە.

جەلال دەباغ: (دەرفەتێک لە ساڵی (1959)دا لە (رأس القرية)دا بۆ حشع هاتە پێشەوە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، ئەوکاتەی لەلایەن سەدام حوسێن و عەبدولوەهاب ئەلغرێری لە عەبدولکەریم قاسم دراو بریندار کرا،

[52]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، ص426.

کۆمیتەی سەربازی حشع داوادەکەن دەسەڵات لە عێراق بگرنە دەست، بەڵام نەکرا، چونکە پێیانوابوو ڕەنگە ئیمپریالیزم ئیستیفزاز بێت، ڕەنگە شکست بێنێ و ژێرکەوتوو بین، لەبەرئەوە نایکەین و هەر پشتیوانی عەبدولکەریم قاسم دەکەین).

لێرەدا دەپرسین: ئەگەر حشع، ئیمپریالیزمی بە دوژمنی سەرەکی خۆی زانیوە، بۆچی لەبەر بێزاربوون و تورەبوونی ئیمپریالیزم نەیویستووە دەسەڵات بگرێتە دەست ؟ هۆکاری دەسەڵات نەگرتنە دەستی حزبی شیوعی عیراق لە عێراقدا، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:

یەک: شیوعییەکان ئەو هێزەیان نەبوو.

دوو: باوەڕیان بە توانای خۆیان نەبوو.

سێ: ترس لە ئیمپریالیزم، ئەمریکا، وڵاتانی عەرەبی، ئیسلامی و دراوسێ.

چوار: ڕوسیا و خرۆشۆف ڕێیان پێ نەدەدان و داوایان لە حزبی شیوعی عێراق کردبوو پشتیوانی قاسم بکەن.

پێنج: لە نەخۆشخانەی (دار السلام)، بۆ پاراستنی عەبدولکەریم قاسم پاسەوانی و ڕێوشوێنی تۆندوتۆڵ گیرابووە بەر.

سەبارەت بە هەوڵنەدانی حشع بۆ وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات لە عێراق، مالک سەیف نووسیویەتی: (لە هاوینی ساڵی 1946، بە بیر فەهدم هێنایەوە کە لە سەر ڕۆشنایی تێزەکانی لینین سەبارەت بە یاسای بنچینەیی لینینی بۆ شۆڕش، پێم گوت کە هەردوو مەرجی سەرەکی بۆ شۆڕش کردن لە سەردەمی حکومەتی ئەڕشەد ئەلعومەری لە ئارادان. ئەو گوتی: ڕاستە ئەندامانی حزبەکەمان

ئامادەن بۆ خەباتی شۆڕشگێڕی تا مردن، ئەمەش مەرجی یەکەمی شۆڕش کردنە، بەڵام مەرجی دووەم هێشتاکە لە ئارادا نییە، کە بە بەردەوامی حکومەت مانگرتن و خۆپیشاندانەکانمان سەرکوت دەکات، هاونیشتمانی بەزۆر بۆ ڕاژەی سەربازی دەنێرێ و باج وەردەگرێت. هەتا گەر هەردوو مەرجەکەش لە ئارادابن، ئێمە ناتوانین بۆ یەک ڕۆژیش دەسەڵات بپارێزین، چونکە هێزە نەیارەکانمان لە ناوخۆ و دەرەوە دەمان خنکێنن)[53]. ئەو وەڵامەی فەهد پێمان دەڵێت کە سەرانی حزبی شیوعی هەر لە سەردەمی فەهد–ەوە تا پوکانەوەی حزبەکەیان لە هەوڵی وەرگرتنی دەسەڵات، باوەڕیان بەخۆیان نەبووە؛ هەروەها بەرنامەشیان بۆ گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات نەبووە. ئەی خەباتی سەرەکی هەر پارتێکی کۆمۆنیستی لە هەموو جیهان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و جێبەجێ کردنی بەرنامە و مانیفێستی کۆمۆنیستانە نییە؟ ئەگەر دەسەڵات نەگرنە دەست، چۆن بەرەو سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم هەنگاو دەنێن؟ کاتێک فەهد و حشع بەرنامەی گۆڕینی دەسەڵات و وەرگرتنی دەسەڵاتی عێراقیان نەبووبێت، ئایا ئەوە دوورکەوتنەوە و لادان نییە لە ڕێبازی مارکسیسم و کۆمۆنیزم؟ لە لایەکی دیکەوە ئەگەر تەنیا باوەڕیان بە خەباتی سیاسی هەبووە، ئەی باشە بۆ بە نیمچە نهێنی و نیمچە ئاشکرا خەباتیان دەکرد؟

حشع، حزبێکی لادەر بووە و هەرگیز نەیویستووە دەسەڵاتی عێراق بگرێتە دەست. لەم بارەیەوە دکتور تاریق یوسف ئیسماعیل،

[53]- مالک سیف رمح، للتأریخ لسان ذکریات وقضایا خاصة بالحزب الشیوعي العراقي منذ تأسیسه حتی الیوم، ص 155.

نووسیویەتی: (ئەم کۆنفرانسە یەکەم ناپاکی بوو لە بیروباوەڕی مارکسی لینینی فەهد، کە حشع بەرەو میانڕەوی گۆڕا بەشێوەیەک کە شایستەی ئەوە نییە ناوی حزبی شیوعی بێت) [54]. هەروەها دکتۆر تاریق یوسف خۆیشی سەبارەت بە لادانی حزبی شیوعی لە ڕێبازی مارکسیزم – لینینیزم، باسی ئەوە دەکات کە سەلام عادل سیاسەتێکی پراگماتیزم (ڕێژەگەرایی، بەرژەوەندیخواز، جەختکردنەوە لەسەر ئەزموون و پشتگوێ خستنی بیروبارەڕ)، لە ئاست هێزە نیشتمانییەکان گرتە بەر تەنیا لەپێناوی کۆکردنەوەو یەکگرتنیان لەدژی ڕژێمی عارفی، کە ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بەئاشکرا دووربکەونەوە لە پرانسیپی ململانێی چینایەتی و خۆیان ڕادەستی بۆرژوای نیشتمانیی کرد[55]. گەشەکردنی ناسەرمایەداریش لە عێراق لەلایەن حشع سیاسەتێکی پراگماتیزی ئەو حزبە بوو، چونکە حشع جەختی لەسەر ئەزموونی گەشەکردنی ناسەرمایەداری شێوەی مەنگۆلیا دەکردەوە بە پشتگوێ خستنی بیروباوەڕ و پرانسیپەکانی مارکسیزم و کۆمۆنیزم.

جەلال دەباغ: (سەرکردەکانی حزبی شیوعیمان هەمیشە ئازابوون، بە ئەزموون بوون، کەمترینیان بۆ نموونە سزای لە سێدارەدانی هەبووە، سزای بیست ساڵ زیندانی کردن و هەتاهەتایی هەبووە، کۆڵی نەداوە، قەت ترسنۆک نەبووینە، بەڵام هەڵەیان کردووە ئەمە شتێکی ترە).

---

[54]- طارق يوسف اسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ص.144. پشت بەستن بە (حسقيل قوجمان، ثورة 14 تموز 1958 في العراق وسياسة الحزب الشيوعي، ص40-54)، سەبارەت بە لادانی حشع لە بنەما سەرەکییەکانی پرانسیپی مارکسیزم، لینینیزم و سۆسیالیزم لە کۆنفرانسی دووەمی حزبی شیوعی لە (1956.9.10).

[55]- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 147.

گەر سەرکردەکانی حشع سەرکردەی بە ئەزموون بوونایە، هەرگیز چارەنووسی (حشع و عێراق) بەم ڕۆژگارە نەدەگەیشت، کە بەشێکی هەرە زۆری دواڕۆژی کارەساتباری عێراق لە ئەستۆی حشع دایە، چونکە نەیتوانی ڕۆڵێ پێشڕەوی خۆی لە ڕزگارکردنی (چینی کرێکار، جوتیار، ڕەنجدەر و چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکەی نێو عێراق) ببینێت و هەرگیز نەیتوانی ببێتە پارتی پێشڕەوی کرێکارانی عێراق. سەرکردەی هیچ حزبێکی عێراقی و کوردستانی بەو ڕەهاییەی کە دەباغ باسی دەکات ئازانەبووینە، نموونەی مالک سەیف ڕمح (کە گەڕاندیانەوە سەر پیشەی خۆیی و لە سەردەمی بەعس و بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (928)ی ڕۆژی (1977.8.20)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش موچەکەیان بۆ کردە سەد و پەنجا دینار کە هاوتای موچەی وەزیرێک بوو، یەهودا ئیبراهیم صدیق (1920/ بەغدا)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە ڕۆژی (1948.10.18)دا گیراو لە ڕۆژی (1949.2.15)دا لە سێدارە درا، جاسم محەمەد ئەلتەعان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، سامی ئەحمەد عەباس ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی سەربازی (القیادة المرکزیة)، عەدنان چلمێران، مالک مەنسور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە ساڵی (1970)دا کرایە ڕاوێژکار لە وەزارەتی نەوتی عێراق، هادی هاشم ئەلئەعزەمی بەرپرسی مەکتەبی سەربازی (لجنة المرکزیة)، پیتەر یوسف (القیادة المرکزیة) دێنمەوە، کە لە پاداشتی ڕوخانەکەیی و دانپێدانانی زۆری لەلایەن حکومەتی عێراق لە ساڵی (1970)دا کرایە باڵوێز لە بۆینس ئایریس لە ئەرجەنتین، کە ئەوانەی سەرەوە هەموویان بەبێ ئەشکەنجەدان

ڕووخان، خۆیان و دەیان سەرکردە و کادیریان ڕادەستی ئەمنی عێراقی کرد، ئەو بانگێشانەی ناوبراو ڕەتدەکاتەوە. کەسێکی وەکو هادی هاشم ئەلئەعزەمی کە جێگری سەلام عادل بوو، پێشتر لەدوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کەریم قاسم (1958.7.14)، بۆ ئەوەی ژمارەیەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کادیری حشع کە جولەکە بوون و لە زیندان ئازاد بکرێن، مەرجی کەریم قاسم لە بەرانبەر ئازاد کردنیان پاکانەکردن بوو لە ناسیۆنالیزمی خۆیان و خۆ تۆمارکردنیان بوو بە عەرەب، هادی هاشم زۆر بێشەرمانە ئەو داوایەی لە زیندانییە جولەکەکان کرد، بەڵام هیچیان ئەو داوایەیان پەسەند نەکرد.

جەلال دەباغ: (قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان سۆڤیەت ڕاستەوخۆ دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی حشع نەکردووە، بڵێ ئەوە بکەن و ئەوە مەکەن، بەڵام ئێمە خۆمان ئەوانەی ئەوانمان بە هەند وەردەگرت! سیاسەتێکی سەربەخۆمان هەبووە لەژێر کاریگەری سۆڤیەت بەو مانایەی کە بۆم باسکردی، حزبی شیوعی عێراق خۆی بە ویستی خۆی سیاسەتی سۆڤیەت و حزبی شیوعی سۆڤیەتی بە هەند و پڕ بایەخ وەرگرتووە، بەڵام ئەوان ڕۆژی لە ڕۆژان نەهاتوون شتێک بەسەر حشع بسەپێنن).

حەنا بەتاتۆ نووسیویەتی: (دوای ماوەیەک دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە ڕوسەکان ئاگاداری شیوعییە عێراقییەکانیان کردەوە کە دامەزراندنی حکومەتێکی شیوعی لە عێراق، گەر نەبێتە دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕۆژئاوا – بە پشتبەستن بە قسەی وەزیری دەرەوەی حکومەتی قاسم کە ئەمریکیەکان فڕۆکەی جەنگیان لە

ئەڵمانیاوە گواستەوە بۆ بنکەی عەدەنی ئاسمانی – دەبێتە هاندان و ئامادەکردنی تەواوی حکومەتە عەرەبییەکان لە دژیان، بەهۆکاری ئەوەش کە سۆڤیەت سنووری هاوبەشی لەگەڵ عێراق نییە، بۆیە سۆڤیەت ناتوانێت بە هێزی سەربازی هاوکارییان بکات و گەردەنیان لە پەتی سێدارە ڕزگار بکات کاتێک کە هەڵسن بە کۆدەتایەک و شکست بێنن، یان هەتا ئەگەر سەرکەوتنیان هێناو دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەڵام گرفتیان هاتە پێش و کێشەی پاراستنی ئەو دەسەڵاتەیان هەبوو)[56]. هەروەها نەجم مەحمود سەبارەت بە کۆیلایەتی و کلکایەتی حشع بۆ سۆڤیەت نووسیویەتی: (جەمال عەبدولناسر سازشی بۆ یەکێتی سۆڤیەت کرد سەبارەت بە بانگەشەکانی دەربارەی عێراق و بەڵێنی دا کە دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم پەسەند بکات بەرانبەر بە بەڵێنی سۆڤیەتی بە ڕێگەگرتن لە حشع لە وەرگرتنی دەسەڵات لە بەغدا. پێدەچێت کە عەبدولناسر پشتیوانی نوێی لە سۆڤیەت وەرگرتبێت بەوەی کە وەکو سەرکردەیەکی عەرەبی دانی پێدا بنێن، بەڵام لە دەرەوەی سنووری عێراق)[57]. ئەوەی کە حەنا بەتاتۆ و نەجم مەحمود (ئیبراهیم عەلاوی)، ئاماژەیان پێداوە (100%) گوێڕایەڵی و وابەستەیی حشع بە سەرانی مۆسکۆ دەسەلمێنێت، سەرەڕای ئەو دوو نموونەیەش لە سەرەوەدا کۆمەڵێک نموونەی کلکایەتی، نۆکەرێتی، داردەستی و مەقاشی دەستی ڕوسیای حزبی شیوعی عێراق دەسەلمێنن.

[56]- حنا بطاتو، العراق الكتاب الثالث الشيوعيون والبعثيون والضباط الأحرار،ص 214.
[57]- نجم محمود، المقايضة: برلين - بغداد الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، ص 236 .

جەلال دەباغ: (دروشمی (عاش زعيمي عبدالكريمي ... حزب الشيوعي بالحكم مطلب عظيمي/ بژی سەرکردەکەم، عەبدولکەریمەکەم .. بەشداری حزبی شیوعی لە دەسەڵات داوایەکی بەرزمە)، بەهیچ شێوەیەک دروشمی حزب نەبووە).

بەڕاستی شەرمە مرۆڤ ئاگای لە ڕابردوو، مێژوو، دروشم، داواکاری و هەڵوێستی پارتەکەی خۆی نەبێت. حزبی شیوعی ئەم دروشمەی لەدوای داوای بەشداری پێکردنی حزبی شیوعی لە دەسەڵات بەرزکردۆتەوە، کە دوو بۆ سێ ڕۆژ بەر لە یادی جەژنی کرێکارانی ساڵی (1959)، لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی (إتحاد الشعب)، کە ئۆرگانی حشع خۆیەتی، حزبی شیوعی داوای بەشداری پێکردنی شیوعییەکانی لە حکومەتی قاسم کردووە. لەو بارەیەوە ئیبراهیم عەلاوی دەڵێ: (لە دەستپێکی وتاری ڕۆژنامەی (إتحاد الشعب)ی ڕۆژی 28ی نیسانی 1959، داواکرابوو کە حزبی شیوعی لە وەزارەت بەشداری پێ بکرێت لەپێناوی نۆژەنکردنەوەی کۆمارەکە لە مەترسی هەڕەشەکەر و پیلانگێڕی کۆنەپەرستیەکان. هەروەها لە ڕۆژی 29ی نیسان داوایەک لە کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لە ڕۆژنامەی (إتحاد الشعب)دا بڵاوکرایەوە کە داوای بەشداری پێکردنی لە وەزارەت کردبوو بەگوێرەی پشکی فەرمی، کە وەکو دروشمێک لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی واژۆ کرابوو. لە وتاری قاسم بە بۆنەی جەژنی کرێکاران لە ئێوارەی 30ی نیسانی (1959) کە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ سەرکردایەتی حزب، چونکە قاسم بڕیاری سڕکردنی حزبی دا لە هێزە چەکدارەکان

لەگەڵ هێرش کردنە سەر حزبی شیوعی، کەچی زۆر بەپەلە لەم داواکارییانە پەشیمان بوونەوە)[58].

سەرەڕای ئەوەی ئیبراهیم عەلاوی باسی ئەوەی کردووە کە بەشداری پێکردنی حزبی شیوعی لە دەسەڵات داوایەکی حشع بووە، موەفەق خەلەف غانم مهبەش ئەلعەلیاوی نووسەری (نزيهة الدليمي و دورها في الحركة الوطنية و السياسية العراقية)، باسی ڕەخنەی حشع دەکات. لەوەی کە گوایە کەریم قاسم بەشداری پێکردنی حزبی شیوعی لە وەزارەت فەرامۆش کردووە، بەمەش هەڵمەتێکی هۆشیاری لە ڕۆژی (1959.4.28)، لەنێو ڕێکخستن و لایەنگیرانی حشع دەستی پێکردووە بە ئامانجی ئەوەی حکومەتی قاسم بەشداری بە حزبی شیوعی بکات لە حکومەتدا. بەقسەی موەفەق خەلەف غانم گوایە دوای خۆپیشاندانەکەی یەکی ئایاری ساڵی (1959)، کە حزبی شیوعی دروشمی (عاش زعيمي عبدالكريمي ... حزب الشيوعي بالحكم مطلب عظيمي/ بژی سەرکردەکەم، عەبدولکەریمەکەم .. بەشداری حزبی شیوعی لە دەسەڵات داوایەکی بەرزمە)ی بەرزکردبووەوە، کەریم قاسم ناچار بوو کە نەزیهە دلێمی بکاتە وەزیری شارەوانی؛ سەرچاوە: (دکتۆر سەیف عەدنان قەیسی، کنەکردن لە یادەوەریدا عەزیز محەمەد، ل70). ئەوەی کە دکتۆر سەیف عەدنان ئەلقەیسی لە پەرتووکی (نزيهة الدليمي و دورها في الحركة الوطنية و السياسية العراقية)ی نووسەر موەفەق خەلەف وەریگرتووە، پێمان دەڵێت کە بەشداری

[58]- إبراهيم علاوي (نجم محمود)، الصراع في الحزب الشيوعي العراقي وقضايا الخلاف في الحركة الشيوعية العالمية، ص 36.

پێکردنی حشع لە وەزارەتی قاسمی داوایەکی حزبی شیوعی بووە، کەچی جەلال دەباغ و بە هەزاران شیوعی دیکە نکۆڵی لەم داوایەی شیوعی دەکەن، چونکە کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی هەر زوو لەم داوایە پەشیمان بۆوە. هەرچی سەبارەت بەوەی کە کەریم قاسم گوایە بەهۆی داواکاری خۆپیشاندەران نەزیهە جەودەت ئەلدلێمی (1923–2007.10.9)، کردبێتە وەزیری شارەوانی، هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە، چونکە:

یەک: بە چاوسوورکردنەوەیەکی کەریم قاسم لە شیوعییەکان، کۆمیتەی ناوەندی حشع پەشیمان بۆوە و بێئاگایی خۆی لەم داوایە نیشان دا و ڕایگەیاند کە ئەمە داواکاری جەماوەر بووە نەک حزبی شیوعی عێراق.

دوو: بەهۆی سەرکوتکردنی کۆدەتای شەواف لە موسڵ لە ڕۆژی (1959.3.8)دا لەلایەن شیوعییەکان و کوشتنی خەڵکی بێتاوان و خۆپیشاندانی یادی یەکەم سالڕۆژی (14ی تەممووز)، کە حشع داوای بەشداری پێکردنی لە حکومەت کرد، هەروەها لە کەرکوک تورکمانیان کوشت، قاسم زۆر لە حزبی شیوعی تورە ببوو، بە دەیان و سەدان ئەفسەری شیوعی لە سوپا دوورخستەوە و خانەنشینی کردن (کە فەرمانە کۆماریییەکان بۆ دەرکردنی ئەفسەرەکان لە ئەرشیف لای خۆم پارێزراون)، گەر فشاری شیوعی لەسەر بوایە ئەو ئەفسەرە شیوعییانەی دەرنەدەکرد.

سێ: دانانی نەزیهە جەودەت ئیشکەح ئەلدلێمی بە وەزیری شارەوانی بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (480)ی ڕۆژی (1959.7.13)، هیچ پەیوەندی بە فشاری حشع لەسەر قاسم

نەبووە، کە نزیکەی دوو مانگ و نیو دوای خۆپیشاندانەکەی (1959.5.1)ی جەژنی کرێکاران و یەک ڕۆژ پێش کۆمەڵکوژی تورکمانی کەرکوکە، کە کەریم قاسم لەسەر ئەو کوشتارە زۆر لە حزبی شیوعی تووڕە بوو، چونکە بەرگری میللی سەر بە حزبی شیوعی ئەو کوشتارەی کرد، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە وەزارەت و وەزیرەکان کرد، ناوی دوو وەزارەتی گۆڕیوە، دوو وەزارەتی هەڵوەشاندەوە، هەشت وەزارەتی نوێ و شەش وەزیری دامەزراندووە. قاسم، دوای کەمتر لە ساڵێک و بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (263)ی ڕۆژی (1960.5.3)، نەزیهە لە وەزیری شارەوانی لاداو پۆستی وەزیری دەوڵەت (بێ وەزارەت)ی پێدا، دوای نزیکەی شەش مانگ و نیو بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (677)ی ڕۆژی (1960.11.15)، لە کار لایدا، کە نەزیهە تێکڕا یەک ساڵ و چوار مانگ و دوو ڕۆژ وەزیر بووە.

جەلال دەباغ: (هێزە کۆنەپەرستەکان و ئیمپریالیزم سوئی ئیستفادەیان لە ناهۆشیاری میللەت وەردەگرت نەک حزبی شیوعی عێراق).

هێزی کۆنەپەرست ئەوەیە کە ڕۆژێک پشتیوانی لە حکومەتێکی کۆنەپەرستی وەکو عەبدولڕەحمان عارف بکات و هەوڵبدات خۆی هەڵوەشێنێتەوە و لەگەڵ (ألإتحاد العربي ألإشتراكي)ی ڕەگەزپەرست یەکبگرێتەوە و ڕۆژی دووەم لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی فاشی و شۆڤینی عەفلەقی پێشنیاری تێکەڵبوونی هەردوو حزب بکات. ئەی بۆ شیوعییەکان بە شانازییەوە باسی ئەوە دەکەن کە ڕەحمان شێخەشەل ئەندامی حزبی شیوعی

دەچووە سەر گردێک و بەهۆی چەند داوێکی ساختەوە گوایە قسە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم دەکات و داوای ئەوە لە قاسم دەکات، کە بە مەتر یان گوریس زەوی بەسەر جوتیاراندا دابەش بکات، مام ڕەحمان شێخەشەل دوای داخستنی بەناو پەیوەندی کردنەکەی بە زەعیم قاسمەوە باسی ئەوەی دەکرد کە گوایە زەعیم بڕیاری داوە ناوبراو بە ئارەزووی خۆی زەوی با بەسەر جوتیاران دابەش بکات. ئایە ئەوەی شێخەشەل دەیکرد سوئی ئیستیفادە نەبوو لە ناهۆشیاری میللەت و جەماوەری حزبی شیوعی؟ لەنێو خەڵکی هەولێر ئەو دروشمە ناسراوە، کە جوتیارەکانی دەشتی هەولێر دوای هەڵخەڵەتاندنیان لەلایەن ڕەحمان شێخەشەل و حزبی شیوعی عێراقەوە، تێکڕا لەخۆشی زەوی وەرگرتن ئەو دروشمەیان دەگوتەوە: (بژی گەل، ڕۆڵەی گەل، مام ڕەحمانی شێخەشەل).

بەشی سێیەم:

کاوە ئەمین: (هەندێک دەڵێن حزبی شیوعی هەڵوێستێکی خراپی هەبووە، لەبەر ئەوەی پشتیوانی لە قاسم کردووە، هەندێک دەڵێن نەخێر پشتیوانی لە شۆڕش کردووە. دەتوانین بڵێین هەم لە نالْ و هەم لە بزماری داوە). جەلال دەباغ: (نەخێر وا نەبووە بە هیچ جۆرێک، وە حزب هەڵوێستێکی ڕاشکاو، ڕوون و ئاشکرای هەبووە. هەروەکو لە پێشا باسم کرد، ئەو بزووتنەوەیە هی چەند دەرەبەگ و ئاغایەکی کورد بوو لەدژی باجی زەویوزار. وەکو بۆم باسکردی لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد، برایم ئەحمەد هات لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی، شاندێکی ئەوان و مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوە، بڕیاریاندا

بەیاننامەیەکی هاوبەش دەرکەن، بەناوی حشع و بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. برادەران مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدیان ڕاسپارد کە خۆی بەو شێوەیەی دەیەوێ بەیاننامەکە بنووسێت. ئەویش بەیاننامەیەکی نووسی کە لە ڕاستیدا دژی ئەو جوڵانەوەیە بوو، وە هی دەرەبەگەکان و ئەوانە بوو. لە پاشان ناوی هەردوو حزبی لەسەر بوو، مەکتەبی سیاسی هەردوولا، وە نوێنەری پارتی برایم ئەحمەد، ئەویش لەو ڕۆژانەدا گەڕایەوە کوردستان، بۆ دیداری بارزانی، لەوێوە هەواڵی نارد بۆ هاوڕێیان و گوتی: (ئەو بەیاننامەیە ناوی پارتی لەسەر لابەرن و بەناوی پارتییەوە بڵاوی مەکەنەوە)، ئینجا برادەرانیش تەنیا بەناوی حزبی شیوعی بڵاویان کردەوە. خەڵک وا دەزانێت ئەو بەیاننامەیە لەدژی شۆڕشی ئەیلول بووە، بەس لە ڕاستیدا وانەبوو).

کاتێک کە برایم ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و سەردانی مەلا مستەفای بارزانی دەکات، دواتریش هەواڵی بۆ حزبی شیوعی ناردووە کە ناوی پارتی لەسەر بەیاننامە هاوبەشەکە لادەن، ئەوە بەدڵنیایی دەیسەلمێنێت کە بە بڕیاری مەلا مستەفا بووە، کەچی جەلال دەباغ لە بەرنامەی (پەنجەمۆر) تۆمەتەکە دەخاتە ئەستۆی برایم ئەحمەد و ناوێرێت ناوی مەلا مستەفا بەرێت کە ئەو بڕیاردەر بووە بۆ پاشگەزبوونەوە لە بەیاننامە هاوبەشەکە، هەرچەندە هیچ زانیارییەکی دروستم نییە لەسەر ڕاستی و ناڕاستی ئەو قسانەی دەباغ سەبارەت بە نووسینی بەیاننامە هاوبەشەکە و پاشگەزبوونەوە، بەتایبەت کە برایم ئەحمەد لە ژیاندا نەماوە و دەباغ-یش بەهیچ شێوەیەک جێگەی باوەڕ نییە!

بۆ ئەو بزووتنەوەیە (شۆڕشە)، بزووتنەوەی ئاغا و دەرەبەگ بووە، بۆ شۆڕشی گەلی کوردستان نەبووە لەدژی ستەم،

زۆرداری، جێبەجێ نەکردنی مادەی سێی دەستوری کاتی عێراق سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد، چەوساندنەوە و هەوڵی قەڵاچۆکردنی کورد و بەعەرەبکردنیان نەبوو لەلایەن ڕژێمی قاسم؟ مەسعود بارزانی[59]، یاداشتێکی نووسینگەی هەمیشەیی دەستەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی یەکگرتوو لە کوردستان-ی بە میژووی (1958.10.18)، بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق، بە بەڵگەی ژمارە (33) داناوە، کە لە یاداشتەکەدا پارتی سکاڵا لە بێ هەڵوێستی حشع دەکات لە بەرانبەر جێبەجێ نەکردنی مافەکانی گەلی کورد لەلایەن قاسمەوە، بەهۆی ئەم یاداشتە و دوای چەند دانیشتن و گفتوگۆیەکی نێوان سەرکردایەتی پارتی و حزبی شیوعی، لە ڕۆژی (1958.11.10)، هاوپەیمانی هاوکاری هاوبەش لەنێوانیان مۆرکرا، لەپێناوی جێبەجێکردنی مادەی سێی دەستوور کە کورد پەلەی لە جێبەجێکردنی ئەو مادەیە دەکرد و حکومەتی قاسمیش تا ڕوخانی هیچ هەنگاوی نەنا. هاوپەیمانێتییەکە سەبارەت بە کورد ئەم خاڵانەی خوارەوەی لەخۆدەگرت:

یەکەم: دانپێدانان بە مافەکانی گەلی کورد، لەنێویاندا مافی بڕیاردانی چارەنووس.

دووەم: ڕیشەکێشکردنی بیر و بزووتنەوە جیاخوازەکان و کارکردن بۆ پتەوکردنی برایەتی و هاوکاری نێوان دوو نەتەوە سەرەکییەکەی عەرەب و کورد.

[59]- مەسعود البارزانی، البارزاني والحركة التحررية الكوردية الكورد وثورة 14 تموز 1958/ 14 تموز 1958 - 11 أيلول 1961، الجزء الثاني، ص 74 ,73.

سێیەم: پابەندبوون بە مادەی سێیەم لە دەستووری کاتی کۆماری عێراق و کارکردن لەپێناو جێبەجێکردن و داڕشتنی یاسایەک کە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد مسۆگەر بکات.

چوارەم: کارکردن لەپێناو گرنگی دان بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد کە تایبەتن بە کارگە و بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاستی خۆشگوزەرانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستی.

پێنجەم: پتەوکردنی برایەتی نێوان گەلی کورد و کەمەنەتەوەکانی کوردستان و مسۆگەرکردنی پیادەکردنی مافەکانی ئەم کەمینانە بە تەواوی.

تەماشای خاڵی یەکەم و دووەمی هاوپەیمانێتییەکەی سەرەوە بکەن، کە دوو خاڵی تا سەر ئێسقان دژ بە یەکن، لە خاڵی یەکەم حزبی شیوعی دان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کورد دادەنێت، کەچی لە خاڵی دووەم ڕێگری لە پیادەکردنی خاڵی یەکەم دەگرێت بە (ڕیشەکێشکردنی بیر و بزووتنەوە جیاخوازەکان)، کە جیاخوازەکان بەلای شیوعییەکان و نەتەوەپەرستانی عەرەب ئەو کوردانەن کە سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوەی کوردیان لە عێراق دەوێت، ئەمەش بەڵگەیە بۆ زاڵبوونی بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی لەنێو حزبی شیوعی عێراق، ئەگینا مافی بڕیاردانی چارەنووس جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراقی داگیرکەر دەگەیەنێت! ئەوەی حزبی شیوعی دەیکات ڕێک وەکو ناسیۆنالیستە عەرەبە ڕەگەزپەرستەکانن کە دەستووری کاتی عێراقیان لە ساڵی (1958)، نووسی و لە بەندی دووەم نووسیویانە (عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب) و لە بەندی سێیەمیش

نووسیویانە (عەرەب و کورد هاوبەشن لەم وڵاتەدا و ئەم دەستورە لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراق مافە نەتەوایەتییەکانیان دیاری دەکات)، کە بەندی دووەم ڕێگرە لە جێبەجێکردن و هەڵوەشاندنەوەی بەندی سێیەم، دەستووری کاتی عێراق و کەریم قاسم هەرگیز بەپێی دەستور مافەکانی کوردیان دیاری نەکرد و نەدا، کە بووە هۆکاری سەرەکی هەڵگیرساندنی شۆڕشی کوردستان لەدژی ڕژێمی قاسم لە ڕۆژی (1961.9.11)، جا با هەر حزبی شیوعی عێراق هۆکارەکە بەتەنیا بۆ هەوڵی پیادەکردنی یاسای ژمارە (30)ی چارەسەری کشتوکاڵ و کێشەی نێوان ئاغا و جوتیار بگەڕێنێتەوە، کە بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکانی حشع خۆیان ڕژێمی قاسم ڕژێمێکی دیکتاتۆر بووە، بەڵام تەنیا گوایە دژی ئیمپریالیزمە ئەوان پشتیوانی لێ دەکەن!

زۆر هاوڕام لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دکتۆر ڕەفیق سابیر، کە لە ڕۆژی (1991.6.13)دا لە لاپەڕە (5-11)ی پێشەکی بەرگی یەکەمی پەرتووکەکەی فاتیح ڕەسوڵ (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردمان ڕووداو و بەڵگەنامە 1979)، نووسیویەتی، ژیرانە ئاماژەی بە بیری شۆڤینیستی عەرەبی نێو حشع کردووە و نووسیویەتی: (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان کرایە بەشێکی بچووک و کەم نرخی بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆن و دیموکراتی عێراق و ڕووەو ئامانجی ئەوان چەواشەکرا. باسکردنی ئەم پەرتووکە، ناچارم دەکەن ئەگەر بەجۆرێکی ڕاگوزەرانەش بێ باس لە ڕۆڵی کۆمۆنیستی کوردستان بکەم لەنێو بزووتنەوەی کوردا، چونکە سەرباری هەموو دڵسۆزی

و قوربانی و نەبەردییان هێشتا شوێنی شیاوی خۆیان لەنێو بزووتنەوەی گەلەکەیاندا نەگرتووە و، ئیمڕۆ لە جاران زیاتر وەک پاشکۆ و پەیڕەوکاری هێزە کوردستانیەکان ماونەتەوە. بە ڕای من هۆی سەرەکی ئەم دیاردەیە لەوەوە هاتووە کە کۆمۆنیستانی کوردستانی عێراق هێشتا پەیڕەوکار و پێوەندکراوی حزبێکی سەرانسەری عێراقین کە خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی عەرەب و، عێراقیش بە هەردوو هەرێمی عەرەبی و کوردستانییەوە بە بەشێک لە وڵاتی عەرەب دادەنێت. لە هەمان کاتدا خۆ بە دۆست و هاوپەیمانی، نەک بە بەشێک، لە بزووتنەوەی گەلی کوردستان دەزانێت، بۆیە ئەم حزبە لە بەرژەوەندی گەلی عێراق و عەرەبەوە بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان دەڕوانێت و بە درێژایی ڕاپەڕینی چەکداری گەلی کوردستان، ئەم حزبە، تەنیا کاتێ ڕێی بە کۆمۆنیستانی کوردستانی داوە بەشداری لەم ڕاپەڕینەدا بکەن کە ئەم بەشداریەیان بە قازانجی بەرژەوەندی عێراقچییانە و عەرەبچییانەی حزبەکە بوو بێ ئەم تراژیدیا – کۆمیدیایە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ئێستا چەندان جار دووبارە و سێ بارە بۆتەوە. پرسەکەش، بە بۆچوونی من هەر لەوەوە نەهاتووە کە سەرکردایەتی ئەم حزبە وانە و پەند لە مێژوو وەرناگرێت، بەڵکو لەوەیش دایە کە تا حزبی شیوعی بەم چەشنە بۆ پرسی گەلی کورد و کوردستانی داگیرکراو بڕوانێت، ناتوانێت و بگرە مەحاڵە بتوانێت، بە جۆرێکی تر ڕەفتار بکات. ئەم دیاردەیەش پرسی حزبی سەرانسەری لە وڵاتانی فرەنەتەوەو فرە نیشتمانیدا دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە و بۆ خەڵکی نەتەوەی ژێر دەستی

ئەم وڵاتانە وەک ئەفسانەی لێدێت، چونکە ئەم جۆرە حزبانە مەحاڵە بتوانن بەیەک ئەندازە خواست و ئاواتی نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتدار و خواست و ئاواتی نەتەوەی ژێردەست و داگیرکراو دەربڕن، ئەوەتا هەموو ئەم جۆرە حزبانە لە سۆڤیەتەوە تا یۆگۆسلاڤیا و تورکیا و عێراق و ئێران و هتد، لە جەوهەردا هەر بە حزبی نەتەوەیی سەردەست و دەسەڵاتداری ئەم وڵاتانە دەرچوون. هەر هەموویان لەگەڵ ئەوەی ناوی حزبی کرێکاری و کۆمۆنیستی و ئینتەرناسۆنالییان بەسەر خۆیاندا بڕیوە و لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری ڕۆڵەی نەتەوە ژێردەستەکانی نێو ئەم وڵاتانە قوربانی بێ ژمارەیان لە ڕیزی ئەم حزبانە داوە، کەچی ئەم حزبانە بە تۆندی وەک حزب و هێزە شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرستەکانی نەتەوەکەیان دژی سەربەخۆیی و سیاسیی و نیشتمانیی نەتەوە ژێردەستەکانی وڵاتەکەیان وەستاونەتەوەو ئەم سەربەخۆییە بە لەتکردنی خاکی پیرۆزی وڵاتەکەیان دەزانن! لەوەیش زیاتر حزبە دەسەڵاتدارەکانیان، لەوانە حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی شۆڤێنیستانە و هەوڵی تواندنەوەی نەتەوە ژێردەستەکانی وڵاتەکەی خۆیان داوە. بەکورتی لام وایە کۆمۆنیست و مارکسییەکانی کوردستان تەنیا ئەوکاتە دەتوانن ڕۆڵی شیاوی خۆیان لەنێو بزووتنەوەی نەتەوەکەیاندا بگێڕن کە سەربەخۆیانە و لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی گەل و نیشتمانەکەیاندا بڕیار وەربگرن و، لە هەموو کات و سەردەمێکدا، ڕژێم لە بەغدا یان تاران هەر چییەک بێ، ئەوان بەشێکی ئۆرگانێکی دانەبڕاوبن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، چونکە، بۆ ئێمەی کوردستانی، هیچ

پرسێک لە پرسی ئازادی گەلەکەمان و سەربەخۆیی نیشتمانە داگیرکراوەکەمان پیرۆزتر نییە. ئەمە ڕاستییەکە، ئەگەر تا دوێنێ لەژێر کارتێکردنی ئەفیونی ئایدیۆلۆژیدا دەرکمان پێنەکردبێ، ئەوا هەر نەبێت لەناوبردنی بە کۆمەڵی نەتەوەکەمان و بەعەرەبکردنی نیوەی کوردستانی خواروو، ڕاونانی ملیۆنان خەڵکی کوردستان، بەسن بۆ ئەوەی دەرکی پێبکەین). کەواتە تێگەیشتن ئەوەی حشع بە شیوعییە کوردەکانیشەوە کردوویانە لە ڕوانگەی بۆچوونی عێراقیانە و نەتەوەپەرستانەی عەرەبی شیوعییە عەرەبەکان بووە لەپێناو بەرژەوەندی عێراق و عروبە، چونکە حزبی شیوعی عێراق خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی عەرەبی زانیوەو دەزانێت. حشع، هەردەم لە بەردەم بەرژەوەندی کورد و باشووری کوردستان ڕێگر بووە، چونکە لە بەرژەوەندییەکانی عێراق و عەرەبەوە لە بەرژەوەنییەکانی کورد و کوردستان دەڕوانێت، هیچ کاتێک لەگەڵ هێزە نەتەوەپەرست و کۆنەپەرستەکانی عەرەبی و عێراقی بۆ وەستانەوە لەدژی سەربەخۆیی کوردستان ناکۆک نەبووە، تەنیا ئەوکاتە ڕێی بە شیوعییە کوردەکان یان حزبی شیوعی عێراق داوە بەشداری شۆڕشی کوردستان بکەن کە بەرژەوەندییەکەیان لە بەرژەوەندی عروبە و عێراقدا بێت، یان بە مەبەستی خۆپاراستنیان بووە لە ڕژێمەکانی بەغدا.

باشە گەر کەریم قاسم تا ئەو ڕادەیە دیموکراسی، ئازیخواز بووە و شیوعییەکان داکۆکی لێ دەکەن، ئەی بۆ تا ساڵی (1960)، بیست و دوو هەزار شیوعی و لایەنگری ئەوانی زیندانی کردووە، (270) ئەندامی لێ تیرۆر کردوون، لەنێوان ناوەڕاستی ساڵی (1959) تا

مانگی ئایاری ساڵی (1960)، سەد و دوازدە (112) ئەندام و دۆستی ئەوانی ڕەوانەی سێدارە کردووە، سەرەڕای دەرکردنی (1800) ئەفسەری شیوعی و کورد لە سوپا کە لایەنگری ڕژێمی قاسم بووینە کە فەرمانی کۆماری دەرکردنی زۆربەیانم هەیە (لە ئەرشیڤی خۆم پارێزراون)، لەگەڵ دەرکردنی نەزیهە جەودەت ئەلدلێمی لە وەزارەت[60]. ئەی بۆ دوای دەرکردنی یاسای پارتەکان لە ڕۆژی (1960.1.1)، حکومەتی قاسم و وەزارەتی ناوخۆ لە ڕۆژی (1960.2.22)، مۆڵەتی بە حزبەکەی داود سائیغ دا و ئەوەی سەلام عادل–ی ڕەتکردەوە؛ لەسەر داواکەی حشع (إتحاد الشعب) نووسیبووی: ئەوانە بەکرێگیراون (إنهم عملاء)؟ ئەی ئەگەر قاسم ئەوەندە دیموکراسی بوو، بۆ لە ڕۆژی (1960.9.16)، تەواوی لقەکانی یەکێتی گشتیی خوێندکارانی عێراق (الإتحاد العام لطلبة العراق)ی لە تەواوی خوێندنگە ئامادەییەکان داخست؟[61].

شۆڕش کردن و وەستانەوە لەدژی ڕژێمێکی دژ بە دیموکراسی و ئازادی وەکو ڕژێمی قاسم، هەروەها زەوتکردنی مافەکانی گەلی کورد و چەوساندنەوەیان، گەر ڕەوا نەبێت، ئەی چی ڕەوایە، دکتۆر تاریق یوسف ئیسماعیل، لە زاری حشع و بە پشت بەستن بە (ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمیتەی ناوەندی حشع لە تشرینی دووەمی 1961، ناوەڕۆکی نادیموکراسی، نائازادی و چەوسێنەری

[60]- هادي حسن علوي، علاقات عبدالكريم قاسم بألاحزاب السياسية ... الحلقة الثانية (العلاقات مع الشيوعيين)، (2021.5.28)، موقع كتابات الألكتروني.

[61]-حنا بطاطو، العراق الكتاب الثالث الشيوعيون والبعثيون والضباط الأحرار، ص259 + جريدة(إتحاد الشعب)، يوم (1960.9.17)؛ (دكتور طارق يوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ص216.

ڕژێمی قاسممان بۆ شرۆڤە دەکات و لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: (پێکهاتەی هاوبەشی نێوان حکومەتی ئێستا و حکومەتەکانی ڕژێمی پاشایەتی لەناوچوو (عهد المباد)، لە دژایەتی کردنی دیموکراسی، بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد، بوونی سەرجەم ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ئازادیە گشتییەکان یەک دەگرنەوە)[62]. ئەی کەواتە بۆ شیوعیەکانی عێراق ڕەخنەی توند لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرن لەسەر ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان شۆڕشی لەدژی ڕژێمێکی لەم شێوەیە کردووە و ئاگاداری کۆدەتای بەعسییەکان بووە لە (8)ی شوباتی ساڵی (1963) لەدژی دەسەڵاتی کەریم قاسم و ئەوانیان ئاگادار نەکردۆتەوە، مادام پێکهاتەی دەسەڵاتی پاشایەتی و دەسەڵاتی قاسم هەمان پێکهاتە بن لە دژایەتی کردنی دیموکراسی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئازادی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ئازادی کارکردنی سیاسیی؟

جەلال دەباغ: (هۆکاری ئەو تیرۆرانەی لە سەرەتای ساڵانی شەستەکان لە سلێمانی کران، کێشەی چینایەتی بوو).

ئەو تیرۆرانەی ساڵانی شەستەکان کە جەلال دەباغ بە کێشەی چینایەتی دەیبەستێتەوە، زۆر لە ڕاستیدا دوورە، چونکە هۆکاری تیرۆرکردنەکان باوەڕنەبوون بە ئازادی سیاسیی و دیموکراسی بووە، لەگەڵ نزمی ئاستی هۆشیاری تەواوی حزبەکانی ئەو سەردەمە، کە لەبەر جیاوازی بیروبۆچوون، پەنایان بۆ چەک و تیرۆر بردووە.

[62]- طارق يوسف اسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ص229.

جەلال دەباغ: (ناونانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی کوردستان لە کەرکوک بە پەروەردەی قلیاسان لەلایەن ئەندامانی حشع بەهیچ جۆرێک ڕاست نییە).

لێرەدا ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی مام جەلال دەدەم[63] کە لە ناوەڕاستی ساڵی (1959)دا سەبارەت بە ڕەفتاری ناحەزانەی حشع بەرانبەر بە کورد، کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی ئەم پارتە بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ناردووە. ئەوەی مام جەلال لە ڕاپۆرتەکەدا باسی کردوون، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕەفتاری بەعسییەکانی دوای خۆیان نییە و ئەوانیش هەندێکیان لە شیوعییەکان وەرگرتووە. شیوعییەکان، لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتی کەریم قاسم و تا هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی (1961)دا لە کوردستان باڵادەست بوون و دواتر گلۆرەیان کەوتە لێژی و پارتی باڵادەستتر بوو. بەرپرسانی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵانی (1958-1960)دا، پارتییەکانیان دەگرت و زۆریان لێ دەکردن بڵێن: (بڕوخێ کورد و کوردستان)، کە نەیاندەکرد، لە زیندانی خۆیان ڕادەگیران و دەستبەسەر دەکران، لە سلێمانی، ڕواندز، کۆیە و هەڵەبجە شیوعییەکان دروشمی (مردن بۆ کورد و کوردستان)یان دەگوتەوە، شیوعییەکان لە شاری کەرکوک بە هاوکاری ئەفسەری شیوعی عەمید ڕوکن داود سەلمان عەباس ئەلجەنابی (1918-1963.2.11)، فەرماندەی تیپی دووی سوپای عێراق لەنێوان (1959.3.14-1959.6.29) و ڕائید مەهدی حەمید عەسکەری فەرماندەی (المقاومة الشعبية)ی شیوعییەکان ئەوپەڕی دژایەتی کورد، کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرا بە

[63]- دەقی ڕاپۆرتەکەی مام جەلال لە بەڵگەنامەکان دادەنێم.

کاری توندوتیژی نامرۆڤانەشەوە، خەڵک ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل (السحل) کە داهێنانی شیوعییەکانە، دروشمی (پارتیەکەمان پارتی سەگە پارتی ئاغاو دەرەبەگە)، یان (پارتیەکەمان پاتری جافە حزبی ناسر و شەوافە)، تەنانەت لە شاری کەرکوک لەدژی کورد و کوردستان پشتیوانی تۆرانییەکان بوون؛ موکەڕەم تاڵەبانی ئەندامی کۆمیتەی حشع لە بەردەم پارێزگاری کەرکوک و ژمارەیەک لە کورد و تورکمان باسی ئەوەی کردبوو کە حکومەتی عێراق بە دانانی بەندی سێ (عەرەب و کورد هاوبەشن لەم وڵاتەدا/ العرب والأكراد شركاء في هذا الوطن) لە دەستووری کاتی عێراق هەڵەی کردووە، بیری شۆڤینی و کۆلۆنیالیزمە[64]. دکتۆر جەمال نەبەز، لە پەرتووکەکانی خۆی باسی هەمان گاڵتەپێکردنی ئەندامە کوردەکانی حشع بە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی کوردستان دەکات، کە شیوعییەکان بە پەروەردەی قلیاسان ناویان بردووە، شیوعییە کوردەکان لەکاتێکدا ئامادەبن بڵێن: (بڕوخێ کورد و کوردستان) و (مردن بۆ کورد و کوردستان)، چۆن بە پەروەردەی کوردستان نالێن پەروەردەی قلیاسان؟ هەروەها خۆیشم لە دایک، باوک، کەسوکار، دراوسێ، دانیشتوانی هەولێر، شارەدێکان و گوندەکانم بیستووە، کە ئەندامە کوردەکانی حشع لە پارێزگای هەولێر بە بەردەوامی دروشمی: (عەبدولکەریم ڕەئیسە با بمرێ پارتە پیسە)یان گوتۆتەوە. تەنانەت لەکاتی دەسەڵاتی کەریم قاسم، ئەندامانی پارتی دیموکراتی

[64]- مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكوردية الكورد وثورة 14 تموز 1958/ 14 تموز 1958- 11 أيلول 1961، ص256-264.

کوردستان و حشع بەوە لە یەک جیادەکرانەوە کە پارتییەکان دەیانگوت: (ڕۆژتان باش) و شیوعییەکانیش دەیانگوت (السلام علیکم)[65]؛ تەنانەت سڵاوی ئیسلامیانەیان بەلاوە باشتر بووە لە قسەکردن بە زمانی کوردی، ئاخر بۆیە هیچ گومانم لەوە نییە کە شیوعییەکان هەڵگری ئەو دروشمە قێزەونانە بووینە کە باسم کردوون.

حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی هاوپەیمانی هەشت نۆ ساڵەی شیوعی، هەردووکیان دژی کورد و کوردستان بوون، ئەندامانی حشع تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش دروشمی (بڕوخێ کورد و کوردستان) و (مردن بۆ کورد و کوردستان)یان دەگوتەوە و باوەڕیان بە سەربەخۆیی کوردستان نەبوو، بە سەدان و هەزاران ئەندامی ئەو حزبە کاتێک سەبارەت بە کوردستان گفتوگۆیان لەگەڵ دەکرا، دەیانگوت: (هاوڕێ ئەوە لەبیر خۆت بەرەوە، ئێستا کوردستان پارچەیەکە لە دەوڵەتی عێراق و خەباتی ئێمە بۆ ڕزگارکردنی چینی کرێکارە بە کورد، عەرەب و گشت کەمەنەتەوەکانی دیکەوە، دواتر هەنگاونان بەرەو سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، کە لە قۆناغی کۆمۆنیزم سنووورەکان هەڵدەگیرێن و تەواوی وڵاتانی دونیا دەبن بە یەک وڵات بۆ کرێکاران، کە ئەوە ئاواتی دوورمان بێت بۆ کوردستان جیابکەینەوە لە عێراق کە لە داهاتوودا هەر دەبێ یەک بگرنەوە)، کەواتە حشع چۆن باوەڕی بە سەربەخۆیی کورد و کوردستان هەیە، بۆیە هەرچییەک لە بەرنامەی خۆیان بۆ چارەسەری پرسی کورد نووسرابێت و

[65]- سەڵاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، ل45.

نووسیبێتیان مایەی باوەڕ پێکردن نییە و تەنیا بۆ ڕاکێشانی کوردە بۆ نێو حزبەکەیان، بەعسییەکانیش بەشێوەی شیوعییەکان باوەڕیان بە پرسی کورد و کوردستان نەبوو، کەچی بەناو ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانیان بەناوی بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز (کە لە ڕاستیدا نە بەرە، نە نیشتمانیی و نە پێشکەوتنخواز بوو، بەڵکو هاوپەیمانییەکی کۆنەپەرستانەی نەتەوەیی شۆڤینیستانی عروبی بوو)، کە بەپێی دەرکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عێراق ژمارە (33)ی ڕۆژی (1974.3.11)، دانیان بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان نابوو، بەڵام حکومەتی بەعس بە سەدان خوێندکاریان فەلاقە کرد و زیندانیان کردن، تەنیا لەبەرئەوەی لەسەر پەرتووکەکانیان نووسیبوویان (بژی کورد و کوردستان)، چونکە بەعس دانی بەو نیوە ئۆتۆنۆمییە نابوو لەپێناو مردنی کورد و کوردستان نەک لەپێناوی هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان.

بەرگری میللی حزبی شیوعی عێراق، مێژوویەکی پڕ لە کوشتن، ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل، ڕاکێشان بەدوای وڵاغ، توندوتیژ، قێزەون و دەرچوون لە یاسا لە عێراق و کوردستانی هەیە. سەبارەت بە ڕۆڵی نێگەتیڤانەی بەرگری میللی حزبی شیوعی عێراق، مەسعود بارزانی نووسیویەتی: (ئامانج لە دامەزراندنی بەرگری میللی چەکدارکردنی میللەت و مەشق پێکردنی لەسەر بەکارهێنانی چەک بۆ پارێزگاری کردن لە حکومەتی کۆماری بوو شانبەشانی سوپا لەدژی مەترسییە دەرەکییەکان، بەڵام ئەم ئامانجە گۆڕا بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەناو دەوڵەت و ڕۆڵی نەخشە بۆ

کێشراوی خۆی تێپەڕاند، گەر تاوانەکانی پاسەوانی نەتەوەیی (الحرس القومي) کە لەدوای کۆدەتای شوباتی 1963 دروست بوو، گەلانی عێراق هەرگیز دەست دریژییەکانی بەرگری میللی لەبیر نەدەکرد)[66].

لێرەدا دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر موکەڕەم تاڵەبانی ئاماژە بە هەڵوێستێکی تری نێگەتیڤانەی ئەو بدەم، کە ئەوکات پالێوراوی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی ئێراق، جاش وەزیری بەعس، هەمان کاتیش سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژی کوردستان (شمس کردستان) بووە، لە لاپەڕە (32-33)ی ژمارە (42)ی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، تشرینی دووەمی ساڵی (1976)، لەکاتی لە سێدارەدانی (شیهابی شێخ نوری، مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید کۆیی و ئەنوەر زۆراب)، بەناوی (دنیادیدە)، وتارێکی لەژێر ناوی (قسەی نەستەق: سەرکۆتەڵەکەی ماوە پێمانی بهارن)، بڵاوکردۆتەوە، زۆر نالۆژیکانە هێرشی کردۆتە سەر شۆڕشی نوێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەندامانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و پێشمەرگە، بە سەگی گوندەکانی لەیلان و تەپەلویان دەچوێنێت، لەکاتێکدا کە موکەڕەم خۆی جاش و سەگی بەعس بوو[67].

[66]- البارزاني والحركة التحررية الكوردية وثورة 14 تموز 1958/ 14 تموز 1958 - 11 أيلول 1961، الجزء الثاني، ص77.

[67]- دەقی نووسینەکەی موکەڕەم تاڵەبانی لە بەشی بەڵگەنامەکان دانراوە.

بەشی چوارەم:

جەلال دەباغ: (ئەوکاتە حکومەتی عەبدولسەلام عارف چەند نامیلکە و پەرتووکی گەورەی دەرکرد لەسەر تاوانەکانی بەعس، گوایە بەعسی لادا لە دەسەڵات، لەلای ئێمە (حزبی شیوعی عێراق) هەندێک نزیکبوونەوە بوو لەگەڵ دەسەڵات، بەڵام عەبدولسەلام عارف خۆی توندڕەو بوو بە بیروباوەڕی دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم، وە نەهاتە ژێر بارەوە و نزیک بێتەوە لێمان).

جەلال دەباغ، ڕاستگۆ نییە و نایەوێت دان بە ڕاستییەکاندا بنێت. حشع و سەرانی ئەو حزبە لەدوای هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولسەلام عارف بە کەمتر لە ساڵ و نیوێک، دوای کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی حشع لە مانگی تەممووز و ئابی ساڵی (1964)دا لە پراگ لە چیکۆسلۆڤاکیا و هەڵبژاردنی محەمەد عەزیز بە سکرتێری یەکەم، نەک تەنیا نزیکبوونەوە لەنێوان حزبی شیوعی و دەسەڵاتی عەبدولسەلام، بەڵکو حشع دەستی بە پیاهەڵدان بە شان و باڵی ڕژێمی عەبدولسەلام کرد، کە هەمان ڕژێمی تاوانبار و دڕێژکراوەکەی بەعس بوو. هەر لە مانگی ئابی ساڵی (1964)، دەستەیەک کە زۆرینە بوون لەناو کۆمیتەی ناوەندی حشع کە بە هێڵی ئاب (خط آب) ناسران، لە کۆی نۆزدە ئەندام حەڤدەیان لەگەڵ هێڵی ئاب و لایەنگری ڕژێمی دیکتاتۆری عەبدولسەلام عارف بوون، هێڵی ئاب تەنانەت پشتیوانی خۆی بۆ عەبدولسەلام محەمەد عارف و ڕژێمە ڕەگەزپەرست و دیکتاتۆرەکەی دەربڕی و پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی حشع و چوونە ناو یەکێتیی سۆشیالیستی عەرەبی (ألإتحاد الإشتراكي

العربي)ی پارتە شۆڤینیستەکەی ناوبراوی کرد، بەڵام دواتر سەری نەگرت. عەزیز ئەلحاج و ئارا خاجادور، ئەو دوو ئەندامە بوون لە چواردە ئەندامەکە کە دەنگیان بۆ هێڵی ئاب نەداو لەدژی وەستانەوە.

جەلال دەباغ: (لەو ماوەیەدا ڕێبازێکی ڕاستڕەوانە لە هەندێ هاوڕێیانەوە چەسپا، یەک لەوانە بەناوی مونیر ئەحمەد کە نوێنەرمان بوو لە گۆڤاری (قضايا السلم و ألإشتراكية)، وتارێکی نووسی وەکو داواکردن بۆ یەکگرتن لەگەڵ (الإتحاد الإشتراكي العربي) هاتە پێشەوە، مونیر ئەحمەد بەداخەوە هاوڕێ بەهاء (بەهائەدین نوری) بوو. بەهائەدین نوری، بازیشی دەدا لەم پەڕی ڕاستڕەوەوە بۆ ئەو پەڕی چەپەوە، وە بە پێچەوانەشەوە هەندێ جار چەپی پەڕگر و هەندێ جار ڕاستڕەوی پەڕگر بوو. لەبەر ئەوە خۆیشی دانی بەوەدا نا لەم دواییە کە حزب لەو نەهجە (ڕێبازە) پەشیمان بۆوە، وە ئەو نەهجی یەمینیەی خەتی ئاب ئیدانە کرا. لەو ماوەیەدا نزیک بوونەوەیەک هەبوو لەگەڵ (الإتحاد الإشتراكي العربي)یا، تەنانەت حزب برادەرێکی نارد و چووە مەکتەبی سیاسی حزبی ناوبراو، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوان ڕۆڵ ببینێ، کە ئەویش مامۆستا و هاوڕێ فەلەکەدین کاکەیی بوو. لەدواییدا ئەو (فەلەکەدین)، موقتەنع نەبوو، وازی لێیان هێنا و چووە ناو پارتی).

حزبی شیوعی عێراق، هەر لەو ڕۆژەی کە لە سەرەتای ساڵی (1949)دا، لەگەڵ پارتێکی دەستکردی خۆی بە ناوی پارتی ڕزگاری نیشتمانیی (حزب التحرر الوطني/ 1945.9.22)، کە پارتێکی بۆرژوازی نیشتمانیی بوو یەکیان گرت، حزبی شیوعی خەسڵەتی چینایەتی خۆی لەدەستدا، چونکە پارتی ڕزگاری

نیشتمانیی پارتێکی بۆرژوازی سەرجەم چین و توێژەکان بوو، سالم عوبێد ئەلنوعمان (1921/ عانة/ الأنبار -2012.2.22/ هەولێر)، لەم بارەیەوە نووسیویەتی[68]: (فەهد: دامەزرێنەر، ڕابەر و ڕێنماییکەری حزبی ڕزگاریی نیشتمانیی بوو)، کە حوسێن محەمەد شەبیبی سەرۆک و سالم عوبێد ئەلنوعمان خۆی سکرتێری ئەو پارتە دەستکردەی فەهد بووینە، مادام سالم عوبێد ئەو بۆچوونەی هەبێت، کەواتە ئیتر بەڵگەی دیکەی ناوێت. دواتر تەنیا بەهائەدین نوری ڕاستڕەوی پەڕگر نەبووە و هەر ئەویش بە تەنیا داوای یەکگرتنی لەگەڵ یەکێتیی سۆشیالیستی عەرەبی (الإتحاد الإشتراكي العربي) نەکردووە، بەڵکو ڕێبازی ڕاستڕەوی پەڕگر لەنێو حشع وەکو ڕەوتێکی گەورە هەبووە، کە بە خەتی ئاب ناسرابوون و هەموویان خوازیاری خۆهەڵوەشاندنەوەی حشع و چوونە نێو یەکێتیی سۆشیالیستی عەرەبی بووینە، هەرچەندە ئەگەر بەهائەدین نوری بەتەنیاش داوای ئەو یەکگرتنەی بکردبایە، هەر لەسەر حزبی شیوعی عێراق هەژمار دەکرێت، مادام حشع لەسەر ئەم بۆچوونەی لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکات. سەیرە لە کۆبوونەوەکانی تەممووز و ئابی (1964)، حەڤدە ئەندام لەکۆی نۆزدە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حشع پشتیوانی هێڵی ئابی سازشکارو ڕیڤیژینیست بووینە، کە بەهائەدین نوری یەکێک بووە لە حەڤدە ئەندامەکەی سەر بە هێڵی ئاب، بەڵام دەباغ بۆ لادانی سەرانی حشع کە نوێنەرایەتی هێڵی ئابیان دەکرد، بەهۆی ڕقێکی شاردراوەی هەمووی لە بەهائەدین نوری قەتیس کردۆتەوە؟ لایەنگرانی هێڵی ئابی (1964)، لە

[68]- سالم عوبيد النعمان، الحزب الشيوعي العراقي بقيادة فهد،ل137.

کۆبوونەوەکانی پراگ و ناوەوەی عێراق بریتی بوون لە: (ئارا خاجادور، باقر ئیبراهیم ئەحمەد ئەلموسەوی، بەهائەدین نوری شێخ بابە عەلی، سابت حەبیب ئەحمەد ئەلعانی، حوسێن سوڵتان حەمادی سەبی ئەلخالیدی، زەکی خەیری سەعید، سالّح مەهدی دگلە، سەمینە ناجی یوسف (هاوسەری عادل سەلام)، عامر عەبدوڵڵا عومەر ئەلعانی، عەبدولسەلام عەبدولعەزیز مالّوڵڵا ئەلناسری، عەزیز ئەلحاج، عومەر عەلی شێخ محەمەد ئەلیاس، کەریم ئەحمەد داود، ماجد عەبدولڕەزا نوری ئەلتائی، محەمەد عەزیز ئەحمەد عەبدوڵڵا، مەهدی عەبدولکەریم محەمەد، ناسر عەبود خەلەف ئەلقەترانی، نەزیهە جەودەت ئیشکەح دلێمی (1923-2007.10.9) و نوری عەبدولڕەزاق حوسێن ئەلبەیاتی و چەند کەسێکی دیکە)، کە دواتریش زۆربەیان لە سالّی (1973-1979)دا چوونە پالّ بەرەی بەعس و سەدام، حزبی شیوعی عێراقیان بەرەو نەمان برد.

حشع ئەوەندە شەیدای خۆهەڵوەشاندنەوە و چوونە نێو یەکێتیی سۆشیالیستی عەرەبی عارفی دەکرد، تەنانەت ویستوویەتی لقێکی یەکێتیی سۆشیالیستی عەرەبی لە باشووری کوردستان بکاتەوە، لەکاتێکدا لە سەردەمی فەهدەوە دژایەتی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ناسراو بە ژێکاف (لە ڕۆژی 25ی گەلاوێژی 1942، دامەزراوە)، پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی هیوای کورد، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان (یەکێتیی تێکۆشین)، حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق کە بە شۆڕش ناسرابوو (ئەیلولی سالّی 1944، دامەزرابوو)، پارتی ڕزگاری کورد (شوباتی 1945، دامەزراوە)، هەموویانی بەزیاد و دژ بە حزبی شیوعی و ولّاتی عێراق زانیوە.

سەمیر عەبدولکەریم، سەبارەت بە ملکەچی کوێرانەی حشع بۆ حکومەتی کۆنەپەرست و شۆڤینیزمی عەرەبی عارفی (عەبدولسەلام محەمەد عارف یاس خدر جومەیلی 1921.3.21-1966.4.13)، دامەزراندنی لقی پارتەکەی عەبدولسەلام لە باشووری کوردستان نووسیویەتی[69]: (حزبی شیوعی عێراق، لە حوزەیرانی ساڵی 1964، بڕیاری ناردنی جەماوەر، ئەندامان و لایەنگرانی خۆی بۆ نێو یەکێتی سۆشیالیستی عەرەبی – الإتحاد الإشتراكي العربي –دا، بە مەبەستی قوڵبوونەوە لە پێکهاتەی پێشکەوتنخوازی، هەتا لە کوردستان ویستی هاوکاری دامەزراندنی لقێکی یەکێتی سۆشیالیستی عەرەبی بکات.

ئیبراهیم عەلاوی، دەڵێت[70]: (ڕیڤیژینیستەکان یاداشتنامەیەکیان بەناوی حزبی شیوعی عێراق گەیاندە کۆنگرەی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی، کە کۆنگرە لە ڕۆژی (1964.7.14)دا بەسترا، هەروەها یاداشتنامەی نهێنیان بۆ دەسەڵاتدارانی قاهیرە نارد و داوای بارودۆخێکی گونجاویان لێ دەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزب و چوونە نێو ڕیزی ڕێکخستنەکانی ناوبراوی حکومی)، باشە ئەو یاداشتەش بەهائەدین نوری ناردی یان سەرانی حزبی شیوعی عێراق؟

مەبەستی ئیبراهیم عەلاوی لە ڕیڤیژینیستەکان، سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراقە کە ببوونە پاشکۆی حکومەتی عارفی و

---

[69]- سمير عبدالكريم ، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق (18 تشرين الثاني 1963 – 30/17 تموز 1968)، 20.

[70]- ابراهيم علاوي، الصراع في الحزب الشيوعي العراقي وقضايا الخلاف في الحركة الشيوعية العالمية)، ص93 .

جەمال عەبدولناسر و بەتەواوی لە ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم لایان دابوو. سەرانی حزبی شیوعی، لە (1964.7.14)، یاداشتنامەی هەڵوەشاندنەوەی حزبی شیوعی و چوونە نێو ڕیزەکانی کۆنگرەی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی یان بۆ عەبدولسەلام عارف و جەمال عەبدولناسری میسر ناردووە، ئاخر چۆن دەکرێت و بە پشت بەستن بە کام پرەنسیپی مارکسی و لینینی حزبێکی نێونەتەوەیی بۆی هەیە خۆی هەڵوەشێنێتەوەو بچێتە نێو حزبێکی ڕەگەزپەرستی عەرەبی، گەر حشع خۆی لە بنچینەدا حزبێکی نەتەوەپەرست و عێراقچی نەبووبێت؟ حزبی شیوعی عێراق، تەنانەت بڕیاری عەبدولسەلام عارفی سەرکۆمار و ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک وەزیرانیان لەبیرکرد، کە لەدوای کۆدەتای (1963.2.8)، بڕیاری ڕاونان و قەڵاچۆکردنی (حزبی شیوعی عێراق)یان دا، کە لەلایەن حەرەس قەومیەکانەوە جێبەجێکرا و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەو ئەندامانی شیوعی لەژێر ئەشکەنجە، یان بە گوللە کوژران.

سەمیر عەبدولکەریم، سەبارەت بە هەڵوێستی پڕ لە شەرمەزاریانەی حشع لە هەمبەر حکومەتی کۆنەپەرست و شۆڤینیزمی عەرەبی عارفی (عەبدولسەلام محەمەد عارف یاس خدر جومەیلی 1921.3.21-1966.4.13) و حزبی یەکێتی سۆشیالیستی عەرەبی، نووسیویەتی[71]: (حشع کە پیرۆزبایی و پشتیوانی حکومەت و یەکێتی سۆشیالیستی عەرەبی دەکات بە بۆنەی ڕێکارە پێشکەوتنخوازەکان کە لە بەرەبەیانی یادی

[71]- سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق (18 تشرين الثاني 1963 – 30/17 تموز 1968)، الجزء الرابع، ص21 . نقل عن البيان الحزب الشيوعي العراقي بمناسبة الذكرى السادسة لثورة 14 تموز 1958، مؤرخ في أواسط تموز 1964.

شەشەمین ساڵەی شۆڕشی تەممووز ڕایگەیاند، داوا لە جەماوەری گەل و تەواوی هێزە خێرخوازەکانی وڵات دەکات بۆ یەککگرتن و پتەوکردنی ڕیزەکانیان، خۆچەکدارکردن بە چاوکراوەیی لەپێناوی نۆژەنکردنەوەی ئەو ڕێکارانە و پتەوکردنیان). حزبی شیوعی عێراق، دووبارە لەپێناوی پاراستنی ڕژێمی عروبە و ڕەگەزپەرستی عارف داوای خۆچەکدارکردنی جەماوەر دەکات، دیسان دەیەوێت بەرگری میللیەکی دیکە بۆ ئەو ڕژێمە دروست بکات. حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1964.7.14) و لە شەشەمین ساڵڕۆژی هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم (1958.7.14)، پیرۆزبایی لە عەبدولسەلام عارفی ڕەگەزپەرست و دیکتاتۆری عێراق و حزبە شۆڤینییەی ناوبراو (یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی) دەکات، گوایە ڕێکاری پێشکەوتنخوازانەیان لە شەشەمین ساڵڕۆژی (1958.7.14)دا ڕاگەیاندووە، هەروەها داوا لە گەلی عێراق دەکات کە پشتیوانی لەم دەسەڵاتە فاشی، ڕەگەزپەرست، عەسکەرتاری و دژ بە خواستەکانی گەلی عێراق بکەن.

حزبی شیوعی عێراق، لە تەواوی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی حزبەکەیان لە مانگی تەممووز و ئابی ساڵی (1964) لە دەرەوەی وڵات لە چیکۆسلۆڤاکیا بەڕێوەچووە، سیاسەتێکی ڕاستڕەوانەی کلکایەتی بەڕێکەری دەسەڵاتی عارفی گرتەبەر، بەوەی کە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی عارفی بە دەسەڵاتێکی نیشتمانیی دژ بە داگیرکەر و دەرەبەگ ناوبرد، هەروەها پشتیوانی و هاوکاری کردنی خۆیانی بۆ حزبی (ألإتحاد الإشتراكي العربي) ڕاگەیاند و هەوڵی خۆهەڵوەشانەوەو چوونە ناو (ألإتحاد الإشتراكي

العربي)یان دا[72]، کەچی لە کۆنفرانسی دووەمی حزبی شیوعی عێراق لە مانگی نیسانی ساڵی (1965)، ئاماژە بەوە دەدات کە ڕژێمی عارفی لە ماوەی یەک ساڵی دەسەڵاتیدا، ژمارەیەکی زۆری لە چەپ و شیوعی لە سێدارە دابوو، کە ژمارەیان زۆر زیاتر بوو لە ژمارەی ئەو چەپ و شیوعیانەی لە سەردەمی پاشایەتیدا لە سێدارە درابوون[73]. لەکاتێکدا حزبی شیوعی عێراق، داوای خۆهەڵوەشاندنەوە و چوونە نێو یەکێتیی سۆشیالیستی عەرەبی عارفی دەکات، کەچی مەناف جاسب ئەلخزاعی، نووسیویەتی[74]: (عەبدولسەلام عارف گوتی: دوژمنی هەرە گەورەی نەتەوەی عەرەب شیوعییەکانن، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی یەکجاری لەناوببرێن، ئێمە باوەڕمان بە خودا هەیە، لە بەرانبەردا شیوعییەکان بێ ئایینی بڵاودەکەنەوە). بەم بۆچوون و هەوڵانەی کە سەبارەت بە خۆ نزیک کردنەوە لە حزبەکەی عارف و خۆهەڵوەشاندنەوەیان ئاماژەیان پێکرا، حشع وازی لە پێشڕەوی کردنی چینی کرێکاران هێنابوو، وازی لە خەبات کردن بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی عێراق هێنابوو، بۆ وەرگرتنی دەسەڵات ڕێی ئاشتی و خەباتی جەماوەری گرتبووە بەر، هەوڵی دەدا و دەپارایەوە بۆ ئەوەی بچێتە نێو یەکێتیی سۆشیالیستی عەرەبی و خۆی هەڵوەشێنێتەوە، بە داهێنانی ڕێی گەشەی ناسەرمایەداری دوورکەوتەوە لە سۆسیالیزمی

---

[72]- سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، الجزء الخامس، ص25-26 .

[73]- دكتور طارق يوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ص281)، نقل عن (الوضع في العراق وموقف الحزب الشيوعي، مجلة قضايا السلم والإشتراكية، المجلد 8، العدد 6، حزيران 1965، ص80 .

[74]- مناف جاسب الحزاعي، سيرة الدم والرصاص الصراع البعثي الشيوعي في العراق 1947-1968)، ص 305 . نقل عن: مصطفى دندشلي، مساهمة في نقد الحركات السياسية في الوطن العربي - حزب البعث العربي ألإشتراكي 1940-1963 - ألأيديولوجيا والتأريخ السياسي، ص251.

زانستی و ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم. ڕژێمی عەبدولسەلام عارف کە ڕژێمێکی دیکتاتۆری، ڕەگەزپەرست و عروبی بوو، بەڵام حزبی شیوعی بەبێ هیچ شرۆڤەیەکی زانستی و مارکسیانە ئەم ڕژێمەی بەلاوە ڕژێمێکی پێشکەوتنخواز و حزبەکەیشی بەلاوە حزبێکی سۆشیالیست بوو، کە گوایە بەرەو سۆسیالیزم هەنگاو دەنێت. حشع بە کردار وازی لە گشت ئەو ئەرک و پڕەنسیپانەی ڕێبازی مارکسیزم، سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم هێنابوو، واتە بەتەواوی ببووە ڕیڤیژینیست، بەڵام تەنیا بەقسەی گەورە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بوو.

ئیبراهیم عەلاوی، سەبارەت بە لادانەکانی حزبی شیوعی و هێڵی ئابی (1964)، نووسیویەتی[75]: (حزبەکەمان هەر لە سەرەتای سالّی پەنجاکانەوە گیرۆدەی بۆچوون و سیاسەتی ڕاستڕەوانە ببۆوە، واتە لەدوای قۆناغی سەرکردایەتی هاوڕێ فەهد–ەوە، بۆچوون و سیاسەتی ڕاستڕەوانەی حزب لە ناوەڕاستی سالّی 1959ەوە زیاتر دەرکەوت، بەڵام لە حوزەیرانی سالّی (1964)دا تەواو گەشەی کرد، لە شێوەی ڕەوتێکی لادەری ڕاستڕەوی ڕوخسار و سنوور دیار. ئەم ڕەوتە لە مارکسیزم – لینینزم تەنیا لە پرسە تاکتیکییەکان لادەر نەبوو، بەڵکو لە ستراتیژیش لایان دابوو). بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم سەبارەت بە لادانی حشع لە ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم، ئاماژەم بەو نووسینەی ئیبراهیم عەلاوی کرد، کە خۆی بەرپرسێکی گەورەی حشع بووە، بەڵام دوای لادانی ئەو حزبە،

[75]- إبراهيم علاوي (نجم محمود)، الصراع في الحزب الشيوعي العراقي وقضايا الخلاف في الحركة الشيوعية العالمية، 129.

لەگەڵ عەزیز ئەلحاج عەلی و هاوڕێکانی لە ڕۆژی (1967.9.14)، لە حشع جیادەبنەوە.

کاوە ئەمین: (هەڵوێستی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکان بەرانبەر بە شۆڕشی کوردستان چۆن بوو؟ دەباغ: (بەردەوام پەیوەندییان باش بوو، بەردەوام ئامادەبوون بۆ هەموو جۆرە یارمەتی و هاوکارییەک. وە دەرگایان کردۆتەوە بۆ یارمەتیدانی ئەوانە، هەتا دواسات کە شۆڕەوی ڕوخاوە یارمەتی لە شۆڕش و هەندێ لایەنی نەبڕیوە). کاوە ئەمین: بەڵام بەردەوامیش چەک و تەقەمەنی و ئەم شتانەشیان بە عێراق و سوریا و ئەو وڵاتانە هەر فرۆشتووە).

جەلال دەباغ: (ئەوە شتێکی تڕە، چەک خۆ لەوێی نەکڕیبایە دەچوو لە ئەمریکای دەکڕێ، لە فەرەنسای دەکڕێ، لە بەریتانیای دەکڕێ، ئەوان بە مەبەستێک لێیان نزیک بوونەوە بۆئەوەی وازبێنن ڕێبازێکی تر بگرنە بەر. بەدڵنیایی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێبازە نەبووین وەک حزب و وەک تاکیش. ئەوە بابەتێکە باسێکی قوڵی دەوێ، وە زانستانەی دەوێ بە دوکۆمێنت). کاوە: (فڕۆکەکانی عێراق هەمووی دەستکردی سۆڤیەت بوون و حکومەتی بەعس دەهات گوندەکانی کوردستانی پێ وێران دەکردن. جەلال دەباغ: (تۆ بچی لە بازاڕ خەنجەرێک بکڕی، خەنجەرەکە هەر کەسێک دروستی کردبێ، تۆ بێیت و بیکەی بە ورگی هەر کەسێکا، تۆ بەرپرسی لەو کارە نەک ئەوەی خەنجەرەکەی دروست کردووە. لەبەرئەوە ئەو چەکە کە بەدەستیانەوەیە بەهەڵە بەکاری دەهێنن)!

ئەی یاسای گرێبەستی فرۆشتنی چەک، یاسای نێودەوڵەتی و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی بۆمبی ناپاڵم و فسفۆر لە ساڵانی (1974-1975)، کە بۆمبە ناپاڵم و فسفۆرییەکان هەمووی ڕوسی

بوون، قەڵادزە، هەڵەبجە، گەڵاڵە، چۆمان و هەزاران کوردی پێ کوژرا و دەیان و سەدان شارەدێ و دێهاتی کوردستانیشی پێ کاولکرا، هەروەها بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ساڵانی (1987-1988)دا بەهۆی فڕۆکەی ڕوسی، ئایە نەدەکرا ڕوسیا مەرجی ئەوە بەسەر عێراقدا بسەپێنێت کە نابێت فڕۆکە، تانک، ناپاڵم و فسفۆری ڕوسی لە دژی دانیشتوانی عێراق، بەتایبەتی دژ بە کورد بەکاربهێنێت؟ زۆر جار فرۆشیاری چەک ئەم مەرجانە بەسەر کڕیاردا دەسەپێنن. سەیرە هەتا ئێستاش جەلال دەباغ نەزانێت کە فرۆشتن و کڕینی چەکی قورس و وێرانکەر لە وێنەی فڕۆکە، تانک، کاتیۆشا، ڕۆکێت، کیمیایی، فسفۆر و هتد، یاسا و گرێبەستی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام خەنجەر بەگوێرەی گرێبەست نافرۆشرێت.

جەلال دەباغ: (بۆ مێژوو دەیڵێم ئەو وڵاتە سۆشیالیستانە و بەتایبەت سۆڤیەت، هەتا دواسات یارمەتی شۆڕشیان داوە)!

ئەوە لەبەرچاومان بوو، کە لە ساڵانی (1974-1975) و دواتریش، سۆڤیەت بە تەواوی توانای خۆی (فڕۆکەی مێک، فڕۆکەی سیخۆ، بۆمبی ناپاڵم و فسفۆری کە بەکارهێنانیان بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی قەدەغە بوو، چەک، تەقەمەنی، شارەزایانی جەنگ و تەنانەت ناردنی فڕۆکەوان بۆ عێراق بە مەبەستی یارمەتیدانی حکومەتی بەعس لەدژی شۆڕشی کوردستان)، هاوکاری حکومەتی بەعسی عێراقی کرد و بە تاکە فیشەکێک یارمەتی شۆڕشی کوردستانی نەکردووە، کەچی دەباغ بە ناڕەوا ڕووی ڕەشی ڕوسیا و حزبی شیوعی ئەو وڵاتە و عێراقمان

بۆ سپی دەکاتەوە، ئەو هەموو درۆیە لەپێناوی دەوڵەتی سەرمایەدار و ئیمپریالیزمی ڕوسیا، بۆ؟

جەلال دەباغ: (سەدام سیاسەتێکی زۆر ئەهریمەنانەی گرتە بەر، خۆی گوتی: (من ئەو ڕایەخە لەژێر پێی شیوعییەکان (حزبی شیوعی عێراق) و بزووتنەوەی کوردی دەردێنم). کردیشی، بە چ مانایەک، خۆی هات ئەنگاوی نا ئیعترافی کرد بە ئەڵمانیای دیموکراتی، ئەوە شتێکی زۆر گەورە بوو. پەیوەندی لەگەڵ سۆڤیەت مۆرکرد، پەیوەندییەکی ستراتیژی، بازرگانی لەگەڵ بەهێزکرد، چەکی لەوێ کڕی، خەڵکێک هەبوو دەیانگوت ئەو ڕێبازە بەردەوام بێ زەربەیەکی گەورەیە لە هێزی ئیمپریالی، بەڵام سەدام بە سیاسەت کردی، دەبوو ئێمە لەوە وریاتر بین کە بەو قسانەی سەدام هەڵخەڵەتێین. نەدەبوو نە ئێمە، نە شۆڕشی کورد، نە هەموو، نە خەڵکەکەی تر بڕوای پێ بکەین، بەڵام بڕوامان پێکرد، چۆن بڕوامان پێنەکرد)!

ئەمریکا و ڕوسیا دوو وڵاتی سەرمایەدار و ئیمپریالیزمن. حکومەتی بەعس لە ڕۆژی (1969.4.30)، بەپێی بڕیاری ژمارە (153)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، دانی بە ئەڵمانیای دیموکراتی دانا، بەڵام ئایە ئەو دانپێدانانە چ سوودێکی بۆ کرێکاران، ڕەنجدەران، زەحمەتکێشان و گەلانی عێراق هەبوو؟ دواتر خۆت گوتەنی کە سەدام نیازی ئەوەی هەبوو ڕایەخەکە لەژێر پێی کورد و حزبی شیوعی دەربێنێت، بۆچی بڕوایان بە سەدام کرد؟ چۆن نەیانزانی ئەوە سیاسەتی سەدامە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ڕوسیا، وڵاتە سۆشیالیستەکان و حزبی شیوعی عێراق؟ مادام سەدام دەیویست ڕایەخەکە لەژێر پێی حزبی شیوعی عێراق دەربێنێت، بۆچی بوون

بە هاوبەش، هاوپەیمان و مەقاشی دەستی سەدام حوسێن و بەعس؟ حزبی شیوعی خۆی چوو، یان ڕوسیا ئەو هاوپەیمانێتیەی بۆ بەرژەوەندی بازرگانی چەک فرۆشتنی خۆی بە عێراق بەسەر 'حشع'دا سەپاند؟

ئێ کە خۆت گوتەنی دەبوایە لەوە وریاتر بن بە قسەی سەدام هەڵنەخەڵێن، باشتر وایە دانی پێدا بنێن کە تەنیا ئێوە وەکو 'حشع' بە سیاسەتی سەدام هەڵخەڵەتان، نەک بێیت و شۆڕشی کورد، هەموو، خەڵکەکەی تر بخەیتە ڕیزی حشع و وای نیشان بدەیت کە ئەوانیش بە قسەی سەدام هەڵخەڵەتان، گەر وایە ئەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی بارزانی) نەهاتنە نێو بەرەی ئێوە و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی (بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز)؟ کەواتە ئێوە بەتەنیا بە بەڵێن و دروشمە ساختەکانی سەدام و حزبی بەعس هەڵخەڵەتان.

جەلال دەباغ: (هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەی عەزیز ئەلحاج و ڕەوتەکەی ئەوە بوو، ئەوان هەندێک چالاکیان کرد بەدژی یەکێتی حزب، ئەوان دەیانویست کۆنترۆڵی حزب بکەن بە شێوەیەکی نایاسایی، ناقایل بوون لە سەرکردایەتی، ئەوان دەیانویست دەستبەجێ کۆدەتایەک بکرێ وە حزب دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام ئەوە بەوە ناکرێت تۆ بێیت ڕیزەکانی حزب تێک بدەی. لە ڕاستیدا ئەوان کوتەکێکی گەورەیان لە حزب دا، هێڵی سەربازییان هەموو خستە سەر شەقام، حکومەتی سەدام لەدوای ئەوە هەموو ئەوانەی گواستەوە، کۆشکی کۆماری لە ماوەیەکدا بەدەست ئێمەوە بوو. غێر دەبێ تۆ

ڕێکارێک بگرێتە بەر بۆ ئەو کۆدەتایەی دەیکەی کە وەکو شۆڕشی چواردەی تەممووزی لێ بێ و ببێ بە شۆڕشێکی سەرانسەری).

لەکاتی جیابوونەوەی ڕەوتی عەزیز ئەلحاج بەناوی حشع-سەرکردایەتی ناوەندی (الحزب الشيوعي العراقي - القيادة المركزية)، حزبی بەعس و سەدام دەسەڵاتیان بەدەستەوە نەبووە، چونکە جیابوونەوەکە لە ڕۆژی (1967.9.17)دا بووە، هێشتاکە عەبدولڕەحمان عارف بە ڕابەرایەتی (الإتحاد الإشتراكي العربي) دەسەڵاتی عێراقیان بەدەستەوە بووە، حزبی بەعس و سەدام حوسێن لە ڕۆژی (1968.7.17)دا بە کۆدەتایەک دەسەڵاتیان لەژێر دەستی عەبدولڕەحمان عارف دەرهێنا و هاتنە سەر حوکم، بۆیە جەلال دەباغ بابەتەکانی هەمووی تێکەڵ کردووە و لە گێڕانەوە و باسکردنیان وردبین نییە. کاتێک حزبی بەعس دەسەڵاتی گرتە دەست، بەهیچ شێوەیەک کۆشکی کۆماری بەدەست شیوعییەکانەوە نەبوو، ئەوە وڕێنەیە، ئەی چۆن سەدام شیوعییەکانی لە کۆشکی کۆماری گواستۆتەوە، یان دوورخستۆتەوە؟ لە سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف-یش کۆشکی کۆماری بەدەست شیوعییەکان نەبووە، چونکە شیوعییەکان لەنێو سوپادا زۆر لاواز یان هەر نەبووینە، ئەوان ڕێی کارکردنی ئاشکرایان پێ نەدراوە و هەردەم ڕاونراون، جەلال دەباغ وەکو ئەوەی تەنیا خۆی لەم مێژووەدا ژیابێت و کەسی دیکە ئاگاداری ئەو سەردەمە نەبووبێت، بۆیە بەبێ بەڵگە و زۆر نالۆژیکانە قسە دەکات.

جەلال دەباغ: (بەهیچ جۆرێک، بەهیچ جۆرێک، بەهیچ جۆرێک، شتی وا نییە کە دەستی ئێمە، حزبی شیوعی عێراق و خەڵکانی سەر بە ئێمە لە بەگرتدانی عەزیز ئەلحاج نەبوو! کە خۆیان هەندێک کردەوەیان دەکرد هەموویان ناسرابوون).

کرمانج گوندی، لە لاپەڕە (82)ی (سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران 1961-1991)، نووسیویەتی: (حشع، بەکردەوە بەشداری لە هەموو هەنگاوەکانی ڕژێم بۆ لەناوبردنی پاشماوەکانی 'حشع - ق. م - عەزیز ئەلحاج'دا کرد). ئەگەر حشع لەدژی لایەنگرانی عەزیز ئەلحاج هاوکاری ڕژێمی بەعسی کردبێت، کەواتە ئەوان چ جیاوازییەکیان لەگەڵ ڕژێم هەیە. ئەوەندە دەزانم کە لە یاداشتەکانی ئیبراهیم عەلاوی، بەهائەدین نوری، زەکی خەیری، عەزیز ئەلحاج و چەند شیوعییەکی دیکەدا خوێندومەتەوە، کە هەردوو باڵی دژ بە یەک لەسەر شەقامەکانی بەغدا بەئاشکرا پەلاماری یەکیان دەدا و یەکتریان بە بارمتە دەگرت و دەڕفاند.

جەلال دەباغ: (ئەوەی بزانم هەمزە عەبدوڵڵا شیوعی بوو، ئەندام بێ ئەندام نەبێ نازانم، ئەوەندە دەزانم کەسێکی کۆمۆنیست و پێشکەوتنخواز بوو، جێگەی متمانەی حزبی شیوعی عێراق بوو).

جەلال دەباغ، لە بەشی دووەمی دیمانەکەیدا، سەبارەت بە هەمزە عەبدوڵڵا دەڵێت: (ئەو دەمە کەسێکی نیشتمانپەروەری پێشکەتنخواز سکرتێری پارتی بوو، کە هەمزە عەبدوڵڵا بوو. وە بۆ ئاگاداریت و بە بەرپرسێتییەوە دەیڵێم هەمزە عەبدوڵڵا هەتا مرد کۆمۆنیست بوو. ئەوکاتەی کە سکرتێری پارتی بوو، بەڵێ ئەندامی حزبی

شیوعی عێراقی بوو، بیرەوەرییەکانی کەوتە لای هاوڕێ کەریم ئەحمەد، نازانم چی لێهات وتم بەدوایدا بگەڕێین و پیاو بیدۆزێتەوە و چاپی بکات).

کەسێک لە دیمانەیەکی پێنج بەشیدا، لە بەشی دووەم هەمزە عەبدوڵڵا بە ئەندامی حشع ناوببات و لە بەشی چوارەم نکۆڵی بکات و خۆی بە بێئاگا لە ئەندام بوون و ئەندام نەبوونی نیشان بدات، دەبێت تا چەند ئەو مێژووەی ئەو باسی دەکات، ڕاستی تێدا بێت؟ بۆیە بە مافی خۆمی دەزانم کە گومان لە تەواوی دیمانە، نووسین و لێدوانەکانی جەلال دەباغ بکەم و بە ناڕاستیان بزانم، بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەستن بە مێژووی سازش، لادان، هەڵە، جاشێتی، ئاژاوەگێڕی و شەڕانگێزی حزبی شیوعی عێراق!

سەبارەت بە پێوەندی و ئەندام بوونی هەمزە عەبدوڵڵا لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق، شەوکەت خەزنەدار[76]، نووسیویەتی: حشع لە سالانی (1952-1959) و لە سەردەمی سکرتێرێتی (بەهائەدین نوری، کەریم ئەحمەد، حەمید عوسمان، سەلام عادل و عەزیز محەمەد)، توانیبووی ژمارەیەکی زۆر لە شیوعییە کوردەکان ڕەوانەی نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکات، کە سیخوڕییان دەکرد و هەندێکیان پۆستی گرنگیان وەرگرتبوو، کەریم ئەحمەد سەرپەرشتی ئەوانەی دەکرد کە خۆیان خزاندبووە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان و نهێنییە ورد و درشتەکانی نێو پارتیان بە کەریم ئەحمەد دەگەیاند، لەگەڵ گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لەدوای دەسەڵاتی (1958.7.14) بۆ

[76]- شوکت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، ص (136-137).

نیشتمان، پارتی وەکو پارتێک نەمابوو، بەڵکو بە سەرۆکایەتی هەمزە عەبدوڵڵا هاوشێوە یان وێنە و کۆپی حزبی شیوعی عێراقی بوو، بۆیە مەلا مستەفا و چەند سەرکردەیەکی پارتی توانیان هەمزە عەبدوڵڵا و سەرکردایەتییەکەی ئەو لادەن، دەست بەسەر بارەگاکانی پارتی لە 'بەغدا، کەرکوک، سلێمانی، هەولێر و دهۆک'دا بگرن و پاکسازی لەو ژمارە زۆری شیوعیەکان بکەن کە خۆیان خزاندبووە نێو پارتی؛ شیوعیەکان بۆ نێو حشع گەڕانەوە، ئیدی پارتییەکان خۆیان جڵەویان بە دەست گرتەوە.

شەوکەت خەزنەدار بۆی ڕوونکردینەوە کە حشع لە ڕێی تێخزاندن و چاندنی دەیان سەرکردە، کادر و سیخوڕی خۆی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چۆن هەوڵی بنکۆڵکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی داوە، بەڵام دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە ڕوسیا (1958.10.6)، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە هەمزە عەبدوڵڵا لە ڕۆژی (1959.6.28) بە مەرجەکانی حشع قایل بوو بۆ گۆڕین و لادانی خاڵی سێیەم و چوارەمی (پەیماننامەی پشتیوانی)ی ڕۆژی (1958.11.10)، کە لەنێوان کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمیتەی ناوەندی شیوعی مۆرکرابوو، کە خالی سێیەم (مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کورد) و خاڵی چوارەم (کوردستانی عێراق هەرێمێکە و دەبێ لەلایەن کوردەوە بەڕێوە ببرێت)، بۆیە مەلا مستەفا لە ڕۆژی (1959.6.30)، هەمزەی لادا و دەری کرد.

جەلال دەباغ: (فاخیری حەمەد ئاغای مێرگەسەری برادەرێکی باشی ئێمە بوو، مستەوای محەلی بوو، ڕۆڵێکی باشی هەبوو لەدژی لەتبوون، لە تێکۆشانی حزبا، ئەوەش فاکتەرێکی باش بوو بۆ ئێمە. هەتا بوو بە بەرپرسی لقی چوار، لەدوای کاتژمێری یەکەوە من دەچووم بۆ بارەگاکە و دەمبینی، نیو کاتژمێر کاتژمێرێک لای دادەنیشتم، هەرچی لە حزبەوە هەبوایە ئەمدایێ و هەرچی بۆ حزب بوایە دەیدا بە من دەمگەیاند).

بەگوێرەی قسەکانی جەلال دەباغ، فاخیری حەمەد ئاغای مێرگەسەری لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان سیخوڕی حشع بووە، چونکە هەموو جارێک لەدوای کاتژمێری یەکی نیوەڕۆ، کە لقی چوار چۆڵ بووە جەلال دەباغ سەردانی ناوبراوی کردووە، هەر بەپەلە و لەماوەی نیو تا یەک کاتژمێردا هەرچی لە حزبی شیوعی هەبوایە دەیدا بە فاخیر و هەرچی لە فاخیر-یشەوە بۆ حزبی شیوعی هەبوایە لێی وەردەگرت، ئەی بۆ گلەیی لە کوشتنی سیخوڕێک دەکەن بە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی، کە ئێوە وەکو حشع هۆکاری کوشتنەکەی بوونە؟ هیچ دەسەڵات و پارتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، ئەگەر سیخوڕێک لەنێو وڵاتەکەی یان پارتەکەیدا بدۆزێتەوە، ئەوەندە مرۆڤدۆست و دادپەروەر بێت، سیخوڕەکە نەکوژێت یان لە سێدارەی نەدات؟

بەشی پێنجەم:

جەلال دەباغ: (من هیچ وەختێک وازم لە حزبی شیوعی نەهێناوە، بەڵام دڵیان شکاندم چونکە سکرتێری ئەوکات درۆی لەگەڵ کردم، دوو جار درۆی

لەگەڵ کردم، من کە وازمهێنا نەچووم بۆ لای هیچ حزبێکی تر، لەبەرئەوە کە من تورەبووم چووم بووم بە چەپ (پارتی چەپی کوردستان)، پاشماوەی ئەو پارتەی کە ئەبو حیکمەت دوایی وەکو پارویەک ڕادەستی پارتی کرد، لە وەختی خۆیا چەند کەس لە محەلی هەولێر جیابوونەوە حزبێکیان دروست کرد بەناوی پارتی کرێکارانی سەربەخۆ[77] (حزب العمال المستقل)، کە ملازم شوان سەرکردایەتی دەکرد، پارتی چەپمان لەو پاشماوانە دروست کرد).

باشە گەر جەلال دەباغ بەڕاستی بەهۆکاری ئەوەی سکرتێری حزبەکەی دوو جار درۆی لەگەڵ کربێت، لە حزبی شیوعی تورە بووبێت، ئەی بۆچی خۆی ئەو هەموو درۆیەی بۆ حزبی شیوعی عێراقی کرد، کاتێک سکرتێرێکی درۆزنی هەبووبێت؟ لێرە باس باسی وازهێنان لە حزبی شیوعی عێراقە، کەچی دەباغ دەڵێ: (وازم لە حزبی شیوعی نەهێناوە)، ئەی چۆن چۆتە نێو پارتی چەپی کوردستان و دواتریش (پارتی کرێکارانی سەربەخۆ)، کە ناوەکەش بە هەڵە دێنێ، خۆ کاوە ئەمین لێی نەپرسیووە وازت لە شیوعیەت هێناوە، تا ئەو وەڵامەی بداتەوە!

جەلال دەباغ: (بەشێکی زۆری حزب دژی پێکهێنانی بەرەی نێوان بەعس و حزب بوون).

ئەوە دووڕە لە ڕاستی، گەر وابوایە بەرەی نێوان بەعس و شیوعی پێکنەدەهات، بەڵام بەرەکە پێکهات، چونکە بەعس و شیوعی لەسەر دژایەتیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کوردستان، هاو هەڵوێست بوون و تا کۆتایی هێنانی شۆڕش و

[77]- ڕاستییەکەی ناوی 'پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان' بوو.

ئاشبەتاڵ! بەعس و حشع شەڕی هاوبەشیان لەدژی شۆڕش کرد. حشع، هۆکاری پێکهێنانی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی بۆ پەلامارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر ئەندامانی حزبی شیوعی دەگەڕێنێتەوە. بەرەی بەعس و شیوعی لە ڕۆژی (1973.7.17) مۆرکرا، کەچی نزیکەی مانگێک دواتر و لە ڕێکەوتی (1973.8.15)، عیسا سوار و پارتی، دوازدە خوێندکاری سەر بە حزبی شیوعیان لە ڕێی گەڕانەوەیان لە دەرەوەی وڵات و لە نزیک زاخۆ کوشت، شەڕەکانی پارتی و حزبی شیوعی، یان ڕاوە شیوعی لە کوردستان، لە سەرەتای مانگی یازدەی ساڵی (1973)دا بووە، هۆکارەکەیشی ئەوەبوو کە حکومەتی بەعس تەنیا شیوعییەکانی کوردستانی پڕ چەک کرد و هانیدان بەگژ شۆڕشی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا بچنەوە. ئەمەش پێش پەلاماری شیوعییەکانی قەرەداغ و دەربەندیخان بوو، ئەگینا پێشتر پارتی دیموکراتی کوردستان یەک ئەندامی حزبی شیوعی نەکوشتبوو، بەڵام لە ساڵانی (1968-1973) حزبی بەعس لە ناوەڕاست و خواروی عێراق بە دەیان و سەدان ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی بە جۆرەها شێواز کوشتبوو، بەبێ ئەوەی حشع یەک ڕەخنەشی لە حکومەت گرتبێت، با هەر باسی ئەوە نەکەین کە حزبی شیوعی لە شوێنێک یان شارێک بەنهێنی فیشەکێکی بە بەرپرس و ئەفسەرێکی (ئەمن، ئیستخبارات و موخابەرات)ی عێراق وەنابێت لە تۆڵەی بەناڕەوا کوژرانی ئەو هەموو ئەندامەیان. حزبی شیوعی عێراق، لەسەر کوشتاری کۆدەتای (1963.2.8)ی حزبی بەعسی عەرەبی کە دژ بە سەرکردایەتی و ئەندامانی حشع کردیان،

پەیوەندی لەگەڵ بەعس پچڕا، بەڵام حکومەتی بەعس لە ماوەی نێوان گفتوگۆکانی بەرە (1968-1973.7.17) و لە پەنا بەرەی هاوبەشدا (1973.7.17-1978.12.31)، ئەگەر لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا، ژمارەیەکی زۆرتر ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقی لە کۆدەتای شوبات نەکوشتبێت، کەمتری نەکوشتووە.

زۆربەی زۆری ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ بەرەی شیوعی و بەعس بوون، مەگەر کەمینەیەک دژ بووبن، ئاهەنگەکانی حزبی شیوعی عێراق بە بۆنەی پێکهێنانی بەرەکە، کردنەوەی بارەگانیان، وتاری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی حزبی شیوعی، دامەزراندنی بیست سریەی جاشی چەکدار و بەشداریان لە شەڕەکان لەدژی شۆڕشی کوردستان بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییە. سەبارەت بەو ڕەفتارەی حشع، ئەبو سەلام[78]، ئاماژەی بە وتارێکی 'الطريق الشعب' داوە، کە لەژێر ناوی (اصرار على مواصلة المسيرة الثورية وتوطيد الوحدة الوطنية)، لە ژمارە (561)ی ڕۆژنامەی ناوبراو لە ڕۆژی (1975.7.14) بڵاوکراوەتەوە. حشع تەممۆزی پەنجاو هەشت و تەممۆزی شەست و هەشت پێکەوە دەبەستێتەوە و بەتەواوکەری یەکتریان دادەنێت، لە ڕۆژنامەکەدا هاتووە: (حەڤدە ساڵ بەسەر چواردەی تەممۆزی 1958تێپەڕی، هەندێک لە ساڵەکان باش بوون و هەندێکیش تاڵ، بەڵام تا ئێستا هەر بە بەردەوامی تامی سەربەستی هەیە. کاتێک کە سەرکەوتنەکانی شۆڕشی چواردەی تەممۆز پەیوەست بوو بە دەستپێکردنی بزووتنەوەی جەماوەری و بە یەکگرتنی هێزە نیشتمانییەکان، ئەو

[78]- ابو سلام، الحزب الشيوعي العراقي وإنتهازيته في الحركة الوطنية، ص (65).

تێکشانەیان پەیوەست بوو بە دابەشبوونی هێزە نیشتمانییەکان و دژایەتی کردنی یەکتری و شکستیان. بەڵام ئەمە زۆر درێژەی نەکێشا، کاتێ کە شۆڕشی حەڤدەی تەممووزی 1968 هات، بۆ ئەوەی هێزێکی پاڵنەری نوێ بدات بە کاروانی ڕزگاری نیشتمانیی، کە بەر لە دە ساڵ دەستی پێکردبوو. هاوڕێ عەزیز محەمەد سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی حزب دەڵێت: شیوعییە عێراقییەکان شانبەشان لەگەڵ بەعسییە هاوپەیمانەکانیان و تەواوی پێشکەوتنخوازەکان سوورن لەسەر ئەوەی تا ئەوپەڕی بکرێت سوود وەرگرن لە ئەزمونی مێژوویی شۆڕشی تەممووز، هەروەکو ئەوەی ئامرازێکی گرنگ بۆ جیاکردنەوەی دیاردە تەندروستەکان لەو دیاردانەی کە کاروانی شۆڕشیان تووشی گەورەترین زیان کرد).

حزبی شیوعی عێراق، چواردەی تەممووزی ساڵی (1958) و حەڤدەی تەممووزی ساڵی (1968)ی بە دوو شۆڕش و تەواوکەری یەکتر دەزانێت!

حشع پێی وایە، هەر دوو تەممووز تامی سەربەستی دەدەن!

حشع وای بۆ دەچێت کە بزووتنەوەی جەماوەریی و یەکگرتنی هێزە نیشتمانییەکان بوونەتە هۆی سەرکەوتنی وەکو دەڵێن شۆڕشی چواردەی تەممووزی ساڵی (1958)، هەروەها دابەش بوونیان بووە هۆکاری تێکشکان لە ساڵی (1963)، بەڵام ئەو تێکشکانە زۆر درێژەی نەکێشاو بە گوفتی ئەوان (حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی هاوپەیمانی دێرینیان، لە حەڤدەی تەممووزی ساڵی (1968)دا هات و گڕوتینێکی نوێی بە کاروانی ڕزگاری

نیشتمانیی دا، کە بەر لە دە ساڵ، واتە لە ساڵی (1958) دەستی پێکردبوو).

کەواتە حشع بە گوتەی خۆیان شۆڕشی تەممووزی (1958) و کۆدەتای بەعسییەکان لە تەممووزی ساڵی (1968) بە شۆڕش و تەواوکەری یەکتر دادەنێن! عەزیز محەمەدیش حزبی بەعس بە هاوپەیمان و کۆدەتای بەعسییەکان بە شۆڕش ناودەبات، هەروەها وا نیشان دەدات کە حشع هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بەعسدا نییە! لە ڕاستیشدا بۆچوونی عەزیز محەمەد و حشع لەم ماوەیەدا بەرانبەر بە بەعس هەر وابووە، تا ڕادەی یەکگرتنەوەی بەعس و حشع! حشع و عەزیز محەمەد، ئەوەندە شەیدای هاوپەیمانێتی بەعس و شیوعی بوون، تەنانەت لە سەرەتای ساڵی (1976)، کۆمیتەی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ لە عەبدولوەهاب تاهیر، شەوکەت خەزنەدار و ساحب ئەلحومێری دادەمەزرێنن و لەسەر داوای عەزیز محەمەد دەبێ ناوی (پابەندبوون بە بەرەی نیشتمانیی) بخرێتە نێو هەر مادەیەک لە مادەکانی پەیڕەوی ناوخۆ، هەر بۆیەش شەوکەت خەزنەدار لە کۆمیتەی هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی حزبی شیوعی دەستی کێشاوەتەوە. عەزیز محەمەد بەر لە پێکهێنانی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی ئاواتەخواز بووە کە حزبی بەعس و حزبی شیوعی یەکبگرن و ببنە یەک حزب[79]. ڕاستییەکەی کاتێک کار بگاتە ئەو ڕادەیەی کە هەوڵی یەکگرتنی بەعس و شیوعی بدرێت و کەسیش فزەی لێوە نەیەت؛ کێ باوەڕ بەو

[79]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، ص295-296.

قسەیەی جەلال دەباغ دەکات کە دەڵێت: بەشێکی زۆری حزب دژی پێکهێنانی بەرەی نێوان بەعس و حزب بوون.

ئەگەر لە سەرەتادا هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی، کۆمیتەی ناوەندی، کادیران و ئەندامانی ئاسایی، دژی بەستنی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی بووبن، دواتر بەهۆی دەسەڵات، پارە و خۆشگوزەرانییەوە بوونەتە لایەنگری بەرەکە. لەم بارەیەوە زەکی خەیری، کە عەبد ئەلحوسێن شەعبان، لە بابەتی (نوري عبدالرزاق الذاكرة والزمن الجميل)، کە لە مالپەڕی (بیدر میدیا)، لە ڕۆژی (2019.7.30)دا بڵاویکردۆتەوە، لە زاری نوری عەبدولڕەزاق دەگێڕێتەوە کاتێک کە لە ساڵی (1969)، شاندێکی حزبی بەعس منذر عەریم و عەبدولخالق ئەلسامەڕائی لە بەیروت سەردانی نوری عەبدولڕەزاق و عامر عەبدوڵڵا دەکەن و گفتوگۆی دامەزراندنی بەرەیەکی هاوبەشی نێوان بەعس و شیوعی دەکەن، ماوەیەک دوای گەڕانەوەیان، لەسەر داوای عامر عەبدوڵڵا هەردووکیان سەردانی سەرکردایەتی بەعس دەکەن و لەلایەن سەدام حوسێن، عەبدولخالق سامەڕائی و عەبدوڵڵا ئەلسەلوم سامەڕائی پێشوازییان لێ دەکرێت. گفتوگۆی دانیشتنەکان بە کۆمیتەی ناوەندی دەگەیەنن، بەڵام زەکی خەیری گوتویەتی: (ئەگەر گیانیان دەرچێت، خەسڵەتی نیشتمانپەروەرییان پێنادەین، نە دەسەڵاتەکەیان نیشتمانپەروەرە)، واتە حزبی بەعسی عەرەبی و حکومەتی بەعس هیچیان نیشتمانپەروەر نین، بەڵام ئایە زەکی خەیری و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لەسەر هەمان هەڵوێست مانەوە، یان بۆچوونیان سەبارەت

بە حزبی بەعس و حکومەتی بەعس تەواو پێچەوانە بۆوە و سێسەد و شەست پلە هەڵگەڕایەوە و حزبەکەیان تووشی سازش و شەرمەزاری کرد؟ زەکی خەیری، یەکێک لەو حەوت ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندی بووە، کە ڕۆژی (1973.4.6)، لە ماڵی (ڕەحیم عەجینە)دا کۆبوونەتەوە، دژی پێکهێنانی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی، دەنگی داوە و هەشت ئەندامیش بۆ پێکهێنانی بەرەکە دەنگیان داوە[80]. کەچی دواتر ڕای خۆی دەگۆڕێت. لەم بارەیەوە دکتۆر عەبد ئەلحوسێن نووسیویەتی: زەکی خەیری لەکاتی پێکهێنانی بەرەی بەعس و شیوعی لە ساڵی (1973)، خۆی دوورەپەرێز ڕاگرت، بەڵام دواتر پەرۆشی بەرەکە بوو، تا وای لێهات لە کۆتایی ساڵانی بەرە لە (1978-1979)، هەڵگەڕایەوە و بەتەواوی پشتیوانی لێ دەکرد، تەنانەت لە ساڵی (1984)دا داوای هاوپەیمانی لەگەڵ سوپای بەعس و عێراق دەکرد[81]. هەروەها ئەو زەکی خەیریەی کە ئەگەر حزبی بەعس گیانی دەربچووبایە، خەسڵەتی نیشتمانیی پێ نەدەدان، کەچی لە نامەیەکیدا سڵاوی گەرمی خەباتی هاوبەش بۆ هاوڕێیانی خۆی لە حزبی بەعسی شۆڕشگێڕ دەنێرێت و ستایشی ئەو حزبە ڕەگەزپەرست و فاشییەی بەعس دەکات[82]. نامەکە بە بۆنەی ڕۆژی دامەزراندنی حزبی بەعس لەژێر ناوی (حزب البعث العربي الإشتراكي حزب ثوري مكافح ضد الإمپریالية والإقطاع لعب دورا مشهودا في حياة العراق والأمة العربية)، بۆ دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری (وعي العمال) ناردووەو

[80]- عبدالرزاق الصافي، شهادة على زمن عاطف وجوانب من سيرة ذاتية، ص130-131.
[81]- دكتور عبد الحسێن شعبان، عامر عبدالله النار ومرارة ألأمل، ص (89).
[82]- ابو سلام، الحزب الشيوعي العراقي وإنتهازيته في الحركة الوطنية، ص (96).

گۆڤارەکەش لە ژمارەی ڕۆژی (1976.3.29) بڵاوی کردۆتەوە، کە تێیدا هاتووە: [خۆشحاڵم بەم بۆنە دڵخۆشکەرە، بیست و حەوتەمین ساڵیادی لەدایک بوونی پارتی شۆڕشگێڕ (پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ژیانی عێراق و نەتەوەی عەرەبدا هەبووە، سڵاوی گەرمی خەباتگێڕانەی خۆم بۆ سەرجەم هاوڕێیانی بەعسی دەنێرم. حزبی شیوعی عێراق، هەر زوو هەستی بە جیاوازی کرد لە نێوان پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە عێراق، لەگەڵ ئەو پارتە ڕامیارییانەی دیکە کە لەم سەردەمەدا هەبوون، بەعس خۆی وەکو پارتێکی شۆڕشگێڕ ناساند کە دژی ئیمپریالیزم و فیودالیزم دەجەنگێت. هەروەها پارتەکەمان، هەر لە سەرەتاوە ناسنامەی ڕژێمی پێشکەوتنخوازی نوێی بە ڕێبەرایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی لە مانگی تەممووزی ساڵی 1968ەوە دەستنیشان کرد، بۆیە حزبمان هەڵوێستێکی بەرچاوی لەسەر ئەو ڕژێمە گرتە بەر، کە لە ماوەیەکی کورتدا چەندین دەستکەوتی نیشتمانیی بەدەست هێنا]. ڕاستییەکەی حزبی بەعس لە ڕۆژی (1947.4.7)، دامەزراوە و بۆ ساڵی (1976) دەکاتە بیست و نۆ ساڵ، بەڵام زەکی خەیری لە دڵخۆشی خۆی بۆ ئەو بۆنەیە، هەڵەی کردووە و بیست و حەوتی نووسیوە.

ئەمە کۆپلەیەک نووسینی 'باقر ئیبراهیم'ە کە خۆی لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەنگی بە پێکهێنانی بەرەی نێوان حشع و بەعس داوە. نووسینەکەی لە ساڵی (1979)، لە ڕۆژنامەی (مناضل الحزب)، بڵاوکردۆتەوە: (پارتیمان لە بەرە دەرناچێت. ئەو

هۆکارە بابەتییانەی کە بوونە هۆی دامەزراندنی، هێشتا ماون، پارتیشمان تا کۆتایی دەمێنێتەوە بۆ پەیوەست بوون بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بە کاری بەرەیی، هەروەها پابەندبوونی بە بەڵێننامەی کاری نیشتمانیی تا کۆتایی)[83]، هەر ئەوکاتە تەها یاسین ڕەمەزان (1939-2007.3.20)، ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبی بەعس و جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق، واتە لە ساڵی (1979)دا، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی گوڤاڕێک سەبارەت بە بەرەی نێوان حزبی بەعس و حزبی شیوعی گوتی: (نە ڕەوشتی حزبی شیوعی، نە مێژووەکەی و ڕەفتارەکەی بەر لە شۆڕش و دوای شۆڕشیش هی ئەوە نەبوون و ئامادەی نەکردبوون تا لە بەرەیەکدا بن لەگەڵ حزبی بەعس)، کاتی خۆی ئەم قسەیەی تەها یاسین ڕەمەزان لە هەموو عێراق دەنگی دایەوە کە سووکایەتییەکی گەورە بوو بە حشع کردی، کەچی حزبی شیوعی نەک وەڵامی ناوبراوی نەدایەوە، بەڵکو تا ئەوکاتەش چاویان لەوەبوو بگەڕێنەوە بۆ ڕیزی بەرەی خۆیان و حزبی بەعس.

پێشکەشکار باسی دامەزراندنی پێنج وەزیری کوردی کرد بەگوێرەی بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (1970)، کەچی جەلال دەباغ گوتی: (پارتی شەش وەزیری هەبوو).

[83]- عزيز سباهى، عقود من تأريخ الحزب الشيوعي العراقي، الجزء الثالث، ص (219).

بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (180)ی ڕۆژی (1970.3.29)، سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر، دوازدە وەزیری دامەزراندووە کە ئەو پێنجەیان پارتین:

ئیحسان محەمەد شێرزاد، وەزیری کاروباری شارەوانی و دێهاتەکان، کە دواتر عەبدولستار تاهیر شەریف لە شوێنی ئەو دانرا. سالّح عەبدوڵڵا نەجمەدین تەها یوسفی (1918-1981.6.25)، وەزیری دەوڵەت. محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان خدر ناسراو بە سامی شنگالی (1933-2004.2.1)، وەزیری کاروباری باکوور. نافز جەلال ئەسعەد ئاغا حەوێزی کۆیی (1921-1972.7.10)، وەزیری کشتوکاڵ.

هەر بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (305)ی ڕۆژی (1972.7.11)ی سەرۆکایەتی کۆمار، سالّح یوسفی وەزیری دەوڵەت لە شوێنی نافز جەلال بە بریکاری وەزیری کشتوکاڵ دامەزرا، بەڵام بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (736)ی ڕۆژی (1972.10.15)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی چاککردنی کشتوکاڵ بوونە یەک و (وەزارەتی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ) پێکهات، عزەت ئیبراهیم خەلیل ڕەحیم ناسراو بە عزەت ئەلدوری (1942-2020.10.26)، کە وەزیری چاککردنی کشتوکاڵ بوو، کرایە وەزیری نوێی وەزارەتی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ؛ نوری سدیق عەلی شاوەیس، وەزیری کار و نیشتەجێکردن، بەگوێرەی فەرمانی ژمارە (324)ی ڕۆژی (1973.8.12)ی سەرۆکی کۆمار کراوە بە وەزیری دەوڵەت و موحسین حەمەدئەمین بایز حەوێز

ئاغا دزەیی (1932/ دووگرتکان/ شەمامک/ هەولێر)، لە شوێنی ئەو کرایە وەزیری کار و نیشتەجێکردن. بۆیە دەپرسم: ئەی کوا شەشەمین وەزیرەکەی جەلال دەباغ؟ جەلال دەباغ، هەندێک جار لاملی دەکردو شتێکی دیکەی دەگوت کە زۆر دوور بوو لە ڕاستی، هەست دەکەم ئەو قسانەی تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بڵێن کەسێکی ئاگادار و ڕۆشنبیرە، نەیدەزانی بەم کردەوانەی زیاتر و زیاتر خۆی دەخستە ناو گۆمی هەڵە و ناڕاستی.

جەلال دەباغ: (لە ساڵی (1973)، بە پشتیوانی و هاندانی حکومەتی بەعس هێزەکانی پارتی شەڕیان بە لقی چواری گەرمیان و لقی دەی قەرەداغ حزبی شیوعی دەفرۆشت، پەلاماریان دان، ئەوان داکۆکیان لەخۆیان کرد، کە بەرگرییان لەخۆیان کرد لە ڕووی کردارەوە وا کەوتەوە، ئەو برادەرانە لەنێو شارەکانن، وا کەوتەوە کە گوایە ئەوان لەگەڵ بەعسن و چەکیان لە بەعس وەرگرتووە، وا کەوتەوە، بەڵام زوو بە زوو هەوڵدرا حزب زاڵبێت بەسەر ئەو ئیشە، ئاوی کرد بە ئاگرا و کۆتایی بەو شتە هێنا، ئەوەبوو لەگەڵ پارتی ڕێککەوتینەوە و ئەو برینەش تەداوی کرا).

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1973)، حکومەتی بەعسی دەسەڵاتدار بە سەرکردایەتی (بەکر – سەدام)، سێ مانگ دوای پێکهێنانی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی، چەکیان بەسەر شیوعییە کوردەکانی نێو حشع دابەشکرد، دابەشکردنی چەکەکان لە شارو شارۆچکەکانی (ئەلقوش، شەنگال، موسڵ، هەولێر، قوشتەپە، شەقڵاوە، حەریر، ڕواندز، کۆیە، دیبەگە، گوێڕ، مەخمور، قەراج، سلێمانی، قەرەداغ، سەیدسادق، هەڵەبجە، دەربەندیخان، کەرکوک،

خورماتوو، کەلار، کفری و هەندێ شارەدێی دیکە) بوو، ئامانجی حکومەت ئەوەبوو کە حزبی شیوعی بەگژ پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کوردستاندا بکات، شیوعییە کوردەکانیش ئەو ڕاستییەیان باش دەزانی، بەڵام تەواو مەستی ڕێککەوتننامەی نێوان ڕوسیا و عێراق بوون، ئەوەندە لەخۆبایی ببوون وایان دەزانی گەر پارتی لێیان بدات، عێراق، ڕوسیا و هەرچی وڵاتی بەناو سۆسیالیستی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و لە ڕاستیدا دیکتاتۆری هەیە دەستبەجێ لە سەریان هەڵدەدەن و بە چەند خولەکێک پارتی تەفروتونا دەکەن! بەڵێ حشع چەکی لە حکومەتی بەعس و سەدام وەرگرت، شەڕی شۆڕشی کوردستانی بە چەکی بەعس کرد و بوونە کەواسووری بەر لەشکری داگیرکەر، ڕۆژنامەی برایەتی لە لاپەڕە (1+2)ی ژمارە (6)ی دووشەممە، ڕێکەوتی (1974.1.14)، لە بابەتی (خەباتی ڕەوای گەلی کورد و پارتیەکەی بە سەرۆکایەتی بارزانی بە درۆو دەلەسەی شۆڤینیستەکانی ناو حیزبی شیوعی ناشێوێ)، باسی ئەوە دەکات کە حشع بە هەزاران پارچە چەکیان لە حکومەتی بەعس وەرگرت، بە چەکی بەعس بەگژ گەلی کورد و شۆڕشەکەی دا هاتنەوە، ئەوان وابەستەی هیچ جۆرە ڕێکەوتنێک نین، هەروەها بانگەشەی قەڵاچۆکردنی شیوعییەکانی کوردستان درۆیەکی بێبەڵگەی شیوعییە داخ لە دڵەکانە[84].

[84]- برایەتی ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە ژمارە (0-26)، (1974.1.1-1974.2.7)، ژمارە (83-86)، (1974.2.16-1974.3.2)، پرۆژەی هاوبەش زانکۆی زاخۆ و بنکەی ژین، ئامادەکردن عەبدوڵڵا زەنگەنە، سدیق سالح و ڕەفیق سالح، پرۆژەی هاوبەش زانکۆی زاخۆ و بنکەی ژین، ل (103+104).

لێرەدا دەردەکەوێت، بەو شێوەیەی جەلال دەباغ باسی دەکات، ڕاست نییە، حزبی شیوعی نەیتوانیوە بەسەر ئەو ناکۆکیەدا زاڵ بێت، ئاوێک بە ئاگرەکەدا بکات و لەگەڵ پارتی ئاشت بێتەوە و برینەکانی نێوانیان ساڕێژ بکاتەوە، چونکە دوژمنایەتی نێوانیان تا ڕێککەوتنی جەزائیر لە (1975.3.6)، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر قوڵتر دەبوونەوە، بەڵام دوای ئەوەی حزبی بەعسی هاوپەیمانیان ڕاوی حزبی شیوعی ناو، ئەوانیش لە سەرەتای ساڵی (1979)دا بە ناچاری پەنایان بۆ شاخەکانی کوردستان برد، ئیدی ئەوکاتە پارتی و حشع ئاشتبوونەوە.

جەلال دەباغ: (لە ساڵی (1974)دا، بەهیچ جۆرێک ڕاست نییە، کە ئێمە وەکو حشع لەگەڵ هێزەکانی بەعس لە ساڵی (1974)دا شانبەشانی سوپا و هێزەکانی حکومەتی بەعس بەشداری شەڕی پێشمەرگەمان کردبێت و چووبینە سەر پێشمەرگە لە دێهاتەکان، کام دێ، کام پارتی کە ئێمە چووبینیتە سەریان؟ ئەوە هەر پڕوپاگەندەی خۆیانە، پڕوپاگەندەی خەڵکی نەیارە، ئێمە لەنێو شار بووین، چەکدار بووین، بەس قەت لەدژی شۆڕش و پارتی نەبووە! ئێمە جگە لە یەک جار، هەرگیز شانبەشانی حکومەتی بەعس بەشداری شەڕی پێشمەرگەمان نەکردووە، ئەویش هەروەکو پێم گوتی کە پارتی هێرشی بردە سەر لقەکانمان ئەوانیش بەرەنگاریان وەستان، جگە لەوە ئێمە قەت دەوری جاش و ئەوەمان نەبووە، منیش حزبی شیوعی دەڵێم کە قەت دەوری جاشی نەدیوە لەدژی شۆڕش. ئەوەیشی کە کرابێت، هەر کاتێک تەقە لە تفەنگمانەوە هاتبێت بۆ بەرگری کردن بووە لە حزبمان)!

عەزیز محمەد، سکرتێری یەکەمی ئەوکاتی حزبی شیوعی عێراق، لە دیداری ڕۆژی (2015.10.2)ی لەگەڵ نووسەر دکتۆر سەیف عەدنان قەیسی، کە لە لاپەڕەکانی (169-170)ی (کنەکردن لە یادەوەریدا عەزیز محەمەد)، لەسەر زاری سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی نووسیویەتی: (بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بەرەییەی لەگەڵ بەعس هەمان بوو، دژی سەرکردایەتی کورد پشتی شەڕی حکومەتمان گرت، هۆی ئەوەش قەبارەی ئەو دەستتێوەردانەی بێگانە بوو کە هەوڵی دەدا دۆسیەی بزووتنەوەی کورد بقۆزێتەوە شیوعییەکان چەکیان لەگەڵ هێزەکەی حکومەت هەڵگرت، بەڵام بەو شێوەیەی نا کە باسی لێوە دەکرا. ئاخر ئێمە توانای چەک هەڵگرتنمان سنووردار بوو و، هەڵوێستی بەعسیش لەلایەکی دیکەوە مکوڕ بوو کە دەبێ بەپێی ئەو هاوپەیمانییەی لەنێوانمانە ئێمەش لەگەڵیان بوەستین). جەلال دەباغ بە تەواوی نکۆڵی لە شەڕکردن لەدژی شۆڕشی کورد و کوردستان دەکات، کەچی عەزیز محەمەد دانی پێدا دەنێت کە خاڵێک لە خاڵەکانی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی ئەوە بووە کە حزبی شیوعی شەڕ بۆ بەعس بکات، کاتێک کە خاڵێکی بەرەی بەعس و شیوعی ئەوەبووبێت کە حزبی شیوعی لە شەڕی بەعس و کورد پشتیوانی بەعس بکات، کەواتە پارتی مافی خۆی بووە لە مانگی یازدەی ساڵی (1973)دا، دەست بە چەککردنی شیوعییەکان بکات و پەلاماریان بدات، کە ئەو هەڵمەتەش بە ڕاوە شیوعی ناسراوە. لە لایەکی دیکەوە خودی عەزیز محەمەد دەڵێت کە توانای چەک هەڵگرتنیان سنووردار بووە، باشە بیست سریەی چەکدار کە هەر سریەیەک

سەت چەکداری هەبووبێت، دەکاتە دوو هەزار جاش، ئایە ئەوە سنووردار بووە؟ حزبی شیوعی عێراق لە سەردەمی خەباتی چەکداری لە نێوان سالانی (1979-1991)یش هەر دوو هەزار چەکداری هەبوو.

شەوکەت خەزنەدارسەبارەت بە جاشێتی حشع بۆ بەعس، نووسیویەتی[85]: (کێ بوو بنکە و ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی بۆ بنکەی جاشان گۆڕی لە سالانی (1974-1975)؟، ئایە بنکەکانی ڕێکخستنی کوردستان بۆ جاشی ڕژێم نەگۆڕدران؟ چ ناوێک لەم کرداڕە قێزەونە دەنێن؟ ئایە شۆڕشگێڕ بوون، ئایە چوونە نێو زیندانی باستیل و زیندانییەکانیان ڕزگارکرد؟ زیندانییەکانی باستیل، منداڵ، ژن و پیری کوردستان کێ بوون؟ ئایە بەڕاستی ئەوان ئامانج بوون لە ئۆپراسیۆنە شەڕانگێزییەکانی ئێوە لەدژی گەلی کورد؟ ئایە فڕۆکە و تۆپخانەکانی سەدام حوسێن بۆ بەرگری کردن لە هێزەکانی جەلال تاڵەبانی بەشداری شەڕی 'پشتئاشان'یان کرد؟ هەروەک چۆن ئەو فڕۆکە و تۆپخانانە بۆ بەرگری کردن لە ئێوە لە شەڕەکانی دەربەندیخان بەشداریان کرد؟

شەوکەت خەزنەدار، بەئاشکرا باسی جاشێتی و شەڕکردنی حشع لە سالانی (1974-1975)دا بۆ حکومەتی بەعس دەکات لەدژی شۆڕشی گەلی کوردستان، هەروەها باسی ئەوەشمان بۆ دەگێڕێتەوە کە حکومەت و سوپای بەعس لە شەڕەکانی دەربەندیخانی حزبی شیوعی عێراق و کورد لە سالی (1973)، بە فڕۆکە و تۆپخانە پشتیوانی شیوعییەکانی کردووە، هەمان پشتیوانی

[85]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي ... رؤية من الداخل، ص (451).

بەعس بۆ شیوعییەکان بە فڕۆکە و تۆپخانە لە شەڕەکانی 'باعەدرێ'ش دووپات بۆتەوە. شەوکەت خەزنەدار، گاڵتە بە شیوعییەکان دەکات و وەڵامی درۆکانیان دەداتەوە کاتێک لێیان دەپرسێت: ئایە فڕۆکە و تۆپخانەکانی سەدام بەشداری شەڕی 'پشتئاشان'یان کرد، بۆ بەرگریکردن لە هێزەکانی جەلال تاڵەبانی، هەروەک چۆن ئەو فڕۆکە و تۆپخانانە بۆ بەرگری کردن لە ئێوە لە شەڕەکانی دەربەندیخان بەشداریان کرد؟

عیسام عەزیز شەریف، لە لاپەڕە (419)ی (مذکرات عزیز شریف)، سەبارەت بە چەکهەڵگرتنی حشع تەنیا لە کوردستان، لە دژی کورد نەک بۆ خۆپاراستن وەکو خۆیان بانگەشەیان بۆ دەکرد، لەسەر زاری عەزیز شەریفی باوکی دەگێڕێتەوە: (لەپێناوی درێژەپێدانی گفتوگۆکان لەنێوان حشع و سەرکردایەتی کورد، لە ڕۆژی (1973.11.22)، هەردوو شاند لەلایەنی شیوعی بە ئامادەبوونی زەکی خەیری، کەریم ئەحمەد، ڕەحیم عەجینە و یوسف حەنا ناسراو بە ئەبو حکمەت و لەلایەنی کوردی حەبیب محەمەد کەریم، دکتۆر مەحمود عوسمان، محەمەد مەحمود ناسراو بە سامی، ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی یەکتریان بینی. زەکی خەیری بەوە دەستی پێکرد: هەڵمەتی پاکتاوکردنی حزبی ئێمە پێشوەختە و لە بەرژەوەندی پارتەکەتاندا نییە. وەڵامی پارتی بەمشێوەیە بوو: بابەتەکە بابەتی پاکتاوکردنی شیوعییەکان نییە، بەڵکو ئێمە دژی چەکدارکردنین لە ناوچەکانی خۆماندا. گفتوگۆکان درێژەی کێشا و چەندار جار باسی چەکدارکردنی حزبی شیوعی کرا، هەروەها ناوی ئەم ناوچانە بردرا کە چەکی حکومەتی تێدا

دابەش کراوە، لەنێویاندا بەرزبوونەوەی ژمارەی چەکداری شیوعی لە دەربەندیخان بۆ 300 چەکدار، لە ناوچەی قەرەداغ لە 60 بۆ 200 و 200 پارچە چەکیش لە مەخمور و 1000 پارچەی دیکەش لە ناوچەکانی دیکە. وەڵامی شاندی حزبی شیوعی ئەوە بوو کە چەکدارکردنمان لەدژی ئێوە نییە بەڵکو پاڕێزگاری کردنی ناوچەکانی خۆمانە). بەگوێرەی قسەکانی عەزیز محەمەد سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی، کە لە سەرەوەدا دەڵێ: (بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بەرەییەی لەگەڵ بەعس هەمان بوو، پشتی شەڕی حکومەتمان گرت دژی سەرکردایەتی کورد)، کەواتە گفتوگۆ و پاساوهێنانەوەکانی زەکی خەیری و شاندی حزبی شیوعی هیچی ڕاست نین و بیانوی ناڕاستن، چونکە حشع بەگوێرەی بەرەی نێوان بەعس و خۆیان، چەکی بەعسیان بۆ یارمەتیدانی بەعس وەرگرتووە نەک بۆ خۆپاراستنیان، ڕاستییەکەیشی لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕی بەعس و کورد، ئەوان لە دژی شۆڕشی کوردستان پشتیوانی حکومەتی بەعس بوون، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان مافی خۆی بوو ڕێ بە حشع نەدات لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد چەکدار بکرێن، ئەمە لە کاتێکدایە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق، بەعس یەک چەکیشی پێ نەدان، کەچی لە کوردستان بیست سریەی جاشی بۆ دانەمەزراندن و عەزیز شەریف لە سەرەوەدا باسی ئەوە دەکات کە حزبی شیوعی عێراق ئەوەندەی ئاشکرا بووە (1760) چەکی بەعسی وەرگرتووە!

دکتۆر عیسام عەزیز شەریف، لە لاپەڕە (79)ی (مذکرات عزیز شریف)، سەبارەت بە شەڕی هاوبەشی حزبی بەعس و حزبی

شیوعی لەدژی شۆڕشی کوردستان باسی ئەوە دەکات کە لەدوای لە سێدارەدانی سی و یەک شیوعی لە مانگی ئایاری (1978)، ڕۆژنامەی سەرەکی حشع وەکو سەرزەنشت کردن نووسیبووی کە خوێنی شیوعییەکان لەگەڵ خوێنی بەعسییەکان لە سەنگەرێکدا تێکەڵ بە یەک بوون، بەڵام خۆزگە خوێنی شیوعییەکان تێکەڵ بە خوێنی بەعسییەکان نەبوایە لە جەنگێکدا لە دژی نەتەوەی کورد، سەرەڕای ئەو هەڵە قورسانەی سەرکردایەتی کورد کردنی.

دکتۆر عەزیز شەریف، بە ئاماژەکردن بە ئۆرگانی حشع کە (طریق الشعب)ە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە زمانحاڵی حشع لە مانگی ئایاری ساڵی (1978)، ئەوەی نووسیوە کە خوێنی بەعس و شیوعی تێکەڵ بە یەکتر بوونە و لە سەنگەری دژی خەباتی ڕەوای نەتەوایەتی و ڕزگاری نیشتمانیی کورد و کوردستان ڕژاوە، ئەی جەلال دەباغ ئەو هەموو نکۆڵیکردنەی لە چییە؟

دکتۆر ڕەحیم عەجینە دەڵێت[86]: هێزێکی ئەوان وەکو حشع لەژێر ناوی (هێزەکانی بەرەی نیشتمانیی) بەشداری کرداری سەربازییەکانی لە دژی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە. دکتۆر ڕەحیم عەجینە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی و ئەندامی کۆمیتەی باڵای بەرەی نێوان بەعس و شیوعی بووە، بۆیە دەبێ ئاگاداری ئەو کارە هاوبەشانەی شیوعی و بەعس بێت لەدژی شۆڕشی کوردستان.

[86]- دکتور رحيم عجينه، ألإختيار المتجدد ذكريات شخصية وصفحات من مسيرة الحزب الشيوعي العراقي، ص (125).

حکومەتی بەعس، بەر لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی کوردستان، بیست سریەی جاشی چەکداری بۆ ئەندامە کوردەکانی حشع لە باشووری کوردستان کردووە، لەکاتێکدا کە بەگوێرەی خاڵێکی سەپێندراوی حزبی بەعس بەسەر حزبی شیوعی، لەنێو سوپادا هیچ شیوعییەک بۆی نییە کاری حزبایەتی بکات، ئەی جگە لە جاشێتی مانای چییە، بۆ بیست سریەی چەکداریان لە کوردستان بۆ دەکاتەوە؟ حکومەتی بەعس شەڕی بەو بیست سریەی حزبی شیوعی کرد لە دژی شۆڕشی کوردستان تا جەنگەکە بە شکست و ئاشبەتاڵی شۆڕشی کوردستان کۆتایی هات. وەلێ هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی یەک ساڵەی کوردستان، حکومەتی بەعس داوای لە سەرکردایەتی حشع کرد کە تەواوی ئەو پارچە چەکانەی بەگوێرەی لیستەکان وەریانگرتووە بۆ حکومەت بیگەڕێننەوە، هاوکات داوای پێشکەش کردنی لیستی ئەو تەقەمەنییانەشی کردبوو کە لە دژی کورد و جەنگی کوردستان لەلایەن شیوعییەکانەوە بەکارهاتوون، بەپێی لیستە فەرمییەکان ئەوان لە سەرەتای جەنگی کوردستان وەریانگرتوون. بۆیە عەزیز محەمەد و ئەوانەی لە سەرکردایەتی حزبی شیوعی کە بەشدار بوون لە بڕیاردانی بەشداریکردنی شیوعی لە جەنگی کوردستان زۆر خراپتر لە سەرۆک جاشەکان مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە[87].

لێرەدا ئەو پەلامارەی چەکدارانی حشع لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (1974.10.1)دا بۆ سەر پێشمەرگەکانی پارتی لە گوندی

[87]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي ... رؤية من الداخل، ص(249).

'ناسر'ی سەر بە دیبەگە، بە نموونە دەهێنینەوە؛ گوندەکە نزیکەی پازدە کیلۆمەتر لە دیبەگەوە دوورە و هیچ بنکە و بارەگایەکی حزبی شیوعی لەو گوندە نەبووە، ئایە ئەو پەلامارەی حزبی شیوعی بۆ بەرگری کردن بووە لە حزبەکەیان، یان جاشێتی و کەواسووری بەر لەشکری حزبی بەعس؟ بێگومان لەو ڕۆژەدا شیوعییەکانی 'دیبەگە، گوێڕ، مەخمور و هەولێر' سوپای عێراقیان بردە سەر دەستەیەک پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشمەرگەیەک دەکوژن، دوان بریندار دەکەن و هەشتیش بەدیل دەگرن، کە دواتر هەر هەشتیان لە موسڵ لە سێدارە دران. بەدیل گرتن و ڕادەستکردنی هەشتا و دوو پێشمەرگە و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاخ و شار، لە ماوەی نێوان (1974.3.26–1975.3.20)ی شەڕی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی دڕندەی بەعس، دواتریش لە سێدارە دانیان لە زیندانی موسڵ، ناڕاستی قسەکانی جەلال دەباغ و جاشێتی و نۆکەرێتی حزبی شیوعی عێراق بۆ حکومەتی بەعسی ڕەگەزپەرست دەسەلمێنێت. لە خوارەوە لیستی ناوی ئەو هەشتا و دوو پێشمەرگە و ئەندامەی پارتی لە بابەتی (دیلەکانی دەستی حشع و لە سێدارەدانیان) نووسراوە، ناوی هەشت پێشمەرگە دیلەکەی گوندی 'ناسر' لەنێو ئەو هەشتاو دوو ناوە دایە.

هەروەها حەمە ڕەشید قەرەداغی، لە لاپەڕە (39)ی بەرگی یەکەمی (بیرەوەرییەکانم)، نووسیویەتی: (بە درێژایی ساڵانی (1973–1975) یەک پێشمەرگەی پارتیمان ڕادەستی حکومەتی عێراقی نەکردەوە، بەپێچەوانەوە بریندارییان هەبوون چارەسەرمان

دەکردن و چاکمان دەکردنەوەو ئازادمان دەکردن)، لەخوارەوە و لە بابەتی (دیلەکانی دەستی حشع و لە سێدارەدانیان)دا ناوی ئەو پێشمەرگانەم نووسیوە کە لەلایەن حشع لە شەڕەکان، یان لە ماڵەوە بەدیل گیراون و دواتر لە موسڵ لە سێدارە دراون، کە ژمارەیان هەشتا و دوو پێشمەرگەیە.

موکەڕەم جەمال محەمەد عەلی تاڵەبانی (1923.4.12/ کفری کەرکوک)، وەزیری ئاودێری حکومەتی بەعس و سەدام، لە لاپەڕە (397-399)ی (مراحل تطور الحركة القومية الكوردية)، باسی ئەوە دەکات گوایە چەکەلگرتنی ئەوان وەکو حزبی شیوعی عێراق، لەبەر ئەوە بوو کە شیوعییەکان مەرجێکیان بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان سەپاندبوو کە دەبێ دوژمنی ئیستعمار -داگیرکەر- بن، پارتی مەرجەکەیان نەبردۆتە سەرو شیوعییەکانیش بۆیە چەکی بەعسیان هەڵگرتووە؛ سەرچاوە: (دکتۆر سەیف عەدنان قەیسی، کنەکردن لە یادەوەریدا عەزیز محەمەد، ل169-170).

ئیدیۆمێکی کوردی هەیە، زۆر لە شوێنی خۆیدایە گەر بۆ وەڵامی ئەو قسانەی موکەڕەم تاڵەبانی بەکاری بهێنم، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت: (هەنجەتی تڕێ نانی جۆیە)، بەو مانایەی کاتێک کەسێک هەڵەیەک یان کارێکی ئابڕووبەرانە دەکات، تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی کەسێکی دی، یان پاساوێکی نادروستی بۆ دێنێتەوە. حزبی شیوعی عێراق و موکەڕەم، نانی جۆیان خواردبوو، کەتنێکی گەورەیان کردو جاشێتی بەعس و عروبەیان پەسەند کرد، کەچی موکەڕەم تاڵەبانی هاتووە تۆمەتەکەی دوای خواردنی نانی جۆکەی (جاشێتی حزبەکەی) دەخاتە ئەستۆی بزووتنەوەی کورد و پارتی

دیموکراتی کوردستان! حزبی شیوعی عێراق، دوا ڕێککەوتنی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی (1972.5.13)دا مۆرکرد، پێشتریش لە هیچ ڕێککەوتنێک باسی ئەو مەرجەی شیوعی لەگەڵ پارتی نەکراوە! حشع کە دوورکەوێتەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێککەوتنی نێوانیان هەڵوەشێنێتەوەو خۆی بخاتە باوەشی بەعس و پەیوەندی نێوانیان نەمێنێت، کەواتە هیچیان پابەندی هیچ خاڵێکی پەیماننامەیەکی پێشووتر نابن، گەر خاڵێکی لەم جۆرەشی تیابێت. ئایا موکەڕەم، یان حزبەکەی موکەڕەم دەیانتوانی داوا لە ڕوسیا و حزبی شیوعی ڕوسیا بکەن کە پێوەندییان بە (ئیسرائیل و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواوە) نەبێت، کە بە بەردەوامی هەیان بووە؟ پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ ڕاگەیاندنی بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (1970)، تەواوی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا، ئێران، ئیسرائیل و ڕۆژئاوا ڕاگرت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ و دوو مانگ بەسەر بەیاننامەک کاتێک زانی حکومەتی بەعس هیچ بەندێکی ئەم بەیاننامەیە جێبەجێ ناکات، هەمان کاتیش هەوڵی کوشتنی ئیدریس بارزانی لە بەغدا و دوو جاریش هەوڵی کوشتنی بارزانی دابوو، بۆیە لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی (1972)دا پێوەندییەکانی نوێ کردەوە، کە هێنری ئالفرێد کیسینجەر (1923.5.27–2023.11.29)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (1973.9.22–1977.1.20)، لە یاداشتەکانی خۆی ئاماژەی بە دەستپێکردنەوەی پێوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و (ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێران) داوە.

سەبارەت بە بیانوی حشع وەکو ئەوەی کە موکەڕەم تاڵەبانی لەسەرەوەدا باسی کردووە، کە گوایە ئەوان ئەو مەرجەیان بەسەر پارتی سەپاندووە کە دژی ئیستیعمار بن و پارتی مەرجەکەی ئەوانی نەبردۆتە سەر، بۆیە حزبی شیوعی چەکی جاشێتی بەعسیان کردۆتە شان و شەڕی پارتی دەکەن، خۆ حشع هەر دوو ساڵ دوای شۆڕشی ئەیلول (1961.9.11-1970.3.10)، واتە لە ساڵی (1963) و دوای کۆدەتای هەشتی شوباتی یەکەمی حزبی بەعس، هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستانی هاوپەیمانی ئەمریکا، ئیسرائیل، ئێران و پەیمانی سەنتۆ بوو، تا ڕاگەیاندنی بەیاننامەی یازدەی ئادار پێوەندی شیوعی و پارتی بەردەوام بوو. پارتی و بارزانی لە ڕۆژی (1969.3.1)، لەبەرچاوی حزبی شیوعی عێراق بە هاوکاری تۆپخانەی ئێران تۆپبارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوکی کرد، هەر لە مانگی نیسانی ئەم ساڵە بەدواوە تا بەیاننامەی یازدەی ئادارو بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو، ئێران بە چڕی بەشداری شەڕەکانی پێشمەرگەی کوردستانی لەدژی سوپای عێراق بە بەرچاوی پێشمەرگە شیوعییەکان کردووە، کەچی ئەوان ڕۆژێک لە ڕۆژان دەنگی ناڕەزاییان لەدژی هێنانی ئێران و لێدانی نەوتی کەرکوک بەرزنەکردەوە. دوای بێئومێدی بارزانی لە سۆڤیەت بەتایبەت دوای بەستنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری (معاهدة الصداقة والتعاون)ی نێوان عێراق و سۆڤیەت لە ڕۆژی (1972.4.9)، بارزانی لە مانگی دواتردا بەناچاری ڕوویکردەوە ئێران و ئەمریکا، بارزانی هەر لەدوای گەڕانەوەی لە ڕوسیا لە ڕۆژی (1958.8.31)دا دوای گەیشتنی بە بەغدا لە ڕۆژی

(1958.10.6)دا بە سەدان جار لای مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی، کادیرانی پارتی، فەرماندەکانی پارتی، سەرۆک خێڵ و کەسانی ڕۆشنبیری کورد باسی ئەوەی کردووە کە هیچ ئومێدێکی بە حکومەتی ڕوسیا نییە بۆ هاوکاری و پشتیوانیکردنی کوردو شۆڕشی کوردستان، دیارە بارزانی ئەوەندە لە دەرگای ڕوسەکانی داوە و ئەوانیش هیچ وەڵامێکی ئەویان نەداوەتەوە بۆیە بەمشێوەیە ڕەشبین بووەو ڕووی کردۆتە ئەمریکا. دوای پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان عێراق و سۆڤیەت، حزبی شیوعی عێراق، بووە هاوپەیمانی سەدام و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی کە بەقسەی شیوعییەکان (حزبی بەعس بە سواری تانک و زرێپۆشی ئەمریکییەکان دەسەڵاتی عێراقیان گرتبووە دەست)، پاشانیش لە چوارچێوەی بەرەی جود (1980.11.28)دا دیسان بوونەوە هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بەردەوام هەر پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێران هەبووە، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان هێشتاکە لە پرسی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیدا ڕێژەی نەگۆڕ بووە، واتە پێوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی سەرەوە و ئەوەی شیوعییەکان پێی دەڵێن ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا هەبووە، کە ڕوسیاش پێوەندی تۆندوتۆڵتری دیبلۆماسی، ئابووری، بازرگانی و سەربازی لەگەڵ تەواوی ئەوانەی حزبی شیوعی عێراق پەیوەندی کردن پێیانەوە بە قەدەغە دەزانێت بۆ کورد هەبووە، ئەی گەر وابوو بۆ لە ساڵی (1980)، لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چوونە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کە تەنیا شازدە ڕۆژ بوو بەرەی (جەوقەد)یان لەگەڵ

یەکێتی مۆرکردبوو؟ پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی هەر هەمان پارت و بنەماڵە بوون، هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر پێوەندییاندا نەهاتبوو لەگەڵ ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان! ئەی باشە بۆ حشع دوو جار چۆتە پاڵ پارتی و جارێکیش چۆتە پاڵ حزبی بەعس؟ حشع بۆ خۆی دەکات بە ئاغای پارتی و پارتە کوردی و کوردستانیەکان؟ حزبی شیوعی عێراق، حزبێکی لادەر، عەرەبی، هەڵپەرست و ڕاڕا بووە، بۆیە هەرکاتێ ویستبێتی پێوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی گرێ بدات، بێشەرمانە و تا ڕادەی جاشێتی و کۆیلایەتی پێوەندی لەگەڵ بەستوون و هیچ کاتێک پێوەندییەکانی ئەوانی لەگەڵ ئەمریکا، ئێران، ئیسرائیل و ڕۆژئاوا ڕەچاو نەکردووە و نەیکردۆتە مەرجی هاوپەیمانێتی خۆیان لەگەڵ پارتی یان بەعس، بەڵام هەرکاتێ لێیان دوورکەوتبێتەوە دەهۆڵی بۆ کوتاون و هەوڵی سووکایەتی پێکردن و ئابڕووبردنی داون!

باشە گەر حشع ئەوەندە دژی ئەمریکایە، یان وەکو ئەوەی کە موکەڕەم تاڵەبانی لەسەرەوەدا باسی کردووە، گوایە حشع ئەو مەرجەیان بەسەر پارتی سەپاندووە کە دژی ئیستیعمار بن و پارتی مەرجەکەی ئەوانی نەبردۆتە سەر بۆیە حزبی شیوعی چەکی جاشێتی بەعسیان کردۆتە شان و شەڕی پارتی دەکەن! خۆ هەر خۆیان لەگەڵ هەردوو کۆدەتای بەعس و بەر لە بەرەی نێوان شیوعی و بەعس دەهۆڵ و زوڕنای ئەوەیان دەژەنی (کە بەعسییەکان بە شەمەندەفەری ئەمریکی هاتوونەتە سەر دەسەڵات)، ئەی بۆ خۆیان دەچنە بەرەیەک لەگەڵ کرێگرتەکانی ئەمریکا

(حکومەتی بەعس و سەدام)؟ یان عەرەبە شۆڤینیزمەکان و کوردە بیرکولەکانی وابەستەی حشع ئەوەشیان بەئاسایی دەزانی بۆ عەرەب و بۆ کوردیش بە بڤە و حەرام؟ پێوەندی بەعس و ئەمریکا، هەروەها هاوکاری و پشتیوانی ئەمریکا بۆ گرتنە دەسەڵاتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ڕەگەزپەرست و دیکتاتۆر لە عێراق ئاشکرایە. مەجدی حوسێن کامل[88] سەبارەت داردەستی و بەکرێگیراوی (سەدام حوسێن، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و حکومەتەکەیان) باسی ئەوە دەکات کە کە جیمس کریچفیڵد بەرپرسی چالاکی و ئۆپراسیۆنەکانی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی بە (سی ئای ئەی/ CIA) ناسراوە، لە پەرتووکێکی خۆیدا نووسیویەتی کە هەواڵگری ئەمریکی ڕۆڵی سەرەکی لە ڕێکخستن و ئامادەکردنی کۆدەتاکەی ساڵی (1963) حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە دژی عەبدولکەریم قاسمدا هەبووە. گوایە هۆکاری پشتیوانی ئەو کۆدەتایەش کوێت بوو، چونکە قاسم نیازی داگیرکردنی کوێت و لکاندنی دەوڵەتی کوێتی بە عێراقەوە هەبوو، هەروەها چەند بڕیار و ڕێکارێکی سیاسیی و نەوتی گرتەبەر کە دژ بە ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی بوو، بۆیە ئەندامانی هەواڵگری ئەمریکی لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا نەخشە و پلانی ڕووخاندنی دەسەڵاتی قاسم و گەرەنتی هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولسەلام محەمەد عارف و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکییان دارشت. ئەم

[88]- مجدی حسین کامل، (الحکام العرب في مذکرات الزعماء والقادة السیاسین ورجال المخابرات، ص (316-315).

کۆدەتایەی بەعس بە پشتیوانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف، دوای پێنج ساڵ لە ناجێگیری و گێژاو لە عێراق، ڕێی ئەوەیشی خۆشکرد کە کۆدەتای (1968.7.17) لە عێراق سەربگرێت و ئەحمەد حەسەن بەکر و 'سەدام حوسێن'ی جێگری دەسەڵات بگرنە دەست، دواتر لە تەممووزی (1979) سەدام حوسێن دەسەڵاتی ڕەهای لە عێراق وەرگرت. هەروەها مەجدی حوسێن کامل، لە لاپەڕە (327)ی هەمان سەرچاوە باسی دکتۆر ڕۆجەر پاول مۆریس (Roger Paul Morris/ 1937.1.1) دەکات، کە بەرپرسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی، شرۆڤەکاری سیاسی لە وەزارەتی دەرەوە، وانەبێژی زانکۆ و ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی ئەمریکی لە سەردەمی دەسەڵاتی جۆنسۆن (لیندۆن باینس جۆنسۆن/ Lyndon Bains Johnson)، لە (1908.8.27-1973.1.22)دا ژیاوەو لە (1969.1.20-1963.11.22)دا سەرۆکی ژمارە سی و شەشەم و (ڕیشارد میلهاوس نیکسۆن/ Richard Milhous Nixon)، لەماوەی نێوان (1913.1.9-1994.4.22) ژیاوە و لەماوەی نێوان (1974.8.9-1969.1.20) سەرۆکی ژمارە سی و حەوتەمی وڵاتی ئەمریکا بووە، لە یاداشتەکانی دا باس دەکات کە هەواڵگری ئەمریکی لە سەردەمی جەنگی ساردا لە دوو کۆدەتای عێراق ڕۆڵی هەبووە، یەکێکیان کۆدەتای ساڵی (1968) بوو، کە سەدام حوسێن-ی لە دەسەڵات جێگیرکرد. هەروەها مەجدی حوسێن، لە لاپەڕە (328-329)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا باسی ئەوە دەکات کە دایۆد هو کۆرت ئەفسەری هەواڵگری پێشووی ئەمریکا، لە

یاداشتەکانی خۆی کە چەند بەرگێکە، لە دوا بەرگی بڵاوکراوەکانیدا بەر لە جەنگی ڕووخانی ڕژێمی عێراق بە هیوای ئەوەیە کە دزی و تاڵانی لە عێراق بوەستێت و ئاشتی باڵبکێشێت بەسەر ئەم گەلە بێتاوانەدا کە هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی بەر لە چل ساڵ 'سەدام حوسێن'ی دامەزراند بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە لە سەردەمی جەنگی ساردا، کە دروشمی مردن باشترە لە کۆمۆنیزم، زاڵ بوو لەنێو دەسەڵاتی ئەمریکی، کە ئەوکات بەڕێوەبەرێتی ئەمریکی ئامادەی هاوپەیمانێتی بوو لەگەڵ هەر ڕژێمێک بەبێ ڕەچاوکردنی دیکتاتۆرییەت و ستەم مادام دژی کۆمۆنیزمە، ئەوکات ئەمریکا ئامادەبوو مامەڵە لەگەڵ هەر لایەنێک بکات کە بیەوێت لەدژی کۆمۆنیزم یارمەتی ئەمریکا بدات. ئەوێ ڕۆژێ سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق عەبدولکەریم قاسم دەستی کرد بە نزیکبوونەوە لە یەکێتی سۆڤیەت لە شەستەکان و چەند شیوعییەکی لە پۆستی باڵای حکومی دامەزراند، واشنتۆن بەدوای هۆکارێک بوو بۆ ڕزگاربوون لێی. ئا لەو کاتەدا بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی ئالان ویلش فۆستەر دۆلّیس (Allen Welsh Foster Dulles/ 29.1.1969-1893.4.7)، کە لەنێوان ساڵانی (1953-1961) بەڕێوەبەری (CIA) بووە، ڕایگەیاند (عێراق مەترسیدارترین ناوەندی بومەلەرزەیە لە جیهان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا)، سەدام حوسێن لە دۆسیەی هەواڵگری ناوەندی گونجاوترین کەسی دژ بە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بوو، کە ئامادەیی ئەوەی تیابوو هێز و توندوتیژی بەکاربێنێ لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، بۆیە

سەدام حوسێن هەڵبژێردرا تا لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی ببێتە پیاوی ئەمریکا لە عێراق، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڕەشەی دامەزراندنی بنکەکانی ڕۆکێتی ڕوسی لە عێراق، یان گەرەنتی بەردەوامی ناردنی نەوتی کەنداو بکات بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانە ڕۆژئاواکانی. دایڤید کۆرت باسی ئەوەش دەکات دوای هەوڵە شکستخواردووەکەی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم سەرۆک وەزیرانی عێراق، سەدام حوسێن بۆ میسر ڕایکرد و هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی لەوێ گرتیە خۆیی و بە سەلامەتی گەیاندیەوە بەغدا، کە بەخێرایی بەسەر پلیکانی سیاسی کەوت و کرایە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تایبەت کە دەزگایەکی تۆقێنەری سەر بە حزبی بەعسی عەرەبی عێراقی دەسەڵاتدار بوو، لەو کاتەدا بە پشتیوانی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی سەدام دەستی بۆ پیلانگێڕی و کۆمەڵکوژییەکانی دریژکرد کە ئامجیان ئەوە بوو ڕێی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ڕەها لە عێراق پاک بکاتەوە. ئەو شایەتی دانەی سەرەوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و سەدام حوسێن تکریتی و ئەحمەد حەسەن بەکر تکریتی و هەڤاڵەکانیان بە شەمەندەفەر و بە هاوکاری و پشتیوانی ئەمریکا هاتوونەتە سەر دەسەڵات و کرێگرتەی ئەوان بووینە، بەڵام حشع کە زیاتر حزبێکی عەرەبی عێراقی بووە نەک کۆمۆنیست و ئینتەرناسیۆنالیستی، هەردەم دژی پێوەندی تەواوی پارتە کوردستانییەکان و سەرانی شۆڕشی کوردستان بووە و مەرجی هەبووە بۆ پێوەندی کورد و ئەمریکا، لەکاتێکدا ئەمریکا و ڕوس هاوکاری بەعس بووینە لەدژی کورد، بەڵام حشع خۆی بۆتە

کرێگرتە و جاشی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، کە کرێگرتە و داردەستی ئەمریکا و (CIA)ی ئەمریکی بووینە، یان هەردەم ئەڵقە لەگوێ، کلک، داردەست و کرێگرتەی ڕوس و حزبی شیوعی ڕوس بووینە! ئەم جۆرە بیرکردنەوانەی حشع بەرانبەر بە پارتە کودستانییەکان لوتبەرزی نەتەوەیی عەرەبی و حزبی دەگەیەنێت کە شیوعییە کوردەکانیش هەردەم پەسندیان کردووە نەوەک تۆمەتی نەتەوەپەرستی، ناکۆمۆنیستی و نائینتەرناسیۆنالیستیان بدەنە پاڵیان، ئەمەش خەسڵەتێکی بۆرژوازییانە، ئاغایانە و لادەرانەی حشع بوو، کە عەرەبەکان بەچاوی سەپان سەیری کوردیان دەکرد و خۆیشیان بە ئاغای کورد دەزانی.

باشە حزبی شیوعی عێراق، کە بەشێوەی پارتە نەتەوەپەستە عەرەبیسزمەکان لەژێر کاریگەری پارت و بزووتنەوە ئیسلامییە ڕەگەزپەرستەکان دژی هەموو پێوەندییەکی کورد لەگەڵ (ئەمریکا، ئیسرائیل، بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا و ئەوروپا) بگرە ڕوسیاش بوون، ئەی بۆ دژی پێوەندی ڕوسیا و ئیسرائیل نەبوون، کە ڕوسیا لە دوای چەند ڕۆژێک لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل (1948.5.14)، دانی بە ئیسرائیل داناو پێوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل بەست کە پێوەندییەکەیان تا ئێستاکەش بەردەوامە، جگە لە ساڵانی (1953-1956) و (1967-1987)، کە ئەوەی دووەمیان بەهۆی سووربوونی ئیسرائیل بوو لەسەر نەوەستاندنی شەڕی (1967.5.6) لەدژی وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت سوریا، میسر و لوبنان؟ پێوەندی ئەمریکا و ڕوسیاش لە ساڵی (1933)ەوە بەردەوامە تاکو ئێستاکە، ئەی خێرە حشع دژایەتی ڕوسیای نەکرد

لەسەر پێوەندی ڕوسیا - ئیسرائیل و ڕوسیا - ئەمریکا، ئەی بۆ مەرجی بەسەر ڕوسیادا نەدەسەپاند وەکو ئەو مەرجەی گوایە بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان سەپاندوویانە بۆ ئەوەی ڕوسیاش دژی (ئیمپریالیزم، زایۆنیزم، ئیسرائیل، ئەمریکا، خۆرئاوا، ئێران و کۆنەپەرستان)ی دوژمنانی حشع (عەرەبیسزم و ئیسلامیزم) بن و پێوەندییان لەگەڵ نەبەستن؟ پێوەندی هاوسەرگیری مەحمود سەلیم دەرویش (1941.3.13-2008.8.9) هۆزانڤانی ناسراوی فەلەستینی و ڕیتا ئیسرائیلی (تامار باهی/ 1943) لەنێوان ساڵانی (1959-1967.6.5)، هەر بەهۆی ئەم جەنگەوە لەژێر فشاری ڕەگەزپەرستانی ئیسلامی، نەتەوەپەرستانی عەرەبی و کۆمۆنیستانی عەرەب کۆتاییهات، کە ناچاریش کرا تەنانەت بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ئازار نەدرێت و سەرکۆنە نەکرێت، نکۆڵی لە خۆشەویستی ڕیتا بکات و ئەو بە تەنیا بە تابلۆیەکی بیرکردنەوەی هزری خۆی ناوببات کە گوایە بۆتە سەرچاوەی ئیلهامی چەند هەڵبەستێکی ئەوینی خەیاڵاوی خۆی و بەس، کۆنەپەرستانی عەرەب و ئیسلامییە شۆڤینیزمەکان بەلاوە نێن، بەڵام شووڕەییە بۆ هەڵگرانی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و بەتایبەت کۆمۆنیستانی عێراق کە ئازاری 'مەحمود دەرویش'یان داو دەستکارییان لە ژیانی تایبەتی ئەو کرد، ئەویش بەناچاری لە 'ڕیتا' جیابۆوە و دواتر لە ساڵی (1976) هاوسەرگیری لەگەڵ ڕەنا سەباح ئەلقەبانی (1958/ دیمەشق) کرد کە برازای هۆزانڤان نزار قەبانی بوو، تا لە ساڵی (1982) جیابوونەوە. حزبی شیوعی عێراق، بەم بیرکردنەوە ئیفلیج و سیاسەتە تەسکبینانەی کە هەموو

پێوەندییەکی کورد بە کرێگرتەیی، پشتیوانی داگیرکەر، ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دەزانێت، بەدڵنیایی حزمەتی بیری عروبە و ئیسلامی شۆڤینیزمی کردووە و هەمان کات بەشێوەی ئیسلامییەکان کەوتۆتە سەنگەری دوژمنایەتی کردنی کوردو کوردستان. بەرنامەی حزبی شیوعی ئیسرائیل زۆر مارکسیزمانە و کۆمۆنیزمانەترە بۆ پرسی چارەسەرکردنی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، لە بەرنامەی حشع بۆ چارەسەرکردنی پرسی داگیرکردن و لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە. حزبی شیوعی ئیسرائیل (1919)، بەگوێرەی بەرنامەی خۆیی و بێ هیچ پێچ و پەنایەک لە کۆنگرەی دوازدەهەم (1952.6.1-5.29)، بڕیاری داوەو داوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات بۆ عەرەبی فەلەستین لە ئیسرائیل و مافی بڕیاری چارەنووسی دایتە دەست خۆیان بە جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەت، هیچ وەکو حشع چەندان کۆت و زنجیری دانەناوە بەوەی کە دەوڵەتەکە لە بەرژەوەندی پرۆلیتاری فەلەستینی بێت، دوای ئەوەی هەموو پارچەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبی ڕزگاریان دەبێت، دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریای جیهانی و ئینتەرناسیۆنالیزم بێت، چونکە ئەوەی کە حشع لە مەرج دانان بۆ مافی چارەنووسی گەلی کوردستان دەیکرد گاڵتەکردن بوو بە پیرۆزییەکانی کورد، کوردستان و پرۆلیتاریای کورد، هاوکات درێژەدان بوو بە داگیرکاری کوردستان و چەوساندنەوەی زۆرتری هەموو کورد، نەک تەنیا پرۆلیتاریای کورد بەناوی کۆمۆنیزم و لە ڕاستیدا (لەژێر کاریگەری بیری شۆڤینیزمی عەرەبی کە زاڵ بوو لەنێو کۆمیتەی ناوەندی حزبی

شیوعی عێراق). ئەو بیری شۆڤینیزمە عەرەبییەی نێو سەرکردایەتی حشع کە تاوەکو ئێستاکەش هەر بەردەوامە لەدژی پرسی کورد و باشووری کوردستان، وای لە عەرەبە شۆڤینیستەکانی نێو کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کرد کە لە کۆنگرەی پێنجەم (12-1993/10/25) لە شەقلاوە، بڕیاری ئەوە بسەپێنن کە لە مەودوا دەبێ پۆستی سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی لەسەر عەرەب تاپۆ بکرێت، کە حەمید مەجید موسا (لە دایکبووی1941.1.7) و تا کۆنگرەی دەیەم (1-2016.12.3) مایەوە، کە لەم کۆنگرەیەدا ڕائید جاهید فەهمی سالّح ناسراو بە ڕائید فەهمی (1950/ بەغدا) کرایە سکرتێری یەکەم و تا ئێستا بەردەوامە، سەرەڕای ئەوەی کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشووری، سوبی و ئەرمەنی لە عێراقدا دەژین، زۆر بەلامەوە ئاساییە تورکمانێک، ئاشوورییەک یان ئەرمەنییەک لە کوردستان ببێتە سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان. عەزیز شەریفی [89] کەسایەتی ناسراوی عێراقی سەبارەت بە دامەزراندنی بەرەی (جەوقەد) و (جود) گوتوویەتی: (مایەی سەرسوڕمانە کە حشع بەشداری بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی دیموکراسی (جەوقەد) لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردایەتی هەرێمایەتی عێراقی حزبی بەعس و بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی لە تشرینی دووەمی 1980، دەکات. واتە دوای ئەوەی بە مانگێک کە هەڵمەتی ڕاگەیاندنی ئەمریکی و زایۆنیزم ڕاگەیەندرا و جەنگی ئێران - عێراق هەڵگیرسا، دواتریش دوای شازدە ڕۆژ حزبی شیوعی بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی جود واژۆ دەکات بە

[89]- عصام عزيز شريف، مذكرات عزيز شريف، ص (432).

هاوبەشی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان). باشە حزبی شیوعی عێراق، گوایە بەهۆکاری هەبوونی پەیوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئیمپریالیزمەوە پشتیوانی بەعسی لە دژی کورد لە جەنگی ساڵانی (1974-1975)ی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی بەعسدا کردووە، کەچی لەدوای ئاشکراکردنی پێوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی بە زایۆنیزم و ئەمریکا، ئینجا دەچێتە پاڵ پارتی و بارزانی، ئایە ئەمە بانێک و دوو هەوا نییە؟

شەوکەت خەزنەدار[90] سەبارەت بە جاشێتی و کلکایەتی حشع بۆ حزبی بەعسی عەرەبی و حکومەتی شۆڤینیستی عێراقی، دەڵێت: (حشع تەنانەت خۆیشی پێ بەڕێوە ناچێت و لە چوارچێوەی بەرەیەکی نایەکساندایە، بەڵکو لەوەش زیاتر، حزبی شیوعی بۆتە کلک و ژێردەستە بە تەواوی مانای وشە بۆ دەسەڵاتێک کە پارتێکی بۆرژوازی بچووک سەرکردایەتی دەکات، کە شێواوە لە بیرۆکە و بۆچوونەکانی، هەمان کات بەدەست دڵەڕاوکێی هزری و نەبوونی سەقامگیرییەوە دەناڵێنێت).

جەلال دەباغ: نەخێر ڕاست نییە کە گوایە حشع ئاشبەتاڵی شۆڕشی کوردستانی پێی خۆش بوو بێت، بە نەمانی شۆڕشی ئەیلول و بەو ئاشبەتاڵەی لەناو دوو کەوانەدا دەڵێم (ئاشبەتاڵ)، کوتەکێک بەر حزبی شیوعی و تەواوی بزووتنەوەی نیشتمانیی کەوت. ئەوانەی کە دەڵێن حزبی شیوعی پێیان خۆشە، شایی و لۆغانی بوو، ڕاست ناکەن. ڕاست ناکەن و بەڵگەیان بەدەستەوە نییە!

[90]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، ص (259).

بەپێی هەموو بەڵگەکانی خۆمان، ئێمە ئەو ڕووخانەی شۆڕشمان پێ ناخۆش بوو!

مادام جەلال دەباغ دەڵێت: (نەخێر ڕاست نییە کە گوایە حزبی شیوعی عێراق ئاشبەتاڵی شۆڕشی کوردستانی پێ خۆش بوو بێت. بە نەمانی شۆڕشی ئەیلول و ئاشبەتاڵ، کوتەکێک بەر حزبی شیوعی و تەواوی بزووتنەوەی نیشتمانیی کەوت)، بەپێی قسەکانی دەباغ ئەوەی کورد پێی هەڵسابوو شۆڕش بوو، نەک وەکو ئەوەی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵانی (1974-1979) ناوی نابوو (**یاخیبوونی کۆنەپەرستانە، یاخیبوونی ڕاستڕەوانەی کوردی، تێکدەرانی سەرکردایەتی ڕاستڕەوی کوردی، بزاڤی نەتەوەپەرستانی کوردە سەرلێشێواوەکان، بەگرێگیراوانی ئێران، کرێگرتەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا یان بوکەڵەی بەکرێگیراو**)، چونکە دەباغ باسی شۆڕشی کوردستان دەکات و ئاشبەتاڵی ساڵی (1975) بە کوتەکێک بۆ سەر حزبی شیوعی و تەواوی بزووتنەوەی نیشتمانیی دەزانێت، کەواتە ئەو بزاڤە کوردییە بە بەشێک لە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراق هەژمار کردووە، هەردەمیش بزووتنەوەی نیشتمانیی بزووتنەوەیەکی ڕاست و ڕەوا بووە. ئەی باشە مادام حزبەکەی جەلال دەباغ ئەم هەموو تۆمەتەی سەرەوە چییە وەپاڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی داوە؟ ئایە دەباغ و سەرانی حشع هەمان هەڵوێستیان بەرانبەر بە شۆڕشی ساڵانی (1974-1975)ی کوردستان نەبووە و جیاواز بووە؟ دەبێ ئەوە بڵێم کە حزبی شیوعی عێراق دوای ئەوەی لە ڕۆژی (1973.7.17)دا خۆی دایە

پاڵ بەعس و بوون بە گیانێک لە دوو جەستەدا، بە هەموو شێوەیەک دەستی کرد بە ستایش و پیاهەڵدانی حزبی بەعسی عەرەبی عەفلەقی و حکومەتی بەکر – سەدام، هەمان کاتیش کەوتە هێرشێکی توند و ناڕەوا بۆ سەر شۆڕشی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، وەلێ دوای ئەوەی حزبی بەعس بە شەق شیوعی لە بەرە دەرکرد، ئەوجارە کەوتنە ستایش کردن و پیاهەڵدان بە مەلا مستەفا، مەسعود بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردستان، شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی گوڵانی بنەماڵەی بارزانی و پەلاماردانی بەعسی هاوپەیمانی. حزبی شیوعی زۆر پەرۆشی ئەو بەرەیە بوون لەگەڵ بەعس و تەنانەت دەیانویست ببن بە بەشێک لە حزبی بەعس و لەگەڵ ئەو حزبە ڕەگەزپەرستە یەکبگرنەوە، بەڵام حزبی بەعس تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیی و بەکارهێنانیان لەدژی شۆڕشی کوردستان پێویستی پێیان هەبوو و بەکاری هێنان، ئەگینا بەر لە پێکهێنانی بەرەی نێوانیان بەرچاویان ڕوون بووە و زانیویانە ئامانجیان چییە لەم بەرەیە. تەنیا ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی[91]، حزبی بەعس زانیاری بەسەر ئەندامانی خۆی دابەش کرد و سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسیش داوای لە ئەندامانی خۆی کرد کە پێشنیارو بیرۆکە بۆ چۆنێتی هەڵتەکاندنی تەواوی حزبی شیوعی عێراق پێشکەش بکەن، هەروەها داوای کردبوو کە سیخوڕ بخەنە نێو ڕیزەکانی ئەو حزبە.

[91]- حسن العلوي، العراق دولة المنظمة السرية، ص (88).

حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و میشیل یوسف عەفلەق ئەبو عەسلە (1910.1.9-1989.6.23)، دامەزرێنەری حزبی بەعس، هەر لە سالّی (1944)، دژایەتی خۆیان بۆ کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم ڕاگەیاندبوو. عەفلەق و جەمال ئەتاسی لەو باوەڕەدابوون کە: کۆمۆنیزم پەیامێکە پەیامی نەمریی عروبە ڕەتدەکاتەوە و شیوعیەت بیرۆکەیەکی ڕۆژئاواییە و نامۆیە بە هەموو شتێکی عەرەب[92]. عەفلەق، لەدوای کۆدەتای (1963.2.8)، لە لێدوانێک دا بۆ ڕۆژنامەی لۆمۆند-ی فەرەنسی، کە لە ڕۆژی (1963.3.24)، لە ڕۆژنامەی (ألأخبار العراقية)دا بلّاوکرایتەوە گوتبووی: (حزبە شیوعییەکان قەدەغە دەکرێن و بە تووندترین شێوە ڕیشەکێش دەکرێن لە هەر وڵاتێک کە حزبی بەعس دەسەڵاتی تێدا بگرێتە دەست[93]. عەفلەق، هەردەم خۆی بە دوژمنی کۆمۆنیزم ناساندووە و گوتویەتی: (ئێمە نوێنەرایەتی گیانی عەرەبی دەکەین لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزمی مادی)[94] بەڵام وێرای هەموو ئەوانە، وا دیارە حشع لە عەفلەق و شاگردەکانی نەگەیشتبوون، بۆیە هیچ کام لە لێدوانەکانی ئەویان بەهەند وەرنەگرت و لە بەعس نزیک بوونەوە. میشیل عەفلەق، لە وتەیەکی دیکەدا لەدژی کۆمۆنیزم دەڵێ: (ئەی دوژمنانی شیوعی یەکگرن/ یا أعداء الشيوعية إتحدوا)، کە پێموایە لە یەکێک لەم دوو سەرچاوەیەکدا خوێندوومەتەوە؛ (ميشيل عفلق وجمال الأتاسي، موقفنا السياسي من

[92]- ميشيل عفلق وجمال الأتاسي ، موقفنا السياسي من الشيوعية نشرة داخلية خاصة بالأعضاء كانون الثاني 1956)، ص (2).
[93]- ثمينة ناجي يوسف و نزار خالد، سلام عادل سيرة مناضل 2، ص (358).
[94]- كنعان مكية، جمهورية الخوف، ص (282).

الشيوعية نشرة داخلية خاصة بالأعضاء، كانون الثاني 1956 + ميشيل عفلق، في سبيل البعث الكتابات السياسية الكاملة، الجزء الأول، بدون سنة ومكان الطبع)، سەرەڕای خوێندنەوەی ئەم وتەیەی میشیل عەفلەق لە سەرچاوەیەکدا، زۆر جار لەکاتی گفتوگۆکردندا ئەو وتەیەم وەکو وتەیەکی ناوبراو بەرگوێ کەوتووە.

حزبی شیوعی هەم بە چەک و هەم بە داڕشتنی یاسا و دەرکردنی بڕیاری بەرەی نێوان خۆیان و بەعس، لە دژی کورد و شۆڕشی کوردستان، هاوکاری حکومەتی بەعس و سەدامی دەکرد. سەبارەت بە سەپاندنەوەی شەڕی سالانی (1974-1975)ی بەعس و حزبی شیوعی بەسەر کورددا، حەیدەر سەمیر سالم دەڵێت: (ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزبی بەعس، لە ڕۆژی (1974.3.12)دا بڕیاریدا، کە سەدام حوسێن تەواوی دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی باڵای کاروباری باکووری پێ بدرێت، لەلایەکی تریش سەدام لە هەمان ڕۆژدا ڕایگەیاند کە مۆڵەتی پازدە ڕۆژی دا بە مستەفا بارزانی و حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پەسندکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی کە بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز پێشکەشی کردبوو، هەروەها بۆ بەشداری کردنی پدک لەو بەرەیەدا)[95]، لە ڕاستیدا سەدام، لە ڕۆژی (1974.3.2)دا و لە کۆبوونەوەی بەرەی بەعس و شیوعی بڕیاریاندا کە ڕۆژی (1974.3.11)، یاسای ئۆتۆنۆمی دەردەچێت، سەدام-یش ڕایگەیاند بارزانی و پارتی تەنیا پازدە ڕۆژیان لەبەردەمە دوای ڕاگەیاندنی

[95]- حيدر سمير سالم، (الأوضاع السياسية للكورد العراق في عهد الرئيس أحمد حسن البكر (1968-1979) دراسة تأريخية، ص (145).

یاساکە بۆ ئەوەی یاساکە پەسند بکەن و بێنە نێو بەرە، ئەگینا شەڕ چاوەڕێیانە. پێشتر لە ڕۆژی (1974.2.24)، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بڕیاری ژمارە (176)ی دەرکردبوو لەدژی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کورد، کە لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنی شەڕ بوو لەدژی ئەوان، چونکە لە بڕیارەکەدا هاتبوو: (هەر چالاکییەکی ڕێکخراوەیی یان سیاسیی بە کارێکی تێکدەرانە لەدژی ئاساییشی وڵات هەژمار دەکرێت، گەر پێشتر مۆڵەتی یاسایی پێ نەدرابێت، یان لە دەرەوەی چالاکی بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بێت)، ئەو بڕیارە مانای وایە لەگەڵ دەست پێ کردنەوەی شەڕ پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش ئۆتۆماتیکی دەبنە تێکدەر و کاری تێکدەرانە دەکەن نەک خەبات و شۆڕش.

هەروەها حەیدەر سەمیر سالم، نووسیویەتی: (ئەم یاسایەی کە بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز پێشکەشیان کردبوو، یاساکە چەند خاڵێکی تیابوو کە مایەی ناکۆکی توند بوو لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی، چونکە کەرکوک لەژێر دەسەڵاتی کوردی دەرهێنرابوو و هەولێر کرابوو بە پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمی)[96]، کەواتە حزبی شیوعی عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ حزبی بەعس و حکومەتی عێراق یاسایەکی 'ئۆتۆنۆمی'یان بۆ هەرێمی کوردستان دارشتووە کە کەرکوک و چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستان نەگرێتەوە، بەم هۆکارەش لە ئاداری ساڵی (1974) شەڕی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی عێراق دەستپێکردەوە، کەواتە

[96]- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (144).

حشع هاوبەشی حزبی بەعس بووە و بە قەد حکومەتی بەعس لە پەشیمان بوونەوە لە بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (1970) و سەپاندنی شەڕ لەدژی کورد و شۆڕشی کوردستان تۆمەتبارە. عەمار عەلی ئەلسەمەر سەبارەت بە پەشیمانبوونەوەی حکومەتی بەعس لە بەیانی یازدەی ئاداری (1970)، هۆکارەکەی بۆ بەرەی نێوان بەعس و حزبی شیوعی لە ڕۆژی (1973.7.17) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (حزبی بەعس لەلایەنی خۆیەوە دوای مسۆگەرکردنی حزبی شیوعی عێراق بە ڕاکێشانی بۆ لای خۆی، هەوڵی دا پەیوەندی بەو هێزە کوردییانەوە بکات کە تووندڕەو نەبوون بۆ ئەوەی لە بارزانی دەربازبێت. سەدام حوسێن لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1973)، ڕایگەیاند کە پارتی یەکسان نییە بە گەلی کورد، بەڵکو ڕیزەکانی پارتی دزەپێکەری زۆری لەدژە شۆڕشی تێدایە. هەروەها لە ڕۆژنامەی (الثورة)ی حکومەت هاتبوو، کە پارتی لەمەودوا نوێنەرایەتی تەواوی کوردەکان ناکات، بەشێوەی حزبی بەعس کە نوێنەرایەتی تەواوی عێراقییەکان دەکات)[97]. سەدام لەگەڵ بارزانی ڕێکەوتنی کردبوو و بەیانی یازدەی ئاداری دەرکردبوو، بەڵام کە خۆی بەهێزکرد و پشتیوانی حزبی شیوعی عێراقی مسۆگەر کرد، ئینجا بارزانی بە نوێنەری کورد نازانێت. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، حشع بە ئاشکراو بەبەر چاوی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و کوردستان چەکی بۆ حکومەتی عێراق لە دژی شۆڕشی کوردستان هەڵگرت و لە زۆربەی شەڕەکان شانبەشانی سوپای

[97]- عمار علي السمر، شمال العراق 1958-1975 دراسة سياسية، الناشر: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، تاريخ الإصدار: 12 يوليو 2012، ص (390).

داگیرکەر و حکومەتی بەعسی فاشی هێرشی دەبردە سەر هێزی پێشمەرگە و گوندو شارۆچکەکانی کوردستان. هەر لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕی نێوان بەعس و کورد، حشع هێرشێکی توندی ڕاگەیاندنی لەدژی شۆڕشی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەستپێکرد: (دوای ئەوەی مەلا مستەفای بارزان یاسای ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستانی عێراقی لە ساڵی 1974 ڕەتکردەوە، دەستبەجێ مەکتەبی سیاسیی حشع دەستی بە هەڵمەتێکی ڕۆژنامەوانی و ڕەخنەی بریندارکەر لەدژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و سەرکردەکانی کرد، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی بزووتنەوەی کورد و سەرکردەکانی بە بەکرێگیراوی بێگانە، کۆنەپەرست، دەرەبەگ، دواکەوتوو تۆمەتبار بکات، پێشتر بەگوێرەی بەڵگەنامە فەرمییەکانی حشع بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد ناوەڕۆک و سیمایەکی دیموکراسی ڕزگاریخوازانەی هەبووە. هەموومان دەزانین کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کاتێکدا کە حزبی شیوعی عێراق مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد (پێشتر و ئێستاش) هەر وەک خۆی بووە، سیاسەتی، ڕێبازی، سەرکردەکانی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، حزبی شیوعی بە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی پێشکەوتنخوازی دەزانی کە پێی وابوو سیما، ناوەڕۆکی دیموکراسی و بەدیهێنەری مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد بوو. پەیوەندی لەگەڵ ئێرانی شا هەر هەبووە و زانراو بووە. شەوکەت خەزنەدار لە تۆمەتەکانی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی لە بەرانبەر بە شۆڕشی کوردستان نووسیوە، کە هەر

لەگەڵ دەستپێکی شەڕی نێوان کورد و بەعس، ئەوان بە چەک و بە ڕاگەیاندن پشتیوانی حکومەتی بەعس بووینە[98]. ڕاستییەکەی پێشتر ئاماژەم بە ڕۆڵی نێگەتیڤانەی حزبی شیوعی کردووە، بەوەی کە چەندان پێشمەرگەی کوردیان بەدیل گرتووەو بەدیاری ڕادەستی ڕژێمیان کردوون و دواتر هەر هەموویان لە موسڵ لە سێدارە دراون.

ئێستا با بێمە سەر ئەوەی کە دەباغ، باسی ئەوە دەکات گوایە خەڵک بەبێ بەڵگە حزبی شیوعی تۆمەتبار دەکات، ئەگینا ئەوان بەپێی گشت بەڵگەکانی خۆیان، ئاشبەتاڵیان پێ ناخۆش بووە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بە تاکە بەڵگەیەک بدات، بۆیە بەناچاری ئاماژە بە چەند بەڵگەیەکی دڵخۆشبوونی حزبی شیوعی دەدەم بە هەرەس یان ئاشبەتاڵی شۆڕشی کوردستان لە ڕۆژیی (1975.3.6).

بەهائەدین نوری، لە نووسینێک دا کە لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی دا لەژێر ناوی (73 ساڵ لە مێژووی پارتی چۆن هەڵدەسەنگێنیت)، کە لە ڕۆژی (2019.8.18)، نووسیویەتی و ڕۆژی دواتر بڵاوی کردۆتەوە، سەبارەت بە هەڵوێستی سەرانی حشع دەربارەی هەرەسی شۆڕشی کوردستان لە ئاداری ساڵی (1975)، نووسیویەتی: (کە شیوعیەکانی هەرێمیش داوایان لە سەرکردایەتی حشع کرد: (با لوولەی چەکەکانمان وەرگێڕین دژ بە ڕژێمی بەعس و بەرگری لە مافی ڕەوای میللەتەکەمان بکەین)، عەزیز محەمەد و زەکی خەیری و باقر ئیبراهیم وەڵامیان دانەوە: دەبێ خۆشحاڵی خۆمان دەربڕین بە سەرکەوتنی ڕژێمی

[98]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي ... رؤية من الداخل، ص246-247).

پێشکەوتنخوازی بەعس بەسەر جێبی عەمیلدا). ئەوە بەهائەدین نوری، لە زاری عەزیز محەمەد، سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی عێراق، زەکی و خەیری و باقر ئیبراهیم ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی پێمان دەڵێت، کە ئەوان گوتوویانە: (شیوعییەکان دەبێ خۆشحاڵی خۆیان بە سەرکەوتنی ڕژێمی بەناو پێشکەوتنخوازی بەعس بەسەر بوکەڵەی بەکرێگیراو –الجیب العمیل– دەربڕن)، لەوە زیاتر شایی، لۆغان و خۆشحاڵی چی دەگەیەنێت، ئەو درۆیانەی دەباغ بۆچی؟

بەهائەدین نوری، لە لاپەڕە (442)ی (مذكرات بهاءالدين نوري)، سەبارەت بە هەرەسی شۆڕشی کوردستان لە ڕۆژی (1975.3.6)دا باسی دوو بۆچوونی دژ بە یەکی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق دەکات، کە چەند بڕگەیەکە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندییەو پێشکەش بە کۆنگرەی سێیەمی حزبی شیوعی عێراق کراوە نووسیویەتی: (یەکەم: وا سەیری ئەم نسکۆیە دەکرا کە شکستی بوکەڵەی بەکرێگیراوە (الجیب العمیل)ە – بە لێکدانەوەی ئەوان – هەروەها سەرکەوتنێکی مێژووییە بۆ دەسەڵاتی نیشتمانیی پێشکەوتوخوازی ئاراستە کراو ڕووەو سۆشیالیزم. ئەمە بۆچوونی فەرمی سەرکردایەتی حزب بوو، یان زۆربەیان. سەرەڕای ئەوەی کە خۆم ئارەزووی گواستنەوەی دەقم نییە بەڵام هەندێک بڕگەی کورتی ئەم ڕاپۆتە دەگوازمەوە کە سەرکردایەتی بەناوی کۆمیتەی ناوەندی پێشکەش بە کۆنگرەی سێیەمی کرد. دارشتنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان و لەناوبردنی یاخیانی ڕاستڕەوی کۆنەپەرست لە ڕیزی پێشەوەی دەستکەوتەکانی بەرە دایە (لە

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی کە عەزیز محەمەد لە بەردەم کۆنگرەی سێیەم پێشکەشی کرد). هەروەها: هەرەس هێنانی یاخیانی کۆنەپەرستی چەکدار توانای بابەتیانەی باشتری دروستکرد بۆ جێبەجێ کردنی چارەسەری ئاشتیانەی دیموکراتی بۆ پرسی کورد (هەمان سەرچاوە). دووەم: ئەوەیان بۆچوونی زۆربەی هەرە زۆری لە بەرپرس و کادیرانی ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حزب بوو، کورتییەکەی ئەوان پێیانوابوو کە هەرەسی بزووتنەوەی چەکداری کوردی بە هەمان شێوە دەبێتە هۆکاری هەرەسی بزووتنەوەی شیوعی و تێکڕای بزووتنەوە نیشتمانییەکان، ئەگەر بێت و حزبی شیوعی دەستپێشخەری نەکات و هەڵوێستێکی سیاسی ساغ نەگرێتەبەر لە بەرانبەر ئەو بارودۆخە نوێیەی لە کوردستان کە بە هۆی هەرەسەوە هاتۆتە پێش).

سەرانی کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسیی و کادیرانی حزبی شیوعی (ئەندامانی کۆنگرەکە)، هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردستان لەم ڕووانەوە بە دەستکەوت دادەنێن:

یەکەم: بە گوتەی شیوعییەکان سەرکەوتنێکی مێژوویی بۆ دەسەڵاتە (نیشتمانییە، پێشکەوتنخوازەکەی حزبی بەعس کە ئاراستە کراوە بەرەو دامەزراندنی سۆشیالیزم لە عێراق).

دووەم: هەرەسهێنان یان ئاشبەتاڵی شۆڕشی کوردستان، هەرەسهێنانی یاخیانی کۆنەپەرستییە (التمرد الرجعي).

سێیەم: هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردستان دەرفەتی باشتر بۆ میری نیشتمانیی پێشکەوتنخواز (الحكومة الوطنية التقدمية)

دەڕەخسێنێ بۆ جێبەجێکردنی باشترو خێراتری چارەسەری پرسی کورد لەژێر چەتری بەرەی بەعس و شیوعی.

کۆنگرەی سێیەمی حشع، کە لە ڕۆژانی (4-1976.5.6)، لە بەغدا بەسترا، تا ئەو کاتەش حشع لە حزبی بەعس نەگەیشتووە و لەناوبردنی شۆڕشی کوردستان بە دەستکەوتی هاوبەشی خۆیان و سەرانی بەعس دەزانێت، کەچی نازانێت ڕۆژی ئەوانیش نزیک بۆتەوە و هەر ئەو بەعسە هاوکارو ئاغایەی ناو بەرە شەق و شڕەکەی (بەعس - شیوعی) گورزی کوشندە لەوانیش دەدات! سەرانی کورتبینی حشع یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان کە بە هەردوو لایان لە ناوەڕۆکی ماف و ئۆتۆنۆمی بەتاڵیان کردبۆوە، بە دەستکەوتێکی هاوبەشی (بەعس - شیوعی) دەزانن، کەچی ئەوان تووشی بیرکولی بووینە و نازانن داڕشتنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان لەلایەن بەعس و شیوعی لە ساڵی (1974)، بەگوێرەی بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (1970) نییە و حکومەتی بەعس و حزبی شیوعی زیاتر لە (35%)ی خاکی باشووری کوردستانی لە بەیاننامەی ئادار دابڕیوەو نەیخستۆتە سەر سنووری ئۆتۆنۆمی کوردستان، کە حشع بە دەستکەوتی هاوسەرگیری سیاسی و سەربازی خۆیان و حزبی بەعسی دەزانێت!

سەرەڕای هەموو ئەمانەی ئاماژەیان پێدرا، جیاوازی نێوان ڕەشنووسی پڕۆژەی کاری نیشتمانیی کە حزبی بەعسی عەرەبی ئامادەی کردبوو، بۆ گفتوگۆکردن لەنێوان خۆیان و حزبی شیوعی عێراق، دوای ئەوەی دەیداتە حزبی شیوعی عێراق، حزبی شیوعی دەستکاری دەکات، واژۆی دەکات و دەیداتەوە حزبی بەعس، گەر

بەراوردی نێوان هەردوو دەق بکرێت، دەردەکەوێت کە حشع هاندەری بەعس بووە لە بەرتەسک کردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی و مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، چونکە لە ڕەشنووسەکەی بەعس کە بە حزبی شیوعی درابوو، ڕۆڵی شۆڕشی کوردستان بە تەواوی و ڕێکی هەڵسەنگێنراوە، کەچی لەوەی کە حشع واژۆی لەسەر کردووە و بۆ حزبی بەعسی گەڕاندۆتەوە تەواوی ئەو ڕستە و پەرەگرافانەی کە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی شۆڕشی کوردستانی تیابووە لەلایەن دەستەی شۆڤینیستی عەرەبی نێو سەرکردایەتی حشع سڕاونەتەوە[99].

لە ژمارە (562)ی ڕۆژنامەی ڕێگای گەل (طريق الشعب)، کە لە ڕۆژی (1975.7.16)دا بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: (لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی 17-30ی تەممووزی 1968، ئەرک و دەستکەوتی پێشکەوتنخوازی مەزنی زۆر هاتنە دی و پێش هەموویان: بەرزبوونەوەی خەبات لەدژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنیزم و کۆنەپەرستان. لە گۆڕەپانی چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد یاسای ئۆتۆنۆمی دەرکرا و خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە بەوەی کە دامودەزگا و دەستەی یاسایی دەستیان کرد بە ئەرک و دەسەڵاتەکانیان. کۆتایی هێنان بە یاخیبوونی کۆنەپەرستانە لە کوردستان، هەروەها دەسەڵاتی نیشتمانیی کۆمەڵێک یاسای

[99]- برایەتی ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە، ژمارە (0-26) (1974.1.1-1974.2.7)، ژمارە (83-86) (1974.2.16-1974.3.2)، پڕۆژەی هاوبەش زانکۆی زاخۆ و بنکەی ژین، ئامادەکردن عەبدوڵڵا زەنگەنە، سدیق سالح و ڕەفیق سالح، لاپەڕە151+152). دەقی لاپەڕەکانی (1+2)ی ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (12)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (1974.1.21)+ (دەقی لاپەڕەکانی (1+7)ی ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (18)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (1974.1.28)، کە وەکو بەڵگەنامە لە بەشی بەڵگەنامەکان دانراون.

پێشکەوتنخوازی داڕشت لە بواری چارەسەری پرسی کشتوکاڵ و بڵاوکردنەوەی بزووتنەوەی هاوکاری لە دێهاتەکان لەپێناو چاککردنی بارودۆخی ژیانی چینی کرێکاران و جێگیرکردنی مافەکانی لە کارو ڕێکخستنی پیشەیی و بیمەی تۆڕی کۆمەڵایەتی)[100].

سەیر بکەن، حشع، ستایشی کۆدەتای بەعسییەکان لە ڕۆژانی (17-1968.7.30)دا دەکات و بە شۆڕشی دادەنێت و باسی بەناو دەستکەوتی پێشکەوتنخوازی ئەو شۆڕشەش دەکات و دەستکەوتەکانی بەمشێوەیە ڕیزبەند دەکات:

1. بەرزکردنەوەی خەبات لەژێر حوکمی بەعس و سەدام لە دژی ئەمریکا، ئیسرائیل و کۆنەپەرستان (کە مەبەستی شۆڕشی کوردستانە)، کە بە هیچ شێوەیەک بەعس و سەدام دژی ئەمریکا و ئیسرائیل نەبووینە، بەڵکو تەنیا بۆ خۆڵ کردنە چاوی دانیشتوانی عێراق و کوردستان بووەو تاکە مەبەستیان جێگیرکردن و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەیان بووە. بەمەش کڵاویان نایە سەری جەماوەرو حشع.

2. چارەسەری پرسی نەتەوەیی کورد و دەرکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان، تەنیا سیاسەتێکی تاکتیکانەی بەعس بوو بۆ کات کوشتن و لەناوبردنی شۆڕشی کوردستان، کە ئەمەشی بۆ کرا، ئیتر هەمووی بوون بە کارتۆنی و دواتریش کوردستانی کاول کردو کوردیش ئەنفال کرا.

[100]- ابو سلام، الحزب الشيوعي العراقي وإنتهازيته في الحركة الوطنية، ص (68).

3. کۆتاییهێنان بە یاخیبوونی کۆنەپەرستانە لە کوردستان. حشع ئەگەر پێی وابێت کە شۆڕشی کوردستان لە ساڵانی (1974-1975)دا یاخی بوونێکی کۆنەپەرستانە بووە، دەبێت ئەوەش بزانێت کە خۆیشی جگە لە نۆکەر، ئەڵقە لەگوێ، کرێگرتە و جاشێکی کۆنەپەرستی بەعسی دیکتاتۆر و ڕەگەزپەرست هیچ شتێکی دیکە، یاخود حزب نەبووە.

4. دەسەڵاتی نیشتمانیی کۆمەڵێک یاسای پێشکەوتنخوازی لە بواری چارەسەری کێشەی کشتوکاڵ دارشت. بەعس ئەم کارانەی لەپێناوی جوتیاران و کرێکارانی عێراق و کوردستان نەکرد، بەڵکو زیاتر بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی جێبەجێی کردن و ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کرد بە بەعسی و پشتیوانی خۆی، گەر وایە ئەو هاوپەیمانەی شیوعی و جەلال دەباغ بۆ (4500) گوندی کوردستانی لەسەر نەخشە سڕییەوە؟ حشع، حکومەتی بەعس و سەدام بە حکومەت و دەسەڵاتی نیشتمانیی دادەنێت، ئەی ئەگەر بەعس و سەدام تا ئەو ڕادەیە نیشتمانی بوون بۆ ئاوایان بەسەر حزبی شیوعی هێنا؟

دکتۆر تاریق یوست نووسیویەتی: (سکرتێری گشتیی حزبی شیوعی عێراق ڕەخنەی لە ئەزموونی ئۆتۆنۆمی کوردی ساڵانی 1970-1973 گرت، ڕێکارەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی بە خێڵەکی باس کرد، کە دژ بە شۆڕشگێڕێتین، هەنگاوە پێشکەوتنخوازەکان کە حکومەتی ناوەندی نابووی دژی وەستانەوە، لەگەڵ کرداری نادیموکراسیانەی حزبی دیموکراتی کوردستان دژ بە شیوعییەکان و پاڵپشتی کردنیان لە چالاکی خێڵەکی

کۆنەپەرستانە، هەروەها سکرتێری گشتیی حزبی شیوعی، حزبی دیموکراتی کوردستانی بە بەرپرسی یاخی بوونی کوردی و دەرئەنجامەکانی لە ساڵی 1973 تۆمەتبار کرد. هەرەس هێنانی یاخی بوونی چەکداری کوردی شیمانەی ڕاستەقینەی جێبەجێکردنی چارەسەری ئاشتی و دیموکراسیانەی پرسی کوردی ڕەخساند)[101].

کۆنگرەی سێیەمی حشع، لەنێوان (4-1976.5.6)، لە بەغدا بەسترا، واتە تا ناوەڕاستی ساڵی (1976)ش حشع هەم دەهۆڵ لێدەر و زوڕنا ژەنی حزبی بەعس بوون و هەم خەریکی ناشرین کردن و تۆمەت بەخشینەوەی ناڕەوا بووە بەرانبەر بە شۆڕشی کوردستان. حزبی شیوعی عێراق، تا ئەو ئاستە بێویژدان و ناڕاستگۆ بوو، کاتێک شەڕی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی بەعس، بە هۆی پاشگەزبوونەوەی بەعس لە ڕێککەوتنی ئازار، هەڵگیرسایەوە، حشع جێبەجێنەکردنی بایاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (1970)، دەخاتە ئەستۆی سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان! گەر پارتی دیموکراتی کوردستان جارێک کۆنەپەرست و داردەستی ئێران بوو بێت، حزبی شیوعی عێراق سەدان جار (جاش، کۆیلە، کرێگرتە، داردەست و کلکی) حزبی بەعس و سۆڤیەت بوو، بۆیە دەبوایە حشع باسی کاریتەکانی نێو چاوی خۆیان بکردایە، ئینجا باسی پووشکەی نێو چاوی پارتی بکرایە! لە هەمووی ناژیربێژانەتر لە بەرنامەی کۆنگرەی سێیەمی حشع-دا هاتووە: (هەرەسهێنانی یاخیبوونی چەکداری کوردی شیمانەی

[101]- دكتور طارق يوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، الحزب الشيوعي العراقي،و وثائق المؤتمر الوطني الثالث للحزب الشيوعي العراقي، ص (366).

ڕاستەقینەی جێبەجێکردنی چارەسەری ئاشتی و دیموکراسیانەی پرسی کوردی ڕەخساند)، داڕشتنی ئەم دەستەواژەیە بەمشێوەیە خۆشحاڵی کۆنگرەی حزبی شیوعی عێراق بە هەرەسی شۆڕشی کوردو کوردستان دەگەیەنێت، لەکاتێکدا بە بەرچاوی مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی، دوو جاش وەزیرەکە (عامر عەبدوڵڵا و موکەڕەم تاڵەبانی)، سێزدە جاش تەشریعیەکە، سێ جاش تەنفیزیەکە و تەواوی ئەندامانی حزبی شیوعی (کە جاشی بەعس بوون)، هەر لە مانگی (5-6)ی ساڵی (1975)، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کارتۆنی (بەعس - شیوعی) بەرتەسکتر دەکرایەوە و کوردەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی خۆیان (کەرکوک، دیالە، موسڵ، دهۆک، خانەقین، بەدرە، جەسان، جلەولا و باشووری هەولێر) بێ قەرەبووکردن دەردەکران، عەرەبی هاوردە بە دەستکەوت و پارەی زۆرەوە خەڵات دەکران، لە خانووی کوردەکان نیشتەجێ دەکران و زەوی کشتوکاڵی کوردەکانیان بەناو دەکرا، کە تا ئێستاش کە (23) ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ڕوخانی ڕژێمی سەدام، کەچی زەوی کورد هێشتاکە بۆ خاوەنی ڕەسەنی خۆی نەگەڕاوەتەوە کە کوردن و بەدەستی عەرەبی هاوردە ماونەتەوە.

کەریم ئەحمەد-یش، لە لاپەڕە (268)ی (ڕێڕەوی تێکۆشان)، بە ناڕەوا هۆکاری سەرنەکەوتنی گفتوگۆی سەرانی کورد و سەرانی بەعس دەخاتە ئەستۆی سەرانی کورد و نووسیویەتی: (ئەو پرۆژەیەی پارتی پێشکەشی کرد، پڕۆژەیەک بوو توانای جێبەجێ کردنی نەبوو، پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی نەبوو، تەنانەت لەو پەڕی ئاستی

بەرزی ئۆتۆنۆمیدا نەبوو، بەڵکو پڕۆژەیەک بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی). تەواوی ئەوانەی ئەم دوو دێرەی کەریم ئەحمەد بخوێننەوە دەزانن کە ئەو نەک هەر ڕاستگۆ نەبووە، بەڵکو مێژووش چەواشە دەکات و ئامادەیە درۆ بۆ بەعس بکات، چونکە ئەو سەرانی کورد و پارتی بە شتێک تۆمەتبار دەکات کە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە و هەرگیز پارتی و مەلا مستەفای بارزانی داوای دەوڵەتی کوردییان نەکردووە، بەڵام ئەو پەنا دەباتە بەر ناڕاستگۆیی و چەواشەکاری تەنیا بۆ ئەوەی پاساوێکی گونجاو بۆ (ناپاکی، جاشێتی، نۆکەرێتی، کلکایەتی حزبی شیوعی بۆ بەعس و دوژمنایەتی حزبی شیوعی بۆ کورد و کوردستان) بدۆزێتەوە. بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و پوچەڵ کردنەوەی قسەکانی کەریم ئەحمەد بەڵگە ئێجگار زۆرن، بەڵام نامەوێ درێژەی پێبدەم بۆیە تەنیا پەنا دەبەمە بەر دوو بەڵگە.

یەکەم: دکتۆر سەیف عەدنان ئەلقەیسی[102]، لە دوای واژۆکردنی بەڵێننامەی بەرەی نێوان حزبی بەعس و حزبی شیوعی، مەلا مستەفا بارزانی لە ڕۆژی (1973.7.21)، یاداشتنامەیەکی پێشکەش بە حکومەتی عێراقی کرد کە پڕۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لای لە خۆگرتبوو، گرنگترینیان جەخت کردنەوە بوو لە یەکێتی عێراق، بەڵام ئەوەی خستبووە ڕوو کە هاوبەشی کردن لە دەسەڵات هاوبەشییەکی ڕاستەقینانە بێت، لەنێویاندا هەموارکردنی یاسای ئالا و دروشمی عێراق، کە ئاماژە بە

[102]- الدكتور سيف عدنان القيسي، الحزب الشيوعي العراقي والقضية الكردية دراسة في أرشيف الوثائق السرية والعلنية للحزب 1935-1975)، ص (390).

هەبوونی کورد بکەن، جێگرێکی سەرکۆمار کورد بێت لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی یاسادانان بۆ ناوچەی کوردستان کە مافی دارشتنی یاسا و ڕێساکانی ناوچەکەی هەبێت). دکتۆر سەیف عەدنان، بۆ یاداشتەکەی مەلا مستەفا بارزانی، سوودی لە ڕۆژنامەی (الحیاة)، ژمارە (8586)ی ڕۆژی (1973.7.21)ی بەیروتی وەرگرتووە. بەگوێرەی ئەم یاداشتەی بارزانی، جەخت لە یەکێتی عێراق کراوەتەوە، پاساوە نابەجێکەی کەریم ئەحمەد کە گوایە پڕۆژەکەی پارتی پڕۆژەیەک بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی پوچەڵ دەکاتەوە. لێرەدا ئەم پرسیارە لە کەریم ئەحمەدەکانی حزبی شیوعی دەکەم، ئەی گوایە ئەو یاسا ئۆتۆنۆمیەی کە بەرەی دوو قوولّی (بەعس و شیوعی) سەپاندیان، ئۆتۆنۆمی بوو یان (ژێردەستە کردنی کورد، داگیرکردنی کوردستان و تەسککردنەوەی سنووری کوردستان) بوو؟

دووەم: ڕەحیم عەجینە، کە لەگەڵ کەریم ئەحمەد، مەهدی عەبدولکەریم و موکەڕەم تالّەبانی یەکێک بووە لە نوێنەرانی حزبی شیوعی بۆ گفتوگۆکردنی ئەو بەناو پڕۆژەیەی کە حزبی بەعس و حزبی شیوعی بەناوی کۆمیتەی بالّای بەرەی نێوان بەعس و شیوعی نووسیبوویان و دەیانویست بەزۆر بەسەر کورد و پارتی دیموکراتی کوردستانی بیسەپێنن، لە لاپەڕە (121)ی (الإختیار المتجدد) نووسیویەتی: (لەگەڵ حزبی بەعس لەسەر پڕۆژە یاسایەک و بەناوی بەرەی نێوانمان ڕێککەوتین و بە پارتیماندا. کۆبوونەوەی فراوانی نێوان کۆمیتەی بالّای بەرە (بەعس و شیوعی) لەگەڵ پارتی و هەندێک کەسایەتی کوردی بێلایەن کە هەماهەنگی پارتی بوون

بەسترا. پارتی چەند هەموارێکی پڕۆژەکەی پێشکەش کرد کە گرنگترینیان ئەمانە بوون: پارێزگای کەرکوک لەسەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی بێت. لەلایەن دەوڵەتەوە بودجەیەک بۆ کوردستان تەرخان بکرێت. زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لە ناوچەی کوردستان. گەلی عێراق بەشێک نییە لە نەتەوەی عەرەب، بەڵکو گەلی عەرەب لە عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. سەبارەت بەم خاڵە ئێمە لەگەڵ بەعسییەکان لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵای بەرە بەم چارەسەرە گەیشتین کە: عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. دەسەڵاتی پارێزگاری پارێزگاکانی کوردستان و شێوەی پێوەندیان بە دەسەڵاتی ناوەندەوە. دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندن، کە پارتی پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیرانی کرد و ئێمەش پشتیوانیمان کردن، بەڵام بەعس ڕەتی کردەوە). گەورەترین شەرمەزارییە بۆ حزبی شیوعی و شاندەکەیان بەتایبەت کەریم ئەحمەد و موکەڕەم تاڵەبانی کە کوردن، کەچی بڕیاری ئەوە بدەن: عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. چونکە ئەوەی ئەوان ناویان ناوە چارەسەر، نەک چارەسەر نییە بەڵکو سازشێکی گەورە و ناپاکییەکی نەتەوەییە کە هەموو دانیشتوانی عێراق بە کوردیشەوە بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دابنێن)، هەر کەسێک خاوەنی وێژدانێکی مرۆڤانە بێت، دوای ئەوەی داواکارییەکانی کورد و پارتی کە ڕەحیم عەجینە ئاماژەی پێ کردوون بخوێنێتەوە، نووسینەکەی کەریم ئەحمەد پووچەڵ دەکاتەوە.

عەمار عەلی ئەلسەمەر، لە لاپەڕە (390)ی (شمال العراق 1958–1975 دراسة سياسية)، باسی دەکات کە ئەحمەد حەسەن

بەکر سەرۆک کۆماری عێراق، لە ئێوارەی ڕۆژی (1973.7.17)دا، لەکاتی واژۆکردن و ڕاگەیاندنی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی لە میانی وتارەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە ئەم سێ ساڵ نیوەی بەسەر بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (1973)دا تێپەڕی، هەوڵی چڕی زۆر دراوە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیانی ئادار، بەکر پێی وابووە کە زۆربەی بەندەکان جێبەجێ کراون، بەتایبەت ئەو بەندانەی لەسەر حکومەتی بەعس و بەناو ڕژێمە شۆڕشگێڕەکەی بووینە، بەکر داخ بۆ ئەوە دەخوات کە لەم ماوەیەدا هەندێک پرسی نەرێنی و تەنگژە بوونە هۆی زیان گەیاندن بە یەکێتی ڕیزەکانی نیشتمانیی، هەروەها چارەسەری ئاشتی و دیموکراسی پرسی کوردی پەکخست. قسەکانی بەکر هەر لە یەکەم چرکەساتی واژۆکردن و ڕاگەیاندنی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی، گومانی پەشیمانبوونەوەی بەعسی لە بەیاننامەی ئاداری (1970)دا نیشان دەدا، هۆکارەکەشی بۆ هاوپەیمانێتی عێراق و ڕوسیا لە ڕۆژی (1972.4.9) و بەرەی بەعس و شیوعی لە ڕۆژی (1973.7.17)دا دەگەڕێتەوە.

عامر عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حشع و وەزیری سەدام و بەعس، لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵای بەرەی بەعس و شیوعی، کە دوای گەڕانەوەی سەدام لە جەزائیر و مۆرکردنی پەیماننامەی جەزائیر (1975.3.6) لەگەڵ محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران، لە کۆنووسی تۆماری کۆبوونەوەکەدا هاتووە و بەمشێوەیە ناوی سەدام–ی هێناوە: (بەڕاستی تۆ پیاوێکی مەزنی

دەوڵەتی)[103]. ئەم پیاهەڵدانەی عامر عەبدوڵڵا بە سەدام حوسێن، خۆشحاڵی حشع بە شکستی شۆرشی کوردستان و مۆرکردنی پەیماننامەی جەزائیر دەگەیەنێت، کە لە ڕاستیدا سازش و شکستێکی گەورەی حکومەتی عێراق بوو، چونکە عێراق بەگوێرەی پەیماننامەکە، هێڵی سالویگ (Thalweg)ی دیاری کرد لە (شط العرب) وەکو سنووری نێوان هەردوو وڵات، واتە نیوەی شەتولعەرەبی بە ئێرانی بەخشی (بەشی چەپ بووە هی ئێران)، لەگەڵ هەندێک زەوی باشووری کوردستانی لە ناوزەنگ و نۆکان، کەچی حشع پشتیوانی لە پەیماننامەکە کرد، پەسندی کرد و ڕەتی نەکردەوە[104]. سەرەڕای ئەوەی کە عێراق هاوکاری و پشتیوانی خۆی لە عارەبی ئەهواز (عەرەبستان) ڕاگرت و بێدەنگی تەواوی لە ئاست داگیرکردنی هەرسێ دوورگەی ئیماراتی عەرەبی (طنب الکبری، طنب الصغری و أبو موسی) نواند، کە پێشتر لە ڕۆژی (1971.11.30)دا لەلایەن ئێران داگیرکرابوون و دواتر سەدام حوسێن لە ڕۆژی (1980.9.22)دا هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی جەزائیر (1975.3.6)ی یەک لایەنە ڕاگەیاند و داوای نیوەی شەتولعەرەب و هەرسێ دوورگەکەی دەکردەوە، وەلێ لەکاتی وەستانی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق – ئێران لە ڕۆژی (1988.8.8)دا ڕژێمی عێراق بە سەرۆکایەتی سەدام کە شیوعییەکان ناویان نابوو کاسترۆی عێراق دووبارە پابەندبوونی خۆی بە پەیماننامەی جەزائیر نوێ کردەوە. حزبی شیوعێ عێراق،

[103]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي .. رؤية من الداخل، ص249-250).
[104]- الدكتور عبد الحسين شعبان، عامر عبدالله النار ومرارة ألأمل، ص85.

پێشتر خۆشحاڵ بوو بە پەیماننامەی جەزائیری نێوان حکومەتی بەعسی عێراق و حکومەتی پاشایەتی بۆگەنی ئێران، کەچی پەیوەندی شۆڕشی کوردستانی بە جاشایەتی ئێران و کرێگرتەیی بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەژمار دەکرد، کە بانێکە و دوو هەوا. لە نێوان ساڵانی (1971-1979)، حکومەتی بەعسی عێراق، پێوەندی لەگەڵ هەر وڵاتێک بۆ نموونە (ئەمریکا، ئوردەن، بەریتانیا، ئیتاڵیا، فەرەنسا و ڕوسیا) بەستابێت، حشع ئەو پێوەندییانەی بە دیپلۆماسی، سیاسی، ئابووری و بازرگانی ناو بردووە، بەڵام پێوەندی شۆڕشی کوردستان کە لە ناچاری و بۆ مانەوەی کورد و کوردستان بووە بە ناپاکی، کرێگرتەیی و کلکایەتی ناولێناوە. حزبە شیوعییەکانی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی، حزبە ئیسلامییە عروبییەکان (ئیسلامییە شۆڤینییەکان)و حزبی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان (ئێران، تورکیا و سوریا)، کە حزبی شیوعی عێراق و حزبە ئیسلامییەکان لەژێر کاریگەری شۆڤینیزمی عروبە و عێراق دا هەمان بۆچوونیان هەبووە و دوو ڕووی یەک دراون. عیسام عەزیز شەریف، لە لاپەڕە (421)ی (مذکرات عزیز شریف)، سەبارەت بە ناچاری سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان بۆ پشتبەستن بە وڵاتی ئێران، لەسەر زاری عەزیز شەریفی باوکی نووسیویەتی: (سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەهۆی ئابلوقەی ئابووری و شەڕی وێرانکەر، وایکرد پێویستی بە ئێران هەبێت، پێویستی بە چەک، تەقەمەنی، دەرمان و کەرەستەی خواردن، لەگەڵ چارەسەری بریندار و نەخۆشەکان. بارزانی بەو یارمەتییانەی کە لە ئێرانەوە بۆی دەهات دەگوت: ئەو ژەهرەیە کە بۆ برسییەک لەناو

خواردن دەکرێت. بارزانی زۆر جار جەختی لەوە دەکردەوە کە شای ئێران ڕەزیلە و ڕقی لە کورد دەبێتەوە، لەوانە نییە کە شتێک بدات ئەگەر ئەوەندە یان زیاتر لە وڵاتە یەکگرتووەکان وەرنەگرێتەوە). حزبی شیوعی عێراق، دوای شکستی بەرەی نێوان بەعس و خۆیان، زۆر جار بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لە ناچاریدا پەنای بۆ بەرەی بەعس بردبوو، گەر بۆ ئەوان وابێ کە وانییە، بۆ پارتی و شۆڕشی کوردستان-یش هەمان ناچاری وایکرد پەنا بۆ ئێران ببەن. حزبی شیوعی عێراق، دوو ساڵ زیاتر دوای دەرکردنیان لە بەرەی نێوان ڕژێمی بەعس و حزبی شیوعی لە ساڵی (1979)، ئینجا لە ساڵی (1981)، پەیماننامەی شومی (1975.3.6)ی نێوان سەدام حوسێن-ی عێراق و محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێرانیان ڕەتکردەوە و بڕیاریان دا کە پەیماننامەی پیلانگێڕی لەدژی کورد بووە و لە هەمان کاتیشدا خاکفرۆشی حکومەتی بەعس بە ئێران بوو، کەچی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵی (1975)، ئەو پەیمانەی بە دەستکەوتێکی گەورەی هاوبەشی شیوعی و حکومەتی بەعس پێناسە کردبوو. ئەی باشە ئەوکاتەی حشع لەدوای کۆدەتای یەکەمی بەعس لە ڕۆژی (1963.2.8)، کە شیوعییەکان بەناچاری پەنایان بۆ شۆڕشی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بردو تا ڕۆژی (1970.3.11) پارێزران و شانبەشانی کورد چەکی شۆڕشیان لە شان کرد، چەکەکان، فیشەک، ئازوقە، جلوبەرگ و هەموو شتێکی شۆڕش لە ئێران و ئەمریکا بۆ پارتی و شۆڕش نەدەهات، کە ئەندامانی حشع ئەوکات هیچ گلەییەکیان نەبوو؟

دوای پەیماننامەی جەزائیر، سەرکردەکانی حشع بە خۆشییەوە سەمایان دەکرد وەک ئەوەی لە شەڕەکانی کۆمۆنەی پاریس سەرکەوتنیان بەدەست هێنابێت! ناوی پەیماننامەی جەزائیریان بە پەیماننامەی بڕێست دەبرد. دوای هەرەسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی باشوور (ئاشبەتاڵ)، سەرکردایەتی دەوڵەتی بەعس هۆشداریپەکی فەرمی ئاراستەی سەرکردایەتی حشع کرد، کە پێشوازی و سوود لە پاشماوەی هێزە ڕووخاوەکانی کورد وەرنەگرن، سەرکردایەتی حزبی شیوعی بەتەواوی پابەندی ئەو هۆشداریپە بوو[105].

پەیمانی ئاشتی بڕێست لیتۆڤسک[106]، شکست و خۆبەدەستەوەدانی ڤلادیمیر لینین و ڕوسیا بوو بە ئەڵمانیا. پەیمانەکە لەنێوان ڕوسیای لینین و (ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا، ئیمپراتۆریەتی نەمسا - مەجەر، بوڵگاریا و دەوڵەتی عوسمانی) مۆرکرا. بەگوێرەی پەیمانەکە، لینین سازشی لەسەر ئیستۆنیا، پۆڵەندا، فنلەندا، لاتڤیا، لیتوانیا بۆ ئەڵمانیا کرد و هەرێمی ئەردەهان، باتۆمی و قارس کە دەکەوتنە باشووری قەفقازیا بۆ عوسمانی گەڕاندەوە کە ئێستاش لە نێو سنووری تورکیادان، هەمان کات سەربەخۆیی ئۆکرانیای پەسند کرد. بەڵام بەهۆی شکستی ئەڵمانیا و خۆبەدەستەوەدانی بە وڵاتە سوێدخۆرەکان، پەیمانی بڕێست لیتۆڤسک لە ڕۆژی (1918.11.11)، هەڵوەشێندرایەوە و لینین لە سازش و شەرمەزاری بڕێست ڕزگاری بوو، کە حشع و وڵاتە

[105]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي ... رؤية من الداخل، ص(249).
[106]- پەیمانی بڕێست لە هەرێمی بڕێستی بیلاڕووسیا لە ڕۆژی(1918.3.3) مۆرکرا.

عەرەبی و ئیسلامییەکان بە سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ ڤلادیمێر لینین دادەنێن، لەکاتێکدا لینین هیچ ڕۆڵێکی لە هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکەدا نەبوو، تەنیا ڕۆڵی سازش و نێگەتیڤانەی لینین بوو کە پەیمانی بڕێستی پێکهێنابوو.

جەلال دەباغ: بەرەی جەوقەد، وە دوایی بەرەی جود، هەمووی پێشنیاری ئێمە بوو وەکو شیوعی، مام جەلال ئەڕێنی بوو. ئێمە بەرەی یەکەممان (جەوقەد) پێکهێنا بەبێ پارتی، دوای دە دوازدە ڕۆژ لەگەڵ پارتیشا گفتوگۆمان کرد، وەکو ئەزموونەکەی (1957)، لەگەڵ ئەوانیشا بەرەیەکی تایبەتیمان پێکهێنا لەسەر بەرنامەیەکی زۆر باش وە بە بەشداری سۆسیالیست کاکە حەمەی حاجی مەحمود.

جەلال دەباغ لەوەشیان ڕاستگۆ نەبووە، چونکە بیرۆکەی دامەزراندنی بەرە و بەرەی جەوقەد بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە تا ئەوکات حزبی شیوعی عێراق وەکو دەڵێن: (پێیەکی لە پێش و پێیەکی لە پاش بوو)، ئەوان بڕیاری تەواویان نەدابوو بۆ ئەوەی بەرەیەک لەدژی حکومەتی بەعس دامەزرێنن، یان بگەڕێنەوە نێو حکومەتی بەعس کە تا ئەوکاتەش هەر بەتەمای ئاشتبوونەوە بوون لەگەڵ میری بەعس، بۆ بەرەی (جەوقەد)یش کە بەشداریان کرد، سەرەتا لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە دروشمی ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەرزبکرێتەوە.

سەبارەت بە بەرەی (جود)یش کە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دایانمەزراند، بەرەیەکی نایاسایی

بوو، چونکە بەبێ ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق پەسندی بکات، عەزیز محەمەد و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی بڕیاری بەشداری کردنیان دا، هەروەکو عدنان عباس، لە لاپەڕە (220)ی (هذا ما حدث)دا پشتڕاستی دەکاتەوەو نووسیویەتی: (بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی (جود) دامەزراو بەزۆر بەسەر حشع دا سەپێنرا، بەبێ ئەوەی پرس بە کۆمیتەی ناوەندی حزب بکەن تا تاوتوێی ڕێککەوتنەکە بکەن و پەسندی بکەن. ئەمەش دەستدرێژی کردن و پێشێلکردنی دەسەلاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بوو کە سکرتێرو مەکتەبی سیاسی ئەو پێشێلکاریەیان چارەسەر نەکرد و تێبینی هاوڕێیان و ڕەخنەکانیان سەبارەت بەم پێشێلکاریە ئابڕووبەرانە پشتگوێ خست، کە بوونە هۆی لاوازبوونی هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەرەی جەوقەد و کاریگەری نیگەتیڤانەی دەرهاوێشت و دواتر زیانی کوشندەی بە کاری حزب و ڕاستگۆیی حزب گەیاند)، سەرەڕای دەربڕینی دەنگی ناڕەزایی لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، کادیران و ئەندامانی شیوعی لە بەشداری حزبی شیوعی لە بەرەی جود بەبێ ڕاستاندن لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی، کەچی عەزیز محەمەد و مەکتەبی سیاسی گوێیان بە ڕەخنە و ناڕەزاییەکان نەداوە. لە لایەکی دیکەوە دەبێت ئەو هەڵەیەی دەباغ ڕاست بکرێتەوە، چونکە ئەوکاتە حەمەی حاجی مەحمود نەک ئەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان نەبووە بەڵکو تا مانگی دوازدەی ساڵی (1981)، فەرماندەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فەرماندەی هەرێمی شارەزوور بووە، ئەوکاتە ڕەسوڵ مامەند سکرتێری حزبی

سۆسیالیستی کوردستان بووە، بۆیە دەڵێم: (قوڕ بەسەر ئەو میللەت و پارتە بێت کە کەسێکی نەزان و بێئاگای وەکو جەلال دەباغ مێژووی بۆ بنووسێتەوە)!

جەلال دەباغ: وانییە، کە گوایە خالید بەگداش هیچ خزمەتێکی بە نەتەوەی کورد و پرسی کورد نەکردبێت و تەنیا خزمەتی عەرەب و حزبی بەعسی کردبێت. خالید بەگداش، کەسایەتییەکی دیاری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی عەرەبی و جیهانییە!

شیوعییە کوردەکانی نێو حزبی شیوعی عێراقیش بەشێوەی ئیسلامییە کوردەکان، دوو ڕووی یەک دراون، خراپترین شیوعییان پێ لە نیشتمانپەروەر، ئازادیخواز و پێشکەتنخوازێکی بێلایەن و سەر بە لایەنێکی دیکە بەلاوە باشترە؛ مادام شیوعییە خراپەکە سەر بە خۆیانە، هەروەکو ئیسلامیە کوردەکانیش هەمان کێماسییان هەیە. خالید محەمەد بەگداش قەرتوش ناسراو بە خالید بەگداش (1912.11.15–1995.7.24)، پێم ناڵێن چۆن خزمەتی پرسی کورد و نەتەوەی کوردی کردووە؟ ئەوە دەبێت جەلال دەباغ و شیوعییەکان وەڵاممان بدەنەوە؟ نەک تەنیا خالید بەگداش هیچ خزمەتێکی کورد و کوردستانی نەکردووە، بەڵکو حزبی شیوعی سوری کە خانەوادەی بەگداش (خالید بەگداش، وەسال فەرحە بەگداش و عەمار خالید بەگداش) پشتاوپشت وەکو کۆمپانیایەک بەڕێوەیان برد و دەیبەن هیچیان بۆ کورد پێ نییە و خزمەتیان بە کورد نەکردووە. حزبی شیوعی سوری، ولاتی سوریا بە بەشێک لە خاکی عەرەب دەزانێت و هەبوونی کوردستان لە سوریا

ڕەتدەکاتەوە، جگە لە مافی هاوواڵاتیبوون، هیچ مافێکی دیکە بە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕەوا نابینێت. ئەوان عەرەبیسزم وەکو جۆرێک لە بەرخۆدان لە دژی ئیمپریالیزم دەبینن و هیچ چارەسەرێکیان بۆ دۆزی کورد لەم پارچەیە پێ نییە. حزبی شیوعی سوری و خالید بەگداش، بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوری، لە ڕۆژی (1972.3.7)دا چوونەتە نێو بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز لە سوریا و ڕێک بوونەتە بەشێک لە حزبی بەعسی عەرەبی سوری، کە لەسەر داخوازی ڕوسیا چوونە نێو ئەو بەرەیە و تا ڕووخانی ئەسەد، ئەندامی ئەو بەرەیە بوون. لەنێو حزبی شیوعی سوریدا، هەر یەک لە خالید بەگداش سکرتێری حزب و ڕەمۆ شێخۆ فەرحە ناسراو بە ئەبو جەرگۆ ئەندامی پۆلیتبیرۆی حزبی شیوعی سوری، لە عەرەبەکان عەرەبتر بوون. وەسال فەرحە بەگداش (1930-2012.10.21)، لەنێوان (1995.7.24-2010)دا لە شوێنی هاوسەرەکەی کرایە سکرتێرو ڕایگەیاند کە خۆیی و خالید بەگداشی هاوسەری عەرەبن، بێ ئەوەی تەنانەت دکتۆر عەمار خالید بەگداش (1954.8.16/ دیمەشق)، وەڵامی دایکی بداتەوە، کە لە ساڵی (2010)دا لەدوای نەخۆش کەوتنی دایکی کرایە سکرتێتر و تا ڕۆژی مردنی لە ڕێکەوتی (2025.7.13)دا بەردەوام بوو، وەلێ عەمار پێشتر لە ساڵی (1991)دا کرابووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ساڵی دواتریش ئەندامی مەکتەبی سیاسیی لەپێناوی ئەوەی دەسەڵات وەرگرتن بکرێتە بۆماوەیی و پشتاوپشت لەنێو حزبی شیوعی سوری دەسەڵات ڕادەستی یەکتر بکەن، مەگەر ئەوە خزمەت و بەرهەمی خالید بەگداش بێت بۆ

کورد؟ ڕەمۆ شێخۆ، لەکاتی هاتنی سوپای فەرەنسە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا ئەم شەکرەی شکاندووە: (ئەو دەمەی فەرەنسە وێستی دەوڵەتێکی کوردی لە سوریا بۆ کورد دروست بکا، شەرەفی ئەوەم بەرکەوت کە بەرهەڵست بم)[107]، ئەوەش نموونەیەکی شیوعی کورد کە لەژێر ناوی کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم لە دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی دەوەستێتەوە و خزمەت بە نەتەوەی داگیرکەر و چەوسێنەر دەکات. هەرچەندە بە دەگمەن نەبێ ئەگینا تەواوی شیوعیە کوردەکانی نێو حشع تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم وەکو ڕەمۆ شێخۆ فەرحە دژی هەموو مافێکی گەلی باشووری کوردستان بوون، بەڵام گەنجەکانیان وەکو پیرەکانیان نەبوون و ئەوان دوای هەستکردن بە ڕاستییەکان، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و فشاریان خستە سەر پیرو پەککەوتەکانیان و 'حزبی شیوعی کوردستان'یان دامەزراند. شیوعییە عەرەبەکانی ناو حشع و سوریا وایان لە کوردە شیوعییەکان گەیاندبوو کە ناکرێت دەوڵەتی کوردی لەژێر سێبەری پارت و سەرکردایەتی بۆرژوازی کوردی دامەزرێت، بەڵام خۆیان بیست و دوو وڵاتی عەرەبیان لەژێر سێبەری پارت و سەرکردایەتی بۆرژوازی عەرەبی شۆڤینی وابەستەی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و فەرەنسی یان دامەزراندووە!

[107]- حوسێن محەمەد عەزیز، کورد و شۆڕش و هەڵی مێژوویی لەبەر ڕۆشنایی ستراتیژی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، لاپەڕە (74).

جەلال دەباغ: لەسەر ڕۆشنایی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە ساڵی (1983)، سەبارەت بە شەڕەکانی پشتئاشان بڵاوکرانەوە، ئیسپات بوو، دەرکەوت کە یەکێتی ئەو کارەی کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ بەعس ڕێکبکەوێ، وە ئەوە بوو ئەڵێن گوایە ئەوکاتە بەعسییەکانی عێراق، سەدام، عەماش و ئەمانە بە دووربین سەیریان کردووە بزانن چۆن لە شیوعییەکان دەدەن! کردوویانە بە مەرج ئەوان لە (شیوعییەکان) بدەن، ئینجا هاریکاریان بکەن. وە بە ئەزموون دەرکەوت لە ئێمەیان دا، ڕایانکرد ڕۆیشتن هاریکاریان لەگەڵ بەعس کرد لە دژی ئێمە و لە دژی شۆڕش و تەواو. پاشان مەسەلەکە بەسەر نەوشیروان شکایەوە، بەڵام وانییە، هەر نەوشیروان بەرپرس نییە، سەرکردایەتی خۆیان بەرپرسن کە بڕیاری ئەو شەڕەیان داوە. هۆکارێکی تر هەبوو، هێزەکانی شیوعی، پارتی و هاوپەیمانەکانمان هێرشیان بردبووە سەر مەڵبەندی سێی یەکێتی لە بالیسان، ئەوانەیان دەرکردبوو، ڕاویان نابوون، لێیان شەهید کردبوون و لێیان کوشتبوون. ئەمان لێرە کە ئەوەیان بیست، گوتیان بۆ ئێمە بچین شەڕی ئەوانە بکەین، خۆ قیادەی شیوعی لەبەردەستمانە، لەوان ئەدەین، ئەوە هەڵەش بوو، بەڵام کردیان، کردیان.

گفتوگۆی یەکێتی و ڕژێمی بەغدا لەماوەی نێوان (1983.12.4–1985.1.15)دا بەردەوام بوو، حزبی شیوعی عێراق و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود بە جاشایەتی و خیانەت هەژماری دەکەن، گوایە مەرجی حکومەت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکێتی، شەڕکردن و دەرپەڕاندنی (بەرەی جود) بووە لە کوردستان، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ی کوردستان و ڕوخانی ڕژێمی بەعسی کۆنە هاوپەیمانی حشع لە ڕۆژی (2003.4.9)، تاکە بەڵگەیەک نەدۆزرایەوە کە بانگەشەی حشع و بەرەی جود

بسەلمێنێت کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ڕێ خۆشکردنی گفتوگۆ لەگەڵ بەعس، لە ساڵی (1983)دا پەلاماری حسک، پارتی و شیوعییەکانی لە پشتئاشان، ئاشقوڵکە قڕناقاو و قەندیل دابێت! گەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو ئەوەی جەلال دەباغ و شیوعییەکان دەیڵێن گوایە بۆ حکومەت شیوعییەکانی کوشتووە، حکومەتی بەعس چۆن کوژراوە شیوعییەکانی ساڵانی (1973-1974-1975)، کە لە شەڕی دژ بە کوردو شۆڕشی کوردستان کوژرابوون، بەپلەی (جندی أول شهید) خانەنشین دەکردو مووچەی مانگانەی بۆ دەبڕینەوە، بە هەمان شێوە بۆ ئەو کوژراوانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-یشی دەبڕیەوە کە لە پشتئاشان و بالیسان کوژران! بەڵام حزب و کەسانی دۆڕاو، گەر بوختان نەکەن و بەرانبەرەکەیان تۆمەتبار نەکەن، دڵیان دەتەقێت، ئەوان تەنانەت کە بەهائەدین نوری بەقسەی سەرکردایەتی شیوعی لە مەڵبەندی سلێمانی شانبەشانی حسک و پدک پەلاماری یەکێتی نەدا تۆمەتی سیخوڕو پیاوی ڕژێمیان دایە پاڵی، جا چۆن یەکێتی تۆمەتبار ناکەن کە لە تۆڵەی کوژراوەکانیدا بەدەستی حزبی شیوعی عێراق لە پشتئاشان (61) شیوعی کوشت! حزبی شیوعی عێراق پشکی شێری بەردەکەوێت لە هەڵگیرساندنی شەڕەکانی ناوخۆی ساڵانی (1981-1983) و هەر خۆیان هۆکاری شەڕی ساڵی (1983)ی پشتئاشان بووینە، بەشداری کردنی حزبی شیوعی عێراق لە کوشتنی شێخ شەماڵ و سێ هاوڕێی لە ڕۆژی (1983.4.15)دا، بەشداریان لە پەلاماردان و داگیرکردنی مەڵبەندی چواری یەکێتی لە بالیسان لە ڕۆژی (1983.4.27) و کوشتنی هەشت پێشمەرگە و

کوشتنی پێشمەرگەیەک لە بەرزاییەکانی ڕمکان لە ڕۆژی (1983.4.30)دا، هۆکاری هەڵمەت بردنە سەر پشتئاشان بوو، ئیتر واز لە درۆکردن بێنن! بۆ بە بەردەوامی پانادەبەنە بەر درۆی (پڕوپاگەندەی شیوعیانە) ؟ بۆ دەبێ یەکێتی شەڕی هەڵگیرساندبێ لەدژی حزبی شیوعی، لەکاتێکدا کە حشع پێشتر لە سێ تاواندا دوازدە پێشمەرگەی یەکێتی کوشتووە؟ بۆ یەکێتی هەڵگیرسێنەری شەڕە لەدژی حزبی شیوعی و پێچەوانەکەی ڕاست نییە کە بەقسەی ئەحمەد ئەلناسری (ئەمین)، کادیرو پێشمەرگەی دێرینی حزبی شیوعی عێراق، کە لە کۆتایی ساڵی (1979-1988)دا لە کوردستان پێشمەرگە بووە، لە بەشی سێیەمی (شهادات خاصة)ی کەناڵی ئاسمانی (البغدادیة) لە ئامادەکردنی دکتۆر حەمید عەبدوڵڵا ئەلناسری، کە ئەم دیمانەیە لە ڕۆژی (2018.1.7)دا خراوەتە سەر کەناڵی (یوتوب)، سەبارەت بە یوسف حەنا یوسف ئەلقەس ناسراو بە ئەبو حیکمەت و بەشداری حشع لە هێرشکردنە سەر مەڵبەندی چواری یەکێتی لە گوندی بالیسان دەڵێ: (زانیاریم هەیە کە یوسف حەنا ئەلقەس پێوەندی بە ڕژێمەوە هەبوو، لەوانەشە لەسەر داوای حکومەت و ڕژێم لە شەڕی بالیسان لە دژی یەکێتی، بەشداری بە حزبی شیوعی عێراق کردبێت)، کە ئەم بۆچوونەی ئەحمەد ئەلناسری ڕێی تێ دەچێت.

کاتێک کە جەلال دەباغ دەڵێت: (هێزەکانی شیوعی، پارتی و هاوپەیمانەکانمان هێرشیان بردبووە سەر مەڵبەندی سێی یەکێتی لە بالیسان، ئەوانەیان دەرکردبوو، ڕاویان نابوون، لێیان شەهید کردبوون و لێیان کوشتبوون. ئەمان لێرە کە ئەوەیان بیست،

گوتیان بۆ ئێمە بچین شەڕی ئەوانە بکەین، خۆ قیادەی شیوعی لەبەردەستمانە، لەوان ئەدەین)، کەواتە جەلال دەباغ خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە، بۆچوونەکەی خۆی پووچەڵ دەکاتەوە کە گوایە لەسەر داوای حکومەت لە حشع درابێت، یان مەرجی حکومەت بێت بۆ گفتوگۆکردن، چونکە بەگوێرەی لێدوانەکەی خۆی ئەوەی لە پشتئاشان ڕوویدا لە تۆڵەی مەڵبەندی چواری باڵیسان بوو، کە لە ڕاستیشدا لێدانی حشع و بەرەی جود لە پشتئاشان لەبەر سێ هۆکار بوو:

یەکەم: لە تۆڵەی بە ناڕەوا کوشتنی چوار فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی بوو، کە لە ڕۆژی (1983.4.15)، لە گوندی باداوان لە دۆڵی خەلەکان لەلایەن حسک و حشع کوژران، کە ئەمانە بوون:

1. محەمەد شێخ مەحمود محەمەد عەبدوڵڕەحمان ناسراو بە شێخ شەماڵ (1952/ باخ/ پیرەمەگرون/ سلێمانی)، فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە، پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و لە ڕۆژی (1976.9.2)دا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردبوو.
2. سەرباز ئەحمەد خدر ئەحمەد ناسراو بە سەرباز کۆیی (1957/ کۆیە)، جێگری فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە.
3. سەعدی محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە سەعدی گەرمکی (1957/ تەقتەق/ گەرمک)، پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە.
4. کامەران فارس محەمەد ئیبراهیم ناسراو بە ڕەشۆ (1961/ کۆیە/ هەولێر)، پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە، کە ڕۆژی دوایی بەر لە نیوەڕۆی (1983.4.16)دا گەیشتە کاروانی نەمران. دوو پێشمەرگەش بریندار بوون.

دووەم: لە تۆڵەی داگیرکردنی مەڵبەندی چواری باڵیسان (جەلال دەباغ بەهەڵە بە مەڵبەندی سێی باڵیسان ناوی دەبات، چونکە ئەوکات مەڵبەندی سێی یەکێتی لە وەرتێ بوو، دواتر لە کۆتایی ساڵی 1986، هەردوو مەڵبەند یەکیان گرتەوە)، کە لە کاتژمێری چواری بەرەبەیانی ڕۆژی (1983.4.27)، بەرەی جود هێرشی کردە سەر مەڵبەندی چواری باڵیسان و هێرشەکە تا کاتژمێری یازدەی شەو درێژەی کێشا، دوای نزیکەی نۆزدە کاتژمێر لە بەرگریکردن و کوژرانی هەشت پێشمەرگە و بریندارکردنی دوازدەی دیکە، یەکێتی لە نیوە شەو بڕیاری کشانەوەی دا، هێزەکانی یەکێتی دابەشی سەر گوندو شاخەکان بوون لە بێراوە، شیرێی خواروو، دەرەشیر، دەرەدار، مەلەکان و چیای شیشار، سەید کەریم بۆ بێراوە و بارەگای مەڵبەند و دکتۆر کەمال لە شیرێی سەروو بوون، بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر (1983.4.28)، هێزەکانی بەرەی جود چوونە ناو باڵیسان و مەڵبەندەکەیان داگیرکرد، کە بە شەڕێکی نۆزدە کاتژمێری نەیانتوانی داگیری بکەن، هەشت کوژراوەکەی باڵیسان بەدەستی بەرەی جود ئەمانە بوون:

1. ئەحمەد ئۆمەر ئەحمەد ئەیوب ناسراو بە ئەحمەد قەمبەری (1952/ هەولێر/ تەقتەق/ قەمبەر)، فەرماندەی کەرتی (2)ی سەر بە تیپی (86)ی دەشتی هەولێر. لە ساڵی (1976)دا بۆتە پێشمەرگە و لە ڕۆژی (1983.4.27)دا لە هێرشی بەرەی (جود) بۆ سەر بارەگای مەڵبەندی (4)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە قۆڵی پشتی باڵیسان لە بەردەلانک بەدەستی سۆسیالیست و پارتی کوژرا.

2. حەیدەر سادق یابە پیرداود ناسراو بە وەستا حەیدەر (1955/ هەولێر/ مەخمور/ گردەپان). لە ساڵی (1982)دا لە تیپی (83)ی هەورێ دەبێتە پێشمەرگە، دواتریش لە تیپی مەڵبەند و لە قۆڵی شێخ وەسانان و بەدەستی شیوعییەکان کوژرا.

3. شاهین قادر مەحمود محەمەد (1966/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1983.4.27)دا لە گوندی بالیسان، کوژرا.

4. ساڵح حاجی ڕەسوڵ ساڵح ناسراو بە کاکە ساڵح کاموسەکی (1960.7.1/ هەولێر/ هیران/ کاموسەک)، پێشمەرگەی تیپی (83)ی هەورێ و لە ڕۆژی (1983.4.27)دا لە کانیبەرد بەدەستی حشع کوژرا.

5. شێروان مەحمود حەمەد مەحمود جاف ناسراو بە پیرمام (1951/ هەولێر/ کۆیە)، جێگری فەرماندەی کەرتی (4) لە تیپی (90)ی باواجی. لە ڕۆژی (1983.4.27) لەنێوان مەلەکان و دەرەشیر لە قۆڵی شیوعییەکان کوژرا.

6. عوسمان سەعید حەسەن زێندین (هەولێر/ مەخمور). پێشمەرگە لە تیپی (91)ی سەفین، لە ڕۆژی (1983.4.27)دا لە قۆڵی شێخ وەسانان و بەدەستی شیوعییەکان کوژرا.

7. قادر خدر تەها مستەفا ناسراو بە پیرۆت گردجانی (1964/ ڕانیە/ گردجان)، لە ڕۆژی (1983.4.27)، لە قۆڵی بالیسان لە بەردەلانک، بەدەستی سۆسیالیست و پارتی کوژرا.

8. نامیق حەمە شوکر کەریم ناسراو بە پێشڕەو (1956/ کەرکوک/ چەمچەماڵ)، بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. لە ڕۆژی (1983.4.27)دا لە

هێرشی بەرەی جود بۆ سەر بارەگای مەڵبەندی چواری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بالیسان، لە لوتکە شاخی (تیخی سپی) لە نزیک گوندی مەلەکان و لە قۆڵی شیوعییەکان کوژرا.

هەشت لە بریندارەکانی شەڕی بالیسان ئەمانە بوون:

محەمەد عەباس عەولا وەسمان ناسراو بە شاخەوان (1952/ هەولێر/ قوشتەپە/ قولتەپە)، فەرماندەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، کە دواتر لە ڕۆژی (2004.2.1)، لە تەقینەوەکەی دەستی تیرۆریستانی ئیسلامی لە بارەگای مەڵبەندی سێی هەولێر کوژرا.

عەلی نەبی عەلی ئەلیاس خۆشناو (1953/ ڕانیە/ سەرکەپکان/ میدێرە)، فەرماندەی تیپی مەڵبەند، کە دواتر لە ڕۆژی (1994.5.2)، لە قەڵادزێ لە شەڕی ناوخۆ کوژرا.

ئیبراهیم عومەر سوور محەمەد ناسراو بە برایم برنۆ (1956/ ئۆمەراوە/ قوشتەپە/ هەولێر)، ئێستا کەمئەندامە و لە سوید دەژیت.

دڵزار بەکر عەبدولکەریم حەویزی (1957/ کۆیە)، فەرماندەی کەرتی (4)ی تیپی (90)ی باواجی، لە ڕۆژی شەڕەکەدا لە مەلەکان هەر دوو چاوەکانی بە گوللەیەک کوێر بوون و دەستێکیشی بریندار بوو.

سەباح عەلی مەولود داربەسەری (1954/ داربەسەر/ تەقتەق/ هەولێر)، پێشمەرگەی تیپی (86).

عەباس حەمەدئەمین ئۆمەر ناسراو بە مام عەباس ئیلنجاغی (1934/ ئیلنجاغ/ تەقتەق)، پێشمەرگەی تیپی مەڵبەند و دواتر لە ڕۆژی (2005.3.24)، کۆچی دوایی کرد.

عەیزوڵڵا عەوێز سەعید ناسراو بە عەیزوڵڵا مەرزانی (1957/ مەرزان/ تەقتەق)، پێشمەرکەی کەرتی (2)ی تیپی (86).

کازم عومەر عوبێد ناسراو بە کازم ئاومالّی.

سێیەم: بەرەی جود (حزبی شیوعی، حسک، پارتی و پاسۆک)، دوای داگیرکردنی مەڵبەندی چواری بالیسان، بەرنامەی پەلاماردان و داگیرکردنی یەک لەدوای یەکی (بارەگاکانی سەرکردایەتی، مەڵبەندی سێی وەرتێ، مەڵبەندی دووی سەرگەڵوو و مەڵبەندی یەکی بەلەکجارِ)یان داڕشتبوو، نیازیان وابوو دوای گەیشتنی هەزار و پێنج سەد پێشمەرگەی پارتی کە مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی گفتیان پێ دابوون، بە یەک ڕۆژ، لە دوو قۆڵ و بە دوو ئاراستەی جیا پەلاماری بارەگانی سەرکردایەتی و مەڵبەندی سێی وەرتێ بدەن و دەستیان بەسەردا بگرن، دواتریش بەرەو مەڵبەندی دووی سەرگەڵوو بڕۆن و داگیری بکەن، وەکو دوا قۆناغیش هێرش بکەنە سەر مەڵبەندی یەکی بەلەکجارِ و هەموویان لە بەکرەجۆ بکەنەوە، یان بە قەولی ئەحمەد بانیخێلّانی هەڵمەتی شیوعی و هێزەکانی بەرەی جود بۆ سەر بارەگا و بنکەکانی یەکێتی شێرانە بێ و ئەم سەر لێ شێواوانە بە دەردی ئەوانەی بالیسان ببەن.

کەواتە ئەوەی پێشتر جەلال دەباغ باسی کرد کە گوایە یەکێتی شەڕی پشتئاشانی بۆ ئەوە کرد، یان بۆ ئەوە لە شیوعییەکانی دا تا لەگەڵ حکومەت ڕێکبکەوێت و حکومەت لێدانی شیوعییەکانی کردۆتە مەرجی ڕێککەوتنی نێوان خۆیان و یەکێتی، دەرکەوت ناڕاستە و شەڕی پشتئاشان لەبەر ئەم هۆیانە بوو، یەکەم: لە تۆڵەی چوار کوژراوەکەی باداوان و دوو بریندارەکە. دووەم: لە

تۆڵەی هێرشی حزبی شیوعی و هاوپەیمانەکانی (بەرەی جود) بۆ سەر بالیسان و کوشتنی هەشت پێشمەرگەی یەکێتی و بریندارکردنی دوازدەی دیکە. سێیەم: لە تۆڵەی کوشتنی پێشمەرگەیەک لە ڕمکان و بریندارکردنی یەکێکی دیکە. چوارەم: بۆ شکست پێهێنانی پلانی بەرەی جود بۆ ڕاونانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر داوای ئێران و لە ڕێی پارتی و ئینجا بەرەی جود.

جەلال دەباغ دەبێژێت: (ئەوە بوو دەڵێن گوایە ئەوکاتە بەعسییەکانی عێراق، سەدام، عەماش و ئەمانە بە دووربین سەیریان کردووە بزانن چۆن لە شیوعییەکان دەدەن). بێگومان گوایە نابێتە بەڵگە و هەردەم بە چاوی گومانەوە سەیر دەکرێت، بەتایبەت کە حزبی شیوعی عێراق ئەزموونی زۆری هەیە لە پڕوپاگەندە و درۆ هەڵبەستن. دەبوایە دەباغ ئەو قسەیە نەکات، چونکە شەڕی پشتئاشان لە (1983.5.1)دا بووە، واتە چل و سێ ساڵ لەمەوبەر بووە، گەر بەنیازی گوتنی ئەو (گوایە) بوایە، دەبوایە لەم ماوە دوورو درێژەدا لێکۆڵینەوەی بکردایە و ئەو (گوایە)ی یەکلا بکردبایەوە، بۆیە ئەمە درۆی (پڕوپاگەندەی شیوعیانەیە). باشە دەباغ لە خۆی پرسیوە، بەعسییەکانی عێراق، سەدام و عەماش چۆن هاتوونەتە شوێنێکی نزیک شەڕەکەی پشتئاشان و بەدووربین سەیری شەڕەکەیان کردووە کە یەکێتی چۆن شیوعییەکان دەکوژێت؟ ئاخر مەودای سەیرکردن بە دووربین چەند کیلۆمەترێکە و زیاتر نییە، ئەی بۆ تەنیا بە گوایە نووسیوێتی، ئایا کەسێک هەیە گەواهی بدات کە بەعسییەکان، بە تایبەتیش سەدام و

عەماشی ببینێت؟ جەلال دەباغ، تەنانەت عەماشی پێ نەناساندووین، کە دڵنیام خۆیشی نەیزانیوە ئەو عەماشە کێیە، ئەگینا خۆی نەدەخستە نێو ئەو هەڵە گەورەیە، چونکە عەماش، سالّح مەهدی عەماش ئەلنەداوی (1924/ بەلەد/ تکریت–1985.1.30/ فینلەندا)، کە هەڵبەستوان، ئەفسەر و سیاسەتمەدار، عەرەبێکی نەتەوەپەرستی بەعسی بووە، لەنێوان (1963.2.8–1963.11.18)دا لە دەسەڵاتی یەکەمی ڕژێمی بەعس وەزیری بەرگری عێراق، لە دەسەڵاتی دووەمی بەعسیش وەزیری ناوخۆ، پاشان بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (187)ی ڕۆژی (1970.4.3)ی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی بەعس کرایە جێگری سەرۆک کۆمار، بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (745)ی ڕۆژی (1972.10.12)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرایە باڵوێزی عێراق لە مۆسکۆ و بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (456)ی ڕۆژی (1972.10.22)دا ئیشوکاری باڵوێزی عێراق لە فینلەندا بەڕێوە دەبات (سفيرا غير مقيم لها في فنلندا)، دواتریش بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (47)ی ڕۆژی (1974.2.4)ی سەرۆکایەتی کۆمار، کە ئەوکاتە باڵوێزی عێراق بوو لە مۆسکۆ، گواستراوەتەوە پاریس–ی پایتەختی فەرەنسا و هێلسنگی لە فینلەندا لە سالانی (1974–1985.1.30)، واتە تا ڕۆژی مردنی باڵوێزی عێراق بووە لە فەرەنسا و فینلەندا و هەر لەوێش لە هێلسینگی مردووە و بۆ عێراق نەگەڕاوەتەوە، چونکە حزبی بەعس وەکو دوورخستنەوە و دامالّینی لە دەسەڵات وەک باڵوێز ڕەوانەی دەرەوەی عێراقیان کرد. ئەی باشە دەباغ پێمان نالّێت عەماش چۆن هاتووە لە پشتئاشان بە دووربین لەگەڵ سەدام

و چەندان بەعسی دیکە سەیری لێدانی هێزەکانی حزبی شیوعی یان کردووە؟ سالّح مەهدی عەماش، باوکی هودا عەماش (1953/ بەغدا)، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی عێراقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بوو، کە بە دکتۆرە (الجمرة الخبيثة/ مادام ئەنثراکس/ ئەسکەلە پیسە) ناسرابوو.

شیوعییەکان بە دەیان و سەدان نامیلکە و پەرتووکیان لەسەر پشتئاشان نووسیوە، بەر لە عەرەبە شۆڤینستەکانی ناو حزبی شیوعی، کوردە خۆ بەکەمزانەکانی نێو حشع بوون، تەنانەت چەند ڕۆمانێکی بێ نرخی بارگەکراو بە ژەهر و شۆڤینیزمی عەرەبی دلّڕەش و ڕقاویان بلّاوکردەوە، بۆ نموونە بەناو (ڕۆمانی پشتئاشان)، لە نووسینی عامر حوسێن و وەرگێڕانی بۆ کوردی ڕابەر ڕەشید و دوو ڕۆمانی (مدن فاضلة) و (آخر المدن) لە نووسینی موفید محەمەد ئەلجەزائیری شەڕخواز، کە ئەو بەدەنگی خۆی چەند ڕۆژێک بەر لە هێرشی بەرەی جود بۆ سەر مەلّبەندی چواری بالیسان لە ڕۆژی (1983.4.27)، هاواری دەکرد و بەمشێوەیە ناوی یەکێتی دەهێنا: (تێکدەرانی یەکێتیی نانیشتمانیی ناکوردستانی/ مخربي الإتحاد اللاوطني اللاكوردستاني)، بەلّام تاکە نامیلکەیەکیان لەدژی حزبی بەعس نەنووسیوە کە لە پەنا بەرەی بەناو پێشکەوتنخوازو جاشێتیان بۆ حزبی بەعس، بەعس نزیکەی (265) ئەندامی کوشتن، جگە لەوەی (39)یشی لێ لە سێدارە دان، کە تێکڕا دەکاتە (304)، بەر لە پێکهێنانی بەرە (174) و دوای پێکهێنانی بەرەش لەنێوان (1973.7.17–1978.12.31)، سەد و سی (130) ئەندامی کوشتن و لە سێدارەدان (91+39=130)،

لەکاتێکدا لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شەڕدابووون، حزبی شیوعی پێشتر پێشمەرگەی یەکێتی کوشتووە، یەکێتی-ش تۆڵەی کوژراوەکانی خۆی کردۆتەوەو لە پشتئاشان، ئاشقوڵکە و قڕناقاو وەکو مافی بەرگری لەخۆکردن و شکسهێنان بە مەترسی جێبەجێکردنی نەخشە و پلانی پەلامارەکانی بەرەی جود بۆ هەوڵی لەناوبردنی یەکێتی و نەخشەی پەلاماریان بۆ سەر مەڵبەندی سێی یەکێتی (وەرتێ)، بارەگاکانی سەرکردایەتی لە (توژەڵە، سەکران، شێنێ، زەڵێ، ناوزەنگ و نۆکان)، مەڵبەندەکانی دووی سەرگەڵوو و یەکی بەلەکجارِیان دەکرد، هەم تۆڵەی کوژراوەکانی خۆی لێکردنەوە و هەم شکستی بە پلانی ئەوان هێنا.

ئەو ڕاستیانە مایەی نەنگی و خاڵی ڕەشی مێژووی پڕ لە ناپاکی و جاشێتی حشع-ن، کە بە بەڵگە دەخرێنەڕوو، کەچی جەلال دەباغ نکۆڵیان لێ دەکات، ئەو دەیەوێت (گوایە) بکات بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و بەو گوایە بڵێت کە سەدام، عەماش و بەعسییەکان بە دووربین سەیریان کردووە بۆ ئەوەی بزانن هێزەکانی یەکێتی چۆن لە حزبی شیوعی عێراقی دەدەن! حزبی شیوعی عێراق، بە بەرچاوی تەواوی خەڵکی کوردستان و بە ڕۆژی ڕووناک چەکی جاشێتی حکومەتی بەعس و ڕژێمی سەدامی کردە شان، کەچی ئەو دەڵێت: (گوایە حزبی شیوعی چەکی لە حکومەتی بەعس وەرگرتووە)، کەسێک کە ئەو هەموو درۆیە بکات شەرمە باسی مێژوو بکات یان مێژوو بنووسێتەوە!

حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1973.7.17)، بەرەی کۆنەپەرستی و ڕەگەزپەرستی لەدژی کورد لەژێر ناوی بەرەی

نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز[108] لەگەڵ حزبی بەعس مۆرکرد و لە تەلەفزیۆنی ئەوکاتی حکومەتی بەعس ڕاستەوخۆ ڕێککەوتنەکەی نێوانیان پەخش کرا، کەچی دەباغ دەڵێت: (وا کەوتەوە کە گوایە شیوعییەکان لەگەڵ بەعسن)! ئەی بۆ لەگەڵ بەعس نەبوون؟ حشع دوو وەزیری لە حکومەتی بەعس، سێزدە ئەندامی تەشریعی، سێ ئەندامی تەنفیزی، بیست سریەی چەکداری جاشی لە کوردستان هەبوو، لە بەرەی خۆیان و بەعس بەگوێرەی خواستی بەعس بڕیارەکانیان بە هاوبەشی لەدژی کورد دەردەکرد! لە لای شیوعی، بەعس حزبی سەرکردە بوو، کۆدەتای یەکەمی (1963.2.8) و دووەمی (1968.7.14)ی بەعس، لە لای ئێوە شۆڕش و سەدامی دیکتاتۆریش کاسترۆی عێراق بوو!

حزبی شیوعی عێراق، لەدوای بەرەی (1973.7.17)دا چەکی لە حکومەتی بەعس وەرگرت و ئەوانیش تەنیا دابەشی سەر بەشێک لە شیوعییە کوردەکانیان کرد لە کوردستان و بەعسییەکان بەنهێنی و بە ئەنقەست لیستەکەیان دابوو بە پارتی و ئەوان لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی خۆیان (برایەتی، خەبات و التأخي) بڵاویان کردەوە، کەچی جەلال دەباغ دەبێژێت: (دەڵێن گوایە شیوعییەکان چەکیان لە بەعس وەرگرتووە). ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی بەعس لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان حکومەتی بەعس و شۆڕشی کوردستان لەدوای ئاگربەستی (1970-1974)ی نێوان ئەو دوو لایەنە، بیست سریەی جاشی بۆ حشع لە شیوعییە کوردەکان کردەوە، کە بەمشێوەیە دابەشی کرابوون: (هەولێر شەش سریە،

[108]- الجبهة الوطنية والقومية التقدمية.

سلێمانی چوار سریە، دهۆک چوار سریە، کەرکوک سێ سریە و موسڵ سێ سریە)، کە بەعس وەکو جاش مامەڵەی لەگەڵ ئەو بیست سریە چەکدارەی شیوعی دەکردو ڕاستەوخۆ شانبەشانی سوپای بەعس بەشداری شەڕەکانیان دەکرد، چاوساغ و کەواسووری بەر لەشکری ڕژێمی بەعس بوون، بۆیە گشت ئەو تاوان و کوشتارانەی لەم ماوەیەدا ڕوویان داوە، حشع هەروەکو حکومەت و سوپای (عەفلەق، بەکر و سەدام) هاوبەش و تاوانبارن.

حزبی شیوعی عێراق، لەگەڵ شەڕی ساڵی (1974)ی نێوان کورد و بەعس، دەیان و سەدان بارەگای پڕ لە چەکداری شیوعییان بە چەکی بەعس و بە بەرچاوی دانیشتوانی کوردستان ئاوەدان کردەوە، کەچی دەباغ دەڵێت: (نە چەکی بەعسمان وەرگرتووەو نە جاشی ئەوان بووینە)، لەکاتێکدا لەگەڵ ئاشبەتاڵی شۆڕشی کوردستان، بەعس بڕیاری دا شیوعییەکان چەک بکات و بە ئاشکراش لەبەردەم جەماوەری کوردستان چەکی کردن، سەرەڕای ئەوەی کە حشع بە دڵخۆشییەوە پشتیوانی لە پەیماننامەی شووم و سەرشۆڕانەی شەشی ئاداری (1975)ی سەدام و شای ئێران کرد! حکومەتی بەعسی عێراق، تەنیا بە چەککردنی شیوعییەکان نەوەستا، بەڵکو دوو بڕیاری ژمارە (807)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بڕیاری ژمارە (11)ی کۆمیتەی کاروباری باکووری لە ڕۆژی (1975.7.29) دەرکرد، یەکەمیان بڕیاری هەبوون و هەڵگرتنی چەکی قەدەغە کرد و دووەمیان قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەوانەی چەکەکانیان ڕادەستی حکومەت دەکەنەوە، کە بڕی قەرەبووەکە بەپێی جۆری چەکەکان دەگۆڕا. حزبی بەعسی عەرەبی،

پێشتر لە ساڵی (1973)دا فێڵی لە شیوعییەکان کردو بە بیانوی کۆنی چەکەکانیان داوای چەکی خۆیانی کردەوە بۆ ئەوەی چەکی کلاشینکۆفی نوێیان بداتێ، ژمارەیەک لەوان چەکی کۆنی خۆیان هەبوو، چونکە بەشێکیان لەنێوان ساڵانی (1963-1970)دا شانبەشانی پارتی لە نێو شۆڕشی کوردستان بوون، چەکی پێشمەرگایەتیان دایەوە حکومەت و چەکی جاشێتیان وەرگرت.

لە ساڵی (1973) و دوای چەکدارکردنی بەشێک لە شیوعییەکانی کوردستان لەلایەن بەعسەوە، دوای توندبوونی ناکۆکی نێوان شیوعی و پارتی بەهۆی ڕۆژنامەکانی (طریق الشعب) و (برایەتی)، کە چەند وردە پێکدادانێکی نێوان ئەو دوو لایەنەی بەدوای خۆیدا هێنا، لە مانگی یازدەی هەمان ساڵ، پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵمەتێکی توندی کردە سەر چەکدارە شیوعییەکان کە بە ڕاوە شیوعی ناسراوە و ژمارەیەکی لێ کوشتن، کەچی جەلال دەباغ دەڵێت: (لە ساڵی (1973)دا، بە پشتیوانی و هاندانی حکومەتی بەعس هێزەکانی پارتی شەڕیان بە لقی چواری گەرمیان و لقی دەی قەرەداغی حزبی شیوعی عێراق فرۆشت و پەلاماریان دان، شیوعییەکان داکۆکیان لەخۆیان کرد)، لەکاتێکدا کە شیوعییەکان جاش و چەکداری حکومەتی بەعس بوون، بەعس ئەوانی هاندەدا لە دژی پارتی و کورد، کەچی دەباغ پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمەتبار دەکات بەوەی کە گوایە بە پشتیوانی و هاندانی بەعس هێرشیان کردۆتە سەر شیوعییەکان! بە بەرچاوی هەموو خەڵکانی ناوچەکە و کوردستانەوە، شیوعییەکانی گەرمیان و قەرەداغ پەنایان بردە بەر سەربازگەی دەربەندیخان و لەوێوە سوپای بەعس

تۆپبارانی هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردسانیان دەکرد، هەمان شت لە باعەدرێ-ش لە پارێزگای موسڵ دووبارە بووەوە و شیوعییەکان پەنایان بۆ سەربازگەی ڕژێم برد و لەوێوە سوپا تۆپبارانی پێشمەرگەی دەست پێ کرد!

هەر لەدوای ڕێککەوتنی بەعس و شیوعی، بەهاندانی بەعس کێشەکانی نێوان پارتی و شیوعی دژوارتر بوون، بەتایبەت دوای کوشتنی دوازدە خوێندکار و کادیرەکەی حزبی شیوعی کە لە ئەوروپا دەگەڕانەوە و عیسا سواری فەرماندەی زاخۆی پارتی کۆمەڵکوژی کردن، هەمان کات لەدوای هەڵمەتی ڕاوە شیوعی و شەڕەکانی گەرمیان (باوەخۆشێن، خدر وەلی و شاخی گوڵان) و دواتر نێو سەربازگەی دەربەندیخان، کەچی جەلال دەباغ پێمان ییژێت: (بەڵام زوو بە زوو هەوڵدرا حزب بەسەر ئەو ئیشە زاڵبێت، ئاوی بە ئاگرا کردو کۆتایی بەو شتە هێنا، ئەوەبوو لەگەڵ پارتی ڕێککەوتینەوە و ئەو برینەش تەداوی کرا)، کە ئەو قسانەی ناوبراو زۆر دوورن لە ڕاستییەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە کێشەکانی نێوان شیوعی و پارتی زۆر لە جاران قوڵتر بوونەوە، تا حزبی شیوعی لە شەڕەکانی ساڵانی (1974-1975)ی حکومەتی بەعس و شۆڕشی کوردستان بە شانازییەوە پێش سوپای بەعس دەکەوتن، بەشداریان لە زۆربەی شەڕەکان کرد و بە شۆڕشی کوردیان دەگوت (جیب العمیل)، واتە بوکەڵەی بەکرێگیراو.

ئەبو سەلام، ئاماژە بە ژمارەی ڕۆژی (1975.4.21)ی ڕۆژنامەی (طریق الشعب)ی حزبی شیوعی عێراق دەکات، کە عامر عەبدوڵڵا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە سیمیناڕێکدا کە ڕۆژی

پێشتر له هۆڵی بەڕێوەبەرێتیی خۆجێیەتی تەلاری پارێزگای ئەنبار لەژێر ناوی (التحالف الوطني دحر الجيب العميل ... النظام السوري وحبس مياه الفرات/ هاوپەیمانێتی نیشتمانی بوکەڵەی بەکرێگیراوی تێکشکاند ... ڕژێمی سوریا و گرتنەوەی ئاوی فورات)دا بەڕێوەچووە، شۆڕشی کوردستان بە بوکەڵەی بەکرێگیراو (الجيب العميل)، ناودەبات[109]. من ئەم نموونەیەم وەکو سووکایەتیکردنی حزبی شیوعی بە شۆڕشی کوردستان هێناوەتەوە، بەڵام ئەبو سەلام نووسیویەتی: (ناوبراو (عامر عەبدوڵڵا)، جەختی لە گرنگی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز کردەوە. هەروەها ئاماژەی بەو ئەرکە مەزنانە کرد کە لەلایەن بەرەوە هاتنەدی. ئەو سەرکەوتنە مەزنەی بەسەر بوکەڵەی بەکرێگیراو – الجيب العميل– لە هەرێمی کوردستان بەرز نرخاند و گوتی ئەم سەرکەوتنە پێشوەخت دیاری کرابوو بۆ دوورخستنەوەی سەرکردایەتی بوکەڵەی بەکرێگیراو لە خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و وەستانەوەی لەدژی کاروانی پێشکەوتنخوازی شۆڕش و گەل). ئایە دەبێ سەرانی حشع خۆیشیان هەستیان بەوە نەکردبێ کە ئەوانیش بوونەتە بوکەڵەی بەکرێگیراوی بەعس، سەدام، ڕژێمێکی ڕەگەزپەرست، دیکتاتۆر و فاشی وەکو حکومەتی بەکر، سەدام، عەفلەقی بەغدا؟

حزبی شیوعی عێراق، لە سەرەتای مانگی یازدەی ساڵی (1973)، لە کاتی شەڕەکانی خۆیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە ڕاوە شیوعی ناسرا، دەستیان بە پڕوپاگەندەی

[109]- ابو سلام، الحزب الشيوعي العراقي وإنتهازيته في الحركة الوطنية، ص (55).

قەڵاچۆکردنی شیوعییەکان کرد لەلایەن پارتی کاتێک کە هەردوولا چەک بەدەست بوون و ژمارەی کوژراوەکانیان لێک نزیک بوو، ئەو کاتەش کە لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لەیەک بەرەدا بوون، لە پەنای بەرەدا، بەعس بە دەیان و سەدان شیوعی لێ لە سێدارەدان یان کوشتن، دیسان بانگەشەی قەڵاچۆکردنی حزبی شیوعی لەلایەن بەعسەوە، کە تەنیا بەعس لەوانی کوشت و ئەوان یەک تاکە بەعسییان نەکوشت، لە هەمووی سەیرتر لە شەڕە ناوخۆکانی ساڵی (1983)ی نێوان بەرەی جود و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە شیوعییەکان و هێزەکانی بەرەی جود دەستپێشخەر بوون لە پەلامارەکانیان بۆ سەر یەکێتی، کەچی حشع بانگەشەی درۆییەنەی قەڵاچۆکردنی شیوعییەکان و کۆمەڵکوژی تەنیا عەرەبی شیوعی کرد لە پشتئاشان، لەنێویاندا کەریم ئەحمەد دەڵێت: (لەم هێرشەدا سیاسەتێکی نەتەوەیی پڕ لەکینە لەدژی هاوڕێیانی عەرەب بە ژن و پیاوەوە پەیڕەوکراو زۆرترین قوربانییەکان لەناو هاوڕێیانی عەرەبدا بوون لە پارتیزانە کوڕو کچەکان)[110]، کە بەداخەوە ئەو قسانەی کەریم ئەحمەد هەمووی ناڕاست و چەواشەکارین، چونکە ئەو وا پێشان دەدات کە بەدیلی و تەنیا بەهۆکاری عەرەب بوونیان کوژراون، کە هەر زۆر لە ڕاستییەوە دوورە چونکە دەیان دیلی دیکەی عەرەب کەوتنە دەست پێشمەرگەکانی یەکێتی و نەکوژران، دواتریش ئازادکران، هەمان کات حزبی سۆسیالیستی کوردستان ئەوانیش ڕایانگەیاند کە دیلی ئەوان لەلایەن یەکێتی کوژراوە، گەر ئەم قسەیە ڕاست بێت، ئایە

[110]- کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، لاپەڕە (297).

دیلەکانی سۆسیالیست عەرەب بوون و بەهۆی عەرەب بوونیانەوە گوللە باران کراون، یان دەبێ بەهۆی ڕق و کینەی جیاوازی بیروباوەڕ، پارتایەتی، پاوانخوازی گۆڕەپانی خەبات لە کوردستان و شەڕی بریکاری بۆ ئێران (بە وەکالەت بۆ ئێران) بێت؟ بەڵام چونکە لە بابەتی (دیلکوژ و منداڵکوژەکانی نێو حزبی شێوعی عێراق)، بە بەڵگە، ڕێژە و زانیاری تەواو وەڵامی شیوعی و چەواشەکارییەکانم داوەتەوە، بۆیە لێرە تەنیا وەڵامی ناڕاستی کوشتنی ژنان دەدەمەوە، کە بەتەنیا یەک ژن لە شەڕی پشتئاشان کوژراوە و شێوعییەکان خۆیان لە دەیان بابەت و لە ژیاننامەکەیدا دەنووسن: (تۆپ هاوێژە قارەمانەکەی لێوژێ هاوڕێ ئەحلام، تا دوا فیشەک ئازایانە بەرگری و شەڕی کرد)، بەڵام هەر کاتێ ویستیان یەکێتی تۆمەتبار بکەن بە درۆ دەڵێن: (یەکێتی ژنی سکپڕی بەدیلی کوشت)، وەکو ئەحمەد بانیخێڵانی لە لاپەڕە (380-381)ی (مذكراتي) بێشەرمانە نووسیویەتی. ئەحلام (عميدة عذبي حالوب الخميسي)یە، کە تادوا فیشەک شەڕی کردبێت بۆ دەبێ بەهۆی عەرەب بوونیەوە کوژرابێت، ئەی دوو بەرەی شەڕکەر هەر لایەنە هەوڵنادات زۆرترین کەس لە لایەنی بەرانبەر بکوژێت و سەرکەوتن لە شەڕەکە بەدەست بهێنێت؟ بە بۆچوونی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق و شیوعییە کوردەکان ئەحلام بۆی هەیە قارەمانانە تۆپ بهاوێژێتە هێزەکانی یەکێتی، بەڵام هێزەکانی یەکێتی بۆیان نییە بە فیشەکێک کۆتایی بە مەترسی تۆپەکانی ئەحلام بێنن، ئەوە بە چ یاسا و ڕێسایەک ڕەوایە، تەنیا تۆ لایەن و کەسانی دیکە بکوژیت و کەسان و لایەنی دیکە بۆیان نەبێت تەقەت لێبکەن و بتکوژن، ئەمە

لە کوێی ئەم جیهانە ڕێی پێدراوە، مەگەر تەنیا لای تەحریفییەکانی حزبی شیوعی عێراق و لە ڕوسیای مرۆڤکوژێکی هاوشێوەی جۆزیف فیساریۆنۆفیتش ستالین ناسراو بە ستالین (1953.3.5–1878.12.18)، سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی سۆڤیەتی لەماوەی نێوان (1922.4.3–1952.10.16) و سەرۆک کۆماری یەکێتی سۆڤیەت لەنێوان (1941.5.6–1953.3.5)، کە خۆی تەنانەت کەمتەرخەمی نەکرد لە کوشتن و لە سێدارەدانی ئەندامانی پارتەکەی خۆیشی و نزیکەی سێ ملیۆنی لە سێدارە دا، هەروەها بە ملیۆنان لە زیندانەکانی سێبیریا لە برسان و بەهۆی مامەڵەی نامرۆڤانە یان لەکاتی هەڵمەتەکانی ڕاگوێزانی زۆرەملێدا مردن؟ جا سەیرکەن ئەوەی کەریم ئەحمەد و شیوعییەکان دەینووسن سیاسەتێکی شۆڤینیزمانەی سەرانی عەرەبی شۆڤینیزمی نێو حزبی شیوعی عێراقی پڕ لە کینەی نەتەوەییە لەدژی کورد و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە کەریم ئەحمەد، دەیان سەرکردە و سەدان و هەزاران ئەندام، کادیر و فەرماندەی کوردی سەر بە حزبی شیوعی عێراقی کرابوونە مەقاش بۆ ئەوەی ژەهری عروبەی پارتەکەیان بڕژێننە نێو جەستەی پارچە پارچەکراوی کورد و کوردستان. سەرەڕای ئەوەی کۆی ژمارەی کوژراوەکانی یەکێتی و بەرەی جود (بە شیوعییەوە) لە تەواوی شەڕەکاندا لێک نزیک بوون و حزبی شیوعی عێراق بڕیاری شەڕی لە دژی یەکێتی و لە تەواوی شەڕەکانی بەرەی جود بەشدار بووە، کەچی ئەو حزبە لادەرە هەر وازناهێنێت لە بانگەشەی ناڕاست و چەواشەکارییانەی خۆی کە گوایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆمەڵکوژی شیوعی

و بەتایبەت شیوعی عەرەبی کردووە لە پشتئاشان! ئایە حزبی شیوعی عێراق، دەیەوێت خۆی پەلامار بدات، بکوژێت، مەڵبەند و بارەگاکانی یەکێتی داگیرو کاول بکات، کەچی یەکێتی بەرگری نەکات، دەستەوەستان دانیشێت و هیچ پەرچە کردارێک و تەنانەت مافی بەرگری لەخۆکردنیشی نەبێت؟

أ ـ المنشئات والآبار الموجودة فى منطقة الرميلة ·
ب ـ المنشئات والابار الموجودة فى منطقة الزبير
ج ـ محطة نفط الفاو
د ـ منشئات الماء والمواصلات فى السيبة

٢ ـ يمنع المرور والتقرب من الآبار لمسافة ميل واحد باستثناء طريق الزبير ـ صفوان وطريق زبير ـ الناصرية · ويسمح المرور فيه على الطريق المبلط فقط ·

٣ ـ يمنع التقرب من منشئات وآبار نفط منطقة كركوك وجميع مناطق النفط الاخرى فى العراق لمسافة ميل واحد ·

٤ ـ يعاقب المخالف بأشد العقوبات

٥ ـ يزود منتسبوا شركات النفط وعمالها ببطاقات مرور من قبل الشركات نفسها ·

الزعيم الركن
احمد صالح العبدى
الحاكم العسكرى العام

بيـــان

يستمر منع التجول اعتبارا من الساعة السابعة مساء حتى الخامسة صباحا ولاشعار آخر ·

الزعيم الركن
احمد صالح العبدى
الحاكم العسكرى العام

بيـــان

ايها الشعب العراقى الكريم

تحقق للقيادة ان المجرم والخائن الاول نورى السعيد قد كمن فى احدى الدور القريبة من باب الشرقى · فطوق الدار واستحصل الامر بالتفتيش · فدخلت قواتنا لاداء مهمتها حسب الاصول · فقفزت امرأة مرتدية عباءة سوداء هاربة وتطلق النار الطائشة فشعر الشعب بهذه المجرمة الهاربة ·

وتمكن من القضاء عليها بناره واذا بتلك المرأة هى المجرم الاول والخائن المعروف عدو الشعب الرقم (١) نورى السعيد ·

فاليكم ازفها بشرى للحقيقة والبيان وقد تم نقل الجثة الى الطب العدل · وبهذه المناسبة نأمل من الجميع الانصراف لاعمالهم وتطبيق نظام منع التجول مع المحافظة على الضبط والنظام ·

الزعيم الركن
عبدالكريم قاسم
قائد القوات المسلحة

بيـــان من الحاكم العسكرى العام

ايها الجمهور العراقى الكريم اننا نقدر الشعور النبيل الذى ابديتموه تجاه ثورتكم المقدسة واننا بدورنا ساعون لاكمال ما بدأنا به وان اى عمل يخرج عن نطاق المعقول فى ابداء هذا الشعور يتيح للعناصر الفاسدة الفرصة للاخلال بالنظام والامن العام ولذا ارجو من الجمهور الكريم ان يخلد الى الهدوء والسكينة واجتناب كل ما يشوه قدسية هذه الحركة المباركة وعليه سنكون مضطرين لاتخاذ الاجراءات الفورية بحق الذين يشجعون على التجمهر والاخلال بما يهم المصلحة العامة واذا لم يقدر الشعب ذلك فاننا سنفرض منع التجول لمدة طويلة الامر الذى سيؤثر على مصالح الجميع ·

الزعيم الركن
احمد صالح العبدى
الحاكم العسكرى العام

بيـــان

قرر مجلس الوزراء الغاء جميع قرارات الفصل التى صدرت بحق موظفى ومستخدمى الحكومة المفصولين لاسباب سياسية ·

الزعيم الركن
عبدالكريم قاسم
رئيس الوزراء

بيـــان

استنادا الى الصلاحية المخولة الينا بموجب المادة (١٨) من قانون ادارة القرى رقم ١٦ لسنة ١٩٥٧ قررنا تثبيت اسم قرية الحرية بدلا من اسم قرية الامير عبدالاله المذكورة ببياننا المرقم م · أ · م/٩٨٦ والمؤرخ فى ٢ـ٤ـ١٩٥٨ ·

وكيل وزير الداخلية



الوقائع العراقية عـــدد ٣٠٠ ٦ ١٩٥٩/٧/٢٥

على وزير العدل تنفيذ هذا المرسوم .
كتب ببغداد في اليوم الثالث والعشرين من شهر ذو القعدة سنة ١٣٧٨ المصادف لليوم الثلاثين من شهر ايار سنة ١٩٥٩ .

مجلس السيادة
محمد نجيب الربيعي
رئيس مجلس السيادة
خالد النقشبندي
عضو عضو
اللواء الركن
عبدالكريم قاسم
رئيس الوزراء
مصطفى علي
وزير العدل

رقم ٣٧٥
مرسوم جمهوري
بناء على ما عرضه وزير العدل
رسمنا بما هو آت : ـ
يخول مالك الجوهر مدير ناحية النعمانية سلطة جزائية من الدرجة الثانية وفق قانون الري والسداد يمارسها ضمن منطقة ناحيته .
على وزير العدل تنفيذ هذا المرسوم
كتب ببغداد في اليوم الثالث والعشرين من شهر ذو القعدة سنة ١٣٧٨ المصادف لليوم الثلاثين من شهر ايار سنة ١٩٥٩ .

مجلس السيادة
محمد نجيب الربيعي
رئيس مجلس السيادة
خالد النقشبندي
عضو عضو
اللواء الركن
عبدالكريم قاسم
رئيس الوزراء
مصطفى علي
وزير العدل

رقم ٣٧٦
مرسوم جمهوري
بناء على ما عرضه وزير العدل
رسمنا بما هو آت : ـ
يخول حسون الخزرجي مدير ناحية داقوق سلطة جزائية من الدرجة الثانية لغرض تنفيذ احكام المادة (٢١) من قانون تسجيل النفوس والالقاب رقم ٦١ لسنة ١٩٥٨ يمارسها ضمن منطقة ناحيته .
على وزير العدل تنفيذ هذا المرسوم
كتب ببغداد في اليوم الثالث والعشرين من شهر ذو القعدة سنة ١٣٧٨ المصادف لليوم الثلاثين من شهر ايار سنة ١٩٥٩ .

مجلس السيادة
محمد نجيب الربيعي
رئيس مجلس السيادة
خالد النقشبندي
عضو عضو
اللواء الركن
عبدالكريم قاسم
رئيس الوزراء
مصطفى علي
وزير العدل

رقم ٣٧٧
مرسوم جمهوري
بناء على ما عرضه وزير الصحة ووافق عليه مجلس الوزراء .
رسمنا بما هو آت : ـ
اعادة تعيين الدكتور عبدالغني زلزلة بوظيفة مدير مستشفى في الصنف الثاني من اصناف قانون الخدمة المدنية .
على وزير الصحة تنفيذ هذا المرسوم
كتب ببغداد في اليوم الخامس والعشرين من شهر ذو القعدة سنة ١٣٧٨ المصادف لليوم الاول من شهر حزيران سنة ١٩٥٩ . مجلس السيادة
محمد نجيب الربيعي
رئيس مجلس السيادة
خالد النقشبندي
عضو عضو
اللواء الركن
عبدالكريم قاسم
رئيس الوزراء
محمد عبدالملك الشواف
وزير الصحة

رقم ٣٧٨
مرسوم جمهوري
قرر المجلس العرفي العسكري ببغداد بتاريخ ٤ـ٨ـ١٩٥٨ تجريم كل من المتهمتين فاطمة حيدر وزهرة حيدر وفق المادتين (١٣٧ و١٣٥) بدلالة المادتين (٥٥،٥٤) من قانون العقوبات البغدادي وحكم على فاطمة حيدر بالحبس الشديد لمدة ثلاث سنوات وعلى زهرة حيدر بالحبس الشديد لمدة خمس سنوات لعلمهما بأمر اختفاء نوري سعيد ومعاونتهما وتسهيلهما هروبه .
ولما كانت ظروف القضية ووجود اسباب تستدعي الرحمة والعطف وبناء على ما عرضه وزير الدفاع .
رسمنا بما هو آت : ـ
يعفى كل من المجرمتين فاطمة حيدر وزهرة حيدر عما تبقى من مدة محكوميتهما وعن العقوبات التبعية الاخرى .
على وزارة الدفاع والعدل والداخلية تنفيذ هذا المرسوم .
كتب ببغداد في اليوم الخامس والعشرين من شهر ذو القعدة سنة ١٣٧٨ المصادف لليوم الاول من شهر حزيران سنة ١٩٥٩ . مجلس السيادة
محمد نجيب الربيعي
رئيس مجلس السيادة
خالد النقشبندي
عضو عضو
اللواء الركن
عبدالكريم قاسم
رئيس الوزراء
ووكيل وزير الدفاع
مصطفى علي
وزير العدل
احمد محمد يحيى
وزير الداخلية

الوثيقة رقم «٣٣»

المذكرة التي رفعها الحزب الديمقراطي الكردستاني إلى الحزب الشيوعي حول السلبيات القائمة في العلاقة بينهما

إلى اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي

تحية طيبة

إن حزبنا الحزب الديموقراطي الموحد لكوردستان، الذي يهمه سلامة اتجاهات الحركة الوطنية في العراق ونجاحاتها في النضال ضد الاستعمار والحكم الرجعي وجد لزاماً عليه أن يطلب من أحزاب جبهة الاتحاد الوطني التعاون معه على نفس الأسس العامة التي تتفق عليها الأحزاب المنضمة لجبهة الاتحاد الوطني. فكانت مجهودات حزبنا في هذا السبيل تقابل بالسلب من قبل بعض أعضاء الجبهة وبحملة التشهير وتشويه حقيقة حزبنا من قبل أعضاء آخرين في الجبهة. وقد أدت هذه الحالة إلى خلق جو مكهرب ضد حزبنا والإساءة إلى الأخوة الصميمية بين شعبينا وزرع الشك بصورة خاصة تجاه نضال الشعب الكردي في سبيل حقوقه المشروعة ضمن الوحدة العراقية وضمن نضاله العام الواضح في سبيل تثبيت الجمهورية وتوطيدها وتوسيع ديمقراطيتها.

ورغم هذا الموقف غير الإنساني من قبل بعض أعضاء الجبهة (خاصة الحزب الشيوعي العراقي) فقد قام حزبنا بدوره الكبير في جذب أوسع الجماهير في كوردستان ولفها حول جمهوريتنا الفتية ولم تربكه حملة التهويش ضده، فركز نضاله ضد الدعايات الاستعمارية التي حاولت أن تجعل من كوردستان جسراً للعبور منها بقصد خلق الشقاق وزرع الفتن.

إن حزبنا قدر، ويقدر، على أساس من التفهم الصحيح والمصالح المشتركة بين شعبي جمهوريتنا، دوره الطليعي في كوردستان، في تمتين روابط الأخوة والنضال المشترك. وواضح بأن تعدد الأحزاب دليل تعدد الاتجاهات، غير أن هذا لايعني عدم وجود أهداف مشتركة وبقاء هذه الأحزاب مشتتة. فحزبنا الذي حمل راية النضال الكردي في سبيل الحرية، لم يحمل هذه الراية بمعزل عن موكب النضال العربي في سبيل الحرية، بل وحد على الدوام جيش النضال في سبيل الأهداف المشتركة ضد العدو المشترك. فكان حزبنا في

العهد البائد ينقش في صدر جريدته شعار إقامة حكومة وطنية ديمقراطية في العراق «هذا الهدف المشترك الذي ناضل في سبيله جميع القوى الوطنية وحققته ثورة ١٤ تموز بقيادة الضباط الأحرار في جيشنا الوطني».

فبالرغم من أن حزبنا قد عزل عن جبهة الاتحاد الوطني ولم يقبل عضواً فيه فهو قام بواجبه سواءً كان في العهد البائد أم في العهد الجديد، ولكن بقاءه طوال هذه المدة خارج جبهة الاتحاد الوطني خلق مصاعباً جمة، فبالإضافة إلى أن حزبنا يرمز إلى مطامح الشعب الكوردي العادلة التي أقرها الدستور المؤقت لجمهوريتنا، فهو يؤلف قوة وطنية لها وزنها في الحركة التحررية في العراق فعزله يعني زرع الشك تجاه نضال الشعب الكوردي في سبيل حقوقه المشروعة التي أقرتها ثورة ١٤ تموز ويعني كذلك فسح المجال أمام أعدائنا في الداخل والخارج، الاستعماريين ومرتزقتهم، لاتخاذ هذه الظاهرة (ظاهرة عدم وجود حزبنا في جبهة الاتحاد الوطني) مجالاً للطعن بصميمية تآخي شعبينا وخلق البلبلة في صفوف الحركة الوطنية وتشجيع الروح الانعزالية لدى الشعب الكوردي، وفوق كل ذلك فإن الاصرار على إبقاء حزبنا خارج جبهة وطنية عراقية، وفي ظل جمهورية وطنية صنعتها دماء شعبينا المختلطة التي سالت خلال عهد طويل من الكفاح، معناه التأثر بسياسة التمييز الاستعماري البغيض التي تظهر في قالب الانفعال تجاه كل شيء كردي، ولو كان هذا (الشيء الكوردي) ديموقراطياً وطنياً صافياً.

وبناء على ما تقدم ففي رأينا أن وجود حزبنا في جبهة الاتحاد الوطني ضرورة وطنية كبرى تقتضيها مصالح صيانة الجمهورية ودوام رسوخ تآخي شعبينا وظفر الديمقراطية الحقة في البلاد. فهو أمر لايقبل التأجيل خاصة في الظروف الحالية حيث تسعى الدوائر الاستعمارية أن تذرف دموع التماسيح على الكوردي والكوردستان، والكورد والكوردستان براء منها.

ومن الطبيعي حينما نرى أن الثورة تستجيب لحقوق الشعب الكوردي، يجب أن تعكس هذه الاستجابة وجوباً في سلوك واتجاهات جميع الجهات الوطنية. لأن القضية لاتخص الأكراد بقدر ما تخص المكاسب المشتركة للشعب العراقي خاصة والسلم العالمي عامة.

إننا نحمل حزبكم، الحزب الشيوعي العراقي، المسؤولية المباشرة في بقائنا خارج جبهة الاتحاد الوطني، لأنكم لم تعكسوا الحقائق عن حزبنا بأمانة وصدق وبروح التجرد من

المكاسب الحزبية الضيقة، بل على العكس خلقتم صراعاً مفتعلاً، وأحدثتم أسوأ تشويش إلى حد أنكم ساعدتم على أن يجرأ دعاة التفرقة على إحداث ضجة مصطنعة ضد حزبنا وضد قادته تارة بتهمة الانفصالية وأخرى بتهمة الاتفاق مع الحزب الفلاني والوزير العلاني، حتى أصبحت هذه النعوت والافتراءات سلاحاً بيد نفس أولئك الذين ينظمون حملة العداء ضد الشيوعية وضد الحزب الشيوعي وضد الحركة التحررية، لتمزيق صفوف شعبنا ولالهاء الحركة الوطنية وحرفها عن طريقها الصحيح، في حين نحن بأمس الحاجة إلى توحيد الصفوف وشحذ اليقظة تجاه محاولات الاستعمار الخبيثة لاعاقة مسير ثورتنا.

لقد طلبنا قبل مدة، كشرط من الشروط التمهيدية للتعاون، أن يعلن الحزب الشيوعي عن خطأ الصاق الافتراءات بحزبنا بصورة من الصور، ولم يكن غرضنا هو إعطاءنا تفويض العمل بين الجماهير، كما صرحتم بذلك، بل لأجل أن نخلق الجو الطبيعي للتعاون لأنه سبق لمرات عديدة أن تمت اتفاقات ثم سرعان ماكانت تذهب أدراج الرياح لأتفه حادث أو لمجرد تصرف شخصي. وأخيراً بدلاً من العناية باقتراحنا نشرتم مشروع (ميثاق الجبهة في كوردستان) بقصد القيام باتفاقات ثنائية وبمعزل عن مسألة وجودنا في جبهة الاتحاد الوطني، التي هي أكثر الحاحاً وواقعية لاكساب جميع القوى الوطنية طابعها الموحد.

وفي اعتقادنا أن الاتفاقات الثنائية في ظروف العهد الجديد يجب أن تكون مستوحاة من المبادئ العامة التي تتوصل إليها وتقرها جبهة الاتحاد الوطني وذلك بغية ضمان الوحدة الوطنية متينة متراصة.

ثم إن هنالك قوى أخرى في الجبهة توافق على نفس الأهداف الخاصة بكوردستان الواردة في مشروعكم من حيث المبدأ، فلا مبرر أن نقف موقفاً منعزلاً عن القوى الأخرى الديمقراطية وعزل جهودها في سبيل تحقيق تلك الأهداف. هذا فضلاً عن أنه علينا أن لا نسطر الأهداف والمطاليب لمجرد الدعاية البحتة بل لغرض تحقيقها. فيجب والحالة هذه أن لانظهر القوى التي لها موقعها في هذا الميدان بمظهر عدم رضاها بتلك المطاليب في حين انها على عكس ذلك. ثم لماذا يضيق مشروعكم نطاق الجبهة مع حزبنا في حدود كردستان فقط، في حين أن حزبنا في الوقت الذي يعتبر نفسه طليعة النضال في كوردستان لم يعالج ولن يعالج مشاكل كوردستان بمعزل عن الوضع العام في العراق، إذ يعتبر أن قضايا كوردستان العراق هي جزء من قضايا العراق وتتوقف على السياسة العراقية للدولة والأحزاب الوطنية حل القضايا الخاصة بكوردستان.

وبناء على ذلك فإننا نعتقد من حيث المبدأ أن التعاون والعمل المشترك بيننا يجب أن يتم كتعاون بين حزبين ـ أي بين شعارات ومواقف الحزبين وأخيراً تضامن قوى الحزبين حيثما وجدتا ـ بعد ضمان انسجام تعاوننا مع جبهة الاتحاد الوطني. إن الخلافات الموجودة بين حزبينا ليست، بالدرجة الرئيسية، حول هذا الشعار أو ذلك الموقف لأنه، في اعتقادنا أن الإصرار في الاحتفاظ بمنظمات حزبكم في كوردستان هو الباعث الأساسي للانشقاق، وأن الحل الذي طرحه حزبنا بإقامة حزب ديمقراطي بعد حلّ منظماتنا ومنظماتكم، الحل الذي يجد التأييد بصورة متزايدة من قبل العناصر الواعية المدركة لواقع ظروف كوردستان والجماهير الشعبية التي ملتها نتائج الانشقاق. ورغم اعتقادنا بأننا نجابه مهمة توحيد الحركة في كوردستان على النحو الذي بيناه، فإن تعاوننا هو الآخر من شأنه أن يقرّبنا إلى هذا الهدف، بالإضافة إلى أن تعاوننا الجدي على مستوى الحركة العامة في العراق يساعد على جعل كوردستان حصناً منيعاً للجمهورية العزيزة وقلعة جبارة ضد أعداء الوطن المشترك والجمهورية المشتركة. فعليه، ولتحقيق مبدأ التعاون الذي أُقر من قبل حزبنا سابقاً، عيّنا من يمثلنا للاتصال بمن يمثلكم لإجراء المشاورات الأولية بغية تقرير نهج التعاون بالسرعة الممكنة.

وطبيعي أنه من المفروض عليكم أن تطفئوا موجة التهجم والشائعات ضد حزبنا لكي تصبح ظروف تعاوننا في جو إنساني هادئ وبروح أخوية صادقة.

ولكم فائق الاحترام

١٩٥٨/١٠/١٨

المكتب الدائم

لدى هيئة القيادة المركزية للحزب

الديمقراطي الموحد في كردستان

الوثيقة رقم «٣٤»

تقرير بخط جلال الطالبانى حول تصرفات الشيوعيين

لم يجد أحد من الواعين فى العراق مالا يدرك ادلا يلمس النتائج السيئة لسياسة الحزب الشيوعي الخاطئة ، سياسة قيادته التي الحقت اعظم الاضرار بالحركة الشيوعية وسمعتها وبسمعة الاتحاد السوفياتي وبمجموع الحركة الوطنية. التي لعبت تلك السياسة دوراً كبيراً في تقدم وحدتها وخلقه جوس المنازعات والفرقة بين اطرافها.

وها نذكر اذناه بعض الوقائع التي لعبت دورها المشين في القضاء على جبهة الاتحاد الوطني وميثاق التعاون بين (الحزب الديموقراطي الكوردستاني) والحزب الشيوعي العراقي .

١) ـ قامت قيادة الحزب الشيوعي بشن حملة واسعة على الحزب الديموقراطي الكوردستاني زاعمة انه حزب اميركي ويأخذ الدولارات الاميركية ونشروا هذا الافتراء على نطاق واسع، بين الشعب والاكراد واوصلوه الى الخدمة والى الزعيم مصطفى البارزاني قائم نفسه .

من شهر تشرين الاول لسنة ١٩٧٢ ميلادية .

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية

رقم ٤٥٦

استنادا الى احكام الفقرة (ج) من المادة (٥٧) من
الدستور المؤقت وبناء على ما عرضه وزير الخارجية .

رسمنا بما هو آت :ـ

يعين صالح مهدي جعفر شيخ الجمهورية العراقية
في موسكو سفيرا غير مقيم لها في فنلندا .

على وزير الخارجية تنفيذ هذا المرسوم .

كتب ببغداد في اليوم الخامس عشر من شهر
رمضان لسنة ١٣٩٢ هـ الصادف لليوم الثاني والعشرين
من شهر تشرين الاول لسنة ١٩٧٢ م .

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية

رقم ٤٥٨

بتاريخ ١٧ـ٥ـ١٩٧٢ وفي القضية المرقمة
٥٩٢/ج/١٩٧١ قررت محكمة الثورة تجريم المتهم ناصر
توفيق بروازي وفق المادة ٩٨ من قانون العقوبات
وحكمت عليه بالحبس الشديد لمدة سنة واحدة والزامه
برد مبلغ مقداره ٢٤١٨/٩٦٠ دينارا قيمة الاسلحة التي
بحوزته ، تدفع الى مديرية الشرطة العامة .

واستنادا الى احكام الفقرة (ب) من المادة ٥٧ من
الدستور المؤقت وظروف اسباب تستدعي الرافة .

رسمنا بما هو آت :ـ

يعفى ناصر توفيق بروازي عما تبقى من مدة
محكوميته في القضية المرقمة ٥٩٢/ج/١٩٧١ ـ محكمة
الثورة .

على وزيري العدل والعمل والشؤون الاجتماعية
تنفيذ هذا المرسوم .

كتب ببغداد في اليوم السابع عشر من شهر رمضان
لسنة ١٣٩٢ هـ الصادف لليوم الرابع والعشرين من
شهر تشرين الاول لسنة ١٩٧٢ م .

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية

امر

ازوال الاسباب التي دعت الى حجز اموال الاشخاص
المدرجة اسماؤهم ادناه بأوامر الحجز المؤشرة ازاءهم
واستنادا الى الصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة
(١٩ ـ ب) من المادة الرابعة من قانون السلامة الوطنية
رقم ٤ لسنة ١٩٦٥ المعدل .

قررنا رفع الحجز عن اموالهم المنقولة وغير المنقولة
على ان لا يخل ذلك بأي حجز قانوني اخر وارد من
جهة ذات اختصاص

على الجهات المختصة تنفيذ ذلك واعلامنا .

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية

١ ـ محمد عواد مرهج ـ ح/١٦٦/٣٦٢ في ٣٠ـ٣ـ١٩٧٠
٢ ـ اسماعيل علوان شعيب ـ ح/٥٨٢/٦٤٩ في ٥ـ٧ـ١٩٧٢
٣ ـ زياد خليل ابراهيم ـ ح/٥٨٢/٦٤٩ في ٥ـ٧ـ١٩٧٢

الوقائع العراقية عـدد ٢٣١٩ ٣ ١٩٧٤/٢/١٦

مراسيم جمهورية

رقم ٤٢

بناء على ماعرضه وزيرا الزراعة والاصلاح الزراعي والمالية .

رسمنا بما هو آت : ـ

يرفع فتحي عبدالرزاق الشيخ سعيد مدير عام المصرف الزراعي الى راتب (ـ/١٦٠) دينارا شهريا اعتبارا من ٦ـ٢ـ١٩٧٤ .

على وزيرى الزراعة والاصلاح الزراعي والمالية تنفيذ هذا المرسوم .

كتب ببغداد في اليوم الثامن من شهر محرم لسنة ١٣٩٤ المصادف لليوم الحادي والثلاثين من شهر كانون الثاني لسنة ١٩٧٤ .

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية

رقم ٤٣

استنادا لاحكام الفقرة (٢) من المادة (١٣) من قانون المحافظات رقم (١٥٩) لسنة ١٩٦٩ وبناء على ماعرضه وزير الداخلية .

رسمنا بما هو آت : ـ

يعين عبدالرضا كعيم علو السلطاني بوظيفة مدير ناحية .

على وزير الداخلية تنفيذ هذا المرسوم .

كتب ببغداد في اليوم الثامن من شهر محرم لسنة ١٣٩٤ المصادف لليوم الحادي والثلاثين من شهر كانون الثاني لسنة ١٩٧٤ .

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية

رقم ٤٤

استنادا لاحكام الفقرة (٤) من المادة (٣) من قانون مصلحة المصايف والسياحة رقم (١٢٣) لسنة ١٩٦٠ وبناء على ماعرضه وزير الاعلام .

رسمنا بما هو آت : ـ

يعين كل من ضياء عبدالوهاب مدير المالية العام بوزارة المالية والعميد احمد محمود سامي معاون مدير الجنسية العام عضوي احتياط في مجلس ادارة مصلحة المصايف والسياحة بدلا من الدكتور عبدالعال الصكبان والدكتور سيروان عبدالقادر سعيد .

على الوزراء تنفيذ هذا المرسوم .

كتب ببغداد في اليوم الثامن من شهر محرم لسنة ١٣٩٤ المصادف لليوم الحادي والثلاثين من شهر كانون الثاني لسنة ١٩٧٤ .

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية

رقم ٤٥

استنادا الى احكام الفقرة (د) من المادة الثامنة والخمسين من الدستور المؤقت .

رسمنا بما هو آت : ـ

تعيين الدكتور وزير التربية وزيرا للتعليم العالي والبحث العلمي بالوكالة وزير التعليم العالي والبحث العلمي عن العراق مدة غياب .

كتب ببغداد في اليوم الحادي عشر من شهر محرم لسنة ١٣٩٤ المصادف لليوم الثالث من شهر شباط لسنة ١٩٧٤ .

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية

رقم ٤٦

استنادا لاحكام الفقرة (ي) من المادة ٥٨ من الدستور المؤقت .

رسمنا بما هو آت : ـ

اعفاء السجين ابراهيم حاجم المحكوم لمدة عشر سنوات وفق الفقرة ثانيا من المادة ١٤ من قانون المخدرات في القضية المرقمة ٢٧٨/ج/٧٠ (محكمة الثورة) عما تبقى من مدة محكوميته لاصابته بمرض لايرجى شفاؤه .

على الوزراء تنفيذ هذا المرسوم .

كتب ببغداد في اليوم الحادي عشر من شهر محرم لسنة ١٣٩٤ هـ المصادف لليوم الثالث من شهر شباط لسنة ١٩٧٤ م .

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية

رقم ٤٧

استنادا الى احكام الفقرة (و) من المادة (٥٨) من الدستور المؤقت وبناء على ما عرضه وزير الخارجية .

رسمنا بما هو آت : ـ

يعين صالح مهدي عماش سفير الجمهورية العراقية لدى الاتحاد السوفيتي سفيرا للجمهورية العراقية في باريس .

على وزير الخارجية تنفيذ هذا المرسوم .

كتب ببغداد في اليوم الثاني عشر من شهر محرم لسنة ١٣٩٤ المصادف لليوم الرابع من شهر شباط لسنة ١٩٧٤ .

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية

قرارات مجلس قيادة الثورة

المادة الثانية ـ ينشر هـذا القانـون في الجـريدة الرسـمية ، وينفـذ اعتبـارا من ١ـ١ـ١٩٧٦ ، ويتولى الـوزراء المختصون تنفيـــذه .

احمـد حسـن البـكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

الاســـباب الموجبـــة

بالنظـر لصـدور قـرار مجلـس قيـادة الثـورة المرقم (١٠٤) والمؤرخ في ٧ـ٢ـ١٩٧٤ ، القاضي بأن تكون بداية السنة المالية للدولة وللقطاع العام في اليوم الاول من كانـون الثاني من كل سنة ، وتنتهي في ٣١/كانـون الاول من السنة نفسها ، لذلك فقد اقتضى تعديل الفقرة (٣) من المـادة الرابعة من قانـون التزام ائمـار بساتين الاصلاح الزراعي ، بما ينسجم مع قـرار مجلس قيـادة الثـورة المذكـــور .

ولتأمين ما تقدم ، شـرع هـذا القانـون .

رقـم ٨٠٧

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المـادة الثانيـة والاربعـين من الدسـتور الموقت .

قـرر مجلـس قيـادة الثـورة بجلسته المنعقـدة بتاريـخ ٢٩ـ٧ـ١٩٧٥ مايلـــي : ـ

١ ـ يمنع منعا باتا حيازة وحمـل السـلاح او العتاد في منطقة الحكـم الذاتـي .

٢ ـ على جميع الافراد في منطقة الحكم الذاتي ان يسلموا ما لديهـم من قطـع السـلاح او العتاد الى السلطات المختصة خلال مدة ثلاثين يومـا من تاريخ صـدور هـذا القـــرار .

٣ ـ يعاقب بعقوبـة السجن المؤبـد كل من يضبـط في المنطقة ولم يسلم ما لديـه من سلاح او عتاد خـلال الفترة المذكورة في الفقرة (٢) من هذا القـرار .

٤ ـ يعوض كل من يسلم ما لديه من سلاح او عتاد خلال المدة المذكورة بموجب قـرار تصدره اللجنة العليـا لشـؤون الشـمال .

٥ ـ يكافأ كل من يخبر عن حيـازة اي قطعة من السلاح او العتـاد في المنطقـة بقـدر ما يخصـص لهـا من تعويـــض .

٦ ـ يحـال المخـالف الى المحكمـة الخاصـة او محكمة الثـــورة .

٧ ـ يشمل القـرار من يخبىء سـلاحا او عتادا لابنـاء منطقة الحكم الذاتـي في منطقة اخـرى من مناطق العـــراق .

٨ ـ ينفذ هذا القـرار من تاريـخ صـدوره .

٩ ـ ينشر هذا القـرار في الجـريدة الرسمية ، وتتولى الجهـات المختصة تنفيـــذه .

احمـد حسـن البـكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

قـــرارات

رقـــم ١١

استنادا الى الفقرة (٤) من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم (٨٠٧) والمؤرخ ٢٩-٧-١٩٧٥ .

قررت اللجنة العليا لشؤون الشمال بجلستها المنعقدة بتاريخ ٣٠-٧-١٩٧٥ مايلي : ـ

اولا ـ تعويض كل من يسلم ما لديه من سلاح وعتاد في منطقة الحكم الذاتي الى الجهات المختصة خلال مدة ثلاثين يوما من تاريخ صدور قرار مجلس قيادة الثورة المشار اليه اعلاه بالمبالغ المؤشرة ازاء الاسلحة المدرجة انواعها ادناه : ـ

١ ـ بندقية كلاشنكوف او بندقية برنو (١٥٠) دينارا .
٢ ـ بندقية صليب برنو (١٠٠) دينار .
٣ ـ بندقية انكليزية (٧٠) دينارا .
٤ ـ مسدس براونيك حجم (٩) ملم او ما شابهه (٥٠) دينارا .

ثانيا ـ يحتفظ بينادق الصيد ويراجع المواطنون بشأنها الاجهزة الادارية المختصة لاستحصال اجازة الحيازة او الحمل حسب الشروط القانونية المرعية ، وعلى الاجهزة المختصة ان تقوم بانجاز المعاملات بصيغ استثنائية وبمدة لا تزيد على الشهرين .

ثالثا ـ تتولى الجهات المختصة تنفيذ ذلك .

صدام حسين
رئيس اللجنة العليا لشؤون الشمال

رقـــم ٧٢

بناء على طلب وزارة الداخلية ، وتأييد وزارتي الزراعة والاصلاح الزراعي ، والري ، واستنادا الى احكام الفقرة (ب) من المادة (١٣٧) من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ ، تقرر منح السيد حسين ابراهيم درويش ، قائمقام قضاء شهربازار في محافظة السليمانية السلطات الجزائية المبينة في ادناه يمارسها ضمن حدود وحدته الادارية اعتبارا من ٣١-٧-١٩٧٥ : ـ

وزير العدل

١ ـ سلطة جزائية لغرض تطبيق احكام قانون حماية الانتاج الزراعي وتطويره رقم (٩٩) لسنة ١٩٦٣ .
٢ ـ سلطة جزائية لغرض تطبيق احكام قانون الري رقم (٦) لسنة ١٩٦٢ المعدل .
٣ ـ سلطة جزائية لغرض تطبيق احكام قانون المراعي وحمايتها رقم (١٠٦) لسنة ١٩٦٥ .

رقـــم ٧٣

بناء على طلب وزارة الداخلية ، وتأييد وزارتي الزراعة والاصلاح الزراعي ، والري ، واستنادا الى احكام الفقرة (ب) من المادة (١٣٧) من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ ، تقرر منح السيد محسن صاحب الصفار ، قائمقام قضاء مركز الحلة سلطة جزائية لغرض تطبيق احكام قانون تنظيم ذبح الحيوانات رقم (٣٢) لسنة ١٩٧٢ ، وسلطة جزائية لغرض تطبيق احكام قانون الري رقم (٦) لسنة ١٩٦٢ المعدل يمارسها ضمن حدود وحدته الادارية اعتبارا من ٦-٨-١٩٧٥ .

وزير العدل

رقـــم ٧٤

بناء على طلب وزارة الداخلية ، وتأييد وزارتي الزراعة والاصلاح الزراعي ، والري ، واستنادا الى احكام الفقرة (ب) من المادة (١٣٧) من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ ، تقرر منح السيد مزعل حمادي دخيل ، مدير ناحية داقوق السلطات الجزائية المبينة في ادناه يمارسها ضمن حدود وحدته الادارية اعتبارا من ٧-٨-١٩٧٥ : ـ

وزير العدل

١ ـ سلطة جزائية لغرض تطبيق احكام قانون حماية الانتاج الزراعي وتطويره رقم (٩٩) لسنة ١٩٦٣ .
٢ ـ سلطة جزائية لغرض تطبيق احكام قانون الري رقم (٦) لسنة ١٩٦٢ المعدل .
٣ ـ سلطة جزائية لغرض تطبيق احكام قانون المراعي وحمايتها رقم (١٠٦) لسنة ١٩٦٥ .

بۆچی کورد بەرەی نێوان بەعس و شیوعی ڕەتکردەوە؟

حزبی شیوعی عێراق، بە بەردەوامی و تا ئێستاش شکستی خۆیان لە بەرەی کۆنەپەرستانەیان لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست دەخەنە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و بانگەشەی ئەوە دەکەن گەر پارتی دیموکراتی کوردستان بەقسەی ئەوانی بکربایە و بەشداری لە بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بکردبایە، هەروەها یاسای ژمارە (33)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان)یان پەسند بکردایە، ئەوکاتە بە پارتی و شیوعی دەیانتوانی گوشاری زۆرتر بخەنە سەر حکومەت و حزبی بەعسی عەرەبی بۆ ئەوەی زیاتر بەدەنگ داواکارییەکانی گەلی کوردستان لە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و داخوازی گەلی عێراق لە دەستکەوتە دیموکراتییەکان بهاتبایە. حزبی شیوعی عێراق، باش دەیزانی حکومەتی بەعس هیچ بە کورد و بە پارتی و بارزانی نادات، بەڵگەش نامەکەی مام جەلاله کە لە ڕۆژی (1972.6.22)دا، بۆ سەرانی پارتی ناردوویەتی و تیایدا باسی ئەوە دەکات: (حزبی شیوعی عێراق، ڕوسەکان و حکومەتی بەعس) دەیانەوێت پارتێک یان ڕێکخراوێک لەدژی بارزانی دروست بکەن، دکتۆر موراد داوای لێکردووە کە پارتێک دروست بکات و ڕوس و حزبی شیوعی یارمەتی دەدەن، چونکە حکومەتی بەعس قایل نییە هیچ کام لە ئۆتۆنۆمی و کەرکوک بە بارزانی بدات، سەدامیش هەمان قسەی لای مام جەلال کردۆتەوە، کەواتە ئەم نامەیە بۆچوونەکانی حشع

پووچەڵ دەکەنەوە، چونکە حشع لەلایەک لە هەوڵی پیلانگێڕی بووە لە بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لەلاکەی تریشەوە داوای چوونە نێو بەرەی لێ دەکرد. بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان باش دەیانزانی و گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە حکومەتی بەعس گفتوگۆی پەسند کرد و بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (1970)ی دەرکرد بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بکات و دووبارە خۆی بۆ شەڕی یەکلاکەرەوە ڕێک بخاتەوە، بۆیە نەچوونە نێو بەرەیەکی کۆنەپەرستانەی دژ بە کوردستان و کورد. ئەمەش هەندێک لەو هۆکارانە بوون کە پارتی باوەڕی بە حکومەتی بەعس و بەکر–سەدام نەمابوو:

یەکەم: بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان بەعس و شۆڕشی کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان)، دەبوایە هەر لەدوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (1970)، حکومەتی عێراق دوو کۆمیتەی هاوبەش لە هەردوو لایەنی بەعس و پارتی دروست بکات، کە یەکەمیان بڕیارەکان و ڕێنماییەکان دەربکات بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی بەیاننامەی ناوبراو، دووەمیشیان ئەرکی بەدواداچوون و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتە باڵاکە بکات. ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، سەرەتا کۆمیتەی دووەمی بەپێی بڕیاری ژمارە (277)ی ڕۆژی (1970.3.17)، لەژێر ناوی کۆمیتەی ئاشتی، یان کۆمیتەی باڵای جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (1970)، لەم ئەندامانە دامەزراند:

ئەلف: موڕتەزا سەعید عەبدولباقی حەدیسی (1941-1979.8.8)، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی (1970.3.29/ بەپێی فەرمانی 180ی سەرۆکایەتی کۆمار) و وەزیری دەرەوە لەنێوان (1971.10.30-1974.6.23)دا، سەرۆکی کۆمیتە. بەڵام دواتر بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (353)ی ڕۆژی (1971.3.6)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، دەسەڵاتی هەردووک سەرۆک کۆمار و وەزیرانی پێدرا لەپێناو جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی ئادار، بەڵام ئەو بڕیارەش هیچی لێ وەدی نەهات.

بێ: فەریق سەعدون غێدان ئەلکورەوی ئەلقەیسی (1930-1985.5.30)، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری ناوخۆ (دوای پێنج ڕۆژ لە 1970.4.3، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە 189 کرایە وەزیری ناوخۆ) و تا ڕۆژی (1974.11.11) لەم پۆستە مایەوە.

تێ: عەزیز شەریف عەبدولحەمید حوسێن ئەلعانی (1904.11.6-1990.4.21)، ئەندامی حزبی شیوعی عێراق و وەزیری داد لەنێوان (1969.12.31-1971.8.1)، بەڵام ئەو لەدژایەتی کورد وەکو شیوعییەکان نەبوو، دۆست بوو.

جێ: نوری سدیق عەلی شاوەیس (1922-1983)، کە لە ڕۆژی (1970.3.29)، کرایە وەزیری کارو نیشتەجێکردن.

حێ: دارا تۆفیق فەتحوڵڵا عەبدوڵڵا ئاغا (1922-1980.11.5).

خێ: محەمەد عەبدولڕەحمان مەحمود ناسراو بە سامی (1932-2004.2.1).

دێ: خالید عەبدولحەلیم جاسم پارێزگاری هەولێر، کە بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (40)ی ڕۆژی (1970.1.14)، لە دیالە گوازرایەوە هەولێر و محەمەد ئەمین فەرەج گواستراییەوە بۆ ڕومادی، پاشان بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (971)ی (1970.8.25)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە شاری هەولێر گوازراوەتەوە موسڵ و عەبدولوەهاب ئەتروشی کە پارێزگاری ئەنبار بوو هاتە شوێنی ئەو.

هێ: غانم عەبدولجەلیل سعودی (1938)، پارێزگاری کەرکوک لەنێوان (1971.1.13-1969.11.11)، بەپێی بڕیاری ژمارە (138)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەکو پارێزگار گواستراییەوە بۆ پارێزگای دیالە، ئەو کەسێکی زۆر شۆڤینی بوو بەرانبەر بە کورد و دژی جێبەجێکردنی بەیاننامەی ئادار بوو، سەدام گرتی و لە ڕۆژی (1979.8.8)دا، لەگەڵ محەمەد عایش و هاوەڵەکانی لە سێدارەی دا.

دووەم: حکومەتی بەعس خۆی لە دامەزراندنی کۆمیتەی یەکەم دزییەوە کە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی یازدەی ئادار، ئەرکی دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایی بوو. دوای تێپەڕبوونی چوارده مانگ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، لە ڕۆژی (1971.5.10)، بەپێی بڕیاری ژمارە (683)، کۆمیتەی باڵای کاروباری باکووری (اللجنة العليا لشؤون الشمال)ی بەبێ بەشداری پێکردنی کورد بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلناسری ئەلتکریتی (2006.12.30-1937.4.28)، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و جێگری سەرۆک کۆماری عێراق

دامەزراند، بە ئەندامێتی ئەمانە: (مورتەزا سەعید عەبدولباقی ئەلحەدیسی (1941-1979.8.8)، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری دەرەوە، فەریق سەعدون غێدان ئەلکورەوی ئەلقەیسی (1930-1985.5.30)، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (189)ی ڕۆژی (1970.4.3) کرایە وەزیری ناوخۆ و تا ڕۆژی (1974.11.11) لەو پۆستە مایەوە، نەعیم حەمید عەلی حەداد (1933/ الناصرية)، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس، سەمیر عەبدولعەزیز نەجم ئەلعانی (1937/ بغداد)، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس، تایە عەبدولکەریم زەعراوی ئالحقون ئەلعانی (1933-2018.1.10)، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس و محەمەد فازڵ بیدەن ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس، کە دواتر لەگەڵ نازم گزار لە ڕۆژی (1973.7.8)، لە سێدارە درا)، ئەمانە ئەرکیان دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایی بوو بۆ ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە، ناردنی بڕیار و ڕێنماییەکان بۆ گشت وەزارەت و فەرمانگە تابەتمەندەکان بە مەبەستی جێبەجێکردنیان. هەروەها لە خاڵی چوارەمدا هاتووە بڕیارەکانی ئەم کۆمیتەیە پابەندکەرن و لەلایەن گشت وەزارەت و فەرمانگە تایبەتمەندەکان دەبێ دەستبەجێ پیادە بکرێن. بەگوێرەی بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (1970)، دەبوایە کۆمیتەکە کۆمیتەیەکی هاوبەشی نێوان ڕژێمی بەعس و سەرانی شۆڕشی کوردستان (پارتی) بێت، بەڵام حکومەتی بەعس دوای تێپەڕبوونی چوارەدە مانگ بەسەر بەیاننامەی یازدەی ئادار، ئینجا یەکلایەنە ئەم

کۆمیتەیەی دامەزراند کە پێچەوانەی ڕێککەوتنی پێشوویان بوو؛ هەروەها خاڵی چوارەم و پێنجەم هیچ دەرفەتێکی بۆ بەرگری کردنی کورد لە جێبەجێکردنی سیاسەتی شۆڤینیستانەی عەرەبی بەعس بەرانبەر بە کورد و کوردستان نەهێشتەوە، کەواتە کورد چۆن متمانە بە بەعس بکات و لەگەڵیدا بچێتە بەرەیەک؟

سێیەم: بەردەوامی تەعریب: ڕژێم و حزبی بەعس بەردەوام بوون لە بەعەرەبکردنی شاری کەرکوک و هێنانی عەرەبی زیاتر بۆ شارەکە و دروستکردنی گەڕەک و جێوارگە (مستوطن)ی نوێ بۆ هاوردەکان.

چوارەم: سەرژمێری نەکردن: دەبوو تا کۆتایی مانگی (12)ی ساڵی (1970) سەرژمێری گشتیی لە عێراق و کوردستان بکرێت، تا ژمارە و ڕێژەی کورد بەتایبەت لە شارەکانی (کەرکوک، موسڵ، خانەقین، دیالە و چەند ناوچەیەکی دیکە) دەربکەوێت، ئینجا لەسەر بنچینەی ڕاستی سەرژمێریەکە، ئەم ناوچانە بڕیاریان لەسەر بدرێت و گەر دەرکەوت کورد زۆرینەن، دەبێ بخرێنە سەر کوردستان (الوقائع العراقية، العدد 1863، في 1970.4.4، قرار مجلس قيادة الثورة، المرقم 288، بتأريخ 1970.3.11، ص10-11)، کەچی ڕژێم هەر جارەی بە بیانوێەک ئەو سەرژمێریەی دوادەخست تا لە ساڵی (1977)دا دوای گۆڕانکاری دیمۆگرافیەکی زۆر لە شارەکانی (کەرکوک، دیالە و موسڵ) بە دەرکردنی زۆرەملێیانەی کورد لەم شارانە و هێنانی عەرەبی هاوردەی دە هەزار دیناری، بە بەرچاوی حزبی شیوعی عێراق، سەرژمێریەکە بە ئارەزووی بەعس کرا. ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس لە ڕۆژی (1974.3.11)،

بڕیاری ژمارە (247)ی سەبارەت بە هەموار کردنی دەستووری کاتی دەرکرد و خاڵی (ج)ی بۆ مادەی هەشتەم بەمشێوەیە زیاد کرد: (ئەم ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەیان کوردن، بە پێی ئەوەی کە یاسا دیاری دەکات؛ الوقائع العراقية، العدد 2327، 11 آذار 1974، ص1)، بەمەش بۆ بڕیاردان لەسەر کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکانی کەرکوک، موسڵ، شەنگال، خانەقین، دیالە، سەعدیە، جلەولا، بەدرە، جەسان و چەندان شارۆچکەی تر پشتی بە دەرکردنی یاسا بەست، نەک بە سەرژمێری گشتیی دانیشتوان، یاساش کێ دەری دەکات، هەر ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە بە دەست حزبی بەعسی عەرەبی ڕەگەزپەرست بوو. هەمووشمان ئەوە دەزانین کە سەرژمێری گشتیی لە ساڵی (1977)دا بە خواست، سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرکردایەتی بەعس، چاودێری تەواوی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی بەعس بوو، کە دەیان خێڵ، تیرە و هۆزی کوردیان بەزۆر بە عەرەب نووسی بۆ ئەوەی ژمارە و ڕێژەی کورد کەم بکەنەوە.

پێنجەم: هەوڵی کوشتنی سەرکردە و بەرپرسانی کورد: سەرەڕای هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی لە کاتژمێری دەی ئێوارەی ڕێکەوتی (1970.12.6)دا لە شاری بەغدا.

شەشەم: هەوڵی یەکەمی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی لە ڕۆژی (1971.9.29) و هەوڵی دووەمی تیرۆرکردنی لە ڕۆژی (1972.7.15)دا لەلایەن دەستگای ئەمنی ڕژێمی بەعس لە دوو ساڵی یەکەمی چوار ساڵی ئاگربەستەکە، ئەمانە هەمووی نیشانەی جێبەجێ نەکردنی بەیاننامەی (1970.3.11) بوون.

سەدام و بەکر، دوای هەوڵی کۆدەتای نازم گزار لازم ئەلعیساوی (1940.10.3-1973.7.7)، بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ئەمن لەنێوان(1969.11.8-1973.6.30)دا، لە ڕۆژی (1973.6.30)، تۆمەتی هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی و باوکیان خستە ئەستۆی ئەو، هەروەها تیرۆرکردنی ئەو شیوعیانەی لەنێوان (1968.7.17-1973.6.30)، تیرۆر کرابوون، خستە ئەستۆی ناوبراو، کە لە ڕاستیدا هەمووی بە بڕیار، فەرمان و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەدام کرابوون.

٨ ــ عبدالهادي فرحان الفرجي ــ مدير حســـابات في البـــلدية العامة .
٩ ــ شهاب احمد القدسي ــ مدير في وكالة الفروعات
١٠ ــ عبد عيسى درويش ــ مدير في وقاية الفروعات
١١ ــ عبدالمجيد حمـدي ــ مدير في وقاية الفروعات
١٢ ــ صديق احمد الصفاوي ــ مدير في وقاية الفروعات
١٣ ــ حامد جعاطـه ــ مدير في وقاية الفروعات
١٤ ــ احمد محمد الصفار ــ مهندس زراعي في مديرية المحاصيل الحقلية العامة .
١٥ ــ محمد سعيد الفخري ــ مدير في الارشاد الزراعي
١٦ ــ جاسب سالم ــ مدير في الارشاد الزراعي
١٧ ــ جعفر كاظم ناصر ــ مدير في الارشاد الزراعي العام
١٨ــ عبدالمسيح توما ــ مدير في الارشاد الزراعي العام
١٩ ــ خميس عابدين ــ مدير في الارشاد الزراعي العام
٢٠ ــ فيصل بشير النـاك ــ مدير في الارشاد الزراعي العـام .
٢١ ــ الدكتور مجيد ليلاني ــ مهندس زراعي
٢٢ ــ يونس سعيد ــ اخصائي زراعي
٢٣ ــ الدكتور جابر الخفاجي ــ مدير البيطرة العام
٢٤ ــ عطاالله شيباني ــ مدير فني في الشركة العامـة للدواجـن .
٢٥ ــ برهان محمد يوسف ــ خبير الانتاج في الشركـة العامة للدواجـن .
٢٦ ــ ابراهيم دهش ــ مدير في وقاية الفروعات العامة
٢٧ ــ عبدالحميد عبدالكريم الفرجي ــ موظـــف في الارشاد الزراعي العامة .
٢٨ ــ عاصف ناصر ــ موظف صحي في البيطرة العامـة
٢٩ ــ خالد حميد البغيص ــ موظف صحـي في البيطرة العامـة .
٣٠ ــ احمد قاسم حسن ــ مهندس طـائرات في وقاية الفروعات .

قـــــرار
رقـم ٢٧٤

قـرر مجلس قيـادة الثـورة بجلســته المنعقـدة بتاريخ ٢٣ــ٣ــ١٩٧٠ ما يلي :ــ

حيث ان الثـورة قد استهدفت اول ما استهدفت احداث نهضة جبـارة في كل الميادين العلمية والصناعية والزراعيـة لتحقيـق اكبر قـدر من التنمية حيث ينعم بمردودها الوفير شعبنا الماثل في ظل المجتمع الاشتراكي العـادل ، وحيث تتضاعف قدرة الشـعب على مقاومـة الاستعمار والصهيونية والثورة المضادة وعلى تحرير وطنه السليب ، ولما كانت مثل هذه النهضة الجبارة تحتاج الى تظافر جهود اهل الكفايات والعلم من ابناء الوطن ولما كان كثير من اصحاب الكفايات والمواهب والاختصاص لاسباب متعددة في طليعتها اهمال كافة الحكومات البائدة لامثالهم قد هجروا وطنهم وتلقفتهم الدول والمؤسسات الاجنبيـة للاستفادة من علمهم وخبراتهم وان وطنهم احوج اليهم في ظل ثورته التقدمية العظيمة ليتكاتفوا مع اخوانهم وزملائهم لتحقيق اهدافها الاساسية ، وان ذلك لن يتحقق في ظل الكثير من القيود القانونية والتعقيدات الروتينية فقد قرر مجلس قيادة الثورة استنادا الى احكام الفقرة الثامنة من المادة (٤٤) من الدستور الموقت ما يلي :ــ

١ ــ لرئيس الجمهورية تحديد راتب خاص يراه مناسبا لمؤهلات وظروف عمل خاص بالنسبة لمن كان لـه كفاءة غير عادية وتحتاج الى خدماته اي من مرافق الدولة العلمية او الانتاجية واستثناء من احكام وقوانين وانظمة الخدمة المعمول بها كافة .
٢ ــ لرئيس الجمهورية منح مخصصات ستوية لمن البت خلال سنة تفوقا خاصا في ميدان عملـه العلمي او الانتاجي بما يفيد المجتمع او البحث العلمي .

احمـد حســن البكـر
رئيس مجلس قيـادة الثورة

قـــــرار
رقـم ٢٧٦

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٣ــ٣ــ١٩٧٠ ما يلي :ــ

احالة ضباط ومفوضي الشرطة المدرجة اسماؤهم ادناه على التقاعـد .

احمـد حســن البكـر
رئيس مجلس قيـادة الثورة

١ ــ نقيب الشرطة ــ جاسم محسن السعدي
٢ ــ ملازم الشرطة ــ جاويد جياد الخالدي
٣ ــ ملازم اول الشرطة ــ شرقام عبدالله
٤ ــ المفـوض ــ احمد صايل
٥ ــ مفوض درجة ثالثة ــ جميل عبدالرزاق
٦ ــ مفوض درجة رابعة ــ عبد زيد عبدعون
٧ ــ مفوض درجة خامسة ــ فاروق كاظم احمد

قـــــرار
رقـم ٢٧٧

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٧ــ٣ــ١٩٧٠ ما يلي :ــ

تشكيل اللجنة العليا لتنفيذ بنود بيان ١١/آذار/ ١٩٧٠ من السادة المدرجة اسماؤهم ادناه :ــ

احمـد حســن البكـر
رئيس مجلس قيـادة الثورة

١ ــ مرتضى سعيد الحديثي ــ عضـو مجلس قيـادة الثورة ــ رئيسـا
٢ ــ الفـريق سعدون غيدان ــ عضو مجلس قيـادة الثورة ــ عضـوا
٣ ــ عزيز شـريف ــ وزير العـدل ــ عضـوا
٤ ــ نوري شاويس ــ عضـوا .
٥ ــ دارا توفيـق ــ عضـوا
٦ ــ محمد محمود عبدالرحمن ــ عضـوا
٧ ــ خالد عبدالحليم ــ محافظ اربيل ــ عضـوا
٨ ــ عالم عبدالجليل ــ محافظ كركوك ــ عضـوا .

الجمهورية العراقية ــ مطبعة الحكومة

رقم (٣٥٣)

عملاً بأحكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والا
من الدستور المؤقت وبناء على موافقة رئيس الجمهو

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بت
١٩٧١/٣/٦ ما يلي :ـ

١ ـ يخول السيد مرتضى الحديثي عضو مجلس
الورد . ورئيس لجنة السلام . جميع الصلا
المخولة لرئيس الجمهورية والوزراء . في كل
يتعلق بتنفيذ بيان ١١ـ٣ـ١٩٧٠ . ومقر
ومقترحات ولوصيات لجنة السلام .

٢ ـ تكون القرارات الصادرة عن السيد مرتضى الح
وفقاً لأحكام الفقرة (١) من هذا القرار واجب
التنفيذ دون عرضها على مرجع آخر . سواء
الصادر على القرارات . ينقلب في الاصل ، ما
حيث
اخرى
الادارات

رقـــم ٦٨٢

عملا باحكام الفقرة (٢) من المـادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت وبناء على موافقـة رئـيس الجمهورية على اقتراح وزير الداخليـة المبين في كتابـه رقـم ٧١٢٦ وتاريخ ٤ـ٥ـ١٩٧١ .

قـرر مجلـس قيـادة الثـورة بجلسـته المنعقـدة بتاريخ ١١ـ٥ـ١٩٧١ مايلـــي : ـ

١ ـ يعتبر ترفيع ضباط الشرطة المبينة اسماؤهم فيما يلي . سـاري المفعول من تاريخ ١٤/تموز/١٩٦٨ بدلا من تاريخ ١٥/تموز/١٩٦٨ .

١ ـ ملازم اول الشرطة هاشم شريف .
٢ ـ ملازم اول الشرطة عبدالكريم سلطان .
٣ ـ ملازم اول الشرطة توفيق صيهود .
٤ ـ ملازم اول الشرطة مالك عبدالرزاق .
٥ ـ ملازم اول الشرطة فائق سعيد شريف .
٦ ـ ملازم اول الشرطة عصمت صابر .
٧ ـ ملازم اول الشرطة ناطق محمد سلطان .
٨ ـ ملازم اول الشرطة رفعت محمد كوثر .
٩ ـ ملازم اول الشرطة عبدالله جاسم التكريتي .
١٠ـ ملازم اول الشرطة عبدالرحمن عبدالله .
١١ـ ملازم اول الشرطة محمد عيسى الدباغ .
١٢ـ ملازم اول الشرطة ياس حمادي المحمدي .
١٣ـ ملازم اول الشرطة سعد عبدالمجيد .
١٤ـ ملازم اول الشرطة عبدالمنعم عبدالعزيز .
١٥ـ ملازم اول الشرطة لقمان ياسين .

٢ ـ يتولى الوزراء تنفيذ احكام هذا القـرار .

احمـد حسـن البـكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقـــم ٦٨٣

قـرر مجلـس قيـادة الثـورة بجلسـته المنعقـدة بتاريخ ١١ـ٥ـ١٩٧١ مايلـــي : ـ

١ ـ تشكيل لجنة عليا برئاسة السيد صداء حسين نائب رئيس مجلس قيادة الثورة وعضوية كل من : ـ

أ ـ السيد مرتضى الحديثي ـ عضـو مجلـس قيـادة الثـورة .
ب ـ الفـريق سعدون غيـدان ـ عضـو مجلس قيـادة الثـورة .
جـ ـ السيد نعيم حـداد ـ عضو القيادة القطرية .
د ـ السيد سمير عـزيز النجم ـ عضـو القيـادة القطريـة .
هـ ـ السيد ناجـه عبدالكريم ـ عضـو القيـادة القطريـة .
و ـ السيد محمد [illegible] ـ عضو القيادة القطرية .
ز ـ [illegible]

٢ ـ واسـناد القـرارات والتعليمـات المتعلقـة بالمهمـة الموكولة اليها وتبليغها الى كافـة الوزارات والدوائر المختصـــــة .

٣ ـ قرارات اللجنة ملزمـة وواجبـة التنفيذ من قبـل كافة الوزارات والدوائر المختصة فور تبلغها بها .

٤ ـ ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره .

احمـد حسـن البـكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقـــم ٦٨٤

قـرر مجلـس قيـادة الثـورة بجلسـته المنعقـدة بتاريخ ١١ـ٥ـ١٩٧١ مايلـــي : ـ

١ ـ فتح سفارة عراقية في (دار السلام) عاصمة تنزانية على ان تشمل اعمالها جمهورية زامبيا .

٢ ـ فتح سفارة عراقية في (كوناكري) عاصمة غينيا على ان تشمل اعمالها جمهورية مالي .

احمـد حسـن البـكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقـــم ٦٨٥

قـرر مجلـس قيـادة الثـورة بجلسـته المنعقـدة بتاريخ ١١ـ٥ـ١٩٧١ مايلـــي : ـ

احتساب المدة من ٥/٩/١٩٦٤ لغاية ١/١٠/١٩٦٦ الى جميل داود مدرس اعدادية المنصور للبنين في مديريـة تربية بغـداد/الكرخ في وزارة التربيـة لاغراض الترفيع والتقاعـــد .

احمـد حسـن البـكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقـــم ٦٨٦

قـرر مجلـس قيـادة الثـورة بجلسـته المنعقـدة بتاريخ ١١ـ٥ـ١٩٧١ مايلـــي : ـ

الغـاء قـرار مجلـس قيـادة الثـورة ٤٧٢ ـ ٣ـ٤ـ١٩٧١ الخاص بتعيين رشيد عـارف الانروشي موظفة في شعب محافظ اربيـل .

احمـد حسـن البـكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقـــم ٦٩٠

قـرر مجلـس قيـادة الثـورة بجلسـته المنعقـدة بتاريخ ١٢ـ٥ـ١٩٧١ مايلـــي : ـ

١ ـ تحديد راتب غازي ايوب مدير عام الشركة العامـة للاسمنت بـ ١٠٠٠ مئة دينار شهريا .

٢ ـ تحديد راتب جواد النعيمي مدير عام شركة السمنت في المرسل بـ ١٠٠٠ مئة دينار شهريا .

٣ ـ تحديد راتب محمد طاهر الحبالي مدير عام شركة منتوجات الالبان بـ ١٠٠٠ مئة دينار شهريا .

٤ ـ تحديد راتب [illegible] مدير عام شركة [illegible] بـ ١٠٠٠ مئة دينار شهريا .

قـــــرار
رقـــم ٢٨٠

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٣-٣-١٩٧٠ ما يلي :-

تعيين عبدالكريم رجب ملحقا ثقافيا في الجزائر .

احمـد حسـن البكـر
رئيس مجلس قيـادة الثورة

قـــــرار
رقـــم ٢٨١

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقـدة بتاريخ ٢٣-٣-١٩٧٠ ما يلي :-

تعيين ابراهيم مصطفى جمال‌الدين بوظيفة مـدير ناحيـة .

احمـد حسـن البكـر
رئيس مجلس قيـادة الثورة

قـــــرار
رقـــم ٢٨٢

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقـدة بتاريخ ٢٣-٣-١٩٧٠ ما يلي :-

تحديد راتب ناظم كزار مدير الامن العام بـ (١٣٥) مئة وخمسة وثلاثين دينارا شهريا بما يعادل راتب لواء شـرطة .

احمـد حسـن البكـر
رئيس مجلس قيـادة الثورة

قـــــرار
رقـــم ٢٨٣

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقـدة بتاريخ ٢٣-٣-١٩٧٠ ما يلي :-

رفع الحجز عن الاموال المنقولة وغير المنقولة لكل من العميد الركن المتقـاعد طـه ياسـين والعقيد المتقـاعد عبدالغني عبدالكريم .

احمـد حسـن البكـر
رئيس مجلس قيـادة الثورة

قـــــرار
رقـــم ٢٨٤

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقـدة بتاريخ ٢٣-٣-١٩٧٠ ما يلي :-

١ ـ تعيين حبيب جاسم موظفا في مجلس قيادة الثورة/ مكتب الشؤون العامـة .

٢ ـ تحديد راتبـه بـ (٥٠) خمسين دينارا شهريا .

احمـد حسـن البكـر
رئيس مجلس قيـادة الثور

قـــــرار
رقـــم ٢٨٥

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقـدة بتاريخ ٢٣-٣-١٩٧٠ ما يلي :-

تحديد راتب عبدالجبار السعدي مدير عام مصلحة سكك حديد الجمهورية العراقية بـ (١٨٠) مائة وثمانين دينارا شهريا .

احمـد حسـن البكـر
رئيس مجلس قيـادة الثورة

قـــــرار
رقـــم ٢٨٦

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقـدة بتاريخ ٢٤-٣-١٩٧٠ ما يلي :-

تحـديد راتب محمـد بيروز قائممقام قضاء مركز كركوك بـ (٥٠) خمسين دينارا شهريا .

احمـد حسـن البكـر
رئيس مجلس قيـادة الثورة

قـــــرار
رقـــم ٢٨٧

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٤-٣-١٩٧٠ ما يلي :-

تعيين حاجي مادوحاجي بوظيفة قائممقام .

احمـد حسـن البكـر
رئيس مجلس قيـادة الثورة

قـــــرار
رقـــم ٢٨٨

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقـدة بتاريخ ١١-٣-١٩٧٠ ما يلي :-

١ ـ تكون اللغة الكردية لغة رسمية مع اللغة العربيـة في المناطق التي غالبية سكانها من الاكراد وتكـون اللغة الكردية لغة التعليم في هذه المناطق وتدرس اللغة العربية في كافة المدارس التي تدرس باللغـة الكردية كما تدرس اللغة الكردية في بقية انحـاء العراق كلغة ثانية في الحدود التي يرسمها القانون.

٢ ـ ان مشاركة اخواننا الاكراد في الحكم وعدم التمييز بين الكرد وغيرهم في تقلد الوظائف العامة بما فيهـا المناصب الحساسة والهامة في الدولة كالوزارات وقيادات الجيش وغيرها .. كانت وما زالت من الامور الهامة التي تهدف حكومة الثورة الى تحقيقها فهي في الوقت الذي تقر هذا المبدأ تؤكد ضـرورة العمل من اجل تحقيقه بنسبة عادلة مع مراعـاة مبدأ الكفاءة ونسبة السكان وما اصاب اخواننـا الكرد من حرمان في الماضي .

٣ ـ نظرا للتخلف الذي لحق بالقومية الكردية في الماضي من الناحيتين الثقافية والتربوية توضـع خطـة لمعالجة هذا التخلف عن طريق :-

أ ـ الاسراع بتنفيذ قرارات مجلس قيادة الثورة حول اللغة والحقوق الثقافية للشعب الكردي

وربط اعداد وتوجيه المناهج الخاصة بالشؤون القومية الكردية في الاذاعة والتلفزيون بالمديرية العامة للثقافة والاعلام الكردية .

ب ـ اعادة الطلبة الذين فصلوا او اضطروا الى ترك الدراسة بسبب ظروف العنف في المنطقة الى مدارسهم بغض النظر عن اعمارهم او ايجاد علاج ملائم لمشكلتهم .

جـ ـ الاكثار من فتح المدارس في المنطقة الكردية ورفع مستويات التربية والتعليم وقبول الطلبة الاكراد في الجامعات والكليات العسكرية والبعثات والزمالات الدراسية بنسبة عادلة .

٤ ـ يكون الموظفون في الوحدات الادارية التي تسكنها كثرة كردية من الاكراد او ممن يحسنون اللغة الكردية ما توفر العدد المطلوب منهم ويتم تعيين المسؤولين الاساسيين (محافظ ، قائمقام ، مدير الشرطة ، مدير امن ، وما شابه ذلك) وبباشر فورا بتطوير اجهزة الدولة في المنطقة بالتشاور ضمن اللجنة العليا المشرفة على تنفيذ هذا البيان بما يضمن تنفيذه ويعزز الوحدة الوطنية والاستقرار في المنطقة .

٥ ـ تقر الحكومة حق الشعب الكردي في اقامة منظمات طلبة وشبيبة ونساء ومعلمين خاصة به وتكون هذه المنظمات اعضاء في المنظمات الوطنية العراقية المشابهة .

٦ ـ آ ـ يمدد العمل بالفقرتين (١) و(٢) من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم (٥٩) والمؤرخ في ٥ـ٨ـ١٩٦٨ حتى تاريخ صدور هذا البيان ويشمل ذلك كافة الذين ساهموا في اعمال العنف في المنطقة الكردية .

ب ـ يعود العمال والموظفون والمستخدمون من المدنيين والعسكريين الى الخدمة ويتم ذلك دون التفيد بالملاك وبستفاد من المدنيين في المنطقة الكردية ضمن احتياجاتها .

٧ ـ الفقرة (أ) تشكل هيئة من ذوي الاختصاص للنهوض بالمنطقة الكردية من جميع الوجوه بأقصى سرعة ممكنة وتعويضها عما اصابها في السنوات الاخيرة وتخصيص ميزانية كافية لتنفيذ ذلك وتكون هذه الهيئة تابعة لوزارة شؤون الشمال .

الفقرة (ب) اعداد الخطة الاقتصادية بشكل يؤمن التطور المتكافىء لانحاء العراق المختلفة مع مراعاة ظروف التخلف في المنطقة الكردية .

الفقرة (ج) تخصيص رواتب تقاعدية لعوائل الذين استشهدوا في ظروف الاقتتال المؤسفة من رجال الحركة الكردية المسلحة وغيرهم وللمهجرة والمشوهين بسبب تلك الظروف وفق تشريع خاص على غرار القوانين المرعية .

الفقرة (د) العمل السريع لاغاثة المتضررين والمعوزين عن طريق انجاز مشاريع سكنية وغيرها تؤمن العمل للعاطلين وتقديم معونات عينية ونقدية مناسبة واعطاء تعويض معقول للمتضررين الذين يحتاجون المساعدة ويناط ذلك باللجنة العليا ويستثنى من ذلك من شملتهم الفقرات السابقة .

٨ ـ اعادة سكان القرى العربية والكردية الى اماكنهم السابقة اما سكان القرى الواقعة في المناطق التي يتعذر اتخاذها مناطق سكنية وتستملكها الحكومة لاغراض النفع العام وفق القانون فيجرى اسكانهم في مناطق مجاورة ويجرى تعويضهم عن مالحقهم من ضرر بسبب ذلك .

٩ ـ الاسراع بتطبيق قانون الاصلاح الزراعي في المنطقة الكردية وتعديله بشكل يضمن تصفية العلاقات الاقطاعية وحصول جميع الفلاحين على قطع مناسبة من الارض واعفاءهم من الضرائب الزراعية المتراكمة عليهم خلال سني القتال المؤسفة .

١٠ـ جرى الاتفاق على تعديل الدستور الموقت كما يلي :ـ

آ ـ يتكون الشعب العراقي من قوميتين رئيسيتين هما القومية العربية والقومية الكردية ويقر هذا الدستور حقوق الشعب الكردي القومية وحقوق الاقليات كافة ضمن الوحدة العراقية.

ب ـ اضافة الفقرة التالية الى المادة الرابعة من الدستور (تكون اللغة الكردية لغة رسمية الى جانب العربية في المنطقة الكردية) .

جـ ـ تثبيت ما تقدم في الدستور الدائم .

١١ـ اعادة الاذاعة والاسلحة الثقيلة الى الحكومة ويكون ذلك مرتبطا بتنفيذ المراحل النهائية من الاتفاق .

١٢ـ يكون احد نواب رئيس الجمهورية كرديا .

١٣ـ يجرى تعديل قانون المحافظات بشكل ينسجم مع مضمون هذا البيان .

١٤ـ اتخاذ الاجراءات اللازمة بعد اعلان البيان بالتشاور مع اللجنة العليا المشرفة على تنفيذه لتوحيد المحافظات والوحدات الادارية التي تقطنها كثرة كردية وفق الاحصاءات الرسمية التي سوف تجرى وسوف تسعى الدولة لتطوير هذه الوحدة الادارية وتعميق وتوسيع ممارسة الشعب الكردي فيها لجعل حقوقه القومية ضمانا لتمتعه بالحكم الذاتي والى ان تتحقق هذه الوحدة الادارية ويجرى تنسيق الشؤون القومية الكردية عن طريق اجتماعات دورية تعقد بين اللجنة العليا ومحافظي المنطقة الشمالية .

وحيث ان الحكم الذاتي سيتم في اطار الجمهورية العراقية فان استغلال الثروات الطبيعية في هذه المنطقة من اختصاص سلطات هذه الجمهورية بطبيعة الحال .

١٥ـ يساهم الشعب الكردي في السلطة التشريعية بنسبة سكانه الى سكان العراق .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

قـــرار
رقـم ٢٨٩

استنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة (٤٤) من الدستور الموقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٤ـ٣ـ١٩٧٠ ما يلي :ـ

تخويل وزارة التعليم العالي جميع صلاحيات مجلس البحث العلمي .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

العدد ٢٣٢٧ السنة السادسة عشرة

الوقائع العراقية

الجريدة الرسمية للجمهورية العراقية
تصدرها وزارة الاعلام ببغداد

مسجلة بدائرة البريد برقم (١) ببغداد

الاثنين ١٧ صفر سنة ١٣٩٤ و ١١ آذار سنة ١٩٧٤

بسم الله الرحمن الرحيم

قرار رقم ٢٤٧

تعديل الدستور الموقت

استنادا الى احكام الفقرة (ب) من المادة الثالثة والستين من الدستور الموقت .

قرر مجلس قيادة الثورة باسم الشعب في جلسته المنعقدة بتاريخ ١١-٣-١٩٧٤ تعديل الدستور الموقت الصادر بتاريخ ١٦/تموز/١٩٧٠ على النحو التالي : ـ

المادة الاولى ـ تضاف الفقرة التالية الى المادة الثامنة : ـ

ج ـ تتمتع المنطقة التي غالبية سكانها من الاكراد بالحكم الذاتي وفقا لما يحدده القانون .

المادة الثانية ـ ينفذ هذا التعديل الدستوري من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية .

صدر في بغداد في اليوم السابع عشر من شهر صفر لسنة ١٣٩٤ الهجرية المصادف لليوم الحادي عشر من شهر آذار لسنة ١٩٧٤ الميلادية .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

شۆڤینیزمی فەهد و حشع لە دژایەتی کردنی کورد و کوردستان:

هەرچەندە 'فەهد'[111] بە فەرمی لە کۆنگرەی یەکەم لە ڕۆژی (1945.4.19)دا لە گەڕەکی کەرخ لە بەغدا بە سکرتێر هەڵبژێردرا و دواتر لە ڕۆژی (1949.2.14)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لەگەڵ حوسێن محەمەد ئەلشەبیبی ناسراو بە سارم و زەکی محەمەد بەسیم ناسراو بە حازم لە بەغدا لە سێدارە دران[112]، کە بەگوێرەی لاپەڕە (56–58)ی (ذاكرة النخيل صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية في العراق)ی دکتۆر عەزیز ئەلحاج لە ڕۆژی (1947.1.18)، بەهۆی دوو سیخوڕی ڕژێم لەنێو حزبی شیوعی بە ناوەکانی فیعیل زومد ئال ئەزیرج (فعل ضمد الأزيرج) سکرتێری کۆمیتەی دێهاتەکانی میسان و ئەندامی کۆمیتەی ناوخۆی پارێزگای میسان و فازڵ فیعیل (فاضل فعل)، لە ماڵی ئیبراهیم ناجی شمیل لەلایەن پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان عێراقی گیران. سەمیر عەبدولکەریم باسی پەیوەندی بەردەوامی (فعل ضمد) بە حزبی شیوعی عێراق و پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان دەکات تا ڕۆژی مردنی لە ساڵی (1952)[113]، کاتێک کە دەمرێت، ڕۆژنامەی (طريق الشعب)، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (مردنی تێکۆشەرێکی دیار فعل ضمد)، سەرەخۆشی بۆ دەربڕی. فەهد، سێیەم سکرتێری حزبی

---

[111]- یوسف سەلمان یوسف، ناسراو بە فەهد لە دایکبووی (1901.7.8/ بەرتلە/ موسڵ، لە سێدارەدانی لە ڕۆژی 1949.2.14)، سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی بوو لە نێوان (نۆڤێمبەری 1941-1947.1.18).

[112]- دکتور عزيز الحاج، ذاكرة النخيل صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية في العراق، ص (56-58).

[113]- سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق 1934-1958، بەشی یەکەم، لاپەڕە (77).

شیوعی عێراق، که بەر لەو عاسم فلەیح و عەبدوڵڵا مەسعود ئەلقرێنی یەکەم و دووەم سکرتێری شیوعی بووینە، لە (پەیماننامەی نیشتمانیی حزبی شیوعی عێراق)، کە لە ساڵی (1944)، پێشکەش بە کۆنفرانسی یەکەمی حزبی شیوعی کردووە و لە لاپەڕەکانی (109-111)ی پەرتووکی (تەواوی نووسینەکانی هاوڕێ فەهد) بڵاوکراوەتەوە، کوردی بە کەمە نەتەوە ناوبردووە، ئێزیدییەکان کە کوردی ڕەسەنن لە کوردی دابڕیون، تەنیا باسی مافی یەکسانی بوونی عەرەب و کوردی کردووە و هەرگیز خۆی لە پرسی مافی چارەنووس نەداوە، نەتەوەکانی عێراق بە گەلی عێراق ناودەبات، تەنانەت باوەڕی بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی باشووری کوردستان نەبوو، زۆر دژی مافی چارەی خۆنووسین، سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بووە.

فەهد، لە خاڵی (10)ی ئەم پەیماننامەیەدا سەبارەت بە پرسی کورد و کوردی ئێزیدی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دا دەڵێ: (لەپێناو بوونی یەکسانی ڕاستەقینە لە مافەکاندا بۆ کەمایەتی نەتەوەیی کورد لەگەڵ سەرپەرشتی مافەکانی کۆمەڵە نەتەوەیی و توخمە بچووکەکانی وەک تورکمان و ئەرمەن و ئێزدی[114]). فەهد، لێرەدا کورد بە کەمینەی نەتەوایەتی دادەنێت، هەموشمان دەزانین کە کەمینەی نەتەوەیی خاوەن خاکی خۆیان نین و فەهد وەکو هەر عەرەبێکی شۆڤینی خاکی باشووری کوردستان بە عەرەبستان دەزانێت، بۆیە ئێمەی بە کەمینەی نەتەوایەتی داناوە. فەهد سەبارەت بە مافی گەلی کوردی خاک داگیرکراو لەلایەن نەتەوەی عەرەب لە

[114]- تەواوی نووسینەکانی هاوڕێ فەهد، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، ل (110).

عێراق، تەنیا داوای یەکسانی دەکات لە نێوان کوردو نەتەوەی عەرەبی داگیرکەری خاوەن دەسەڵات، کەواتە ئەو باوەڕی بە مافی چارەی خۆنووسین یان بگرە ئۆتۆنۆمیش بۆ کوردانی باشووری کوردستان نەبووە، چونکە لەم پەیماننامەیەدا بەلای ئۆتۆنۆمی، مافی چارەی خۆنووسین و جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کوردی باشووری کوردستان نەچووە.

ئیبراهیم عەلاوي (نەجم مەحمود)، سەبارەت بە دروشمی مافی چارەنووسی گەلی کورد (کوردستان)، نووسیویەتی: (هاوڕێ فەهد، دەستپێشخەر بوو بەوەی کە لە وتارێکی بەناوبانگدا لە ڕۆژنامەی (القاعدة)، لە تشرینی دووەمی 1945، بڵاویکردەوە کە نووسراوە: مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەر نەتەوەیەک یەکێکە لە پڕەنسیپە بنچینەییەکانی پارتە کۆمۆنیستەکانی تەواوی جیهان و بە حزبی شیوعی عێراقەوە. حزبی ئێمە خەبات بۆ بەرژەوەندییەکانی جەماوەری تەواوی گەلەکان لەپێناو سەربەستی هەموان دەکات. بەمەش دڵنیایی دەدرێت بە گەلی کوردو خەڵکە ڕەنجدەرەکەیی و ڕێکخستنە دیموکراتییەکان کە دەتوانێ بۆچوونی خۆی دەربڕێ کە یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە یان جیابوونەوەی دەوێت، کاتێک کە عێراق لە دەستی کۆلۆنیالیزم ڕزگاری بوو، یان لە هەڵومەرجێک کە بۆ گەلی کورد بگونجێت و لە بەرژەوەندی جەماوەرە زەحمەتکێشەکەیدا بێت) [115].

[115]- ابراهيم علاوي، الصراع في الحزب الشيوعي العراقي وقضايا الخلاف في الحركة الشيوعية العالمية، ص (19).

مارکس و لینین هیچ مەرجێکیان بۆ مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەت بۆ نەتەوە ژێردەستەکان دانەناوە، کەچی فەهد چونکە بیری شۆڤێنیزم و لوتبەرزی نەتەوەیی عەرەبی بەسەریدا زاڵە، بۆیە کۆمەڵێک مەرجی وەکو کۆت و پێوەند بەمشێوەیە داناوە: (**یەک**: کەی عێراق لە کۆلۆنیالیزم ڕزگاری بوو. **دوو**: هەڵومەرجێک بۆ گەلی کورد بگونجێت. **سێیەم**: جیابوونەوەکە لە بەرژەوەندی جەماوەرە زەحمەتکێشەکەی گەلی کورد بێت)، ئاخر ئەو هەموو کۆت و بەندە لەپێناوی چی؟

فەهد، دژی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد و جیابوونەوەی باشووری کوردستانی داگیرکراو لە دەوڵەتی عێراقی داگیرکەر بووە، لە مانگی شوباتی ساڵی (1945)، گوتوویەتی: (ئێمە داوا لە گەلی کورد ناکەین، بزووتنەوەیەک دەست پێ بکات، لە گەلی عەرەب جیابێتەوە. لایەنگری ئەو جۆرە بزووتنەوەیەش ناکەین)؛ سەرچاوە: (القاعدة، شوباتی 1945، دوو بەڵگەنامە دەربارەی مەسەلەی کورد لە عێراقدا، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ل22، لە لاوک بەشی (3) وەرگیراوە). فەهد بە ئاشکرا پێمان دەڵێت کە ئەو دژی دامەزراندنی هەر پارتێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە بۆ کوردستان کە ئەرکی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیی و نەتەوەیی لە باشووری کوردستان بگرێتە ئەستۆ، بەڵکو ئەو تەنیا باوەڕی بە پارتێکی عێراقی وەکو حشع هەیە کە ببێتە پارتی کرێکارانی عەرەب و کورد لە عێراق دا، واتا توانا، هێز و خەباتی کورد لەژێر ناوی کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم لەچوارچێوەی حشع بۆ بەرژەوەندی عێراق و عروبە بەکاربێنن. حزبی شیوعی

عێراق، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (1961)، هەمان تێڕوانینی فەهدی هەبووە و بۆچوونی خۆی بەمشێوەیە دەربڕیوە: (حشع دان دەنێت بە بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد لە عێراق، بە مافی جیابوونەوە و یەکگرتنەوە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەگەر ڕزگار بوون، بەڵام بەو مەرجەی جیابوونەوەکە و یەکگرتنەوەکە لە بەرژەوەندی چینی کرێکار بێت، لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان، بەرژەوەندی ئاشتی جیهانی و خەباتی هاوبەشی دژ بە کۆلۆنیالیزم بێت، بۆیە حزبی ئێمە بە وابەستەبوون بەم تێگەیشتنە، لە ئێستا و لەم قۆناغەدا کار بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە گەلی کورد هۆشیار دەکاتەوە تا بە گیانی یەکگرتن لەگەڵ گەلی عەرەب و نەتەوەکانی تری عێراق بمێنێتەوە)[116].

سەیرکەن مەرجەکانی حشع بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، چەندە قورس و بەربەستی نارەوان:

یەک: ئەگەر بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕزگار بوون.

دوو: لە بەرژەوەندی چینی کرێکار بێت.

سێ: لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان بێت.

چوار: لە بەرژەوەندی ئاشتی جیهانی و خەباتی هاوبەشی دژ بە کۆلۆنیالیزم بێت.

[116]- عبدالفتاح البوتاني، موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية 1946-1970)، ص107).

پێنج: لە ئێستادا حزبی شیوعی کار بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق ناکات.

شەش: لە ئێستادا گەلی کورد بەم ئاراستەی یەکگرتن لەگەڵ عەرەب هۆشیار دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە داگیرکراوی لەژێر دەستی عەرەب و عێراق بمێنێتەوە.

ئەو شەش بەربەستەی سەرەوە لەلایەن فەهد و حزبەکەیەوە، هەمووی دژایەتی کردنی گەلی کوردستان و نەتەوەی کورد نییە؟ دەبوابە خاڵی حەوتەمیشی بۆ زیاد بکەن، گەر بە زستانان باران ببارێت و بە هاوینانیش خۆر گەرم بێت، ڕێی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق نادەین.

ئایە ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق، ئەو وتەیەی لینین-یان خوێندۆتەوە، یان بیستووە، کە دەڵێت: (پشت تێکردن لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوە ژێردەستە و چەوساوەکان، ناپاکییە لە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم)، ئایە ئەوەی فەهد و حشع کردوویانە، نەک پشت تێکردنە بەڵکو ڕێگرتن نییە لە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردستان؟ هەروەها کارل مارکس گوتویەتی: (گەلی ئازاد، هیچ گەلێکی دیکە ناچەوسێنێتەوە). ئایە ئەوەی حشع پیادەی دەکات، بەردەوامی لە چەوساندنەوەی گەلی کورد لە باشووری کوردستان لەلایەن گەلی عەرەب لە عێراق نییە؟

فەهد، سەبارەت بە جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە دەوڵەتی عێراق، نووسیویەتی: (دروشمی جیابوونەوەی کورد لە دەوڵەتی عێراق لە دروشمێکی هەڵە بەولاوە، هیچی تر نییە، هەروەها بە هیچ جۆرێک سوودی بۆ زۆربەی زۆری جەماوەری

گەلی کورد نییە)[117]. ڕاستییەکەی فەهد بەم وتەیەی دەیسەلمێنێت کە هەر لە بنچینەدا شۆڤینی و باوەڕی بە مافی چارەی خۆنووسینی کوردو جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان نییە، ئەو بۆچوونە ڕەگەزپەرستانە و نەزۆکەی فەهد، دژایەتی کردنی کورد و کوردستان نییە؟ بێبەش کردنی لە مافی چارەی خۆنووسین و پاراستنی عێراقی دەستکردی ئینگلیزی ئیمپریالیزم نییە؟

فەهد، لەمە زیاتریش شۆڤینیەت و ڕقی خۆی بەرانبەر بە گەلی کورد لە وتاری (الشعب الكوردي بين العانة والمانة) دەربڕیوە، عەزیز ئەلحاج، لە لاپەڕە (393-394)ی (مع ألأعوام)، بە پشتبەستن بە ڕۆژنامەی (القاعدة)ی مانگی نیسانی ساڵی (1945)دا، دەڵێ: (ئەوانەی کە بەزۆر ئیمڕۆکە بەناوی گەلی کوردەوە خۆیان سەپاندووە، پشت بە گەل نابەستن بۆ گەیشتنیان بە سەرکردایەتی و مانەوەیان، کە لەوە تێناگەن و ناتوانن پێشبینی هێزی ڕاستەقینەی بکەن. بە زۆری نایانەوێت لە ڕێی گەلەوە سەرکردایەتی وەرگرن، چونکە بە بۆچوونی خۆیان، هەڕەشە لە بەرژەوەندی چینایەتیان دەکات و پەتی تێگەیشتنیان دەپچڕێنێت، چونکە بەرژەوەندی ئەوان بە بەرژەوەندی داگیرکەران دەبەستێتەوە. ئەم سەرکردانە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی کوردی ناکەن، بەڵکو هەبوونیان هۆکاری دواکەوتنی بزووتنەوەی کوردی و ڕێگرە لە بەردەم توخمی هۆشیاری لەم بزووتنەوەیەدا). فەهد پێمان دەڵێت، کە ئەوانەی بەناوی گەلی کوردەوە دەدوێن و سەرکردایەتی کورد دەکەن،

[117]- ماجد عبدالرضا، المسألة الكوردية في العراق، ص(80).

ئەوانە خۆیان بەسەر گەلدا سەپاندووە، وەکو ئەوەی کە خۆی و سەرانی حزبی شیوعی لەلایەن گەلی عێراق (عەرەب، کورد، تورکمان، ئاسووری، کلدان و ئەرمەن) هەڵبژێردرابن، حزبەکەی فەهد بۆ ماوەی دەیان ساڵ بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی نەبوو، هەروەها کۆنگرەی نەبەستی و هەڵبژاردنی تیا نەکرا. فەهد باسی ئەوە دەکات کە گوایە سەرانی کورد لەگەڵ کۆلۆنیالیزم یەک بەرژەوەندیان هەیە، کە لە ڕاستیدا فەهد خۆی هاوبەرژەوەند بووە لەگەڵ بەریتانیا و بەقسەی ئەیوب ذو ئەلنون سیخوڕی بەریتانیا بووە لە ڕێی باڵوێزەکەیان لە بەغدا و پارەی لێ وەرگرتوون.

فەهد و حشع، باوەڕیان وابووە کە کورد نەتەوە نییە و مەرجەکانی ستالین کە بۆ پێناسەی بە نەتەوە بوونی دیاری کردووە (یەکێتی خاک، یەکێتی زمان، یەکێتی ڕۆشنبیری و یەکێتی ئابووری)، لە کورد دا ناتەواون، هەر بۆیە کوردیان بە کەمە نەتەوەیی داناوە! حشع و فەهد، دژی دامەزراندنی پارتە کوردی و کوردستانییەکانی (هیوا، شۆڕش، ڕزگاری کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان) بوون، کاتێ کە لە ڕۆژی (1946.8.16)دا سەرەتا بە ناوی پارتی دیموکراتی کورد دامەزراو دواتر گۆڕدرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان. فەهد و حزبی شیوعی عێراق، زۆر دژی پارتی وەستانەوە و دامەزراندنی ئەم پارتەیان بۆ کورد بە زیاد و ناڕەوا دەزانی، چونکە ئەوان خۆیان بە پارتی پێشڕەوی سەرجەم نەتەوەکانی عێراق دەزانی، ئەوان دەیانویست ئامانج و ناوەڕۆکی خەباتی گەلی کوردستان لە ڕزگارکردن، سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بگۆڕن بۆ ئۆتۆنۆمی، مافی

یەکسانی و هاوواڵاتیبوون لە نێو سنووری دەوڵەتی عێراقی دەستکردی ئیمپریالیزمی ئینگلیز، کە ئەمەش کوتەکێکی گەورەی ئاراستەی گەلی کورد و شۆڕشی کوردستان کرد، چونکە هەم هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی بۆ کورد و کوردستان لاوازکرد، هەم هەستی وابەستەیی بە بیری عێراقچێتی لای شیوعیە کوردەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق بەهێزکرد! بچووککردنەوەی پرسی کوردو کوردستان بەهۆی ئەوەی کە حزبی شیوعی عێراق خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانی بە بەشێک لە خەباتی دیموکراسی ناوخۆی عێراق هەژمار کردووە، بە بەردەوامی بەناوی داکۆکیکردن لە یەکپارچەیی عێراق شانبەشانی شۆڤینیستی (عەرەبی، بەعسی و ئیسلامی)، ڕێگر بووینە لە بەردەم هەوڵی ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستان. بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم لەمەڕ بۆچوونی نێگەتیڤانەی حزبی شیوعی عێراق سەبارەت بە پرسی کورد، ئاماژە بە عومەر شێخموس دەدەم، کە لە لاپەڕە (32)ی (پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا)، دەربارەی بۆچوونی حزبی شیوعی سوری و عێراقی نووسیویەتی: (حزبی شیوعی سوریش وەک حزبی شیوعی عیراقی زۆر تۆمەتیان بڵاوەدەکردەوە. زۆر جار بە ئێمەیان دەگوت نەتەوەپەرست و ڕەخنەیان دەگرت کە بۆچی پارتێکی کوردیمان دروست کردووەو پێویستی نەدەکرد ئەو پارتە دروست بکەن). باشە کە فەهد و حزبی شیوعی عێراق، دژی پارتە کوردی و کوردستانییەکانی وەکو (هیوا، شۆڕش، ڕزگاری کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان) بن، هەمان کات دژی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان و

هەڵگیرساندنی شۆڕشی کوردستان بن، کەواتە چ جیاوازییەک لەنێوان فەهد و حزبی شیوعی عێراق لەلایەک و ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکانی عێراق بە پاشایەتی، کۆماری و سەرکردە شۆڤینیزم و عروبییەکانی دژ بە کوردو کورستانییەکانی وەکو (عەبدولکەریم قاسم، عەبدولسەلام عارف، عەبدولڕەحمان عارف، ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن) هەبووە؟ هەر فەهد و سەرکردایەتی حشع بوون دوای وتاری پادشای عێراق لە ڕۆژی (1945.12.27)دا سەبارەت بە پێویستی دامەزراندنی پارت و پێدانی ئازادی ڕۆژنامەوانی، پارتی گەل (حزب الشعب)ی سێبەریان بە سەرکردایەتی عەبدولڕەحیم شەریف و عامر عەبدوڵڵا و پارتی ڕزگاریی نیشتمانیی (حزب التحرر الوطني)ی سێبەریان بۆ بۆرژواو دەرەبەگی عەرەب دامەزراندو داوای مۆڵەتیان بۆ ئەم حزبانە لە حکومەتی عێراقی کرد، بۆ ئەوەی بە ئاشکرا کار بکەن، حزب الشعب مۆڵەتی وەرگرت، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ لە ڕۆژی (1946.4.2)، ئەو داواکاریەی (حزب التحرر الوطني)ی ڕەتکردەوە، کە حزبەکە پێشتر لە ڕۆژی (1945.9.22)دا دامەزرابوو! لەسەر داوای فەهد تەواوی سەرکردایەتی و ڕێکخستنەکانی حشع کاریان بۆ ئەو حزبە دەکرد و سێ سەرکردەی دیاری حشع خۆیان خزاندبووە ناو سەرکردایەتی ئەو حزبە، کە بریتی بوون لە (حوسێن محەمەد ئەلشەبیبی، سالم عوبێد نوعمان و محەمەد حوسێن ئەبولعیس کەزماوی)، کە ئەمەش گوتەی: (بانێکە و دوو هەوا)مان بە بیر دێنێتەوە، کە فەهد و حشع لەژێر کاریگەری بیری شۆڤینیزمی عروبە دان و دامەزراندنی حزب بۆ کورد و کوردستان

بە ناڕەواو بۆ عەرەب و عێراق بەڕەوا دەزانن، هاوکاریان دەبن و پشتیوانیشیان لێ دەکەن! کەریم ئەحمەد داود، لە لاپەڕە (45)ی (ڕێڕەوی تێکۆشان)، نووسیویەتی: (هاوڕێ زەکی (زەکی محەمەد بەسیم ناسراو بە حازم) لەلایەنی حزبییەوە بایەخی بە من دەداو پەیوەندیی حزبی شیوعی لەگەڵ حزبی ڕزگاریی نیشتمانی بۆ ڕوونکردمەوەو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هەر ئەندامێکی حزبی شیوعی ئەندامە لە حزبی ڕزگاریی نیشتمانییدا بەڵام هەر ئەندامێکی حزبی ڕزگاریی نیشتمانیی ئەندامی حزبی شیوعی نییە، چونکە حزبی ڕزگاریی نیشتمانیی حزبێکە بۆ فراوانکردنی بەشی جەماوەری گەل لە کرێکاران، جوتیاران و زەحمەتکێشان، ڕۆشنبیران، بۆرژوای بچووک بەگشتی، لە هەموو نەتەوەو ئایین و تایەفەکان، لەکاتێکدا حزبی شیوعی پێشڕەوی بزووتنەوەی ئەم چین و توێژە کۆمەڵایەتیانەیە).

ئەوەی کەریم ئەحمەد لەسەر زاری زەکی محەمەد بەسیم دەیگێڕێتەوە، گرتنە بەری سیاسەتی دیماگۆگیانەی حشع و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەرو ئەندامانی حزبەکەی خۆیانە، چونکە ئەوان پەنایان بردۆتە بەر سیاسەتی فڕتوفێڵ و شاردنەوەی ڕاستییەکان لە ئەندام و لایەنگرانی خۆیان. بەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە فەهد و سەرکردایەتی حشع، لەلایەک دژایەتی هەموو حزبێکی سیاسیی کوردی و کوردستانیان کردووە، لەلاکەی دیکەشەوە هاوکاری و پشتیوانی هەموو حزبێکی سیاسیی عەرەبی و عێراقییان کردووە! فەهد و حزبی شیوعی عێراق، تەنانەت شۆڕشی کوردو خەڵکی کوردستانیان بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەپەرستی، کۆنەپەرستانەی

دەرەبەگایەتی، بۆرژوازی گرێدراو بە ئیمپریالیزمی بەریتانیا و ئەمریکا ناو دەبرد، لە کاتێکدا کە ئەوان وەکو حشع ئامادەبوون هاوپەیمانێتی لەگەڵ کۆنەپەرستترین حزبی نەتەوەپەرستی عەرەبی و بۆرژوازی عێراقی بکەن، بگرە حزبی عەرەبی نەتەوەپەرست و بۆرژوازی عێراقیشیان بۆ دامەزرێنن.

فەهد، هەر خۆی بوو کاتێک کە پارتی هیوا لە مانگی نیسانی ساڵی (1939)دا دامەزرا، ئەو لە ساڵی (1945)دا هێرشی بێبنەماو توندی کردنە سەرو لە نووسینێکدا لەژێر ناوی (گەلی کورد پێویستی بە پارتی کارە نەک پارتی هیوا)، وای نووسیبوو: (ئەم سەرکردایەتییە نوێنەری بزووتنەوەی کورد نییە). بەمەش فەهد دژایەتی خۆیی و حشع-ی بەرانبەر ئەم پارتە کوردییە دەربڕی، لە کاتێکدا دەیان پارتی ناسیۆنالیستی عەرەبی لە عێراق دا هەبوون کە فەهد و حشع نەک دژایەتی خۆیان بۆ ئەوان دەرنەدەبڕی، بەڵکو ئامادەی پشتیوانی و هاوپەیمانێتی ئەوان بوون! باشە ئەی بۆ دروشمی (ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دونیا یەککگرن)، لە کۆنگرەی باکۆ بەرزکرایەوە (1920.9.8-1)، ئەی لەپێناوی یەککگرتنی خەباتی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراو نەبوو؟ هەر کەسێک تۆزێک ژیر بێت، دەزانێ کە فەهد لە ترسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دژایەتی هەر پارت، ڕێکخراو یان بزووتنەوەیەکی کوردی و کوردستانی کردووە، بەڵام دژایەتی هیچ پارت و ڕێکخراوێکی نەتەوەپەرستی عەرەبی نەکردووە، بەڵکو هەمیشە پشتیوانیشی کردوون، چونکە ئەوان هەرگیز بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عێراقی دەستکردی

ئیمپریالیزمی ئینگلیز مەترسی نەبووینە، ئەمە لە کاتێکدایە کە دوور لە خواست و ئارەزووی کورد بەشێک لە خاک و نیشتمانی کورد (باشووری کوردستان/ ویلایەتی موسڵ) بە زۆر بە دەوڵەتی عێراق لکێنرا. فەهد لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی (1934)دا چووە فەرەنسا و لەوێشەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت، بۆ ئەوەی بە ئاسۆیەکی فراوان بگەڕێتەوە و جیاوازی نێوان نەتەوەکان نەهێڵێت و خەبات لەپێناوی یەکسانی، دادپەروەری، نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەز، نەتەوە و ئایین بکات، بەڵام ئەو دوای تەواوکردنی ئامۆژگای پێگەیاندنی کادیران (خوێندنگەی ڕەنجدەرانی خۆرهەڵات/ مدرسة كادحي شرق)، کە بە دوو ساڵ تەواوی کرد، گەڕایەوە بۆ عێراق و هەمان بۆچوون و بیرکردنەوەی شۆڤینیستە عەرەبی، ئیسلامی و بەعسییەکانی بەرانبەر بە کورد و کوردستان هەبوو! حەنا بەتاتۆ (1926–2000.6.4)، کە میژوونووسێکی بە ڕەچەڵەک فەلەستینی دژ بە کورد و کوردستان بوو، لە لاپەڕە (147–148)ی پەرتووکی (العراق الكتاب الثاني الحزب الشيوعي)، باسی گەشتی فەهد و گەڕانەوەکەی بۆ عێراق دەکات، کە فەهد بەهۆی هاوکاری کۆمەڵەی تەبایی عەرەبی (جمعية الوفاق العربي)، لە ڕۆژی (1935.2.3)دا گەیشتۆتە مۆسکۆ و دوای خوێندن لە (زانکۆی کۆمۆنیستان بۆ ڕەنجدەرانی خۆرهەڵات)، لە ڕۆژی (1938.1.30) گەڕایەوە عێراق!

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر وتارەکەی فەهد لەدژی کورد و حزبی هیوا، ئاماژە بە لاپەڕەیەک لە پەرتووکەکەی زەکی خەیری و سوعاد خەیری دەدەم، ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە فەهدی سکرتێری حزبی شیوعی، لە مانگی نیسانی ساڵی (1945)دا

وتارێکی لەدژی (حزبی هیوا)ی کوردی لەژێر ناوی (گەلی کورد پێویستی بە پارتی کار هەیە نەک پارتی هیوا)دا نووسیوەو لە وتارەکەدا هاتووە: (نەتەوەپەرستە ڕاستڕەوە کوردەکان لە سەرکردایەتی حزبی هیوای ڕاستڕەو کە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ تەفرەدانی گەلی کورد، بەکارهێنانی شۆڕشەکانی و ئاراستە کردنی بەشێوەیەک تا خزمەتی بەرژەوەندی کۆمەڵێک لە کۆنەپەرستان بکات. ئەوانە هەوڵی جیاکردنەوەی خەباتی گەلی کوردیان دا لە خەباتی گەلی عەرەبی براو هەزاران نیشتمانپەروەری پڕ ئارەزوو و بەورەیان سڕکرد لە چەند ڕێکخراوێکی سست و پەرتەوازەدا، فەرمانڕەواییێتیی چاوشۆڕو ڕیسوایی خۆیانیان بەسەردا سەپاندن. ئاوات و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد پێویستی بە نوێنەرایەتی هەڵمەتی گیانی مەشخەڵێکی نوێ هەیە، کە بزووتنەوەی کوردیی چاوەڕێی ئاراستە و سەرکردایەتییەکی ڕاستەقینە دەکات)[118]. فەهدی بەناو مارکسیست، کۆمۆنیست و ئینتەرناسیۆنالیزم، ئەگەر باوەڕی بە خەباتی گەلانی ژێردەست و چەوساوە هەیە، بۆ دەبێت بەمشێوەیە هێرش بکاتە سەر حزبی هیوا کە دەیەوێت قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستان بخاتە ئەستۆی خۆیەوە؟ بۆ دامەزراندنی پارتێکی کوردی یان کوردستانی، جیاکردنەوەی خەباتی گەلی کوردە لە خەباتی گەلی عەرەب، کە خەباتی گەلی کورد لەپێناو ڕزگارکردنی نیشتمان و نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتییە، بەڵام عەرەبی عێراق نە وڵاتەکەی

[118]- زكى خيري و سعاد خيري، دراسات في تأريخ الحزب الشيوعي العراقي، المجلد الأول)، في الموضوع: الحزب الشيوعي العراقي يحدد إستراتيجية و تكتيک مرحلة التحرر الوطني 1944-1947، ص (150).

داگیرکراوە و نە چەوسانەوەی نەتەوایەتی لەسەرە، بەڵکو تەنیا لە دیموکراسی بێبەشە؟ بەداخەوە بۆ ئەو وشانەی سەرەوە کە لە دەم و بە پێنووسی سەرکردەیەکی بەناو نێونەتەوەیی و هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم و کۆمۆنیزم دەرچووبێت و نووسرابێتەوە. ئەم بۆچوون و بیرکردنەوانەی فەهد هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بۆچوون و بیرکردنەوەی سەرکردە ڕەگەزپەرست و عروبیە نەتەوەپەرستەکانی دیکەی بەعسی عێراقی نییە. فەهد، پارتی هیواو سەرکردەکانی بە تەفرەدەری گەلی باشووری کوردستان، خزمەتکاری کۆنەپەرستان، نەتەوەپەرست و ڕاستڕەو، چاوشۆڕ، ڕیسوا تۆمەتبار دەکات، گوایە هەزاران نیشتمانپەروەریان لە کۆڕی خەبات ساردکردۆتەوە و هەوڵی جیاکردنەوەی خەباتی گەلی کوردیان لە خەباتی گەلی عەرەبی برا (برایەتی درۆزنانە) داوە، کە عەرەب بەشێوەیەکی گشتیی هەردەم لەم پەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی ڕاستڕەو، کۆمۆنیست، ئیسلامی و شۆڤینی دژی مافە ڕەواکانی گەلی باشووری کوردستان وەستاونەتەوە.

فەهد لە خاڵی (13)- (ئا)دا وای نووسیوە: (لەپێناو نزیکبوونەوەو هاوکاریی سیاسی لەنێوان گەلانی عەرەب و لەنێوان حزب و کۆمەڵە سیاسییە دیموکراسییەکاندا خەبات دەکەین، لەپێناو سەربەخۆیی و دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین و وڵاتانی عەرەبیی ژێر دەستەی ئیستعمارو شوێنکەوتوو. لەپێناو تەواوکردنی سەربەخۆیی عێراق و سوریە و لوبنان و میسر، لەدژی زایۆنیزم و دژی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، کە ڕاستەوخۆ یان بە ڕێی پەیمانەکان و نوێنەر ناردن و پاراستنی وڵاتانی عەرەب، لەدژی هەوڵ، تەقەلاو

دەستدرێژکاریی تازەی ئیمپریالیزم، لەدژی چەسپاندنی دەسەڵاتی بییانی بەهەر شێوەیەک بێ لە وڵاتانی عەرەبدا[119]. فەهد، بە شێوەی شۆڤینیست و نەتەوەپەرستێکی عەرەبی عێراقی هەموو خەبات و توانای 'حشع'ی لە پێناوی نەتەوەی عەرەب و وڵاتانی عەرەبیدا چڕ کردۆتەوە، کە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان حشع و خۆیی لەلایەک و حزب و سەرکردە نەتەوەپەرست، ئیسلامی، عروبییە عێراقی و هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی نەهێشتۆتەوە. هەر کەسێک تەواوی پەیماننامەکە و پەرتووکەکە بخوێنێتەوە، زیاتر ماسکی شاردراوەی عروبە و شۆڤینیستی (فەهد و سەرکردەکانی حزبی شیوعی عێراقی)مان لە پەنا کۆمۆنیستی و نێونەتەوەیی درۆییەی ئەواندا بۆ دەردەکەوێت! ئەوەی کە فەهد نووسیویەتی، ئەگەر بێت و بەناوی ئەو بڵاونەکرابایەوە و لەژێریدا بنووسرابایە (أمة عربية واحدة ذات رسالة خالدة)، هەموو خوێنەرێک وای دەزانی کە ئەمە ڕاگەیاندن، بڵاوکراوە یان بەیاننامەیەکی حزبی بەعسی عەرەبییە نەک حشع و حزبەکەی فەهد!

فەهد، سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی عێراق، بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق دەڵێ: (دروشمی جیابوونەوەی کوردەکان لە دەوڵەتی عێراق جگە لە دروشمێکی هەڵە شتێکی دیکە نییە، بە هیچ شێوەیەک هیچ سوودێک نابەخشێت بۆ زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری گەلی کورد)[120]. باشە ئەگەر دروشمی جیابوونەوەی

[119]- تەواوی نووسینەکانی هاوڕێ فەهد، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، لاپەڕە (111).

[120]- إبتسام سلمان عطية الغزي، موقف الحزب الشيوعي العراقي من القضية الكردية (1934-1968) في العراق، ص (39)، مأخوذ من: سعاد خيري، فهد والنهج الماركسي اللينيني في قضايا الثورة، ص (96).

کورد لە دەوڵەتی عێراق سوودی بۆ کورد نەبێت، سوودی بۆ کێ دەبێت، بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا؟ ئایە دروشمی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، تەنیا سوودی بۆ کورد دەبێت، یان لەبەرژەوەندی کێشەی هەموو نەتەوە ژێر دەست، خاک داگیرکراوەکان، سەقامگیری و ئارامی تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت؟ بەڵام بەدڵنیاییەوە جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، زیانی بۆ عەرەبی بۆرژوای داگیرکەری عێراقی دەبێت، کە چیتر سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی کوردستان بۆ ئەوان نابێت و توانای کورد بۆ بەرژەوەندی عەرەب بەکارنایەت، بۆیە فەهد بەشێوەی عەرەبێکی شۆڤینیست بۆچوونی خۆی سەبارەت بەم پرسە دەربڕیوە.

ئێستا گەر پرسیاری ئەوە لە هەر شیوعییەکی عەرەب بکەیت، ئەی بۆ بە هەمان هۆکار داوای یەکێتیی چینی کرێکارانی جولەکە و عەرەب لە دەوڵەتی ئیسرائیل و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئارەزوومەندانەی هاوبەش بۆ جولەکە و عەرەب لە ئیسرائیل ناکەن، با چیتر عەرەب داوای قەڵاچۆکردنی جولەکە و سڕینەوەی ئیسرائیل و دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی فەلەستین لەسەر خاکی ئیسرائیل نەکەن؟ ئەوکاتە بە هەڵچوونەوە وەکو لە شاخ و شار لە هەشتاکان وەڵام دەدەنەوە، کە گوایە: (پرسی عەرەبی فەلەستین شتێکی دیکەیە و زۆر لەگەڵ کێشەی کورد جیاوازە بۆیە نابێت بە یەک چاو سەیری پرسی کوردو پرسی فەلەستین بکرێت)! شیوعییەکان پێشتر وەکو نەتەوەپەرستە عەرەبەکان کێشەیان لەبری پرسی کوردو باکووری عێراقیان لەبری باشووری

کوردستان بەکاردەهێنا، کوردیان بە میوان لە عێراق و لەسەر خاکی عەرەب هەژمار دەکرد، بەڵام ئێستاکە زۆربەیان کوردستان بەکاردێنن، وەلێ بگاتە پرسی جیابوونەوەی کورد لە عێراق و سەربەخۆیی باشووری کوردستان زۆربە لەدژی دەوەستنەوە، نموونەش ڕیفراندۆمی (2017.9.25)، کە زۆربەی شیوعییە عەرەبەکان لەدژی بوون.

دەگوترێت کە گوایە فەهد لە ساڵی (1932) بیری مارکسیزم – لینینیزمی بڵاوکردەوە[121]، فەهد ئەو بیرەی لەژێر ناوی حزبی شیوعی عێراق بڵاوکردەوەو سەرەتا بەیاننامەکانی لەژێر دروشمی (یا عمال وفلاحي العالم العربي إتحدوا/ ئەی کرێکاران و جوتیارانی جیهانی عەرەبی یەکگرن) دەرکرد. کاتێک فەهد بەناوی نێونەتەوەیی و لە ڕاستیدا شۆڤینیستی عەرەبی، دامەزراندنی حزبی شیوعی بە دروشمی (ئەی کرێکاران و جوتیارانی جیهانی عەرەبی یەکگرن) ڕادەگەیەنێت، کەواتە ئەو پارتێکی عەرەبی تەنیا بۆ کرێکاران و جوتیارانی عەرەب دامەزراندووە، نەک حزبێکی کۆمۆنیستی و نێونەتەوەیی بۆ گەل، یان نەتەوەکانی عێراقی، بۆیە حزبی شیوعی عێراق بە وێنەی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نەبووە. هەر بۆیەشە زۆربەی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی، کۆمیتەی ناوەندی و کادیرە پلەبەرزەکانی ئەم حزبە بە کوردەکانیشەوە بە بیری شۆڤینیزمی عەرەبی و عێراقچێتی داگیرکەر و نکۆڵیکەر لە نیشتمانی کورد (کوردستان) پەروردە کرابوون، واتە کوردەکان کۆسمۆپۆلیتی

[121]- دكتور طارق يوسف اسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ص (63).

بوون. یوسف سەلمان یوسف (فەهد)، بەر لە دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق ئەندامی سەرکردایەتی پارتی نیشتمانیی عێراقی (الحزب الوطني العراقي) بوو[122]، کە پێشتر لە ڕۆژی (1921.8.14)دا لە سەر دەستی محەمەد جەعفەر ئەبو تمەن دامەزرابوو، کە پارتێکی بۆرژوازی عەرەبی بووە نەک کۆمۆنیست و ئینتەرناسیۆنالیزم. فەهد، لە نووسینی یەکەم بەیاننامەی کرێکاران و لایەنگرانی دامەزراندنی پارتێکی کۆمۆنیست کە خۆی نووسیبووی، بەیاننامەکە هەڵگری چەکوچ و داسەکە بوو، هەر خۆیشی لە شەوی (1932.12.13)دا لە هەژدە شوێنی شاری ناسریە بڵاوی کردبووەوە، ئەم دروشمەی نووسیبوو: (ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن. بژی یەکێتی کۆمارەکانی کرێکاران و جوتیاران لە وڵاتانی عەرەبی؛ سەرچاوە: (حنا بطاطو، العراق الكتاب الثالث الشيوعيون والبعثيون)، ئەم دروشمەی فەهد بەدڵنیایی ئەوە دەسەلمێنێ کە ناوبراو عێراق بە وڵاتێکی عەرەبی دەزانێت.

فەهدی سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی عێراق، تەنیا شۆڤینیستی عەرەبی نەبووە، بەڵکو دیکتاتۆریش بووە، چونکە تەواو تاکڕەو بووە و ئامادە نەبووە گوێ لە یەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی بگرێت و بڕیارەکان هەردەم خۆی سەپاندوویەتی، سەبارەت بە تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی فەهد نووسراوە: (پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین دەربارەی ئاماژەکردن بە خاڵێکی سەرەکی لەکاتی ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنفرانسی

[122]- حنا بطاطو، العراق الكتاب الثاني الحزب الشيوعي، ص66-67 + ويكيبيديا الموسوعة الحرة، يوسف سلمان يوسف + حنا بطاطو، العراق الكتاب الثالث الشيوعيون والبعثيون والضباط الأحرار، ص131).

یەکەمی حزب و کۆنگرەی یەکەمی نیشتمانیی، کە فەهد هەموو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ ڕێگری لە گەیشتنی هیچ کەسێک کە لەگەڵ ئەو یەکناگرنەوە لە بۆچوونەکان دەربارەی (پرسی ڕێکخستنەکانی حزب، یان پرسە هزری، سیاسیی و پرۆگراماییەکان)[123]، فەهد، هەموو دەنگێکی ناکۆک بە بۆچوونەکانی خۆی دوورخستەوە، بەم شێوەیە لە کۆنفرانس و کۆنگرە جگە لە بۆچوونێک کە ئەویش بۆچوونی فەهد بوو کە بە هاوکاری نووسینگەی ئینتەرناسیۆنالیزمی سێیەم ئامادەکرابوون، هیچ بۆچوونێکی دیکە نەبوو. هەتا لە سەردەمی ستالین-یش، ئەمە بە دەگمەن جێبەجێ کراوە، سەرەڕای پاکتاوکردن و کوشتنی زۆرو تۆندی دەنگە جیاوازو ناکۆکەکان بەخۆی. ئەم بڕیارەی فەهد بووە نەریتێکی خراپ لە ژیانی ناوخۆی حزب کە لەدوای خۆی بەجێیهێشت، ڕەوا نییە لە نێو حزبدا کەسێک جیاواز لە فەهد دەربارەی ئەم پرسە یان ئەو لایەنە بیربکاتەوە ڕێگەی لێ بگیرێت، یان مافی دەربڕینی بۆچوونی خۆی لە دەزگا باڵاکانی حزب نەبێت کە کۆنفرانس و کۆنگرەن. لێرە دەتوانین جەخت لەوە بکەینەوە کە فەهد لە توانای دا نەبوو لەسەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی لینینیزم – ستالینیزم بەرگەی بۆچوونی دی بگرێت و ڕێی بدات بۆچوونەکانی دەربڕێت، هەتا لە چوارچێوەی یاساکانی حزبدا. ئەمەش چەندان نەوەی شیوعییەکانی لەسەر پەروەردە کرا بە ئێمەشەوە). هەروەها سالم عوبێد[124] نووسیویەتی: (فەهد مارکسییەک بوو لە شێوەی

[123]- كاظم حبيب و زهدي الداوودي، فهد والحركة الوطنية في العراق، ص (231).
[124]- سالم عبيد النعمان، االحزب الشيوعي العراقي بقيادة فهد، ص (85-86).

ستالین لە پراکتیک و بەکارهێناندا. فەهد لە بۆچوونەکانی خۆی توندو ڕاشکاوانە بوو، پابەندبوو بە لێدوانەکانی خۆی کە لێیانی لانەدەدا و پاشگەز نەدەبۆوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حزبی تووشی کێشەی زۆر کرد)، ئەمەش دیکتاتۆریەتی فەهد-مان بۆ دەسەلمێنێت کە لە جۆری ستالین بووە، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەخات کە لێکترازان و جیابوونەوەکان هۆکارەکەی فەهد بووە. ستالین، تەنانەت باوەڕی بە کۆمۆنیزمی جیهانی نەبوو بەڵکو تەنیا باوەڕی بە چەسپاندنی سۆسیالیزم لە وڵاتێک دا هەبوو، کەواتە خەباتەکەی ئەو تەنیا بۆ ڕوسیا بوو، نەک بۆ چینی کرێکاران لە سەرانسەری جیهان.

دکتۆر تاریو یوسف، سەبارەت بە کۆیلایەتی فەهد و حشع بۆ ستالین و سۆڤییێت نووسیویەتی [125]: (سەرکردایەتی فەهد لەسەر نموونەی ستالینی دامەزرا. فەهد گوتویەتی: هەر شتێک کە ستالین گوتی یان فەرمانی پێدا دەبێتە ئەرکێکی پیرۆزو پێویستە گوێ ڕایەڵی بن، نەک تەنیا لەلایەن ئەندامانی حزبی شیوعی سۆڤیەتی، چینی پرۆلیتاری سۆڤیەتی و گەلی سۆڤیەتی، بەڵکو لەلایەن هەموو پرۆلیتاریای جیهانەوە)، لەکاتێکدا کە ستالینی دیکتاتۆرو مرۆڤکوژ باوەڕی بە کۆمۆنیزمی جیهانی و خەباتی نێونەتەواییانەی چینی کرێکارانی جیهان نەبوو، باوەڕی بە سۆسیالیزم لە ڕوسیا هەبوو. ئەمەش سەلمێنەری کۆیلایەتی، کلکایەتی و داردەستێتی حشع و فەهد بۆ سیالین و ڕوسیا دەردەخات، ئەگینا بۆ ئەندامێکی مەکتەبی

[125]- دکتور طارق یوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ص (87-88).

سیاسیی، کۆمیتەی ناوەندی و کادیرێکی شیوعی دژی ئەم لێدوانەی فەهد نەوەستایەوە؟

فەهدی سکرتێری حزبی شیوعی عێراق هەردەم بە شانازییەوە ئەم قسەیەی دووبارە کردۆتەوە: (دوژمنانی شۆڕشی ئوکتۆبەر، دوژمنی پرسە نیشتمانییەکانی ئێمەن)[126]. هەروەها حەنان بەتاتۆ لە بە عەرەبکردنی ڕێڕەوی حزبی شیوعی و ڕاپەڕینەکانی (نەجەف و حەی)دا باسی بیری شۆڤینیزم و عەرەبیسزمی سەرانی کۆمیتەی ناوەندی حشع دەکات و نووسیویەتی[127]: (دوورخستنەوەی حەمید عوسمان لە حوزەیرانی 1955 سنووورێکی بۆ بەرزبوونەوەی کوردەکان لەنێو حزبی شیوعی دانا، هەروەها تەعریبکردنی بۆچوونی حزبی ئاسان کرد، کە ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتدا بووە هۆی کۆبوونەوەی سۆڤییێت، کۆمۆنیستە عەرەبەکان و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لەسەر زەمینەی هاوبەشی دژایەتیی سەرسەختانەی پەیمانی بەغدا. سەرکردایەتی نوێی شیوعی سەرزەنشتی ڕێنماییە ناوخۆییەکانی کرد کە لە کۆتایی مانگی ئابدا دەرچوو، واتە نزیکەی مانگێک پێش ئەنجامدانی ڕێککەوتنی چەکی نێوان سۆڤییێت و میسر، سەرکردایەتی نوێی شیوعی ئەو هەڵوێستە نەرێنی و گۆشەگیرییەی سەرزەنشتکرد کە پارتەکە بەرانبەر بە کێشەکانی گەلانی عەرەب گرتبوویە بەر. ئەم ڕێنماییانە دەڵێن: [بە پابەندبوون بەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە

[126]- هەمان سەرچاوە، لا 264، وەرگیراو لە: البطل الحقيقي للعمال، مجلة قضايا السلم والإشتراكية، مجلد 7، عدد 3، نيسان 1964، ص42.

[127]- حنا بطاطو، العراق الكتاب الثالث الشيوعيون والبعثيون والضباط الأحرار، تحت العنوان (تعريب التوجه الحزب الشيوعي وإنتفاضات النجف والحي)، ص (57-58).

دەرچووە، حزبمان دەستیکرد بە هەڵمەتێکی سیاسیی خەبارگێڕانە لەژێر دروشمی (بۆ سیاسەتێکی عەرەبی نەتەوەیی) و داوای کرد بۆ دامەزراندنی (حکومەتێکی دیموکراسی نیشتمانی) کە عێراق لە (پەیمانی بەغدای شەڕانگێزی) دوور بخاتەوە و بیخەنە سەر (ڕێبازێکی نیشتمانیی عەرەبی سەربەخۆ)، کە ڕێی بێلایەنی و هاوکاری بێت لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی[128]. لەدوای خۆمالّی کردنی کەنالّی سوێس لە 26ی تەممووزی 1956 حزبمان لە ڕێگەی (شەڕی عروبەوە) دەستی کرد بە پێناسەکردن و خۆناسین بە تەواوی. هەروەک چۆن پێشتر لە مێژووی حزبماندا ڕووی نەدابوو، دووەمین کۆنفرانسی حزبی کە لە مانگی ئەیلولی ئەو ساڵەدا بەڕێوەچوو، بە سلّاوکردن کە ئاراستەی (عروبە/ عەرەبیسزم) کرابوو، کۆتایی هات. هەر لەو کۆنفرانسەدا حزب دانی بەوەدا نا کە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی بزووتنەوەیەکی (پێشکەوتنخوازی و دیموکراسییە لە شێوە و ناوەڕۆکدا). هەروەها ئەو خاکانەی گەلی عەرەب لە عێراقدا لە سەریدا نیشتەجێن، بەشێکی دانەبڕاو لە نیشتمانی عەرەب پێکدەهێنن، هەروەها 'عەرەب یەک نەتەوەن بەو پێیەی گروپێکی مێژوویی سەقامگیر پێکدەهێنن و لەسەر خاکێکی هاوبەش دەژین، بە زمانێکی هاوبەش دەدوێن، مەرجەکانی یەکێتی ئابووریان تێدایە، پێکهاتەیەکی دەروونی هاوبەشیان هەیە کە گوزارشت لە کولتورو نەریتە عەرەبییە هاوبەشەکانیدا دەکات لە ئارەزووی سەرسەختی یەکێتیدا. بەشێوەیەکی گشتی حزبی شیوعی

[128]- القاعدة، السنة 13، العدد 10 بتأريخ 15 تشرين العاني (نوڤمبر) 1955، و (مناضل الحزب)، السنة 2، العدد 2، الصادر في نهاية كانون الأول (ديسمبر)، 1955.

بەدیهێنانی ئامانجی بیرۆکەی یەکێتی عەرەب دەبەستێتەوە بە 'نەمانی ئیمپریالیزم لە جیهانی عەرەبی و جێبەجێکردنی چاکسازی دیموکراسی'[129].

دووڕخستنەوەی حەمید عوسمان لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (1955)، دووڕخستنەوەیەکی نایاسایی بوو، کە لەلایەن حوسێن ئەحمەد ئەلڕەضی (سەلام عادل) دەستبەسەر کراو لە کۆبوونەوەییەکی کۆمیتەی ناوەندی (کە کۆنگرە و کۆنفرانس نەبوو)، سەلام عادل بە سکرتێر دیاری کراو حەمید عوسمان بێ ئەوەی ڕێی بەشداربوونی بدەن بە شێوەی نایاسایی لادرا، دوای کۆبوونەوەکەش لە مانگی تەممووزدا بڕیاری دەرکردنی حەمید عوسمان لە حزبی شیوعی درا، بەڵام ئەو پێشتر لەو ماڵەی کە دەستبەسەر کرابوو توانی ڕابکات و پێوەندی بە دەستەی ئاڵای کارگەران (راية الشغيلة) بکات.

یەک: دووڕخستنەوەی حەمید عوسمان لە حوزەیرانی 1955 سنووورێکی بۆ بەرزبوونەوەی کوردەکان لەنێو حزبی شیوعی عێراق دانا، تەعریبکردنی بۆچوونی حزبی ئاسان کرد، کە ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتدا بووە هۆی کۆبوونەوەی ڕوسیا، کۆمۆنیستە عەرەب و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لەسەر زەمینەی هاوبەشی دژایەتیی سەرسەختانەی پەیمانی بەغدا.

[129]- الحزب الشيوعي العراقي، 'خطتنا السياسية للتحرير الوطني والقومي في ضوء الظروف التي كشف عنها المؤتمر العشرون للحزب الشيوعي للإتحاد السوفييتي'. تقرير اللجنة المركزية الذي وافق عليه كونفرنس الحزب الثانى في أيلول (سبتمبر) 1956، ص2 و 27-29، و (إتحاد الشعب)، السنة 14، العدد 9، الصادر في منتصف تشرين الأول (أكتوبر) 1956، ص8.

ئەو سیاسەتەی کە حەمید عوسمان پیادەی دەکرد لەگەڵ سیاسەتی ڕوسی نەدەگونجا، کە ئەو دەیویست دەسەڵاتی پاشایەتی بڕوخێنێ و حشع دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام ڕوسەکان دژی ئەو بۆچوونە بوون بۆیە سەلام عادل و کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعییان هاندا حەمید لادەن ئەوانیش لایاندا، هەروەکو خۆیان نووسیویانە دوورخستنەوەی حەمید عوسمان سنوورێکی بۆ بەرزبوونەوەی کوردەکان لەنێو حزبی شیوعی دانا، هەروەها تەعریبکردنی بۆچوونی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق ئاسان کرد، کەواتە حزبی شیوعی عێراقی دژی کورد لە نێو حزبی شیوعیدا هەنگاوی ناوە، پشتیوانی لە شۆڤینیزمی عەرەبی کردووەو حزبی بەرەو شۆڤینیزمی عەرەبی بردووە.

دوو: سەرکردایەتی نوێی شیوعی ئەو هەڵوێستە نەرێنی و گۆشەگیرییەی سەرزەنشتکرد کە پارتەکە بەرانبەر بە کێشەکانی گەلانی عەرەب گرتبوویە بەر. دیارە پێشتر حشع سیاسەتێکی دیکەی هەبووە بەرانبەر بە گەلانی عەرەب و ئێستاکە بە ئاشکرا پشتیوانی لە عروبە و شۆڤینیزمی عەرەبی دەکات.

سێ: بە پابەندبوون بەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دەرچووە، حزبمان دەستیکرد بە هەڵمەتێکی سیاسیی خەبارگێڕانە لەژێر دروشمی (بۆ سیاسەتێکی عەرەبی نەتەوەیی) و داوای کرد بۆ دامەزراندنی (حکومەتێکی دیموکراسی نیشتمانی) کە عێراق لە (پەیمانی بەغدای شەڕانگێز)ی دوور بخاتەوە و بیخەنە سەر (ڕێبازێکی نیشتمانیی عەرەبی سەربەخۆ)، کە ڕێی بێلایەنی و هاوکاری بێت لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی.

حزبی شیوعی عێراق، خۆی دانی پێدا دەنێت کە ئەوان دەستیان بە هەڵمەتێکی سیاسیی خەباتگێڕانە کردووە لەژێر دروشمی (بۆ سیاسەتێکی عەرەبی نەتەوەیی) بۆ ئەوەی عێراق بخەنە سەر (ڕێبازێکی نیشتمانیی عەرەبی سەربەخۆ)، کە ئەمانە ئەرکی پارتە بۆرژوازی و نەتەوەپەرستە عەرەبی و عێراقییەکانە نەک حزبێکی بە ڕووکەش کرێکاران و نێونەتەوەیی و بە ناوەڕۆک نەتەوەیی و عروبی، کە گوایە حزبی شیوعی عێراق نوێنەرایەتی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی، ئایینی و ئایینزاکانی عێراق دەکات، کە خەباتی چینایەتی کرێکارانە ئەرکی سەرەکی ئەو حزبەیە.

چوار: هەروەک چۆن پێشتر لە میژووی حزبماندا ڕووی نەدابوو، دووەمین کۆنفرانسی حزب کە لە مانگی ئەیلولی ئەو ساڵەدا بەڕێوەچوو، بە سڵاوکردن کە ئاراستەی (عروبە/ عەرەبیسزم) کرابوو، کۆتایی هات.

کۆنفرانسی دووەمی حشع، لە ڕۆژی (1956.9.10)دا بەسترا، کۆنفرانسەکە لەبری ئەوەی بە سڵاوکردن لە کرێکاران، ڕەنجدەران و نەتەوە چەوساوەکان دەست پێ بکات، بە سڵاوکردن لە عەرەبیسزم–ی حزبی بەعس و حزبە ئیسلامییە شۆڤینیزمەکان دەستی پێ کردووە، کە ئەوپەڕی شەرمەزارییە بۆ حزبی شیوعی عێراق و کوردەکانی نێو ئەو حزبە.

پێنج: هەر لەو کۆنفرانسەدا حزبی شیوعی دانی بەوەدا نا کە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی لە شێوە و ناوەڕۆکدا بزووتنەوەیەکی (پێشکەوتنخوازی و دیموکراسییە).

هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی لە شێوەو ناوەڕۆکدا بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز و دیموکراسییە، کەچی حزبی شیوعی هەردەم بە بیانوی بێماناو نالۆژیک دژی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەوەستایەوە، لەکاتێکدا بزووتنەوەی نەتەوایەتی عەرەبی قۆناغی ڕزگاری و نەتەوایەتی بڕیبوو، بەڵام بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد وڵاتەکەی داگیرکراو، لەتکراو، ژێر دەستە و کوردیش هێشتا چەوساوە بوو، قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیی و نەتەوەیی نەبڕیبوو، ژێردەستەی ئەو عەرەبیسزمە بوو کە حزبی شیوعی عێراق بەبەرچاوی ئەندامە کوردەکانی ئەو حزبەوە بێشەرمانە لە کۆنفرانسی دووەم سڵاوی بۆ عروبە (عەرەبیسزم) دەنارد!

شەش: هەروەها ئەو خاکەی کە گەلی عەرەب لە عێراقدا لە سەریدا نیشتەجێن، بەشێکی دانەبڕاو لە نیشتمانی عەرەب پێکدەهێنن.

حزبی شیوعی عێراق، بەعس ئاسا تەواوی عێراقی دەستکردی ئیمپریالیزمی بەریتانیا، کە لە خاکی کورد بە تایبەتی (باشووری کوردستان – ویلایەتی موسڵ) و خاکی بە عەرەبکراوی (ویلایەتی بەغدا و بەسرا) پێک دێت، بە خاکی عەرەب و نیشتمانی عەرەب دەزانێت، کە تا ئێساکەش ئەو بۆچوونە لەنێو بەشێکی ئەندامانی حشع بڵاوە و باشووری کوردستان بە خاکی پیرۆزی عەرەب دەزانن، هەندێکیان ئەوەندە ڕقیان لە کورد و کوردستانە، بەشێوەی بەعسی، شۆڤینیزمە عەرەبەکان و ئیسلامییەکان کە دێیتە سەر شارەکانی کوردستان، کەرکوک و هەولێر بە هی تورکمان و دهۆک

بە هی ئاشووریيەکان دادەنێن، ئەمەش بەئاشکرا لەدوای ڕووخانی ڕژێم و کاتی ڕیفراندۆمی (2017.9.25)ی کوردستان لەنێو ئەندامە عەرەبەکانی حشع دەردەبڕدرا، حوسێن سولّتان حەمادی سووبی ئەلخالیدی (1960/ نەجەف – 2021.8.28)، بە نموونە دێنمەوە، کە لە ڕۆژی (2014.7.17)دا لەژێر ناوی (الحزب الشيوعي العراقي بلا موقف من عملية إحتلال كركوك وتداعياتها/ بێ هەلّوێستی حشع لە داگیرکردنی کەرکوک و کاردانەوەکانی)، کە زۆر شۆڤینیستانە نووسراوەو چوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ شاری کەرکوکی شادەماری کوردستان لەدوای هاتنی داعشی تیرۆریست بە داگیرکردنێکی خیانەتکارانە و ستەملێکراوانە (إحتلال غادر) ناودەبات. زۆرێک لە شیوعییەکانی هاوشێوەی خالید سولّتان هاتن و داگیرکردنی شاری کەرکوک لەلایەن داعش–ی دژ بە مرۆڤایەتی، تیرۆریست، شۆڤینیستی ئیسلامی و کۆنەپەرست بە باشتر دەزانن لە چوونی هێزی پێشمەرگەی کورد و کوردستانی بۆ نێو شاری کەرکوک کە بەشێکە لە باشووری کوردستان و زۆربەی دانیشتوانەکەشی کوردن.

دکتۆر تاریق یوسف ئیسماعیل[130]، بە پشت بەستن بە ژمارە (9)ی ڕۆژنامەی (إتحاد الشعب)ی ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1956 و بلّاوکراوەی (خطتنا السياسية في سبيل التحرر الوطني والقومي – بغداد – الحزب الشيوعي العراقي، ص23)، نووسیویەتی: (ئەوەی کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی ولّاتمان دەبێتەوە کە لەسەر هاوکاری لەگەلّ ئیمپریالیزم، سازشکردن لەگەلّ

[130]- دكتور طارق يوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ص (140-141).

زایۆنیزم و دووڕەپەڕێزی لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی دامەزراوە، پێویستە بگۆڕدرێت بۆ سیاسەتێکی نەتەوەیی عەرەبی. سروشتی چوونە نێو جەنگی داهاتوو، پێویستە ئاشتیخوازانە بێت، جەخت بکاتەوە لەسەر ئامادەکردنی هێزە نیشتمانییەکان لە بەرەیەکی فراوان بۆ گۆڕینی سیاسەتی هەنوکە بۆ سیاسەتێکی عەرەبی نەتەوەپەرستانەی سەربەخۆ).

ئەوەی کە ئەم سەرچاوانەی حزبی شیوعی لە (إتحاد الشعب و خطتنا السياسية في سبيل التحرر الوطني والقومي) باسی دەکەن، لە سەردەمی سەلام عادل و کۆنفرانسی دووەمی حزبی شیوعی (1956.9.10)ە، کە بە گیانێکی عروبی نەتەوەپەرستانەی عەرەبی بەرنامەی حزبی شیوعی عێراقی دادەڕێژن، بۆیە حشع لادەرە لە مارکسیزم.

دکتۆر تاریق یوسف ئیسماعیل، بە پشت بەستن بە بڵاوکراوەی (خطتنا السياسية في سبيل التحرر الوطني والقومي – بغداد – الحزب الشيوعي العراقي، ص45)، دەڵێ[131]: (ڕاپۆرتەکە شوێنێکی فراوانی تەرخان کردبوو بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی و پرسی کورد، کە جەختی لەوە کردبووەوە، کە عێراق وڵاتێکی عەرەبیە و گەلەکەشی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، سەرەڕای ئەمەش ڕاپۆرتەکە تێبینی ئەوەی کردبوو کە دوو نەتەوەی سەرەکی لێرەدا هەن کە عەرەب و کوردن، هەر یەکەیان تێدەکۆشێت لەپێناوی سەربەخۆیی و ڕزگاری لەژێر دەستی ئیمپریالیزم. مسۆگەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق ڕێ

[131]- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (143).

دەدات بە ڕزگاری و یەکێتی عەرەبی، بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕێ خۆشکەرە بۆ مافی چارەی خۆنووسینی ڕاستەقینەی کوردی، هەروەها شیمانەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لەدوا هەنگاودا).

ئەوە کۆنفرانسی دووەمی حزبی شیوعی (1956.9.10) و سەلام عادلی سکرتێری حزبەکەیە، کە عێراق بە باشووری کوردستان و گەلی عێراق بە (عەرەب، کورد، ئاشووری، تورکمان و ئەرمەنی)، بە وڵاتێکی عەرەبی و بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دەزانن، کوردە شیوعیە بەناو پێشکەوتنخوازەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق-یش لەنێو شەپۆلی درۆینەی کەشتی ئینتەرناسیۆنالیزمی شیوعیەت خەویان لێکەوتووە.

پێم وایە حشع، ئەوەندەی نوێنەری عەرەبە شۆڤینییە دەمامک دراوەکانی دەوڵەتی عێراق بووە، ئەوەندە نوێنەری پارتێکی کۆمۆنیستی و ئینتەرناسیۆنالیستی عێراقی نەبووە، بەڵگەش زۆرن، بەڵام لێرەدا بەڵگەیەک بە نموونە دێنمەوە و ئاماژەی پێ دەدەم، کە لە لاپەڕە (41)ی نامیلکەی (برنامج الحزب الشيوعي العراقي و نظامه الداخلي أقره المؤتمر الوطني الثاني للحزب أيلول 1970)، هاتووە: (کۆنفرانسی دووەمی حزبی شیوعی عێراق لە مانگی ئەیلولی ساڵی 1956 بەسترا لەسەر بنچینەی بەڵگەنامەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لەژێر ناوی (لە پێناوی ڕزگاربوونی نیشتمانیی و نەتەوەییمان)، کە ئەم بەڵگەنامەیە ڕایەڵە گشتییەکان دەگرێتە خۆ، کە دەکرێ بە سەرەتایەک بۆ یەکێتی هێزە نیشتمانییەکان دابنرێت. ئەم ڕاپۆتە ئەرکەکانی ڕۆژەڤی دیاری کرد، کە دامەزراندنی

حکومەتێکی نیشتمانییە بۆ ئەوەی ئەرکە دیاریکراوەکان بخاتە ئەستۆی خۆی، کە تیایدا هاتووە: دانانی سنووریک بۆ دابڕانی عێراق لە وڵاتە عەرەبییە دەستەخوشکەکانی و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی عەرەبی نیشتمانی کە شەرەفی بەشداربوونی عێراق لە پەیماننامە عەرەبییەکان بۆ عێراق دەستەبەر بکات لەگەڵ هەوڵێکی بەنرخ لە پێناوی یەکێتی خواستی عەرەبی). ئەمەش پارتە بەناو کۆمۆنیستەکەی سەلام عادل، کاتێک کە کۆنفرانسی دووەمی حشع لە ڕۆژی (1956.9.10)دا بەسترا، سەلام عادل سکرتێری گشتیی حشع بووە، کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ بەرنامەی بەعسی عروبە.

سەمینە ناجی یوسف و نزار خالید، ئاماژەیان بە وتارێکی سەلام عادل داوە کە لە ڕۆژی (1957.5.1)، لەژێر ناوی (إنتفاضة 1956 ومهامنا في الظروف الراهن) نووسیراوە[132]، سەلام عادل دەڵێ: (وڵاتی میسر بە سەرکردایەتی جەمال عەبدولناسر ڕۆڵێکی پاڵەوانانەی بینی لە هەوڵی ڕیشەکێشکردنی داگیرکەران، هاوپەیمانەکانیان و سەرکردایەتی کردنی سەروەری ڕزگاریخوازی عەرەبی. بۆ یەکەم جار و لە ماوەی چەند سەدەیەکی ڕابردوو هەرگیز بزووتنەوەی ڕزگاری عەرەبی بەم ڕادەیە بەهێز، چالاک و ئاراستەیەکی یەکگرتوانەی نەبووە. سەبارەت بە دەرکردنی داگیرکەران لە جیهانی عەرەبی و لە پێناوی وەڵام دانەوەی هێرشە دوژمنکاریەکان و پیلانگێڕییەکانیان، وڵاتانی عەرەبی یەکگرتوو ڕووەو بەستنی پەیماننامەی پارێزگاری عەرەبی و پەیماننامەی

[132]- ثمينة ناجي يوسف و نزار خالد، سلام عادل سيرة مناضل 1، ص (391-451).

ئابووری، سیاسی و ڕۆشنبیری هەنگاویان نا، هەروەها ڕووەو بەستنی کۆنگرە هەنگاویان نا بۆ یەکێتی هەڵوێستە سیاسییەکان و هەماهەنگی هەوڵەکانیان بە ئاراستەی بەرەنگار بوونەوەی پیلانگێڕە داگیرکارەکانیان، کردە دوژمناکارییەکانیان و هەنگاونان بۆ ڕزگارکردنی جیهانی عەرەبی و نەتەوەی عەرەب). ئەوەی سەلام عادل، نووسیویەتی، هەمان داخوازی سەدام حوسێن و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بووە، کە بە یەک وشەش باسی چینی کرێکار و پرۆلیتاری وڵاتانی عەرەبی و عێراقی نەکردووە!

سەلام عادل، هەر لە بابەتی (إنتفاضة 1956 ومهامنا في الظروف الراهن)، لە لاپەڕە (414)ی هەمان سەرچاوەی سەرەوە، سەبارەت بە هۆکاری لاوازی بەشداری گەلی کورد لە باشووری کوردستان لەم ڕاپەڕینەدا نووسیویەتی: (شتێکی نامۆ نییە کە گەلی کورد لە دوا ڕاپەڕیندا هۆکارێکی گرنگی هۆکارەکانی شکستی ڕاپەڕینەکە بێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی تا ئێستا تەنیا گرنگی بە پرسی گەلانی عەرەبی داوە، بێ ئەوەی گرنگی پێویست بە پرسەکانی نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێ لە جیهانی عەرەبی بدات و چارەنووسیان ڕوونبکاتەوە، کە ئەمەش ڕوونە و بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جگە لە عێراق کە شانبەشانی گەلی عەرەبی بەشێکی گەورە لە نەتەوەی کوردی تێدا دەژیت، لە وڵاتانی تری عەرەبی نەتەوەی گەورەی ناعەرەبی ناژین کە سیاسەتی عەرەبی ناچار بکەن گرنگی بە پرسەکانیان و چارەنووسیان بدات). سەلام عادل، وەکو هەر عەرەبێکی ڕەگەزپەرست، یان بەعسی، کوردستانی سڕیوەتەوە و

کردوویەتی بە بەشێک لە خاکی عەرەب و عێراقی بەناو عەرەبی، ئەویش پێیوایە کە کورد لەسەر خاکی باشووری کوردستانی خۆی ناژیت بەڵکو لەسەر خاکی عەرەبی عێراق دەژیت، هەروەها ئەو کوردی ڕۆژئاوای کوردستانی ژێردەستی سوریا و ئەمازیغییەکانی وڵاتی مەغریبی پشتگوێ خستووە کە ئەوانیش عەرەب نین و عەرەب خاکی ئەوانیشی وەکو باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان داگیرکردووە!

لە ساڵی (1957)، گروپە مارکسی و دیموکراتیخوازەکانی کوردستان چەند دانیشتنێکیان کرد بۆ لێک نزیک بوونەوە و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مارکسی کۆمۆنیستی کوردستان، دانیشتن و گفتوگۆکان بوونە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەک لە سەرکردەکانی لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق لە ڕیزەکانی ئەو حزبە دەربچن و پێوەندی بە ڕێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن، ئەمەش ناکۆکی و ململانێی نێوان حشع و پارتی ئەوەندەی دی تووندتر کرد. بۆیە حوسێن ئەحمەد ئەلڕەزی ناسراو بە سەلام عادل-ی سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق زۆر شۆڤینیستانە و نامرۆڤانە هێرشی کردە سەر ئەوان و شۆڕشی کوردستان[133]. عەبدولڕەحمان سۆفی مینە کلاودروو ناسراو بە عەبدولڕەحمان زەبیحی (1920/ مەهاباد - 1980/ بەغدا)، هەر هەمان ساڵ بە نامیلکەی: (رد على الأفكار الكوسموپۆليتية)، بەناوی مەحمود ئەحمەد شنۆیی وەڵامی نامیلکەکەی حیزبی شیوعی عێراقی داوەتەوە، کە لە سوریا چاپکراوە. سەرەتا کەس نەیدەزانی کە

[133]- سلام عادل، رد على الأفكار القومية - التصفوية البرجوازية، 1957.8.20.

سەلام عادل نووسەری ئەم نامیلکەیە، بەڵام دواتر سەمینە ناجی یوسف هاوسەری سەلام عادلی لە سێدارە دراو لە لاپەڕەکانی (339-389)ی (سلام عادل سيرة مناضل 1)، ئاماژەی بەوەدا کە سەلام عادل نووسەری ئەم نامیلکەیە و دەقی نووسینەکەشی داناوە. لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی نامیکەکەی سەلام عادل، کە سووکایەتی زۆری بە کوردو تەنانەت شیوعییە کوردەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق کردبوو، کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد ناسراو بە دکتۆر کەمال فوئاد (1932-2014.11.16) و هاوڕێکانی نەیانتوانی ئەم هەموو سووکایەتییە پەسەند بکەن، بۆیە خۆیان لە (پدک) نزیک کردەوە و دواتریش پێوەندیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد.

زەکی خەیری و سوعاد خەیری، لە لاپەڕە (287)ی (دراسات في تأريخ الحزب الشيوعي العراقي، المجلد الأول)دا، نووسیویانە: (سەبارەت بە تێکچوونی پەیوەندییەکانی کۆماری عێراق و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (سوریا و میسر)، لە ئەنجامی ئەوەی کە دووەمیان سوور بوو لەسەر یەکگرتنی هەر دوو لا، هەروەها پەنا بردنی بۆ پیلانگێڕی لە پێناوی بەدی هێنانی یەکگرتنەکە، بۆ نموونە پیلانگێڕیەکەی شەواف، سەلام عادل سکرتێری گشتیی حشع بە ڕۆژنامەی (إتحاد الشعب)ی ڕۆژی (1959.3.30)ی ڕاگەیاند: <u>سیاسەتی عەرەبی ئێمە لەسەر ئەو بنچینەیە دارێژراوە کە عێراق بەشێکە لە وڵاتانی عەرەبی و لێی جیانابێتەوە</u>، کە ئێستاکە یەکێتی خەبات لە دژی کۆلۆنیالیزم، داروودەستەیی و دژی کۆنەپەرستی پێکەوەی بەستوون. ئەمە پرسێکی مێژوویی بابەتی بێ مەفەرە

(هەر دەبێ ببێت) و وابەستەی بارودۆخی تەنگانە و خواستی ئەم و ئەو نییە کە ڕووبەڕووی ڕەوڕەوەی مێژوو دەبنەوە، بەڵام ڕێی بەرەو هێنانەدی ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەبی لە یەکگرتنی خواستراو کە چەند ڕێیەکی جیاوازو هەنگاوی جیاواز دەگرێتە بەر، گرنگ تیایدا ئەوەیە کە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی عەرەبی بەهێز دەکات و بەرەو یەکێتی و دیموکراتییەکی تەندروستی دەبات. هەر لەسەر ئەو بنچینەیە، ڕۆژی دوای شۆڕشی 14ی تەممووز پێشنیاری بەشداری و چوونە ناو یەکێتی وڵاتانی عەرەبی شانبەشانی (کۆماری یەکگرتووی عەرەب و یەمەن)مان کرد لەسەر بنچینەی فیدراڵی، کە دروشمێکی پێشکەوتنخوازانە بوو، خزمەتی نەتەوەی عەرەبی دەکرد، کە لەم کاتەدا لەسەر بنچینەی هاوکاری ڕێژەیی لەنێوان وڵاتانی برا دروست دەبوو، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی و بەتایبەت سووربوونی هەندێک فەرمانڕەوای کۆماری یەکگرتووی عەرەبی سەبارەت بە پیلانگێڕی لەدژی عێراقی ڕزگار بوو، شیمانەی نزیکبوونەوەی لەم بارودۆخەدا تێکشکاند و دروشمی یەکگرتنی زۆر بۆ دواوە گەڕاندەوە).

سەلام عادل (حوسێن ئەحمەد عەلی کازم ئەلڕەضی/ 1922-1963.3.6)، سکرتێری حشع (1956-1963.3.6)، تەواوی خاکی عێراق بە باشووری کوردستانیشەوە بە بەشێکی دانەبڕاو لە خاک و وڵاتی عەرەب دەزانێت! جا نازانم جیاوازی لەنێوان (شیوعی، بەعسی، نەتەوەپەرسێکی عەرەب و ئیسلامییەکی داعشی)دا چییە کە خاکی باشووری کوردستان بە خاک و نیشتمانی عەرەب دادەنێن و ناو دەبەن؟ ئەو کۆمۆنیستە و بەناو سکرتێری حزبێکی

نێونەتەوەیی و کرێکاری، باسی سیاسەتی عەرەبی خۆیان دەکات و دەڵێ: (سیاسەتی عەرەبیمان لەسەر ئەو بنچینەیە دارێژراوە کە عێراق بەشێکە لە وڵاتانی عەرەبی و لێی جیانابێتەوە)! بەدڵنیایی بەعسی و ئیسلامییە داعشییەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە! ئەی بۆ کوردەکانی ناو حشع هەتا کۆتایی ساڵی (1988)یش باسی کورد و کوردستانیان نەدەکرد و دەیانگوت: (خەباتی ئێمە، خەباتی چینایەتی و نێونەتەوەییە، نەتەوە بۆ ئێمە هیچ مانایەکی نییە)، ئەی ئەوە نییە سکرتێری حشع باسی سیاسەت و خەباتی عروبە دەکات و عێراق بە بەشێکی هەرگیز دانەبڕاوی خاک و وڵاتانی عەرەبی ناودەبات؟ وا دیارە هەر وەکو کورد دەڵێت: (لەوان عادەت و لە کورد عیبرەت).

دکتۆر ئەحمەد حەمەدئەمین، دەڵێ[134]: (پارتی کۆمۆنیستی عێراق نکۆڵی لە هەبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و خەباتێکی لەو شێوەیە دەکرد، بەڵکو پدک–ی بە پارتێکی نەتەوەیی بۆرجوازیی – دەرەبەگایەتیی دادەنا، کە پێیانوابوو سەردەمی بەسەر چووە. لە بەرانبەردا پارتیش پێیوابوو پارتی کۆمۆنیست ڕێکخراوێکە بۆتە مایەی وێرانکردنی بزووتنەوەی کرێکاری. بەمەش وایان دەبینی بزووتنەوەکەیان بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانییە، دژی داگیرکاری، کۆنەپەرستییە، ناوەڕۆکێکی پێشکەوتنخوازی و ڕووکەشێکی شۆڕشگێڕی هەیە، بۆیە پێویستە

[134]- دکتۆر ئەحمەد حەمەدئەمین، ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەک نموونە، لاپەڕە (37-38).

لە ناو ڕیزەکانیدا کاربکرێت و پشتیوانی لە دروشم و داخوازییەکانی بکرێت).

حزبی شیوعی عێراق، دەیەوێت خۆی بکات بە خاوەنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، بەڵام بێ ئەوەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی پێ ڕەوا ببینێت، ئەوان لە مارکس تێنەگەیشتوون کە هەر نەتەوەیەکی ژێردەست بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکە خۆی ئەرکی ڕزگارکردنی نەتەوە و خاکەکەی دەگرێتە دەست، نەک حزبێکی بەناو کۆمۆنیست و بە ناوەڕۆک عروبی شۆڤینی، کە کارڵ هێنریک مارکس (1818.5.5-1883.3.14)، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، سەبارەت بە پرسی ڕزگاری ئێرلەندە وای بیر دەکردەوە کە بزووتنەوەی چینی کرێکارانی بەریتانی، دەتوانێ ئێرلەندە ڕزگار بکات، نەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتیی نەتەوەی ژێردەست و چەوساوەی دەستی داگیرکەری بەریتانی کە نەتەوەی ئێرلەندییە، بەڵام مارکس لە ساڵی (1867)دا دانی بەو هەڵەیەی خۆی دا ناو لە نامەیەک دا بۆ ئەنگلس نووسیویەتی: (ئەوەی ئێرلەندە ڕزگار دەکات، کرێکارانی ئینگلیز نین، بەڵکو ئەو بزووتنەوەیەیە کە جەماوەری ئێرلەندی پێی هەڵدەستن، بەڵام بە هاوکاری و پشتیوانی چینی کرێکاری بەریتانیا[135]، بۆیە ئەوەی کە باشووری کوردستان ڕزگات دەکات هەر دەبێ پارتی پێشڕەوی ڕەنجدەرانی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کۆمەڵانی خەڵک بێت، نەک حزبی شیوعی عێراق.

[135]- هەڤاڵ کوێستانی، حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان، لاپەڕە (18).

له بڵاوکراوە، ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکانی ساڵەکانی (40-80)کانی سەدەی ڕابردوو بە ئاشکرا دەیانگوت: (حزبی ئێمە و خەباتی نێونەتەوەیی ئێمە لەپێناو کۆکردنەوە و یەکگرتنەوەی هەموو کرێکاران، دەوڵەتان، نەهێشتنی سنوورەکان و چەسپاندنی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمە لە جیهاندا، نەک هەڵوەشاندنەوەی وڵاتێکی وەکو عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کە دەبێتە هۆی دابەشکردن و لاوازکردنی چینی کرێکار، بۆیە ئێمە برایەتی چینی کرێکاری عەرەب و کوردمان دەوێت، نەک دابەشکردن و پەرتەوازە کردنیان لە ڕێی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەمەی سەرەوە تەنانەت قسەی فەهدی سکرتێری حزبی شیوعی عێراق و سەرکردەشیان بووە).

بۆیە ئەگەر حزبی شیوعی عێراق، لە بەرنامەی خۆیشی بە ناچاری دانی بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان تا جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نابێت، ئەوە لەم کاتانەدا بووە کە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی عێراق لەوپەڕی خراپیدا بووە و تەنیا بۆ ڕاکێشانی سۆزی کورد ئەم مافەی بە کورد بەڕەوا زانیوە، ئەگینا لە ڕاستیدا باوەڕی پێی نەبووە، هەر کاتێکیش پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی عێراق بەهێزو باش بووە، بۆ نموونە لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لەنێوان (1958.7.14-1963.2.8)دا و سەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعس بە سەرکردایەتی (بەکر و سەدام)، لەنێوان ساڵانی (1972-1979)، هاوڕا بووە لەگەڵ دەسەڵات لە دژی پرسی کورد و کوردستان. حزبی شیوعی عێراق، تەنانەت لەکاتی زەمینە

لەباربوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، تا کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە کوردو عەرەبیانەوە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەوەستانەوە، کە بە لەتکردنی خاکی عێراق و دابەشکردن و لاوازکردنی چینی کرێکاری عێراق ناویان دەبرد.

تا هەموو، یان زۆرینەی عەرەب لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی نەگەنە ئەو بڕوایەی عەزیز شەریف سەبارەت بە مافە ڕەواکانی گەلی باشووری کوردستان، ئەوان ناتوانن لە بیری شۆڤینی و ڕەگەزپەرستی پانعەرەبیسیزم ڕزگاریان بێت، کە دەڵێت[136]: (تاکە ڕێی ڕاست بۆ زیندووکردنەوەی متمانەی جەماوەری کورد و نزیکبوونەوەی لە جەماوەری عەرەب ئەوەیە کە جەماوەری عەرەب پشتیوانی لە ئازادی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەی کورد بکات، پشتیوانییەکی ڕاستگۆیایە و لە دڵەوە لە خەباتی سەختیدا بۆ هێنانەدی ئازادییەکی تەواوی بێ کەموکوڕی، تا دژایەتی ئیمپریالیزمی بەریتانی و کۆنەپەرستانی عەرەبی بکات، کە نکۆڵی لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد دەکەن. خەباتی چالاکانە لەلایەن جەماوەری عەرەبی لەپێناوی سەربەستی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەی کورد، نەک تەنیا دەبێتە دروست کردنی هەستی برایەتی لەنێو جەماوەری کورددا، بەڵکو لەنێو جەماوەری عەرەب خۆیشیدا. ئەم خەباتە تاکە ڕێیە بۆ ڕۆشنبیرکردنی جەماوەری عەرەبی بە ڕۆشنبیر کردنێکی ڕاستەقینە بە گیانی

[136]- عزيز شريف، المسألة الكوردية في العراق، ص (70).

نێونەتەوەییانەی ڕەواو نەهێشتنی ڕەگی دەمارگیری نەتەوەیی لە مێشکیانداو ڕزگارکردنیان لە سەرکردە کۆنەپەرستەکان کە بەرەو خزمەتی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە سەرکردایەتیان دەکەن). عەزیز شەریف، دڵنیایە پارتە نەتەوەپەرستە عەرەبییەکان، حزبی شیوعی عێراق و ڕۆشنبیرانی عەرەبی عێراقی پشتیوانی لە مافی چارەنووسی کورد، ڕزگاری کوردو کوردستان لەژێر دەستی عەرەب و عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەسەر خاکی خۆی ناکەن، بۆیە ئەم داوایە دەکات.

دیلەکانی دەستی حشع و لە سێدارەدانیان لە موسڵ:

وەکو وەڵامێک بۆ جەلال دەباغ، حەمە ڕەشید قەرەداغی و شیوعییەکان؛ ئاماژە بەناوی ئەو پێشمەرگە دیلانەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، کە لە ساڵانی (1974-1975)، لە شەڕی حزبی شیوعی عێراق و سوپای عێراق لەلایەک و پارتی دیموکراتی کوردستان لەلاکەی دیکەوە، بەدیل گیران، کاتێک کە حزبی شیوعی شەڕی بۆ بەرژەوەندی بەعس دەکردو جاشی ڕژێم بوو، چەندان پێشمەرگەی دیلی پارتی ڕادەستی ڕژێم کران و دواتر زۆربەیان لە ڕێکەوتی (1975.4.28)، لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون:

1. ئەبوبەکر عومەر عەبدولڕەحمان خدر جاف (1946/ دوکان/ تەلان)، لەگەڵ بەکر ڕەسوڵ خەجێ، لە سەرەتای ساڵی (1975)، لە گوندی خدران لەلایەن حزبی شیوعی گیرابوون.

2. ئەبوبەکر محەمەدئەمین مەحمود (1931/ سلێمانی).

3. ئەحمەد حەمەد ڕەشید مستەفا (1952/ ڕانیە/ دانیشتووی خدران)، لە ڕۆژی (1974.11.6)، لە گوندی خدران لەلایەن هێزێکی حشع بە سەرپەرشتی ملازم ئەحمەد شەفیق ئەلجبوری (أبو إزدهار - الموصل)، لەگەڵ (5) کەسی دیکە بەدیل گیرابوو، دواتر لە ڕێکەوتی (1975.3.23)، لە سێدارە دران.

4. ئەحمەد عەزیز عومەر حەمەد شێخانی (1938/ بناوێ/ خەلیفان)، پێشمەرگە لە بەتالیۆنی سابیر شێخ جامی، لە مانگی ئابی ساڵی (1974)، لە گوندی حاجی وسو بەدیل گیراوە.

5. ئەحمەد مەحمود ڕەحیم شەریف (1932/ سلێمانی).

6. ئەکرەم حەمەدئەمین سالّح محەمەد (کەندێناوە/ کۆزەپانکە)، لە ڕۆژی (1974.10.1)، بەهۆی هەواڵ لێدانیان لەلایەن مەعروف محەمەد عەبدوڵڵا کاکەخان ناسراو بە مەعروف ئاغا (1938/ کورتاندرو/ دیبەگە)، موختاری گوندی کورتاندروو، لە شەڕێکی چەند کاتژمێری لە گوندی ناسر لە بناری چیای قەرەچوغ، لەلایەن شیوعییەکانی مەخمورو دیبەگە لەگەڵ حەوت پێشمەرگەی تر بەدیل گیران (لە بەرانبەر حەوت ناوەکەی تر تەنیا مێژووی بەدیل گرتنیان دەنووسم)، هەر لەو شەڕەدا قادر ئەحمەد حەسەن شینە ڕۆژبەیانی (1951/ پیرداودوسوان/ قەراج)، پێشمەرگەی هێزی دەشتی هەولێر کوژرا. کەسوکاری کوژراو و لە سێدارەدراوەکان دواتر لە ڕۆژی (1984.7.24)دا لە هەولێر لە تۆڵەی کوژراوەکانیان مەعروف موختاریان کوشتەوە، ئەوانیش کە جاشی وەهاب ڕەحمان محەمەد ئەمین زەنگەنە ناسراو بە وەهاب عەیشێ، سەرۆکجاشی فەوجی (153)ی جاشی سووک بوون، لە ڕۆژی (1985.2.7)دا لە گەڕەکی ئیسکان، بەرانبەر بە (قصر الشمال)، سەعید ئیبراهیم جوکل دزەیی-یان کوشت کە بێتاوان بوو، ڕژێم هیچ کەسێکی لەسەر ئەم تاوانە نەگرت چونکە دیسان جاش بوون و لە پەنا ڕژێم ئەو تاوانەشیان کرد.

7. ئەنوەر خدر عەبدوڵڵا محەمەد قادر (سلێمانی/ ماوەت).

8. ئەنوەر دەرویش مەجید قادر ڕۆغزایی (1953/ سەرچنار/ سلێمانی).

9. ئەنوەر عەبدوڵڵا ڕەسوڵ ئیبراهیم (1954/ بازیان/ سلێمانی).

10. ئیبراهیم محەمەد خەلیفە (1946/ کەرکوک/ چیمەن).
11. ئیسماعیل عیسا مستەفا موسا مەنتک (1950/ میرکە/ قوشتەپە).
12. بەکر ڕەسوڵ سالّح ناسراو بە بەکر ڕەسوڵ خەجێ (1943/ دوکان/ تەلان)، لەگەڵ ئەبوبەکر عەمەر ڕەحمان، لە سەرەتای سالّی (1975)، لە گوندی خدران لەلایەن حزبی شیوعی گیرابوون.
13. تۆفیق سدیق محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە (1940/ کەرکوک/ سەنگاو/ مەملەحە).
14. جەبار محەمەد قادر محەمەد ناسراو بە مامۆستا جەبار (سلێمانی).
15. جەعفەر محەمەد مستەفا عەبدولکەریم جاف (1934/ کەرکوک/ داقوق/ چەورگە).
16. جەلال ئیسماعیل عەبدولڕەحمان کەریم قەڵاسێوکەیی (1940/ ئاغجەلەر/ موتلیجە).
17. جەوهەر حەسەن مستەفا شێخە جاف (1959/ کۆیە/ خدران)، لە ڕۆژی (1974.11.6)دا لە خدران لەلایەن هێزێکی حشع بە سەرپەرشتی ملازم ئەحمەد شەفیق ئەلجبوری (أبو إزدهار – الموصل)، لەگەڵ (5) کەسی دیکە گیرابوو، دواتر لە ڕۆژی (1975.3.23)دا لە سێدارە دران (لە ڕاستیدا هاوولاّتی بوون، شیوعییەکان بەناوی پێشمەرگە ڕادەستی ڕژێمیان کردبوون).
18. جەوهەر محەمەد ئەیوب محەمەد بندیان (1933/ پیرداود/ شەمامک)، لە شەوی (1974.10.27)دا لە پیرداود لەلایەن سریەی

ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد حاجی برایم شێخ مەمودی ناسراو بە مەلا نەفتە بەدیل گیراوە.

19. حاجی محەمەد سالّح مەحمود شێخ سمایلی (1950/ کۆیە/ خدران)، لە ڕۆژی (1974.11.6)دا لە خدران لەلایەن حشع بە سەرپەرشتی ملازم ئەحمەد شەفیق ئەلجبوری (أبو إزدهار – الموصل)، لەگەڵ (5) کەسی تر بەدیل گیرابوو، دواتر لە ڕێکەوتی (1975.3.23)دا لە سێدارە دران.

20. حامید مستەفا خدر یونس خۆشناو (1954/ هەولێر)، پێشمەرگە لە بەتالیۆنی سابیر شێخ جامی، لەلایەن حزبی شیوعی لە مانگی ئابی سالّی (1974)، لە گوندی حاجی وسو بەدیل گیراوە.

21. حەسەن ئەحمەد حەمەد ئەحمەد ناسراو بە حەسەن تەباخ (1939/ هەولێر/ بەحرکە).

22. حەمە ڕەشید تاهیر ڕەشید (سلێمانی/ ماوەت)، لە سالّی (1974)دا لە سێدارە دراوە.

23. حەمە عەزیز حەمە مەحمود مەردان (سلێمانی/ سەرچنار).

24. حەمەدئەمین محەمەد قاسم یابە.

25. حەیدەر ئەحمەد مستەفا سیان (1950/ قوشتەپە/ باشتەپە)، لەنێو هەولێر بەهۆی شیوعییەکان زمانی لێ دراو دەستگیر کرا.

26. حوسێن ئەحمەد حەسەن عومەر (هەولێر).

27. حوسێن حەمە حەمە مەحمود گرووپی ناسراو بە حوسێن ئەحمەد ئاغا (1958/ مەخمور/ گرووپ)، لە ڕۆژی (1974.10.1) لە گوندی ناسر بەدیل گیراوە.

28. حوسێن قادر حوسێن حەسەن (1940/ ڕەواندز)، لە ڕۆژی (1974.3.23)دا گیراوە، ئەندامی حشع و سەر بە پاراستنی پارتی بوو، هەندێک باسی ئەوە دەکەن کە حزبی شیوعی خۆیان بەگرتن و لە سێدارەدانیان داوە و هەندێکی دیکە دەڵێن حەسەن خدر ئەلیاس نۆپل ڕواندزی بەگرتنی داوە، نەگەیشتمە ڕاستییەکی یەکلاکەرەوە.

29. خورشید فارس ئەمین مستەفا (1952/ چەمچەماڵ/ زەنانە).

30. دلێر سابیر ئەمین ئەحمەد چەکمەڕەق (1955/ کۆیە/ بەفری قەندی).

31. ڕەئوف عەلی بریندار بڵباس (1939/ هەولێر/ قوشتەپە/ دۆڵەبەکرە).

32. ڕەئوف عوسمان مەولود قادر هەمەوەندی (1941/ قەرێتاغ/ خەبات/ هەولێر)، لە سالّی (1974)، بەدیل گیراوە.

33. ڕەئوف محەمەد عوسمان محەمەد (1933/ سەرچنار).

34. ڕەئوف مستەفا غەفور قادر (1926/ سلێمانی)، لە ڕۆژی (1974.11.18)دا گیراوە، لە ڕۆژی (1975.3.11)، لە دادگای سەربازی تایبەتی کەرکوک دادگایی کراوە و دواتر لە ڕۆژی (1975.5.7)، لە سێدارە دراوە.

35. ڕەحمان مەحمود حوسێن محەمەد گورچن ناسراو بە کانەبی (1954/ بەردبڕ/ دێگەڵە/ کۆیە)، پێشمەرگە لە لقی نەسرەدین ئەحمەد مام شێخ کانەبی (کوڕە خوشکی نەسرەدین بوو)، لەگەڵ نەسرەدین-ی خالّی، لە مانگی تەممووزی سالّی (1974)دا لە گەرووی برنج خۆری لە نزیک گوندی دووشیوانی

مەنتکان لەلایەن هێزێکی حشع بە سەرپەرشتی سەلیم شێخ محەمەد گردەسۆری و کانەبی محەمەد سالّح ناسراو بە کانەبی گەورە، بەدیل گیران و دواتر لە سێدارە دران.

36. سالار محەمەد محەمەد هەنارەیی (1950/ شەوەک/ مەلائۆمەر).

37. سامی حەسەن شێخە عەبدوڵڵا دزەیی (1952/ هەولێر).

38. سلێمان لەتیف شەریف (1947/ کۆیە/ خدران)، لە ڕۆژی (1974.11.6)دا لە گوندی خدران لەلایەن هێزێکی حشع بە سەرپەرشتی ملازم ئەحمەد شەفیق ئەلجبوری (أبو إزدهار – الموصل)، لەگەڵ (5) کەسی تر گیرابوو، دواتر لە ڕۆژی (1975.3.23)دا لە موسڵ لە سێدارە دران (لە ڕاستیدا هاوولاّتی بوون، شیوعییەکان بەناوی پێشمەرگە ڕادەستی ڕژێمیان کردبوون).

39. سلێمان عەبدوڵڵا محەمەد محەمەد خۆشناو (1918/ بێتواتە/ زێوە).

40. سەباح ئەسعەد عومەر حەمەد گەردی (1950/ تەقتەق/ بانەمان)، پێشمەرگە لە بەتالیۆنی سابیر شێخ جامی، لە مانگی ئابی سالّی (1974)، لە گوندی حاجی وسو بەدیل گیراوە.

41. سەباح جامی جوکل ئیبراهیم فەندی دزەیی (1954/ کەندێناوە/ ناسر)، لە ڕۆژی (1974.10.1)، لە گوندی ناسر بەدیل گیراوە.

42. سەباح خورشید قادر حەمە زراری ناسراو بە سەباح خورشید بەسۆک (1951/ قوشتەپە/ پۆڕیجە)، لە شەوی

(1974.10.27)، لە گوندی پیرداود لەلایەن سریەی ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد حاجی برایم شێخ مەمودی ناسراو بە مەلا نەفتە بەدیل گیراوە.

43. سەباح نادر قادر (1951/ هەولێر).

44. سەباح نوری سەعید گەردی (1954/ گەڵاڵە).

45. سەڵاح سەعید عەبدوڵڵا حوسێن خۆشناو (1950/ مەسیف).

46. سەمەد حەمەدئەمین سەلام (کۆیە/ گرتک)، لە ساڵی (1974) لەگەڵ فوئاد عەبدوڵڵا تۆفیق لە گوندی گرتک لەلایەن سریەی کاوێس ڕەشید حەمەد ساڵح مەلازادە ناسراو بە مام کاوێس بەدیل گیران و دواتر لە سێدارە دران.

47. شەریف عەبدولڕەحمان بایز کاوێس شێخانی (1950/ ئیلنجاغ/ تەقتەق/ کۆیە)، لە ڕۆژی (1974.6.1)دا لە شەڕی ئاوەگرد بە بریندارى بەدیل گیرابوو.

48. شێرکۆ مەعروف ئیبراهیم ئەحمەد (1954/ کۆیە/ بایز ئاغا).

49. شوکر ئەحمەد کەریم خدر (1950/ کەرکوک/ چیمەن).

50. عەبدولڕەحمان محەمەد ساڵح (کۆیە/ خدران)، لە ڕۆژی (1974.11.6)دا لە گوندی خدران لەلایەن هێزێکی حشع بە سەرپەرشتی ملازم ئەحمەد شەفیق ئەلجبوری (أبو إزدهار – الموصل)، لەگەڵ (5) کەسی تر بەدیل گیرابوو، دواتر لە ڕێکەوتی (1975.3.23)دا لە سێدارە دران.

51. عەبدولمەناف حەسەن عەزیز حەسەن (1947/ گوێڕ/ ئەبو جەردە).

52. عەزیز ئەحمەد ڕۆستەم ساڵح (1947/ خانەقین/ قۆرەتوو).

53. عەزیز حەمەدئەمین مەحمود حەمەد بڵباس (1952/ چوارقورنە).

54. عەزیز وەلی عەبدوڵڵا قادر بڵباس (1946/ پیرداودوسوان/ قەراج)، لە ڕۆژی (1974.10.1)دا لە گوندی ناسر بەدیل گیراوە.

55. عەلی حەمە میرزا عەلی خەیلانی (1950/ گوێڕ/ گعێتل).

56. عەلی سالّح عەلی عەبدوڵڵا مەلازادە (1955/ کۆیە).

57. عەلی عەبدوڵڵا ئیبراهیم حوسێن شوانی (1951/ باوەقوب/ دێگەڵە/ کۆیە).

58. عوسمان خدر ئیبراهیم عومەر شێخ بزێنی (1939/ پیرداودوسوان/ قەراج/ مەخمور)، لە ڕۆژی (1974.10.1)، لە گوندی ناسر بەدیل گیراوە.

59. عومەر شەریف مستەفا بندیان (1932/ لاوەر/ کەندێناوە).

60. عومەر عەبدوڵڵا حەمەخان ڕەحیم تیلەکۆیی (1956/ سەرچنار/ باوەمرد)، لە ڕۆژی (1974.11.18)دا گیراوە، لە ڕۆژی (1975.3.11)، لە دادگای سەربازی تایبەتی کەرکوک دادگایی کراوە و لە ڕۆژی (1975.5.7)، لە سێدارە دراوە.

61. عومەر عەبدوڵڵا عوسمان وەلی گەردی (1943/ خەبات).

62. فاروق وەلی ڕەزا ئۆمەر ئاری کوتکی (1951/ هەولێر).

63. فەرخ تۆفیق عەزیز مستەفا شێخانی (1947/ گۆمەتاڵ/ شۆڕش/ کۆیە).

64. فوئاد عەبدوڵڵا تۆفیق حەوێز عومەر بەکر (1951/ کۆیە/ میرسەید)، لە سالّی (1974)، لەگەڵ سەمەد حەمەدئەمین سەلام لە گوندی گرتک لەلایەن سریەی کاوێس ڕەشید حەمەد سالّح مەلازادە

ناسراو بە مام کاوێس بەدیل گیران و دواتر لە موسڵ لە سێدارە دران.

65. فەقێ قادر عەلی (کۆیە/ خدران)، لە ڕۆژی (1974.11.6)دا لە گوندی خدران لەلایەن حشع بە سەرپەرشتی ملازم ئەحمەد شەفیق ئەلجبوری (أبو إزدهار – الموصل)، لەگەڵ (5) کەسی تر گیرا، دواتر لە ڕۆژی (1975.3.23)دا لە موسڵ لە سێدارە دران (لە ڕاستیدا هاوواڵاتی بوون، شیوعییەکان بەناوی پێشمەرگە ڕادەستی ڕژێمیان کردبوون).

66. فەیزوڵڵا عەبدوڵڵا ڕەشید عەبدوڵڵا (1951.7.1/ کەرکوک).

67. فەیسەڵ خورشید عەزیز عومەر دزەیی (1951/ قوڵتەپە/ قوشتەپە)، لە ڕۆژی (1974.10.1)دا لە گوندی ناسر بەدیل گیراوە.

68. قادر خاڵند عەولا قادر بڵباس (1940/ پیرداودوسوان/ قەراج)، لە ڕۆژی (1974.10.1)دا لە گوندی ناسر بەدیل گیراوە.

69. قادر هەمزە حەسەن کارەسوڵ گەردی (1939/ هەولێر/ حاجی وسو)، پێشمەرگە لە بەتالیۆنی سابیر شێخ جامی، لە مانگی ئابی ساڵی (1974)، لە گوندی حاجی وسو بەدیل گیراوە.

70. کەریم محەمەدئەمین خدر سادات (1955/ چەمچەماڵ/ تەپەدێ).

71. محەمەد ئەحمەد پیرۆت حەمەد گەڵاڵی (1936/ ئاخورە/ قوشتەپە).

72. محەمەد ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەمین (1954/ سلێمانی).

73. محەمەد ئەمین محەمەد قاسم (1935.7.1/ هەولێر).

74. محەمەد عەولا حەمەد عەدێ سوورچی (1930/ موسڵ)، لە سەرەتای مانگی یازدەی ساڵی (1974)، لە گوندی هەمزە بەگ لە سنووری شارەدێی کەسنەزان لەلایەن هێزێکی شیوعی بەدیل گیراو دواتر لە ڕۆژی (1974.12.29)دا لە سێدارە درا.

75. محەمەد محەمەدئەمین حەسەن مستەفا بڵباس ناسراو بە باوکە (1950/ مەخمور)، پێشمەرگەی پارتی، لە ڕێگەی سابیر ڕەسوڵ عوسمان لەک ئاوەدەلۆکی (شیوعی بوو)، خۆی ڕادەستی حکومەت کردەوە، حکومەت گرتی و لە ڕۆژی (1974.8.25)، لە سێدارە دراوە.

76. مشیر مەغدید ڕەسوڵ مستەفا (1957/ کۆیە).

77. مەحمود کاکل محەمەد مەحمود شێخ بزێنی (1952/ بەڕانەتی/ قەرێتاغ).

78. محیەدین ئەمین سوڵطان پیرداود بندیان (1946/ قەراج/ مەعمەر ئۆمەران).

79. مەولود ئیسماعیل مستەفا شێخ بزێنی (1948/ جبرار مەسیح)، لە ڕۆژی (1974.10.1)دا لە گوندی ناسر بەدیل گیراوە.

80. نەسرەدین ئەحمەد مام شێخ کانەبی مەنتک ناسراو بە نەسرەدین ئەحمەد کوێخا تورشی (1950/ بەردبڕ/ دێگەڵە)، جێگری سەرلق لە بەتالیۆنی یەکی (سەید کاکە) و لەگەڵ ڕەحمان مەحمود حوسێن لە مانگی تەممووزی ساڵی (1974)دا لە گەرووی برنج خۆر-ی لە نزیک گوندی دووشیوانی مەنتکان لەلایەن هێزێکی حشع بە سەرپەرشتی سەلیم شێخ محەمەد گردەسۆری و کانەبی

محەمەد سالّح ناسراو بە کانەبی گەورە بەدیل گیران و دواتر لە سێدارە دران.

81. وەهبی غەریب عەزیز سەعید (1954/ سلێمانی).

82. سەعدی خالید ئەسعەد سلێمان ناسراو بە سەعدی برادۆستی (1937/ هەولێر/ مەخمور/ باقرت/ کورداوە). مامۆستای لە کار دەرکراو، کۆنە شیوعی و ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە، لەلایەن حشع (عەلی حاجی محەمەد ئەمین مەخموری) و (عەلی عومەر سیان/ قەراج/ گردەجاڵ)دا لە ڕۆژی (12.7.1974)دا لە گوندی (حلوة علیا/ حەویجە) گیراوە، بە تەقاندنەوەی بۆڕی نەوتی کەرکوک تۆمەتباریان کردووە و ڕادەستی ئەمنی مەخمور کراوە، دوای چەند ڕۆژێک دەگوازرێتەوە بۆ ئەمنی پارێزگای موسڵ و لە ڕۆژی (17.3.1975)دا بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ، دواتر لە ڕۆژی (25.5.1978)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لەگەڵ بەشی دووەمی شیوعییەکان لە سێدارە دراوە، بۆیە ناوی بە شیوعی ڕۆیشتووە.

کوژراوانی حزبی شیوعی لە خزمەتی بەعس و لەدژی شۆڕشی کوردستان (1974.3.26-1975.3.20):

حزبی شیوعی عێراق، دوای ئەوەی لە ڕۆژی (1973.7.17)دا بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی مۆرکرد، ئیدی بە تەواوی خۆی ڕادەستی بەعس و سەدام کرد، چەکی بۆ ئەو ڕژێمە دڕندەیە هەڵگرت و پەیوەندی خۆی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیوەندییەکی ئاسایی و دۆستانەوە بۆ دوژمنایەتی گۆڕی. حزبی بەعس، واتە بەکر و سەدام، تەنیا لە کوردستان بە نهێنی چەکیان بە سەر ئەندامە کوردەکانی حزبی شیوعی دابەشکرد و دواتر لە ڕۆژنامەکانی خۆیان ناوی هەموو ئەو شیوعییانە، ژمارە، جۆری چەک و مێژووی وەرگرتنی چەکەکانیان بڵاوکردەوە، بەمەش هێندەی تر دوژمنایەتییان لەنێوان حزبی شیوعی و پارتی دژوارتر کرد. عەلی حامید قادر ئەحمەد، لە لاپەڕە (211-212)ی (بولیڵە)، نووسیویەتی: (بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازمان لەگەڵ حیزبی بەعس لە (1973)دا کردو قۆناغێکی نوێ لە ژیانی حیزبدا دەستیپێکرد، چونکە حیزب بە ئاشکرا کار و چالاکیی سیاسی دەکرد، بارەگا و بنکەمان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا کردەوە. لە یادمە بۆ بارەگاکەی حیزب لای گردی سەیوان، بڕێک چەکمان وەرگرت، هەر ئەوکات ژمارەیەک هاوڕێ کە ناوەکانیانم زۆر باش لە یاد ماوەو بریتی بوون لە: ئەحمەد مارف نانەوا، سەید تۆفیق هەڵەبجەیی و شێخ سەعید شێخ حوسێن بەرزنجی. ئەم سێ

هاوڕێیە هەرسێکیان لە کاتی دابەشکردنی چەکەکاندا لە بارەگا، نازانم چ شتێک مەستی کردبوون، وتیان: ئەم چەکانە کە ئێستا دەتاندەینێ، هینی خۆمانە، چەکی حیزبە، تا دامەزراندنی ڕژێمی سۆشیالیستی دایناێین! لە ساڵی (1978)دا، کاتێک کە ئیتر خۆری بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بەرەو ئاوابوون دەچوو، هەروەها حیزبی بەعس هەڵمەتی ڕاوەدوونان، تەنگپێهەڵچنین و گرتنی شیوعییەکانی دەست پێ کرد، حیزب لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا هەرچی چەکێکی هەبوو کۆیکردەوە)، وەکو دەرکەوت ئەم چەکانە چەکی جاشایەتی بوون کە شیوعییەکان و (ئەحمەد مەعروف سەعید ناسراو بە ئەحمەد مارف نانەوا (1923/ سلێمانی- 1982.7.7/6/ نۆکان-بەهۆی ڕمانی شاخەوە)، تۆفیق قادر ساڵح ناسراو بە سەید تۆفیق هەڵەبجەیی (1927/ هەڵەبجە/ سیروان/ عەبابەیلێ-1983.6.22/ لە هانە سوورە-ی نزیک سورێن بە نەخۆشی مردووە) و شێخ سەعید شێخ حوسێن بەرزنجی) کردیانە شان بۆ کوشتنی کورد، دژایەتی کردن و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشی کوردستان، بەڵام حزبی شیوعی و شیوعییەکان ئەوەندە ساویلکە و نەزان بوون تا چەک کران و ڕاونران هەستیان پێی نەکرد، ئەوان تەنانەت هەمان بۆچوونی حزبی بەعس و حکومەتی عێراقیان هەبوو سەبارەت بە جێبەجێ کردنی بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (1970)، لە ساڵی (1974)دا، پڕۆژەیەکی هاوبەشی بەرەی حزبی شیوعی و بەعس پێشکەش بە پارتی کرا، کە ڕێککەوتنەکەی ئاداریان ڕووتاندبووەوە و هیچ ناوەڕۆکێکی ئۆتۆنۆمی تێدا نەبوو، کەچی حشع دواتر

سەرانی شۆڕشی کوردستانی تۆمەتبار دەکرد کە گوایە بە قسەی ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێران پڕۆژە تێروتەسەڵەکەی بەرەی بەعس و شیوعیان ڕەتکردۆتەوە و دەستیان بە پەلاماردانی سوپای ڕژێم و شیوعییە چەکدارە جاشەکانی سەدام کردووە، لەکاتێکدا کە پڕۆژە هاوبەشەکەی بەرەی بەعس و شیوعی نەک هەر هیچی بۆ کورد تێدا نەبوو بەڵکو نیوەی خاکی باشووری کوردستانی دابڕیبوو، هەروەها سوپای عێراق و جاش شیوعییەکان لە پەلاماردانی هێزی پێشمەرگە دەستپێشخەر بوون، سەرەڕای ئەوەی کە ئیدریس بارزانی بەناوی مەلا مستەفا، سەرانی پارتی و شۆڕشەوە داوای درێژکردنەوەی ئاگربەستی چوار ساڵەی بۆ یەک ساڵی تر کرد، کەچی سەرانی بەعس پەسندیان نەکردو ماوەی پازدە ڕۆژیان بۆ وەڵام دانەوە بۆ دانان. کۆمیتەی باڵای بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، لە ڕۆژی (1973.12.30)، لە کۆبوونەوەی خۆیدا بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی پێشکەش بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردو داوای لێکرد کە پەلە لە خوێندنەوەو وەڵامدانەوەی بکات[137]. ڕاستییەکەی ڕۆژی (1974.1.17)، نوێنەرانی حزبی بەعس، پارتی دیموکراتی کوردستان، حشع و چەندین کەسایەتی کوردی سەربەخۆ کۆبوونەوەو گفتوگۆیان لەسەر خاڵە جیاوازەکان بۆ دیاری کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بارودۆخی کەرکوک، سیاسەتی بەعەرەبکردن کرد، هەروەها بەشی کورد لە داهاتی دەوڵەت لە پێشەکی گفتوگۆکەدا بوون، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک چونکە ڕژێم

[137]- على صالح عباس الحمداوي، التطورات السياسية الداخلية في العراق 1973-1979 ص (96).

هیچ پڕۆژەیەکی تری پەسەند نەکرد، جگە لە پڕۆژەکەی بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی خۆیی و شیوعی بێ ئەوەی گوێ لە ناڕەزاییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بگرێت[138].

حکومەتی بەعس بە پشتیوانی حشع و ڕوسیا، بەدوای دۆزینەوەی پەلپ و پاساوی شەرفرۆشتن بە کورد و شۆڕشی کوردستان دەگەڕا، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعس، لە ڕۆژی (1974.3.12)دا، بڕیارێکی دەرکرد کە بەپێی بڕیارەکە سەدام حوسێن–ی بە پێدانی تەواوی دەسەلاتەکان لە کۆمیتەی باڵای کاروباری باکوور سەرپشک کرد؛ لەلایەکی دیکەشەوە سەدام هەمان ڕۆژ بڕیاری دا کە مەلا مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان پازدە ڕۆژیان هەیە بۆ پەسەندکردنی ئەو یاسایەی کە بەرەی نیشتمانیی (بەعس و شیوعی) پێشکەشی کردووە، لەگەڵ بەشداربوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرەکەدا[139]. لەم پەلپ و بیانۆیانەی سەرانی بەعس بە (مەلا مستەفا و شۆڕشی کوردستان)یان دەگرت، شیوعییەکان هاوبەش و هاندەری حکومەت و حزبی بەعس بوون، ئەوەبوو شانبەشانی بەعس بەشداری شەڕی شۆڕشی کوردستان بوون و ژمارەیەکی زۆر کوشتاریان دا، کە دوایی حکومەتی بەعس

---

[138]- حيدر سمير سالم، الأوضاع السياسية للكورد العراق في عهد الرئيس أحمد حسن البكر (1968-1979) دراسة تأريخية)، ص، (141-142)، هەروەها: عمار علي السمر، شمال العراق 1958-1975 دراسة سياسية، ص (391).

[139]- حيدر سمير سالم، الأوضاع السياسية للكورد العراق في عهد الرئيس أحمد حسن البكر (1968-1979) دراسة تأريخية، ص(146)، ماخوذ من: منشورات الثورة، المسألة الكوردية - الوضع الراهن و آفاق المستقبل، مطابع الثورة، بغداد، 1974، ص40)،

بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ژمارە (535)ی ڕۆژی (1975.5.21)، شەست و سێ کوژراوی شیوعی لە شەڕەکانی بەعس لە دژی شۆڕشی کوردستان بەپلەی سەربازی خۆبەخشی کوژراو تۆمار کردو مووچەی شەهیدانەی بۆ بڕینەوە! کە هەندێکیان پێشتر لە کۆتایی ساڵی (1973)دا، لە هێرشی پارتی بۆ سەر شیوعییەکان کە بە (ڕاوە شیوعی) ناسراوە کوژراون، لە بەرانبەر ناوی هەر یەکێک لە کوژراوەکان، کە بەعس مووچەی بۆ کەسوکاریان بڕیوەتەوە، ئەو نیشانەیە (*) دادەنێم.

عیسا سواری فەرماندەی پارتی، لە ڕۆژی (1973.8.15)، دوازدە شیوعی لە زاخۆ گرت کە لە پەیمانگای کادیرانی حزبی لە بولگاریا دەگەڕانەوە و کۆمەڵکوژی کردن، بەگوێرەی بەیاننامەکانی پارتی، شیوعییەکانی دەربەندیخان لە ڕۆژی (1973.11.8)دا لە سنووری خۆیان پەلاماری پارتییان دا، شەشیان لێ کوشتن و ژمارەیەکی زۆریش بریندار. دواتر شیوعییەکان پەنایان بۆ سنووری خورماتوو (بەری خۆرئاوای ڕێی کەرکوک – بەغدا)برد، کە هێزی پارتی لێ نەبوو، بەگوێرەی بەیاننامە و ڕاگەیاندنەکانی ئەوکاتی پارتی، شیوعییەکان هەر لەوێوە لە شەوی (1973.11.12/11)دا هێرشیان کردە سەر بەتالیۆنی خورماتوو لە گوندی خدروەلی، کە بەو هۆیەوە سێزدە شیوعی و ژمارەیەک پارتی کوژران، تێکڕای کوژراوەکانی پارتی لە ناوچەی دەربەندیخان و کفری دوازدە کوژراو بوو.

بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکانی پارتی، سەرەڕای ئەوەی شیوعییەکان دەستپێشخەر بووینە و لە ڕۆژی (1973.11.8)دا بە بیانوی ئەوەی

نەوەک پارتی هێرشیان بکاتە سەرو بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە لەخۆیان دووربخەنەوە، هێرشیان کردۆتە سەر پارتی لە دەربەندیخان و (6) پارتی و (1) شیوعی کوژراون، لە هێرشی کفری (1) پارتی، هەروەها دوای سێ ڕۆژ بۆ جاری دووەم شیوعییەکان هێرشیان کردۆتە سەر گوندی خدروەلی، (5) پارتی و (13) شیوعی کوژراون، کەچی شیوعییەکان دەنگی هاواریان بەرزکردەوە بەوەی کە (شیوعییەکان لە کوردستان بە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕووبەڕووی هێرشی قەڵاچۆکردن بوونەتەوە)، لە کاتێکدا بەپێی لێدوان و ڕاگەیاندنەکانی پارتی، شیوعی هێرشکەر بووینە و لە پارتی (12) و لە شیوعیش (14) کەس کوژراون، کە ژمارەی کوژراوەکانی پارتی و شیوعی لە یەکتر نزیکن، هەر جارێکیش شیوعییەکان دەستیان لە پارتی وەشاندبێ هەڵاتوون و پەنایان بۆ سەربازگەکانی سوپای بەعس بردووە، بەتایبەت بۆ سەربازگەکانی دەربەندیخان و دەوروبەری کەرکوک، هەروەها ڕاکردنی شیوعییەکان لە ئەلقوش و پەنابردنەیان بۆ سوپای بەعس و دواتریش تۆپبارانکردنی هێزی پێشمەرگە لەلایەن سوپای عێراق و لەسەر داوای حشع لە دەربەندیخان و ئەلقوش!

لە لایەکی دیکەوە، حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1983.4.15)، لەگەڵ حسک چوار فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی کوشت، لە ڕۆژی (1983.4.27)دا هەشت پێشمەرگەی یەکێتی لە بالیسان کوشت و لە ڕۆژی (1983.4.30)شدا پێشمەرگەیەکی لە بەرزاییەکانی ڕمکان کوشت، کەچی تەنیا کوژراوانی پشتئاشان بە

کۆمەڵکوژ دادەنێن، لەکاتێکدا گەر هێرشی یەکێتی بۆ پشتئاشان تەنیا یەک دوو ڕۆژ دواکەوتایە، ئەوان لەگەڵ پارتی، حسک و پاسۆک هێرشیان دەکردە سەر مەڵبەندی (3)ی یەکێتی لە وەرتێ و دواتریش بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە (ئێندزە، توژەڵە، دۆڵەتوو، سەکران و ناوزەنگ)!

لە ئەنجامی ئەو پەلامارانەی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1973.11.8)دا بۆ سەر هێزەکانی پارتی، هێرشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێوارەی (1973.11.11)دا، لە زۆر ناوچەی باشووری کوردستان بۆ سەر شیوعییەکان و هەڵمەتی چەککردنیان دەستی پێ کرد، کە ڕژێمی بەعس شیوعییە کوردەکانی بۆ دژایەتی کردنی کوردو شۆڕشی کوردستان چەکدار کردبوو. ئەمەش ناوی ئەو (6) پێشمەرگەی پارتییە، کە لە ڕۆژی (1973.11.8)دا، بەدەستی حزبی شیوعی لە سنووری دەربەندیخان (باوەخۆشێن و شاخی گوڵان)، کوژران:

1. ئەحمەد محیەدین محەمەد عەلی داودی (1930/ تاڵاو/ نەوجول/ کفری/ کەرکوک)، لە شاخی گوڵان کوژراوە.
2. سادق ڕەفیق تۆفیق حەمەلاو (1954/ دۆڵان/ قەرەداغ).
3. سەلام محەمەد سالّح مەحمود (1952/ ولیان/ قەرەداغ).
4. عەزیز مەحمود ڕەسوڵ حەسەن (1952/ هەزار مێرد/ بەکرەجۆ).
5. عومەر سالّح مەنسور حەمەڕەش (1942/ سلێمانی)، فەرماندەی بەتالیۆن.
6. نوری شەریف عەباس مەولود (1946/ سلێمانی).

هەر لەم هێرشەی شیوعییەکان نزیکەی بیست پێشمەرگەی پارتی بریندار کران و پێنج شەش لایەنگری پارتیش لەلایەن حشع بە بارمتە گیران، کە دوای یەک دوو ڕۆژ ئازادکران.

سەرەڕای ئەو شەش کوژراوەی سەروەرە، (5) پێشمەرگەی دیکەی پارتی لە هێرشی چەکدارانی حشع بۆ سەر گوندی خدروەلی (نەوجول/ کفری/ کەرکوک)، لە شەوی (1973.11.12/11)دا و ڕۆژی دواتر کوژران، کە ئەمانە بوون:

1. ئەحمەد فەرەج محەمەد قادر (1948/ بەڵخە/ قەرەداغ)، لە گوندی باوەخۆشێن.
2. ڕەحیم جەلال ئەحمەد عەلی بەرزنجی (1948/ کەرکوک).
3. محەمەد عەبدوڵڵا نەسروڵڵا.
4. فائیق جوامێر فلامرز سەلیم داودی (1934/ حەفتەغار/ داقوق/ کەرکوک).
5. نەجم محەمەد سەعید واحید زەنگەنە (1942/ قەرە حەسەن/ کەرکوک).

پێشمەرگەیەکی دیکەی پارتی بەدەستی شیوعییەکان کوژراوە:

1. تەیمور سەعدوڵڵا خەلیل ئیبراهیم زەنگەنە (1956/ کەرکوک)، لە ساڵی (1973)، لە کفری کوشتویانە، کە کۆی هەموو ئەو پارتییانەی لە سەرەوە ناویان نووسراوە و بەدەستی شیوعی کوژراون (6+5+1=12).

حشع، لە هێرشی خۆی بۆ سەر هێزەکانی پارتی لە گوندی خدروەلی ژمارەیەک چەکداری لێکوژرا، کە لە خوارەوە ناویان نووسراوە، هەروەها پارتی لە هەمان شەو (1973.11.12/11)دا،

شالاوێکی توندی کردە سەر حزبی شیوعی عێراق (کە بە ڕاوە شیوعی ناسراوە)، کە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەک شیوعی کە ئەمانەی خوارەوەن:

1. ئیبراهیم قادر ئیسماعیل حەمەد (1934/ هەولێر)، لە ساڵی (1973)دا کوژراوە.

2. بەکر حەسەن مەحمود حەمەدئەمین خۆشناو (/ مەخمور/ هەولێر)، لە ڕۆژی (1973.11.12)، لە سنووری مەخمور کوژراوە، کراوەتە شەهیدی پارتی کارو لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان موچەی شەهیدانەکەی دەدرێتە زیادی کوڕی، کە کارگێڕی لقی دووی هەولێری پارتییە (*).

3. بەکر هیدایەت نەریمان محەمەد (1955/ خورماتوو/ کەرکوک)، لە ئێوارەی ڕۆژی (1973.11.11)دا، لە گوندی خدروەلی (نەوجول/ کفری/ کەرکوک) کوژراوە (*).

4. بیا سلێوا یوسف سلێوا (1927/ شەقلاوە)، لە ڕۆژی (1973.11.12)، لە شەقلاوە کوژراوە (*).

5. تاهیر مەحمود مستەفا (1934/ هەولێر/ قوشتەپە)، لە ساڵی (1973)، لە گوندی کونەگورک کوژراوە.

6. تەها مەلا حوسێن (1945/ زاخۆ/ دهۆک)، لە ڕۆژی (1972.10.22)، لە زاخۆ بە بڕیاری عیسا سوار کوژرا.

7. حەمید مراد بێلان (1947/ قادرکەرەم/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.12)، لە گوندی خدر وەلی کوژراوە (*).

8. حوسێن کەریم مەحمود (1951/ قەرەداغ)، لە ڕۆژی (1973.11.9)دا، لە چیای گوڵان لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

9. خورشید ڕەشید سالّح (1949/ کانی قادر/ قادرکەرەم/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.11)دا لە گوندی خدروەلی کوژراوە (*).

10. سابیر عەزیز عەلی (1924/ بانیخێلّان/ دەربەندیخان)، لە ڕۆژی (1973.11.9)دا، لە چیای گوڵان لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

11. سالّح ئەحمەد دەرویّش محەمەد (1934/ هەولێر)، لە ڕۆژی (1973.11.11)دا، لە گوندی خدرجیجە لە سنووری کەندێناوە کوژراوە (*).

12. سالّح خدر عەلی پیرداود (هەولێر)، لە سالّی (1974)دا لە گەڕەکی تەعجیل لەناو هەولێر کوژراوە.

13. ستار کەرەم ئەسکەندەر (1927/ خورماتوو/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.12)دا، لە خدروەلی کوژراوە (*).

14. سلێمان سەعدون حەکیم ختاری (1938/ دۆغات/ ئەلقوش/ موسڵ)، لە ڕۆژی (1973.9.3)دا لە کەندی چنارە کوژراوە.

15. سەلام ئەحمەد سەعید ئەمین ناسراو بە شێخ سەلام سۆڵەیی (1943/ شێخ تەوێل/ کفری/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.9)دا لە گوندی (قەڵاسورە/ کانیسارد/ دەربەندیخان)دا کوژراوە، بەگوێرەی بەیانەمەکانی پارتی لە ڕۆژی (1973.11.8)، شیوعییەکان هێرشیان کردۆتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و

(6) پێشمەرگەی پارتی و سەلام سۆڵەیی لە حزبی شیوعی لەم ڕۆژەدا کوژراون (*).

16. عەبدولعەزیز محەمەد ئەمین وەهاب زەنگەنە (1947/ سپی سەر/ ئاوەسپی/ کفری/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.11)، لە خدروەلی کوژراوە.

17. عەبدولکەریم ئەمین نادر (1927/ کفری/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.11)، لە خدروەلی کوژراوە (*).

18. عەبدوڵڵا محەمەد مارف ئەحمەد (1951/ تاوسانە/ کفری/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.12)دا، لە خدروەلی کوژراوە (*).

19. عەلی محەمەد عومەر (مەخمور)، لە ڕۆژی (1973.11.11)، لە سنووری مەخمور کوژراوە (*).

20. عومەر ئەمین سەلیم (1955/ خورماتوو/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.12)، لە خدروەلی کوژراوە (*).

21. عومەر غزنفەر حوسێن (1950/ نەوجول/ خورماتوو/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.12)، لە گوندی خدروەلی کوژراوە (*).

22. عومەر مەحمود کەریم خان سوورچی (1919/ باتاس/ هەریر/ شەقڵاوە)، لە ڕۆژی (1973.11.12)دا، لە هەریر کوژراوە (*).

23. فارس نەبی تاجەدین (هەولێر)، لە ڕۆژی (1973.11.11)، لە گوندی خدرجیجە لە سنووری کەندێناوە کوژراوە (*).

24. کەریم محەمەد ئەمین وەهاب زەنگەنە (1950/ سپی سەر/ ئاوەسپی/ کفری/ کەرکوک)، لە ڕێکەوتی (1973.11.12)، لە خدروەلی کوژراوە (*).

25. محەمەد ئەمین ئەحمەد ڕەسوڵ (1954/ تەلەلخێم/ گوێڕ)، لە ڕۆژی (1973.4.3) لە گەڵاڵە کوژراوە.

26. محەمەد ئەمین سەعید عومەر (مەخمور/ هەولێر)، لە ڕۆژی (1974.1.25)، لە گوندی خۆشاو لە سنووری دیبەگە کوژراوە.

27. محەمەدئەمین سەعید قادر ناسراو بە حەمەدئەمین بەرزەواری (1949/ کەندێناوە/ بەرزەوار)، لە ڕۆژی (1973.11.11)دا لە گوندی (خدرجیجە/ کەندێناوە) کوژراوە.

28. محەمەد ئەمین وەهاب زەنگەنە (1919/ سپی سەر/ ئاوەسپی/ کفری/ کەرکوک)، فەرماندەی سریەی گەرمیان، کە خۆیی و دوو کوڕی (عەبدولعەزیز و کەریم) لە شەڕی خدروەلی لە دوو ڕۆژدا کوژران (*).

29. مستەفا نافع ڕەحیم (1955.3.7/ خورماتوو/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.11)دا، لە خدروەلی کوژراوە (*).

30. مەجید فەتاح محەمەد ناسراو بە مەجید سەعاتچی (1928/ خورماتوو/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.12)دا، لە خدروەلی کوژراوە (*).

31. مەنسور فەرەج نادر ناسراو بە مەنسوری لالە فەرەج (1935/ کانی قادر/ قادرکەرەم/ کەرکوک)، لە ڕێکەوتی (1973.11.11)، لە خدروەلی کوژراوە (*).

32. نایف زندی میرزا حەمۆ (1920/ شەنگال/ موسڵ)، لە ڕۆژی (1973.8.18)دا لە چیای شەنگال کوژراوە.

33. نەجمەدین عەزیز قادر (1955/ ئۆمەراوە/ قوشتەپە)، لە ساڵی (1973) لە گوندی کەردز لە سنووری قوشتەپە کوژراوە.

34. وەهاب محەمەد مەحمود (1947/ کانی قادر/ قادرکەرەم/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1973.11.11)دا، لە خدروەلی کوژراوە (*).

35. یاسین تاهیر مستەفا لەک ناسراو بە یاسین حاجی تاهیر (1945/ گردلانکە/ قوشتەپە)، لە ڕۆژی (1973.11.12)، لە گوندی ئۆمەراوە لە سنووری قوشتەپە کوژراوە (*). یاسین حاجی تاهیر، بەگوێرەی مادەی (401)ی یاسای سزادانی عێراقی لە ڕۆژی (1972.7.27)، لەلایەن دادگای شۆڕش، بە دە ساڵ زیندانی کردن سزادرابوو، بەڵام بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (39)ی ڕۆژی (1973.1.28)ی سەرۆکایەتی کۆمار ئازاد کرابوو. حازم عەلی کوتک، کە برازای یاسین تاهیرە، لە لاپەڕە (114)ی (خاپەرۆکی یادەوەرییەکان)، هۆکاری زیندانیکردنی مامی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە دوو پێشمەرگەی پارتی لەسەر ڕێی هەولێر کەرکوک، عەرەبێک ڕووتدەکەن و تۆمەتەکە دەخەنە ئەستۆی یاسین حاجی تاهیر و لە دادگای شۆڕش لە بەغدا بە بیست ساڵ زیندانیکردن سزادراوە، کە لە ڕاستیدا دە ساڵە نەک وەکو ئەوەی حازم نووسیویەتی. لە ڕۆژی (1976.11.30)دا، لە گوندی کەردز لە سنووری قوشتەپە، ئەحمەد ماهی ئەحمەد مەحمود گەڵاڵی (1939/ کەردز/ قوشتەپە) دەکوژرێت، ئەوان لە بنەماڵەی یاسین حاجی تاهیری دەزانن، کە کۆمەڵێک تاوانی دیکەی بەدوای خۆیدا

هێنا، لە ساڵی (1982)، لە شەقامی ئەلبان لە هەولێر حوسێن تاهیر مستەفا لەک (1929/ گردلانکە/ قوشتەپە) دەکوژێت، لە ڕۆژی (1983.2.24)، لە گەڕەکی ڕوناکی هەولێر دەستڕێژی گوللە لە تاریق ئەحمەد ماهی مەحمود (1958/ کەردز/ قوشتەپە)ی برای ڕەمزی دەکرێت و تاریق دەکوژرێت، منداڵێکیش بەناوی فاروق بریندار دەبێت و چاوێکی کوێر دەبێت کە ئێستاکە کارمەندی ئاساییشی پارتییە لە هەولێر، هەمان ڕۆژ لە گوندی گەڕەشێخان کە ژن و منداڵەکانی عەلی تاهیر مستەفا ناسراو بە عەلی کوتک لەو گوندە دەژیان و پیاوەکانیان پێشمەرگە بوون، واحید عەلی کوتک (1971/ گردلانکە)، کە تەمەنی یازدە ساڵ بووە لە بەردەم خوێندنگاکە دەکوژرێت. لە ساڵی (2003)یش محەمەد تاهیر مستەفا لەک (1951/ گردلانکە/ قوشتەپە)، لە هەولێر دەکوژرێت، دواتریش مەولود حوسێن ئیبراهیم ناسراو بە حاجی محەمەد ئامۆزازای یاسین حاجی تاهیر بوو، لە ساڵی (2003)، لە هەولێر کوژرا، ئەو دوو بنەماڵەیە بەئاشکرا هەر یەک کوژراوەکانی خۆی لە بنەماڵەکەی دیکە دەزانێت، بۆیە بەدڵنیاییەوە کوژراوانی هەر لایەک بەدەستی بنەماڵەکەی دیکە بووە.

هەروەها ئەم پۆلە پێشمەرگەیەی پارتی–ش هەر لە ساڵی (1974)، بەدەستی چەکداری حشع کوژراون:

1. ئەبوبەکر محیەدین ناسراو بە عەریف بەکر، لە ڕۆژی (1974.4.22)دا لە چیای گوڵان کوژراوە.

2. ئیبراهیم حەمەسەعید قادر نەورۆز گەڵاڵی (1953/ کانی مرواری/ زەڕایەن/ سلێمانی)، لە ساڵی (1974)، لە گوندی قەڵبەزە لە سنووری خورماڵ پارێزگای هەڵەبجە.

3. تەیمور عەبدال عەبدولقادر حوسێن شێخکی (1942/ شێخکی/ شێخان/ موسڵ)، فەرماندەی بەتالیۆنی چوار، لەگەڵ عەزیز عەلی شەهی و عیسا بانی، لە ڕۆژی (1974.6.14)، لە شەڕی باعەدرێ بەدەستی حزبی شیوعی کوژران.

4. تۆفیق حوسێن مەحمود (1925/ دەربەندیخان/ واژۆڵ)، لە ساڵی (1974)دا لە بەڵخە لە سنووری سێوسێنان لە قەرەداغ کوژراوە.

5. جەلال ساڵح بارام فەتاح زەند (1952/ باوەنور/ زەردەلیکاو)، لە ساڵی (1974)دا لە گوندی زەردەلیکاو لە سنووری (شێخ تەویل/ کەلار/ کەرکوک)، کوژراوە.

6. عەبدوڵڵا سۆز عەلی هیمەت (1947/ بێلولە/ مەیدان/ خانەقین).

7. عەزیز عەلی ساڵح شەهی (1953/ شەهی/ ئەتروش/ شێخان/ دهۆک)، فەرماندەی سریە لە هێزی شێخان، لەگەڵ تەیمور عەبدال عەبدولقادر حوسێن شێخکی و عیسا بانی، لە ڕۆژی (1974.6.14)، لە شەڕی باعەدرێ سەر بە قەزای شێخان بەدەستی حزبی شیوعی کوژران، هەروەها دوو پێشمەرگەش بەم ناوانە بریندار بوون: یەک: ئیسقێ سەعدۆی ناسراو بە یوسف ترک، فەرماندەی سریە. دوو: حەسەن سلێمان زێدگی (موسەکا/ شێخان/ دهۆک)، فەرماندەی سریە.

8. عەلی ئەحمەد مورات قادر (1940/ خانەقین/ مەیدان/ چیارەزا)، لە ساڵی (1974)دا لە گوندی گوێرەک لە مەیدان لە سنووری خانەقین تیرۆر کراوە.

9. عەلی عەبۆ ئاڤدەل هەسنەکی (1934/ هەسنەکا/ ئەتروش/ شێخان/ دهۆک)، لە ڕۆژی (1974.7.15)، لە گوندی پیروزانێ سەر بە شارەدێی ئەلقوش لە قەزای تلکێف کوژرا.

10. عەلی محەمەد عەبدوڵڵا خدر شوانی (1943/ کانی کوچەڵە/ چەمچەماڵ/ کەرکوک)، لە ساڵی (1974)، لە گوندی ئەستێڵی سەروو لە سنووری ساوسێنان کوژراوە.

11. عومەر میرزا حەمەد مورات عوسمان میراودەلی (1949/ سلێمانی)، لە ڕۆژی (1974.4.22)، لە چیای گوڵان کوژراوە.

12. عیسا عوسمان عیسا ناسراو بە عیسا بانی (1942/ زاوێتە/ دهۆک)، فەرماندەی سریە لە هێزی شێخان، لەگەڵ تەیمور عەبدال عەبدولقادر حوسێن شێخکی و عەزیز شەهی، لە ڕۆژی (1974/6/14)، لە شەڕی باعەدرێ بەدەستی حزبی شیوعی کوژران.

13. غازی کەریم فەرەج (1951/ سلێمانی)، لە هاوینی ساڵی (1974)، عەبدولواحید عەلی حەمە سوور (1948/ چەمچەماڵ/ کەرکوک)، یەکێک لەم دووانە کە لە بەردەم بنکەی پۆلیسی سەرچنار بە دەستی ڕژێم کوژراون، (ع) ژنە شیوعی و هاوسەری م. خ (1931–1979.8.26)، بە پێڵاوەوە لەسەر تەرم و دەموچاوی هەڵدەپەڕی و هەلهەلەی لێدەدا (بۆیە بە پیت ناوەکانیانم نووسی، چونکە ئەوەی زانیاری پێدام گوتی: نامەوێ ناوی من و ئەوان

ببەیت، گەر دادگاشت لێبگرن پەشیمان دەبمەوەو شایەدیت بۆ نادەم کە دراوسێی پەنجا ساڵ زیاتری سەرچنارین).

14. غازی نوری حوسێن عومەر بڵباس (1954/ دێبەگە/ دەربەند)، لە ساڵی (1975)، بەدەستی ئەندامێکی حزبی شیوعی لە بەسرا کوژراوە (لیستی شەهیدانی پدک).

15. فائیق ئەحمەد محەمەد سالم بەرزنجی (1951/ دارەخورما/ قۆرەتوو/ خانەقین)، لە ساڵی (1974)، لە گوندی سەوزبڵاخ قەزای کەلار لە سنووری کەرکوک کوژرا.

16. فەتاح مەعروف محەمەد کەرەم شەرەفبەیانی (1949/ هۆرێن/ مەیدان/ خانەقین)، لە ڕۆژی (1974.4.22)دا لە چیای گوڵان کوژراوە.

17. قادر مەحمود فەتاح مەولود هاڕونی (1942/ میرەدێ/ وارماوا/ شارەزوور)، لە ڕۆژی (1974.4.22)دا لە چیای گوڵان کوژراوە.

18. کەریم حامد سادق قادر (1949/ دەرەی مەڕ/ بیارە/ هەڵەبجە)، لە ساڵی (1974)، لە دەربەندیخان بەدەستی شیوعییەکان کوژرا.

19. محەمەد عەبدوڵڵا محەمەد مەعروف گڵێجاڵی (1943/ گڵێجاڵ/ بەمۆ/ هەڵەبجە)، لە ساڵی (1974)، لە گوندی قاشتی لە سنووری دەربەندیخان بەدەستی شیوعییەکان کوژرا.

20. نافیع حەبیب ڕەمەزان (1946/ سۆسەکان/ بیارە)، لە ساڵی (1974)، لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە.

21. یونس محەمەد عارەب مەلا ڕۆژبەیانی (1930/ سورخان/ عەنکاوە)، لە گوندی تەندورە بەدەستی شیوعی و ئەمنی ڕژێم کوژراوە.

هەر لەگەڵ پەشیمان بوونەوەی ڕژێمی عێراق و سەرانی حزبی بەعس لە ڕۆژی (1974.3.10)، لە بەیاننامەی ڕۆژی (1970.3.11)، یان ڕێککەوتننامەی نێوان خۆیان و شۆڕشی کوردستان، حشع دەستی بە هێرشی توندکرد لە دژی شۆڕشی کوردستان و مەلا مستەفای بارزان، خودی (بارزانی)یان بە کەسێکی خێڵەکی، کۆنەپەرست، دواکەوتوو، تاکڕەو، نەزان، کرێگرتەی ئێران، ئیسرائیل، بەریتانیا و ئەمەریکا دانا، هەروەها شۆڕشی کوردستانیان بە شۆڕشی دەرەبەگایەتی، شۆڕشی چەواشەی دژ بە دەسەڵاتی بەناو پێشکەوتنخوازی نیشتمانیی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ناوبرد، کە تەنیا چەند ڕۆژێک بەر لەم هێرشە چەواشەکارییانەی مەکتەبی سیاسیی حشع و بەگوێرەی تەواوی کۆنگرە، کۆنفرانس و بەیاننامەکانی حزبی شیوعی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان، شۆڕشەکەیی و بارزانی بزووتنەوەیەکی بە ناوەڕۆک دیموکراسی و نوێنەرایەتی گەلێکی چەوساوەی مافخوراو دەکەن.

حزبی شیوعی عێراق، لە ئەنجامی سیاسەتی چەوت، کرێگرتانە و لادەرانەی خۆی لە ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم هەر لەگەڵ یەکەم پێکدادانی چەکداری نێوان ڕژێمی بەعس و پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان و کورد لە ڕۆژانی (1974.3.26-1975.3.20)، وەکو جاشێکی دڵسۆزی بەعس هاتە مەیدان، خۆی

تێکەڵ بە شەڕەکان کرد و زیانی زۆری بە شۆڕشەکە و بە خۆیشی گەیاند. لەم بڕیارە نادروستەدا کۆمەڵێک چەکدار و لایەنگری حزبی شیوعی، کە هەموویان کورد بوون کرانە قوربانی ڕژێمی بەعس و سەدام، کە ئەمانەی خوارەوەن:

1. ئامینە حەمە خان قادر (گوڵانی وەستاکان/ باوەخۆشین/ دەربەندیخان)، لە ڕۆژی (1974.4.14)، لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

2. ئەبوبەکر حەیدەر ئەبابەکر ئەحمەد (1955/ هێلەوە/ شەمامک)، لە ڕۆژی (1974.4.15)، لە گوندی دۆڵەبەکرە لە سنووری قوشتەپە کوژراوە.

3. ئەحمەد ڕەحیم حەسەن تاوسانە (1951/ کفری/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1974.3.27)، لە تاقەکانی دوازدە ئیمام لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

4. ئەحمەد ڕەشید عومەر ئەحمەد (هەولێر/ ڕەواندز)، لە ساڵی (1975)، کوژراوە.

5. ئەحمەد حەمە ساڵح کەریم (1950/ قەرەداغ/ سلێمانی)، لە ڕۆژی (1974.7.7)، لە گوندی ئەستێڵ لە سنووری ساوسێنان لە قەرەداغ کوژراوە (*).

6. ئەحمەد عەبدوڵڵا سەلیم (1943/ مەیدان/ خانەقین/ دیالە)، لە ڕۆژی (1974.4.15)، لە چیای گوڵان لە نزیک گوندی کانیسارد لە دەربەندیخان کوژراوە.

7. ئەحمەد فەتاح محەمەد (1940/ کفری/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1974.3.27)، لە دۆڵخانە لە سنووری کفری کوژراوە (*).

8. ئەحمەد فەرەج مارف عەباس ناسراو بە ئەحمەدی شێخ فەرەج (1948/ سلێمانی/ قەرەداغ)، لە ڕۆژی (1974.4.14)، لە گوندی ئەستێڵی سەروو لە ساوسێنان کوژراوە (*).

9. ئەسعەد حەسەن عەلی (1955/ وارماوا/ سلێمانی)، لە شەوی (1974.7.7/6)، لە گوندی بەڵخە لە سنووری شارەدێ ساوسێنان لە قەرەداغ کوژراوە (*).

10. ئەمین محەمەدئەمین پیرۆت (قەڵادزێ)، لە ساڵی (1974)، لە شەڕی پارتی کوژراوە.

11. ئیبراهیم جەرجیس یوسف، لە ساڵی (1974)، کوژراوە.

12. ئیکرام عەبدولکەریم حەسەن عەلی (1954/ کفری/ کەرکوک)، لە سریەی گەرمیان، لە سەرەتای ساڵی (1975)، لە گوندی فەتاح هۆمەر لە سنووری شارەدێی سەرقەڵا لە قەزای کفری کوژراوە.

13. ئیلیا جەرجیس حەیدۆ (ئەلقوش/ موسڵ)، لە ڕۆژی (1974.6.27)، لە گوندی بۆزان لە نزیک ئەلقوش کوژراوە (*).

14. ئیمام شێخ قادر، لە ڕۆژی (1974.7.7)، لە ساوسێنان لە سنووری قەرەداغ کوژراوە (*).

15. بەکر حاجی حەیدەر (مەخمور/ هەولێر)، لە ڕۆژی (1974.4.15)، لە گوندی خۆشاو لە دیبەگە کوژراوە (*).

16. تاهیر مەحمود ئەبوبەکر (1958/ هەڵەبجە)، لە ساڵی (1974)، کوژراوە.

17. تاهیر مەحمود حەمە ڕەزا (1957/ هەڵەبجە)، لە ڕۆژی (1974.7.28)، لە سلێمانی کوژراوە.

18. تۆفیق مەحمود فەرەج، لە ڕۆژی (1974.6.13)، لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

19. تەحسین قادر یابە فەتاح (/ هەولێر)، لە ساڵی (1974)، لە ڕێگای هەولێر بۆ مەخمور کوژراوە.

20. جەمیل ئەحمەد کەلەش (1950/ بامەڕنی/ دهۆک)، لە ساڵی (1974)دا لە نزیک بامەڕنی کوژراوە.

21. جەمیل والی چاوش (1947/ هەڵەبجە)، لە ساڵی (1974)، لە سلێمانی کوژراوە.

22. حەسەن عومەر ئیسماعیل (هەولێر)، لە ساڵی (1974)، لە گوندی بێستانە لە سنووری قوشتەپە کوژراوە.

23. حەسەن عەزیز موسا (1954/ هەولێر)، لە ساڵی (1974)، لە سنووری دەشتی هەولێر کوژراوە.

24. حەمزە حەمەد ئیبراهیم (1927/ گاینج/ خەبات)، لە ڕۆژی (1974.9.1)، لە دەشتی هەولێر کوژراوە.

25. حەمە تاڵب یەعقوب (1939/ بیاوێڵە/ هەڵەبجە)، لە ڕۆژی (1974.4.19)، لە چیای گوڵان-ی نزیک کانیسارد (دەربەندیخان) کوژراوە (*).

26. حەمە عەلی نوری عارف ئەمین (1948/ هەڵەبجە)، لە ساڵی (1974)، لە تاسلۆجە کوژراوە.

27. حەمە فەقێ عەبدولقادر (بانیخێڵان/ دەربەندیخان)، لە ڕۆژی (1974.7.2)، لە چیای گوڵان لە گوندی کانیسارد کوژراوە.

28. حەمە کەریم باوەخۆشینی (1936/ باوەخۆشین/ دەربەندیخان)، سەر بە سریەی دەربەندیخان (نەسرەدین عابد

هەورامی فەرماندەی سریە)، لە ڕۆژی (1974.8.15)، لە چیای زمناکۆ لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە.

29. حەمەد شێخە خدر (هەولێر/ قوشتەپە)، لە ساڵی (1974)، لە سنووری قوشتەپە کوژراوە.

30. حەمەدئەمین سەعید قادر حەمەد (1938/ بەرزەوار/ کەندێناوە)، لە ڕۆژی (1974.5.28)، لە گوندی بەرزەوار کوژراوە.

31. حەمەسەعید حەمەساڵح نادر (1936/ خورماڵ/ هەڵەبجە)، لە ساڵی (1974)، لە بانیخێڵان لە دەربەندیخان کوژراوە.

32. حەمەکەریم حەمەڕەشید کاکەحەمە (1936/ سلێمانی/ وارماوا)، لە ڕۆژی (1974.6.14)، لە گوندی کانیسارد کوژراوە (*).

33. حەمید ڕەشید، لە ڕۆژی (1974.7.7)، لە ساوسێنان لە سنووری قەرەداغ کوژراوە (*).

34. حوسێن عەبدولڕەحمان ڕۆستەم، لە ڕۆژی (1974.7.13)، لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

35. خەلیل ئەحمەد میرزا ئەحمەد (هەولێر/ کۆیە)، لە ڕۆژی (1974.6.10)، لە کۆیە کوژراوە (*).

36. خەلیل سوڵتان ساڵح حەمەد ئاغا (میرگەسوور/ هەولێر)، لە ساڵی (1975)، لە زیندانی ڕایەت لە سنووری چۆمان گوللە باران کراوە.

37. دەرویش مەحمود ئەحمەد گرێزەیی (1930/ گرێزە/ سەیدسادق/ هەڵەبجە)، لە ڕۆژی (1974.12.14)، لە گوندی گرێزە لە سنووری سەیدسادق کوژراوە (*).

38. ڕەحمان بایز حەمەد کەریم (هەولێر)، لە سالّی (1975)، لە زیندانی ڕایات گوللە باران کراوە.

39. ڕەحیم کەریم حەسەن محەمەد (1956/ باوەنور/ کەلار)، لە سالّی (1974)، لە باوەنور کوژراوە.

40. ڕەفیق کەریم محەمەد عەلی (1954/ هەڵەبجە)، لە ڕۆژی (1974.8.13)، کوژراوە.

41. ڕۆستەم حەمەدئەمین محەمەد (1957/ پێباز/ کەلار)، لە سالّی (1975)، لە قەرەداغ کوژراوە.

42. ڕۆستەم عەبدوڵڵا بایز (کەرکوک)، لە سالّی (1974)، لە ناوچەی گەرمیان کوژراوە.

43. سادق سەعید ڕەسوڵ بایز (هەولێر/ مەخمور)، لە سالّی (1974)، لە سنووری مەخمور کوژراوە.

44. سلێمان زەیدۆ (1950/ بیبان/ ئەلقوش/ موسڵ)، لە ڕۆژی (1974.5.25)، لە چیای ماریاقۆ لە سنووری دهۆک کوژراوە.

45. سەعید پیرۆیس محەمەد (1922/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1974.4.14)، لە گوندی بانیخێڵان کوژراوە (*).

46. سەلام ئەحمەد ئەمین (1956/ دەربەندیخان)، لە ڕۆژی (1974.11.17) لە چیای گوڵان لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە.

47. سەلام عەبدوڵڵا حەسەن ناسراو بە سەلامی نانەوا (1932/ کۆیە)، لە سالّی (1974)، لە کۆیە کوژراوە.

48. عەباس ئەمین فەقێ محەمەد (1927/ فەتاح هۆمەر/ سەرقەڵا/ کفری/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1974.3.27)، لە گوندی ناسالّح لە سنووری سەرقەڵا کوژراوە (*).

49. عەبدول عەلی ئەحمەد محەمەد ناسراو بە عەول غەزنە (1902/ بانیخێڵان/ دەربەندیخان/ سلێمانی)، لە ڕۆژی (1974.4.10)، لە چیای گوڵان لە نزیک گوندی کانیسارد لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە.

50. عەبدولڕەحمان خدر بانەیی (قەڵادزێ)، لە ڕۆژی (1974.712)، لە زیندانی ڕایەت لە سنووری چۆمان گوللە باران کراوە.

51. عەبدولڕەحمان حاج کاکە ئەوڵا سوور (1948/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1974.5.23)، لە شاخی پەیکوڵ (*).

52. عەبدولقادر عەلی ئەحمەد، لە ڕۆژی (1974.4.16)، لە گوندی بانیخێڵان کوژراوە (*).

53. عەبدوڵڵا ئەحمەد محەمەدئەمین (1951/ گوڵانی وەستاکان/ باوەخۆشێن/ دەربەندیخان)، لە ڕۆژی (1974.8.15)، لە چیای زمناکۆ لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە.

54. عەبدوڵڵا حەمە فەرەج، لە ڕۆژی (1974.7.2)، لە چیای زمناکۆ لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

55. عەبدوڵڵا ڕەشید ئەحمەد (1931/ هەڵەبجە)، لە ڕۆژی (1974.4.16)، لە چیای گوڵان کوژراوە.

56. عەبدۆ یاقۆ جەرجیس کرمشایا (1955/ ئەلقوش/ تلکێف/ موسڵ)، لە سالّی (1975)، لە گوندی بیبان لە موسڵ کوژراوە.

57. عەزیز ئیسماعیل مەحمود (1945/ قەرەداغ)، لە ڕۆژی (1974.9.4)، لە گوندی ئەستێڵی سەروو کوژراوە.

58. عەزیز عومەر ئەحمەد (1955/ کەرکوک)، لە ساڵی (1974)، لە گوندی گۆپتەپە لە سنووری ئاغجەلەر کوژراوە.

59. عەلی ئەحمەد یوسف (1900/ سلێمانی)، لە ڕۆژی (1974.6.13)، لە شارەزوور کوژراوە (*).

60. عەلی سیسۆ خودێدە ئال دەرۆێش (1951/ گرساف/ ئەلقوش/ تلکێف/ موسڵ)، لە ڕۆژی (1974.6.27)، لە چیای ئەلقوش کوژراوە (*).

61. عەلی محەمەد عومەر ئەحمەد (کەرکوک)، لە ساڵی (1974)، لە سنووری کەرکوک کوژراوە.

62. عومەر حوسێن مەعروف ئەحمەد (1934/ قاسمیە/ هەریر/ شەقڵاوە)، لە ساڵی (1974)، لە دەشتی هەریر کوژراوە.

63. عومەر عوسمان عومەر سەعید (1950/ کۆیە)، لە ڕۆژی (1975.1.9)، لە کۆیە کوژراوە.

64. فارس مستەفا عەبدوڵڵا عەباس (1957/ قادرکەرەم/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1974.8.10)، لە دەشتی هەولێر کوژراوە.

65. فکرەت جاوید ئیبراهیم (1935/ کەرکوک/ شوان)، نوێنەری حزبی شیوعی لە کۆمیتەی بەرەی بەعس و شیوعی لە پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی (1974.7.24)، لە سنووری سلێمانی کوژراوە، بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (561)ی ڕۆژی (1975.5.28)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، مانگانە بیست و پێنج دینار بۆ

منداڵەکانی بڕواتەوە و پێشتر فەرمانبەری پوختەکردنی تووتن (تنقیح التبغ)ی سلێمانی بووە.

66. کامیل قادر محەمەد بەرزنجی (بەڵخە/ سێوسێنان/ قەرەداغ)، لە ڕۆژی (1974.4.16)، لە چیای گوڵان لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە.

67. کرێت حەسەن عەلی ختاری (1946/ دۆغات/ ئەلقوش/ موسڵ)، لە ڕۆژی (1974.7.12)، لە نزیک عەین سوفنا کوژراوە.

68. کەریم حەسەن محەمەد (1940/ عەلیان/ ئاوەسپی/ کفری/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1974.7.6)، لە باوەنور لە کەلار کوژراوە (*).

69. کەریم سەعید ئەحمەد (1940/ بانیخێڵان/ دەربەندیخان)، لە ڕۆژی (1974.4.20)، لە چیای گوڵان لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

70. کەمال شوکر سەعید عەزیز (1954/ کانی قادر/ قادر کەرەم/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1974.6.7)، لە (عەلیان/ ئاوەسپی/ کفری/ کەرکوک)، کوژراوە (*).

71. محەمەد ئەحمەد سەلیم (1940/ گوڵانی حاجی کاک ئەوڵا/ باوەخۆشێن/ دەربەندیخان)، لە ڕۆژی (1974.4.15)، لە چیای گوڵان دەربەندیخان (*).

72. محەمەد ئیسماعیل حەبیب (1947/ هەڵەبجە/ سازان)، لە ڕۆژی (1974.4.24)، لە گوندی بانیخێڵان لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

73. محەمەد حەسەن منوجەهر بارام ناسراو بە هاوڕێ حەمە (1934/ هەڵەبجە/ بیارە/ هاوار)، فەرماندەی سریە، لە ڕۆژی (1974.7.2)، لە چیای زمناکۆ لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

74. محەمەد سەعید پیرۆیس محەمەد (بانیخێڵان/ دەربەندیخان)، لە ڕۆژی (1974.4.14)، لە گوندی بانیخێڵان کوژراوە.

75. محەمەد سەعید حەمەسالح (1937/ هەڵەبجە)، لە ڕۆژی (1974.7.2)، لە چیای گوڵان لە گوندی کانیسارد کوژراوە (*).

76. محەمەد عەبدوڵڵا غوڵام (1941/ بانیخێڵان/ دەربەندیخان)، لە ڕۆژی (1974.4.22)، لە چیای گوڵان لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

77. محەمەد عەلی خدر (کەرکوک)، لە سالێ (1974)، کوژراوە.

78. محەمەد فەرەج مارف بەرزنجی (1956/ تەکیە/ قەرەداغ)، لە ڕۆژی (1974.5.1)، لە تەکیە کوژراوە.

79. محەمەد فەقێ عەبدولقادر عەلی (1953/ بانیخێڵان/ دەربەندیخان)، لە ڕۆژی (1974.7.2)، لە چیای زمناکۆ لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

80. مەحمود حەمەشەریف نادر (1939/ بانیخێڵان/ دەربەندیخان)، لە ڕۆژی (1974.7.2)دا، لە چیای زمناکۆ لە سنووری دەربەندیخان کوژراوە (*).

81. نامیق ئەحمەد فەتحوڵڵا (1955/ سلێمانی)، لە ڕۆژی (1974.7.7)، لە گوندی ئەستێڵی سەروو کوژراوە (*).

82. نەجم عەبدولواحید جافەر عومەر (1954/ ئەستێڵی سەروو/ سێوسێنان/ قەرەداغ)، لە ڕۆژی (1974.7.7)دا، لە ئەستێڵی سەروو کوژراوە (*).

83. نەعمۆ دینۆ (باعەدرێ/ ئەلقوش/ موسڵ)، لە ڕۆژی (1974.6.27)، لە چیای ئەلقوش کوژراوە (*).

84. نەورۆز حەمەد ئاغا سەعید (هەولێر)، لە ساڵی (1974)، لە هەولێر کوژراوە.

85. وەلی حەمید محەمەد، لە ڕۆژی (1974.6.7)، لە سنووری خورماتوو/ کەرکوک کوژراوە (*).

رقم ٥٣٢

استنادا الى احكام الفقرة (٢) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢١-٥-١٩٧٥ مايلي : -

١ - اعادة تعيين الدكتور احسان فؤاد في جامعة بغداد ، بنفس راتبه الحالي .

٢ - ينتدب الى وزارة الاعلام بوظيفة (مدير عام الثقافة الكردية) مع احتفاظه بمرتبته العلمية . وتعتبر مدة قيامه بهذه الوظيفة بمثابة خدمة جامعية فعلية مع مراعاة الشروط الخاصة بالترقية العلمية المنصوص عليها في المادة التاسعة والعشرين من قانون التعليم العالي والبحث العلمي رقم (١٣٢) لسنة ١٩٧٠ المعدل .

٣ - يتولى الوزراء المختصون تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقم ٥٣٣

استنادا الى احكام الفقرة (٢) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢١-٥-١٩٧٥ مايلي : -

١ - اضافة مدة قدرها (سنة واحدة) ، الى خدمات علي حسين خضير ، (المعلم في تربية محافظة بغداد - الرصافة - سابقا) لغرض تبليه الراتب التقاعدي .

٢ - يتولى وزير المالية تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقم ٥٣٤

استنادا الى احكام الفقرة (٢) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢١-٥-١٩٧٥ مايلي : -

١ - تعيين مسلم علي الطائي ، المعاون القضائي في محكمة بداءة تلعفر ، بوظيفة مدير ناحية في وزارة الداخلية .

٢ - يتولى وزيرا الداخلية والعدل تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقم ٥٣٥

استنادا الى احكام الفقرة (٢) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢١-٥-١٩٧٥ مايلي : -

١ - يصرف لعوائل الاشخاص المدرجة اسماؤهم ادناه (الذين استشهدوا في المصادمات مع الزمرة المتمردة في شمال الوطن) راتب تقاعدي يعادل ما يصرف لعيال الجندي المتطوع الشهيد ، وذلك اعتبارا من تاريخ استشهادهم .

٢ - يتولى وزير المالية تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

قائمة باسماء الشهداء

التسلسل	الاسم	المنطقة	تاريخ الاستشهاد
١ -	حمه سعيد بيروس	باني خيلاني/دربندخان	١٤-٤-١٩٧٤
٢ -	عبدالقادر علي احمد	كذا	١٦-٤-١٩٧٤
٣ -	كريم سعيد احمد	كذا	٢٠-٤-١٩٧٤
٤ -	احمد عبدالله سليم	ميدان/خانقين/ديالى	١٥-٤-١٩٧٤
٥ -	محمد احمد سليم	كولان / دربندخان	١٥-٤-١٩٧٤
٦ -	محمد عبدالله غلام	باني/خيلاني/دربندخان	٢٢-٤-١٩٧٤
٧ -	حمه طالب يعقوب	حلبجة / سليمانية	١٩-٤-١٩٧٤
٨ -	احمد شيخ فرج مارف	قره داغ / سليمانية	١٤-٤-١٩٧٤
٩ -	صابر عزيز علي	دربندخان / سليمانية	٩-١١-١٩٧٣

التسلسل	الاســـــم	المنطقـــــة	تاريخ الاستشهاد
١٠ـ	سـلام احمـد شيخ سـعيد	كـلار / كركـوك	٩ـ١١ـ١٩٧٣
١١ـ	حسـين كريـم محمـود	قـره داغ / سـليمانية	٩ـ١١ـ١٩٧٣
١٢ـ	عبـدالله محمـد مـارف	دربندخان / سـليمانية	٢٦ـ١٢ـ١٩٧٣
١٣ـ	محمـد اسـماعيل حبيـب	حلبجـة / سـليمانية	٢٤ـ٤ـ١٩٧٤
١٤ـ	عبدالرحمن الحـاج كاكه ولا	دربندخان / سـليمانية	٢٣ـ٥ـ١٩٧٤
١٥ـ	حمـه كريـم حمـه رشيد	دربندخان / سـليمانية	١٤ـ٦ـ١٩٧٤
١٦ـ	توفيـق محمـود فـرح	دربندخان / سـليمانية	١٣ـ٦ـ١٩٧٤
١٧ـ	علـي احمـد يوسـف	دربندخان / سـليمانية	١٣ـ٦ـ١٩٧٤
١٨ـ	امنـه حمـه خـان	دربندخان / سـليمانية	١٤ـ٤ـ١٩٧٤
١٩ـ	محمـد موجهـر بـارام	حلبجـة / سـليمانية	٢ـ٧ـ١٩٧٤
٢٠ـ	محمـد سعيد حمـه صالح	حلبجـة / سـليمانية	٢ـ٧ـ١٩٧٤
٢١ـ	عبـدالله حمـه فـرج	دربندخان/باني خيلان/سليمانية	٢ـ٧ـ١٩٧٤
٢٢ـ	محمـد فقـي عبدالقادر	كـــــــذا	٢ـ٧ـ١٩٧٤
٢٣ـ	محمـود حمـه شـريف	كـــــــذا	٢ـ٧ـ١٩٧٤
٢٤ـ	اسـعد حسـن علـي	كـــــــذا	٦ـ٧ـ١٩٧٤
٢٥ـ	نجـم عبدالواحـــد	السـليمانيـــة	٧ـ٧ـ١٩٧٤
٢٦ـ	نامـق احمـد فتـح‌الله	قـره داغ / السليمانية	٧ـ٧ـ١٩٧٤
٢٧ـ	احمـد حمـه صالـح	كـــــــذا	٧ـ٧ـ١٩٧٤
٢٨ـ	حميـد رشـيد	كـــــــذا	٧ـ٧ـ١٩٧٤
٢٩ـ	امـام شـيخ قـادر	دربندخان / السليمانية	٧ـ٧ـ١٩٧٤
٣٠ـ	حسين عبدالرحمن روسـتم	كـــــــذا	١٣ـ٧ـ١٩٧٤
٣١ـ	درويش محمـود احمـد	كـــــــذا	١٤ـ١٢ـ١٩٧٤
٣٢ـ	بكـر حسـن خوشـناو	مخمـور / اربيـل	١٢ـ١١ـ١٩٧٣
٣٣ـ	صالـح احمـد درويش	كـــــــذا	١١ـ١٢ـ١١ـ٩٧٣
٣٤ـ	فـارس بني ناثرالديـن	كـــــــذا	١١ـ١٢ـ١١ـ٩٧٣
٣٥ـ	علـي محمـد عمـر	كـــــــذا	١١ـ١٢ـ١١ـ٩٧٣
٣٦ـ	محمـد امـين سعيد عمـر	كـــــــذا	٢٥ـ١ـ١٩٧٤
٣٧ـ	ياسـين حاجـي طاهـر	كـــــــذا	١٢ـ١١ـ١٩٧٣
٣٨ـ	بكـر حاجـي حيـدر	خوشـين / اربيـل	١٥ـ٤ـ١٩٧٤
٣٩ـ	عمـر محمـــود	حرير / شقلاوة / اربيل	١٢ـ١١ـ١٩٧٣
٤٠ـ	خليـل احمـد مـيرزا	كـــــــذا	١٠ـ٦ـ١٩٧٤
٤١ـ	بيـا صليـوه يوسـف	شـقلاوة / اربيـل	١٢ـ١١ـ١٩٧٣
٤٢ـ	مجيد فتاح جولـه ساعاتي	الطـوز / كركـوك	١٢ـ١١ـ١٩٧٣
٤٣ـ	عمـر غزنفـر حسـين	كـــــــذا	١٢ـ١١ـ١٩٧٣
٤٤ـ	سـتار كريـم اسـكندر	كـــــــذا	١١ـ١١ـ١٩٧٣
٤٥ـ	عمـر امـين سـليم	كـــــــذا	١٢ـ١١ـ١٩٧٣
٤٦ـ	محمـد امـين وهـاب	كـــــــذا	١١ـ١١ـ١٩٧٣
٤٧ـ	بكـر هيـدات نريمـان	كـــــــذا	١١ـ١١ـ١٩٧٣
٤٨ـ	مصطفـى نافـع رحيـم	كـــــــذا	١١ـ١١ـ١٩٧٣
٤٩ـ	منصـور فـرج نـادر	كـــــــذا	١١ـ١١ـ١٩٧٣
٥٠ـ	كريـم حســن	كفـري / كركـوك	٦ـ٧ـ١٩٧٤
٥١ـ	عبدالكريـم امـين نـادر	الطـوز / كركـوك	١١ـ١١ـ١٩٧٣
٥٢ـ	كمـال شـكر سـعيد	كـــــــذا	٧ـ٦ـ١٩٧٤
٥٣ـ	خورشـيد رشـيد صالـح	كـــــــذا	١١ـ١١ـ١٩٧٣
٥٤ـ	كريـم محمـد امـين وهـاب	كفـري / كركـوك	١٢ـ١١ـ١٩٧٣
٥٥ـ	حميـد مـراد بيـلان	الطـوز / كركـوك	١٢ـ١١ـ١٩٧٣
٥٦ـ	وهـاب محمـد مجمـود	كـــــــذا	١١ـ١١ـ١٩٧٣

التسلسل	الاســـــم	المنطقـــــة	تاريخ الاستشهاد
٥٧ـ	ولـي حميـد محمـد	الطـوز / كركـوك	٧ـ٦ـ١٩٧٤
٥٨ـ	عبـاس امـيـن	كفـري / كركـوك	٢٧ـ٣ـ١٩٧٤
٥٩ـ	احمـد فتـاح	كـذا	٢٧ـ٣ـ١٩٧٤
٦٠ـ	احمـد رحيـم تاوسانـه	الطـوز / كركـوك	٢٧ـ٣ـ١٩٧٤
٦١ـ	نعمـو دينـو	تلكيـف / نينـوى	٢٧ـ٦ـ١٩٧٤
٦٢ـ	ايليـا جرجيـس	كـذا	٢٧ـ٦ـ١٩٧٤
٦٣ـ	علـي سيـو	كـذا	٢٧ـ٦ـ١٩٧٤

رقم ٥٣٦

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور الموقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢١ـ٥ـ١٩٧٥ مايس : ـ

١ ـ تعيين الدكتور عبدالرزاق قاسم الهاشمي ، رئيس شركة المعادن الوطنية العراقية (الملغاة) ، بوظيفة رئيس المؤسسة العامة للمعادن ، وبنفس راتبه الحالي .

٢ ـ تعيين احمد دنهاش ، نائب رئيس شركة المعادن الوطنية العراقية (الملغاة) ، بوظيفة نائب رئيس المؤسسة العامة للمعادن ، وبنفس راتبه الحالي .

٣ ـ تحتسب المدة التي قضاها المذكوران في (١ ، ٢) اعلاه بوظائفهما الحالية لاغراض العلاوة والترفيع القادمين .

٤ ـ يتولى وزير الصناعة والمعادن تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقم ٥٣٧

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور الموقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٤ـ٥ـ١٩٧٥ مايس : ـ

١ ـ يتم تعيين خريجي الكليات والمعاهد العالية الذين سبق لهم ان تقدموا باستماراتهم لاغراض التعيين بموجب قرار مجلس قيادة الثورة المرقم (١٠٣) في ٧ـ٢ـ١٩٧٤ ، والتحقوا بالزمرة المتعردة قبل صدور اوامر تعيينهم ، ثم عادوا الى الصف الوطني استجابة لقانون العفو العام عن الاكراد العسكريين والمدنيين رقم (٥٢) لسنة ١٩٧٥ . بشرط ان تتم مراجعتهم الى الجهاز المركزي للاحصاء في مدة اقصاها ٢٠ـ٦ـ١٩٧٥ .

٢ ـ تهيأ الدرجات اللازمة لتعيين الخريجين المذكورين في ميزانية السنة المالية المبتدأة في ١ـ٤ـ١٩٧٥ .

٣ ـ ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية ، ويتولى الوزراء المختصون تنفيذ احكامه .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقم ٥٣٩

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور الموقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٤ـ٥ـ١٩٧٥ مايس : ـ

١ ـ اعفاء المقاولين عبدالله العاني ، ووهبي الحمامي من الغرامات التأخيرية البالغة (١٩٦٠٣/١٠٤) تسعة عشر الفا وستمائة وثلاثة دنانير ومائة واربعة فلوس المترتبة بذمتهما نتيجة تنفيذ اعمال مناقصة انشاء المجموعة السكنية في محطة الاسكندرية المحالة

رقم ٥٦١

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور الموقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٨-٥-١٩٧٥ مايلي : -

١ - تخصيص راتب تقاعدي مقطوع قدره (٢٥) خمسة وعشرون دينارا شهريا لعيال المتوفى فكرت جاويد ابراهيم ، الموظف في مديرية تنقيح التبغ في السليمانية سابقا .

٢ - يتولى وزير المالية تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقم ٥٦٧

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور الموقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٣١-٥-١٩٧٥ مايلي : -

١ - تخصيص راتب تقاعدي للشرطي السابق احمد كريم وفقا لاحكام الفقرة (٤) من المادة الرابعة عشرة من قانون تقاعد الشرطة والامن رقم (٤) لسنة ١٩٦٤ المعدل .

٢ - يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره ، ويتولى وزيرا الداخلية والمالية تنفيذه .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقم ٥٦٩

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور الموقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١-٦-١٩٧٥ مايلي : -

١ - تعيين المهندس خلدون لطفالله عبدالله الصالحي ، مديرا عاما لتوزيع الطاقة الكهربائية في المؤسسة العامة للكهرباء ، وبنفس راتبه الحالي .

٢ - يتولى وزير الصناعة والمعادن تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقم ٥٧٠

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور الموقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١-٦-١٩٧٥ مايلي : -

١ - تعيين المهندس حسين عبدالجبار عبدالرزاق الامام ، مديرا عاما لتوليد ونقل الطاقة في المؤسسة العامة للكهرباء ، وبنفس راتبه الحالي .

٢ - يتولى وزير الصناعة والمعادن تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

دیاری حزبی بەعس بۆ حشع لەنێوان ساڵانی (1968-1978):

حزبی شیوعی عێراق، حزبێکی وابەستە و کرێگرتەی سۆڤیەت بوو، کە هیچ بڕیارێک بەدەست خۆی نەبوو، بەڵکو هەردەم بەگوێرەی بڕیار و داواکاری یەکێتی سۆڤیەت و حزبی شیوعی ئەو وڵاتە هەڵسوکەوتی دەکرد و بڕیاری دەدا. حزبی شیوعی عێراق، لەسەر داواو پێشنیازی یەکێتی سۆڤیەت چووە نێو بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، کە نەک تەنیا هیچ بەرژەوەندییەکی خۆیی و گەلی عێراقی تێدا نەبوو، بەڵکو بووە مااڵوێرانی بۆ خۆیی و گەلی عێراقیش، بەتایبەت بۆ کورد. ئەگەر حزبی شیوعی عێراق، کۆیلە و کرێگرتەی سۆڤیەت نەبووبێت، چۆن لەسەر داوای یەکێتی سۆڤیەت بەرەی لەگەڵ بەعس پێکدەهێنا؟ لە کاتێکدا کە حزبی بەعس لە ساڵی (1968)دا تا کۆتایی ساڵی (1978)، واتە نزیکەی پێنج ساڵ بەر لە مۆرکردنی بەرەی هاوبەشیان و پێنج ساڵیش لەدوای مورکردنی بەرەکە لە ڕۆژی (1973.7.17)، دوو سەد و شەست و پێنج (265) ئەندام و کادیری پێشکەوتووی ئەو حزبەی بە شێوازی جۆراوجۆر کوشت (گرتن و کوشتن لەژێر ئەشکەنجە، لە سێدارەدان، تیرۆرکردن لەسەر شەقامەکان، پەالماردانیان لەنێو مااڵی خۆیان، کوشتن بەهۆی پانکردنەوەیان لەژێر ئۆتۆمۆبێل)، لەگەڵ بەعسییەکان دەچنە نێو بەرەیەکی هاوبەشی پڕ لە ناپاکی، سازش و شەرمەزاری، کە چەندان مەرجی توندی خستبووە سەر حشع بۆ ئەوەی لە پێستی خۆیاندا نەجوڵێنەوە؟ حزبی بەعس و داموددەزگا بەدناوەکانی

حکومەتی بەعس و سەدام (ئەمن، ئیستخبارات، ئیستخباراتی سەربازی و موخابەرات)، هیچ کاتێک لە شیوعی گرتن و کوشتن دڕێخیان نەدەکرد، کەچی حزبی شیوعی بە سەبری ئەیوبی خۆیەوە هیچ هەڵوێستێکی نەبوو. لە کۆی دوو سەد و شەست و پێنج (265) کوژراوی شیوعی بەدەستی ڕژێمی بەعس، کە پێنجیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون (سێ کۆمیتەی ناوەندی و دوو سەرکردایەتی ناوەندی)، سەد و حەفتا و چوار (174)، بەر لە چوونە نێو بەرەی بەعس و نەوەد و یەک (91)یشیان لەدوای بەستنی بەرە تا دەرکردنیان لە کۆتایی ساڵی (1978)دا لێ کوشتن، لەگەڵ سی و نۆ (39) سەرباز کە لە ئایاری (1978)دا بە سێ جار لە سێدارە دران، کەواتە تێکڕای کوژراوانی حزبی شیوعی لەکاتی بەرە دەکاتە (130=39+91) ئەندام، هەروەها لەنێوان ساڵانی (1973-1975)، (120) ئەندامی شیوعی کە چەکیان بۆ ڕژێم هەڵگرتبوو لەپێناوی ڕژێمی بەعس و لە شەڕەکانی کوردو شۆڕشی کوردستان کوژران، واتە تێکڕا (424=120+39+265) چوار سەد و بیست و چوار ئەندام، بۆیە ڕژێمی بەعس لە پەنا موو نەرمێتی حزبی شیوعی عێراق هاوپەیمانێتی (598=424+174)، زیاتر لە هەشت بەقەد یەکێتی زیانی بە حزبی شیوعی عێراق گەیاندووە، کەچی حزبی شیوعی یەک لە هەزاری یەکێتی پەلاماری بەعس نادات کە پەلاماردانی یەکێتی نارەوایانە و هی بەعس-یش مافی خۆیانە، چونکە لەگەڵ یەکێتی لە شەڕ و لەگەڵ بەعس لە یەک بەرەدا بووینە، سەرەڕای ئەوەش کە ئەوان هەردەم لە پەلاماردان و کوشتنی پێشمەرگەی یەکێتیی دەستپێشخەر بووینە. ئەندامە

عەرەبەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق بەوەش ڕاناوەستن کە پەلاماری یەکێتی دەدەن بەڵکو زۆر جار پەلاماری کوردیش دەدەن، چونکە بەشێکی باشیان بە بیری شۆڤینی عەرەبی پەروەردە کراون، شیوعیە کوردەکانیش بە ساویلکەیی خۆیان دوای ئەو شۆڤینییانە کەوتوون. بەهۆی قوربانی دانی حزبی شیوعی عێراق لەپێناو حکومەتی بەعس و بەرەیەکی دۆڕاو، گەورەترین سازشکاری، لادان (إنحراف) و ناپاکی لە ڕێبازی خۆی کرد کە ڕێبازی مارکسیزم، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بوو.

ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1968-1978)دا بەدەستی حزبی بەعس و ڕژێمی سەدامی هاوپەیمانی شیوعییەکان کوژراون:

1. ئەحمەد ئیسماعیل تەها (أحمد إسماعيل طة/ 1922/ هەرمۆڵە/ ئاوەسپی/ کفری/ کەرکوک)، لە ساڵی (1970)، لە گوندی بێستانە لە سنووری شێخ تەوێل کوژراوە.

2. ئەحمەد ئەمین سادق (أحمد أمين صادق/ 1952/ تەلەلخێم/ گوێڕ/ هەولێر)، لە ڕۆژی (1972.2.4)، لە ئەمنی هەولێر کوژراوە.

3. ئەحمەد داخل سەهر لەفتە ئەلشدود (أحمد داخل سهر لفتة الشدود/ 1954/ الناصرية)، لە ڕۆژی (1975.2.13)، لە شارۆچکەی سوق الشیوخ لە سنووری الناصرية کوژراوە.

4. ئەحمەد ڕەجەب (أحمد رجب)، لە ساڵی (1970)، لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

5. ئەحمەد ساڵح حەسەن ئەلعوبەیدی (أحمد صالح حسن العبيدي/ 1936/ موسڵ/ حەمام ئەلعەلیل)، لە ڕۆژی (1971.9.9)دا

لە گوندی (عگیل الفالح) لە سنووری شاری الناصرية (ذيقار)، بەدەستی ئەمنی الناصرية کوژراوە.

6. ئەحمەد فەرید ئەلنەقیب (أحمد فريد النقيب/ 1933/ تکریت)، لە ڕۆژی (1975.6.3)، لە بەغدا کوژراوە.

7. ئەحمەد مەحمود محەمەد ئەحمەد ناسراو ئەحمەد مەحمود حەلاق (1928/ سلێمانی)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حشع (القيادة المركزية)، لە ڕۆژی (1969.1.9)دا گیراوەو لە ڕۆژی (1969.1.14)، لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

8. ئەدوەر عەبد النور (أدور عبد النور/ الموصل/ 1945)، سەر بە سەرکردایەتی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق (ق. م)، کە عەزیز عەلی ئەلحاج سەرکردایەتی دەکردن، لە ڕۆژی (1968.11.7)، لە ئاهەنگێڕانی سالّیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا لە (ساحة السباع)، لە بەغدا، بە گوللەی هێزە ئەمنیەکان کوژراوە.

9. ئەمین حوسێن عەلی خیون ئەلئەسەدی (أمين حسين علي خيون الأسدي/ 1937/ الناصرية/ الجبايش)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1972.6.26)، لە گەڕەکی کاظمية لە بەغدا کوژراوە.

10. ئیبراهیم خەلیل ئیبراهیم ئەلخەتیب ئەلئالوسی (إبراهيم خليل إبراهيم الخطيب الآلوسي/ 1920/ الأنبار/ عانة)، لە ڕۆژی (1978.4.20)، لە ئەمنی عامەی بەغدا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

11. ئیبراهیم ڕەدیف خزەیر ئەلخەفاجی (إبراهيم رديف خضير الخفاجي/ 1947/ الحلة)، لە سالّی (1974)دا، لە ئەمنی بابل (الحلة)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

12. ئیجوار سجیل علیوی ئەلتەمیمی (إجوار ثجيل حمود التميمي/ 1926/ الناصرية/ قلعة سكر/ عگيل الفالح)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.9.7)، لە گوندی (عگيل الفالح) لە سنووری پارێزگای (الناصرية/ ذيقار)دا کوژراوە.

13. بەکر حەسەن مەحمود (بكر حسن محمود/ 1945/ کرکوک)، لە ڕۆژی (1969.2.28)دا، لە قەصری نهائی لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

14. تاریق عەلی ئەلسبهان ئەلڕوبەیعی (طارق علي السبهان الربيعي/ 1940/ الناصرية)، لە پایزی ساڵی (1971)دا، لە ئەمنی الناصرية لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

15. تەها مەلا حوسێن (طة ملا حسين/ زاخۆ/ دهۆک)، لە پایزی ساڵی (1972)، لە دەوروبەری زاخۆ کوژراوە.

16. جابر یوسف ئەلعگیلی (جابر يوسف العگيلي/ 1943/ الكوت/ الحي)، لە ساڵی (1972)دا، لە زیندانی ئەمنی قەزای (الحي) کوژراوە.

17. جاسم جەبار داخل (جاسم جبار داخل/ 1950/ العمارة)، لە ساڵی (1977)دا، لە ئەمنی عامەی بەغدا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

18. جاسم محەمەد والی حاسود ئەلمەسعودی (جاسم محمد والي حاصود المسعودي/ 1940/ کەربەلا)، لە ساڵی (1972)، لە ئەمنی الكربلاء لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

19. جفات عەباس ساڵح ئەلکریتی (جفات عباس صالح الكريطي/ 1924/ كربلاء/ الهندية)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1976.3.10)دا لە ئەبوغریێب لە سێدارە دراوە.

20. جەبار قەمبەر ئەلفەیلی (جبار قمبر الفيلي/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.11.12)، لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

21. جەبار لەفتە، لە ڕۆژی (1968.11.5)، لە بەغدا کوژراوە.

22. جەبار محەمەد عەلی ناسراو بە جەبار حەلاج (جبار محمد علي/ 1936/ خانەقین)، سەر بە (ق. م)، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (1968)دا گیراو لە ڕۆژی (1969.2.24)، لە ئەمنی عامە لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراوە.

23. جەبار مەزلوم تەڵاڵ توعمە (جبار مظلوم طلال طعمة/ 1949/ البصرة)، لە ڕۆژی (1976.3.7)، لە ئەبوغریب لە سێدارە دراوە.

24. جەعفەر نەجم عەبود مەهدی (جعفر نجم عبود مهدي/ 1950/ الحلة)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.6.7)، لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

25. جەعفەر هادی (جعفر هادي/ 1937/ العمارة)، خوێندکار بوو، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1974.4.25)، لە ئەبوغریب لە سێدارە دراوە.

26. جەلال حەمەد قادر وەتمان (1921/ دیبەگە/ هەولێر)، لە ساڵی (1976)، لە ئەبوغریب لە سێدارە دراوە.

27. جەمال وەناس جەبر ئال شەریدە (جمال وناس جبر آل شريدة/ 1957/ السماوة)، لە ڕۆژی (1978.2.13)، لە ئەمنی السماوة (المثنى)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

28. جەواد سجیل حەمود (جواد ثجيل حمود/ الكوت/ الحي)، لە ڕۆژی (1971.9.7)، لە قەزای (الحي)، لە پارێزگای الكوت كوژراوە.

29. جەواد عەتیە شناوە (جواد عطية شناوة/ 1944/ الديوانية)، ئەندامی محەلی كوت، لە ڕۆژی (1970.5.24)، دوای ڕفاندنی لە ئەمنی الكوت (واسط) لەژێر ئەشكەنجە كوژراوە.

30. جوندی عەباس (جندي عباس/ 1951/ البصرة/ القرنة)، لە سالّی (1978)دا، لە ئەمنی البصرة لەژێر ئەشكەنجە كوژراوە.

31. حاتەم سەجان توفاح (حاتم سجان تفاح/ 1946/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە مانگی حوزەیرانی سالّی (1969)، لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشكەنجە كوژراوە.

32. حامید ئەنوەر محەمەد عوبێد ئەلمیاحی (حامد أنور محمد عبيد المياحي/ 1942/ الكوت)، لە ڕێكەوتی (1968.9.11)، لە قصر النهائي لەژێر ئەشكەنجە كوژراوە.

33. حەبیب ئەلیاس بەهنام عەلی بەگ (حبيب ألياس بهنام علي بگ/ 1937/ هەولێر/ عەنكاوە)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1974.5.13)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

34. حەبیب حەسەن ئەلشەیخ تاهیر ئەلبەیزانی (حبيب حسن الشيخ طاهر البيضاني/ 1937/ العمارة)، لە ڕۆژی (1971.12.5)، لە چەمچەماڵ لە سنووری كەركوك كوژراوە.

35. حەسەن زیول عەبد ئەلئیزیرجاوی (حسن ضيول عبد ألأيزيرجاوي)، لە ڕۆژی (1970.7.17)، تیرۆر كراوە.

36. حەسەن عەلی ئەمین ئەلعگێلی (حسن علي أمين العگيلي/ الكوت)، سەر بە (ق. م)، لە ساڵی (1971)، لە ئەمنی الكوت لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

37. حەسەن عەلی ئەمین ئەلعناد (حسن علي أمين العناد/ 1942/ الكوت)، لە ساڵی (1971)، لە الكوت (واسط) کوژراوە.

38. حەسەن عەواد (حسن عواد/ (1938/ الكوت)، لە ڕۆژی (1974.5.21)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

39. حەسەن مالک حەسەن محیسن ئەلخەفاجی (حسن مالک حسن محيسن الخفاجي/ 1944/ الناصرية/ سوق الشيوخ)، لە ساڵی (1973)، لە شارۆچکەی گرمة لە سنووری الناصرية کوژراوە.

40. حەسەن نوری عەبد ئەلشەریفی (حسن نوري عبد الشريفي/ 1950/ بغداد)، خوێندکاری ئامادەیی، لە مانگی ئابی ساڵی (1971)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

41. حەسون سەلمان عەباس حەسون ئەلفەتلاوی (حسون سلمان عباس حسون الفتلاوي/ 1948/ كربلاء)، لە ڕۆژی (1975.12.6)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

42. حەمەد شرهان ئەلجومەیلی (حمد شرهان الجميلي/ بغداد)، لە ڕۆژی (1977.5.5)دا لە بەغدا بەهۆی ژەهری (الثاليوم) دەرخوارد کردن کوژراوە.

43. حەمەد وسو ڕەحمان حەمەد حوسێن خۆشناو ناسراو بە حەمەد زەخۆک (حمد وسو رحمان حمد حسين خوشناو الملقب ب حمد زخوک/ 1933/ شەقلاوە)، لە ڕۆژی (1976.2.19)دا لە

هەولێر گیراوەو دواتر لە ڕۆژی (1976.12.21)دا لە ئەمنی عامەی بەغدا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

44. حەمید سەعید ئەلسەگەر (حميد حسن الصگر/ 1945/ الحلة)، سەر بە (ق. م)، لە سەرەتای ساڵی (1972)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

45. حەمید عاتی (حميد عاتي/ (1938/ العمارة)، لە ڕۆژی (1978.9.3)دا لە ئەمنی بەسرە لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

46. حەمید عۆدە زیدان خەڵەف (حميد عودة زيدان خلف/ 1952/ الناصرية/ الرفاعي)، لە ڕۆژی (1975.9.7)دا لە سەربازگەی دیالا کوژرا.

47. حەنا ئەلیاس مەتی شابا (حنا ألياس متي شابا/ برطلة/ الموصل/ 1947)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1975.3.11)دا لە گوندی سەری بەردی لە سنووری قەزای سۆران گوللە باران کراوە.

48. حوسێن ئیبراهیم خەلیل (حسين إبراهيم خليل/ 1937/ بغداد)، لە ساڵی (1972)دا لە بەغدا کوژراوە.

49. حوسێن ئیبراهیم مستەفا (حسين إبراهيم مصطفى/ هەولێر)، لە ساڵی (1972)دا لە نزیک هەریر لە سنووری پارێزگای هەولێر لە ئەرکێکی حزبیدا کوژراوە.

50. حوسێن حەمید حەسەن (حسين حميد حسن/ 1953/ العمارة)، لە ساڵی (1974)دا لە سەربازگەی الديوانية گوللە باران کراوە.

51. حوسێن حەمید یوسف ئەلخەفاجی (حسين حميد يوسف الخفاجي/ 1953/ الناصرية)، لە ساڵی (1971)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

52. حوسێن عەبدولنەبی ناسر ئەلتائی (حسين عبدالنبي ناصر الطائي/ 1943/ الكوت)، لە ڕۆژی (1970.6.24)دا لە الكوت کوژراوە.

53. حوسێن عەلی جەعفەر (حسين علي جعفر/ 1941/ بغداد)، لە ساڵی (1970)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

54. حوسێن عەلی ئەلموحسین (حسين علي المحسن/ الحلة – بابل)، لە ساڵی (1971)دا لە باژێڕی (الأسكندرية)ی سەر بە (الحلة) تیرۆر کراوە.

55. حوسێن عەلی عەبود جەبر ئەلغزی (حسين علي عبود جبر الغزي/ 1948/ الناصرية)، سەر بە (ق. م)، لە ئاهەنگێڕانی ساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا لە (ساحة السباع) لە بەغدا بە گوللەی هێزە ئەمنیەکان کوژراوە.

56. حوسێن عەلی مەهدی ئەلعوبەیدی (حسين علي مهدي العبيدي/ 1920/ بغداد)، لە ڕۆژی (1979.11.7)، تیرۆر کراوە.

57. حوسێن کازم کاشف ئەلغتاء (حسين كاظم كاشف الغطاء/ 1950/ الحلة)، لە ساڵی (1974)دا لە لە ئەمنی بابل لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

58. حوسێن نادر (حسين نادر)، لە ساڵی (1970)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

59. خالید مەحمود ئەحمەد ئەمین (خالد محمود أحمد أمين/ 1945/ الناصرية)، کورد و هەڵبەستوان بوو، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.9.9)دا لە (قصر النهاية) خرایە نێو حەوزی (نەتریک)ەوە و بەمشێوەیە کوژراوە.

60. خالس عەبد ئەلمەجید (خالص عبد المجيد/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1974.4.25)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

61. خەڵەف حەجی عەلۆ (خلف حجي علو/ 1931/ بارێ/ شەنگال)، لە ڕۆژی (1976.4.2)دا لەلایەن ئەمنی شەنگال لە گوندی بارێ (گەلی شەهیدان) کوژراوە.

62. خەیروڵڵا عەلی عەبد ئەلسەید (خيراللة علي عبد السيد/ 1942/ الكوت)، لە سالّی (1971)دا لە ئەمنی کوت لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

63. خەیری جاهل شەریف ئەلعگەیلی (خيري جاهل شريف العگيلي/ 1946/ الناصرية/ الشطرة)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.9.7)دا لە گوندی (عگيل الفالح) لە سنووری شاری الناصرية بەدەستی ئەمنی الناصرية کوژراوە.

64. خودێدە دەرویش ڕەشۆ ئەلخالتی (خديدة درويش رشو الخالتي/ 1956/ بەحزانی/ باشیک/ موسڵ)، لە ڕۆژی (1976.11.14)دا لە سەربازگەی موسڵ گوایە نارنجۆک پێیدا تەقیتەوەو کوژراوە.

65. داخل جفات عەباس سالّح ئەلکریتی (داخل جفات عباس صالح الكريطي/ 1947/ كربلاء/ الهندية)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1976.4.24)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

66. دایخ عوبەید ئەلکرێتی (دایخ عبید الکریطي/ الحلة)، لە ڕۆژی (1971.8.20)دا لە شاری الحلە (البابل) کوژراوە.

67. دەهار حەجی عەلۆ (دهار حجي علو/ 1933/ باریز/ شەنگال)، لە ڕۆژی (1976.4.2)دا لەلایەن ئەمنی شەنگال لە گوندی باریز (گەلی شەهیدان) کوژراوە.

68. ڕافع نافع ئەلکوبەیسی (رافع نافع الکبیسي/ 1941/ الکوت)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.6.3)دا لە الکوت تیرۆر کراوە.

69. ڕەبیع عەبد ئەزیرج ئەلحاتمی (ربیع عبد أزیرج الحاتمي/ 1949)، لە سالّی (1971)دا لەلایەن ئەمنی ڕژێم کوژراوە.

70. ڕەزا حازور (رضا حاذور/ الحلة)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.8.13)دا لە گوندێکی سەر بە حلە کوژراوە.

71. ڕەشید حوسێن هادی (رشید حسین هادي/ 1940/ کەرکوک)، لە سالّی (1972)دا لە کەرکوک گوللە باران کراوە.

72. ڕەفیق سالّح مستەفا وسو کاوانی (رفیق صالح مصطفی وسو الکاواني/ 1937/ هەولێر/ شقلاوة)، لە سالّی (1969)، لە هەولێر لەلایەن ئەمنی ڕژێم تیرۆر کراوە.

73. ڕەمەزان ئەیوب سەلیم بامەڕنی (رمضان أیوب سلیم البامرني/ 1945/ دهۆک)، لە شەوی (1970.11.14/13)دا لە موسڵ تیرۆر کراوە.

74. ڕەهیف ئالخزەیعل فەرەجوڵّلا ئەلساعدی (رهیف آل خزیعل فرجاللة الساعدي/ 1941/ سوق الشیوخ/ الناصریة)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.12.15)دا لە (قصر النهایة) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

75. ڕیاز کەمال حەمید ئەلدین ئەلبەکری ناسراو بە لۆرکای عێراق (رياض كمال حميد الدين البكري/ 1950/ الحلة)، هەڵبەستوانێکی ناسراو بوو، لە ساڵی (1977)دا گیراو لە ڕۆژی (1978.8.3)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

76. زافر حەسەن کازم ئەلنەهر (ظافر حسن كاظم النهر/ 1948/ الكوت/ الصويرة)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1974.4.25)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

77. زاکر مەحمود عەبدولمونعیم ئەلدوسەری (ذاكر محمود عبدالمنعم الدوسري/ 1947/ الانبار/ هيت)، لە ڕۆژی (1973.7.1)دا لە شارۆچکەی هیت کوژراوە.

78. زوهێر عەبد عەلاوی (زهير عبد علاوي/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.6.8)دا لە شاری الديوانية (القادسية) کوژراوە.

79. زۆران عەبدولعەزیز نور محەمەد یاروەیس (زوران عبدالعزيز نور محمد يارويس/ 1924/ كربلاء/ الهندية)، سەر بە (ق. م) و پێشمەرگە لە شۆڕشی کوردستان (1974–1975)، لە ڕۆژی (1975.5.25)دا تیرۆر کراوە.

80. سابیر خەڵەف (صابر خلف)، لە ساڵی (1971)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

81. ساحب جەواد عەبد عۆن (صاحب جواد عبد عون/ 1939/ الكوت)، لە ساڵی (1977)دا لە ئەمنی عامەی بەغدا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

82. ساحب عەلی (صاحب علي)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.9.7)، لە گوندی (عگیل الفالح) لە سنووری پارێزگای (الناصرية/ ذيقار)دا کوژراوە.

83. سالّح ئەحمەد حەسەن ئەلعوبەیدی (صالح أحمد حسن العبيدي/ 1936/ حمام العليل/ الموصل)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.9.7)، لە گوندێکی (قلعة سكر) لە پارێزگای (الناصرية/ ذيقار)دا کوژراوە.

84. سالّح حەسەن مەجید حەسەن ئەلغراوی (صالح حسن مجيد حسن الغراوي/ 1952/ بغداد)، لە ڕۆژی (1973.7.24)دا لە ئەمنی عامەی بەغدا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

85. سالّح ڕەزا عەلی عەسکەری (1937/ عەسکەر/ ئاغجەلەر/ کەرکوک)، ئەندامی (قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراق)، لە ڕۆژی (1969.1.9)دا گیراوە، بەر لە ئازادکردنی لە مانگی ئادار ژەهرخوارد کراوە، دواتر لە ڕۆژی (1969.4.24)، بەهۆی کاریگەری ژەهرەکە کۆچی دوایی کردووە.

86. سالّح عەبدولڕەحمان قادر (صالح عبدالرحمن قادر/ 1937/ قەرەبولّاغ/ کولّەجۆ/ کفری/ کەرکوک)، لە سالّی (1976)دا لە گوندی بێلولە لە سنووری شارەدێی مەیدان-ی سەر بە خانەقین کوژراوە.

87. سالّح محەمەد سلێمان مستەفا شوانی (صالح محمد سليمان مصطفى شواني/ کەرکوک/ شوان/ قەفار)، لە سالّی (1970)دا لەلایەن ئەمنی ڕژێم لە هەولێر لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

88. سالّح مەهدی ئەلمەشهەدانی (صالح مهدي المشهداني/ بغداد)، له سالّی (1971)دا له کۆشکی (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجه کوژراوه.

89. سالم سادق مەلا نەزەر فەیلی (سالم صادق ملا نظر الفيلي/ 1947/ بغداد)، له ڕۆژی (1971.11.21)دا له (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجه کوژراوه.

90. سالم یوسف ئەلیاس ئەلمەحروک (سالم يوسف ألياس المحروک/ 1932/ موسڵ)، له ڕۆژی (1971.2.2)، له موسڵ کوژراوه.

91. سامر سالّح جەبر سەلمان ئەلخەفاجی (ثامر صالح جبر سلمان الخفاجي/ 1949/ بغداد)، له سالّی (1978)دا له بەغدا گیراوەو لەژێر ئەشکەنجه کوژراوه.

92. سامی محەمەد عەلی عیسا ئەلجەسانی (سامي محمد علي عيسى الجصاني/ 1941/ بغداد)، سەر به (ق. م)، له ڕۆژی (1969.2.27)، له قەصری نهائی لەژێر ئەشکەنجه کوژراوه.

93. سامی مەجید عەباس ئەلشەریفی (سامي مجيد عباس الشريفي/ 1942/ الحلة)، له ڕۆژی (1970.6.1)، له (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجه کوژراوه.

94. سامی مەهدی ئەلهاشمی (سامي مهدي الهاشمي/ 1946/ بغداد)، سەر به (ق. م)، له ڕۆژی (1968.9.28)دا له بەغدا تیرۆر کراوه.

95. ستار خزەیر سەگەر حەیدەر ناسراو بە مقدام (1930/ عیمارە)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی هێڵی سەربازی، لە ڕۆژی (1969.6.28)، تیرۆر کرا.

96. سەباح شاکر غەنی عوسمان ئەلئسود (صباح شاكر غني عثمان الأسود/ 1953/ بغداد)، لە کاتی شەڕدا لەگەڵ هێزەکانی ئەمنی ڕژێم لە ڕۆژی (1973.10.31)دا لە العمارة کوژراوە.

97. سەبری موسا عەتیە خەڵەف ئەلسوێعدی (صبري موسى عطية خلف السويعدي/ 1948)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1969.9.16)دا گیراو دواتر لە ڕۆژی (1969.9.27)، لە قەصری نهائی لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

98. سعیب عەنبەر مونعەسەر (صعيب عنبر منعثر/ 1929/ الكوت/ الحي/ عگيل الفالح)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.9.7)، لە گوندی (عگيل الفالح)، لە سنووری شاری الناصرية لە شەڕێک دا بەدیل گیراو دوای چەند ڕۆژێک لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

99. سەعد ناسر حوسێن (سعد ناصر حسين/ 1950/ بغداد)، لە ساڵی (1972)، لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

100. سەعدون عوبەید سوادی هادی ئەلجەنابی (سعدون عبيد سوادي هادي الجنابي/ 1951/ النجف)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.10.11)دا لە ئەمنی الحلة لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

101. سەعدون محەمەد عەلی (سعدون محمد علي/ بغداد)، لە ڕۆژی (1976.7.6)دا لە ئەبوغریب لە سێدارە دراوە.

102. سەعید بجای (سعيد بجاي/ الناصرية)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.2.10)دا لە الناصرية کوژراوە.

103. سەفاء فەخری تەقی سەلمان (صفاء فخري تقي سلمان/ 1951/ بغداد)، لە ساڵی (1972)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

104. سەلمان داود حوسێن (سلمان داود حسين/ بغداد)، لە ڕۆژی (1978.4.10)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

105. سەلیم عەبدولکەریم ڕەشید ئەلخالیدی (سليم عبدالكريم رشيد الخالدي/ 1940/ دیالی/ السعدية)، لە ڕۆژی (1977/12/12)دا لە ئەمنی دیالا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

106. سەید تەها سەید عەزیز (سيد طه سيد عزيز/ 1949/ هەولێر)، لە ڕۆژی (1968.12.27)، لەلایەن ئەمنی ڕژێم لە هەولێر تیرۆر کراوە.

107. سوادی زاحی بەتی ئەلحجامی (سوادي ضاحي بطي الحجامي/ 1924/ الرفاعي/ الناصرية)، لە ڕۆژی (1971.9.11)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

108. سوەیف خەڵەف سوەیف ئەلعگێلی (سويف خلف سويف العگيلي/ 1943/ الكوت)، لە ساڵی (1971)دا لە ئەمنی شاری کوت لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

109. سوهەیل حوسێن ئەلنوەیسر (سهيل حسين النويصر/ 1950/ النعمانية/ الكوت)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.9.7)، لە گوندی (عگيل الفالح) لە سنووری پارێزگای (الناصرية/ ذيقار)دا کوژراوە.

110. سوهەیل کەریم حەسون ئەلڕماحی (سهيل كريم حسون الرماحي/ 1954/ بغداد/ الكاظمية)، لە ڕۆژی (1976.5.1)دا لە الهندية (طويريج) لە سنووری کربلاء لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

111. شاکر کازم مەحمود ئەلعتابی (شاكر كاظم محمود العتابي/ 1945/ النعمانية/ الكوت/ أو الواسط)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1972.2.1)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

112. شاکر مەحمود ڕەشید بەسراوی (شاكر محمود رشيد/ 1939/ البصرة)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1972.11.7)، لە بەردەم نەخۆشخانەی الیرموک لە بەغدا تیرۆر کراوە.

1113. شەحیت ڕەجەب حوسێن (شحيت رجب حسين/ 1945)، لە ساڵی (1975)دا لە ئەمنی ڕژێم لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

114. شەعبان کەریم ئەلشێخلی (شعبان كريم الشيخلي/ 1929/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1969.2.28)، لە قەصری نهائی لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

115. شێرزاد ئیسماعیل مستەفا عەبدولغەنی خۆشناو (شيرزاد إسماعيل مصطفى عبدالغني خوشناو/ 1947/ کۆڕێ/ شەقلاوە/ هەولێر)، سەر بە (ق. م)، مامۆستا بوو لە گوندی تەلەلخێم-ی گوێڕ دەستگیر کراوە، دواتریش لە ڕۆژی (1974.12.6)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

116. عادل زوهەیر ئەلزوهەیری (عادل زهير الزهيري/ 1939/ الكوت/ قلعة سكر)، لە ساڵی (1971)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

117. عادل کەریم حەسەن زەبون ئەلتەمیمی (عادل كريم حسن زبون التميمي/ 1943/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1969.2.28)، لە قەصری نهائی لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

118. عادل مەردان حتاب ئەلساعدی (عادل مردان حطاب الساعدي/ 1949/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.6.5)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

119. عارف عەباس غرکان محەمەد ئەلشویلی (عارف عباس غركان محمد الشويلي/ 1953/ الناصرية/ الرفاعي)، لە ساڵی (1977)دا لە ماڵەکەی خۆی بەدەستی ئەمنی الرفاعي بە مادەی سالیۆم (مەرگەموش) کوژراوە.

120. عەبد علک غیلان ئەلسەعدی (عبد علک غيلان السعدي/ 1954/ العمارة)، لە ڕۆژی (1974.9.13)دا لە ئەمنی عامەی بەغدا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

121. عەبد عەلی ئەحمەد محەمەد ئەلنعمانی (عدب علي أحمد محمد النعماني/ (1938/ بغداد)، لە ساڵی (1978)دا لە بەغدا گیراوەو لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

122. عەبد عەلی لعێبی زەبون ئەلفریجی (عبد علي لعيبي زبون الفريجي/ 1943/ البصرة)، لە ڕۆژی (1971.9.9)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

123. عەبد موحسین حوسێن حەمادی (عبد محسن حسين حمادي/ 1938/ بابل)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1975.8.15)دا لە لوبنان بەدەستی موخابەراتی عێراقی تیرۆر کرا.

124. عەبدولئەمیر ئەلحاج ڕەشاد عەباس ئەلکورانی (عبدالأمير الحاج رشاد عباس الكوراني/ 1934/ العمارة/ الحي)، لە ڕۆژی (1971.9.7)دا لە (أم الگطة) لە قەزای (الحي) لە پارێزگای الكوت کوژراوە.

125. عەبدولخالق ئەحمەد عەزیز عومەر (1950/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1969.4.20)، بەدەستی سوپای بەعس کوژراوە.

126. عەبدولئەمیر سەعید مەحمود، لە ڕۆژی (1969/9/7)دا گیراوە و لە ڕۆژی (1969.9.30)، لەژێر ئەشکەنجە کوژرا.

127. عەبدولئیلا محەمەد دەخیل (عبدالإله محسن دخيل)، لە ساڵی (1971)، کوژراوە.

128. عەبدولئیلاّ موحسین دەخیل (عبدالإله محسن دخيل/ الموصل)، لە ساڵی (1971)، لە موسڵ کوژراوە.

129. عەبدولجەبار قەنبەر عەلی (عبدالجبار قنبر علي/ 1949/ بغداد)، لە ڕۆژی (1971.11.14)، لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

130. عەبدولجەلیل عۆدە معارج (عبدالجليل عودة معارج/ 1954/ بغداد)، لە ڕۆژی (1975.12.28)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

131. عەبدولحوسێن محێی ئەلئەسەدی (عبدالحسين محي الأسدي/ 1941/ البصرة)، لە ساڵی (1970)، تیرۆر کراوە.

132. عەبدولحوسێن مەشکور حەمود ئەلکنانی (عبدالحسين مشكور حمود الكناني/ 1934/ کربلاء)، لە ڕۆژی (1974.9.26)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

133. عەبدولڕەحمان ستار محەمەد (عبدالرحمن ستار محمد/ 1941/ کەرکوک/ خورماتوو)، لە ساڵی (1971)، لە شارۆچکەی نەوجول لە سنووری کەرکوک کوژراوە.

134. عەبدولڕەزا عەبدە عەلی (عبدالرضا عبدة علي/ 1935/ بوڵقامیش/ ئاغجەلەر/ کەرکوک)، لە ساڵی (1970)، لە گوندی (قامیشە) لە سنووری ئاغجەلەر بەهۆی تۆپبارانی ڕژێمەوە کوژراوە.

135. عەبدولڕەزاق قارەمان (عبدالرزاق قارمان/ 1940/ بغداد)، لە ڕۆژی (1969.11.5)، لە قەصری نهائی لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

136. عەبدولڕەزاق موتڵەگ جەدوع (عبدالرزاق مطلک جدوع/ 1931/ الشطرة/ الناصرية)، لە شەوی (1968.11.12/11)، لە کۆلێژی کشتوکاڵی موسڵ لەلایەن ئەمنی ڕژێم کوژراوە.

137. عەبدولزەهرە مزبان شناوە ئەلمالکی (عبدالزهرة مزبان شناوة المالكي/ 1939/ البصرة)، لە ساڵی (1975)دا لە سێدارە دراوە.

138. عەبدولساحب عەلی حوسێن ئەلسافی (عبدالصاحب علي حسين الصافي/ 1931/ الناصرية/ سوق الشيوخ)، لە ڕۆژی (1971/9/9)دا لە گوندی (عگیل الفالح) لە سنووری شاری الناصرية بەدەستی ئەمنی الناصرية کوژراوە.

139. عەبدولکازم جەعفەر عەباس ئەلغرابی (عبدالكاظم جعفر عباس الغرابي/ 1931/ کربلاء)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1976.3.10)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

140. عەبدوڵڵا سالّح مەدهۆش (عبداللة صالح مدهوش/ 1944/ التنومة/ البصرة)، لە پایزی سالّی (1971)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

141. عەبدوڵڵا عەلی ئەحمەد (عبداللة علي أحمد/ هەولێر)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1975.1.13)دا لەناو هەولێر کوژرا،

142. عەبدوڵڵا عوسمان (عبداللة عثمان/ هەولێر)، لە سالّی (1972)دا لە نزیک هەریر لە سنووری پارێزگای هەولێر لە ئەرکێکی حزبیدا کوژراوە.

143. عەبدولنەبی عەبدولمەجید عەباس ئەلکورانی (عبدالنبي عبدالمجيد عباس الكوراني/ 1936/ الكوت)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1974/5/21)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

144. عەبدولواحد عەبود خەلّەف (عبدالواحد عبود خلف/ 1946/ البصرة)، لە سالّی (1977)، لە ئەمنی البصرة گوللە باران کراوە.

145. عەبدولوەهاب فەرەج بوری ئەللامی (عبدالوهاب فرج بوري اللامي/ 1929/ دیالا)، لە ڕۆژی (1972.5.16)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

146. عەدنان تەها سلێمان کاکەیی (عدنان طة سليمان الكاكەيي/ 1944/ کەرکوک)، سەر بە (ق. م)، لە مانگی یەکی سالّی (1971)، لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

147. عەدنان عەبدولجەبار (عدنان عبدالجبار/ 1953/ دیالا/ باقوبە)، لە ڕۆژی (1978.1.10)دا، لە بەغدا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

148. عەدنان محەمەد موحسین ئەلعەزاوی (عدنان محمد محسن العزاوي/ بغداد/ 1951)، لە ڕۆژی (1971.7.14)، لە باژێڕی (الشطرة/ الناصرية) تیرۆر کراوە.

149. عەزیز حەمید ڕەشید (عزيز حميد رشيد/ 1930/ العمارة)، لە ڕۆژی (1970.8.31)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

150. عەزیز علێوی عەباس (عزيز عليوي عباس/ 1942/ الكوت)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1970.4.17)، لە الکوت کوژراوە.

151. عەزیز عەلی منیخر ئەلسعیدی (عزيز علي منيخر السعيدي/ 1933/ الشطرة/ الناصرية)، لە ڕۆژی (1970.10.28)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

152. عەزیز فعل ضمد ئەلعەبودی (عزيز فعل صمد العبودي/ 1941/ الناصرية)، سەر بە (ق. م)، لە مانگی تەموزی (1969)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

153. عەلاء عەباس عۆدە ئەلسلّتانی (علاء عباس عودي السلطاني/ 1955/ الحلة)، لە سالّی (1975)، لە الحلة کوژراوە.

154. عەلاوی عەبد ئەلحەسەن (علاوي عبد الحسن/ كربلاء)، لە سالّی (1972)دا لەلایەن ئەمنی ڕژێم کوژراوە.

155. عەلی حوسێن ئەلغزی (علي حسين الغزي/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1972.2.1)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

156. عەلی حوسێن فەرحان محەمەد ئەلڕوبەیعی (علي حسين فرحان محمد االربيعي/ 1951/ بغداد)، لە ڕۆژی (1972.3.10)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

157. عەلی حوسێن محەمەد ناسراو بە شێخ عەلی بەرزنجی (علي حسين محمد البرزنجي/ 1930/ سلێمانی/ بەرزنجە)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حشع، لە ڕۆژی (1971.6.4)دا لە شاری کەرکوک ڕفێندراو و دواتر لە ڕۆژی (1971.6.23)، لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتیان.

158. عەلی عەبدوڵڵا حەسون ئەبو شەبەع (علي عبداللة حسون أبو شبع/ 1942/ کربلاء)، لە ڕۆژی (1976.8.31)، لە بەغدا لەلایەن ئەمنی ڕژێم کوژرا.

159. عەلی عەنید خوین ئەلجەبیر (علي عنيد خوين الجبير/ 1945/ الجبايش/ الناصرية)، لە ساڵی (1971)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

160. عەلی عوبێد معارج ئەلسعیدی (علي عبيد معارج السعيدي/ 1952/ الناصرية/ الرفاعي)، لە ڕۆژی (1975/3/15)، لە سەربازگەی (بسماية) لە باشووری بەغدا گوللە باران کراوە.

161. عەلی فلەیح ئەحمەد ئەلدوجەیلی (علي فليح أحمد الدجيلي/ 1947/ التكريت)، لە ساڵی (1970)، لە سنووری پارێزگای التکریت (صلاح‌الدين) کوژراوە.

162. عەلی نوری قەساب، ئەندامی هەرێمی فورات و بەرپرسی کۆمیتەی ناوخۆی کەربەلا، لە ساڵی (1978)، کوژرا.

163. عەلی هاشم عەلی حەمادی ئەلجەنابی (علي هاشم علي حمادي الجنابي/ 1945/ بغداد)، لە ڕۆژی (1971.9.26)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

164. عەلوان موتەڵیب (علوان مطلب/ العمارة)، لە ساڵی (1971)دا لە ئەمنی عامە لە بەغدا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

165. عەمران موسا عەمران محەمەد عەلی (عمران موسى عمران محمد علي/ 1951/ كربلاء)، لە ڕۆژی (1976.3.7)، لە ئەمنی هەولێر لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

166. عناد حوسێن نویسر ئەلعتابی (عناد حسين نويصر العتابي/ 1952/ الكوت)، لە ساڵی (1970)، لە الكوت کوژراوە.

167. عیماد هاشم ئەلساڵحی (عماد هاشم الصالحي/ 1947/ الكوت/ الصويرة)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1974.4.25)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

168. عوبەید ڕازی لهمود (عبيد راضي لهمود/ 1918/ الكوت)، لە ساڵی (1971)، لە الكوت کوژراوە.

169. عۆدە زیدان خەڵەف (عودة زيندان خلف/ 1928/ الناصرية/ الرفاعي)، لە ڕۆژی (1971.12.10)، لە ئەمنی الناصرية لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

170. عومەر حەسۆ گزیر (عمر حسو كزير/ 1922/ موسڵ)، لە ساڵی (1973)، لە ئەمنی موسڵ لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

171. غەفار کەریم ڕەسوڵ (غفار كريم رسول/ 1958/ هەڵەبجە)، لە ساڵی (1978)، لە ئەمنی سلێمانی لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

172. فائز وەدیع ئەیشوع (فائز وديع أيشوع/ 1949/ موصل)، سەر بە (ق. م)، لە سالّی (1974)، لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

173. فائق ئەلیاس تەلبە (فائق ألياس طلبة/ 1936/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1969.2.14)، لە قەصری نهائی لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

174. فائق یەعقوب ئەلئەشقەر (فائق يعقوب الأشقر/ 1956/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1972.2.1)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

175. فازڵ کەسار (فاضل كسار/ النجف)، لە سالّی (1970)، لەلایەن ئەمنی ڕژێم کوژراوە.

176. فازڵ وتوت، ئەندامی کۆمیتەی ناوخۆی بابل، لە سالّی (1978)دا کوژرا.

177. فەتحوڵڵا عزەت مەجید مستەفا ئاغا (فتح‌اللة عزت مجيد مصطفى آغا/ 1936/ کەرکوک)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1972.1.26)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

178. قاسم موات وەهاب ئەلسودانی (قاسم موات وهاب ألسوداني/ 1943/ الديوانية)، لە سالّی (1970)، لە زیندان لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

179. قاسم محەمەد هەمزە، ئەندامی کۆمیتەی ناوخۆی بابل، لە سالّی (1978)دا کوژرا.

180. قەیس جەعفەر عەبد ئەلکنانی (قيس جعفر عبد الكتاني/ 1951/ بغداد)، لە ڕۆژی (1977.8.3)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

181. کازم ئەسوەد محەمەد ئەلمیاحی (كاظم أسود محمد المياحي/ 1941/ الكوت)، لە ڕۆژی (1971.8.16)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

182. کازم بەهر ئەلعتابی (كاظم بهر العتابي/ الكوت)، لە ڕۆژی (1971.9.7)، لە (أم الگطة) لە قەزای (الحي) لە پارێزگای الكوت کوژراوە.

183. کازم توعێمە (كاظم طعيمة/ 1952/ بغداد)، خوێندکاری زانکۆ، لە ساڵی (1976)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

184. کازم جاسم حەسەن بەخیت (كاظم جاسم حسن بخيت/ 1941/ الحلة)، لە ساڵی (1971)، لەلایەن ڕژێم کوژراوە.

185. کازم جاسم محەمەد جەواد شەمەری (كاظم جاسم محمد جواد الشمري/ 1924/ الحلة)، لە ڕۆژی (1970.7.14)، لە لایەن دەزگای ئەمنی عامەی بەعسەوە دەستگیرکراو لە ڕۆژی (1970.10.30)، لە قەسری نیهائی گوللە باران کراوە.

186. کازم خەڵەف بەدەن ئەلجیزانی (كاظم خلف بدن الجيزاني/ 1933/ الكوت)، لە ڕۆژی (1978.8.19)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

187. کازم عەکار جەبر ئەلسریفی (كاظم عكار جبر الصريفي/ 1952/ الناصرية)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.9.7)، لە گوندی (عگيل الفالح) لە سنووری پارێزگای (الناصرية/ ذيقار)دا کوژراوە.

188. کازم عەلاوی حەسون ئەلمەعموری (كاظم علاوي حسون المعموري/ 1942/ بغداد)، لە ڕۆژی (1975.5.1)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

189. کازم محەمەد عەمار (كاظم محمد عمار/ الناصرية/ سوق الشيوخ)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1972.1.3)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

190. کەریم جەبار داود ئەلفەیلی (كريم جبار داود الفيلي/ 1945/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.12.9)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

191. کەریم حەیدەر سەڕاج کەبس ئەلعەتوانی (كريم حيدر سراج كبص العتواني/ 1951/ بغداد)، لە ڕۆژی (1978.1.8)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

192. کەریم خەماس ئەلقەساب (كريم خماس القصاب/ بغداد)، لە کۆتا مانگی ساڵی (1971)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

193. کەشاش مەشکور شەمخی ئەلعتابی (كشاش مشكور شمخي العتابي/ 1942/ الناصرية/ الرفاعي)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1969.11.30)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

194. کەمال خورشید مستەفا بڵباس (كمال خورشيد مصطفى بلباس/ (1938/ هەولێر)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.8.31)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوشتیان و دواتر تەرمەکەیان لە نزیک خورماتوو لە سنووری کەرکوک فڕێ دابوو.

195. کەمال سەلۆ خدر (كمال سلو خدر/ 1941/ موسڵ)، لە سالّی (1972)، لە موسڵ کوژراوە.

196. کەمال نامیق زۆراب (1940/ سێوسێنان/ قەرەداغ)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1969.2.27)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

197. لعێبی ڕاهی کیتان ئەلدهیسی (لعيبي راهي كيطان الدهيسي/ 1933/ الناصرية)، لە ڕۆژی (1975.8.7)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

198. لەتیف محەمەد شامۆراد (لطيف محمد شامراد/ السليمانية/ 1945)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.6.7)، لە قەصری نهائی لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

199. لوتفی سەبری حاتەم ئەلتائی (لطفي صبري حاتم الطائي/ 1947/ بغداد)، لە سالّی (1970)، لە (قصر النهاية) گوللە باران کراوە.

200. لیواء عەلی شاکر حەمید ئەلحەمامی (لواء علي شاكر حميد الحمامي/ النجف/ 1948)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.6.7)، لە قەصری نهائی لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

201. ماجد حامد حوسێن ئەلخالدی (ماجد حامد حسين الخالدي/ 1947/ الناصرية/ الرفاعي)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1972.1.9)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

202. ماجد مەحمود ئەلعەبایچی (ماجد محمود العبايجي/ بغداد)، ئەفسەری سوپا بەپلەی ڕائید، لە سالّی (1970)، لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

203. ماجید مناصیر (ماجد مناصير)، لە مانگی دوازدەی ساڵی (1971)، کوژراوە.

204. ماهر علیوی سەعدون (ماهر عليوي سعدون/ 1925/ عگيل الفالح/ الحي/ الكوت)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.9.7)، لە گوندی (عگيل الفالح) لە سنووری پارێزگای (الناصرية/ ذيقار)دا کوژراوە.

205. محەمەد ئەلحومەیری (محمد الحميري/ بغداد)، لە ساڵی (1971)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

206. محەمەد ئەحمەد حەسەن ئەلخزری ناسراو بە عادل (محمد أحمد حسن الخضري/ 1932/ الخضر/ السماوة)، لە ئێوارەی (1970.3.21)، لەکاتی چوونی بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگی نەورۆز و خەڵاتکردنی شاندی کوردی کە ڕێککەوتنی ئاداری نێوان کورد و حکومەتی عێراقیان واژۆ کردبوو، ڕفێنرو دواتر تەرمەکەی لە ڕۆژی (1970.3.23)، لە نزیک دور لەسەر ڕێگای بەغدا – سامەڕا دۆزرایەوە.

207. محەمەد بەکر وەهاب سەعید ناسراو بە محەمەد قەساب (محمد بكر وهاب سعيد القصاب/ 1920/ کەرکوک)، لە ساڵی (1972)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

208. محەمەد حەبیب ئەلنەسر (محمد حبيب النصر/ 1952/ الكوت/ العزيزية)، لە ڕۆژی (1974.4.28)دا لە ئەمنی هەولێر لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

209. محەمەد حەسەن وەسخ ئەلزەیدی (محمد حسن وصخ الزيدي/ 1912/ الناصرية/ الشطرة)، لە ڕۆژی (1975.8.28)، لە ماڵەکەی خۆی چوونە سەری و کوشتیان.

210. محەمەد حەسون ئیلتیف ئەلدوجەیلی (محمد حسون إلطيف الدجيلي/ 1937/ الدجيل)، لە ساڵی (1971)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

211. محەمەد حوسێن ڕاشد محەمەد ئەلدوجەیلی ناسراو بە مەهدی (محمد حسين راشد محمد الدجيلي الملقب ب مهدي)، لە ساڵی (1971)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

212. محەمەد ڕەشید جاسم (محمد رشيد جاسم)، لە ساڵی (1972)، کوژراوە.

213. محەمەد سابت محەمەد ئەلدوجەیلی (محمد ثابت محمد الدجيلي/ 1947/ بغداد/ الدجيل)، لە ڕۆژی (1975.9.15)، لە دوجەیل کوژراوە.

214. محەمەد سالح ئەلجبوری (محمد صالح الجبوري/ الموصل)، لە ناوەڕاستی ساڵی (1971)دا گیراوە و لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

215. محەمەد عەلی حوسێن عەبد عەلی (محمد علي حسين عبد علي/ 1925)، لە ساڵی (1977)دا کوژراوە.

216. محەمەد عوسمان شینە سلێمان (محمد عثمان شينة سليمان/ 1949/ هەولێر)، لە ساڵی (1977)دا کوژراوە.

217. محەمەد کەریم موراد (محمد کەریم مراد/ بغداد/ 1944)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.5.3)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

218. محەمەد مستەفا قادر (محمد مصطفى قادر/ 1944/ چوارتا/ سلێمانی)، لە ڕۆژی (1978.12.31)، لە ئەمنی چوارتا خۆی کوشت.

219. مستەفا زاهر مستەفا (مصطفى ظاهر مصطفى/ 1940/ الموصل/ وادي الحجر)، لە ڕۆژی (1971.12.9)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

220. معن ڕەحیم عەبود حەمیدی ئەلحار (معن رحيم عبود حميدي الحار/ 1948/ الحلة)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.6.15)، لەکاتی گەڕانەوەی لە کوردستان بەرەو باشووری عێراق لەلایەن ئەمنی ڕژێم گیرا، دواتر لە ڕۆژی (1971.8.19)دا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

221. مقداد کازم محەمەد ئەلغەنام (مقداد كاظم محمد الغنام/ 1949/ الديوانية)، لە ڕۆژی (1978.12.1)، خۆی کوشت بەر لە دەستگیرکردنی.

222. مەتەر نەجم ئەجیرع ئەلبەدری (مطر نجم أجيرع البدري/ 1949/ العمارة)، لە ڕۆژی (1975.6.7)، لە ئەبوغریب لە سێدارە دراوە.

223. مەتی هندۆ هندی (متي هندو هندي/ الموصل/ 1919)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق (القيادة المركزية)،

له ڕۆژی (1969.1.9) گیراوە و له ڕۆژی (1969.1.14)، له (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

224. مەجید ڕسن بریج ئەلبەدری (مجيد رسن بريج البدري/ 1956/ الديوانية)، له ڕۆژی (1978.12.18)، له ئەمنی بەغدا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

225. مەجید عەبد مەکتوب (مجيد عبد مكتوب/ 1943/ البصرة/ الزبير)، له سالّی (1975)، له زوبێر لەلایەن ئەمنی ڕژێم کوژراوە.

226. مەجید مەنازیر (مجيد مناظير/ 1955/ الناصرية/ السوق الشيوخ)، سەر بە (ق. م)، له ڕۆژی (1972.1.5)، له (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

227. مەحمود ناسر حەسون ئەلخەفاجی (محمود ناصر حسون الخفاجي/ 1937/ الديوانية)، سەر بە (ق. م)، له ڕۆژی (1971.4.24)دا بە برینداری گیراو له ڕۆژی (1971.4.28)، له نەخۆشخانەی (الديوانية) کۆچی دوایی کرد.

228. مەدلول ئەلسەید جابر (مدلول السيد جابر/ بابل)، سەر بە (ق. م)، له مانگی ئابی سالّی (1971)، له (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

229. مەزحی فەزع خەلّەف غەشیم ئەلعەزاوی (مضحي فزع خلف غشيم العزاوي/ 1939/ تكريت/ بيجي)، له ڕۆژی (1975.6.7)، له بێجی لەلایەن ئەمنی ڕژێم کوژراوە.

230. مەزهەر علیوی خبل (مزهر عليوي خبل/ الناصرية/ قلعة سكر)، له سالّی (1971)، لەلایەن ئەمنی ڕژێم لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

231. مەشکور مەترود ئەلغەزالی (مشكور مطرود الغزالي/ بغداد)، لە سالّی (1970)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

232. مەنهەل عەبدولساحب عەبادی ئەلفەتلاوی (منهل عبدالصاحب عبادي الفتلاوي/ 1949/ الديوانية)، لە ڕۆژی (1973.10.4)، لە ئەمنی الديوانية لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

233. موتەشەر حەواس وادی (مطشر حواس وادي/ 1949/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1969.1.5)، لەسێدارە دراوە.

234. موتەشەر مونشد مخەرب ئەلهلالی (مطشر منشد مخرب الهلالي/ 1947/ الناصرية)، لە ڕۆژی (1974.9.7)، لە مالّی خۆی بەدەستی ئەمنی الناصرية کوژراوە.

235. موحسین ئیسماعیل حوسێن ئەلعومەر (محسن إسماعيل حسين العمر/ 1952/ الحلة)، لە ڕۆژی (1973.5.5)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

236. موحسین علێوی (محسن عليوي/ 1946/ بغداد)، لە سالّی (1971)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

237. موحسین فنجان، لە کۆتایی سالّی (1968)دا کوژراوە.

238. موحسین ناجی ئەلبەسبوس ئەلخەفاجی (محسن ناجي البصبوص الخفاجي/ 1941/ الحلة)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1970.8.20)دا گیراوەو دواتر لە ڕۆژی (1971.2.1)دا لە (قصر النهاية)، لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

239. موحسین هەندال حەسەن ئەلخەیون (محسن هندال حسن الخيون/ 1927/ بغداد)، لە سالّی (1970)، لە بەغدا کوژراوە.

240. موحێسن ئەلحەتحوت ئەلعکبی (محيسن الحطحوط العكبي/ الكوت/ الحي/ 1943)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1969.5.9)، لە شارۆچکەی (المنار له باشووری الناصرية) کوژراوە.

240. موزەفەر میران عەباس گرغانی فەیلی (مظفر ميران عباس كرغاني الفيلي/ 1944/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1972.3.1)دا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

241. موسا زاحی بەتی ئەلحجامی (موسى ضاحي بطي الحجامي/ 1919/ الرفاعي/ الناصرية)، لە ڕۆژی (1971.3.1)، لە ئەمنی الرفاعي لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

242. موسا عەتیە خەڵەف ئەلسویعدی (موسى عطية خلف السويعدي/ 1919/ الكوت)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.3.23)، لە گوندێکی (العمارة) کوژراوە.

243. موزەفەر میران عەباس کرغانی ئەلفەیلی (مظفر ميران عباس كرغاني الفيلي/ 1944/ بغداد)، لە ڕۆژی (1972.2.1)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

244. موعین حەسەن کازم ئەلنەهر (معين حسن كاظم النهر/ 1946/ الصويرة/ الواسط)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.5.22)، لە بەغدا کوژراوە.

245. مونتەسر عەبد عەلوان (منتصر عبد علوان/ 1959/ بغداد)، لە ڕۆژی (1975.6.3)، لە بەغدا بە شێلانی ئۆتۆمۆبێلی سەربازی کوژراوە.

246. ناجی حەسیب (ناجي حسيب/ النجف)، لە ڕۆژی (1970.8.20)، لە (قصر النهاية) گوللە باران کراوە.

247. ناجی عەبود ئەلعقابی (ناجي عبود العقابي/ الكوت)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.3.23)، لە گوندێکی (العمارة) کوژراوە.

248. نازم کازم جابر (ناظم كاظم جابر/ 1946/ البصرة)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1974.4.25)دا، لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

249. ناسر جابر مجیلی ئەلحەمودی (ناصر جابر مجيلي الحمودي/ 1949/ البصرة)، لە ڕۆژی (1978.9.4)، لە ئەمنی البصرة لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

250. نزار جەبر سەلمان (نزار جبر سلمان/ 1953/ البصرة/ الزبير)، لە ڕۆژی (1977.8.20)، لە زوبێر لەلایەن ئەمنی ڕژێم کوژراوە.

251. نعمە عەبد عەلی عەبدولحوسێن عەتیە ئەلبهادلی (نعمة عدب علي عبدالحسين عطية البهادلي/ 1942/ العمارة)، لە ساڵی (1972)، لە ئەمنی البصرة لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

252. نەجاح عەبدولکەریم محەمەد (نجاح عبدالكريم محمد/ بغداد)، لە ڕۆژی (1976.5.23)، لە بەغدا لەلایەن ئەمنی الكرادة الشرقية کوژراوە.

253. نەجمەدین سلێمان عەبدولڕەحمان (نجم‌الدين سليمان عبدالرحمن/ 1917/ دیالی)، لە ساڵی (1975)، لە ئەمنی دیالا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

254. نەسرەدین مەجید جەبار (نصرالدين مجيد جبار/ قادركەرەم/ کەرکوک)، لە ساڵی (1971)دا لە سنووری بازیان کوژراوە.

255. نەسرەدین مەجید حەمید دەلۆیی (نصرالدين مجيد حميد الدلويي/ 1939/ خانەقین)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.5.23)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

256. نەعیم علێوی ئەلشەمەری (نعيم عليوي الشمري/ 1945/ بغداد)، لە ڕۆژی (1969.2.28)، لە قەصری نهائی لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

257. نوری کەمال یوسف ئەلعانی (نوري كمال يوسف العاني/ 1934/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1969.2.14)، لە قەصری نهائی لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

258. هادی موحسین زەبون ئەلکەعبی (هادي محسن زبون الكعبي/ 1950/ بغداد)، لە سالّی (1974)، لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

259. هاشم شەمسەدین شاکر ئەلئالوسی (هاشم شمس‌الدين الآلوسي/ 1933/ بغداد)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1969.2.24)دا لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

260. هواش بورهان محەمەد ئەلفرتوسی (هواش برهان محمد الفرطوسي/ 1927/ المجر الكبير/ العمارة)، لە ڕۆژی (1971.2.20)، لە هۆڕەکانی (المجر الكبير) لە العمارة (میسان) کوژراوە.

261. وەرد خلیوی عەبد ئەلرکابی (ورد خليوي عبد الركابي/ الناصرية)، لە ڕۆژی (1970.8.8)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

262. وەردە داود خامیس (دهۆک/ 1935)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1969.2.16)، لە (قصر النهاية) لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە.

263. وەلید عەبدولحەمید عەلی ئەلخالیدی (وليد عبدالحميد علي الخالدي/ (1938/ الموصل)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1968.11.7)، لە ئاهەنگێڕانی سالّیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا لە (ساحة السباع)، لە بەغدا، بە گوللەی هێزە ئەمنیەکان کوژراوە.

264. یوسف خەلیفە مستەفا ئەلڕوبەیعی مەندەلاوی (يوسف خليفة مصطفى الربيعي المندلاوي/ 1935/ مەندەلی)، سەر بە (ق. م)، لە ڕۆژی (1971.1.14)، لە مەندەلی کوژراوە.

265. یوسف عومەر نوری (يوسف عمر نوري/ 1943/ البصرة)، لە ڕۆژی (1978.6.20)، لە ئەمنی البصرة لەژێر ئەشکەنە کوژراوە.

بۆ جیاکردنەوەی کوژراوانی کۆمیتەی ناوەندی (اللجنة المركزية) و سەرکردایەتی ناوەندی (القيادة المركزية)ی هەردوو باڵی حزبی شیوعی عێراق، سوودم لە پەرتووکی (كفاح وسلاح أوراق من سفر الحركات الشيوعية واليسارية المسلحة في العراق)، لە نووسینی كفاح الأمين، وەرگرتووە، کە جگە لە ناسراوەکان ئەوانەی دیکەم هەموو نەدەزانین.

بەشی یەکەمی لە سێدارە دراوەکان لە ڕۆژی (1978.5.17):

زۆربەی هەرە زۆری شیوعییەکان، ڕۆژی لە سێدارەدانی (39) سەرباز و پلەداری سەربازی حزبەکەی خۆیان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە نازانن، لە کاتی هاوپەیمانی نێوان حزبی شیوعی عێراق و بەعس لە ڕۆژانی (17-1978.5.27)دا، بە تۆمەتی کارکردنی حزبی لە ڕیزەکانی سوپادا لە سێدارە دران، چجای ژمارە و ناوەکانیان. ئەو شیوعیانە، پێشتر لە ساڵی (1972)، یان هەر لە سەرەتای بەرەی دوو قۆڵی تا ساڵی (1977)، بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچووە، دواتر لە ساڵی (1978)، بە سێ جار لە سێدارە دران کەچی بەقەد کوژراوانی پشتئاشان ناویان نایەت.

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة)، دوای نزیکەی دوو مانگ، بڕیاری ژمارە (884)ی ڕۆژی (1978.7.1)ی بۆ خانەنشینانی سەربازی و پۆلیس بەم شێوەیە دەرکرد، کە هەر کەسێکی سەربازی و پۆلیس لە خانەنشین، خۆبەخشە دەرچووەکان و دەرکراوەکان لە خزمەتی سەربازی، یان بە هەر هۆکارێک، لەدوای ڕۆژی (1968.7.17)، کۆتایی بە خزمەتکردنیان هێنرابێت، بە لە سێدارەدان سزا دەدرێت، گەر بێت و دەربکەوت پێشتر پەیوەندیان بە هەر پارتێکی سیاسیی هەبوو بێت، یان کاریان بۆ بەرژەوەندی هەر لایەنێک کردبێت جگە لە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی. ئەم بڕیارەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەدوای کۆدەتای (1968.7.17)، پەیوەندیان بە هەر حزبێکی دیکەوە هەبوو بێت، جگە لە بەعس، ئەمەش هەڵەیەکی تری حشع بوو کە لەکاتی

دامەزراندنی بەرە سازشیان لەسەر کردبوو کە حزبی شیوعی ڕێکخستنی لەنێو سوپادا نەبێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا لادانە لە ڕێبازی مارکسیزم، هەروەکو مالک سەیف ڕمح دەڵێت: (ئەرکی بڵاوکردنەوەی بیری کۆمۆنیستی پێویستی بە ڕێکلام کردن و هاندانێکی ڕێکخراو و بەردەوام هەیە بە شێوەیەکی ڕەها لەنێو هێزەکانی سوپادا، لەنێو سوپادا ڕێکلام کردنی ئاشکرا کارێکی زەحمەتە بەهۆی یاساکانی سەربازییەوە بۆیە ئەم کارە دەبێ بەشێوەیەکی نایاسایی بکرێت، ڕەتکردنەوەی ئەمە واتای ناپاکی کردنە لە ئەرکی شۆڕشگێڕێتی، ئەمەش لەگەڵ پابەندبوون بە کۆمینتێرنی سێیەم ناگونجێت[140]. واتە وێڕای ئەوەی کە ڕێی کارکردنی یاسایی و نایاسایی بە حزبە شیوعییەکان لە سوپا دراوە و پیادەنەکردنی بە ناپاکی ناسێنراوە، کەچی لەلایەن حشع فەرامۆش خراوە.

بۆ دەبێت بەو شێوەیەی کە یادی کوژراوانی پشتئاشان بە جوێندان، قسەی سووک و سووکایەتیکردن بە پێشمەرگە، فەرماندە، ئەندام، کادیر و سەرکردەکانی یەکێتی دەکرێتەوە، یادی ئەو سەربازە شیوعییانە نەکرێتەوە کە ڕژێمی عروبەی بەعس و سەدام تەنیا بەهۆکاری ئەندام بوونیان لە حزبی شیوعی لە سێدارەی داون؟ لەکاتێکدا کە ئەو دوو حزبە هاوپەیمانی دڵسۆزی یەکدی بوون و شەڕ لە نێوانیاندا نەبوو، تەنانەت حزبی شیوعی شەڕی

[140]- مالك سيف رمح، للتأريخ لسان ذكريات وقضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه حتى اليوم، ص (134). ماخوذ من: بيانات وموضوعات ومقررات الأممية الشيوعية، المؤتمران الأول والثاني، 1919-1920، ترجمة طلال الحسيني، دار الطليعة، بيروت، الطبعة الأولى، آب 1972، ص149، 150)، کۆمینتێرنی سێیەم (19ی تەممووز - 1920.8.2).

کوردیشی بۆ حکومەتی بەعس دەکردا! بە پێچەوانەوە حزبی شیوعی عێراق و یەکێتی، کە شەڕ لەنێوانیان دەستی پێکرد، لە بەرەی جەوقەد (1980.11.12)، پێکەوە ئەندام بوون، بەڵام لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ پارتی و حسک بەرەیەکی سەربازیان دیکەیان بەناوی (بەرەی جود) لە ڕۆژی (1980.11.28)دا لەدژی یەکێتی ڕاگەیاند، هەر لە ساڵی (1980)وە تاوەکو لێدانیان لە پشتئاشان چەندان شەڕی بە هاوبەشی جود (پارتی، پاسۆک و حسک) لە دژی یەکێتی کردبوو، لە ڕۆژی (1981.9.5) لە ناو مزگەوتی گوندی گەرەوان لە دۆڵی وەرتێ وەسمان بەگ، حەمەلاو نەبی و دوو پێشمەرگەی دیکەیان کوشت، لە ڕۆژی (1983.4.15)دا لەگەڵ حسک لە باداوان (شێخ شەمال، سەرباز، سەعدی و کامەران) دەکوژن، لە ڕۆژی (1983.4.27) بە هاوکاری پارتی و حسک هێرشیان کردە سەر مەڵبەندی (4)ی یەکێتی لە گوندی بالیسان و هەشت پێشمەرگەیان کوشت و دوازدەی دیکەشیان بریندار کرد، لە ڕۆژی (1983.4.30)دا لە ڕمکان پێشمەرگەیەکی یەکێتی دەکوژن و یەکێکی دیکەش بریندار دەکەن، بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی شیوعی هێرشیان کردۆتە سەر یەکێتی و شەڕیان جارداوە، کەچی یەکێتی بۆی نەبێت داکۆکی لە خۆی بکات، پەلاماریان بدات و لە تۆڵەی کوژراو و بریندارەکانی خۆی لەوان بکوژێت؟ ئایە خۆیان بە گەورە و پیرۆز دەزانن و کوشتنی پێشمەرگەی یەکێتی بە ئەرک و خێر دەزانن؟ ئایە جیاوازی هەیە لەنێوان پێشمەرگەی یەکێتی و ئەوان، تا ئەوان بەچاوی سووک سەیری پێشمەرگە و خوێنی

کوژراوەکانی یەکێتی بکەن، بەچاوی پیرۆزیش بڕواننە پێشمەرگە و خوێنی کوژراوەکانی خۆیان؟

باشە بۆ دوای ئەو هەموو ساڵەی کە بەسەر شەڕی پشتئاشان دا تێپەڕی و دوای ئەوەی لە هاوینی ساڵی (1987)دا هەوڵی ئاشتبوونەوەی گشتیی لەنێوان یەکێتی و یەک لەدوای یەک لەگەڵ (حسک، پاسۆک، شیوعی و پارتی) سەری گرت و کۆتاییەکەشی بە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژی (1988.5.7)دا هات، کەچی حشع بە بەردەوامی پەلاماری یەکێتی دەدات کە لەگەڵیدا لە شەڕ بووە و دواتریش ئاشتبوونەتەوە، بەڵام بەقەد یەک لە سەدی ئەوە پەلاماری حزبی بەعسی عەرەبی و حکومەتی عێراقی نادات، کە لەکاتی دۆستایەتی و هاوپەیمانێتیی نێوانیان جگە لە تیرۆرکردنی دەیان سەرکردە و کادر، تەنیا بە سێ جار (39) ئەندامی لە سوپا لێ لە سێدارە دان و دواتریش ئاشتبوونەوە لەنێوانیاندا نەبووە؟ باشە حزبی شیوعی عێراق، تا ئێستاکە چەند جار یادی ئەو (39) لە سێدارە دراوەی کردۆتەوە، یان چەند نامیلکە و پەرتووکی بۆ خەبات و ژیاننامەیان نووسیوە، لەکاتێکدا دەیان و سەدان وتار، نامیلکە و پەرتووک لەلایەن شیوعییە کورد و عەرەبەکان لەسەر شەڕی پشتئاشان نووسراون، کە تاکە مەبەست تێیدا بە دڕندەکردنی کورد بووە؟

عەرەبە ڕەگەزپەرستەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق، کوردێکی شیوعی چەشنی خالید محەمەد بەگداش قەرتوش ناسراو بە خالید بەگداش (1912.11.15–1995.7.24) و ڕەمۆ شێخۆ فەرحە ئەندامی پۆلیتبیرۆی حزبی شیوعی سوورییان دەوێت کە داشۆراوبن

لە تەواوی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانی، کە زۆربەی شیوعییە کوردەکانی نێو حشع تا کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیست لە چەشنی خالید بەگداش و ڕەمۆ شێخۆ بوون، لە هەمان کاتیش لە خزمەتی بیری عروبەی سوری و عێراقی داگیرکەردا بوون. ڕەمۆ شێخۆ فەرحە ناسراو بە ئەبو جەنگۆ، لەکاتی هاتنی سوپای فەرەنسە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا ئەم شەکرەی شکاندووە: (ئەو دەمەی وڵاتی فەرەنسە ویستی دەوڵەتێکی کوردی لە سوریا بۆ کورد دامەزرێنێ، شەرەفی ئەوەم بەرکەوت کە بەرهەڵست بم)[141]. هەرچەندە بە دەگمەن نەبێت، دەنا تەواوی شیوعییە کوردەکانی نێو حشع تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم وەکو ڕەمۆ شێخۆ فەرحە دژی هەموو مافێکی گەلی باشووری کوردستان بوون. شیوعییە عەرەبە شۆڤینیستەکان، بەزۆر و ناڕەوا دەیانەوێت شەڕی پشتئاشان کە شەری نێوان یەکێتی و بەرەی جود بووە بکەن بە شەڕی یەکێتی لەدژی عەرەب، لە هەمان کات داخ لە دڵانی بەرانبەر بە کورد لە شۆڤینیزمە عەرەبەکانی نێو حشع پێشتر شەڕی خۆیانیان لە کەرکوک لەدژی تورکمان، بە شەڕی کورد و تورکمان ناودەبەن، کە لە ڕاستیدا لە ڕۆژی (1959.7.14)، بە بۆنەی سالڕۆژی هاتنە سەر دەسەڵاتی کەریم قاسم، حشع خۆپیشاندانێکی جەماوەری ڕێکخست کە لە بەردەم (گازینۆی 14ی تەممووز) لە گەڕەکی ئەحمەد ئاغا لەلایەن تورکمانە تۆرانییەکانەوە هێرشیان کرایە سەر

[141]- حوسێن محەمەد عەزیز، کورد و شۆڕش و هەڵی مێژوویی لەبەر ڕۆشنایی ستراتیژی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، لاپەڕە (74).

و ئەندامانی حزبی شیوعی (کورد، عەرەب، ئاشووری و ئەرمەن بوون)، وەڵامی تورکمانەکانیان دایەوە و کوشتاری لێ کەوتەوە، بەڵام سەرانی حشع و کادرە شۆڤینیستە قین لە دڵەکانیان بەرانبەر بە کورد تۆمەتی ئەو کوشتارە دەخەنە ئەستۆی کورد و حزبی شیوعی عێراقی لێ دەردەکەن، لەکاتێکدا کە عەبدولکەریم قاسم، لە ڕۆژی (1959.7.19)دا لە کەنیسەی ماریوسف لە بەغدا، سەبارەت بە حزبی شیوعی عێراق و کۆمەڵکوژی تورکمانەکانی کەرکوک باسی ئەوەی کرد کە کردەوەکانی ئەو حزبە لە کەرکوک هاوشێوەی کردەوەکانی هۆلاکۆ و جەنگیزخان بوون، دوای دە ڕۆژ و لە ئێوارەی ڕۆژی (1959.7.29)دا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا دیسان هێرشی توندی کردە سەر حزبی شیوعی عێراق و هەڕەشەی لێکردن؛ (شەوکەت خەزنەدار، ص333)، کەریم قاسم، لە ڕۆژی (1959.8.3)، لەگەڵ شاندی ڕێکخراوە پیشەییەکان و سەندیکاکانی سەر بە حزبی شیوعی عێراق، دووبارە کۆمەڵکوژی تورکمانەکانی بە کارەکانی هۆلاکۆ بەراورد کردبوو؛ سەرچاوە: (سەمیر عەبدولکەریم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، الجزء الثاني 14 تموز 1958–8 شباط 1963)، ص123)، ئەم باسکردن و هەڕەشەیەی کەریم قاسم و وەڵام نەدانەوەی شیوعییەکان بۆ ئەو تۆمەتەی لەلایەن ناوبراوەوە دراوەتە پاڵیان دەیسەلمێنێ کە تاوانەکە لەلایەن حزبی شیوعی عێراق کراوە نەک کوردەکانی نێو ئەو حزبە، کەریم قاسم لە کۆنگرەکەدا داوای کرد چیتر منداڵان بەم دروشمە (ماکو مؤامرة تصير والحبال موجودة/ هیچ پیلانگێڕییەک سەرناگرێ پەتەکان ئامادەن)، کە دروشمی حزبی

شیوعی عێراق بوو پەروەردە نەکرێن، ئەگینا بەدڵنیایی دوای شۆڕشی ئەیلول (1961.9.11)، باسی ئەوەی دەکرد کە شیوعییە کوردەکان یان کوردەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان تاوانەکەیان لەدژی تورکمانی کەرکوک کردووە، لە کاتێکدا کە بەهۆی کۆمەڵکوژی نەتەوەپەرستانی عەرەب لە موسڵ و تورکمانە تۆرانییەکان لە کەرکوک لەلایەن حزبی شیوعی عێراق عەبدولکەریم قاسم، لە ڕۆژی (1960.2.22)، مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای نەدایە حزبی شیوعی عێراق (سەلام عادل) و لە بەرانبەردا مۆڵەتی دا بە حزبە شیوعییەکەی داود ئەلصائغ؛ سەرچاوە: صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ العراق السياسي الحديث الحركات الماركسية 1920-1990، ص95). تۆما سادق تۆماس کاکە (1924-1996.10.15)ی سەرکردەی شیوعی، لە لاپەڕە (19)ی (أوراق توما توماس)، کە بە زنجیرە لە مالپەڕی (موقع الناس الألكتروني) بڵاوکراوەتەوە، بە ناڕەوا تۆمەتەکە دەخاتە ئەستۆی کورد و نووسیویەتی: (ناکرێت هەندێک لە هاوڕێیانی حزبی شیوعی هاوێر بکەین لە بەشداربوونیان لەم ڕووداوە لەگەڵ لایەنگرانی حزبە کوردییەکان بە سەرپەرشتی چەند سەرکردەیەکیان لە کەرکوک، بەڵام کوردە شیوعییەکان ڕۆڵی هاندەریان هەبوو بۆ تەقینەوەی ڕووداوەکانی کەرکوک، ئەو ئامانجانەی کە ئەو کەسانە هەوڵیان بۆی دا بەهۆی شیوعی بوونیان نەبوو بەڵکو بەهۆی کورد بوونیانەوە بوو، کە شیوعی بوونیان لە زۆربەی دۆخەکاندا ڕووکەش بووە و حزبی شیوعییان بۆ خزمەتی ئامانج و ململانێی خۆیان لەدژی تورکمان بەکارهێنا)، کە تۆما تۆماس دوا دێری لە

لاپەڕە (224)ی پەرتووکی سێیەمی حەنا بەطاطۆ (العراق الكتاب الثالث الشيوعيون والبعثيون والضباط الأحرار) وەرگرتووە، بەڵام ئاماژەی بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکە نەداوە، کە ئەمەش دزییەکی ئاشکرا و بێپەردەیە، هەروەها خۆیشی یەکێک بووە لە تۆمەتبارانی کوشتاری ئەو ڕۆژەی تورکمانەکان و بڕیاری دەستگیرکردنی هەبووە، لە ئامادەنەبوونی خۆی دادگایی کراوە و زیندانی بۆ بڕدراوەتەوە، کەچی کورد تۆمەتبار دەکات. حەنا بەتاتۆ (1926/ قودس–2000.6.24)، شۆڤینیزمێکی عەرەبی فەلەستینی و دۆستی نزیکی بەعس و سەدام حوسێن بووە. لە چاپدانی پەرتووکەکەی تۆما تۆماس، واتە (موقع الناس الألكتروني)، لە ساڵی (2017)، لە هەولێر لە چاپخانەی ئازادی چل و یەک بەشی زنجیرەی (أوراق توما توماس)یان بە دەستکارییەوە وەکو پەرتووک لەچاپ داوە، ئەم دوو دیڕ و نیوەی کە هێڵم بە ژێریا کێشاوە لایانداوە و هەر لە لاپەڕە (19) ئەمەیان زیادکردووە: (ناکرێت بەشداری هەندێک لە هاوڕێیانی خۆمان لەم ڕووداوە هاوێر بکەین لەگەڵ لایەنگرانی پارتە کوردییەکان بە سەرپەرشتی چەند سەرکردەیەک لەم پارتانە لە کەرکوک، لەکاتێکدا کە تۆما تۆماس و شەش کەسی دیکە بە مەرسومی کۆماری ژمارە (223)ی ڕۆژی (1974.5.18)، لەلایەن سەرۆک کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر لە سزای زیندانی کردنی ساڵی (1960)دا بە هۆکاری کوشتاری تورکمانی کەرکوک بەخشراون، کە پێنجیان بە تۆما تۆماس وەکو ئەو ئاشوورین، یەک عەرەب و ئەوەی دیکەشیان گومانم هەیە کورد بێت (الملازم أمين ذيبان زنگنة)،

ئەوانەی وەکو تۆما تۆماس ڕایانکرد، ئەوانە تۆمەتباری ڕاستەقینەی کوشتاری تورکمانی کەرکوک بوون، نەک ئەو بیست و نۆ کەسەی کە بیست و چواریان کورد بوون و بەهۆی ڕق و کینەی تورکمانە تۆرانییەکان لەدژی کورد گیران و لە سێدارە دران! گەواهیدانی زەعیم مەحمود عەبدولڕەزاق فەرماندەی تیپی دوو لە بەردەم دادگای تایبەت کە گوتی: "ئەگەر شیوعییەکان نەبوونایە کوشتارگە لە کەرکوک ڕووی دەدا و بە هەزارەها کەسی هەژاری تێدا دەڕۆیشتن". ئەم گەواهیدانە جەخت لە نەبوونی بەرپرسێتی حزبی شیوعی دەکات)، کە عەمید مەحمود عەبدولڕەزاق پورزای کەریم قاسم و مرۆڤێکی نەتەوەپەرست بوو، کەواتە ماڵپەڕی (الناس)، لەدوای مردنی تۆما تۆماس دا بە ئارەزووی خۆیان نووسینیان لاداوە یان زیاد کردووە. لادانی ئەم دوو دێرو نیوەی سەرەوە لەلایەن ماڵپەڕەکە ناتەواوی بۆچوونەکەی ئەو دەردەخات سەبارەت بەوەی کە گوایە شیوعیە کوردەکان بەهۆی کورد بوونیانەوە ڕۆڵی هاندەریان هەبووە لە شەڕی شیوعی و تورکمانەکان لە کەرکوک، هەروەها زیادکردنی ئەم دوو دێرەی خوارەوە کە گوایە گەر حزبی شیوعی نەبووایە لەم ڕۆژەدا بە هەزاران کەسی هەژار لە کەرکوک دەکوژران، تەنیا پاککردنەوەی ئەستۆی شیوعیەکانە لە شەڕیاندا لەدژی تورکمانەکان هەرچەندە تورکمانەکان دەست پێشخەر بووینە لە ڕووداوەکە و ئەوان پێشتر تەقەیان لە خۆپیشاندەرانی حشع کردووە. تورکمانەکان، هەر لەدوای هاتنی قاسم و دەسەڵات وەرگرتنی ئەو لە ڕۆژی (1958.7.14)دا، دەسەڵاتی ئەویان بە دەسەڵاتێکی شیوعی دەزانی و زۆربەی زۆری تورکمانەکان لەدژی

ئەو دەسەڵاتە خۆیان یەکلایی کردبۆوە. تورکمانەکان، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنی کەریم قاسم، بە ئاشکرا ئەم دروشمانەیان لەدژی حشع و کۆمۆنیزم بەرزکردەوە: (لا شرقية لا غربية فلتسقط الشيوعية/ نە خۆرهەڵاتی و نە خۆرئاوایی بڕوخێ کۆمۆنیزم. الله أكبر .. الشيوعية كفر وإلحاد/ خودا گەورەیە .. کۆمۆنیزم کوفر و خودا نەناسییە)، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە تورکمانەکان لەکاتی مەولودنامەدا وتاری ئایینیانیان بە هێرش کردنە سەر حشع دەست پێ دەکرد و ئەو حزبەیان بە کوفر و ئیلحاد ناودەبرد، لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی حشع لە کەرکوک زۆر هەوڵیاندا یادی یەکەم سالڕۆژی چواردەی تەممووزی کەریم قاسم بە هاوبەشی لەنێوان (حشع، پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکمانەکان) بکرێت، بەڵام تورکمانەکان ڕەتیان کردەوە چونکە بەرنامەی خۆیان لە دژی حشع و کورد هەبوو. لە ڕاستیدا ئەمە هۆکاری لێدان و کوشتنی تورکمانەکان بوو لەلایەن حشع کە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نەبووە. زۆربەی شیوعیە عەرەبەکان و ئەوانەی سەر بە نەتەوەکانی دیکەن لەکاتی هەر شکستێک، هۆکاری شکستەکانیان و تۆمەتەکانیان خستۆتە ئەستۆی کورد، گەر لەم ڕووداو و شەڕانە کوردیان لەگەڵ بووبێت. عەبدولکەریم قاسم، لەدوای ماوەیەک زۆربەی بەرپرسە شیوعییە کارگێڕی و سەربازییەکانی شاری کەرکوکی لادا، هەندێکیان بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچوو، بیست و نۆ ئەندامی حشع گیران و لە ڕۆژی (1961.6.21)ی دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکردن، دواتریش لەدوای کۆدەتای

یەکەمی بەعس (1963.2.8)، لە ڕۆژی (1963.6.23)، لە شاری کەرکوک لە سێدارە دران، هەندێک لەوانەی بڕیاری دەستگیرکردنیان هەبوو خۆیان نەدایە دەست و ڕایانکرد، لەنێویاندا تۆما تۆماس کە لە کەرکوک ڕایکرد و خۆی شاردەوە، ئەمەش بۆمان دەسەلمێنێت کە حشع و تۆما تۆماس دەستیان لەم تاوانە لەدژی تورکمانەکان هەبووە، نەک کورد؛ کە ئەوانە بەهۆی شیوعی بوونیان گیران و لە سێدارە دران نەک کوردبوونیان، جا گەر ئەوانە تاوانێکیان کردبێت یان بێتاوان بن، گەر دادگاییکردنەکەیان دادپەروەرانە بێت یان نا، کە بەگوێرەی ئەو نووسینانەی سەبارەت بەم تاوانە نووسراون گەر هەمووشیان بێتاوان نەبووبن زۆربەیان بێئاگا و بێتاوان بووینە. تۆما تۆماس، لە ئامادەنەبوونی خۆی لە دادگا سزای زیندانیکردنیشی درا، بەڵام دواتر کە هۆکارەکەی ئاشکرایە بەهۆی مەرسومی کۆماری ژمارە (223)ی ڕۆژی (1974.5.18)ی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، خۆیی و چەند شیوعییەکی دیکە لە سزای سێدارە و بەندکردنی جیاجیای ڕۆژی (1961.6.21)ی دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە کەرکوک و موسڵ بەخشراون. تۆما تۆماس، باسی بەشداری حزبی کوردی دەکات، کە ئەوکاتە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بوونی هەبووە، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی (1958.10.26) کاتێک کە کاروانی ئۆتۆمۆبێلەکانی مستەفا بارزانی لەکاتی گەڕانەوەی لە بەغدا بەرەو هەولێر، لە کەرکوک لەلایەن تورکمانەکانەوە تەقەی لێ کراو هێرشی کرایە سەر، بەڵام کورد و مەلا مستەفا دانیان بەخۆیاندا گرت و وەڵامی ئەو هێرشە چەکداریەی تورکمانەکانیان نەدایەوە. لە

وەڵامی تۆما تۆماس، ئاماژە بە لاپەڕە (124)ی (ذاكرة النخيل صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية في العراق)ی عەزیز ئەلحاج دەدەم کە نووسیویەتی: (ئێمەی شیوعی سەرپێچی قێزەونمان لەدژی نەیارە سیاسییەکانمان و هەتا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێتاوان لە ساڵی (1959) لە موسڵ و کەرکوک جێبەجێ کرد)، هەروەها عەزیز عەلی ئەلحاج، لە لاپەڕە (8)ی (مع ألأعوام)دەڵێ : (لە ساڵی (1959)دا، عێراق چەندان کردەوەی توندوتیژی بەئازاری بەخۆیەوە بینی کە شیوعییەکان تیایدا لایەنی سەرەکی بوون)، کە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ شەڕ و کوشتارەکانی موسڵ و کەرکوک و تاوانی شیوعییەکان لەم دوو شارەدا. هەر دەربارەی تاوانی کوشتنی تورکمانەکان لەلایەن حزبی شیوعی عێراق، عەدنان چلمێران، ئەندامی کۆمیتەی پارێزگاری موسڵی حزبی شیوعی عێراق، خۆیی و عەبدولڕەحمان محەمەد سوڵتان ئەلقەساب ناسراو بە عەبدولڕەحمان قەساب، دوو لەو شیوعییانە بوون کە لە سەرپەرشتیکەرانی دامرکاندنەوەی پێکدادانە چەکدارییەکەی شەواف لە ڕۆژی (1959.3.8)ی شاری موسڵ، پاشان لەدوای کۆدەتای (1963.2.8)، لەلایەن بەعس دەستگیرکرا، لە دانپێدانانەکانی خۆیدا سەبارەت بە ڕۆڵی حشع لە کۆمەڵکوژکردنی نەتەوەپەرستە عەرەبەکانی موسڵ و تورکمانەکانی کەرکوک لە ئێوارەی (1959.7.14)، لە لاپەڕە (37)ی (الكتاب الأسود إعترافات الشيوعيين)، دەڵێت: (بە بۆچوونی خۆم، دیارترین تاوان کە ئێمە وەکو حزبی شیوعی بەرپرسیارێتی تەواوی دەکەوێتە ئەستۆمان کوشتاری موسڵی تۆقێنەر و کوشتارگەی کەرکوک–ە)، هەروەها لە

لاپەڕە (38)، باسی کۆمەڵێک تاوانی حشع دەکات کە چۆن لە موسڵ هاوولاتیان کوشتووە، چۆن لە زیندانەکان خەڵکیان دەرهێناوە و کوشتوویانە، چۆن حەڤدە کەسیان بەبێ تاوان و بە ناڕەوا لە ڕۆژی (1959.3.11)، لە کانی دەملماچە (سەرچاوەی ئاوی یونس)، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی گوندی نەینەوا کوشت، چۆن تەرمەکانیان بەدوای ئۆتۆمۆبێل ڕادەکێشان و لە ستوونی کارەبا هەڵیاندەواسین و بۆ چەند ڕۆژێک بەمشێوەیە دەیانهێشتنەوە. ئەو دانپێدانانەی عەدنان چلمێرانی ئەندامی حزبی شیوعی بەوەی کە شیوعییەکان کۆمەڵکوژی عەرەبە نەتەوەپەرستەکانی موسڵ و تورکمانی کەرکوکیان کردووە، بەڵگەیەکی ڕوونە کە حشع ئۆبالّی ئەو تاوانانەی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام شۆڤینیستانی عەرەب بە (شیوعی، ڕەگەزپەرستی عەرەبی و ئیسلامییەکان)، بە زیادەوە تاوانی کوشتنی تورکمانەکان لەلایەن حشع و تیپی دووی کەرکوکی سوپای عێراق، بە ناڕەوا دەخەنە ئەستۆی کورد، کەچی تەقاندنەوەی دوو ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژکراو لە ڕۆژی (2008.7.28)، لە ئیمام قاسم لەنێو خۆپیشاندەرانی کوردی کەرکوک، کە بووە هۆکاری گیانلەدەستدانی زیاتر لە (85) کورد و بریندارکردنی سەد و هەشتا کوردی دیکە، کە بەئاشکرا لەکاتی تەقینەوەی ئۆتۆمۆبێلەکان لە بارەگایەکی بەرەی تورکمانی تەقە لە خۆپیشاندەران دەکرا، لەلایەن شۆڤینیستانی عەرەب و تورکمانە تۆرانییەکان هەر باسی لێوە ناکرێت! ڕۆژنامەی (إتحاد الشعب)ی ئۆرگانی فەرمی حزبی شیوعی عێراق، لە ژمارەی ڕۆژی (1959.7.18)، لە دوو بابەتی پێوەند بە تاوانی شیوعییەکان لە

کۆمەڵکوژی تورکمانەکانی کەرکوک لە ڕۆژی (1959.7.14) لەژێر ناوەکانی (خۆڕاگری زیاتر بەرانبەر بە تێکدەرانی کەرکوک/ مزيدا من الحزم إزاء العابثين في كركوك) و (گرنگی سەرکەوتکردنی پیلانگێڕی کۆلۆنیالیزم لە کەرکوک/ مغزى قمع المؤامرة الإستعمارية في كركوك)، نووسیویەتی: (ئەو گولە ستەمکارانەی کە لە 14 و 15ی ئەم مانگەدا لەلایەن باندی پیلانگێڕی تۆرانییەکان و ئەوانی دیکەوە لە کەرکوک لە کاروانە فەرمییە جەماوەرییەکەی ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی جەژنی مەزنی نیشتیمانیمان تەقێندران، لە جێبەجێکردنی پیلانێکی پێشوەختەی کۆلۆنیالیزم بوو لەدژی کۆمار/ كان الرصاص الغادر الذي صبته عصابة المتآمرين من الطورانيين وغيرهم في كركوك 15/14 من الشهر الجاري على المواكب الشعبية الرسمية، المحتفلة بعيدنا الوطني الكبير، تنفيذا لمؤامرة إستعمارية مبيتة على الجمهورية). هەروەها هەمان ڕۆژنامە لە ژمارەی ڕۆژی (1959.7.22)دا، نووسیویەتی: (ژیرانە نییە چاوپۆشی لەوە بکرێت کە شاری کەرکوک ناوەندی هەژموون و چالاکییەکانی ئەو کۆمپانیایە نەوتییەیە کە لە سەردەمی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ کاروباری وڵاتی بەڕێوەدەبرد، بەمشێوە ئەم شارە ببووە پەناگەی کۆبوونەوە و چالاکییەکانی بەکرێگیراوەکانی و بەکرێگیراوانی بەشێک لە وڵاتانی پەیماننامەی بەغدا (کە مەبەست تورکیایە)، کە ئەوانە هەرگیز دڵسۆزی گەل و نیشتمان نەبوون. هێزە وریاکانی کۆمار دەسەڵاتی زەبەلاحی خۆیان نیشاندا، بۆیە لە کەرکوک گورزی توندی یەکلاکەرەوەی خۆی وەشاند، بە هەمان شێوەی لێهاتووانە کە پیلانگێڕی شەوافیان تێکشکاند/ ليس من

الفطنة تجاهل أن مدينة كركوك هي مركز لهيمنة ونشاطات شركة النفط التي كانت تتحكم بشؤون البلاد في العهد البائد، وبالتالي فهي مباءة لتكتل ونشاط عملائها وعملاء بعض دول حلف بغداد، الذين لم يكونوا أوفياء قط للشعب والوطن. وأن قوى الجمهورية اليقظة أظهرت قدرتها الجبارة، فأنزلت ضربتها القوية الحازمة في كركوك، بنفس الطريقة المحنكة عند سحقها مؤامرة الشواف)؛ سەرچاوە: (سەمیر عەبدولکەریم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، الجزء الثاني 14 تموز 1958-8 شباط 1963)، ص121-122).

مرۆڤ تەنیا ئەو دوو ڕۆژنامەی (إتحاد الشعب)ی ڕۆژانی (1959.7.14) و (1959.7.22)ی لەبەردەست دابێت، دەتوانێت بەهۆی ناونیشانی بابەتەکان و ناوەڕۆکی بابەتەکانی نێو ئەو دوو ژمارەیەی ڕۆژنامەکە، کۆمەڵکوژی تورکمانەکانی کەرکوک بەسەر حزبی شیوعی عێراق ساغ دەکاتەوە، کە بەر لەوەی هەر میژوونووس، شرۆڤەکار یان توێژەرێک ئەو کارە بکات، ڕۆژنامەی (إتحاد الشعب) خۆی تۆمەت و تاوانەکەی بەسەر حزبی شیوعی عێراق ساغ کردۆتەوە، ئەوە حزبی شیوعی عێراق خۆی لە ڕۆژنامەکانی خۆیدا دەڵێت: (هێزە وریاکانی کۆمار دەسەڵاتی زەبەلاحی خۆیان نیشاندا، بۆیە لە کەرکوک گورزی توندی یەکلاکەرەوەی خۆی وەشاند)، کە حزبی شیوعی عێراق خۆی بە هێزە وریاکانی کۆمار دادەنێت و بە زاری خۆیان باسی ئەوە دەکەن کە دەسەڵاتی گەورەی خۆیان سەلماندو گورزی توندی یەکلاکەرەوەیان لە کەرکوک وەشاندووە.

حکومەتی بەعس، دەکرێ بە گەمژەیی، یان بە ئەنقەست بە کۆمەڵ شیوعییەکانی لە سێدارە دابێت. گەمژەیی بوو گەر بە نەزانی خۆی بە کۆمەڵ لە سێدارەی دابن، چونکە بەدرێژایی ساڵانی (1968–1978)، یەک یەک و لە شارەکان تێکڕا (265) ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی کوشت، کەچی حزبی شیوعی بەم شێوەیە دەنگی هەڵنەبڕی کە دەنگ هەڵبڕینەکەشی بۆ لە سێدارە دراوەکان جەماوەرەکەی ناچاری کرد، گەر بەعس لە کوشتنی شیوعییەکان بە تاک بەردەوام بوایە دوای چەند ساڵێک وەکو حزبی شیوعی ئوردەنی و سوری بچووکی دەکردنەوە و بەتەواوی دەبوونە پشتیوانی حکومەتی سەدام و حزبی بەعس، گەر لە کوشتنی شیوعییەکان بەردەوام بوایە و ئەو (39) شیوعیەشی یەک یەک و دوو دوو لە سێدارە بدابوایە، هەرگیز حزبی شیوعی عێراق هەڵوێستی وەرنەدەگرت و لەوانەبوو تا ڕوخانی ڕژێم و سەدام حوسێن لە ڕۆژی (2003.4.9)دا لەنێو بەرە سازشکاریەکە بمابایە، بەنیازی خەیاڵ پڵاوی درۆینەی گەیاندنی عێراق بە ڕێی گەشەکردنی ناسەرمایەداری لەلایەن بەعس و سەدام بە قۆناغی سۆسیالیزم. زیاتر پێدەچێت ڕژێمی بەعس بە بەرنامە هەوڵی قاودان و دەرپەڕاندنی حزبی شیوعی عێراقی لە بەناو بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز (الجبهة الوطنية والقومية التقدمية) دابێت، دوای ئەوەی ئیشی بە سۆڤیەت و حزبی شیوعی عێراق نەما، کە دایماڵین لە هەموو خەسڵەتێکی حزبی، مارکسی و کۆمۆنیستی، بگرە بەتەواوی و تەنانەت لەبەر چاوی ئەندام و لایەنگرانی خۆی سووک، بچووک و ڕیسوای کردن.

سەرکردایەتی هەریمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ..

هاوڕیانی خۆشەویست :

سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی حزبمان ، بە شانازییەوە سلاوی گەرمی ئەوەی بڕگەشت کە ئێمە هەمیشە ئاوڕگاری و بڕوا بوون بە هاوبەشانی نێوان هەردوو حزبمانی دەڕێی بوو لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانی و ئەتەوەیی پێشکەوتنخوازداو ، سەلماندی پێوستی بتەوتر کردنی و چەساوتر کردنی بۆ بال پێوەنانی ڕێرەوی شۆرشگێری بەرەو پێشەوە و هەلسان بەچنگەیاندنی ئەو ئەرکانی بەرەسەنیتی ئاماژەی بۆ کەکەین .

کۆنگرەکە ئاماژەی کە کەمترین سەرباسی خۆی پێشکەش ئێوە دەکات ، سەر لە نوێ هەلسەنگاندنی بە ڕەخنی ئەو دەستکەوتە پێشکەوتنخوازانە دووبات دەکاتەوە کە لە ڕلانەکەیاندا و لە ژێر سایەی ڕژێمی پێشکەوتنخواز کە حزبی ئێوەی هاوبەشمان سەرکردایەتی نەکات جێبەجێ کراون .. وە بە ناوی ئەندامانی عێراق و دۆستەکانیانەوە سوپاسیان دەکەین بۆ کار کردن دەست لەناو دەست لەگەڵ ئێوەدا ، هەموو هێزو کەسانی نیشتمانیپەروەر لە پێناوی وەدەست خستنی دەستکەوتی نوێ بۆ بڕووتاندەوەی شۆرشگێریەکانیو بەرەو پێشەوەبردنی بەرەی نیشتمانی و ئەتەوەیی پێشکەوتنخوازو ڕوبەڕوبوونەوەی دژی دەردەخات بۆ کار کردن دەست لەناو دەست لەگەڵ ئێوەدا ، هەموو هێزو کەسانی نیشتمانیپەروەر لە پێناوی وەدەست خستنی دەستکەوتی نوێ بۆ بڕووتاندەوەی شۆرشگێریەکانیو بەرەو پێشەوەبردنی بەرەی نیشتمانی و ئەتەوەیی پێشکەوتنخوازو ڕوبەڕوبوونەوەی دژی دەردەخات بۆ دامەزراندنی سەقامگیری سیاسی و دیموکراسی ڕاستەقینە و بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی ئیمپریالیزم و دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتەکەماندا .

کۆنگرەی نیشتمانی

حزبی شیوعی عێراق

٦ ـ ٩ ـ ١٩٧٦

شیوعییەکانی سۆفیەت بەرێزەوە چاوەکی حزبی شیوعی عێراق هەڵدەسەنگێنن

کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لە یەکێتی سۆڤیەت سلاوی لەبڕیەمێنی کۆنگرەی نیشتمانی حزبی شیوعی عێراق دەکرد ، لەو بڕوسکەیەیدا کە بۆ کۆنگرەی نارددوو ، ڕێزی چالاکی بە بیشتمانی بوونەتەوەیی یەکانی حزبو کۆشانی شیوعییەکانی عێراقی گرتبوو بۆ هەنگاوی بەرزەوەندی بیشتمانی یەکانی کرێکارو جوتیارو گشت چەوساوەکانو ئەتەکی دەڵێ بڕوسکەکە .

بۆ سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی حزبی شیوعی عێراق .

هاوڕیان . .

کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لە یەکێتی سۆڤیەت سلاو لە بۆنەی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی حزبی شیوعی عێراق دەگەیەنێتو هیوای سەرکەوتن و کارەکانی دەخوازێت .

لە یەکێتی سۆڤیەت ، زۆر ڕێز لە چالاکی یە نیشتمانی و ئەتەوەیی یەکانی حزبی شیوعی عێراق دەگرێت . شیوعی یەکانی عێراق ، لەبەر ڕۆشنایی بیرو ناوەڕۆکی سۆڤیەتی زانستی ئاڤە ، هەمیشە هێزەکانیان بۆ بەستەڵەکی هێنانەدی بەرژەوەندی نیشتمانی کرێکارو جوتیارو گشت چەوساوەکان دەخەنەگەڕ . لەوەتا ئەمانە لێرەوەڕێن بۆ بەدەستێنانی یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ هێزە دیموکراتیکەکانی تر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی ئەو دەستەیە کە ویستی سیاسی یە سۆزشکاری یانەی لەوسالانەی دوا ئەنجامدا لە عێراقدا هاوبەش بێ ، بەجۆری بەکگرتنیان هەڵوەشاندەوە ، لەبەیاننامەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست حزبی شیوعی عێراق لەبەیاننامەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست حزبی شیوعی عێراق بەهاوبەشی بڕوانێ بۆ بەرەی نیشتمانی و ئەتەوەیی پێشکەوتنخوازدا هاوبەشان .

بەکگرتنی کارەکەری وڵاتە سۆسیالیستەکان بەهاوبەشی بڕوانێتەوەی شیوعیەکانو کارەکانی جیهانو بڕوانێتەوەی ڕزگاربخوازی نیشتمانی ، لە بناوی ناسینی ناسیاسی کەلاندا بارسکی گونجاوی خولقاند بۆ زامن کردنی بافە سیاسی و ئابوری یەکانی گەلانی عەرەب کە ڕێزی ئیمپریالیزم لەبناوی بەدەستهێنانی سەرەخۆیی نیشتمانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری دا ئەدەکۆشن . بۆ گوێخستنە بەردەم ئەمەش ، ڕۆژنامەی پێشکەوتن ، لە پێش هەموو شتێکەوە ، ئەڤەلا دەدەن پەیمانی دۆستایەتی نێوان وڵاتە عەرەبەکانو هێزەکانی پێشکەوتنخواز لەچیهاندا ئەناوبەرێو ئەم وڵاتانە لە دەوڵەتە سۆشیالیستەکان دوربخەنەوەو بنەڕەتی یەکانی هەرەوەزی و دۆستایەتی سۆڤیەتی و عەرەب گرێنکەنەوە .

وە لە عێراق و دەرەوەیدا ڕێز لە بەشداری گردنی حزبی شیوعی عێراق دەگرێت بۆ هێنانەدی سیاسەتی گومارەی عێراقی دژ بە ئیمپریالیزم . وڵاتەکەتان ، بە هەرەوەزی وڵاتە عەرەبی یە پێشرەوەکانی ڕ ، ئەدەکۆشێت بۆیەیداکردنی بەرچەغادیەکانی چارەسەرکردنی گیروگرفتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو زامن کردنی بافە ئەتەوەیی یە ڕەواکانی گەلی فەلەستین .

وە لەبارەی ئیمرودا ، بەکجێبی چالاکی هاوبەشی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەناوچەی عەرەبیدا ، کە گومارەی عێراق سەرکردەکەی دەوڕێکی چاکی تیدا دەبینێ گرنگیەکی ئایەتی هەیە .

شیوعی یەکانی سۆفیەت ، بەڕێزەوە چالاکی حزبی شیوعی عێراق ، بەهاوبەشی حزبی بەعسو بەشدار بوونی ڕێی بەرەی نیشتمانی و ئەتەوەیی پێشکەوتنخواز هەلسەنگێنین کە ئاماژەی بەردەوامی دۆستایەتی هەرەوەزی یە لەنێوان بەکێتی سۆڤیەتو کومارەی عێراق لەسەر بنەڕەتی بەهاسی دۆستایەتی سۆڤیەتو عێراق کە لە ساڵی ١٩٧٢دا بەستراو ، بەگشتی هەلوێستەکانی حزبی شیوعی لەبەکێتی سۆڤیەتو حزبی شیوعی عێراق لەبەیاننامەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست

راگەیاندنێك دەربارەی سی یەمین کۆنگرەی نیشتمانی حزبی شیوعی عیراق

ڕووداوە لە ژیانی نیستمانی وڵاتەکەماندا و ، گەورەترین دەستکەوت بوو بۆ ڕووتنەوەی شۆڕشگێڕی . هەروەها لە ڕابوونەکەدا دەستپێشی تەواوی ئەرکانە کرابوو کە بووبەڕوی چالاکی لە بەدواداچوونی حزب دەبەدە ، لە پێناوی فۆلکردنەوەی هاوبەشی گومەکردن لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبیی سوشیالیستدا و هێزە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی بێگومانخوازەکان تراو ، چەسپاندنی بەرێتی هاوبەشی و تۆشن کردن بۆ نەپێشتنی ئەو گۆڕانەی ڕێگای چوونە پێشەوەی دەگرن ، لە پێناوی وەدەستخستنی تەواوی ئەرکەکانی ئەم ڤۆنفڕەنسە ئامادەکردنی ئەو پرۆسیەی یەکەمی کاروانی عیراق دەکات بەرەو سوشیالیزم .

ڕاڤەی کۆمیتەی ناوەندی دەستپێشانی ئەو ئەرکانەی کرد ، کە کاروباری ناوخۆ جەماوەرانەی حزب لە سواری هەڵبژاردنێو پێچنتی کادیر و کاروباری ناوچەکان و ڕۆژنامەگەری و هەموو لەوپەرەڵانە چالاکی دەکات کە بەوەندی بان بە ناوەژکاری کردنی حزبەوە هە .

ە لە زمارەی داهاتوودا دەست دەکەین بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە ە .

دوای لەوە ڕاپۆرتێکی لێژنەی مەتانە پێکهێنرا ، لە لجنة الامتحان ، جوێنەڕاپەوە کە نیایا بانگەشەی جۆ ئامادەکردن و تۆکمەو هەڵبژاردنی دروێنەڕان کراوە . وە ڤۆپەڕی کۆنگرە دەستپێکرا دەڵێکیان ڤۆرەیی سێ بەشی کۆنگرەی حزبی شیوعی عیراقیان . دوای ئەوەی کۆنگرە دەستووری خۆی چاک کرد ڤۆپەی ڕاپۆرتی ناوەندی حزب لە سەرلەبەری چالاکیەکانی لە نێوان دوو کۆنگرەدا ، بە ڕێبەری ڕەفیق حەبیب عەلی ئەلعامری سکرتێری یەکێتی سۆڤیەت خوێندەوە . ئینجا ئەندامانی کۆمیسیۆنی ناوەندی بۆ ڕاپۆرتەکە ڕایان دەربڕی و ڕەخنەیان لە کەموکوڕییەکانی گرت و ڕێگاچارەیان بۆ چارەسەرکردنیان پێشنیار کرد . دوای ئەوە کۆنگرە دەستی بە گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکە کرد ، بۆ ماوەی ڕۆژێک و نیو . ئەو ڕاپۆرتە بە گشتی لەلایەن زۆربەی ئەندامانی کۆنگرەوە پێشوازی لێکرا و بە ڕاستی ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ژیانی حزب بوو لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا . هەروەها ئەو ڕاستیەی سەلماند کە کۆمیتەی ناوەندی هەموو ئەرکانەی کە حزبی لە بیناری بە ئەنجام گەیاندنی بڕیارەکانی کۆنگرەی پرۆگرامی بۆدۆ ، جێبەجێ کردنی پرۆگرامی ناوخۆی تەرخان دەکات ، وە بۆ ئەمەش پشت بە پرۆپاگەندەی مارکسیزم — لینینیزم دەبەستێ و بەرژەوەندی نیشتمانی گەلەکەمان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە وڵاتەکەمان و وڵاتانی عەرەبدا لە بەرچاو دەگرێت .

هاوڕێ عەزیز بەچارەکی بەرزەوە ئەو بەکێنیی بە ناڕەحەتکردنی حزبو و ئاڵۆزی و تەزەبی ڕەی هەڵەنگاند کە شۆڤێنیەکانی عیراق هەیانە و لە منافەشەگردنەکانی کۆنگرەو دەگەڵەی بەگشتی لەسەر بڕۆگرامی حزبو بەرەوی ناوخۆ ڕابوونی کۆمیتەی ناوەندیو هەڵبژاردنەوەی کۆمیتە ناوەندی نوێی حزبدا دەرکەوت .

وە هاوڕێ عەزیز محەمەد بە چەند وشەیەکی کارێکەر ئاماژەی کۆمیتەی ناوەندی و هەموو حزبی بێستاندا ، بەوەی کە کۆنگرە سیاسەتی کێشی حزبی لە دروەمین کۆنگرەی نیشتمانیەوە پەسند کردووە بە تایبەتی لە بواری هاوبەیمانی لەگەڵ حزبی بەعسی ئەوەبی سوسیالیستدا وە ڕوونی کردەوە کە حزب بەبڕوا بەخۆبوونێکی زیاترەوە لە کارەکانی هاوبەیمانیدا بەردەوام دەبێتو ، هەنگاوی چەسپاوتر دەنێ لەپێشەوە چالاکی کاراوتی شۆڕشگێڕی وڵاتەکەمانو هەنگاوەکانو بەرەو سوشیالیزم .

لەم جارو سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی بەشداری نوێنەرانی کۆنگرەی کرد ، بۆ ئەو ڕووا بۆ کردنەی هەیانە . هەروەها ئەوەی سەلماند کە کۆمیتەی ناوەندی هەموو ئەرکانەی حزبی لە بیناری بە ئەنجام گەیاندنی بڕیارەکانی کۆنگرەو پرۆگرامی بۆدۆ ، جێبەجێ کردنی پرۆگرامی ناوخۆی تەرخان دەکات ، وە بۆ ئەمەش پشت بە پرۆپاگەندەی مارکسیزم — لینینیزم دەبەستێ و بەرژەوەندی نیشتمانی گەلەکەمان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە وڵاتەکەمان و وڵاتانی عەرەبدا لە بەرچاو دەگرێت .

هاوڕێ عەزیز بەچارەکی بەرزەوە ئەو بەکێنیی بە ناڕەحەتکردنی حزبو و ئاڵۆزی و تەزەبی ڕەی هەڵەنگاند کە شۆڤێنیەکانی عیراق هەیانە و لە منافەشەگردنەکانی کۆنگرەو دەگەڵەی بەگشتی لەسەر بڕۆگرامی حزبو بەرەوی ناوخۆ ڕابوونی کۆمیتەی ناوەندیو هەڵبژاردنەوەی کۆمیتە ناوەندی نوێی حزبدا دەرکەوت .

وە هاوڕێ عەزیز محەمەد بە چەند وشەیەکی کارێکەر ئاماژەی کۆمیتەی ناوەندی و هەموو حزبی بێستاندا ، بەوەی کە کۆنگرە سیاسەتی کێشی حزبی لە دروەمین کۆنگرەی نیشتمانیەوە پەسند کردووە بە تایبەتی لە بواری هاوبەیمانی لەگەڵ حزبی بەعسی ئەوەبی سوسیالیستدا وە ڕوونی کردەوە کە حزب بەبڕوا بەخۆبوونێکی زیاترەوە لە کارەکانی هاوبەیمانیدا بەردەوام دەبێتو ، هەنگاوی چەسپاوتر دەنێ لەپێشەوە چالاکی کاراوتی شۆڕشگێڕی وڵاتەکەمانو هەنگاوەکانو بەرەو سوشیالیزم .

ئەم ڕۆژنامەیەرگی یەکەمی هزراوەکانی ساڵیری نیشتمانیەوەر ـ فانی ـ ۱۹۱۰ـ۱۹۷۲ ، لەلایەن برادەر کەمال میراوەدلی یەوە چاپو بڵاوکراوەوە ، کە بڕیتی یە لە بەشێك لەو هزراوانەی شاعیر تا ساڵی ۱۹۵۸ نووسیوەتی .

فانی لە دوا ڕۆژەکانی شیعری کلاسیکی بوو لێی تەوەبی کوردی . لەسەرەتاڵا ژیاوە میللەتی کوردەلێك ڕووداوو تاڕەسانی دڵتەزێنی بەخۆیاوە دیوەتەوە لەگەڵی جیهێدو سەرەتایی بڕوتنەوەکەی شێخ مەحمودو شەڕی دووەمی جیهان ، تا دروستبوونو ڕووخانی کۆماری کوردستانی لەمەهاباد .. هتد . کە هەمووی ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەژیانی کێڕدووەو تاوەڕۆکی شیعرەکانیان بەپێر کردووەو زۆرجێگی میزووییان داوەتێ .

شیعرەکانی فانی بەپێوەندی یەکی بتەوبان بە واقیعی کوردستانەوە هەیە، لەپاڵ ئەوەدا کە وەك تاوێنەیەك تەواوی ئازاەسانی میزووی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەو کاتەی تێدا بەدی دەکرێ ، دەستەوە لەقەڵای شاعیرێکی نیشتمانیەروەرمان بۆ دەدەن بەتایبەتی هۆشیار کردنەوەی خەڵکەو

دەستپێشانکردنی کۆمەڵایەتی وەك ئەوەی ئەمڕۆ ، داواکەنووسین ، ناوانبارکردنی بەرەی کۆنەپەرستەکان ، ڕەخنەگرتن لە دەستگای دەسەڵاتی ، وەهاندانی خەڵك بۆ خوێندن ، هۆشیاری ڕزگاروبداتکە بەو شێوەیەی ئەمڕۆ هەیە ، هاوکێشەی گرنگی ئەم بابەتانەی هەمووی لە شیعرەکانی فانیدا بەدی دەکرێ .

لاوی کوردستان هەناگەی بەستی بادەی غەفڵەتی
نووری هیوای نیشتمانی بێشتیوانی میللەتی
چارەنووری هەوڵو تێکۆشینە دایکی نیشتمان
مێشکو بازووی لوبە جێی باوکانی ئێرۆ شەوکەتی
بێگرێ بخوێنە ، خوێندن هێندەی خۆش بەختیبە
بۆ بڵندی ملەو میللەت هەڵکە شەمیعی نەمرەتی
هەستە وەك لاوانی زیا ڕووکە شاری خەلەو ئەفن
تا نەجاتبێن لەداوی دێوی جەهڵو تاقەتی

ئ ٤٦

بەڵام فانی وەك شاعیرێك کەمەموو تاوانێکی گەورەی لە دڵدا بووەو ئەو تاوانەی بەمردم وانیمکد بردوخاش بووە ، وای لێهاتووە ، هەندجار وەك بێکەك لە نەمردم میللەتدا بوەستێ بەبێژی دەنگی لێبگرێ ، بەڵو پێی بڵێیەوە داوانار بکات وەهبوو ، میللەتی کوردە بە لاوبان ، تاوبات بان بکەرلە ، خەوری نەبێی خۆم ، بکات ! باجار وای لێهاتووە ، ئەمنی بە نووری خەلوز زانیوە ، ئەم دێرەمەش بەشێوەی گۆرانیدا زۆر بەرچاوەوە لەوێ ئاشنا بووە ، بەڵو پێیەوە دەتوانم بکات وەهبوو ، میللەتی کوردە بە لاوبان ، تاوبات بان بکەرلە ، خەوری نەبێی خۆم ، بکات ! باجار وای لێهاتووە ، ئەمنی بە نووری خەلوز زانیوە ، ئەم دێرەمەش بەشێوەی گۆرانیدا زۆر بەرچاوەوە لەوێ ئاشنا

بیری نوێ

ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی ڕوانگەیەکی ڕوشنبیری گشتی بە بەرچاوی وڵاتەوە دەردەچێت

الفكر الجديد

خاسی لە بنچینەیی لە کانی لە دەب

سەربەرزی بۆ شۆڕشە کانی گەل و جەژنە کانی

لەم ڕۆژانەدا ، بیستەمین ساڵ بەسەر بیرەوەری شۆڕشی جوارەی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨دا تێپەڕدەبێت ، ئەو شۆڕشەی کە هەناوەنێیە ڕزیمی باشایەتی بەکڵاوی گیراوی لەخاوەنزدی بۆ یەکەمجار لەمێژووی نوێی عیراقدا کۆماریکی کۆربەی دامەزراند،کەبەرندی دژی بەرژەوەندی مرۆڤ وڵەکانی ئیستعمار وهستاوو عیراقی لەکۆتو پەمندی بەیمانی بەغداد باشکۆیەتی نیمپریالیزم ڕزگارکرد .

هەروا لەبڕۆ بیرەوەری دەسالەی بەزیدوونی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٨ تێپەڕ دەبێت ، کە ڕزیمی دیکتاتۆری عارفی ڕووخاندو هوکەیکی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی هێنایەکایەوە کە دەستکەوتی شۆڕشگێڕی گەورەی بەدی گەیاند .

شۆڕشی ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ کەحزبی یەعسی عەرەبی سوشیالیست بەرپای کرد ، لەڕۆر لایەنی سیاسی و لیدۆرکی و کۆمەڵایەتیەوە بەسەرکەوتنی گرنگی بەدی گەیاندو پەیوەندی یەکی لەگەڵ وڵاتانی ئوردوگای سوشیالیستدا ، لەسەروویانەوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا بەست ، کە هاوبەیمانی چەسپاوی نێوشۆڕشانی گەلانی عەرەبی لەم پەیوەندیەیەوە پشتەوانی دوستایەتی و هاوکاری لەنێوان عیراق و یەکێتی سوفیەتدا خۆی نواند .

لەماوەی ئەو دەسالەی تەمەنی شۆڕشی ١٧ی تەممووزدا دەستکەوتی گرانبەهای کۆمەڵایەتی گەورە وجەماوەرییان لەسەروویانەوە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەساڵی ١٩٧٣دا کە حزبی یەعسی عەرەبی سوشیالیست و حزبی شیوعی عیراق و هێزو هێزە نیشتمانیەکانی لەژێر ناڵاکەیدا کۆبوونەتەوە .

دەرچوونی بڕیاری چاکردنی کشتوکاڵ و خۆماڵیکردنی نەوتو بەرەوکردنی ئۆزۆنۆمی و دەرچوونی یاسای پلانی بوژانەوەی نەتەوەیی و هاردوو یاساکەی ڕەنابردنی نەخوێندەواری و بێکوێنی بەزۆرەشان بەشانی زۆر دەستکەوتی شۆڕشگێڕیتر کە لەژێر سایەی شۆڕشی حەدەی تەممووزدا وەدەستخران ، گشت ئەم دەستکەوتانە بوون بەهۆی بڵیوەنانی زەوریەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەهەنگاوی لەسەرخۆ بەرەوپێشەوە .

کاتێک بیرەوەری بیستەسالەی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨و بیرەوەری دەسالەی شۆڕشی ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨و بیرەوەری پێنجەسالەی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز تێپەڕدەبن ، بەهەم بۆنەیەوە(بیری نوێ)ئەرکێکی پیرۆزیایی پێشکەشی بە ڕوڵەکانی گەلی عیراق و سەرکردایەتی دەسەڵاتی پێشکەوتنخوازو هەموو ئەو حزبو هێزە نیشتمانیانە دەکات کە لەژێر ناڵای هاوبەیمانیتی بەرچەیدا کۆبوونەتەوە .

با بەرزترین ئاڵای هاوبەیمانیتی نیکۆشەرانە ... با چەسپاوترین بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز ..

با بەردەوامبێت ڕێبەری شۆڕشگێڕی گەلەکەمان ، سەربەرزی بۆ شۆڕشەکانی گەل و نیکۆشان و جەژنەکانی .

« بیری نوێ »

ژمارە ٣٠٠ دووشەممە ١٩٧٨/٧/١٧ ساڵی حەوتەم نرخی (٢٥) فلسە

بەڵگەکانی بەرەی جود بۆ داگیرکردنی سەرکردایەتی و مەڵبەندەکانی یەکێتی:

بەڵگەی یەکەم: بروسکەیەکی مەکتەبی سیاسیی حشع لە ڕۆژی (1983.5.1) بۆ مەکتەبی سیاسی (حسک) ڕەوانەکراوە: (ئەم بروسکەیەمان لە حدک پێگەیشتووە (بروسکەتان 53/ 4/30 هێزەکانمان لە دوو قۆڵەوە دێتە ناوەوە. یەکەم بۆ سەکران و ئێندزە و دووەمیش بۆ دۆڵەتوو و ناوزەنگ. ئێمەش هەر وەکو ئێوە بەپەلەین). بەگوێرەی ئەم بروسکەیەی سەرەوە، بەرەی جود نیازی پەلامارو داگیرکردنی مەڵبەندی سێی وەرتێ و سەرکرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی هەبووە، کە لە قۆڵی یەکەم لە سەکران و ئێندزە پەلاماری مەڵبەندی سێی وەرتێ و لە قۆڵی دووەمیش لە دۆڵەتوو و ناوزەنگ پەلاماری بارەگاکانی سەرکردایەتی بدەن. کاتێک کە بەرەی جود نەخشەی پەلاماردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی و مەڵبەندی سێی دارستبێت، بۆ دەبێ گلەیی لە یەکێتی بکرێ کە سەرکردایەتی حشع، حسک و پاسۆکی گرت؟ گەر هەڵمەتی یەکێتی چەند ڕۆژێک دوابکەوتایە بەرەی جود پەلاماری مەڵبەندی سێ و سەرکردایەتی دەدا لە ناوزەنگ. ئەی شیوعی و بەرەی جود دەیانەوێت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاوەڕێ بکات تا ئەوان هێزەکانیان کۆدەکەنەوەو دەگەنە (ئێندزە، سەکران، دۆڵەتوو و ناوزەنگ)، ئینجا مەڵبەند لەدوای مەڵبەندی یەکێتی و سەرکردایەتی داگیر بکرێ، یان دەستوبرد بکەن و بەرلەوەی لەوێش تێیان بسرەوێنرێ، ئەوان بسرەوێننە شیوعی بەرەی جود؟

بەڵگەی دووەم: بروسکەی ئەحمەد قادر بانیخێڵانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حشع)، لە ڕۆژی (1983.4.30)، بۆ مام ڕەسوڵ (ڕەسوڵە سوور)ی جێگری فەرماندەی لقی پشدەر پێی ڕادەگەیەنێت و ئاواتەخوازە کە پەلاماری داهاتووی بەرەی جود بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی شێرانە بێ و خراپتر بەسەر ئەو سەرلێشێواوانە بهێنن کە لە باڵیسان بەسەریان هێنان. مژدەی ئەوەیان دەداتێ کە هێزەکانی هەولێریان وا بەرەو لای حسک بەڕێوەن بۆ سەران. بە هەمان شێوە موژدەی ئەوەشیان دەداتێ کە هێزەکانی پارتی لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەگەنە لای ئەوان (دەگەنە لای حسک لە گوندی سەران) و هێزەکانی پارتی و حشع لە بادینانەوە بە ڕێگاوەن بۆ ئەم ناوچەیە (سەران) و داوا لە مام ڕەسوڵ دەکات کە هێزەکەی شیوعی لە ڕەزگە ئاگادار بکەنەوە بەپەلە خۆیان بگەیەننە پشتئاشان.

هێزەکانی هەولێری شیوعی نەگەیشتنە سەران.

هێزەکانی نێو ئێران و بادینانی پارتی هەر وا بەڕێوەن و نەگەیشتوون! بەهەمان شێوەش هێزەکانی بادینانی شیوعی نەگەیشتن.

ئەحمەد بانیخێڵانی باسی کۆکردنەوەی ئەم هەموو هێزەی شیوعی، پارتی و حسک دەکات لە سەران، بەدڵنیایی بۆ هێرشکردنە سەر مەڵبەندی سێی وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتییە لە ئێندزێ، توژەڵە، قەڵاتوکان و ناوزەنگ، بە خەیاڵی خۆیان لە هێرشەکانی داهاتوویان، لە باڵیسان خراپتر بەسەر هێزەکانی یەکێتی دا بێنن! هەر ئەم خەیاڵ پڵاوەی بانیخێڵانی، درۆو

بەڵێنەکانی پارتی و حزبی شیوعی لە ناوچەی هەولێر سەری شیوعییەکانی پشتئاشان و هێزەکانی پشدەری مام ڕەسوڵ-یشی خوارد.

بەڵگەی سێیەم: مەکتەبی سیاسیی حسک، لە ڕۆژی (1983.4.28)دا، بروسکەیەکی بۆ ئەحمەدی فەقێ ڕەش (ئەحمەد فەقێ ئەحمەد سلێمان، ئەندامی سەکردایەتی و فەرماندەی هەرێمی (9)ی باڵەکی حسک، بە دەستنووسی قادر عەزیز محەمەد ناسراو بە قادر جەباری (1946/ کۆڵەبان/ جەباری/ کەرکوک - 2016.11.12) ناردووە، کە دوو دێر لە کۆتایی نامەکە بە دەستنووسی ڕەسوڵ مامەندی سکرتێری حسک نووسراوە. بێویژدانی زۆر لە نامەکەی مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و قادر جەباری بەدی دەکرێت، کە تیایدا نووسراوە:

یەک: وەکو ئاگاداری جەلالییەکان بە فیتی ڕژێم إعلانی شەڕی کردووە دژی جود.

حسک و حزبی شیوعی عێراق، شەماڵ و هاوێکانیان کوشتن، پەلاماری مەڵبەندی چواری باڵیسان یان دا هەشت پێشمەرگە کوژرا، دوازدە بریندار بوو، مەڵبەندەکەشیان گرت و کاولیان کرد، چەکدارانی حزبی شیوعی عێراق لە بەرزاییەکانی ڕمکان پێشمەرگەیەکیان کوشت و یەکێکیش کە فەرماندەی تیپ بوو بریندارییان کرد، ئەوان تاوانەکانیان کردووە، یەکێتی بۆ وەستاندنی تاوانی دیکەی بەرەی جود هێرشی کردە سەر ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قڕناقاو، کەچی یەکێتی تۆمەتبار دەکەن بە هەڵگیرساندنی شەر!

ئەمە چ ویژدانێکە کە بەو ڕادەیە پەنا ببەنە بەر درۆکردن و بوختان هۆنینەوە؟

دوو: دوای کوشتنی شەماڵ بەدەستی پێشمەرگەکانی قوەتی ئاسۆس هەڵوێستی جود زۆر موەحەد بوو لەم شەڕانەی منطقەی هەولێر.

حسک و شیوعی، شێخ شەماڵ فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە، جێگری فەرماندەی تیپ و دوو پێشمەرگە دەکوژن، شیوعی لەچوارچێوەی بەرەی جود بەشداری شەڕی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی دەکات، بەپێی بروسکەی مەکتەبی سیاسی حسک هەڵوێستی هێزەکانی بەرەی جود زۆر یەکگرتوو بووە، کەواتە حشع بە تەواوی ئارەزووی خۆی بەشداری شەڕی دژی یەکێتی کردووە، بۆیە هەروەکو دەڵێن: (ئەوەی سنگ بخوا، سنگ دەکوتێت)، یان (لە دەرگای هەر کەسێکتدا، لە دەرگای خۆتیش دەدەنەوە)، حزبی شوعی بەشداری هێرش و شەڕەکانی دژی یەکێتی بکات، دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بکات کە بەدەستی یەکێتی کوتەکی بەردەکەوێت!

سێ: بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی ئەمین، منطقەیەکی أمین دروست بکەین بۆ جود پێویستە لە وەرتە و ئەو ناوەش تێیان سرەوێنی.

مەکتەبی سیاسی حسک، بە هاوکاری هێزەکانی جود دەیەوێت ناوچەیەکی ئارام دروست بکات، بۆیە بە پێویستی دەزانێت لە وەرتێ-ش لە یەکێتی بسرەوێنێت، کە مانای وایە وەرتێ کە دەکاتە مەڵبەندی سێی یەکێتی داگیربکات. گرتنی وەرتێ بەشی یەکەمی پلانی قۆناغی دووەمیان بوو، دوای داگیرکردنی بالیسان، بەشی

دووەمی پلانی قۆناغی دووەمیان داگیرکردنی وەرتێ، بارەگا و بنکەکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، بەڵام یەکێتی وای تێسرەواندن کە هەرگیز لەبیری نەکەن.

چوار: پێویستە هەموو قوەتەکەتان لەگەڵ قوەتی برایانی حزبی شیوعی بکەونەڕێ بۆ لێوژێ.

سەرکردایەتی حسک، داوای هەموو هێزەکانی حسک و حشع دەکات بۆ ئەوەی بگەنە لێوژێ تا پلانی قۆناغی دووەم پەلاماردانی مەڵبەندی سێی وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی بخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە.

پێنج: تکایە زۆر إهتمام بدەن بەم نامەیە و بێ دواکەوتن لەگەڵ قوەتەکەی ئەوان (هێزی حزبی شیوعی) بەڕێ بکەون، (چونکە دواکەوتنتان نەخشەی ئەم ناوەمان لێ تێک دەدات، ئیتر چاوەڕوانتان دەکەین، بە زووییی و بە سەلامەتی ئینشائەڵڵا دەگەنە لامان)، نووسینی نێو دوو کەوانەکە، کە دوو دێرە لە نامەکەی مەکتەبی سیاسی حسک بۆ ئەحمەدی فەقێ ڕەش، دەستنووسی ڕەسوڵ مامەندە.

حسک داوا دەکات بەگرنگی لەم نامەیە بڕوانن و لە ناردنی هێزەکانی خۆیان و حزبی شیوعی کەمتەرخەمی نەکەن، چونکە هەروەکو خۆیان نووسیویانە، گەر هێزەکانیان دوابکەوێت، سەدا سەد نەخشەی ئەم ناوەیان کە داگیرکردنی مەڵبەندی سێی وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی بوو، لێ هەڵدەوەشێتەوە و ڕیسەکەیان لێ دەبێتەوە خوری، کە نەک بەدواکەوتنیان پلانەکانیان

هەڵوەشایەوە، بەڵکو بنەکە و بارەگای سەرکردایەتی تەواوی لایەنەکان لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەم گیران.

بەڵگەی چوارەم: بروسکەی ژمارە (100)ی مەکتەبی سیاسی حسک بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق، کە لە ڕۆژی (1983.4.20) نێردراوە، کە حسک داوای هەماهەنگی بەپەلەی هاوبەش لەنێوان لایەنەکانی بەرەی جود دەکات بۆ تەمبێ کردن، لووتشکاندن و بەئەدەب کردنی یەکێتی، چونکە حسک پێی وایە جەلال تاڵەبانی (یەکێتی) شەڕی گوماناوی خۆی لەدژی حسک، پدک و حشع ڕاگەیاندووە. حسک داوا دەکات لقی یەک ئاگادار بکەنەوە لەپێناوی بەرگری کردنی هاوبەش و ناردنی هێزێک لەگەڵ نەجمەدین گوروون بۆ ناوچەی لێوژێ و ئێندزە بۆ مسۆگەرکردنی هاتن و گەیشتنی هێزەکانی حسک و شیوعی لە مەڵبەندی هەولێرەوە.

حسک بە هاوبەشی لەگەڵ شیوعی، شەماڵ و هاوڕێکانی لە (1983.4.15)، لە گوندی باداوان لەنزیک خەلەکان کوشت، تیپی (93)ی کۆیە ڕۆژی دواتر بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشتن و بەر لە کوژرانی شێخ شەماڵ و هاوڕێکانی ژمارەیان سەد و چوار پێشمەرگە بوو، چەند کەرتێکی جیاجیا لە تیپەکانی مەڵبەندی چوار پەڕینەوە بۆ مەڵبەندی سێی وەرتێ بۆ ئەوەی ئەوێ بەهێز بکەن. هەر لە ڕۆژی دواتر دەستی کرد بە کۆکردنەوەی هێزەکانی خۆیی و هێنانیان لە دەشتی هەولێر، بەڕانەتی، شەقڵاوە، حەریر و کۆیە بۆ دۆڵی باڵیسان و لە گوندەکانی (توتمە، باڵوکاوە، بێرۆ، دەراش و سپیلکە) جێگیری کردن، حزبی شیوعی-ش هێزەکانی لە شەقڵاوە،

دەشتی هەولێر، بەڕانەتی و دەشتی کۆیە کێشایەوە و لە گوندەکانی (شێخ وەسانان و چیاکانی دەوروبەر و ڕێی مەلەکان جێگیری کردن، پارتی–ش کە هێزی زۆر کەم بوو هێنانی بۆ خەتێ، بێروێ و شاخەکانی دەوروبەر. خۆم ئەوکاتە لەو ناوچەیە مامۆستا بووم و ئاگاداری وردو درشتی ململانێ و شەڕەکانم. لە سپێدەی ڕۆژی (1983.4.27)دا، هێزەکانی بەرەی جود هێرشی توندیان کردە سەر بالیسان و هێزەکانی یەکێتی، کەواتە ئەوان ئاگری شەڕەکەیان گەورەتر و خۆشتر کرد بە گرتنی بارەگای مەڵبەندی چوار لە ڕۆژی (1983.4.28)، ئەی بۆ دەبێ جەلال (یەکێتی) شەڕی گوماناوی خۆی لەدژی بەرەی جود ڕاگەیاندبێت؟ ئەوە ئەوانن (حسک و بەرەی جود)، داوای کوتانی تەمبێکردن، لووتشکاندن و بەئەدەبکردنی یەکێتی دەکەن، واتە ئەوان خوازیاری شەڕن و دەیانەوێت لە ڕێی شەڕەوە کێشەکان چارەسەرکەن، کە بەپێچەوانەوە، کێشەکان هەردەم بە شەڕ گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبن. بەڵام شتەکان پێچەوانە دەرچوون و دوای تەمبێکردن، لووتشکاندن و بەئەدەبکردنی (حسک، پدک و حشع) لەلایەن یەکێتیتەوە، یەک لەدوای یەک لە ساڵانی (1986–1987)دا ڕێی ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ یەکێتی گرتەبەر.

حسک، داوای هێز لە لقی یەک دەکات کە هێزەکانی خۆیان لەگەڵ هێزەکانی حزبی شیوعی نەجمەدین گوروون بۆ لێوژێ و ئێندزێ بنێرن، بۆ ئەوەی ڕێی هاتنی هێزەکانی حسک و حشع لە مەڵبەندی هەولێر واتە دۆڵی بالیسان کە تەواوی هێزەکانیان لەم کاتەدا لە دۆڵی بالیسان کۆکرابوونەوە، بۆ مسۆگەر بکەن، کە بەدڵنیایی

مسۆگەرکردنی ئەم ڕێیە و گواستنەوەی هێزەکانی بەرەی جود لە دۆڵی بالیسان بۆ لێوژێ و ئێندزێ کە دەکاتە دۆڵی خانەقا و شەهیدان بۆ لێدانی مەڵبەندی سێی یەکێتی لە وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتی بووە، کە لە دوو قۆڵەوە، یەکەم لە قەڵاتووکان و دووەم لە دۆڵەتوو پەلاماری ئەم بارەگایانە بدەن (ئێندزە، بێدەڵان، توژەڵە، سەکران، شێنێ، زەڵێ، ناوزەنگ و نۆکان). پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ: (ئەوەی چاڵ بۆ خەڵک هەڵکەنێت، خۆی تێدەکەوێت)، بەرەی جود نیازیان وابوو پەلاماری مەڵبەند، بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی بدەن، دەبوایە چاوەڕێی ئەوەش بکەن کە بەر لە پەلاماری خۆیان، لەوانەیە یەکێتی پەلاماریان بدات، کە هەر واش دەرچوو!

بەڵگەی پێنجەم: نامەی ژمارە (235)ی ڕۆژی (1981.11.1)ی حشع بۆ سەرکردایەتی حسک ناردوویانە، لە بڕگەی (2)دا هاتووە: (وەک پێشتر و ئەم ئێوارەیە بۆمان نووسین، دوو جار کۆمەڵی مام جەلال هاتن بۆ لامان داوای بێلایەنی ئێمەیان کرد لە باڵەک، وتمان شتی وا نییە و نابێ. داوای ئاگربەستی کاتیان کرد تا ئەگەینە چارەسەرێکی مامناوەندی، وتمان ئێمە هاوکاری جود ئەکەین).

بەپێی بڕگەی دووەمی نامەکەی شیوعی بۆ حسک، گەر بڕگەکە ڕاست بێت، چونکە جارێک نەوشیروان مستەفا لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی (1983)دا، لە خوێندنگەی گوندی خەتێ لە دۆڵی بالیسان، گوتی: (ئێمە حزبی شیوعی عێراقمان کردبووە ڕیش سپی نێوان خۆمان و هەریەک لە حسک و پدک، دواتر بۆمان دەرکەوت کە ئەوان لە هێنان و بردنی نامە و ڕاسپادەی زارەکی ئێمە بۆ

لایەنەکانی بەرەی جودو لە هێنانەوەی وەڵامی ئەوان بۆ ئێمە درۆمان لەگەڵ دەکەن، نامە و ڕاسپاردەی زارەکی ئێمە و ئەوانیان بە ئارەزووی خۆیان دەگۆڕی. هەتا لە گرتنی بەڵگەنامەکانی سەرکردایەتی حسک و شیوعی ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرکەوت)، دواتریش ئەو بەڵگانەی لە ساڵی (1983)دا گیرابوون سەرەتا هەمان ساڵ لە نامیلکەی (چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە) و دواتریش لە ساڵی (1997)دا نەوشیروان مستەفا لە پەرتووکی (پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983)دا بڵاویکردەوە، یەکێک لە بەڵگەکان ئەو بەڵگەیەی سەرەوە بوو کە نەوشیروان مستەفا لە خەتێ بە نموونە هێنایەوە، بۆیە گومانی زۆرم هەیە کە ئەوان ئەو قسەیان ڕاستەوخۆ لە هیچ کاتێک بە شاندی یەکێتی گوتبێ کە گوایە شیوعییەکان بێلایەن نابن و هاوکاری بەرەی جود دەکەن، وەلێ گەر ئەو قسەیان کردبێ یان نەکردبێت، ئەوان لە دڵەوە پێیان خۆش بووە لایەنێکی شەڕەکە بن و هاوکاری بەرەی جود بکەن لەدژی یەکێتی، چونکە ئامانج و بەرنامەی خۆیان هەبوو لە شەڕەکان لەدژی یەکێتی و بەتایبەت بەرانبەر بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی سەرەوەش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی بیری شەڕانگێزی و هەوڵی ئاژاوەگێڕی حزبی شیوعی عێراق لەپێناو خۆشکردنی ئاگری شەڕی ناوخۆی ساڵانی (1981-1983). جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە لاپەڕە (48)ی پەرتووکی (شۆڕشی نوێ لەپراکتیکدا لەسۆنگەی دیدارێک و کۆبوونەوەی کادیرانی خەتێ -

1983)، باسی ئەوە دەکات کە حزبی شیوعی عێراق لە کوردستان سیاسەتێکی دووفاقییان گرتەبەر بۆ نانەوەی کێشە، گیروگرفت و هەڵگیرساندنی شەڕ، ئەوان پشتیوانی هێزێکی جاش و ڕاستڕەویان کرد، هێزیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی شەڕی یەکێتی پێبکەن، شیوعییەکان ئەم کارەیان بەئاشکرا نەکرد بەڵکو لە ڕوالّەت و لای یەکێتی باسی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی خۆیان لەگەڵ یەکێتی دەکرد، کەچی لەژێرەوە پیلانیان لەدژی یەکێتی دەگێڕاو خەنجەری ژەهراویان لەپشتەوە لێدەدا، قسە و کردەوەکانیان زۆر جیاواز بوو، هاوپەیمانی قیادە موەقەتەن کە لەژێر ئاڵای خومەینی و بڕیاری کۆماری ئیسلامی ئێران شانبەشانی ئەرتەش، پاسدار و سوپای خومەینی هێرش دەکاتە سەر کوردستان.

ئەوەی لە نامەی ژمارە (235)ی ڕۆژی (1981.11.1)ی حزبی شیوعی عێراق بۆ سەرکردایەتی حسک نووسراوە، سەدا سەد هەڵوێستی ڕاستەقینە و سیاسەتی حشع بووە لەدژی یەکێتی، گەر ڕووبەڕوو بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریان بڕیبێت، یان دەریان نەبڕیبێت. حزبی شیوعی عێراق هەر بەو گیانەشەوە چووە نێو بەرەی جود لە ڕۆژی (1980.11.28)دا.

ئەو نامەیەی حزبی شیوعی بۆ حسک، زۆر ڕاستیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە،

یەکەم: یەکێتی هەر لە زووەوە نەیویستووە شەڕی حزبی شیوعی بکات، بۆیە داوای بێلایەنی ئەوانیان کردووە.

دووەم: حزبی شیوعی، هەرگیز نێوەندگیری، ڕیش سپێتی نێوان یەکێتی و (پارتی، پاسۆک و حسک)ی نەکردووە، بەڵکو بەردەوام

لایەنی بەرەی جود بووە لەدژی یەکێتی گرتووە، گەر کردبێتیشی لەم جۆرەی خوارەوەی کردووە:

لێرە، دەمەوێت ئاماژە بە نێوەندگیرییەکی حزبی شیوعی عێراق بدەم، کە لە ڕاستیدا پلانێک بووە لەدژی یەکێتی و بۆ سەرکەوتنی پارتی و شکستی یەکێتی. ئەحمەد قادر ئەحمەد سۆراو (گەڵاڵە)، فەرماندەی کەرتی گەڵاڵەی هەرێمی (7)ی باڵەک بوو، لەگەڵ خوشکەزایەکی بە ناوی حەکیم حەمەد قادر (1955/ گەڵاڵە)، لە سەرەتای مانگی مایسی ساڵی (1980)دا دەچن بۆ خانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارتی لەوێ دەیانگرن، تەنیا لەبەرئەوەی پێشمەرگەی یەکێتی بوون، عەبدولواحید باجەلان-یش هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیرا. هێزێکی باڵەک دوای گیرانی ئەو سێ فەرماندە و کادیرەی یەکێتی، لە ڕۆژی (1980.5.13)، لە نزیک گەڵاڵە ژمارەیەک پێشمەرگەی پارتی گرت و (15)ی بەدیل بردو ئەوانی تریشی لەوێ ئازاد کردن. حشع لەسەر داوای پارتی کەوتە نێوبژیوانی بۆ گۆڕینەوە و ئازادکردنی دیلەکانی هەردوو لا، هەردوو لا بەهۆی حزبی شیوعی و قسەی ئەوان ڕێککەوتن کە یەکێتی (15) دیلەکەی پارتی ئازاد بکات لە بەرانبەر ئازادکردنی (3) دیلەکەی خۆی. یەکێتی لە ڕۆژی (1980.6.20)، هەر (15) دیلەکەی پارتی ڕادەستی حزبی شیوعی کرد تا (3) دیلەکەی یەکێتی-ش لای پارتی لەگەڵ خۆی بۆ یەکێتی بێنێتەوە، حزبی شیوعی (15) دیلەکەی پارتی کە لای یەکێتی بوون ڕادەستی پارتی کردەوە، بەڵام پارتی (3) دیلەکەی یەکێتی ئازاد نەکرد. دوای نزیکەی مانگێک پارتی ئەحمەد قادر سۆراو و حەکیم خوشکەزای

ناوبراوی بەم مەرجە ئازادکرد کە بچنەوە نێو ڕژێم نەک یەکێتی، مام ئەحمەد و حەکیم بەناچاری گەڕانەوە نێو ڕژێم، خۆیان ڕادەست کردوە و وازیان لە پێشمەرگایەتی هێنا. سەبارەت بە عەبدولواحید باجەلان، پارتی ئەوی ئازاد نەکرد و بە سیناریۆیەک تۆمەتباری کرد بە هەوڵی کوشتنی ئیدریس بارزانی، حزبی شیوعی-ش هیچ هەڵوێستێکی بەرانبەر بەم بێ بەڵێنیەی پارتی نەبوو چونکە خۆی بەشێک بوو لە پلانەکە لەدژی یەکێتی و تاکە مەبەستیان ئەوەبوو کە دیلەکانی پارتی وەرگرنەوە بەس.

سێیەم: یەکێتی لە خاڵی لاوازیەوە نەبووە کە شەڕی نەویستووە، بەڵکو شەڕی بە چارەسەر نەزانیوە بۆیە خۆی لاداوە لە شەڕەکان، بەڵام کە لە نیسان، ئایار، ئاب و ئەیلولی ساڵی (1983)دا ناچارکرا، بەرگری، شەڕ و هەڵمەتەکانی یەکێتی بۆچوونی حزبی شیوعی و لایەنەکانی بەرەی جودی پووچەڵ کردەوە.

یەکێتی زۆر هەوڵی دا ئەو شەڕانەی مانگی یازدەی ساڵی (1981)، لە دۆڵی وەرتێ و شەهیدان نەکرێن، بەڵام حزبی شیوعی عێراق، کە بەردەوام لای یەکێتی بە سیناریۆی زیرەکانە نواندنی دەکردو خۆی وەکو بێلایەن و ناوبژیوان نیشان دەدا، لە ڕۆژی (1981.11.8)دا بە فڕتوفێڵ هێزێکی هاوبەشی حسک و پارتی لەگەڵ هێزێکی خۆیان هێنایە نێو وەرتێ، کە بەناوی سەردانی بارەگاکانی یەکێتی چوونە ناو بارەگاکان، لە ناکاو چەکیان لە پێشمەرگەکان ڕاکێشاو پێشمەرگەکانیان لە چەند بارەگایەک یەک لەدوای یەک چەککردو دواتریش ئەم چەکانەی نەدایەوە، بەڵام یەکێتی لە ڕۆژی (1981.11.17)، هێزێکی بە فەرماندەیی

نەوشیروان بۆ وەرتێ نارد، هێزەکە لە ڕۆژی (1981.11.19)دا ئابڵۆقەی هێزەکانی جود-ی دا، بەتایبەت حزبی شیوعی زیڕەی کرد و هەمان ڕۆژ پەنای بردە بەر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوانیش دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی خۆیان (جەلیل ئەحمەد گادانی و ئەمیری قازی) یان بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نارد، شەڕ وەستێندراو هەمان ڕۆژ (1981.11.19)، ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵی لەنێوان (یەکێتی، حسک و شیوعی)، واژۆکرا؛ سەرچاوە: (چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، ل17-20).

بەڵگەی شەشەم: نامەی حزبی شیوعی عێراق، کە بە مێژووی (25-1981.11.26)، لەلایەن ئەحمەد بانیخێڵانی ناسراو بە ئەبو سەرباز نووسراوە و بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان نێردراوە، لە نامەکەدا ئەحمەد بانیخێڵانی کۆدی نێوان بەرەی جود بۆ هێرشکردنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەکاردەهێنێت و دەڵێت: (پێم باشە ڕۆژی 1981.11.29 بتوانین سەفەرەکە بکەین)، کە مەبەست لە (سەفەرەکە بکەین)، ئەوەیە کە هێرش بکەنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی، سەرەڕای ئەوەی کە بەرەی جود تێکشکابوون، لە یەکێتی مام جەلال تاڵەبانی و لە حزبی شیوعی عێراق ئەحمەد قادر بانیخێڵانی ڕێککەوتنی ڕۆژی (1981.11.19)یان بە نێوبژی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مۆرکردبوو، کۆپلەیەکی نامەی ئەحمەد بانیخێڵانی بۆ حسک، تێکشکاندنی هێزەکانی بەرەی جود دەسەلمێنێت کاتێک کە دەنووسێت: (برایان وا من بڕیارنامەی ڕێکەوتنەکەم إمزا کردو ناردم بۆ خزمەتتان. ئەمەش ملاحظاتی

هاوڕێیانمانە: ئەوانیش و منیش هەست ئەکەین هێندێ نقاطی ضعفی تێدایە وەک تحدید کردنەکان. ماوەی کورت دیاری کردنەکان و شتی تریش، لەم ڕووەوە وە دەربارەی ئەم شتانە هەموو لایەکمان بە پەرۆش بووین کە ئەم سوێندخوارانەمان لەم گیروگرفتە ڕزگارمان کەن و زیاتر توشی ڕووزەردیمان نەکەن)، واتە چونکە لە شەڕەکە تێکشکابوون و بە پەرۆش بوون کە سوێنخوارەکانیان (مەبەست حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە) ڕزگاریان بکەن. واتە ئەحمەد بانیخێلانی و حشع یەک هەفتە پێشتر، ڕێککەوتنی سێ قۆڵییان لەگەڵ یەکێتی مۆر کردبوو؛ سەرچاوە: (چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، ل20). هەر لە ڕۆژی ڕێککەوتنی سێ قۆڵی (یەکێتی، حسک و شیوعی)، حشع و حسک گفتیان دا گەر پدک وازی لە شەڕی براکوژی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهێنا، ئەوان هەڵوێست وەردەگرن، لێیان قەبوڵ ناکەن، وەکو تاوانبار و ناپاک سەرکۆنەی دەکەن و بەدڵنیایی لە پدک دووردەکەونەوە، بەڵام لەبری پابەندبوون بە ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەکە، ئەوان بەگوێرەی نامەی (1981-11-26/25)، پێچەوانەی گفتەکانیان دەیانەوێت لە ڕۆژی (1981.11.29)، پەلاماری بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی بدەن! بەدڵنیایی حزبی شیوعی و بەرەی جود ڕاسپاردەی نامەکەی ئەحمەد بانیخێلانی و حزبی شیوعییان جێبەجێ دەکرد، دوای دە ڕۆژ دەیانەویست پەلاماری یەکێتی بدەن و ڕێککەوتنەکە بخەنە ژێر پێیانەوە، سەدا سەد ئەوان ئەو پلانەیان جێبەجێ دەکرد بۆ پەلاماردانی سەرکردایەتی یەکێتی، وەلێ مانەوەی ئەو هێزەی کە بە

سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا بۆ ڕزگارکردنی وەرتێ و دۆڵی خانەقا نێردرابوو، دوای ئاگربەست و ڕێککەوتنی سێ قۆڵی تا یەکەم ڕۆژی ساڵی (1982)، لە وەرتێ، گوندەکانی دۆڵی خانەقا و کارۆخ، بۆیە بەرەی جود نەیتوانی پەلاماری سەرکردایەتی یەکێتی بدات لە چیای مامەندە و گوندەکانی (ئێندزە، توژەڵە، دۆڵەتوو، سەکران، شێنێ، ناوزەنگ و نۆکان).

حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان، سەرەڕای بەردەوام بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کوشتنی کوردی ڕۆژهەڵات، هەرگیز هەڵوێستیان وەرنەگرت، مام جەلال، لە کۆبوونەوەیەکی سەرەتای ساڵی (1983)، دوای شەڕی پشتیوانی، لە ئەحمەد بانیخێڵانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراقی پرسیبوو، کە بۆچی لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان ڕەخنە و هەڵوێست لە دژی پدک دەرنابڕن، کە شەڕی کوردانی ڕۆژهەڵات دەکات بۆ ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران، ئەحمەد بانیخێڵانی گوتبووی: (ئێمە گوتومانە هەڵوێست وەرئەگرین، نەمانگوتوە هەڵوێست دەرئەبڕین، سەرچاوە؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979-1983، ل267)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەوان بە نووسین یان لە ئێزگە هیچ هەڵوێستیان لەدژی ناپاکییەکانی پارتی نابێت. ئەحمەد بانیخێڵانی، کە لە کۆپلەیەکی بەڵگەنامەی شەشەم سەبارەت بە ڕێککەوتنی سێ قۆڵی ڕۆژی (1981.11.19)ی نێوان یەکێتی، حسک و شیوعی، دەنووسێت: (وە ملاحظەیەکیش هەیە کە ئێمە هیچ إلتزامێکمان نەداوە، چونکە

نووسیومانە ئێمە بەو پێیە یە هەڵوێست وەرئەگرین، ئەویش لەگەڵیان نەچین بۆ جەولات، یان لەگەڵیان نەچین بۆ شەڕ و لە هێندی حال و جێگادا بۆ تەنگەتاوکردنیان)، دەیسەلمێنێت کە ئەو وەڵامە نالۆژیکەی سەرەوەی مام جەلالی داوەتەوە، کە نەوشیروان مستەفا ئاماژەی پێداوە.

ڕاستییەکان، وەکو ئەوانەی سەرەوە بە بەڵگە، مێژووی دەستدرێژییەکان، شەڕفرۆشتنەکانی بەرەی جود بە یەکێتی (لەنێویاندا شەرفرۆشتنەکانی حزبی شیوعی عێراق) و مێژووی کوژراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدەستی چەکدارانی شیوعی و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود ساغ دەکرێنەوە، نەک بە سووکایەتیکردن و جنێوپێدانی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆژنامە، گۆڤار و بابەتی ئەندامەکانیان لە ماڵپەڕە کوردی و عەرەبییەکان بەوانەی کە ڕاستییەکان تۆمار دەکەن، بۆ نموونە جنێودان و سووکایەتی کردن بە دکتۆر ڕەفیق سابیر.



التاريخ / ١ / ٥

الى ٣ بس حسك
من ٣ بس حشح

٦/٢٠

ورد نفنا البرقية التالية من حدك (برقيتكم ٥٣/
سنتدخل قواتنا من محورين الاول الى سكران
وثيندزي والثاني الى دولة تو و ناوزنگ
نحن على عجل شلكم ايضاً ⊙







١٩٨٢/ ٤/ ٢٨



عدد / ١٠٠
ت / ٤/٠٠

ال / ٢٠٠٠ حدث ، ٢٠٠٠ عشع
من ٢٠٠٠ حدث

جلال اعلن حربه المشوجه ضد حيوه وبشكل
خاص ضد حزبكم وحزبنا ① المطلوب التنسيق
والتورين المشترك لتوجيه ضربات تأديبيه ②
والاسعاف الى (لف ا) للتحرك المشترك ③
يرجى ايصال قوة مع لواء نجم الدين گوردن
الى منطقه ليوزه وبيندزه للعمل سوياً مع
طريق مواصلتنا المشتركه ز ق طه ايل ④





دیلکوژ و منداڵکوژەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق:

دڵنیام که یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەکو هەر پارتێکی دیکەی گۆڕەپانی خەباتی کوردستان و عێراق دیلی کوشتووە، هەموو دیلکوشتنێک بە تاوان دەزانم و داکۆکیش لە دیلکوشتنەکانی یەکێتی ناکەم، بەڵام حشع ئەوەندەی کە یەکێتی و نەوشیروان مستەفا بە دیلکوژ ناودەبات، ئایە خۆی هیچ دیلی یەکێتی نەکوشتووە، یان لەسەر بیروباوەڕی جیاوازو ڕەخنە لەنێو حزبی شیوعی عێراق دا کەسی نەکوشتووە؟ ئەوان ماوەی چل و سێ ساڵە هاوار دەکەن، کە گوایە لە پشتئاشان یەکێتی کۆمەڵکوژی عەرەبی کردووە، تەنانەت کوردە کۆسمۆپۆلیتی و عەرەبە شۆڤینیەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق کۆکن لەسەر ئەو درۆو پڕوپاگەندە ژەهراوییانەی کە دەیکەن. ئەوان، لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار، فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەنتییەکانی دیکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە دەنگی شۆڕشی عێراق (دەنگی گەلی کوردستان)ی یەکێتی لە کاتی هێرش کردنە سەر پشتئاشان هاواری کردووە کە عەرەبەکان بکوژن، نموونە شۆڤینیستی عەرەبی بەناو شیوعی موحسین سابت ئەلجیلاوی (محسن صابط الجيلاوي)، ئەو درۆیەی کرد! موحسین ئەلجیلاوی، لە بەشی سێیەمی بەرنامەی (شهادات خاصة)دا، کە ڕۆژی (2016.4.23)دا خراوەتە سەر کەناڵی (یوتوپ)، دەڵێت: (فەرهاد سەنگاوی، بێژەری ئێزگەی ڕادیۆی یەکێتی هاواری دەکردو دەیگوت: مردن بۆ عەرەبەکان و پاسداری ئێرانی، مەبەستی

لە عەرەبەکان شیوعییە عەرەبەکان بوو، مەبەستیشی لە پاسدارانی ئێرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. ئەو دەیگوت: عەرەبەکان بکوژن. کوردستان پاککەنەوە لە عەرەبەکان). موحسین ئەلجیلاوی، کەسێکی درۆزنە و کۆمەڵێک درۆی کردووە کە باوەڕناکەم کەس توانای گوێ لێگرتنیشی هەبێت، مەگەر تەنیا بۆ ئاشکرا کردنی درۆکانی گوێی لێبگرن، چونکە فەرهاد سەنگاوی و ئێزگەی یەکێتی باسی کوشتنی عەرەب و پاکردنەوەی کوردستانی لە عەرەب نەکردووە، گەر وابوایە بەدڵنیایی تۆماری ئەو بانگەوازە لای بەشی گوێگرتن (ألأنصات)ی بەرەی جود یان ئەندامێکی ئەو چوار پارتەی جود لە ماوەی (43) ساڵی ڕابردوو هەر دەردەکەوت. هەر ئەو عەرەبە شۆڤینییە دڵڕەق و ناخڕەشە بەرانبەر بە کورد، لە بەرنامەی بۆ مێژوو (للتأريخ)ی کەناڵی ئەلبەغدادیة (البغدادية)ی عێراقی، لە وەڵامی ئامادەکەری بەرنامە دکتۆر حەمید عەبدوڵڵا، ئایە پشتئاشان هەڵەبجەی عەرەبان نییە؟ موحسین ئەلجیلاوی لە وەڵامدا گوتی: (بەڵێ، پشتئاشان لە هەڵەبجە قوڵترە. لەوانەیە فڕۆکەوانێکی نابەرپرس لەخۆیەوە ئەم کارەی هەڵەبجەی کردبێ)، هەمان قسەی موحسین جیلاوی، جاسم محەمەد ئەلحفی (1960/ بەغدا)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بۆ هەمان بەرنامە و کەناڵ بە شێوازێکی دیکە کردی و گوتی: (پشتئاشان هەڵەبجەی عەرەبانە). شیوعی کورد و عەرەب لە پشتئاشان کوژراون و بەتەنیا عەرەب نەکوژراون، شەڕەکان شەڕی نێوان کورد و عەرەب نەبووە، نە کورد عەرەبی کردۆتە ئامانج بۆ پاکتاوکردنی ڕەگەزی نە عەرەبیش کوردی کردۆتە ئامانج بۆ قڕکردنی کورد، بەڵام بەرەی جود

(شیوعی، پاسۆک، پدک و حسک) لەنێوبردنی یەکێتی ئامانجیان بوو، لە کاردانەوەش یەکێتی ئەوانی کردە ئامانج بۆ سنووردانان بۆیان و دەرپەڕاندنیان لە کوردستان، بەڵام دیارە شۆڤینیستە عەرەبەکان کوژراوە کوردەکانیشیان بە عەرەب هەژمار کردووە بۆیە بەئەنقەست بانگەشەی پاکتاوکردنی عەرەب دەکەن لەلایەن یەکێتی. گەر هەر شیوعییەک لە شەڕی پشتئاشان کوژرابێ (کورد یان عەرەب)، کاردانەوەی هەندێک پێشمەرگە، یان فەرماندەی نابەرپرسی یەکێتی بووە کە هاوڕێکان و کەسوکاریان بەدەستی حزبی شیوعی و حسک کوژراون. ئەگینا لە هەمان هێرش و هەمان ڕۆژ، حزبی سۆسیالیستی کوردستانیش باسی ئەوە دەکات کە پێشمەرگەی ئەوانیش بەدیلی لەلایەن یەکێتی کوژراوە، ئایە ئەوانەی حسک بۆ کوژران، ئەوانیش عەرەب بوون بۆیە کوژران، یان لە تۆڵەی بە ناڕەوا کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی بوو؟ چۆن حزبی شیوعی عێراق، ئەو پێشمەرگانەی خوارەوەی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدیلی کوشتووە، دیلەکانی شیوعی-ش بە هەمان شێوە کوژراون وەلێ نەک بەو ڕێژەیەی ئەوان باسی دەکەن کە گوایە تەواوی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق دوای دیلکردنیان لەلایەن یەکێتی کوژراون، لێرەدا ناپڕژێمە سەر یەکە یەکەی ناوی کوژراوەکانی پشتئاشان و چۆنێتی کوشتنەکانیان، کە لە پەرتووکی (پشتئاشان تۆڵە، یان تاوان)، ئاماژەم بە هەموو ناوەکان و چۆنێتی کوشتنیان کردووە. لە پشتئاشان شەست و یەک شیوعی کوژران، نۆزدە کورد، چل عەرەب، یەک ئاشووری و یەک مەندائی، کورد ڕێژەی (31:14%)، عەرەب (66.66%)، ئاشووری (1.6%) و

مەندائی (1.6%) پێک دەهێنن، ئەمەش بەهۆی ئەوە بووە کە زۆرێک لە عەرەبەکان لە فەسیلّی ژێر بەتانی (فصيل تحت البطانية) بوون، بەفڕتوفێڵ هەندێکیان هێنابوونەوە کوردستان و ئەوانیش نەدەچوونە سریە، بەتالیۆن و لقەکان تا بەشداری شەڕەکان بکەن، بەپێچەوانە لە پشتئاشان خۆیان دوورەپەرێز گرتبوو بۆ ئەوەی دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێ بەڵکو بەرەو ئەو وڵاتانە بڕۆنەوە کە لێی هاتبوون. لە شەڕی دووەمی قەندیل (8.13-1983.9.1)، یازدە شیوعی، چل و شەش پارتی و شەش سۆسیالیست کوژران. لە یازدە شیوعی هەشتیان عەرەب (72:72%)، دوو کورد (18:19%) و یەک ئاشووری (9:9%) بوون. لەم شەڕەدا حزبی شیوعی عێراق خۆی هێزەکانی خۆی، شوێن و کاتی شەڕەکانی هەڵبژاردبوو، هەر خۆیشی لە چوارچێوەی بەرەی جود هێرشی کردە سەر هێزەکانی یەکێتی کەچی ڕێژەی کوژراوانی عەرەب نزیکەی (7%)، لە شەڕی پشتئاشان زیاترە! ئەمەش بانگەشەی حزبی شیوعی عێراق، عەرەبە شیوعییە شۆڤینیستەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق و کوردە شیوعییە داخ لە دڵەکانی دژ بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پووچەڵ دەکاتەوە بەوەی گوایە یەکێتی پاکتاوی ڕەگەزی عەرەبی کردووە لە شەڕی پشتئاشان و قەندیل، کە ماوەی چل و دوو چل و سێ ساڵە (1983.5.1-2026.5.1)، ئەم قەوانە سواوە و درۆیە بێ بەڵگەیە دووبارە، هەزار بارە و ملیۆن بارە دەکەنەوە.

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر فەسیلّی ژێر بەتانی پەنا دەبەمە بەر تۆما تۆماس، کە لە لاپەڕە (212-213)ی (أوراق توما توماس)، لە

بابەتی (دعم النضال المسلح – التجنيد في الخارج)، باسی ئەوە دەکات کە لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق – ئێران لە ڕۆژی (1980.9.22)، سەرکردایەتی حشع ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبەکەی خۆی بە پەنابردنە بەر درۆکردن هەڵخەڵەتاندووە، یان هەڕەشەی دەرکردن لە حزب، بڕینی یارمەتی و دەرماڵەی خوێندنیان لێکردوون و فشاری خستوونەتە سەر تا وەکو خۆبەخش بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و پێوەندی بکەن بە ڕیزی پێشمەرگەی حزبەکەیانەوە، کە هەندێکیان خوێندکاری دواساڵی قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ بووینە. هەروەها هەندێک لە سەرکردەکان درۆیان بۆ کردوون (بە قسە گیایان بۆ هێناونەتە چۆکان)، پێیان ڕاگەیاندوون کە هێزی پێشمەرگە لە نزیک شارە گەورەکانن و لەوانەیە ئەوان تا دەگەڕێنەوە چیاکانی کوردستان بەوە ڕانەگەن و دوابکەون لە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو شارە گەورەکان. زۆربەی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات گەڕابوونەوە بۆ کوردستان بە مەبەستی پێشمەرگایەتی کردن وا تێگەیەنرابوون کە هێزی پێشمەرگە دەتوانێت سوپای عێراق تێکبشکێنێ، دەست بەسەر شارە گەورەکان دابگرێت، تیایاندا سەنگەر بگرێت و بمێنێتەوە، بەڵام بە گەیشتنیان بۆ بارەگاکانی حزبی شیوعی تووشی شۆک دەبوون بەوەی لە دەرەوە بۆیان باسکرابوو. ناڕاستییەکان تووشی بێهیوایی و تێکشکانی کردن، داوای گەڕانەوەیان دەکرد بۆ دەرەوە بۆ ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتبوون. بەڵام دوای ماوەیەک ئەو تێکشاوانە دەستەیەکیان پێکهێنا کە تەنانەت بەشداری ئەرکەکانی ڕۆژانەی وەکو ئێشکگرتن و خواردن ئامادەکردنیان نەدەکرد،

ڕۆژانە هەر خەریکی نووستن بوون، جگە لە کاتەکانی نانخواردن کە بەئاگابوون. کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بەشێک لە هاوڕێیان ناویان بنێن فەسیلّی ژێر بەتانی (فصیل تحت البطانیة). ئەوانەی سەرەوە هەمووی قسەی تۆما تۆماس بوون، کە سەرکردە و بەرپرسەکانی حزبی شیوعی عێراق، پەنایان بردۆتە بەر درۆکردن، گوشار خستنە سەر ئەندامەکانیان و هەڵخەڵەتاندنیان لەپێناوی هێناوەیان بۆ چەکهەڵگرتن لە کوردستان، ئەوانە، واتە فەسیلّی ژێر بەتانی بەشێک بوون لە ئۆپۆزسیۆن لەنێو حزبی شیوعی و بە بەردەوامی ڕەخنەیان لە سیاسەتی حزبی شیوعی دەگرت، بۆیە سەرانی حزبی شیوعی بەدەستی یەکێتی بەکوشتنی دان.

باشە گەر بڕیاری کوشتنی عەرەب و پاکتاوکردنی کوردستان لە عەرەب درابێ، بۆ یەکێتی لە چل و شەش دیلی حزبی شیوعی هیچیانی نەکوشت، کە ژمارەیەکی باشیان عەرەب بوون؟ باشە گەر یەکێتی لە شەڕی یەکەم (پشتئاشان)، کات و شوێنەکەی هەڵبژاردبێ و کوژراوانی عەرەب لەنێو حزبی شیوعی عێراق (66:66%) بێ و بەقسەی شیوعییەکان یەکێتی کۆمەڵکوژی عەرەبی شیوعی کردبێ، خۆ کوژراوانی شیوعی عەرەب لە شەڕی دووەم (قەندیل)دا کە حزبی شیوعی عێراق کات و شوێنی شەڕەکەی هەڵبژاردووەو ڕێژەی کوژراوانی عەرەب (72:72%) بوو، باشە ئەو جارەش هەر یەکێتی هەوڵی قەڵاچۆکردنی عەرەبی شیوعی داوە؟ کاتێک کە موحسین ئەلجیلاوی پاکانە بۆ ڕژێمی بەعسی سەدامی دەکات و تاوانی گەورەی کیمیابارانی هەڵەبجە بە کارێکی بێ پلان دادەنێت کە گوایە فڕۆکەوانێک لەخۆیەوە هەڵەبجەی بۆردومان کردبێت و

هەمان کات پشتئاشان بە گەورەتر و قوڵتر لە هەڵەبجە پێناسە بکات، بەدڵنیایی بیری شۆڤینیزمی عەرەبی و ڕقی ژەهراوی عێراقی عروبە وەکو ئارەقە لە بەرانبەر بە کورددا بە جەستەیدا دێتە خوارێ! یان کاتێک کە جاسم ئەلحلفی، پشتئاشان دەکاتە هەڵەبجەی عەرەبان، ئەوە گەورەکردنی پشتئاشان و کەمکردنەوەیە لە تاوانی هەڵەبجە کە سەدام و بەعسی عروبە تۆمەتبارن، خەڵکی هەڵەبجە بێچەک و بێتاوان بوون، بەڵام حشع چەکدارو تاوانبار بوو، چونکە: یەکەم تاوانی حزبی شیوعی لە ڕۆژی (1983.4.15)، لە باداوان لە سنووری خەلەکان کوشتنی چوار پێشمەرگە و فەرماندە بوو، دووەم تاوانیشیان لە ڕۆژی (1983.4.27)، هێرش کردنە سەر بالیسان و کوشتنی هەشت پێشمەرگە و بریندارکردنی دوازدەی دیکە بوو، سێیەم تاوانیان لە ڕۆژی (1983.4.30)دا کوشتنی پێشمەرگەیەک و بریندارکردنی یەکێکی دیکە، کە هەر سێ تاوانەکە پێش هێرشی یەکێتی بوو بۆ سەر پشتئاشان لە ڕۆژی یەکی ئایاری ساڵی (1983)، کەواتە ئەوەی یەکێتی تۆڵە بووە هەروەکو لە ئێزگەش گوتیان: (تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەزەبرە). شۆڤینیزمە عەرەبەکانی نێو حشع ڕقیان لە شیوعییە کوردەکان دەبۆوە، جا چۆن ڕقیان لە کوردی دیکە و نێو پارتە کوردستانییەکان نابێتەوە، کە ناکۆکی، ڕق و کینەی نەتەوایەتی و ئایینزایی لەنێو سەرکردایەتی و ڕیزەکانی ئەو حزبە هەر زۆر لە کۆنەوە هەبووە، شەوکەت ئەحمەد خەزنەدار دەنووسێت[148]: (ململانێی توندوتیژی

[148]- شوكت احمد توفيق عزيز (شوكت خزندار)، سفر ومحطات - الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، ص (294).

ناپڕەنسیپانە لە سەرکردایەتی حزبدا هەبوو، زۆر بەداخەوە ململانێکە زۆر توندتر بوو لە نێوان کورد و عەرەب، هەروەها سوننە و شیعە). ناکۆکی، کێشە و ڕقی نێوان ئەندامانی کورد و عەرەب لەنێو حزبی شیوعی عێراقی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڤینییەتی عەرەبی، کە هەرگیز باوەڕی بە جیابوونەوەی باشووری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەم بەشەی کوردستان نەبووە، هەروەکو ئەوەی باشووری کوردستان و عێراق یەک دەوڵەت بووبن و عێراق داگیرکەری باشووری کوردستان نەبێت، چونکە کەمینەیەکی زۆر کەم لە گەنجە کوردەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق تازە بیری سەربەخۆیی لە مێشکی ئەوان چەکەرەی کردبوو و خوازیاری مافەکانی کورد، یان سەربەخۆیی کوردستان بوون، ئەگینا پیرە ئاخر شەڕەکان هەرگیز بیریان لە سەربەخۆیی کوردستان و بڕیاردان لە چارەنووسی گەلی کورد لە ڕێی ئازادانە و دەستنیشان کردنی ئەو مافە لەلایەن کورد خۆی نەکردۆتەوە!

یەکەم: حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1984.3.5)دا، موشتاق جابر عەبدوڵڵا ناسراو بە مونتەسر (1958/ بەغدا/ الثورة)، لە بارزان لەژێر ئەشکەنجە کوشت و ئەحمەد ئەلناسری ناسراو بە ئەمین، ستار غانم ڕازی ناسراو بە سامی حەرەکات و موهەند–ی فەلەقەکرد، موشتاق لەکاتی ئەشکەنجەدان قسەی بە سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە دکتۆر موهەنەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئەلبەڕاک ناسراو بە دکتۆر صادق (1950–2022.9.20)، گوتبوو، تفی لێ کردبوو، بۆیە بە بڕیاری دکتۆر سادق لە سەریان دابوو، بەهۆی لێدانەکە تووشی خوێن بەربوون بووەو مردووە.

دواتریش له ڕاپۆرتێکی ساختەدا دکتۆرە ساهیرە ناسراو بە باسیمە ئەلسەعدون، نووسیوێتی، گوایە ئەو بەهۆی وەستانی دڵ مردووە؛ سەرچاوە: (ئەحمەد ئەلناصری، بەشی سێیەمی بەرنامەی (شهادات خاصة)، کە لە ڕۆژی (2018.10.7)، لە کەناڵی یوتوپ دانراوە)، عەلی زیبان جابر ئەلساعدی ناسراو بە موهەند (1961.2.24/ دیوانیە/ ناسریە)، کە دواتر لە ڕۆژی (2018.3.24)، لە شاری نێستقیذ لە دانمارک کۆچی دوایی کرد. هەر بەقسەی ئەحمەد ئەلناسری حزبی شیوعی عێراق زۆر بێڕەوشتانە بە خزموکەسی موشتاقی ڕاگەیاندبوو کە ئەو لە شەڕی پشتئاشان بەدەستی یەکێتی کوژراوە، هەروەها حزبی شیوعی عێراق، لە لاپەڕە (276)ی (شهداء الحزب .. شهداء الوطن الجزء الثالث .. شهداء الحرکة الأنصاریة 1979-1988)، هۆکاری مردنی موشتاق-ی بەمشێوەیە باسکردووە: (موشتاق جابر عەبدوڵڵا ناسراو بە مونتەسر، لە ڕۆژی (1984.3.3)دا لە ناوچەی بارزان لە سنووری هەولێر، لە ئەنجامی پەککەوتنی گورچیلەکانی مردووە)! کاتێک کە ئەو درۆیانەی حزبی شیوعی عێراق سەبارەت بە پەردەپۆش کردنی تاوانی کوشتنی موشتاق دەخوێنمەوەو دەبیستم، هەرچی سەبارەت بە ئەحلام بۆ تاوانبارکردنی یەکێتی کردبێتیان بە درۆی دەزانم. حزبی شیوعی عێراق، گلەیی چی لە یەکێتی دەکات، کە خۆی موشتاق دەکوژێت، گۆڕەکەی بە شاردراوەیی دەهێڵێتەوە، تۆمەتی کوشتنەکەی دەخاتە ئەستۆی یەکێتی، بەهۆی دکتۆرێکی خۆی ڕاپۆرتێکی درۆینە بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانی کوشتنی ناوبراو لەژێر ئەشکەنجە دەشارێتەوەو دواتریش پەرتووکی شەهیدانی حزبی شیوعی بەدرۆ

دەنووسێت کە گوایە موشتاق بە نەخۆشی پەککەوتنی گورچیلە مردووە؟ ئەوەش ڕەوشتی بەرزو ڕاستگۆیی شیوعی عێراق، بۆیە ئاساییە گەر بڵێم مارکس گۆڕهەڵتەکێنە بزانە شیوعییەکانی عێراق بەناوی تۆوە چی دەکەن و چۆن ئەندامی خۆیان دەکوژن و بۆ ماوەی چل و دوو ساڵە (1984–2026)، تەرم و گۆڕەکەشیان شاردۆتەوە و وەڵامی هەوڵەکانی کەسوکاری موشتاق نادەنەوە بۆ ئاشکراکردنی شوێنی گۆڕەکەی! ئەحمەد ئەلناسری (ئەمین)، ستار غانم ڕازی (سامی حەرەکات) و موهەنەد، لە حوزەیرانی ساڵی (1984)، ئازاد دەکرێن و بەقسەی ئەحمەد ناسری ئەو خۆی بەرەو هەندەران دەڕوات، ستار غانم ڕازی سەرەتا بەرەو ئێران و دواتریش بەرەو بەغدا، لە ساڵی (1994)دا لەوێ گیراووە لە سێدارە دراوە، موهەند لەنێو شیوعی مایەوە، پاشان لە نەوەدەکان دەگاتە دانمارک و لە ساڵی (2017)، لە دانمارک کۆچی دوایی کرد، بەڵام میژووی مردنەکەی ڕۆژی (2018.3.24)یە، ئەوەی ئەحمەد ئەلناسری ناتەواوە و خۆم چەند وێنەیەکی گۆڕەکەییم گرتووە و دانەیەکیانم لە خوارەوە داناوە.

دووەم: لە شەوی (1989.11.29)دا، لە گوندی نۆکان ڕیاز جاسم جابر ئەلمورشدی ناسراو بە زوهێر (رياض جاسم جابر المرشدي/ 1955/ الناصرية)، لەکاتی سەردانی هاوڕێیەکی و مانەوەی لای ئەو بە ناوی مجيب ئەلهاشمی ناسراو بە سالم (مجيب الهاشمي المعروف ب سالم/ 1952/ بغداد)، بە دەمانچەی بێدەنگ دەکوژن کە هەردووکیان لە حشع جیابببوونەوەو سەر بە ڕێکخستنی کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕە عێراقییەکان (تنظيم الشيوعيين الثوريين

العراقیین) بوون. بارەگای ڕێکخستنی کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕە عێراقییەکان لە گوندی دۆڵەتوو لە نزیک نۆکان بوو. کاتێ کە ئەو تاوانە کراوە ژمارەیەک ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق خۆیان باسیان کردووە کە حزب ئەو تاوانەی کردووە، هەندێکیش بە تاوانی پیاوانی ڕژێمی دەزانن. کوشتنی ئەو دوو پێشمەرگە و ئەندامە جیابووەوە گەر حزبی شیوعی عێراق کردبێتی، ئەوپەڕی دڕندەیی، فاشییەت، باوەڕنەبوونی لایەنی بکوژ دەگەیەنێت لە باوەڕنەبوونی بە ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی کاری سیاسیی و پێشمەرگایەتی.

نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە ڕۆژی (11.9.1983)، بڕیاریدا وریای وەستا وەهاب (عەبدولڕەزاق وەهاب مارف/ 1957/ سلێمانی)، پێشمەرگەی دەستەی بەسزاگەیاندنی تۆمەتبار و دوژمنان بکوژن، چونکە سەرەڕای ئەوەی فوئادی مەجید میسری نەکوشت، ئاگاداریشی کردەوە کە نەوشیروان ئەوی ڕاسپاردووە بۆ کوشتنی، بەڵام ئەو دژی کوشتنەکەیە و پێی وانییە فوئاد ناپاک یان پیاوی ڕژێم بێت. هەمان ڕۆژ پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی دووی سلێمانی کە بارەگای ڕێکخراو لە گوندی هەڵەدن و جەبار فەرمان بەرپرسی ڕێکخراوەکە بوو، لەسەر بڕیاری نەوشیروان مستەفا و بە هاوکاری جەبار فەرمان لە گەورەکەی ماڵی غەریب هەڵەدنی وریای وەستا وەهاب کوژرا. نەوشیروان مستەفا، وەکو حزبی شیوعی عێراق، نکۆڵی لە کوشتنی وریای وەستا وەهاب نەکردو پەنای نەبردە بەر داڕشتنی چەندان سیناریۆ بۆ شاردنەوەی تاوانی کوشتنی وریا، وەکو ئەوەی حشع بۆ پەردەپۆش کردنی موشتاق

پەنای بردە بەر هۆنینەوەی چەندان سیناریۆی قێزەون. نەوشیروان، لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ڕۆژانی (12-1984.7.22)، لە کانیسێوی مێرگەپان لەبەردەم (288) ئەندامی کۆنفرانس، گوتی: (بەڵێ وریای وەستا وەهاب، خیانەتی کرد، نهێنی ڕێکخراوی کۆمەڵەی بردبووە دەر، بە بڕیاری من کوژرا، سەد جاری دیکەش زیندوو بێتەوە، هەر سەد جار بەدەستی خۆم دەیتۆپێنم). نەوشیروان مستەفا، دانی بە تاوانی کوشتنی وریای وەستا وەهاب داناوە، بەڵام حزبی شیوعی عێراق تاوانەکەیان کردووە کەچی کوشتنی موشتاق جەبار عەبدوڵڵا یان شاردۆتەوەو شێواندووە، بەگوێرەی یاسا دەبێت بە دوو تاوان، چونکە کوشتن تاوانێکە و شاردنەوەی تاوان دەبێتە تاوانێکی تر کە پێی دەگوترێت: (شاردنەوەی نهێنی/ سبق الأسرار).

سێیەم: ستار سابیر مەولود کارەسوڵ بندیان ناسراو بە زیرەکە شەل (1962/ هێلەوە/ شەمامک/ هەولێر)، ئەندامی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان (1993.10.22)، لەدوای جیابوونەوەیان لە حزبی شیوعی، لەلایەن حشع و فەتاح تۆفیق فەتاح عەبدوڵڵا ئاغا ناسراو بە مەلا حەسەن (1922-2008.2.29)، لەسەر چەکێک لە ڕۆژی (1995.10.15)، لە هەولێر بەدەستی سەرحەد عەلی ئەحمەد مستەفا تیرۆر کرا، کە دواتر پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی (2006)دا هەڵوەشایەوە و یوسف حەنا یوسف ناسراو بە ئەبو حیکمەت بۆ ناو پارتی و ئەندامەکانی دیکە زۆربەیان چوونەوە ناو حزبی شیوعی کوردستان، کە پێشتر لە ڕۆژی (1993.6.30)دا دامەزرابوو. فەتاح تۆفیق فەتاح (مەلا حەسەن)، لە بیرەوەرییەکانی

خۆیدا بەناوی (حەفتاو شەش ساڵ ژیان، پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان بیرەوەرییەکانی خەباتی مەلا حەسەن)، باسی ئەوە دەکات کە گوایە دژی دامەزراندنی بەرەی نێوان بەعس و حزبی شیوعی بووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو مرۆڤێکی ناڕاستگۆ، دووڕوو و هەردەم (ئاگری ژێر کا بووە)، بگرە لە شەڕی ناوخۆش ئاگری ژێر کا بوو بۆ نموونە لە کوشتنی نامەردانەی وەسمان بەگ و هاوڕێکانی لە تۆڵەی جاشی مەفرەزە خاسە عەبدوڵڵا ماویلانی لەگەڵ بووە. ناوبراو، لە ساڵانی شەڕی نێوان شۆڕشی کوردستان و سوپاو حکومەتی بەعس (1975.3.20-1974.3.26)، کە حزبی شیوعی عێراق پشتیوان و جاشی بەعس بوون، ئەوکات وانەبێژی زمانی عەرەبی بوو لە خوێندنگەی بێتووشی سەرەتایی کە دەکەوتە نێوان گەڕەکەکانی سەیداوە – سێتاقان لە هەولێر، بەرانبەر بە مزگەوتی حاجی مورادی، لە پۆلی چوارەم خوێندکار عەزیز حەمەد قادر (1961/ سێتاقان)، پێڵاوی باتەی لەپێ دەکرد کە تەقەتەقی دەهات، هەرکاتێک ئەو خوێندکارە هەڵسابایە سەر تەختەڕەش، یان بۆ ئاودەست بڕۆیشتایە و بگەڕابایەوە پۆل، پێڵاوەکانی دەنگی دەهات و تەقەتەقی دەکرد، زۆربەی جارەکان مامۆستا فەتاح دەهاتە گۆو دەیگوت: (فەرموو، بابی لە سەرێ قوندەدات، ئەوەش چۆن خۆی بادەدات! باوکی سەر بە جەیبول عەمیلە، پیاوی ئێرانە، ناپاکە، دژی حکومەتی نیشتمانیی و حزبی بەعسی عەرەبی پێشکەوتوخوازە کە بەعس خاوەنی کۆمەڵێک سەروەری و دەستکەوتی گرنگە بۆ هەموو عێراقییەکان بە کوردیشەوە، پەرتووک، تێنووس، پێنووس و خوێندنی بۆ بەخۆڕایی کردوون، کەچی باوکە قوندەرەکەی بوویتە

چەتە و ڕێگر لەدژی ئەو حکومەتە وەتەنییە)! عەزیز حەمەد قادر لە ژیاندا ماوە و لە گەڕەکی هەولێری نوێ نیشتەجێییە، مەلا حەسەن وەکو کۆمۆنیست و مامۆستایەک سووکایەتی بەو خوێنکارە دەکردو بێشەرمانە تۆمەتی ڕەوشتی دەدایەپاڵ باوکی ئەو، تەنیا چونکە باوکی پێشمەرگەی شۆڕشێک بووە لەدژی ستەمی حزبی بەعسی عەرەبی ڕەگەزپەرست و سوپای حکومەتی عێراقی داگیرکەر، کە حزبی شیوعی عێراق ئەوکاتە جاشی ڕژێمی بەعس بوو! بۆیە مەلا حەسەنی بەناو دژی بەرەی بەعس و شیوعی و لەناخەوە شەیدای بەرەی ناوبراو، کۆمۆنیست، مامۆستا و پەروەردکارێکی ڕاست و دروست نەبووە، بەڵکو لە هەرسێکیان لادەر (منحرف) بووە. هەتا بۆ بڕیاردان لە کوشتنی زیرەکە شەل لەسەر چەکێک لادەر (منحرف) و زۆر بێویژدان بووە! ئەو بەسەرهاتە سەرەتا قاسم عەبدولعەزیز محەمەد عەلی ناسراو بە ڕێباز عەزیز، بەر لە دوو ساڵ لە (2024)دا بۆی گێڕامەوە، دواتریش لە لاپەڕە (10)ی چاپی دووەمی (ڕۆژمێری پێشمەرگایەتیم)، باسی کردووە.

دوای کوژرانی زیرەکە شەل، لە هەمان ڕۆژدا (1995.10.15)، سەرحەد عەلی ئەحمەد مستەفا لە نزیک میوانخانەی شیراتۆن بەدەستی سامی وەسمان مەحمود بندیان دەکوژرێت، کە سامی ببووە پێشمەرگەی پارتی و لای نامیق سواڕە (پورزای یەکترن). ئەو ڕوداوە، کوژرانی کۆمەڵێک کەسی بەدوای خۆیدا هێنا کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. سەرحەد عەلی ئەحمەد مستەفا.

2. هەژار عەلی ئەحمەد مستەفا.

3. ناهیدە محەمەد عەلی فەرەج زەنگەنە (1952/ کەرکوک/ قەرەحەسەن)، دایکی سەرحەد و هەژار.

4. نەسرین (ڕەحمان مەلا حەسەن) هاوسەری حوسێن (دراوسێی ئەوانەی سەرەوە).

ئەم سێ خاڵەی سەرەوە تاوانی حشع و حزبی شیوعی کوردستانی بوون لەدژی ئەندام، چەکدار و پێشمەرگەکانی خۆیان، لە خوارەوەش ئاماژە بە کۆمەڵێک تاوانی دیلکوشتن و کوشتنی لە خافڵەتەوە دەدەم، کە لەلایەن حشع لەدژی پێشمەرگەی دیل و کەسوکاری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان پیادە کراون:

یەکەم: عەبدوڵڵا حوسێن قادر ڕەسوڵ ناسراو بە عەبدوڵڵا ماویلی (1953/ ماویلیان)، سێ کادیرو پێشمەرگەی یەکێتی لە ڕۆژی (1978.10.23)، لە گرتک و ڕوست قۆڵبەست کرد و ڕادەستی بەعسی کردن، کە ئەمانەی خوارەوە بوون.

1. حوسێن عومەر مستەفا عومەر ناسراو بە حوسێن شیوەلۆکی (1952/ هەولێر/ چۆمان/ شیوەلۆک).

2. ڕەسوڵ عومەر قادر عەلی ناسراو بە وەستا ڕەسوڵی خەیات (1951/ هەولێر/ گەڵاڵە)، هەڵبەستوان، هونەرمەند و لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی چۆمان.

3. ڕەقیب عوسمان حەمەدئەمین حەسەن باڵەک ناسراو بە ڕەوەز (1955/ هەولێر/ ڕوستێ). حکومەتی بەعس لە ڕێکەوتی (1979.2.21)، لە زیندانی موسڵ لە سێدارەی دان.

عەبدوڵڵا ماویلی، سەڵاح شینە و هێمنە ڕەشی حزبی شیوعی عێراق بوو، کە سێ پێشمەرگەی گەیاندە سێدارە، شەش پێشمەرگەی پارتی و شیوعی (4+2) لەکاتی جاشێتی کوشت، چوار یەکێتی لەسەر کوژرایەوەو دوو شیوعی–ش لەکاتی کوشتنی چوار یەکێتی لە مزگەوتی گەرەوان کوژران، کە ژمارەی هەموویان جگە لەخۆی دەکاتە پازدە کوژراو، سەڵاح شینە و هێمنە ڕەش–یش بە هەردووکیان نزیکەی پازدە شیوعیان کوشتووە. عەبە ماویلی، دوای ئەم تاوانە لە ناوەڕاستی ساڵی (1981)، لەلایەن دەزگا ئەمنی ڕژێمەوە لەگەڵ حەڤدە کەس لە خزموکەسی نزیکی خۆی نێردرابوون بۆ شاخ و پەیوەندی بە حزبی شیوعی کردو ئەوانیش لە خۆشی ئەوەی کە حەڤدە کەس بوون و بیست و دوو چەکیان پێ بوو، وەریانگرتن و لەلایەن خدر کاکیل وەکو پاڵەوانێک پێشوازی لێکرابوو. حزبی شیوعی عێراق، هەر لە نزیک وەرتێ و دۆڵی خانەقا کە کەسوکاری سێ کوژراوەکەی دەستی ماویلی لەوێ دەژیان، کردیان بە فەرماندەی ئەو کەسانەی لەگەڵیدا هاتبوون. یەکێتی، زۆر داوای لە حزبی شیوعی کرد کە مادام هەر ماویلی ڕادەستی یەکێتی ناکاتەوە، با لەم ناوچەیە دووری بخاتەوە بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەک لە نێوان یەکێتی و حشع دروست نەبێت، بەڵام حزبی شیوعی عێراق زۆر لووتبەرزانە بێمنەتی خۆی نیشان داو گوێی لەم داوایەی یەکێتی نەگرت. دەستەیەک پێشمەرگەی یەکێتی، چەند هاوڕێیەک و کەسوکاری سێ کوژراوەکە، لە ڕۆژی (1981.9.4)دا، لە گوندی دەرگەڵە دەچنە سەر عەبدوڵڵا ماویلی، دوای شەڕێک بەدیلی دەگرن و دواتر هەمان ڕۆژ لە زارگەلی گوللە

بارانی دەکەن. دوای کوشتنی عەبدوڵڵا ماویلی لەلایەن یەکێتییەوە، بە بڕیاری سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق، عەلی کلاشینکۆف (عەلی محەمەد عەزیز سەعید/ 1942/ هەڵەبجە-1986.11.11/ دۆڵی کەڕەجاڵ)، فەرماندەی بەتالیۆنی (5)ی هەولێری حزبی شیوعی عێراق و بە هاوبەشی ئەبوبەکر ئەحمەد سەعید ئەحمەد ناسراو بە بەکر جۆڵا (1950-2004.2.1)، خدر کاکیل یەحیا (1929-1983.5.2) و فەتاح تۆفیق فەتاح عەبدوڵڵا ناسراو بە مەلا حەسەن (1922-2008.2.29)، کە ژمارەیان نزیکەی حەفتا بۆ هەشتا چەکدار دەبوو، لە ڕۆژی (1981.9.5)، وەسمان بەگی فەرماندەی کەرتی باڵەک، ئەحمەد نەبی حەمەد نەبی ناسراو بە حەمەلاو و دوو پێشمەرگەی دیکە بە فیڵی دانیشتن، کۆبوونەوەو گفتوگۆکردن بەدەستی خۆیان و مەفرەزەکەی حشع لەناو مزگەوتی گەرەوان گوایە لە تۆڵەی کوژرانی عەبدوڵڵا ماویلی دەکوژن. کوژراوەکانی دەستی عەلی کلاشینکۆف، مەلا حەسەن و شیوعییەکان ئەوانەن:

1. ئەحمەد نەبی حەمەد نەبی ناسراو بە حەمەلاو گەڵاڵی (1955/ ڕەواندز)، کادیری کۆمەڵە و لێپرسراوی ناوچەی ڕەواندزی یەکێتی لە هەرێمی باڵەک.

2. خدر محیەدین حارس ناسراو بە کارۆخ (1963/ هەولێر/ ڕەواندز/ سەران)، لە ساڵی (1976)دا بۆتە پێشمەرگە.

3. لوقمان ئەحمەد بادین ئەمین ناسراو بە لوقمان ماویلی (1957/ ماویلیان/ ڕەواندز)، لە ساڵی (1976)دا بۆتە پێشمەرگە.

4. عوسمان حەمەد ئەحمەد ناسراو بە وەسمان بەگ (/1935 هەولێر/ ڕەواندز/ گەرەوانی خواروو)، لە ساڵی (1976)دا بۆتە پێشمەرگە و فەرماندەی کەرت لە هەرێمی باڵەک.

کوشتنی چوار پێشمەرگە بە بیانوی گفتوگۆکردن و دانیشتن، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ دیلکوشتن؟ کوشتن لە پەنا گفتوگۆکردن و بۆسە دانانەوە، کە دوو کاری زۆر نامرۆڤانە و دڕندانە، سەد جار زیاتر لە دیلکوشتن تاوانی گەورەترن، چونکە دیل لەوانەیە شەڕی کردبێت و تەقەی کردبێت، بەڵام ئەو دووەی دیکە لە خافڵەتەوە دەکوژرێن بێئەوەی ئاگایان لە هیچ هەبووبێت و تاکە فیشەکێکیان ئاراستەی بکوژەکانیان کردبێت. عەبدوڵڵا ماویلی، نزیکەی هەشت نۆ مانگ بەر لەوەی دووبارە بە ئەرکی ڕژێم ڕووبکاتە ڕیزەکانی حزبی شیوعی، لە ڕۆژی (1980.9.9)، لە گوندی مەیدان لە سنووری سیدەکان پەلاماری مەفرەزەیەکی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی دا، چوار پارتی و دوو شیوعی کوشتن بەم ناوانە:

1. عەبدولڕەحمان سلێمان قادر سەعید زراری ناسراو بە دکتۆر عەبدولڕەحمان (1952/ شێروان مازن/ مێرگەسۆر).

2. ئازاد سلێمان قادر سەعید زراری (1958/ شێروان مازن/ مێرگەسۆر).

3. کاکەڕەش ئەحمەد حوسێن محەمەد گەردی (1952/ سەیدان/ خەبات).

4. فەرەیدون.

5. جەبار فنجان عەلی ئەلساعدی ناسراو بە ئەبو هاشم (1943/ بەغدا)، شیوعی.

6. غەفار جەمال محەمەدئەمین حوسێن (1951/ ڕواندز)، شیوعی. حزبی شیوعی عێراق، لە خۆشی هاتنی هەژدە کەس بە بیست و دوو چەکەوە بۆ ڕیزەکانیان، خوێنی ئەو دوو کوژراوەی خۆیشیانی لەبیرکرد، جا چۆن ڕێز لە ئەوانەی یەکێتی دەگرن!

لە ڕۆژی کوژرانی ماویلی تا ئەمڕۆکە سەران و ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق، بە دەیان و سەدان درۆی جۆراو جۆریان لەدژی یەکێتی هەڵبەستی، ئەوان نازانن ئەو داکۆکی کردنەی شیوعی لە ماویلی بۆ کەسوکاری کوژراوەکانی دەستی ماویلی کە خۆی گرتنی، ڕادەستی بەعسی کردن و لە موسڵ لە سێدارەدران، هەروەها ئەوانەیش کە بەناڕەوا بە پلان و بەدەستی عەلی کلاشینکۆف، مەلا حەسەن و هاوەڵەکانیان کوژران، وەکو ئەوە وایە کەسێک بێت و داکۆکی لە سەڵاح شینە و هێمنە ڕەش بکات لە کوشتنی شیوعییەکان. تەنیا دکتۆر ڕەفیق سابیر، بەڕاستگۆیی و بە ویژدانەوە، لە لاپەڕە (308)ی (لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک)دا، ئاماژەی بە ڕاستی کوشتنی وەسمان بەگ و سێ هاوڕێکەی کردووە، کە بە بڕیاری سەرکردایەتی حشع و لە خافڵەتەوە پەلامار دراون سەرەڕای ئەوەی کە ئاگاداری کوشتنی عەبدوڵڵا ماویلی نەبووینە، هەروەها ڕەفیق سابیر لە پەڕاوێزی هەمان لاپەڕە نووسیویەتی: (سەرنج: چەند سەرکردەی حزبی شیوعی، لە یادەوەرییەکانیاندا بە جۆرێک باسی ئەو ڕووداوە دەکەن وەک ئەوەی عەلی کلاشینکۆف خۆی، نەک بە بڕیاری

سەرکردایەتی و مەکتەبی عەسکەری ئەو کارەی کردبێت). سەرانی حزبی شیوعی عێراق، دەیان نامەیان بۆ وەزارەتی شەهیدان و بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان ناردووە بۆ ئەوەی مووچە بڕاوەکەی عەبدوڵڵا ماویلی دووبارە بدەنەوە، کە بەهۆی کەسوکاری شەهیدەکانەوە بڕابوو، نامەی ئەو شیوعییانە وەکو نامەی سەرانی پارتی و یەکێتی هەژمار دەکەم بۆ پشتیوانی تەحسین شاوەیس و مەلا عوزێر، دڵنیاشم گەر هێزو دەسەڵاتیان بەقەد پارتی و یەکێتی هەبوایە لەوانیان خراپتر دەکرد، نموونەش لە سالانی (1974-1975)دا بەهۆی هاوپەیمانێتی حزبەکەیان لەگەڵ بەعس، چییان دەکرد.

لەتیف مارف لەتیف قادر ناسراو بە لەتیفی شێخ مارف (سلێمانی/ قەرەداغ/ گەڕەزیل)، پێشمەرگەی تیپی (57)ی سەگرمە. لە شەوی (1982.3.18/17)دا لە گوندی تافان لە سنووری قەرەداغ بەدەستی حشع کوژرا.

محەمەد حوسێن، پێشمەرگەی دەشتی شوان لە سنووری کەرکوک، لە ساڵی (1982)دا لەلایەن حزبی شیوعی عێراقی کوژرا؛ (چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، ل24).

مەحمود عەبدوڵڕەحمان محەمەد ساڵح (1963.3.1/ کەرکوک/ شوان)، لە ساڵی (1982)، لە گوندی گۆپتەپە بەدەستی حشع کوژرا، دوای ڕاپەڕین کردیانە شەهیدی خۆیان و گوایە بەهەڵە کوژراوە، بۆ ئەوەی ئاشتیان بکەنەوە.

دووەم: هێزێکی حشع کە ژمارەیان (20) پێشمەرگە دەبێت، بە فەرماندەیی هەر یەک لە (حوسێن عەبدوڵڵا سوور ناسراو بە

حوسێنی عەولا سوور - خەڵکی گوندی سەید ئەحمەدان) و (قادر سەڵاح قادر ئەمین ناسراو بە کاکەڕەش - 1963/ قەڵادزێ)، لە کاتژمێری سێی شەوی (1982.10.15)، هێرش دەکەنە سەر ماڵی عەلی ئیبراهیم ئاغا لە گوندی دێرێ ناوچەی پشدەر و دوو کەس بە ناڕەواو لە خافڵەتەوە دەکوژن، یەکەمیان پێشمەرگە و دووەمیان خاوەن ماڵ و ڕێکخستنی یەکێتی.

عەبدوڵڵا سواره عەبدوڵڵا (1957/ دەڵگە/ قەڵادزێ).

عەلی ئیبراهیم محەمەد ئاغا (1967/ پشدەر). لەگەڵ بریندارکردنی دوو پێشمەرگە بە ناوی ئەحمەد حەسەن عەلی ناسراو بە ئەحمەد برنەو و باپیر ئەحمەد گوڵاوی.

سێیەم: چوار پێشمەرگەی لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق، لە شەوی (1983.2.20)، کە سیانیان ناسراون (حوسێن گەرمیانی، قادر کلێسەیی و کاوە کەڵکەسماقی). بە بڕیاری سێ فەرماندەی ئەو سنووره (عەلی حاجی نادر، محەمەد حەمەدئەمین عەبدوڵڵا ناسراو بە حەمەی حەلاق و ئیبراهیم کوێخا ئەحمەد سالح ناسراو بە کاوە کەڵکەسماقی)، دەچنە سەر ماڵی پێشمەرگەیەکی تیپی (93)ی کۆیە بەناوی ڕەفیق تۆفیق عومەر لە گوندی قامیشە-ی سنووری خەلەکان، بەڵام ئەم شەوە ڕەفیق لە ماڵ نابێت، چوار لە شیوعییەکان لە پەنجەرەوە تەقە لە ماڵەکە دەکەن، دوو منداڵی برایەکی ئەو پێشمەرگەیە دەکوژن کە ئەمانەن:

1. ڕێزان عەباس تۆفیق عومەر (1981/ دوکان)، تەمەنی کەمتر لە یەک ساڵ.

2. کارزان عەباس تۆفیق عومەر(1980/ دوکان)، تەمەن دوو ساڵ بوو.

ئەم خانەوادەیە خەڵکی گوندی (کوێرەکانی)ی سەر بە بنگردی سنووری دووکان بوون و لە گوندی (قامیشە)ی خەلەکان دادەنیشتن. ئایە کوشتنی منداڵی تەمەن کەمتر لە ساڵێک و دوو ساڵ، بە هەزاران و ملیۆنان جار لە کوشتنی دیلێک کە لە شەڕدا دەگیرێت، تاوانێکی گەورەتر نییە؟ کوشتنی دیل بەهەر پاساوێک بێت، بە تاوانی دەزانم، بەڵام جیاوازییەکی زۆریش هەیە لەنێوان ئەو دیلەی تا دوافیشەک شەڕ دەکات لەگەڵ دیلێک کە یەک فیشەکی نەتەقاندووە، یان دوو منداڵی وەکو ئەوانەی سەرەوە کە نازانن چەک، شەڕ، ڕق و کینە، جیاوازی بیروباوەڕ و سیاسەت چییە!

چوارەم: دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق بە فەرماندەیی ئیبراهیم ئەحمەد کوێخا ساڵح ناسراو بە کاوە کەڵکەسماقی، دوای کوشتنی دوو کۆرپەی شیرەخۆر بە ناوەکانی ڕێزان و کارزان عەباس تۆفیق لە گوندی قامیشە، هەر لە شەوی (1982.2.20)دا دەچنە گوندی کەڵکەسماق لە سنووری دوکان و پەلاماری ماڵی حەسەن مەحمود حەسەن دەدەن، چونکە دوو کوڕیان پێشمەرگەی یەکێتی بوون (بەنگین حەسەن مەحمود و کاکەمەم حەسەن مەحمود). بەنگین، فەرماندەی مەفرەزە بوو لە تیپی (47)ی پیرەمەگرون و کاکەمەم پێشمەرگەی هەمان تیپ. بەنگین، ئەم شەوە لە ماڵ دەبێت، کە ماوەیەک پێشتر لە شەڕێکی ڕژێم بریندار کرابوو، بەڵام توانی خۆی ڕزگار بکات لە دەست شیوعییەکان. وەلێ شیوعییەکان لە ڕقان، دەکەونە لێدانی مام

حەسەن و دەبێ بە شەڕی دەستەو یەخەیان، شیوعییەکان پەنا دەبەنە بەر چەک و نۆ فیشەک لە مام حەسەن دەدەن و زامداری دەکەن، پور یەمەن دایکی بەنگین و کاکەمەم لوولەی چەکی یەکێک لە شیوعییەکان دەگرێت، ئەویش چەند گوللەیەک دەتەقێنێت و بەر دەستی پور یەمەن دەکەون. ئەشکەنجەدان و بریندارکردنی دایک و باوکێکی بێتاوان لەلایەن حزبی شیوعی عێراق، کە تاکە تاوانیان دایک و باوکی دوو پێشمەرگەی یەکێتی بووینە، چ جۆرە خەباتێکی کۆمۆنیستانە، مرۆڤاندۆستانە و ئینتەرناسیۆنالیزمانە بێت بۆ ئەو شیوعییانە، کە تاوانەکەیان بەرانبەر بە دوو کەسی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشی لادێنشین بکرێت؟

پێنجەم: ئەمانەی خوارەوە ناوی کوژراوەکانی گوندی باداوانی خەلەکان-ن، کە لە ڕۆژی (1983.4.15)، لە بۆسەی لەناکاودا بەدەستی حسک و حشع کوژران:

1. محەمەد شێخ مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان (شێخ شەماڵ)، فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و لە ڕۆژی (1976.9.2)دا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردبوو.
2. سەرباز ئەحمەد خدر ئەحمەد کۆیی (1957/ کۆیە)، جێگری فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە.
3. سەعدی محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە سەعدی گەرمکی (1957/ تەقتەق/ گەرمک)، پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە.

4. کامەران فارس محەمەد ئیبراهیم ناسراو بە ڕەشۆ /1961.7.1) کۆیە/ سەرباغ)، پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە، کە ڕۆژی دوایی بەر لە نیوەڕۆی (1983.4.16)دا کۆچی دوایی کرد.

ئەو چوار کوژراوەی سەرەوە لە بۆسەیەکی هاوبەشی لە ناکاوی حسک و حشع کوژران، بەبێ ئەوەی یەک فیشەک لەدژی ئەوان بتەقێنن. دیلکوشتن و بۆسە دانانەوە چ جیاوازییەکی هەیە؟ ئەگەر ئەوەی دووەم لەوەی یەکەم خەوش، نامرۆڤانە و شەرمەزارانەتر نەبێت، کەمتر نییە؟ دیل، فیشەکی تەقاندووە، شەڕی کردووە و لەوانەیە کەسێک یان چەند کەسێکی بریندار کردبێت، یان کوشتبێت، لەوانەشە هیچیانی نەکردبێت، بەڵام ئەوانەی لە بۆسەدا دەکوژرێن بێئاگان لەوەی کە دەکوژرێن، فیشەکیان نەتەقاندووە تا کەسیان بریندار کردبێت، یان کوشتبێت، بەرگرییان نەکردووە، بۆیە کوشتنی کەسانێک لە بۆسەدا، چەند قات تاوانەکەی لە کوشتنی کەسانێکی دیل گەورەترە، کە حسکە شیلانییەکان و شیوعییەکان (لقی کۆیە و بەتالیۆنی (31)، بە فەرماندەیی محەمەد حەلاق جێگری لقی کۆیەو عەلی حاجی نادر)، ئەو چوار پێشمەرگەیەی ناوم هێناون، لە بۆسەدا کوشت.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جەزا محەمەد عەلی تاهیر ناسراو بە جەزای عەلی کاتب (سلێمانی/ 1945)، بەرپرسی سەربازی و سیاسی ناوچەی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی (1983.4.1)دا، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی پارتی بە ناوەکانی غەفور جەلال مەعروف حەسەن باراوی (1954/ سلێمانی) و هێرش کەمال محیەدین سەعید (1963/ سلێمانی)، هەروەها سێ

پێشمەرگەی تیپی (47)ی پیرەمەگرونی یەکێتی دا بەهەڵە دەکوژێت، کە ئەمانە بوون (جەزا محەمەد فەرەج ڕەحیم ناسراو بە دکتۆر جەزا (1957/ سلێمانی/ چواربااغ)، فازڵ ئەحمەد سالّح سەعید (ئامۆزازای ئاوات قارەمانی) و فەتاح عومەر قادر کەریم ناسراو بە بەختیار/ کانی سپیکە/ نالّپاریز/ پێنجوێن). یەکێتی، لە بۆسەیەکدا کە بۆ دەستگیرکردنی عوسمانی قالە منەوەری حسک لە گوندی گورگەیەر دانرابوو، بەهەڵە جەزای عەلی کاتب و هاوڕێکانی کوشت، بەڵام دانی بەهەڵە و تاوانەکەدا نا، داوای کرد ئامادەیە تاوانباران ڕادەستی دادگا بکات، وەلێ ڕۆژی دواتر پارتی نۆ پێشمەرگەی یەکێتی لە بۆسەیەکدا چەککرد و گوللە بارانی کردن، کەچی یەکێتی نکلۆڵی لە تاوانی کوشتنی جەزای عەلی کاتب و هاوڕێکانی نەکرد و پەنایشی بۆ داڕشتنی سیناریۆی ناشرین نەبرد، وەکو ئەوەی حشع لە کوشتنی شێخ شەمالّی فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە و هاوڕێکانی پەنای بۆ برد، کە گوایە هیچ شیوعییەک لەگەڵ کوشتنی شێخ شەمالّ و هاوڕێکانیدا نەبووینە، سەرەڕای ئەوەش شیوعی بانگەشەی ئەوەی دەکرد گوایە یەکێتی بۆسەیان بۆ حسک داناوە، بۆتە شەڕ و لە شەڕەکەدا حسک شێخ شەمالّ و هاوڕێکانی کوشتووە.

شەشەم: ئەحمەد ئەلناسری (ئەمین)، کادیرو پێشمەرگەی دێرینی حزبی شیوعی عێراق، کە لە کۆتایی سالّی (1979)دا تا کۆتایی سالّی (1988)، لە کوردستان پێشمەرگە بوو، لە بەشی سێیەمی (شهادات خاصة)ی کەنالّی ئاسمانی (البغدادیة) لە ئامادەکردنی دکتۆر حەمید عەبدوللّا ئەلناسری دا، کە ئەم دیمانەیە لە ڕۆژی

(2018.1.7)دا خراوەتە سەر کەنالّی (یوتوب)، سەبارەت بە کوشتنی کۆمەڵێک دیل لەلایەن حشع هاوکات لەگەڵ ڕاکردنیان لە پشتئاشان بەرەو ئێران، لەکاتی هەڵمەتی یەکێتی لە ڕۆژی (1983.5.1)دا بۆ سەر پشتئاشان دەڵێت: (کوشتن لە دەرەوەی یاسا تاوانە. بە بڕیارێکی حزب لە شەڕی پشتئاشان کۆمەڵێک زیندانی کە ژمارەیان لە (5) کەس زیاتر بوو، هەندێکیان سەر بە ڕژێم بوون، بەشێکی دیلەکان سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، ئەحمەد لەتیف ئەبو دجاج کە خەڵکی ناسریە و شیوعی بوو، گومانی پەیوەندی بوونی بە ڕژێمەوە لێ دەکرا. لەگەڵ کشانەوەیان لە پشتئاشان، بە بڕیاری سەرکردایەتی حشع لە سەربانەوە و لە کونی ئاگردانەوە بۆمبی دەستیان بۆ شۆڕکردنەوە و هەموویان کوشتن). باشە با وا دابنێین لە پشتئاشان یەکێتی دیلی شیوعی کوشتووە، ئەی ئەوە نییە حشع، بە بڕیاری سەرکردایەتی حزب چەندان دیلی کوشتووە، ئەی باشە بۆ حزبی شیوعی گلەیی لە تاوانێک دەکات، کە خۆی بەر لە یەکێتی هەمان تاوانی کردووە؟ کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، لەدوای نیوەڕۆی ڕۆژی (1983.4.30)دا کۆبوونەوەی نائاسایی سەبارەت بە هێرشی چاوەڕوان کراوی یەکێتی بۆ سەرکردایەتیان لە پشتئاشان کردووە، کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری ئەوە دەدات کە بکشێنەوە و خۆیان ڕزگار بکەن، هەمان کات بڕیاردەدەن دیل و گیراوەکانی لە زیندانی ئەواندان بکوژن و دەیانکوژن، بەڵام تەنیا خۆیان دەکشێنەوە بێ ئەوەی لق و بەتالیۆنەکانی نزیک پشتئاشان کە لە سەنگەرەکان بوون ئاگادار بکەنەوە. ئەوان هەمان ڕۆژ، لە ئێوارەی ڕۆژی

(1983.4.30)دا، بەر لە خۆرئاوابوون بەرەو قەندیل و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکشێنەوە، لەکاتی کشانەوەیان دیل و زیندانییەکان بە شۆڕکردنەوەی چەند نارنجۆکێک دەکوژن، کەواتە ڕۆژێک بەر لە هێرشی یەکێتی ئەوان چەند دیلێکی یەکێتی دەکوژن، بۆیە ئەندامان، کادیران و سەرکردایەتی حشع بەرلەوەی سەرکۆنەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەن، دەبوایە سەرزەنشتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بکەن، کە ڕۆژێک پێش (1983.5.1)، دیلی یەکێتی بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی ئەو حزبە کوژراون.

حەوتەم: ئازاد عەبدولسەمەد تۆفیق فەتاح ناسراو بە ئازاد قولی (1968/ شەقڵاوە/ نازەنین)، پێشمەرگەی میردمندالّی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و کەرتی (2)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری، دوای گەڕانەوەی لەناو شاری هەولێر لە ڕۆژی (1983.8.1)دا، دوای ئەنجام دانی چالاکییەک لەگەڵ ئیبراهیم بیلال عەبدوڵڵا خدر ناسراو بە بلە ویزە و هێنانی ئۆتۆمۆبیلێکی حکومەت، دەچنە گوندی شێخ شەروان و بەدیلی کەوتنە دەستی هێزێکی شیوعی و حسک، کە لەنێوان خۆیاندا ئەو دوو دیلەیان دابەش کرد، ئازاد قولی بەر حزبی شیوعی عێراقی بەناو مرۆڤدۆست و ڕۆشنبیر کەوت، بلە ویزە هەر بەقسەی شیوعییەکان بەر حسکی جەردەو ڕاوڕووتکەر کەوت، کە شیوعییەکانیش پاشملە وەکو یەکێتی بە سۆسیالیستیان دەگوت دز، جەردە و ڕێگر، بەڵام یەکێتی بەئاشکراو تەنانەت لە ئێزگەکەشیان وای باسدەکردن. دوای چەند ڕۆژێک، ئازاد قولی لەلایەن حوسێن نەبی عەبدوڵڵا ناسراو بە کارزان خنکێنرا، چونکە پێشتر لە ڕۆژی (1983.2.6)دا لە شەڕی نێرەگین برایەکی کارزان بەناوی محەمەد

نەبی عەبدوڵڵا سلێمان مامەسێنی ناسراو بە گەیلان (1956/ کەندێناوە/ سلێمان بەخشیان)، بەدەستی یەکێتی کوژرابوو. ئەم تاوانەی حزبی شیوعی عێراق و کارزان، مەگەر پێشتر لەلایەن جەللادانی ڕژێمی بەعس یان فاشیستە تورکەکان ئەنجام درابێت، ئەگینا وێنەی نەبووە لە میژوودا. حزبی شیوعی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەعس ئاسا دوای (43) ساڵ تەنانەت تەرمەکەی ئەو پێشمەرگە تەمەن پازدە سالانەی یەکێتی نەدایەوە، یان شوێنی گۆڕەکەیان نیشان بدەن. دوای یەک دوو مانگ، حسکی بەناو ڕاوڕووتکەر بلە ویزەی لەگەڵ دیلێکی خۆیان کە لای یەکێتی بوو گۆڕییەوە. بلە ویزە، پاشان لە ڕۆژی (2003.10.7)دا، لە نزیک کارگەی قیڕی لەتیفاوە لەکاتی گەڕانەوەی بە سوار ماتۆڕی بۆ قەتەوی بە ڕووداوی ئۆتۆمۆبێل کۆچی دوایی کرد. حوسێن نەبی عەبدوڵڵا (کارزان)، دوای ئەم تاوانە گەڕایەوە ناو ڕژێم و بوو بە فەرماندەی سریەی جاش و دوای ڕاپەڕین چووە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

هەشتەم: لە ئێوارەی (1983.9.8)دا، دەستەیەکی حزبی شیوعی عێراق بە فەرماندەیی عەلی سلێمان محەمەد ناسراو بە عەلی سلێمان چرچەقەڵایی (1952/ سلێمانی/ دەربەندیخان/ چرچەقەڵا)، بە فڕتوفێل، بە بیانوی ئەوەی کە گوایە ژنێکی گوندەکە نەخۆشە و ژیانی لە مەترسی دایە، لالە عەلی چرچەقەڵایی بەدوای دکتۆر هۆشمەند و پێشمەرگەی یەکێتی دا دەنێرن، کە لە شاخی زەردە بوو. وەلی ئەکرەم محیەدین ئەحمەد ناسراو بە دکتۆر هۆشمەند (1955/ کەرکوک)، وەکو کارێکی مرۆڤانە و پزیشکی خۆی لەگەڵ

سێ پێشمەرگەی دیکە (ئەحمەد ئەخرەس، عومەر محەمەد شەریف ناسراو بە عومەر حەمەدێزە (1950/ خانەقین) و مەحمود محەمەد ئەکبەر ئەرکەوازی ناسراو بە شێرزاد / 1950.9.8/ بانمیل/ خانەقین) لە شاخی (زەردە)وە بەرەو گوندی چرچەقەڵا دەڕۆن، کەچی عەلی سلێمان چرچەقەڵایی و دەستەکەی لە بۆسەیەک دا تەقەیان لێ دەکەن و دکتۆر هۆشمەند و مەحمود محەمەد ئەکبەر ئەرکەوازی (1955/ خانەقین) دەکوژن و ئەحمەد ئەخرەس و عومەر محەمەد شەریف ناسراو بە عومەر حەمەدێزە بریندار دەکەن. عومەری حەمەدێزە، دواتر لە ڕۆژی (1985.9.21)دا لە شاخی گڵەزەردە لە شەڕێک کوژرا، هەروەها عەلی سلێمان چرچەقەڵایی شیوعی، دواتر لە مانگی نیسانی ساڵی (1988)، لە گەرمیان ئەنفال کرا. ئایە کوشتنی لەم جۆرە ئەگەر لەدیلکوشتن نامرۆڤانەتر و تاوانێکی گەورەتر نەبێت، دەبێت چ جۆرە تاوانێکی سەردەم بێت؟

نۆیەم: لە ناوەڕاستی ساڵی (1983)دا پێشمەرگەیەکی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر بە ناوی کامەران غەفور ئەحمەد قادر ناسراو بە کاکەڕەش (1963/ کۆیە/ گۆپتەپە)، کە لە نێوان ونکە و عەلیاوە لەلایەن حسک و سابیر لاتە بەدیل گیرابوو، لەسەر داوای حشع سابیر لاتە یان فەقەیانی (سابیر حەمە ساڵح تەها فەقەیانی/ 1954-2014.4.6)، فەرماندەی کەرتی حسک، ئەو پێشمەرگەیەی ڕادەستی حشع کرد و ئەوانیش لە ڕۆژی (1983.12.20)دا لە تۆڵەی کوژرانی پێشمەرگەیەکی حشع لە شەڕێک دا بەدەستی

یەکێتی، زۆر نامرۆڤانە و دڕندانە لەژێر ئەشکەنجەدا لە قۆرتەلاس کۆتاییان بە ژیانی ئەو پێشمەرگە دیلە هێنا!

دەیەم: کوشتنی سێ پێشمەرگەی یەکێتی لە بۆسەی ڕۆژی (1984.6.24)دا لەلایەن هێزێکی هاوبەشی حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە زێبارۆک، کە یەکەم و سێیەمیان بە بریندارى گوللە باران کراون، بەم ناوانە: ئەحمەد ئەمین حوسێن حەمەدئەمین قادر عەباس ناسراو بە ئەحمەد هیرانی (1954/ هەولێر/ هیران)، جێگری فەرماندەی کەرتی (2)ی تیپی (91)ی سەفین، کلاشینکۆفەکەی کەوتبووە دەست شاخەوان گەرمیانی لە حزبی شیوعی، حوسێن خدر حاجی ئەحمەد ناسراو بە حوسێن سکتانی (1955/ سکتان/ کۆیە)، پێشمەرگەی کەرتی (4)ی تیپی (91)ی سەفین و کۆنە حسک، حسکەکان ناسیبوویانەوە بۆیە بە بریندارى و زەمزەمەیەک ئاوەوە جێیان هێشتبوو، بەڵام دیارە شەو کۆچی دوایی کردبوو، لەگەڵ کامەران کاکۆ قەرەنی عومەر (1963/ هەولێر)، پێشمەرگەی کەرتی (1)ی هەمان تیپ، قاچی بریندار بوو، کەوتبووە دەست حزبی شیوعی عێراق و بە بریندارى چواردە گوللەیان لە سنگی دابوو. ڕۆژی دواتر تەرمی هەرسێ کوژراو سەرەتا دەهێننەوە گوندی ماوەران و دواتر بۆ شوێنی خۆیان دەنێردرێنەوە، کە تەرمی هەرسێکیان شەو لە چیادا مابووەوە. کامەران کاکۆ، وێنەیەکی لە میتاڵ دروستکراوی لینینی لە بەرۆکی دابوو، وێنەکەشیان بردبوو. کاتێک حزبی شیوعی بریندارى دیل

بەمشێوە دڕندانە و دڵڕەقانە گوللە باران دەکات، دەبێ چاوەڕێی ئەوەش بکات دیلی خۆیشی گوللە باران بکرێت.

یازدەم: سەڵاح مستەفا قادر مستەفا ناسراو بە بێکەس (1963/ کۆیە/ مام قلینج)، فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (5)ی گۆڕقەرەجی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، لە ڕۆژی (1984.7.1)، لە هەمزەبەگ و حاجی وسوو بە برینداری کەوتە دەست حزبی شیوعی و ئەو مرۆڤدۆستانە بەدیلی کوشتیان.

دوازدەم: هێزێکی لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕێکەوتی (1985.6.8)، لە دەرەوەی گوندی کانی گوند، لای ڕەوەندە مەنتکە مەڕدارەکان، دوو پێشمەرگەی کەرتی (1)ی سالّەیی تیپی (21)ی کەرکوک، کە بۆ دیداری کەسوکاریان هاتبوونە ئەو سنوورە، بەدیل گرت و دەستبەجێ شیوعییە بەناو مرۆڤدۆست و ئینتەرناسیۆنالیزمەکان لەسەر بڕیاری شیوعییە عەرەبەکان بڕیاری گوللە بارانیان کردنیان دەدەن و بەدیلی دەکوژرێن، لە کاتێکدا دیلی شەڕ نەبوون و یەک فیشەکیان بەرانبەر بە حزبی شیوعی نەتەقاندبوو، کوشتنی دیلێک کە تەقەی نەکردبێت سەد جار لە کوشتنی دیلێک کە تەقەی کردبێت، تاوانێکی گەورەترە، بەڵام دیارە بۆ حزبی شیوعی عێراق ڕێگەپێدراوەو نابێ تەنانەت باسی تاوانی لەو چۆرانەیان بکرێت. دوو گوللەباران کراوەکەی کانی گوند، ئەمانە بوون:

1- بوڕهان محەمەد ڕەزا عەلی مەحمود ناسراو بە ئاکۆ (1963/ کەرکوک/ پردێ/ بیرەسپان).

2- شەوکەت یاسین محەمەدئەمین ناسراو بە ڕێباز (1957.9.2/ قەرەبەگ/ پردێ/ کەرکوک).

سێزدەم: مەفرەزەیەکی لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1985.6.10)، لە کانی گوند، دوو پێشمەرگەی یەکێتی بەبێ تەقە بەدیل گرت، دواتر لە ئێوارەی ڕۆژی (1985.6.12)، دووبارە شیوعییە عەرەبەکان زۆر لە شیوعییە کوردەکان دەکەن کە بڕیاری گوللە باران کردنیان بدەن، لە هەمانکات شیوعییە عەرەبەکان داکۆکیان لە سەرباز، کۆماندۆ و جەیشی شەعبی عەرەب دەکرد کە لە شەڕەکان دەگیران و هەرگیز قایل نەدەبوون بکوژرێن، ئەم خەسڵەتەی شیوعییە عەرەبەکان کێشەیەکی گەورە بوو لەگەڵ شیوعییە کوردەکان، بە فشاری شیوعییە عەرەبەکان گوایە لە تۆڵەی کوژراوانی پشتئاشان بڕیاری گوللەباران کردنی (ئاسۆ و سەرباز)یش وەکو دوو پێشمەرگەکەی ڕۆژی (1985.6.8)ی کانی گوند دەدرێت، لەنێوان باواجی و کانیبی ئەشکەنجەی دڕندانە دەدرێن، بەدیلی گوللەباران کران کە شوێنەواری ئەشکەنجە و شوێنەواری سەدان گوللە بە جەستەیانەوە دیار بوو، کە ئەمە ناوەکانیانە:

1. ئاسۆ ڕەئوف سالّح قادر (1963.7.1/ هەولێر/ کۆیە)، ڕابەر سیاسی کەرتی چواری تیپی (93)ی کۆیە.

2. سەرباز عەبدولڕەزاق حەکیم ناسراو بە ڕزگار (1960/ هەولێر/ کۆیە)، کارگێڕی ناوچەی سەفینی سەر بە لقی چواری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

چواردەم: لە ڕۆژی (1985.6.16)، سێ پێشمەرگەی کەرتی (6)ی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، بەرەو گوندی سیاو لە دەشتی شەمامک دەڕۆن، هەرکە دەگەنە ناو گوند لەلایەن کۆمەڵێک پێشمەرگەی حزبی شیوعی بە فەرماندەیی کانەبی عوسمان کانەبی گەڕەشێخانی ناسراو بە کانەبی گچکە (1951-1988.6.4)، فەرماندەی سەربازی و موحسین سادق قادر لەک هێلەوەیی ناسراو بە موحسین دەشتی (1955-2023.10.21)، دەستڕێژیان لێ دەکرێت و هەر سێکیان دەکوژن. کانەبی گچکە خۆیشی تەقەیان لێ دەکات، کە دواتر لە ڕۆژی (1988.6.4)دا، لە نزیک گوندی گەڕەبەشە لە دەڤەری قوشتەپە، بەدەستی سەڵاح شینەی کۆنە فەرماندەی یەکێتی و دواتر مەفرەزە خاسە کوژرا.

سێ کوژراوەکەی دەستی (حشع)، ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. ئیبراهیم ئەنوەر حەسەن زێندین (1957/ هەولێر/ مەخمور)، فەرماندەی کەرتی (6) لە تیپی (87)ی قەرەچوغ.
2. ستار حەسەن عەبدوڵڵا حوسێن جاف (1966/ هەولێر/ قوشتەپە/ پۆڕیجە).
3. لوقمان عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئیسماعیل خۆشناو (1966/ هەولێر/ شەمامک/ بێریات).

تەقەکردن و کوشتنی مرۆڤ لە ناکاو و لە بۆسەدا، ئەگەر لە تاوانی دیلکوشتن گەورەتر و خراپتر نەبێت، هەرگیز کەمتر نییە. ئەو کوژراوانەی سەرەوە کە بەدیلی، یان لە بۆسەی دانراو بۆیان کوژراون، ژمارەیان بیست و حەوت کەس بووە، کە دوو منداڵی (یەک ساڵی و دوو ساڵی) بە فیشەک و مێردمنداڵێکی پازدە ساڵی

بە خنکاندن کوژراون، کە پێشتر نەمبیستووە تەنانەت بەعس-یش لە زیندان هەرزەکارێکی پازدە ساڵی خنکاندبێت، هەرچەندە دڕندایەتی بەعس هەموو سنوورێکی بەزاندبوو!

گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە لەگەڵ دیلکوشتنەکانی حشع یەکدەگرێتەوە، بۆیە لێرەدا دەینووسم. ناسیاوێکم بەناوی (س)، دوکانی ئوتووی هەڵمی هەبوو، لە شاری هەولێر. لە ساڵی (1984)دا یان (1985)دا بوو بۆی گێڕامەوە، کە چەند شەوێک بەر لە چەژنی ساڵی (1983)، یان (1984)، شەوانە تا بەرەبەری بەیانیان جلک وبەرگی خەڵکی ئوتوو دەکرد، بۆ ئەوەی بەر لە جەژن بە یەک دوو ڕۆژ هەموو جلکەکان ئوتوو بکات و بیانداتەوە خاوەنەکانیان. دیارە جەژنی ئەو ساڵە کەوتۆتە هاوین و گەرم دەبێت. دراوسێی ئوتووچییەکە شووتیفرۆش دەبێت و ئێواران دەڕواتەوە و شووتییەکان لەبەردەم دوکانەکەی جێدەهێڵێت و داوا دەکات ئوتووچییەکە ئاگایەکی لە شووتییەکان بێت. یەکێک لە شەوەکان، دیارە ئوتووچییەکە بەهۆی گەرماو هەڵمی گەرمی کارکردنی دوکانەی لە ماوەی دوو سێ کاتژمێردا سێ شووتی یەک لەدوای یەک دەخوات. پاش ماوەیەک دەبینێت پۆلیسێکی فریاکەوتن لە ئۆتۆمۆبیلی فریاکەوتنەکە دێتە خوارەوە، کە تێکڕا چوار پۆلیس بووینە. پۆلیسەکە بەرەو دوکانی شووتییەکە دەڕوات و شووتییەک بۆ هەر چواریان هەڵدەگرێت و دەیەوێت ببیات. ئوتووچییەکە بۆ ئەوەی پۆلیسەکە ئاگادار بکاتەوە کە ئاگای لە شووتی بردنەکەی ئەو هەیە، ئحم-یک دەکات، پۆلیسەکە گوێی ناداتێ و دەڕوات، ئەمجارە دەیکات بە (ئحم ئحم)، پۆلیسەکە ئاوڕێکی لێ دەداتەوە و

بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری ئوتووچییەکە دەکات و بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن. ئوتووچییەکە هەر وازناهێنێت بە دەنگی گەورە دەست دەکاتەوە بە (ئحم، ئحم، ئحم)، دواجار پۆلیسەکە لێی دەگەڕێتەوە و پێی دەڵێت: (شووتیەکت برد، بینیمان و ئێمە چوار پۆلیس بووین بە هەر چوارمان ئحم-ێکمان بۆت نەکرد، شووتی دووەمت برد، بێدەنگ بووین و ئحممان نەکرد، شووتی سێیەمیشت برد و ئحممان نەکرد، هەرسێ شووتیشت لەو شووتیەی ئێمە گەورەتر بوو، بینیمان کە تەنیا ناوەڕاستەکانیانت دەخوارد و ئەوانەی دیکەت فڕێ دەدا ناو ئەو بەرمیلە و ئێستاش دەتوانین بچین سەیری بکەین، بزانین قسەکەم ڕاستە یان نا، ئێمە بە چوار کەس شووتییەکمان بردووە، ئەو هەموو ئحم ئحمەت لە چییە، گوایە ئێمە دزین و تۆ شەریفیت؟ ئەگەر دەتەوێت دەتبەین و ڕادەستی بنکەی پۆلیس و دادگات دەکەین و هەر چواریشمان دەبینە شایەد بەسەرتەوە، سندان لەو شووتیەش بدات نایخۆین و دایدەنێینەوە. ئوتووچییەکە گوتی: (دوای ئحم ئحمی من و گەڕانەوەی ئەو پۆلیسەی کە شووتییەکەی بەدەستەوە بوو، سێ پۆلیسەکەی دیکەش لە ئۆتۆمۆبێلەکە دەرچوون و هاتنە نزیک هەردووکمان و وەستان، هەڵوێست و بارم زۆر شڕ بوو، بۆیە پێم گوت: (نا برا بمبووڕە، من هەڵەیەکی گەورەم کرد، زیاتر بۆ گاڵتەم بوو نەک بەڕاستی، من کردم و ئێوە مەیکەن). با حشع چیتر (ئحم ئحم) لە هیچ لایەنێک نەکات، کە خۆی خاوەنی کۆمەڵێک تاوانە، ئەگینا (ئحم ئحم)ی زیاتری لێ دەکرێت!


مشتاق جابر عبد الله «منتصر»
تاريخ الميلاد: ١٩٥٨
المدينة: الثورة / بغداد
تاريخ الإستشهاد: ٣ آذار ١٩٨٤
المنطقة: منطقة بارزان / أربيل
ظروف الإستشهاد: عجز في الكليتين.
الحياة النضالية والإجتماعية: من نشطاء التنظيم الحزبي في مدينة الثورة، أضطر للإختفاء عام ١٩٧٩ بسبب الإرهاب والملاحقات، ألتحق بصفوف الأنصار عام ١٩٨٠ وعمل في سرية روست، كان أحد أبطال اقتحام إحدى الربايا في ٣١ آذار ١٩٨١، وهي أول عملية إقتحام في العمل الأنصاري، وجرح في العملية بيده، وساهم بفعالية في العمليات الأنصارية، أثناء الإقتحام كان يهتف دائما «عاش حزبنا الشيوعي العراقي». شارك في الكثير من العمليات البطولية.

Ali Ziban Jaber Al-Saied
24. 02. 1961 - 24. 03. 2018
Aldrig glemt

الشهيد رياض جاسم جابر العرڤدي

بۆچی حشع بە هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ تۆمەتبارە و پشکی شێری بەردەکەوێ؟

سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق، پشکی شێری لە تاوانەکانی شەڕی ناوخۆو شەڕی پشتئاشان بەر دەکەوێت، چونکە:

1. خۆیان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی سەربازی، شانبەشانی بەرەی جود بڕیاریان دابوو بەشداری شەڕەکان بکەن لەدژی یەکێتی، ئەمەش چەند بەڵگەیەک کە چەند دانەیەکیان لە نووسینەکانی خۆیاندا وەرگیراوە:

یەکەم: فاتیح ڕەسوڵ، لە لاپەڕەکانی (247-249)ی بەرگی سێیەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد)، سەبارەت بە کۆبوونەوەی دووقۆڵی سەرکردایەتی بەرەی جود لەگەڵ حسک لە ڕۆژی (1983.4.13)، قسەکانی کەریم ئەحمەدی لە خاڵەکانی (3+4)دا یاداشت کردووە و نووسیویەتی: (لە ڕۆژی 1983.4.13دا هاوڕێیان کەریم ئەحمەد و عەبدولڕەزاق سافی و فاتیح بۆ بارەگای م. س حسک لە قڕناقاو چووین، لەگەڵ کاک ڕەسوڵ مامەند، قادر جەباری، عەبدولخالق زەنگەنە، سەید کاکە کۆبووینەوە. هاوڕێ کەریم کەوتە وەرامدانەوە:. لەگەڵ ئەوە داینە هێزو توانای چەکداری بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) بکرێت بە یەک هێز، بەرانبەر بە دەست درێژی چەکدارەکانی ینک. داوا لە (پ. د. ک) بکرێت هێزی چەکداری خۆیان بەپەلە بگێڕنەوە مەڵبەندی هەولێر).

به پشت بەستن بەو قسانەی کەریم ئەحمەد، بۆمان ساغ دەبێتەوە کە حزبی شیوعی بەر لە کوژرانی (شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران) لە ڕۆژی (1983.4.15)دا و پەلاماری تەواوی هێزەکانی (بەرەی جود) بۆ سەر مەڵبەندی بالیسان لە ڕۆژی (1983.4.27)، بڕیاری شەڕکردنیان لەدژی یەکێتی داوە، بۆیە داوای یەکگرتنی سەربازی هێزەکانی بەرەی جودی کردووە لە دژی یەکێتی، کەواتە کەریم ئەحمەد و سەرانی حزبی شیوعی عێراق نەک هەر بێلایەن، نێوبژیکەر و بێتاوان نەبووینە وەکو خۆیان پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، بەڵکو هاندەر، پلاندانەر و ئەندازیاری شەڕی دژ بە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوونە، هەروەها کەریم ئەحمەد و سەرانی حشع تا سەر ئێسقان لەگەڵ شەڕی براکوژی دابووینە و بە ئاواتی ئەوە بووینە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان قڕ بکەن و بە تەواوی لەناوی بەرن.

دووەم: سابت حەبیب ئەلعانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی، باسی ئەوە دەکات کە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی سەربازی حزبی شیوعی عێراق بە بڕیارێک بەشداریکردنی شەڕی لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەر مەڵبەندی (4)ی بالیسان ڕاگەیاندووە[149]. کاتێک کە مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق و مەکتەبی سەربازی ئەو حزبە بڕیاری بەشداری شەڕی لەدژی یەکێتی دابێت، ئەو هەموو درۆیەی (43)تان لەچی؟

[149]- ثابت حبیب العانی، صفحات من سیرة الذاتیة 1922-1998، ص(548).

سێیەم: بەهائەدین نوری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق و بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوک-ی حزبی شیوعی، لە لاپەڕە (562)ی (مذكرات بهاءالدين نوري)، باسی دەکات کە مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی چەندان بروسکەیان بۆ ناردوون بۆ ئەوەی بەشداری شەڕەکانی بەرەی جود لە دژی یەکێتیدا بکەن. هەر بەهائەدین نوری، لە ئەڵقەی (5)ی بەرنامەی خوتا (خطی)، بۆ کەناڵی ئاسمانی (قناة العراقية الإخبارية)، لە ئامادەکردن و پێشکەش کردنی (عەلا هادی ئەلحەتاب)، کە لە ڕۆژی (2018.1.18)دا لە کەناڵی (یوتوپ) دانراوە، گوتی: (حشع لە سەرەتای هەشتاکان ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مۆرکرد، بەڵام دوای چەند مانگێک بروسکەمان لە حزبەوە بۆ هات و تیایدا نووسرابوو: (لەگەڵ پارتی هەماهەنگی بکەن لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. عەزیز محەمەد لە شاری مۆسکۆ بۆ کەریم ئەحمەدی نووسیبوو: لەگەڵ بارزانی ڕێکبکەوە لە تاڵەبانی باشترە). نووسین و قسەکانی بەهائەدین نوری بەڵگەی ئەوەن کە حزبی شیوعی، بەخۆشحاڵییەوە چۆتە نێو بەرەی جود لەپێناوی دژایەتی کردن و هەوڵی لەناوبردنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کاتێک ئەو بروسکەیە دەنێرن، بەدڵنیایی دەردەکەوێت کە حزبی شیوعی پیلانگێڕ و بەرنامەی شەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی هەبووە! بۆیە حزبی شیوعی عێراق و ئەندامەکانیان هەر پاساوێک (درۆیەک)یان بۆ دەرچوون لە بەرەی جەوقەد و چوونە نێو بەرەی جود هێنابێتەوە، جگە لە بیانۆیەکی بێبنەما

شتێکی دیکە نییە، ئەی ئەوە نییە عەزیز محەمەد خۆی داوای هەماهەنگی نێوان حشع و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؟ بۆ لەدژی یەکێتی دەچنە نێو بەرەیەک لەگەڵ پارتی؟ ئەوە نییە عەزیز محەمەد بە کەریم ئەحمەد دەڵێت: (لەگەڵ بارزانی ڕێکبکەوە لە تاڵەبانی باشترە)؟

چوارەم: کەریم ئەحمەد داود، جێگری سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی، لەنێوان (1983.5.1-4.15)دا، واتە لە ڕۆژی کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی، داگیرکردنی باڵیسان و هێرش بۆ سەر پشتئاشان، بە بەردەوامی وتارێکی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لەژێر ناوی (لەوێدا هەندێک کەللە سەری گەرم هەن دەبێ سارد بکرێنەوە/ بإن هناک رؤوسا ساخنة يجب تبريدها؛ سەرچاوە: الدكتور محمد ئەلحەجاج، تجربتي، ص92)، لە ئێزگەی شیوعی (دەنگی گەلی عێراق)دا بڵاودەکرایەوە، کە مەبەستی لە ساردکردنەوەی کەللە سەری گەرم، کوشتنی پێشمەرگەی یەکێتی بوو. خۆم بە کوردی (سۆرانی و بادینی)، هەروەها بە زمانی عەرەبی چەند جارێک گوێم لەم وتارە بووە، بەڵام تا پەرتووکەکەی محەمەد ئەلحەجاج-م نەخوێندەوە، نەمزانی نووسەری وتارەکە کەریم ئەحمەدە. عەبدولڕەزاق جەمیل عەبدولکەریم سافی، ئەندامی لیژنەی مەرکەزی و بەرپرسی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەری دەنگی گەلی عێراق، دەیان وتاری ئاگرینی دەنووسی و گڕی شەڕەکانی خۆشتر دەکرد، وتارەکانیش هەمووی لەم ڕادیۆیەدا بەدەنگی موفید محەمەد جەواد ناسراو بە موفید ئەلجەزائیری (1939/ بابل) و ڕەجا ئەحمەد خەلیل ئیبراهیم ئەلزەنبوری بێژەرانی عەرەبی دەنگی

گەلی عێراقی سەر بە حزبی شیوعی بە عەرەبی و بە دەنگی پڕشەنگ سەعید محەمەد ئەمین بە کوردی دەخوێندرایەوە و دەیانگوت تێکدەرەکانی یەکێتیی نانیشتمانیی ناکوردستانی (مخربي أللإتحاد أللاالوطني أللاكوردستاني)، ئەم وتارانە هەمووی بەر لە شەڕی پشتئاشان، پەلاماری بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چواری یەکێتی لە بالیسان و ماوەی نێوان گرتنی دێی بالیسان لەلایەن بەرەی جودو ڕۆژی یەکی ئایار (1983.5.1-4.27)دا بووە، بەگوێرەی ئێزگەی دەنگی گەلی عێراقی حزبی شیوعی عێراق، حزبی شیوعی بڕیاری شەڕی دژ بە یەکێتی دابوو، بۆ حشع دەیەوێت ڕاستییەکان بشارێتەوە و میژوو چەواشە بکات؟ ئەوەی حزبی شیوعی عێراق لە گوندی باداوان (1983.4.15)، لە بالیسان لە (1983.4.27)دا و ئێزگەکەیان لەنێوان (1983.4.30-4.15)دا لە خەرمانی دوژمنایەتی، ڕق و کینە لەدژی یەکێتی چاندی، لە یەکی ئایار بەرهەمەکەی دووریيەوە! کەریم ئەحمەد داود، جێگری سکرتێری گشتیی حزبی شیوعی عێراق، یەکێک بوو لە سەرکردە هەرە توندڕەوەکانی دژ بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لەگەڵ بەشداری حزبی شیوعی بوو بۆ دژایەتی و هێرشکردنە سەر یەکێتی، بەم وتارەی سەرەوە و دەیان وتاری دیکەی حزبی شیوعی هاندەدا تا شەڕی یەکێتی بکەن، ئایە کەریم ئەحمەد بڕیاری شەڕی لە دژی یەکێتی داوە، یان فەرهاد سەنگاوی بێژەری دەنگی شۆڕشی عێراق بڕیاری شەڕی لە دژی حزبی شیوعی داوە، کە فەرهاد ئەندامی سەرکردایەتی نەبووە و بڕیاری شەڕیش درابێت ئەو کاریگەری لەسەر بڕیارەکە نەبووە، چونکە تەنیا بێژەر بووە و

هەواڵی شەڕ، بەرگریکردن و هێرشەکانی دەخوێندەوە، لەگەڵ پێشکەشکردنی بەرنامەی کاروانی شەهیدان و چەند وتارێک کە بۆ ئێزگە دەنووسران؟ ئەی باشە ئەو هەموو ڕق و کینەی شیوعییەکان بەتایبەت و زیاتر شیوعییە کوردەکان لەپای چی لە فەرهاد سەنگاوی؟ ئایە دەکرێت لەسەر ئەو وتارەی کەریم ئەحمەد و ناوهێنانی یەکێتی بە (تێکدەرەکانی یەکێتیی نانیشتمانیی ناکوردستان)، یەکێتییەکان ڕقیان لە پڕشنگ سەعید محەمەد ئەمین بێژەری کوردی و موفید محەمەد ئەلجەزائیری و ڕەجا ئەحمەد خەلیل ئیبراهیم ئەلزەنبوری بێژەرانی عەرەبی دەنگی گەلی عێراق (صوت الشعب العراقي)ی ئێزگەی شیوعی ببێتەوە، چونکە ئەوان نووسینەکانی ئەحمەد بانیخێلانی، کەریم ئەحمەد، عەبدولڕەزاق ئەلسافی، عامر عەبدوڵڵا، ماجد عەبدولڕەزا و بابەتی دەیانی دیکەیان دەخوێندەوە، کە (پڕشنگ، ڕەجا و موفید) کاریان تەنیا بێژەری بووە؟

2. حزبی شیوعی عێراق، بە درۆ لای یەکێتی خۆیان بێلایەن نیشان دەدا کە گوایە ئەوان نێوانگیری لەنێوان یەکێتی و (حسک، پاسۆک و پارتی)دا دەکەن، کەچی لەژێرەوە لە ساڵانی (1981 و 1982)ەوە، ڕاپرسییەکیان لەناو ئەندامانی خۆیان کردبوو، بۆ ئەوەی پێکەوە لەگەڵ هێزەکانی بەرەی جود شەڕی یەکێتی بکەن یان نەیکەن، زۆربە دەنگی بۆ ئەوە داوە کە شانبەشانی ئەو پارتانەی سەرەوە لەدژی یەکێتی شەڕ بیکەن؛ سەرچاوە: (جەلال تاڵەبانی، شۆڕشی نوێ لەپراکتیکدا لەسۆنگەی دیدارێک و کۆبوونەوەی کادیرانی خەتێ – 1983، ل112)، کە شیوعییەکان

خۆیان ڕاپرسیان کردبێ و دەنگیان دابێ بۆ ئەوەی هاوشانی بەرەی جود شەڕی یەکێتی بکەن، بە کردەوەش لە نێرەگین، لە کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی لە باداوان و داگیرکردنی مەڵبەندی چواری باڵیسان، کردیان و شانبەشانی بەرەی جود بەشدار بوون؛ ئەی بۆ یەکێتی بۆی نەبێت تێیان بسرەوێنێت، کە بەگری لەخۆکردن و تۆڵەکردنەوە مافی ڕەوای هەموو کەس و لایەنێکە؟ ئەی ئەو هەموو درۆ، بوختان هەڵبەستن، ڕق، شێواندنی ڕاستییەکان و ژەهر ڕژاندنە بەدرێژایی (43) ساڵ لە پای چی؟ فاتیح ڕەسوڵ، لە لاپەڕە (204)ی بەرگی سێیەمی پەرتووکی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕووداوو بەڵگەنامە 1982-1990)، پەردە لەسەر درۆکان و دیماگۆجیەتی حزبی شیوعی عێراق سەبارەت بە بانگەشەی نێوەندگیری و بێلایەنیان هەڵدەداتەوەو دەڵێت: (بەکردەوەو هەڵوێست لە ڕووی پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن، حزبی شیوعی عێراق پارسەنگی ناوبژی کردنی بۆ لایەن گرتنی پدک و حسک دادەشکاندەوە)، ئەمەش بەڵگەیە کە حزبی شیوعی عێراق هەرگیز بێلایەن و ناوبژیوان نەبووە لە شەڕەکانی بەرەی جود لەدژی یەکێتی، بەڵکو بەردەوام بە کردەوەو هەڵوێست لە ڕاگەیاندن و پێکدادانی چەکداری بەرەی جود لەدژی یەکێتی، حزبی شیوعی عێراق چۆتە پاڵ پارتی، پاسۆک و حسک!

دکتۆر ڕەفیق سابیر، لە لاپەڕە (405)ی (لە ستایشی ژیانمدا ئەزموونی نووسەرێک)، سەبارەت بە دووڕوویی حشع کە لە سەرەوە خۆیان بە (بێلایەن، ناوبژیکەر، ڕیش سپی) و لەژێرەوەش مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی سەربازییان بڕیاری بەشداری کردنی

شەڕی بەرەی جودیان لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابوو، دەنووسێت: (ئەو کاتەی لە کوردستان بووم، لێم ڕوون بوو شەڕەکە فراوانتر و خوێناویتر دەبێت، چونکە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی ژێر بە ژێر خۆی یەکلایی کردبۆوە)، ئەم نووسینەی ڕەفیق سابیر بەڵگەی ئەوەیە کە حزبی شیوعی دەمێک بوو بڕیاری بەشداریکردنی شەڕی بەرەی جودی لەدژی یەکێتی دابوو. هەروەها لە لاپەڕە (313)ی هەمان سەرچاوە دەنووسێت: (حزبی شیوعی بڕیاری دابوو، کە کارو چالاکیی خۆی لەگەڵ دوو هێزەکەی تری بەرەی جود، پتەو بکات. بارەگای سەرکردایەتیی خۆی لە نێوزەنگەوە بۆ پشتئاشان گواستەوە، تا لە سەرکردایەتیی یەکێتی دوور بێت و پارێزراو بێت)، ئەمەش بەڵگەی سەلمێنەرە کە حزبی شیوعی بڕیاری شەڕی لە دژی یەکێتی دابوو. هەر بەو هۆکارەوە سەرکردایەتی خۆی لە نێوزەنگ بۆ پشتئاشان گواستۆتەوە، کەواتە پاساوی بێلایەنی، ناوبژیکەر، بێتاوانییان و بێئاگاییان لە پەلاماری یەکێتی بۆ پشتئاشان هەمووی ناڕاستە.

3. حزبی شیوعی عێراق بەشدار بوو لە تاوانی کوشتنی شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران لە ڕۆژی (1983.4.15)، لەم بۆسەیەدا محەمەد عومەر خالید ناسراو بە حاجی بەختیار بریندار بوو، کە دواتر لە ساڵی (1989)، لەلایەن ئەمنی هەولێر گیراو گوللە باران کرا.

ڕزگاربوانی بۆسەی باداوان لە ئێوارەی (1983.4.15)، هەریەک لە:

ئەحمەد عەبدوڵڕەحمان محەمەد عەبدوڵڕەحمان ناسراو بە شێخ هەژار (1963/ باخ/ پیرەمەگرون)، خزمی شێخ شەماڵ فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە.

جەعفەر حەمەد ئەحمەد دەرۆیش کۆیی (1959/ کۆیە)، پاشان لە ڕۆژی (1991.3.20)، لە ڕزگارکردنی کەرکوک کوژرا.

خەلیل کەریم وەسمان مستەفا ناسراو بە خەلیل چاوڕەش (1964/ سەرە قەڵا/ کۆیە).

دلێر عەبدوڵڵا تاهیر عەبدوڵڵا ناسراو بە دلێر تاقانە (1957.2.2/ کۆیە)، لە ڕۆژی (2008.12.18)، کۆچی کردووە.

سەباح بەکر عەبدوڵڵا ناسراو بە سەباح بەکر مەلا (1963/ کۆیە).

سەعید سااڵح ئۆمەر ناسراو بە سەعید موخەڕەسی (1953/ موخەڕەس/ تەقتەق)، دواتر لە ڕۆژی (1985.2.28)دا لە ڕەبیەی بانوی تاڵەبان کوژرا.

سیامەند مامەند سااڵح حەمەد ناسراو بە سیامەند دۆنداری (1957/ دۆندار/ کۆیە).

شۆڕش مستەفا ڕەسوڵ ناسراو بە شۆڕش حاجی (1958/ قەڵادزێ)، ڕابەر سیاسی تیپ.

شێرکۆ ئەحمەد خدر ئەحمەد ناسراو بە شێرۆ کۆیی (1965/ کۆیە)، برای سەرباز کۆیی، جێگری فەرماندەی تیپ.

عومەر ئیبراهیم مەحمود ناسراو بە عومەر بیکەیسی (1963/ قەڵادزێ - 2006.11.17).

نەهرۆ خەزای مەحمود (1959/ کۆیە)، لە بۆسەی باداوان دەستێکی ئیفلیج بوو.

نەوزاد لەتیف فەتحوڵڵا ناسراو بە نەبەز (1964/ کۆیە)، خزمی شێخ شەمالّی فەرماندەی تیپ.

وشیار شەفیق نادر (1959/ کۆیە).

یاسین سابیر فەرەج (1962/ باخ/ پیرەمەگرون).

کاتێ پێشمەرگەکانی تیپی (93)ی کۆیە، لە ڕۆژی (1983.4.19)دا دەگەنە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هاوسەری مام جەلال، لە ڕۆژانی (23-1983.4.24)دا، بە کامێرای ڤیدیۆ دیداری لەگەڵ (بریندارەکانی شەڕی باداوان، ڕزگاربوانی بۆسەی یەکەم و دووەم و چەند پێشمەرگەیەکی نێو ئۆتۆمۆبیلی سێیەم)دا دەکات، ئەوان بە وردی باسی بۆسە و تاوانەکەی حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە گوندی باداوان دەکەن، چۆن شێخ شەمالّ، سەرباز کۆیی، سەعدی گەرمکی و کامەران-یان لەناکاو لە بۆسەیەکدا، بەناڕەوا کوشتووە. خۆم دواتر ئەو دیدارە ڤیدیۆییەم لە ئێوارەی ڕۆژانی (2019.3.17) و (2019.3.19)دا، لە (دەروازەستی 2)، لە سلێمانی دیوە، کە باسی تاوانی کوشتنی شێخ شەمالّ و هاوڕێکانی دەکەن. بەگوێرەی ئەو ڤیدیۆیە و پێشمەرگە ڕزگاربووەکان، ئەو شیوعی و حسکانەی لەلایەن ڕزگاربوانی بۆسەی باداوانەوە ناسراون، ئەمان بوونە:

مەقسود حەمەدئەمین عەبدوڵڵا کۆیی، لە چنارۆک بە ئامێری هۆکی تۆکی محەمەد حەلاقی برایی و حسکی لە چوونی شەمال، سەرباز و هاوڕێکانی بۆ باداوان ئاگادار کردۆتەوە.

عەلی نادر محەمەد ناسراو بە عەلی حاجی نادر، فەرماندەی بەتالیۆنی (31).

محەمەد حەمەدئەمین عەبدوڵڵا ناسراو بە محەمەد حەلاق، جێگری فەرماندەی لقی کۆیەی حشع.

ملازم ئەحمەد شەفیق جبوری.

مەحمود نادر محەمەد ناسراو بە مەحمود حاجی نادر، فەرماندەی لقی بتوێن.

خدر عەبدوڵڵا خدر ناسراو بە مەلا جەلال (1939-2014.10.20/ گوندی ماجید/ کەندێناوە). دوای بەدیلگرتنی جەلال حاجی مەحمود مایل ناسراو بە حاجی جەمال (1941-1992.7.17)، کە لە پشتئاشان بەدیل گیرابوو، دواتریش لە هەولێر بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل کۆچی دوایی کرد، یەکێتی ئەوەیانی بۆ ماوەی نزیکەی (9) مانگ هێشتەوە، چونکە حاجی جەمال بە مەلا جەلال (خدر عەبدوڵڵا خدر) تێگەیشتبوون، کە ئەوەی کۆتایی لە کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی دا، لەگەڵ هێزەکەی حزبی شیوعی بووە.

محەمەد عومەر خالید حەمەد مەرزانی ناسراو بە حاجی بەختیار/ 1957/ مەرزان/ تەقتەق)، کە لەو بۆسەیەدا بریندار دەبێ، بەڵام پاشان لە ڕۆژی (1989.3.25)، بەهۆی مەناف تەها ئۆمەر شێخانیەوە کە لە ڕیزی حزبی شیوعی دابووە، لەلایەن دەزگای

ئەمنی هەولێر لەگەڵ مریەمی خوشکی و چوار شیوعی دیکە دەستگیر دەکرێن، پاشان لە ڕۆژی (1989.4.24)، لەلایەن ئەمنی هەولێر گوللە باران دەکرێن. بریندارببوونی حاجی بەختیار لەو بۆسەیەدا بەڵگەیەکی سەدا سەدە بۆ بەشداری شیوعییەکان لە کوشتنی شێخ شەمااڵ و هاوڕێکانی.

حسکە شیلانەیی و بەردەشانییەکانی خزمی ڕەسوڵ مامەند بە فەرماندەیی ڕەسوڵ حەمەد مستەفا شیلانەیی جێگری فەرماندەی هەرێمی ئاسۆسی حسک (45–50)، چەکدار دەبوون.

مەحمود حەمەد مستەفا شیلانەیی.

لەتیف ئیبراهیم هەنجیرەیی، بۆتە پارتی و لە هەولێرە.

4. حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1983.4.27)دا، بە تەواوی توانا و هێزەکانی خۆی لە مەڵبەندی هەولێر–یان بەشداری لە هێرش و داگیرکردنی مەڵبەندی (4)ی یەکێتی کرد، کە یەکێتی هەشت کوژراو و دوازدە بریندار هەبوو.

5. حزبی شیوعی عێراق، سەنگەرێکی لە گوندی ڕمکان نزیک گوندەکانی ڕەزگە و مارەدوو بۆ پاراستنی بارەگاکانی پشتئاشان دانابوو. محەمەد خدر پشدەری بەرپرسی ئەو سەنگەرە بوو، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی (1983.4.30) و لەکاتی تێپەڕبوونی هێزەکەی یەکێتی بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا، تەقە لەدوا کاروانی پێشمەرگەکانی یەکێتی دەکەن، وریا قادر عەبدوڵڵا ڕەشید ناسراو بە وریای مام قادر (1954/ ڕانیە)، دەکوژن و حەمە غەریب سەعید تۆفیق ناسراو بە غەریب عەسکەری فەرماندەی تیپی (99)ی بتوێن

بەسەختی زامدار دەکەن! ئەگەر حشع بڕیاری بەشداریکردنی شەڕی جود–ی نەدابێت، بۆچی تەقە لە هێزەکەی یەکێتی دەکات؟

6. بە هاوبەشی لەگەڵ سەرکردایەتی جود، پلانیان بۆ داگیرکردنی مەڵبەندی (3)ی وەرتێ، سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ، زەڵێ و شێنێ، مەڵبەندی (2)ی سەرگەڵوو و مەڵبەندی (1)ی حاجی مامەند دارشتبوو، ئەو بەڵگانەی لە ئاشقوڵکە و پشتئاشان گیران ئەو نیازەی ئەوان و پلانەکەیان دەسەلمێنێت، نەوشیروان مستەفا ئەمین–یش، لە لاپەڕە (281)ی پەرتووکی (پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979–1983)، نووسیویەتی: (بەڵگە گیراوەکان دەریان خست: سەرکردایەتی جود، لەناو خۆیاندا پێکهاتبوون گەلەکۆمەکی چوار قۆڵی سیاسیی – چەکدار بکەن بۆ گرتنی بارەگای مەڵبەندی یەک لە حاجی مامەند و گرتنی بارەگای مەڵبەندی چوار لە بالیسان، ئینجا گرتنی جادەی کۆمتان – خانەقا، لەدوا قۆناغی لەشکرکێشییەکەدا بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ، دیارە لە هەڵسەنگاندنی هێزەکانی خۆیاندا تووشی ژور – هەڵسەنگاندن و لە هی هێزەکانی یەکێتی دا تووشی ژێر – هەڵسەنگاندن بوبون)، کە نەوشێروان هەندێک لە بەڵگەنامە گیراوەکانی داناوە. هێزەکانی یەکێتی لە سنووری مەڵبەندی یەکی حاجی مامەند، بەرلەوەی بەرەی جود هێرشیان بکاتە سەر ئەو تەنیا پەلاماری حسک و پارتی دا و شیوعی هاوێرکرد، کە لە ڕۆژانی (19–1983.4.20)، تەواوی حسک و پارتی ئاودیوی ئێران کرد، چونکە حسک سەرەڕای کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی

ژمارەیەک پێشمەرگەی یەکێتی کوشت و پارتیش لە گۆڕەدێم لە تۆڵەی جەزای عەلی کاتب لە ڕۆژی (1983.4.1)دا، کە بەهەڵە لەلایەن یەکێتی کوژراو ئەوانیش ڕۆژی دواتر یازدە پێشمەرگەی یەکێتی دەکوژن. سەید کاکە، لە لاپەڕە (252)ی پەرتووکی (بیرەوەری پێشمەرگەیەک)، دەست پێکردنی قۆناغی دووەم بە گرتن و دەرکردنی یەکێتی لە دەرگەڵە، خانەقا، زارگەلی، سەران و گەرەوان دەستپێدەکات، کە دەکاتە مەڵبەندی سێی وەرتێ، هەروەکو باسی کردووە کە قۆناغی یەکەمیان گرتنی بالیسان بووە.

چەند بەڵگەیەکی بەرەی جود دەخەمەڕوو کە پلانی ئەوان ئاشکرا دەکەن کە ویستوویانە دوای داگیرکردنی مەڵبەندی چواری بالیسان، پەلاماری سەرکردایەتی و مەڵبەندی سێی وەرتێ بدەن و داگیری بکەن. بەڵگەنامەکانیش لە پشتئاشان بارەگای حزبی شیوعی، ئاشقوڵکان بارەگای حسک و پاسۆک، هەروەها لە کونەکۆتر و قەندیل لەنێو جانتاکەی حەسۆ میرخان ژاژۆکی دەستیان بەسەردا گیراو هەمان ساڵ لە سێ نامیلکەدا بڵاوکرانەوە، کە بریتین لە:

یەکەم: چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە.

دووەم: بەڵگەنامەکانی شەڕی جود.

سێیەم: من وثائق تدين مؤامرات أطراف الجود.

7. حزبی شیوعی عێراق، پێشتر هەر ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ یەکێتی مۆرکردبێت، تەنیا بۆ خافڵاندنی یەکێتی بووە، چونکە هەر کاتێک یەکێتی بچووکترین کێشە و شەڕی لەگەڵ هەر لایەنێکی

